رۆمان

# نان و شەراب

ئینیاتیسیۆ سیلۆنە

وەرگێڕانی لە فارسیەوە : رزگار ئەمین نەژاد

چاپی یەکەم سالی 2000

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بابەت : رۆمان
ناوی کتێب : نان و شـەراب
ناوی نووسـەر: ئینیاتیسـیۆ سیلۆنە
وەرگێڕانی لە فارسـیەوە: رزگار ئەمین نەژاد
کۆمپیوتەرو دەرهێنانی هونەری: هێمن سـابیر
تیراژ :400 دانە
ژمارەی سـپاردن :172-2000
چاپخانەی :چاپ و ئۆفیسـتی دەزگای سـەردەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## نووسەر لە چەند دێڕدا

ئینیاتیسیۆ سیلۆنە Ignazio Silone ناسراو بە سکۆترانکوێلی، یەکێکە لە نووسەرە مەزنەکانی ئیتالیا. لەساڵی 1900لە پیشینا ئاکوێلی سەر بە ناوچەی ئابروتێزە، لە مەڵبەندی فوچینۆدا هاتوەتە دونیاوە. خوێندنی سەرەتایی لە بەردەستی قەشەکان و پاشان خوێندنی لە کۆلیژی ماسیمۆ لە شاری رۆما تەواو کردووە. لە سەردەمی منداڵیدا بە هەژاری و دەستکورتی ژیانی بەسەر بردووە و لە بوومەلەرزەکەی 1915دایك و باوکیو پێنج برای لەدەست داوە. پاش تەواوبوونی خوێندن بوو بە سوسیالیست و لە 1921یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا. لە ساڵانی 1916-1931 یەکێك لە ڕێبەرە هەرە چالاکەکانی رێخراوە نەهێنییەکانی دژ بەفاشیزم دەژمێردرا. ماوەیەك لە مۆسکۆ بووە و پاشان لە 1930 لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا دەرکراوە و لە سویسرا نیشتە جێ بووە. دەتواندرێ بگوترێ کە پاش دوورکەوتنەوەی لە حیزبی کۆمۆنیست دەچێتە نێو ریزی (ئاندرەژید، ئارتورکۆستلێر، سپێندێر، رایت و لۆڤی فیشێر).

لە سویسرا درێژە بە خەباتی خۆی بە دژی دەزگای فاشیزم دەداتەوە و هەر لەو شوێنەش زۆربەی بەرهەمەکانی نووسیوە. بەرهەمی نان و شەرابی دەقاودەق وەك (فتۆبیۆگرافیا) رەنگدانەوەی ژیانی خۆی بووە لە مەودای

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساڵەکانی خەباتیدا. پێویست بە ئاماژە کردنە کە ئەم ڕۆمانە لە لایەن مەحەمەدی قازییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی فارسی کە لە تیراژی 3000و 5000دا دوازدە کەرەت لە چاپ دراوەتەوە.

سیلۆنە لە 1945پاش رووخانی حکوومەتی موسیلینی، گەڕایەوە بۆ ئیتالیا و لە لایەن حیزبی سوسیال دێمۆکراتەوە بە ئەندامی پارلمان هەڵبژێردرا.

**چەند نموونە لەبەرهەمەکانی نووسەر:**

1- فانتا مارا Fonta Mara (1930
2- نان و شەراب Lepainetlevin (pane evino) (1937
3- دەنکە تۆوێ لەژێر بەفرا Le Grain Sous La Neige (1937)
4- مشتێك لە شیلان Une Poignee de Mures (1954
5- رازی لۆقا Le Secret Du Luc (1956
6- سەربردەی مەسیحییەکی هەژار1958) I_Aventure dun Pauver
7- رێوی‌و گوڵەکانی کامێلیا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## دەلاقەیەك

ئەفسانەو خورافاتی سەدەی بیستەم، لە بیرەوەری مێژووی مرۆڤدا کۆنەپەرستانەترین و دڕندانەترین شێوازی ئەفسانەیە کە پابەند بە هیچ پێوەرێکی ئەخلاقي نییەو، سەربردەی مرۆڤیش تراژدیایەکی غەم هێنەرە!!! بەڵام ئەزموونی ئەم واقعە کە مرۆڤ بەردەوام لە تەقەلادایە کە خۆی خولْقێنەری ئەم مەعرەفەتە بێ، بابەتێکە جێی سەر سوورمان کە ئەو تا سەر سنووری نامۆ بوون و لەوێشەوە تا بۆشستانی بێهوودە بوون پەرتەوازە دەکا. کاتێ لە مینبەری پێکهاتە داندراوەکانیەوە ئاورێك لە عەقڵیەتی مرۆڤ بدەینەوە، دوو زەمینەی جیاواز و نامۆ بەیەك خۆ دەردەخەن کە جێی خۆیەتی ببێتە سەرەتایەك بۆ رۆچوونە نێو ئەو لێك ترازانەی کە بەردەوام ئەو لە خۆی جیا دەکاتەوە: کاتێ مەسەلە یان گریمانەیەکی زانستی وەك تیۆر دەکەوێتە بەر دەمی، بەهەموو توانایەوە هەوڵدەدات سەرەتایەکی مەنتیقی بۆ ئامادە بکات و لە پانتایەکی بەربڵاوتردا هەموو دەروازەکانی ئەگەری بە سەردا دەکاتەوە بەڵکوو لە رێگای دیالۆگەوە و بە پشت بەستن بە عەقڵیەتێکی ژیرمەندانە وڵامێکی دروست و شایانی بۆ دابێتەوە، بەڵام کاتێ مەسەیەکی کۆمەڵایەتی یان کێشەیەکی چینایەتی و بەگشتی دەسەڵات وەك پراکتیك

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکەوێتە بەر دەمی، دەمارگرژانە و نەزاندووانە بەرەورووی دەبێتەوە و خۆی و مەسەلەکەی تووشی ئاستەنگێك دەکا کە وەك بڵێی قەت ئەو مرۆڤە نەبووە کە لە زەمینەیەکی دیکەدا هەوڵی بۆ دیالۆگ و سەرەتایەکی مەنتیقی دەدا.

مرۆڤ لە مێژوویەکی کۆنەوە بەردەوام بەرەورووی خۆی دەبێتەوە. ئایینەکان، رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە جۆراو جۆرەکان، دۆز و ئایدیالۆژییەکان و بەهەزاران تاقم و حیزب و دەزگای ئینسانی شاهیدی بۆ ئەو واقعە دەدەن کە تا بە چ رادەیەك مرۆڤ لە هەوڵدا بووە تا لە پەنایاندا خەبات بکا، فیداکار و بەخشندە بێ و ئەوین بە خەبات و هیوا دار بوون بە ئاکامێکی باشتر بۆ دروست کردنی جیهانێکی جوانتر پیرۆزترین مەبەستەکانی بووە، لە ئەنجامدا ئازادی و داد پەروەری ئامانجی گشتی ئەو بووە کە وەك ئایدیال و جیهان بینییەکی مووتڵەق لە خەونەکانیدا رەنگی داوەتەوە. بەڵام ئەو هێزە دڵ رەشە چییە و ئەو ئەهریمەنە بێ بەزەییە کێیە کە بەردەوام گرێ دەخاتە سەر رێگای دابەزاندی ئەم غەمە ئینسانییەی ئەو ؟

چیرۆکەکانی مرۆڤ بە خەبات و ژان، ئەشکەنجەو خویندان، تاراو گەو زیندان دەست پێدەکاو سەرئەنجام وەك کۆتایی هەموو چیرۆکەکانی سەرکەوتن بەدەست دێنێ و خۆری ئازادی دەبێتە گەرمابەخشی دڵە ساردەکان و بەڵێنی دادپەروەری سارێژکەری هەموو زامەکانی بووە .بەلام دواجار، دیسان مرۆڤەو سەرەتای دەسپێکێکی دیکەو سەربردەی فیداکاری و قوربانیدانێکی دیکە، وەك بڵێی مرۆڤ تەنیا بۆ ئەم مەبەستە هاتووە تە سەر دونیا کە بەردەوام خوڵقێنەری چیرۆك بێ! بەڵام لە رەوتی ئەم چیرۆکانەشیدا ئاواتەکان پاوەجێن و هیواداربوون بە دەست لێنەدراوی ماونەتەوە و تەنیا مرۆڤە کە بە هەزاران جار دەروخێ و بینا دەکرێتەوە، دەشکێ و سەرهەڵدەداتەوە، فەرامۆش دەکرێ و لەدایك دەبێتەوە... لێرەدایە کە پێداویستییەك لە چیرۆکی مرۆڤدا خۆ زەق دەکاتەوە کە ئەویش (گوومانە). پێویستە مرۆڤ هێندێ جاریش ناهومێد بێ!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(نان و شەراب) سەربردەی مرۆڤە، چیرۆكی فیداكاری ئەو گیانە بەرزانەیە كە سەرانسەری ئەم  رۆمانەیان پڕ كردووە لە سەفاو دڵگەرمی و، نووسەر هەوڵێكی فیداكارانەی كردووە بە هەوێنی رەوتی چیرۆكەكەی، كە خوێنەر تا قوڵایی ترین كارەساتەكانی جیّ ناهێلیّ و قۆناغ بە قۆناغ خۆی و تاسەكانی و غەمە ئینسانییە هاوبەشەكانی بیر دێنێتەوە. دریبەژەی چیرۆكی ئەو كۆرپە ئاسمانییەیە كە لە كاتی بەخاچدا كێشانی ئاماژە بە زام و خوێنەكەی دەكا و دەڵێ:(ئەمە نان و شەرابی منە !)و گوومان و ئاوردانەوەی ئەو كوڕە شۆرشگێرەیە (سپینا) كە دەڵێ: (...ئایا من لە  هەل خوازییەكی كلیسایی - كە لە حاڵی هەرەس هێنان بوو- خۆم دەربازكرد كە لە هەلخوازییەكی حیزبیدا گرفتار بم!)و بەخشندەیی ئەو كیژە دلۆڤانەیە (كریستینا) كە بە سەخاوەتەوە دەڵێ: (مرۆڤ جگە لەوەی دەیبەخشیّ هیچی دیكەی نییە !دەبیّ گیانی فیدا بكا تا بوونی راستەقینەی خۆی دەست دەكەوێتەوە!)

سیلۆنە رۆمان نووسی هاوچەرخ، بە تەكنیكی ریالیزمی رەخنەگەرانە دەرگای بابەتێكی كۆمەڵ ناسی /سایكۆژی بە سەر خوێنەر و وەچەی ئەندێشەپەروەری سەردەمی خۆی دەكاتەوە. بە كۆمەڵە دیمەنێكی هوونەری /تەكنیكی و بە شێوازێكی رێپۆرتاژیانەو بە زمانێكی تەنزاوی كەشی واقعێك لە كۆمەڵگای ئیتالیا دەخاتە روو كە لە سەردەمی پێشپركێی وڵاتە زل هێزە داگیركەرەكاندا دەچیّ تا گەشە سێنەری باری ناهەمواری كێشە كۆمەڵاتییەكەی بیّ و لەو حاڵەشدا لەژێر كاریگەری هیپنۆتیزۆرێكی فاشییزمدا كە سەرخۆشی شانازییە كەوناراكانیەتی، لە زلكاوی كۆنەپەرستی و خورافاتی ئایینیدا رۆچووە. وەك روون كردنەوەیەك پێویست بە وتنە كە ئەم رۆمانە (و رەنگە تەواوی رۆمانەكانی)لە سەردەمی دەست لەكار كێشانەوەی نووسەر لە حیزبی كۆمۆنیستی ئیتالیا نووسراوە و ئەمەش لە خۆییدا شێوە دراسەو داوەرییەكە لە حاست ئەو مەنتیقە پرۆلتێرییەی كە بە بەڵێنی و خەونە زێرینەكانیەوە دۆزێكی هاوردەی بە سەر كۆمەڵگا جۆراو جۆرەكاندا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبەشیەوە. ئەو سیستەمەی کە دەسەڵاتە توتالیتارییەکەی دەکردە هاوکێشەی (حەقیقەتە)کانی نێو کۆمەڵگا.

شۆرشگێر بوون سادەترین رێگایەکە بۆ خۆ دزینەوە لە کێشە بنەرەتییەکانی کۆمەڵ !و بێ مەنتیق نییە ئەگەر بە ئەزموون بۆمان دەردەکەوێ کە دەرەنجامی زۆربەی هێزە رزگاریدەر و شۆرشگێرەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو دیکتاتوریەت پەل کێش دەکرێ. ئەمە کێیە خەیانەت بە خەون و ئارەزووەکانیان دەکا؟ لە رەوتی خەباتدا سەرخۆش بوون بە سەرکەوتن، ئینسان و رەنجەکانیان لە بیردەباتەوە. ماهیەتی شۆرش و گیانی راپەڕین دەدرێتەوە دەستی فەرامۆشی و بەرژەوەندی حیزب و پاراستنی رێزی ئایدیالۆژی دەکەوێتە پێشەوەی هەموو بەها گشتیەکان و رێگە بەوە دەگرێ کە جارجار بگەڕێنەوە سەر ئینسان. وەك ئەوەی لە بیریان چوویێتەوە کە ئەم ئەسڵانە لە سەر ئینسان دامەزراون و بۆ ئینسان گەڵاڵە کراون. لە نێو رەوتی رۆمانی نان وشەرابدا نووسەر هەوڵدەدا رێگایەك بکاتەوە بۆ تەباخستنی گیانە رەسەنەکانی ئینسانی کە لە ئایین و ئایدیالۆژیدا دەست نیشانیان دەکا و هەوڵدەدات کە خاڵە هاوبەشەکانی بەها ئینسانییەکان لێك نێزیك بکاتەوە تاکوو سەکۆیەك دابین بکات بۆ دەرخستنی دژایەتییەکان کە لە پراکتیزە کردندا دەردەکەون و وشە لاوەکییەکان کەم بایەختر بکاتەوەو بە گشتی پاوەجێ بوون و بەمەزەب کردنی ئامانجەکان نەقدی رەهای ئەندێشەی نووسەرە. مرۆڤی گرفتاری ئایدیالۆژی و چەمك، کە نەقدی سەدەی بیستەمە و گیانی بیرکردنەوەو قەناعەتەکانی وەچەی نوێ، پەیامی سەرەکی نان و شەرابە. ئەم رۆمانە لەهەموو حاڵێکا ئاوردانەوەیەکە بۆ سەر مرۆڤ – وەك ئامانجی گشتی هەموو هەڵوێستەکانی و رەخنەیەکی ئازاو شۆرشێکی شێلگیرە لەحاست دیکتاتۆریەت و ئیرادەیەکی پتەوە کە لەنێو رەوتی رۆمانەکەو تا کۆتاییەکەی بەردەوامە و ئافەرینێکە بۆ ئەو گیانە بەرزانەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کە ویستیان مرۆڤ و مرۆڤ پەروەر بن و بە هەموو بوونیانەوە سەریان بۆ دەزگای دیکتاتۆریەت کز نەکرد و ئازایانە بەرەنگاریان بوونەوە.

ئەم رۆمانە لە راستیدا دیارییەکە بۆ ئەو هەڵوێستەی کە مرۆڤ بەرزتر لە ئایدیالۆژی دەبینێ.

خوێنەری خۆشەویست، رەنگە وەك ئەو جۆرەی کە چاوەڕوانی لە وەرگێران دەکرێ، ئەم بەرهەمە سەرکەوتوو نەبێ، چوونکە هەم من یەکەم ئەزموونمەو هەم زمانەکەشمان لەباری ئیستانداردەوە بێ کەم و کوریی نییە. بەهەرحاڵ بۆ نەتەوەیەکی ئازا، وەرگێران نیازێکی گرینگە و دەبێ ئەمڕۆ لێ پراوانە ئاوری لێ بدرێتەوە تاکوو دەلاقەیەك لە رووی شاکارە مەزنەکانی جیهان بە رووی خۆیدا بکاتەوە و لە نێو ئەزموونەکانیاندا ئاستێك بۆ خۆی دابین بکات تا بەم جۆرە بەرەو رووی جیهان بێتەوە. ئیتر رۆژی ئەوە هاتووە کە کورد بەرەو جیهانی بوون پروانێ تا لە جیهاندا جێگایەکی بۆ هەبێ.

رزگار ئەمین نەژاد
هەولێر
09.09.1999

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 1

دۆن بێنەدیتۆ، لەسەر پاردەی باغچەکەی و لە ژێر سێبەری دار سەروێکا دانیشتووە. رەنگی رەشی عەباکەی درێژەی سێبەری دار سەروەکەیە کە بە سەر پاردەکەدا کەوتووە و قەشەی پیری گەرتۆتە بن خۆیەوە. لە پشت سەری، خوشکی لە سەر دەزگا جۆلاییەکەی کە لە نێوان پەرژینی دار شەمشاد و بنچکە گوڵەکانی ئکلیلی کێوی دایمەزراندووە، سەرقاڵی جۆلاییە. ماکووی جۆلاییەکەی لە راستەوە بۆ چەپ و لە چەپەوە بەرەو راست فڕکە فڕکییەتی و بە سەر راهێڵە سوور و رەشەکاندا دێت و دەچێ، ئەم هاتوو چۆیە هاوکێشییەکی دڵنەوازی پەیدا کردووە لەگەڵ ریتمی دەنگی شەپیتە و شانەی دەزگاکە. پاش نیوەڕۆی یەکێ لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی خاکە لێوەیەو هەوا فێنکە. بیرو خەیاڵیش وێڵی دوای هاتوو چۆی ماکووەکەیەو لە راستەوە بەرەو چەپ و لە چەپەوە بۆ راست دەچێ.

بەلای راستەوە روو لە شارو بەلای چەپیشەوە گوورج بەرەو کوێستان دەبێتەوە.

بەدەستەڕاستدا هێڵی ئاسن و شارێی نەتەوایەتییە کە دەچێتە وە سەرکۆنەڕێی (ڤیاڤالیزا) و لەوێشڕا وەنێو مەزرای لووبیاو گەنمەجار و کێڵگەی سیوك و چەوەندران دەکەوێ و دەچێتە نێو (ئاڤێزانۆ)، دیسان بە تەنیشت (کۆلیدیمانت بۆڤا) دا تێهەڵدەبێ و بەرە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و (تیڤولی) سەراولێژ دەبێتەوە و سەرئەنجام وەك هەموو شارێیەكانی دونیا لە (رۆما) كۆتایی پێدێ[1]. بەدەستە چەپدا و لە نێوان كێڵگەی نۆك و دێبەری پیواز و رەزەكاندا، جادەی هەرێمییە كە لە هەمان سەرەتایەوە بە شاخیدا تێهەڵدەبێ و لە ناوچە لێرەوارییەكان و لە دوایین مەڵبەندێك كە ورچی لێ بەدی دەكرێ، بەرەو قووڵایی ناوچەی (ئابروتێز) دادەگەڕێ و لە ئاواییەكانی (پیسكاسێرۆلی و ئۆپو ئالفێدانۆ)دا كۆتایی پێدێت.

خووشكی قەشە ئێستا ماكۆی داوە سوورەكەی لە راهێڵی دەزگاكە هاویشتووە.

بە جادەی هەرێمیدا كە وەك بەستێنی سێڵاوگرێكی ویشكەرۆ، بەردەڵان و پێچاوپێچە، شەنگە ژنێكی دێهاتی منداڵێك بە باوەشیەوە، بە سوار قوڵە گوێدرێژێكەوە تێدەپەرێ. جادە سپی دەنوێنێ و لە قەراغیەوە پیاوێكی دێهاتی بە گاسنێكەوە كە ئاموورەكەی لە دار تاشراوە و جووتێ گوێدرێژ رایدەكێشن، هێندێ كووزی قاوەیی رنگ لەسەر زەوی دەكێڵێ.

لە خوارتر، بە بەری راستەوە، لەسەر شارێی نەتەوایەتی، كامیۆنێكی پڕ لە سەرباز بە رێگاوەیە كە لە نێو تەپ و تۆزدا نووقم بووە و ئاسنەواڵە شكاوەكانی بە تەقە تەق هەڵدەبەزنەوە. ژیان لە روانگەی باغی قەشەڕا دیمەنی گەمەیەكی منداڵانەی بە خۆیەوە گرتووە.

ئەمرۆ رێك ئەو رۆژەیە كە حەفتا و پێنج ساڵ بەسەر تەمەنی دۆن بێنەدیتۆدا تێدەپەڕێ. ئەو لەسەر پاردەی باغەكەیرا لە دیمەنی ئەو دەشتە راماوە. چاوەڕێی هاتنی پۆلێك لە قوتابییە كۆنەكانی دەكا كە هەواڵیان لێ راسپاردووە بە بۆنەی ساڵ ڕۆژی لە دایك بوونی، پێیەوە دێن. لاوەكان بە پێی هەل ومەرجی ژیان و پاش كۆتایی هاتنی دەورانی خوێندكاریان، لێك هەڵبراون و یەك یەك ، بە راست و بە چەپ، واتە لەلای شارو بەلای كۆێستانەوە دەبێ پەیدا ببن.

---

[1] ئاماژە بە قسە بە ناوبانگەكەی "سێزار" سەرداری رۆما دەكا كە دەڵێ: (هەموو رێیەک دەچێتەوە رۆما ).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە خوار باغچەی دۆن بێنەدیتۆ چەندانە خانووی ئاوایی (روکا) دیارن کە دەڵێی چۆڵ کراوە. لە ناوەندی ئەو خانووە چووك و پێکەوە نووساوانەدا مەیدانێکی بەرتەنگ و چکۆلەی لێ دەبێتەوە کە بەردرێژی شەقامەکانی لەبن گژوگیا هەرزەکاندا بزر بووە. لە خوار مەیدانەکەڕا، دەروازەیەکی کورت- بەڵام پانی- کلیسەیەك دێتە بەرچاو کە پەنجەرەی سەردەرگاکەی بەسەر دەرەوەدا دەکرێتەوە.

خانوو و کۆڵانەکان و ئەو مەیدانە تەنگەبەرە وەك ئەوەی گیان لەبەرێکیان تێدا نەبێ، خۆدەنوێنن. سواڵکەرێکی رەش و رووت بەوێدا رادەبڕێ و بە بێ وچان درێژە بە رێگاکەی دەداتەوە. کیژۆڵەیەك لەبەر دەرگای یەکێ لەخانووەکانەوە وەدەردەکەوێ، چاوێك دەگێڕێ و پاشان لەپشت پەرژینێکەوە خۆی حەشار دەدا و لە مابەینی لقە بڵاوەکانی پەرژینەکانەوە درێژە بە روانینەکەی دەداتەوە.

خوشکی قەشە بە براکەی دەڵێ:

- ئەگەر شەربەتی تەمری هێندیشت کڕیبا رەنگە باشتر بایە و لەبەر ئەوەیکە جێژنی لەدایك بوونی خۆتە باشتر وابوو ریشت بتاشیبایە.

دۆن بێنەدیتۆ لەوەڵامدا دەڵێ:

- جێژنی لەدایك بوونی من؟ بەراستی کە رۆژگارێکی لەبارە بۆ ئاهەنگ گێران! بەڵام سەبارەت بەو کوڕانە، ئەوان بە شەربەتی تووەفەرەنگیش رازی دەبن.

شەربەتی تەمری هێندی لەشارەوە و لە شووشەدا دێت، بەڵام (ماتالێنا ریکۆتا) کە تووەفەرنگی و کارگ و ترێیان بۆ دێنێ لە کوێستانەوە دێت.

بۆیاغی کەوش و دووگمەی سەر قۆڵی کەوا و ماکارۆینیە زەعفەران لێدراوەکانی (پانتا نێلا) و رەنگی پرچی (شەوەکانی رۆژهەڵات) بۆ بسکی خاتوو (ئیڤانجیلینا) و یەخەی شەق و دەرمانی سمێڵ شەق کردن بۆ سمێڵە هەڵدراوەکانی (مارکۆ تۆلیۆ زابالیونە) و هەمووی ئەو شتانە، سروشتییە کە لە شارەوە بێن بەڵام (بۆنیفاتیسیۆ پاتاکا) کە خەڵکی ئەو دەڤەرە پەنیری مەڕ و پەنیری (موززارێل)و فرۆی لێدەکرن و (شیان کالیلا)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو پیاوەی کە بارەدار و خەڵووز دەهێنێ، لەلای کوێستانەوە دێن. ئەمەیە دیمەنی رەنگاو رەنگی ئەو مەیدانە شانۆییەی کە دۆن بێنە دیتۆی تێدا دەژیت.

خوشکی قەشە دەڵێ:

- شیان کالیلا هاتووە بۆ سەوداو گۆرینەوە. لە بەرامبەر خەڵووزدا جگە لە پیواز و لووبیا چیدیکە وەرناگرێ.

دۆن بێنە دیتۆ دەڵێ:

- ماوەیەکە بەدوای ژەمەکاندا تووشی دڵە کزە دەبم. نرخی جۆشی شیرینیش وا سێ قات گرانتر بووە... بەرای تۆ ئەم کورگەلە ئەمەیان زۆر ماتڵ نەکردووە؟ جۆشی شیرینیش وەك دەرمانی کێچ و مۆریان و تیغیش بۆ مەکینەی ریش تاشینی (دابین)[1] لە شارەوە دێن.

- ماڵتە، کامە (دابین)! لەوەتەی تۆ لەم تیغانە بەکار دێنی لەجاران کە بەگوێزان سەرو ریشت دەتاشین پتر روومەتت بریندار دەکەی.

دۆن بێنە دیتۆ لەوەڵامدا دەڵێ:

- گوێ بگرە مارتا، (دابین بوون) لەهەموو حاڵێکدا شتێکی نیسبیەو جێی خۆی دەبوو ئەگەر ناوی دابین بوونی گشتیان دەگۆری و ناوی (مەترسی هەمووڵایەنە) یان لەسەر دادەنا. بەڵام تۆ بەدەنگی بەرز قسە دەکەی، لەبیرت نەچێتەوە کە مەبەست لە تیغی (دابین) تیغە نیشتمانییەکانن و ئەو زامانەی کە ئەو تیغانە لەسەر روومەتی پیاو بەجێیان دێڵن هەر چۆنێ بێ برینێکی نیشتمان پەروەرانەیە. لەوەش دەرچێ، پێم وایە قووتابییە قەدیمییەکانم خواردنەوەی شەراب بە باشتر دەزانن، خۆ ئەوان منداڵ نین و ئێستا پیاون.

ئەو کەسانەی کە دۆن بێنە دیتۆ چاوەرێیان دەکا لە راستیدا ماوەیەکی کەم پاش تەواو بوونی شەری گەورەی نێو نەتەوەیی بروانامەیان وەرگرت و هەر بۆیە دەبێ ئێستا تەمەنیان لە سی ساڵیش تێپەری بێ

[1] **دابین یان (تەئمین) ناوی کارگەی بەرهەم هێنانی تیغی (مووس) ریش تاشینە لەئیتالیا.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارتا هەڵدەستێ و بە مشوورەوە لە چێشتخانە، خواردنەوەی کوڕەکان هەڵدەگرێ کە بە تایبەتی بۆی ئامادە کردبوون تا لەسەر ئەو مێزە بەردینەدا ریزیان بکات کە لە ناوەندی باغچەکەو، لە مابەینی شەتڵە تەماتەو بنچکە گوڵە مەریەمەکاندا دامەزراوە. ئەم کارە لە باری ئایینیشەوە تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی هەیە کە بۆ زووتر هاتنی میوانەکان بەڕێوە دەچێ.

پاشان دیسان دەگەڕێتەوە سەر کارە بەجێ ماوەکەی‌و ماکووەکەی بە داوێکی رەشەوە لە راهێڵی دەسگاکەی دەهاوێ و دەڵێ:

- ئاگاداری کە بەرپرسی لێژنەی ناوچەیان نەقڵی شوێنێکی دیکە کردووە؟ سروشتیە کە بەرپرسی نوێ دەبێ هێشتا ئاشنا بە بارو دۆخی ئەم مەڵبەندە نەبێ بەڕواڵەت وادیارە کە بەبۆنەی شەڕی تازەی ئەفریقا (1) گۆیا ئاڵوگۆڕی دیکەش لە گۆڕیدا دەبن.

دۆن بێنەدیتۆ دەڵێ:

- دەورانی شەڕ سەردەمی کاروکاسبیە. گواستنەوەو گۆڕانکارییەکان هەمیشە لە شارەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێ. بەرپرسانی لێژنە، چاوەدێرەکان، ئۆسقۆفەکان، زیندانەوان، لێکۆلەرە رەسمییەکان، وتەبێژی یەکێتییەکان، مەوعیزەگەرەکانی یەسووعی کە بۆ ئامۆژگاری کاروباری ئاینی دیاری دەکرێن، هەر هەموویان لە شارەوە رەوانە دەکرێن. رۆژنامەکان، بەیت و باڵۆرەکان – بۆ وێنە: بە یتی (ترابلۆس ئەی خۆرەتاوی ئەوین)و(والانیا)و هتد – گرامافۆنەکان ، دامو دەزگای تەلەگراف و تەلەفۆن، رۆمان و کارت پۆستاڵییە رەنگاو رەنگەکانیش لە شارەوە دێن. ئەوی لە کوێستانەوە بێت مام قەشە (ئانتی فوونا) ئەو راهیبەیە کە بە هەمبانەی بەخشش و بەرات کۆکردنەوە کەیەوە ...

(شەتاپ) رۆژانی یەك شەمۆ دێتە بازارو، رۆژانی شەمۆش (ماگاشیا) دێت بۆ کڕینی خوێ و تووتن. لە (پیتراسکا)یشەوە ئەو پیرێژنە سێحر بازە دێت کە کوڵێ گژو گیای پێیە بۆ دەرمان کردنی دەردەداران و بووزەووی بەرازی هێندی و توێژە مار دێنێ بۆ چاوەزارو...

(1). **مەبەست لەهێرشی ئیتالیا بۆ سەر حەبەشەیە کە لەسەر دەمی دەسەڵاتداری موسیلینی دا روویداوە**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارتا دەپرسێ:

- بیستووتە (کلاریسە)بۆ مەکانیکی پاڵاوگە نیشان کراوە؟ زەماوەند کردن لە سەردەمی شەڕو ئاژاوەدا وەك تۆچاندنە لە شۆڕەکاتاندا.

دەفەی جۆڵاییەکەی گرێیەکی تێکەوتووەو مارتا ناچارە بۆ کردنەوەی ئەو گرێیە چرپاکەی جێ بێڵێ. دۆن بێنە دیتۆ داڵغەی لێداوەو سەرئەنجام دەڵێ:

- ئەو ئافرەتانەی کە لە کاتی لەدایک بووندا چارەنووسی (بێوەژنییەتی شەڕ)لە چارەیاندا نووسراوە زۆر بەختەوەرن... شاعیر بوون خولیایەکە کە هەموو کەس دەتوانێ بەدەستی بێنێ بەڵام (بیوەژنییەتی لە سەر دەمی شەڕدا) یان ئۆسقۆفایەتی شانس و بەختێکی زگماکییە، دیارە مەبەستم کلاریسە ناگرێتەوە کە باری بێ ئاوز بوونەکەی لە شانسەکەی پترە.

مارتا بیرو بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

- کلاریسە یانی زەوییەکی باش، زەوییەکی بە پیت و بەرەکەت بۆ بەرهەم هێنانی شادانە.

- چما ئەو مەکانیکە بەتەمایە بۆ بەرهەم هێنانی شادانە دەست لە کارگەکەی هەڵبگرێ؟

مارتا لە روونکردنەوەی قسەکەیدا دەڵێ:

- بە پێچەوانەوە، ئەوە کلاریسەیە کە بە تەمایە زەویەکەی بفرۆشێ. ئیتر شادانە بازاری نەماوە. جاران بەبار شادانەیان بۆ شار دەبرد بەڵام ئەورۆ کەس پارەی پێنادا و لەبەر چاوی خەڵکێکدا بەرهەمێکی گران و دێهاتی و لەباو کەوتووە.

- سەردەمێك قسەی ڕاست تارادەیەك باوی مابوو یان لانی کەم بۆ چاوپۆشی لێکردن بەکار دەهات، بەڵام ئەویش ئیستا کڕیاری نەماوە. بە قەناعەتی پاپای مەزن ئەم شتەش وەك کالایەکی دێهاتی زۆر سەرەتاییە و گرانیش دەکەوی، لە حالێکا درۆو بوختان و فێڵ و ڕیاکاری باشترو لەبارتر و بەنرخترە و لە هەموو کاتێکا برەوی هەیە و نەك هەر بەلاش و هەرزانە بەڵکو زۆر بەسوودیشە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا ئیتر مارتا ناچارە بۆ جارێکی تر هەستێتەوەو ئەو ماسوورەیە بسوورێنێ کە لە بن دەزگاکەیدا پۆیەکانی لێ هاڵاوە و، لە هەمان حاڵیشدا هەودای بیرەوەرییە غەمهێنەرەکانی لە قووڵایی ناخیەوە بەنێو دڵیدا پێچ دەخوَنەوە.

پاپای مەزن هەر بەزاری خۆی بە مارتای ووتبوو: (مارتاخان ئەم برایەت وەك گوندنشینەکان بێ ئەدەب و نەزاندوێیە و بەلای منەوە ئەم جوورە ڕەوشت و خوڵق و خووانە شیاوی مامۆستایەکی دوا ناوەندی نییە کە ساماندارترین و تەنانەت بنەماڵە ناو دارەکانی ئەم دەڤەرە منالەکانیان بۆ درێژە دان بە خوێندن رەوانەی قووتابخانە کانمان دەکەن.)و، دەبێ لەسەر ئەو قەناعەتەش بێ کە پاپای مەزن بۆ خۆیشی قەت رووگرژو توورە نەبووە و پیاوێکی بێ ئەدەب و نەزاندوێ نییە. لە بەر ئەوەی هەستی پێ کردبوو کە دۆن بنە دیتۆ پیاوێکی لەبەر دلانە و لە نێو خەڵکیدا جێی رێز و مەتمانیە، بەبیانووی پیری و پەك کەوتەیی ئەوی خانەنشین کردووە.

لەوکاتە بەدواوە دۆن بێنە دیتۆ وێرای خوشکی لە باغچەکەیان، لەتەنیشت ئاوایی روکادی دا نیشتەجێ ماوەتەوە و تەنیا خۆی بە خوێندنەوەی بەر هەمە کلاسیکەکان خەریك دەکا کەزۆری لەلا خۆشویستن. شیعرو گوڵ و باخەوانی و تەنانەت هەرکارێك کە دەبێتە هۆی جوانی ئەم دونیایە و بە پەیرەوی کردن و لاساکردنەوەی (مۆد) گۆرانییان بە سەر دا نایەت، مایەی دڵخۆشی و سەرقاڵی ئەون.

رەنگە کلاسیکەکان، لەو لایەنەوە کە دۆن بێنە دیتۆ نامۆ بەکاری سیاسەتە، لە دەرك کردنی رووداو و کارە ساتەکانی سەردەمدا یارمەتییەکی پێویستیان نەدابێ، بەڵام لە بەرامبەردا ئەویان فێر کردووە کە بە هەموو توانایەوە بێزی لەو نوێکارییانە بێتەوە کە لە شێوەی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکاندا روو دەدەن. دۆن بێنە دیتۆ کە پیاوێکی پشوو درێژ و هێدی و پاکە، لەبەر ئەوەیکە هێندێ درەنگتر لە خەڵکی هەڵدەچێ و دەهاروژرێ، خۆی لەهەر چەشنە گێرەشێوەنی و ئاژاوە نانەوەیەکی بێهوودە دوور رادەگرێ و، لە بەرەوڕوو بوونەوەی لەگەڵ غەوارەو نەناسیاواندا جگە لە دەربڕینی ئەمەگدارییەکی ساکارانە لەحاست چەند کەس لە گەورە ناودارانی یۆنان و رۆمای دێرین و هەروەها شەرم و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هۆگرییەکی شیاو و دێهاتییانە بەزێدو نیشتمان و کافوونە هەژارەکان [1] کە لەو دەڤەرەدا نیشتەجێن و ئەوێ ئاوەدان دەکەنەوە، هیچ هەست و سۆزێکی زیادی لەخۆی پیشان نادات. بەڵام لەپشت ئەو شەرم و حەیابەخۆ بوونە شیەوە، بیرۆکەی سەربەست و بۆچوونە تایبەتەکانی سەبارەت بە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی، زۆر بوێرانەیە و تەنانەت روو راستی ودڵپاکییەکی گەورەشی تێدا شاراوەیە. کەچی بەو حاڵەش، پاکی و روو راستییەکەی کە هێشتا غیرەت دەکا بەبێ پەناو پەسیو لەگەڵ چەند کەس لەقەشەکانی نێزیکی بدوێ، بۆلە پاساودانی خۆی لەحاست دیکتاتۆریەتی (رایش)دا بەس نییە. ئێستا کاری بەوجێیە گێشتووە کە مەیدانی چالاکی ژیانی لەمەودای نێوان باغچەو کتێبخانەکەیدا بەر تەنگ کراوەتەوە و هەر بەم بیانووەش سەرئەنجام خزم وکەس و کارەکانی پشتیان تێکردووە – ئەو خزم و کەسانەی کە پشتاوپشت بە هۆی هەل و مەرجی دێرینی کۆمەڵایەتی، هەمیشە پلەوپایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتییان هەبووە و ماڵدار و خاوەن خاوەن زەوی و سەرو سەپان بوون. بەڵام پاش تێپەڕ بوونی رۆژگارێکی خۆشتر لەم سەردەمەی ئێستایان بەهۆی بوومەلەرزە و شەڕی یەکەمی نێو نەتەوەییەوە بەرەو ماڵ وێرانی و نابووتی هەڵدێردراون.

بەڵێ، ئەگەر دۆن بێنە دیتۆ لە باتی ئەم ناتەبایی و توندوتیژییەی ئێستای، خوو و رەوشتێکی نەرمتری هەبا و خۆی بەژیانی گۆشەنشینی نەدەبەستەوە، لەم سەردەمەدا کە بەبێ دیتنەوەی پاڵپشتێکی پتەو لە نێو پایە بەرزاندا هیچ کارێك بەباشی راناپەڕێ، رەنگە دەیتوانی پشتیوانێکی باش بێ بۆ ئەوان چوونکە لەم رۆژگارەی ئێستادا ئاکارو کردەوەی بە شەرەفانە هیچ پوولێك ناهێنێ. بەم جورە لەبەر ئەویکە لە هەر چەشنە نیزیکایەتی و هۆگرییەك جگە لە خوشکی بێبەش کراوە، تەواوی ئەمەگ و دڵگەرمی و خۆشەویستی خۆی بۆ لای چەندانە لاو راکێشاوە کە رۆژێ لە رۆژان لە قووتابییە هەرەباشەکانی ئەوبوون و ئەویش لە هەموو کاتێکا بە دڵگەرمی و دڵسۆزییەکی باوکانەوە تێدەکۆشا خۆی تێکەڵی رەوت و گۆرانکارییەکانی ژیانیان و ناتەباییەکانی کاروباریان بکات.

---

[1]. کافوون =لە زمانی ئیتالی دا بەجووتیارە هەژارەکان دەووترێ

مارتا بەدڵگەرمییەوە چەند کەسیانی بانگێشتن کردووە تاکوو سەرێ لە تاراوگەی مامۆستاکەیان هەڵبێننەوە و یەکەم رۆژێك کەپێدەخاتە حفتاو شەش ساڵی تەمەنی، بکەن بە جێژن. داوای لە بانگهێشتووان کردووە کە بەهۆی لەبەردەستدا نەبوونی نیشانی شوێنی مانەوەی ئاواڵەکانی دیکەیان، ئەوانی دیکەش ئاگادار بکەنەوە، هەر ئەم هۆیە نیگەرانی کردووە کە نەکا خواردنەوەکان بەش نەکەن و ئەو دوازدە پەرداخەی کە لەسەرمێزەکەی ریز کردووە کەم بێنێ.

مارتا لەسەر کاری تەنینەکەی بەردەوام دەبێتەوە. لەمەودای هاتووچۆی هەرجارەی ماکووەکاندا لەبن چاوەوە لە شارێ و کوێرەرێیەکان دەروانێ کە قەرارە میوانەکانی پێدابێن. بە بەری راستەوە، هێڵی ئاسنەو شارێی نەتەوایەتی کە لەلای شارەوە دێ. لەلای چەپەوە جادەی هەرێمییە کە لە کێوەکانەوە دادەگەرێ. بەرەورووشی پێدەشتی جوان و سەرسەوزی (فوچینۆ)یە کە جۆگە ئاوەکان وقەتارەی سپیدارەکانی وەك شەمەندەفەر درێژ درێژ بوونەتەوە و ئەو باژێرەیان شەقار شەقار کردووە. لە دەشتی فوچینۆ، لەراست و چەپ، شارو دێ، تەرەبارفرۆش و کافوونەکان، تووشی یەک دەبن و بەرەو رووی یەك دەبنەوە.

دۆن بێنە دیتۆ دەڵێ:

- هۆی درەنگ هاتنی کورەکان لەوەدایە کە شەمەندەفەرەکان لە کاتی خۆیاندا ناگەنە جێ. چوونکە گەشتیارە بیانییەکان ئیتر روو لەوڵاتەکەمان ناکەن. هەر بەم هۆیەشە کە کات و بەرنامەکان فڕیان بەسەر یەکەوە نەماوە، خۆ لەمەبەستم تێدەگەی کە هەر بۆ ئیتالیاییە هەژارەکانە کە کات و بەرنامەیان بۆ لەبەر چاو ناگیرێ.

لە روکادی مارسی بەولاوە بەرە بەرە زەوی بەرەو گۆرابییەکی پان دادەکشێ کە پێشتر گوڵی فوجینۆ بووە و ئێستا وشك هەڵگەڕاوە و، ئەم شوێنە وەك بە شەمیرات بەشازادەیەك براوە بەناوی (تۆرلۆنا). دەوراندەوری ئەم پێدەشتە پان و بەرینە کە وەك گوێ ماسیلکە دەچێ و بەگەنمە جارو کێڵگەی چەوەندەران سەوز هەڵگەڕاوە، تەپۆڵکەکان وەك بازنەیەك بەدەوریدا پلە بە پلە سەریان هەڵهێناوەتەوە و لەسەر گردی زۆربەی ئەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەپۆلکانە ئاواییەکی چکۆلە، یان قەلایەکی کۆن و ویرانە، بە بورج و منارەکانیانەوە بەرچاو دەکەون کە بە دووکەڵ رەش داگەراون. لەهێندێ شوێن خانووەکان وەك هێشووە ترێ پێکەوە نووساون، لە شوێنێکی تر تەنیا هێڵێکی دوورو درێژ دێتە بەرچاو کە پاردەو دیوارەکانی بەبەرد هەڵچندراون، لەبناری تەپۆلکەیەکی تریشەوە خانووە کۆنەکان وەك کوونە ئەشکەوت لە ڕێکی داوێنی تەپۆلکەکان بینا کراون. هێندێ ئاوایی دیکەش بە ناوی دێرین وسەربردەو چیرۆکە کەونینەکانیانەوە دیارن، بەڵام بەشێکی زۆریان کە لە بوومە لەرزەکەی ئەم دواییانەدا رووخا بوون بەشێوازێکی نارێك سەر لەنوێ بینا کراونەتەوە. بەودیوی تەپۆلکەکانەوە زەنجیرەی کێوە گەردن کەشەکان بێ دابران سەریان بەرز کردوەتەوە. بناری کێوەکان کە لەبەر هێڵەکانی رێگای ئاسن رووتاوەتەوە، وەك ئیسکی مردووان وشك و قسڵاوییە. بەڵام بەلای (پوسکاسێرۆلی)یەوە دارستانێکی سەرسەوزە.

دەمەو ئێواران دەنگە دەنگێکی سەیر لە فوچینۆڕا بەرەو رووکا هەڵدەستێ کە جگە لە زیندوو کردنەوەی هەستێکی نامۆ و دوورکەوتوویی کە لەم ئاواییەڕا سەرچاوە دەگرێ، هیچ هەستێکی تر بە مرۆڤ نابەخشن. لەبەر درگای ماڵەکانەوە کە هەر ئێستا سێبەری ئێوارەی بەسەردا کشاوە هێندێ ئافرەتی رەش پۆش،چلکن و پیرێژن ئاسا دەر دەکەون. ئافرەتەکانی دیکەش کە تەشتە مسینەکانیان لە سەر تەپڵە سەریان داناوەو لەچکەیان لەبن چەناگە گرێداوە، هێدی هێدی لەرێی کانییەوە دەگەڕێنەوە. ئافرەتێکی رەش پۆش کیژۆڵەیەکی زەرد پۆش بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکا و بە گۆڕەپانەکەدا تێدەپەڕێ و وەژوور کلیسە دەکەوێ. جووتیارێکی بەساڵدا چووش بەسوار گوێدرێژەکەیەوە کە زوو زوو لە پاڵۆوی دەکوتێ بەوێدا رادەبرێ. پاش ماوەیەکی تر دیسان کۆڵانەکان چۆڵ دەبنەوە و ئاوایی روکا دیمەنی ئاواییەکی سووتاو و چۆڵ کراو بەخۆیەوە دەگرێ. لەم کاتانەدا هاتووچۆ لە سەر رێگای نەتەوایەتی قەرەباڵغتر دەبێ. کامێونە سەربازییەکان بە مەودایەکی کەم لە پشت سەری یەکترەوە لە هاتوو چۆدان.

مارتا دەڵێ :

- من تێناگەم بۆچی مام قەشە سەبارەت بەم شەرە نوێیە کە تەدارەکی بۆ دەبینن بۆ هێرش بردنە سەر ئافریقا، قسەیەکی روونی  بە زاراندا نایەت ؟ ئەورۆ بەیانی کاتێ لە نوێژی مس دەگەرامەوە (کۆنچیتا ) خێزانی نانەوەکەی ئاوایی پێشی پێ گرتم. کورەکەیان رەوانەی سەربازی کردووە و دەیەویست بزانێ کە پاپای مەزن سەبارەت بەم شەرە دەڵێ چی.

دۆن بێنە دیتۆ لە وڵامدا دەڵێ :

- خووشکی ئازیز، مام قەشە باش دەزانێ کە قسەکردن بە زاری  پرەوە بۆ تەندرووستی باش نییە.

پیرەمێرد لە نەکاو بە بیستنی دەنگی بە سەرێکدا  گووراندنی چەند کەس ڕادەپەرێ کە لەلای جادەی هەرێمییەوە بە گوێی دەگا، بەڵام لێی روون نییە کە داخوا چ شتێك بووەتە هۆی ئەم هات و هاوارە. هەر ئەوەندەی لێدیارە کە تیزماڵکی تەپووتۆزێك لەلای جادەڕا هەستاوە و باغ و رەزەکانی تەنیشتی داگرتوەتەوە. لەناوەندی تەپ و تۆزەکەدا رۆباری مێگەڵە مەرێك دێتە بەرچاو کە بەشەپۆلە رەنگ  زەردەکەیەوە  بەرەو پێش رەوان دەبێ. لە پشت سەری مێگەڵەکەوە گوێدرێژێکیش دیارە کە هێندێ کەل و پەل و چیغێکی حەسیری، هێندێ سەتڵی شیردۆشین و، قاڵبی پەنیر و جەواڵێکی لێ بارکراوە کە مەنجەڵی تێدایە. شوانی مێگەڵەکەش کە سەگەلێکی زەبەلاح لەدەوری ئالاون بە دوای گوێدرێژەکەدا دەڕوا. هەروەها لە پشتەوە، ئۆتۆمۆبیلێك بە دوو مسافری لاوکارەوە بە پشت سەریانەوە لێدەخورێ کە پەیتا پەیتا بەسەرشوانەکەدا دەگوڕێنن و دەڵێن :

- ڕێگەمان بدە ! بەری چەپی جادەکەمان بۆ بکەوە!

بەڵام بێ هوودەیە، شوانەکە وەڵامیان ناداتەوە. بە ئاماژەو ئیشارەتانەوە بەسەری خۆیدا دەدات و بە ئەداو عوێنەوە دەیەوێ تێیان بگەیەنێ کە ئەم کەڕو لاڵە و هیچ نابیستێ و داوایان لێدەکات کە ئالۆزی نەکەن. بەڵام خۆ پیاو ئەگەر کەڕیش بێ دەبێ تێبگات کە ئۆتۆمۆبیل ناتوانێ بەدوای مێگەڵە مەرێکەوە هەر وا بەهێواشی لێ بخورێ، هەر بۆ ئەم مەبەستە کوڕەکان هێندەی دیکەش قەڵس دەبن و بەسەریدا دەگووڕێنن و، دیارە ئەگەر ئەو

سێ سەگە زەلامە، بە قەڵاتە بزمار ڕێژ کراوەکانی ملیانەوە (بۆ شەڕە گورگ)و بەو گوێ بڕاوانە و چاوە سوورانەیانەوە کە بە رواڵەت بێ حەپەن بەڵام وادیارە دڕندەن، لە دەوری کابرای شوان نەبایەن، دابەزین و بەزۆرە ملي ڕێ کردنەوە وەك ئاو خواردنەوەیەك بۆیان ئاسان دەبوو. یەکێك لە دانیشتوەکانی نێو ئۆتۆمۆبیلەکە بەرگی ئەفسەری لەبەر دایە. لەتەنیشتەوە سەری دەرهێناوەو هەڕەشان دەکا و بەئاماژەی دەستی فەرمانی پێدەدات کە ڕێگایەکی بۆ بکاتەوە. کابرای شوان لەناوەندی سەگەکانیەوە بێ شەمزان هەر بەو ئەداو ئیشاراتانەوە تێیان دەگەیەنێ کە هەر بەراستی هیچیان لێ تێناگا و باشتر وایە مەودای بدەن تا بەمرای دڵی خۆی لێ خوڕێ. ئەم کێشەیە دەمێکە بەردەوامە. ئەوجار دۆن بێنە دیتۆ نێوبژیوانی کردن بە نێو تەپ و تۆزەکەدا بەرەو لای شوانە دەچێ و بەگەرمی سڵاوێك ئاراستەی هەردوو لایەنی کێشەکە دەکا.

قەشەی پیر بەخێرهاتنی میوانەکانی دەکا و، پاشان روو لە شوانە دەکاو بە ئەدەبەوە هەردوولا بەیەکتر دەناسێنێ و دەڵێ:

- ئەم بەڕێزانە لەدۆستانی هەرە خۆشەویستی منن و بۆ سەردانی من هاتوون.

کابرای شوان خێرا شێوە قسەکردنەکەی دەگۆڕێو بەسەر کۆنە کردنەوە بەسەر میوانەکاندا دەگوڕێنێ:

- بۆ پێتان نەگوتم کە دەچنە لای دۆن بێنە دیتۆ ؟

پاشان ئیشارەتێك بەسەگەلەکەی دەدات و لەیەك چاوتروکاندندا مێگەڵەکەی لەبەری ڕاستی جادەکەوە مۆڵ دەدات و ڕێێکی پان بۆ ئۆتۆمۆبیلەکەیان دەکاتەوە.

دۆن بێنە دیتۆ رووی قسەکانی لە خوشکی دەکا کە ئەویش بۆ پێشوازی کردن لە میوانەکان هاتووە و دەڵێ:

- ئەم ڕێزدارە ئەگەر چی بەرگی ئەفسەری پۆشیووە، بەڵام ئەندامی حزبی دەسەڵاتدار نییە بەڵکوو ڕێك (کۆنچیتینۆ راگۆی) خۆشەویستە. ئەمەشیان کە دەڵێیە قەشەیەکەو لەڕێبازگەی قەشایەتییەکەی لای داوە دکتور (نۆنزیۆ ساکا) نوژداری ڕەسمییەو هەردووکیان کوڕانێکی باشن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەم حاڵەش ئەو دوو کوڕە باشە هێشتا سەر سامی بەسەر هاتی خۆلە کەڕو لاڵ دانی شوانەکەن.

کۆنچیتیینۆ دەپرسێ:

- ئەو زەلامە خوێڕییە ناوی چییە؟

قەشە بەپێکەنینەوە وەڵامی دەداتەوە:

- وا حەفتاو پێنج ساڵ بەسەر تەمەنمدا تێدەپەڕێ بە بێ ئەوەی سیخووڕیم بۆ کەس کردبێ، ئێستاش بۆ دەست پێکردن درەنگە و تازە لە من تێپەڕیووە.

لەحاڵێکا باسکی هەردووکیانی گرتووە، قووتابییەکانی بەرەو باغچەکەی وەپێش خۆی دەدا.

بەڵام کابرای شوان، وا دیارە دەست هەڵگر نییە و خۆی بەحەقدار دەزانێ و بە بڕوابەخۆبوونەوە بەردەوام بەسەریاندا دەگوورێنێ:

- لەبەرچی بەمنتان نەدەووت کە دەچنە لای دۆن بێنە دیتۆ ؟

مارتا لەبەر ئەوەیکە سەرنجی میوانەکانی لەلای کابرای شوان وەرگێڕێ دەڵێ :

- دەی فەرموون دانیشن، پشوویەک تازە بکەنەوە!

پاشان لەحاڵیکا لەپشت دەزگا جۆلاییەکەی دادەنیشێتەوە دەڵێ :

- ئێستا ئەوانی دیکەش دێن.

بەڵام سەربردەی کابرای شوان کە بە ئانقەست خۆی لە کەڕولاڵی دابوو ئێستاش بۆ کۆنچیتینۆ هەزم ناکرێ. تا بەئەورادەیە سەری لەم سەربردەیە سوورماوە کە دەبێتە هۆی نیشتنەوەی تووڕە بوونەکەی. ئەوجار دۆن بێنە دیتۆ کە رەنگە وای بەباشتر دەزانی کە واز لەم روون کردنەوەیە بێنێ دەڵێ:

- چاوەکەم، ئەم سەر سوورمانەت چ سوودێکت پێدەبەخشێ؟ بۆ منێك کە هیچ نێوانێکم لەگەڵ کاروباری سیاسەتدا نییە رەنگە پێویست نەکا بۆت روون بکەمەوە کە ئەم بەرگە ئەفسەرییەی تۆ لەچاوی کافوون وشوانە هەژارەکاندا چی دەگەیەنێ. ئەگەر ئەو جوورە کەسانە لە جادەیەکی پەرت یان لە چۆڵەوانێکدا ئەفسەرێکی ڕێژیمیان لێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵدەکەوێ و هەر بەوەندە رازی دەبن کە خۆ لە کەرو لاڵی بدەن دەبێ تۆ زۆر شوکرانە بژێر بی کە لەمە خراپترتان لێ بەسەر ناهێنن. ئەو رۆژەی کە گوێی ئەوکەسانەی کە خۆ لە نەبیستی دەدەن بکرێتەوە و زمانی ئەوانەی خۆ لە لاڵی دەدەن وەقسە بکەوێتەوە، ئەو رۆژە سەرەتای سەرهەڵدانی کارەساتێکی دڵتەزێن دەبێ کە هیوادارم تۆی خۆشەویست لەو مەینەتە بەدوور بمێنیتەوە.

کۆنچێنۆ سەیرێکی ساکا دەکات، وەك بیهەوێ پێیە رابگەیەنێ کە لەوە زیاتر چاوەڕوانی لەقسەکانی دۆن بێنە دیتۆ نەدەکرد و، بەتەمایە دکتۆر ساکا بەم نیگایە سەر کۆنە کردبێ کە لەبەرچی ئەوی لەگەڵ خۆی هێناوە تا ناچار بە بیستنی ئەم توانجانە بێ، هەر بۆیە دکتۆر ساکا هەوڵ دەدات بەشێوەیەك باری قسەی مامۆستاکەی سووك بکاتەوە:

- مامۆستای ئازیز، ویستمان بەهاتن بۆ ئەم هەوارگەیەتان، پێتان رابگەیەنین کە ئیوەمان جێنەهێشتووەو، ئێوە تەنیا نیین و قەت لەیادتان ناکەین،هەروەها تەواوی ئەو کەسانەی لەبەردەستی ئێوەدا بارهاتوون ...

دۆن بێنە دیتۆ لە حاڵێکا ئاوازی دەنگی پڕ لە هەست و سۆزو خۆشەویستیە، وەنێو قسەکەی دەکەوێ و دەڵێ :

-Deus Mihi Haec Otiafecit ( سپاس بۆ خوا کە ئەو دەرفەتەی پێ بەخشیوم) لە راستیدا دیدارتان مایەی خۆشحالیمە و لە خۆیدا دەبێتە هۆی فەرامۆش کردنی نامورادییەکانی ژیانم. ئێستا فەرموون دانیشن و پشوویەک نوێ بکەنەوە. لەسەر ئەوعەرزە نابێ، خۆ ئەوە گیا نییە. ئەمە پنگەیە، ئەوەشیان ریحانەی کێوی و تەرخوونە، ئەوەی خوارتریانەوە هەربەو جۆرەی کە بۆ خۆشتان دەزانن گژنیزو مەعدەنووسە، ئەوەی ئەوبەریش نەعنایە و، ئەم سەوزانە لە سەوزییە خۆماڵی و باشەکانن.

هەرسێکیان لە پەنای نەمامێکی سەرسەوزی زەیتووندا لە سەرکورسییەك کە لە بەردی تاشراوە دادەنیشن. پیرە مێرد لە نێوانیان دانیشتووە. لە نێو سەفاو هێمنی باغەکەدا، جگە لە ئاوازی هاوئاهەنگی دزگا جۆلاییەکەی مارتا کە کارێکی دێرینو شەریف و جوانە هیچ دەنگێك نابیسترێ و بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگی دایان دەگرێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیرە مێرد دەپرسێ :

- (لۆڤیجی کاندێلۆرا) ئێستا بەچییەوە خەریکە؟ ئیتر لەو دەمەوە هیچ هەواڵێکم لێی نییە.

دکتۆر ساکا دەڵێ:

- دوو ساڵ بەر لە ئێستا بە نەخۆشی (تیفووس ) لە (لیبیا) عەمری خوای کرد. هێندەم پێ ناخۆش بوو کە دەتگووت برایەکم لێ مردووە. پاش ئەوەی خوێندنەکەی لە ئەندازیاریدا تەواو دەکا بۆ ماوەیەکی کەم لەسەر خەرجی خۆی ئیشی کردووە و پاشان، سێ ساڵی رەبەق بەبێکاری ماوەتەوە. لەرووی ناچارییەوە قەبووڵی کردووە کە وەك فەرمانبەری ئەندازیاری بچێتە لیبیا و لە بەر ئەوەیکە پاشکەوتێکی دەست کەوێ تا بژێوی ژیانی بۆ دابین بکات، ئامادە بووە بۆ هەر شوێنێ کە بۆی دیاری دەکرا بچێ، بەو مەرجەی ئاستی ژیانی باشتر بکاتەوە – دوو حەوتوو بەر لە گەڕانەوەی بۆ وڵات، کە بەتەمابوو لەگەڵ کچە مامەکەی مندا زەماوەند بکات، عەمری خێری بۆ ئێوە جێ هێشت و مرد. بنەماڵەکەی کاندێلۆرۆ کە بە هەزار بەدبەختی و چەرمەسەرییەوە یارمەتییان پێدەگەیاند تا بەبێ نیازی خوێندنەکەی بەکۆتایی بگەیەنێ و لە دوارۆژدا سەر پەنایەك بێ بۆ ئەوان، ئێستا بێکەس و لێ قەوماون، بەبێ ئەوەی کەس شك بەرن کە نانێکیان بۆ پەیدا بکات.

پیرەمێرد بۆ ساتێ مات و بێدەنگ دەبێ، پاشان دووبارە پرسیار دەکاتەوە:

- (باتیستا لۆپاتۆ ) چی دەکا ؟

کونچیتینۆ لە وەڵامدا دەڵێ :

- کارو کەسپەکەی قووماری (سکاپۆن)ە (1) و بەراستی لەم قوومارەدا تەردەست و بێ حەریفە!

- ئەی بە ڕۆژ چی دەکا؟

---

(1) **scopone جوورە قووماریکە کە بەپەڕ دەکرێ** .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- سەرلەبەیانیان دەخەوێ.کاتێ کفنکی ئاگاداری بکاتەوە کە دایکی ژەمی نیوە رۆي ئامادە کردووە لەخەو هەڵدەستێ. پاشان لەماڵ وەدەردەکەوێ و وەدوای قووماری سکاپۆن دەکەوێتەوە. شەویش کە هەست دەکا دایکی شێوی ئامادە کردووە دەگەڕێتەوە ماڵێ و پاش شێوکردنەکەی سەرلەنوێ بۆ بەردەوام بوون لە سەر قووماری سکاپۆن لەماڵ وەدەر دەکەوێتەوە.

پیرەمێرد دەپرسێ:

- بەم جوورە قەت وەدوای کاروکاسپی ناکەوێ؟

- بەدی، رۆژانی یەك شەمۆ.

- کەوایە یەك شەمۆیان ئیش دەکا؟

- رۆژانی یەك شەمۆ قووماری بیلیارد دەکا.

پیرەمێرد سەر رادەوەشێنێ و بێدەنگ دەبێ. پاشان دەپرسێتەوە:

- ئەی (ئانتۆنیۆ سپێرانتزا)چۆنە؟

ساکا لە وڵامدا دەڵێ:

- بەقەرارێك کە رەنگە ئێوەش ئاگاداربن، پاش ئەوەی دیپلۆمی لە دواناوەندی وەردەگرێ ئیتر درێژەی بە خوێندن نەداوەتەوە. تا ئەم دواییانەش لە داهاتی ئەو دووکانە چکۆلەی کە باوکی بە میرات بۆی بەجێ هێشتووە ژیانێکی نەمر نەژی هەبوو. دەساڵی رێك لە حاست قەرزەکانی بانك و ئەو سزایانەی(2) کە بەهۆی لەبەرچاو نەگرتنی یاسا تەندروستییەکان، سەبارەت بە زایە بوونی گۆشت ماسی و رۆنە بۆباگرتووەکان وهەرشتە برش لێدراوەکانی و شایەنە نارێکەکەی بۆی دەهاتنەوە، خۆڕاگرتووی لەخۆی نیشان دا.بەڵام سەرئەنجام وەرەز بوو ویستی شانس و بەختی خۆی بە وەرگرتنی قەرزێکی زۆر تاقی بکاتەوە. بەڵام هێندەی نەخایاند کە بەناچاری فەشەل هاتنی خۆی راگەیاند. ئێستا وای

---

(2) جەریمە : زەریبە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێ بەسەر هاتووە کە لە ترسی خاوەن قەرزەکانی – کە هەمیشە بۆی لە بۆسە دان تا سەر بەملیەوە نەهێڵن- ئێواران لەماڵ ناچێتە دەر، بەڵام ئێستا لە ژەندەرمەکان پتر دەترسێ.

(کارلۆ کاپۆنە) چی لێ هاتوەتەوە؟

ساکا لە وڵامدا دەڵێ:

- ئەو بەنەخۆشی ئازارە باریکە مردو ژنێك و دوومناڵی لەپاش بەجێما.

- ئەو ژنە بەستەزمانە خۆ لانی کەم شتێك شک دەبات کە پێی بەڕێوە بچێ، وانییە ؟

کۆنچیتینۆ وڵامی دەداتەوە:

- نا، بەڵام جوانە.

پیرەمێرد بێدەنگی رادەگرێ، ئێستا ئیتر دەزگا جۆلاییەکەی مارتاش لە ئیش کردن بووەتەوە. سێبەرەکانی کاتی رۆژ ئاوابوون بەرە بەرە بەسەر دەشتی فوچینۆ دا پان دەبنەوە.دۆن بێنە دیتۆ دیسان دەپرسێ:

- باشە، بڵێن بزانم، (ڤێردۆنە) چی لێ بەسەر هاتووە؟ زۆر لە مێژە ئاگام لێی نەماوە.

کونچیتینۆ دەڵێ:

- ئێستا لە مەڵبەندەکەی خۆیان (کۆلە)، فەرمانبەرێکی هەژارە کە لە نووسینگەی دایبرەی ماڵیات وەرگرتندا دامەزراوە. هەوڵێکی زۆری دا کە لە رێگای سیاسەتەوە بەشتێك بگا. پاش هەڵبرانی لەقووتابخانە، هاتوو چۆی کۆبوونەوەی سوسیالیستەکانی دەکرد و لە ساڵی 1924دا چووە نێو ریزی(ئەڤێنتینتەکان)(1)، پاشان لە گروپێکی نەهێنییدا ناو نووسی کرد. سەرئەنجامەکەی هەوڵیدا بێتە نێو رێزەکانی ئێمە و لەساڵی 1927 دا ئەو هەلەی بۆ رەخسا، بەڵام قازانجێکی ئەوتۆی لێ دەست نەکەوت. ئێستا ئیشەکەی نامە ناردنە بۆ کاربەدەستانی پایەرز و بە دنەدانی پەرپرسان هەوڵدەدات گرێ بخاتە سەر رێی ئەو کەسانەی کە بەختی پێشخستنی کارەکانیان لەو زیاترە، بەڵام بەم جۆرەش تابە ئێستە لە پلەی فەرمانبەرییە سادەکەی خۆی بەرەو ژوورتر نەچووە و لە ئاکامدا ئیرەیی و

---

(1) **نەیارانی دەسەڵاتی ئیتالیا *Aventintes*.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرچاوتەنگی و قەڵس بوونەکەی- وەك چۆن لەمانای ناوەکەیرا دیارە- ئەویان کردووە بەو پیاوەی کە هەردەم تووڕەو رووگرژبێ.

- بەڵام خۆ باوکی دەست کورت نییە، چما ناتوانێ یارمەتی پێ بگەیەنێ؟

کونچیتینۆ لەو وڵامدا دەڵێ:

- باوکی مرد و هەرچییەکیش کە لە پاشی بەجێ مابێ بە سەر نۆ عەولادەکانیدا واتە شەش کچ و سێ کورەکانی دابەش کردووە. ئەو شەش کچە دێزانەی کە یەك لە یەکی ناحەزترن، بۆیە خەڵکی ناوی (شەش عەنتەریان)لە سەر داناون.

لەم کاتەدا ساکا لە کونچیتینۆ دەپرسێ:

- هەر بەراست (پیترۆ سپیناچی) ئێستاش مووختارە؟

دۆن بێنە دیتۆ پێی سەیر دەبێ و دەپرسێ:

- چما پارێزەر نەبوو؟

کونچیتینۆ لە وڵامدا دەڵێ:

- ئێستاش پلەی پارێزەرییەکەی هەر بۆ پارێزراوە. بەڵام لەبەر ئەوەیکە گازە و کێشە و گرفتێکی ئەوتۆ لە گۆریدا نەمابوو ئەم دەستاو دەستی کرد تا سەرئەنجام وەك مووختار بۆ (ئۆرتۆ نادی ماسی) دیاری کرا کە ناوچەیەکی هەژارنشین و چکۆڵە و بێ قرەیەو دزی و پیاوکووژی تێدا روونادات. لەبەر ئەوەیکە ئێستا ئیتر مووختارە، مافی ئەوەی نییە پارێزەری کەس وەئەستۆ بگرێت. هەر کە تەگەرەیەک بکەوێتە بەردەم کاری داییرەکەی، ئیشەکەی فەشەل دێنێ و ئیتر لەوە بەدواوە دەبێ بە وێڵی بە کۆڵاناندا بگەڕێ.

دۆن بێنە دیتۆ دەپرسێ:

- باشە پێم بڵێن بزانم،(دیپرە تۆرۆ)ئێستا چی دەکا؟

ساکا لە وڵامدا دەڵێ:

- هەر ئەوەندەم ئاگا لێیە کە دوو خولی شەش مانگەی لە زانستگەدا خوێند و پاشان لە نووسینگەی هێڵی ئاسن دامەزرا. پێم وایە ئێستاش لە (رۆما) فەرمانبەری وێسگەی هێڵی ئاسن بێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆنچیتینۆ بۆ باشتر روون کردنەوەی قسەکانی ئەو دەڵێ:

- وا بۆ چەند ساڵان دەچێ کە ئەویان لە هێڵی ئاسن هەڵپەساردووە. دیارە حاشا لەوە ناکەم کە تۆرۆ لە زەمانی لاتیندا باشترین قووتابی بووە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەو لە هەموو حاڵێکا خاوەن بیرو هزرێکی پەریشان و نیمچە سوسیالیست بووە. بەهەر حاڵ، لە گووندەکەی خۆیان دەستی لەگەڵ ئافرەتێکی هەژاردا تێکەڵاو کردبوو کە ئیشی بەرگ درونی دەکرد و جگە لە مەکینەی درووماونەکەی چی دیکەی شك نەدەبرد، ئافرەتەکە هەر زوو لێی تێگەیی کە لەگەڵ چ پیاوێکی سەرسەریدا تێکەڵاوی هەیە و بریاری دا بەفریدانی منالێك خۆی بەسەردا ساغ بکاتەوە. ئەو چارەرەشەش لەرووی ناچارییەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا زەماوەندی کرد. لەوە بەدواوە بەردەوام، هەمووساڵێك منالێکی بۆ دروست دەکرد. پاش تێپەر بوونی چوارساڵ بەسەرزەماوەندەکەیان دا بە منالە زۆڵەکەیانەوە ئێستا خاوەن پێنچ منالن. هەر لەم ماوانەدا بوو کە بەبیانووی بیروباوەرێکی جێگوومان و دژ بە بیری نەتەوەپەرەستی "دیپرە تۆرۆیان" لە هێڵی ئاسن لەسەرکار وەلانا و ئیتر خۆتان باش دەزانن کە لە فەرمانگە رەسمی و دەوڵەتییەکانیشدا کار بەو کەسانەی نادەن کە لە هێڵی ئاسن دەرکراین. تەنانەت شەریکە و دەزگا تایبەتییەکانیش بۆ رێخستنی کادێری دامەزرینگەکانیان دەبێ پرس بە نووسینگە رەسمییەکانی کاردۆزینەوە و نیشتەجێ کردن بکەن و ئەو نووسینگەیانەش لەسەرەوەرا فەرمانیان پێگەیشتووە کە کار بەو کەسانە نەدرێ کەلە باری سیاسییەوە جێ گوومان بن. ئیش کردن لە کارگە پیشەسازییەکانیش بەدەماخی ئەو ناکەوێ. چوونکی پیاو خۆ ناچێ دەساڵان بخوێنێ و سەرئەنجامەکەی بەدارتاش دەرچێ. هەر بەم مەبەستە ئێستا بێکارە. لەلایەکی تریشەوە خێزانی وەك هەمیشە یان ئاووسە یان دووایین منالەکەی شیردەدا، هەر بۆیە وێراناگا ئیشی ئەو چەند مشتەریانەی راپەرێنێ کە بە هەڵکەوت رووی تێدەکەن. بەداخەوە زۆربەی رۆژەکان نان لە ماڵیاندا دەست ناکەوێ. ئەوجار ئەو واتە دیپرەتۆرۆ کاری لەوە باشتر دەست نەکەوتووە کە بچێتە مەیخانان و شەراب بخواتەوە و، کاتێ بەسەرخۆشی دەگەرێتەوە ماڵێ، بەلێدان وەگیان ماڵ و منالی دەکەوێ تا ئەو کاتەی کە دراوسێکان بە دەنگیانەوە دێن و لێکیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکەنەوە. ئەو جار خەڵکی دەڵێن: سەیرکە ئەو قووتابییانەی کە لە بەردەستی قەشەکاندا بارديێن چ قووماشێکیان لێ دەردەچێ.

دۆن بێنە دیتۆ بەزەحمەت هەڵدەستێتە سەرپێ. روخسارە مات و لاوازەکەی کە دەمارەشین و باریکەکان نەقشیان لە سەر بەستووە حکایەت لە رەنج و غەمێکی ئازاردەر دەکەن. چەند هەنگاوێ بە نێو باغچەکەدا دەگەرێ و پاشان بێ وورتە دەچێتە ژوورەوە. مارتا کاری جۆلاییەکەی تەواو کردووە. ئێستا ماسورەی دەزگاکەی کە راهێڵی شانەکانی لەسەر سوارکرابوون بە تاڵ بووە. بەڵام مارتا لەسەر جێگاکەی هەڵنەستاوە و وەك ئەوەی ئازارێك بەپشتییدا گەرابێ خۆی بەسەر دەزگا جۆلاییەکەیدا کۆم دەکاتەوە. پاشان دەست لە سەر شاڵەکەی دادەنێ کە تازە لەدەزگاکەی کردوەتەوە، روودەکاتە ئەو دووپیاوەی کە بە بێدەنگی لە ژێر دارزەیتوونەکەدا دانیشتوون و بە ئاسپایی دەڵێ:

- ئەم شاڵە دیاری منە کە بۆ ساڵ رۆژی لە دایەك بوونی دۆن بێنە دیتۆ ئامادەم کردووە.

ئەو بە هێمنی و رێزو حوورمەتەوە ناوی دۆن بێنە دیتۆ بەسەر زاردا دێنێ.

دوکتور ساکا لە وڵامدا دەڵێ:

- دادە گیان، ئێوە رۆژ نییە کە دیارییەکی گەورەترو بەنرختر بە براکەتان نەبەخشن، واتە ئێوە هەموو رۆژێ یەك رۆژ لە تەمەنی خۆتان وەك دیارییەکی بە نرخ پێشکەش بەو دەکەن.

مارتا بەم قسەیە تا سەرگۆنا سوور هەڵدەگەرێ و سەر رادەوەشێنێ. ئەو لە براکەی لاوازترو کەڵەگەتترە بەڵام لە چاو کاکی پتر کۆماوەتەوە، ئەگەرچی بە تەمن دەساڵ بەدوایدۆن بێنە دیتۆدا لە دایك بووە بەڵام پیرتر دیارە. زارو هەنیەو چاوەکانی هەر ئێستاش ئەو جوانی و رێك و پێکییەی جاریانیان پێوە ماوە. ئەو لە تاو هێلاکییان بە هەنگاوێکی شل ترەوە لە میوانەکان نێزیك دەبێتەوە، لەبن دار زەیتوونەکەو لە نێوانیاندا دادەنیشی. پاشان بە راوێژێکی هێدی و بە پشوویەکی درێژەوە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ژیان وەك دیارییەك خەڵاتی هەر هەموومان كراوە، ئەویش چ دیارییەكی بەنرخ !
ئەو دیارییەی كە ئەگەر بەرچاوتەنگانە و رەزیلانە رابگیرێ زوو دەفەوتێ، بەڵام كە بە سەخاوەتەوە لە رێی خەڵكیدا ببیەخشیت پتر دەگەشێتەوەو جوان تر دەبێ. مەبەست لەم قسەیە خۆم ناگرێتەوە كە ئەو شانازییەم پیدراوە كە لە پەنای كاكمدا بژیم و هەزار هێندەی كە دەبایە بی بەخشم و نەم توانیوە ، وەربگرمەوە.

لە شێوە دەبرینەكەی مارتادا شتێك وەك ئاواز خۆ دەنوێنێ، ئاوازێكی شوێن دانەر، رەنگ دانەوەیەك لە تەمەنی رابردوو، هرووژان و پەریشانییەكی تایبەت و ئیرادەیەكی شەرماوی لە بەر ئەوەیكە مەودا بە خەڵكی نەدات كە وا بیر بكەنەوە ئەو ئافرەتێكی چارەرەشە كە بە چەشنێک فیداكراوە.

كونچیتینۆ لە رەت دانەوەی قسەكەیدا دەڵێ:

- چما كانێ مرۆڤ بە بەشیینەوەی هەموو سەرمایەكانی خۆی بە سەر خەڵكیدا ئیتر بۆ خۆی دەستەوەستان نامێنێتەوە؟ بە بۆچوونی من بەم كارە پیاو چاوپۆشی لەو خێرو خۆشیانەی دەكا كە ژیان خەڵاتی كردووە.

مارتا لەوەڵامدا دەڵێ:

- ئەو شتانەی كە ژیان خەڵاتمان دەكا لە راستیدا بەنرخن، راستە، زۆریش جێی سەرنجە! ئەو كەسەی كە ببیەوێ لەو بەخششانە بەهرە وەرگرێ، ئەو كەسەی كە لەم رێبازەدا زۆر بە سەختی تێدەكۆشێ، ئەو كەسەی كە هەر لەبەیانییەوە تا بە شەو خۆی ئازاردەدا كە قازانجی لێ بەدەست بێنێ و چێژی لێ وەرگرێ، ئەو جوورە كەسانە لەراستیدا سوودیان لەو بەخششانە وەرنەگرتووە بەڵكوو لەرادەیەكی زۆرتریشدا ئاگریان لەو بەخششانە بەرداوە و بەم جوورە تەنیا خۆڵەمیشی بۆ دەمێنێتەوە. ئای لەو بەخششە سەیرە! بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەوكەسەی كە بیر لە قازانج ناكاتەوە و تەنانەت لە رێگای خزمەت كردندا خۆشی فەرامۆش دەكا، ئەو جوورە كەسانە هەمیشە هەزار هێندەی ئەو بەخششانەیان وەرگرتوەتەوە و، ئەو شتانەی كە سروشت لەژیاندا پێی بەخشیوە لەكۆتایی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەمەنیدا و لەبوونیدا وەك ئەو گوڵە سوورانە دەچن كە لە مانگی گوڵاندا سەر لەنوێ دەبووژێنەوە.

ساكا دەڵێ:

- ساڵانی دواناوەندی ئەوكات كە هێشتا مناڵ بووین و لەسەر كورسی قووتابخانەدا دەمانخوێند، دۆن بێنە دیتۆ هەر لەم قسانەی بۆ دەكردین. بەڵام بار هێنانەكانی ئەو كوا بەكارمان هاتوون؟ ئەو ئامۆژگارییانە بۆ لۆپاتۆ و كاندەلۆرۆ و ئیسپرانتزا و تۆرۆ و ئەوانی دیكەش چ سوودێكی هەبووە؟

دۆن بێنە دیتۆ بەكۆمەڵە كاغزێكەوە كە بە تێپەڕبوونی زەمان زەردهەڵگەڕاون بۆ جارێكی تر دێتەوە نێو باغچەكەی و لە رووی قووتابییەكانیدا كە لە تەنیشت مارتاوە دانیشتبوون دەڵێ:

- دەبێ پیاو ئێوە بەچی مەزندە بكات؟ ئەم وەچە بێچارەیەی ئێوە دەبێ وەك چ شتێك ئاوڕی لێ بدرێتەوە؟ رەنگە وەك ئەو مناڵانە دەچن كە لە مەیدانێكی گشتیدا هەڵكوورماون و بە دەنگی بەرز بە ئاواڵەكانیان بڵێن :(ئێمە بلوێرمان لێداو ئێوە سەماتان نەكرد، ئێمە لاواندنەوەیەكی بە سۆزمان بۆ كوتن و ئێوە نەگریان). چوونكە تەواوی ئەو شتە پیرۆزانەی كە بەڵێنیان پێدابوون بە گەردوونەی ژیانی ئێوەدا تێنەپەڕین و وەدی نەهاتن.

چاوە گەشەكانی قەشەی پیر كە لەبەر تیشكی زەدەپەردا دەبریسكێنەوە، رووناكییەكی پاك و ئارام بە روخساری دەبەخشێ. راوێژەكانی بە بژاردەو غەمناك و لە سەرەخۆیە، وەك دەنگی پیاوێک دەچێ كە ماوەیەكی زۆر بە دوای وڵامێكدا سەرگەردان بووبێت و نەیدۆزیبێتەوە و بەرە بەرە گێشتبێتە ئەو قەناعەتەی كە ئەم پرسیارە لە راستیدا لە نێوەڕۆكیرا بێ وەڵام بووە. پاشان دەڵێ:

- ئێستا، ئەمە وینەیەكی كۆنەیە هی پازدە ساڵ لەمەوبەر. ئەم وێنەیە لە كاتێكا كێشراوە كە بە تەمای ماڵ ئاوایی خواستن بووین لە یەكتر. ئەمەش لاپەڕەكانی دوایین مەشقی ئینشاكەتانە كە لە سەرم كردبوون بینووسنەوە. سەردێری ئینشاكەتان ئەمە بوو: (بێ پەناو پەسیو و بەوپەری دڵپاكییەوە بڵێن كە بەهیوان لە دوا رۆژدا هەڵگری چ ئەركێك

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بن بۆ کۆمەڵگاکەتان و چ واتایەك بۆ ئەم ئارەزووەتان قابیل دەبن؟) هەرئێستا بە خێرایی چاوێکم بە دەقی ئینشاکانی هەردووکتان و کابوونەو تۆرۆ و لۆپاتۆ و کاندەلۆرۆ و ئیسپرانتزا و ئاواڵەکانی دیکەتاندا خوشاند، کە هەر ئێستا سەربردەکانی ئەوانتان بۆ دەگێرامەوە. بەڵێ، بەوپەڕی شەرمەزارییەوە لەبەر چاوی ئێوەدا ئیقرار دەکەم کە ئیتر ئێستا هیچیان لێ تێناگەم و تەنانەت خەریکە بەرە بەرە ئەم پرسیارەم بۆ زەق دەبێتەوە کە لە راستیدا شایانی ئەوەن کە بۆ روون کردنەوەی ماناو چەمکەکانیان زیاتر خۆم ماندوو بکەم؟ بەگوێرەی قسەی کابرایەکی فەرانسی- کەلەم سەدەیانەی دواییدا دەژیا و وەك ئێوەش لە دەزگایەکی ئایینیدا بار هاتبوو، رەنگە حەقیقەت غەم هێنەر بێ. بەڵێ ئازیزان، رەنگە لەراستیدا پێداچوونەوەو تاوتوێ کردنی مانا و چەمکی ئەم ئینشایانەش غەم هێنەر بن.

ئێستا دەنگی دۆن بێنە دیتۆ نووساوە. لەکاتی دەربڕینەکانیدا گوومانێکی تایبەت لەخۆی پیشان دەدات، وەك ئەوەی لە دەروونیدا سەرەتا گوێی بۆ قسەکانی خۆی راگرتبێ، وەك ئەوەی لێکۆلەرێك، توێژەرێك، لەنێو دڵیدایە یان حاڵەتی زەرەبینێکی هەیە کە بەتەمایە بەمابەینی کۆمەڵێك شتی نادیار دا تێپەڕێ و نیگەرانی زیان پێگەیاندیان بێ، زیان گەیاندن بەو شتانە نەك بە خۆی. دۆن بێنە دیتۆ. چەند لاپەڕە لەو ئینشا زەردهەڵگەڕاوانە هەڵدەداتەوە کە لە نێو دەستیدایە و دەڵێ:

- بێ گوومان لەم شیوە نووسینانەدا دەبێ هێندێ شت لەبەر چاو بگرین و هێندێکیشیان وەلابنێین. هەموویان پڕن لە شتی بێ نێوە رۆك و نێوئاخن و وشەبەندی و، وەك شێوازی نووسینەکانی (کاردۆچی (1) وپاسکۆلی(2) و دانۆنزیۆ(3)) دەق

---

(1) *Cardocci*_ شاعیرو رەخنەگری ئیتالیایی کە بەدژی رۆمانتیزم راپەری، بەڵام خۆی پتر کاری لەسەر (فۆرک) دەکرد *( 1885 1907 )*

(2) *pascoli* شاعیری ئیتالیایی و هونەری دیوانی (شێعرە بچووکەکان) کە لە باری و شەبەندییەوە جوانن *( 1914 (1855*

(3) *dannuzio* شاعیرو نووسەرو رۆمانووسی ئیتالیایی. شێوازی نووسینەکانی ئاهەنگ دارو زۆر جوانن. ئەو لە شەری نێو نەتەوەییدا دەورێکی گرینگ و پڕ لە شانازی گێرا *(1938-1863 )*

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هێنانەوەیەکی زەقیشیان پێوە دیارە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم کە ساکارییەکی تایبەت بە خوێندکارەکانی دواناوەندشی پێوە دیارە کە لە دەزگایەکی ئاینیدا بار هاتوون. لەم ئینشایانەدا خولیا پەروەرییەکانی لاویەتی و دنگدانەوەی رێکەوتن نامە پڕ لە بەزم و هەراکانی ئاشتی خوازانە- کە ئەوکات هێشتا مرەکەبی ئیمزاکانیان وشك نەببون- وەبەرچاودەکەوێ. بەڵام لە نێو هەمووی ئەم بابەتانەدا و لەپشت پەردەی شێوازە ئەدەبی و دەقە بێ نێوەرۆك و نێوئاخنە لاوەکییەکان و هەست و هرووژانی رۆژانەیاندا شتێکی بنەرەتی بە روونی بەرچاو دەکەێ کە لەپێوەندی لە گەڵ ئێوە و وەچەی ئێوەدا هەست پێدەکراو هەرئێستاش هەست پێدەکرێ. ئەوشتەی کە لەژێر تیشکی هەڵسەنگاندن و بابەتە عەینییەکاندا، کە ئەوکات بەپێی هەست بە بەرپرسایەتی کرنی خۆم، چ لەو کاتانەیدا کە وانەم پێدەکووتنەوە و چ لەکاتی وەرزشدا، سەبارەت بە هەرکام لەئێوە وەك تاك وبەگشتیش وەك کۆمەڵێکی هەڵبژێردراو لە وەچەیەکی تایبەت، روون کراوەتەوە، کە لەمەودای تێپەڕینی ساڵانێکی دوورو درێژ بە ئەنجامم گەیاندوون. بەڵێ پاش ئەوەیکە هەنگاوتان بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵێناوەتەوە، ئەم شتە نەك گەشەی نەسەندووە و نەکراوە بە قەناعەت بەڵکوو بەست دراوەتەوە و تەنانەت بەلاڕێدا چووە و ملی بۆ کۆیلییەتی و بن دەستی شۆڕکردوەتەوە و بە تەواوی تووشی گەندەڵی وناتەبایی هاتووە و لەژێر ئەو بارە گرانەدا تێك شکاوە. ئێوە ئێستا لەنێوان تەمەنی سی ودوو – سی وچوار ساڵیدان، بەڵام هەر لەئێستاوە رەنگی پیریتان لێ نیشتووە و ئەم دەردە وەک خۆرە وەگیانتان کەوتووە، وەك پیرە پیاوێکی شەکەت و بێ واز. لەراستیدا رووی قسەکانم لە باشترین کەستانە، واتە ئەوکەسانەی کە تابە ئەورادەیە وشیار و وریایە کە هەست بەهەرەس هێنانی خۆیان دەکەن.

کۆنچیتینۆ وەنێو قسەکانی دەکەوێ و دەڵێ:

- دۆن بێنە دیتۆی خۆشەویست، خۆ قووتابخانە مەیدانی کردەوەی ژیان نییە. لەقووتابخانە مرۆڤ لە دونیای خەون و خەیاڵاندا دەژی. بەڵام لەمەیدانی ژیاندا دەبێ مرۆڤ خۆرێکخەر بێ و خۆی لەگەڵ کۆمەڵگادا بەراورد بکا. ئێمە لەمەیدانی ژیاندا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرەورووی واقعێك دەبینەوە كە لەخۆمان لەمێژینەتره و دەبێ لەحاستیدا مل كەچ بین. ئەو شتەی كە مرۆڤ لەخەیالیدا ئارەزووی وەدی هاتنی دەكا، لە كردەوەدا قەت بۆی وەدی نایەت.

دوكتور ساكا لەروونكردنەوەی قسەكانی ئەودا دەڵێ:

- وه ئەگەر ئەم خۆرێكخەرییه به پێی داب و نەریتی نوێ و له بەرگی ئەفسەری تازەدا خۆبنوێنێ، ئەوكات هەوڵدەدەن خۆیان و خەڵكیش بەوە رازی بكەن كە گۆیا گۆڕانكارییەك له نێو كۆمەڵگادا رووی داوه.

كونچیتینۆ بۆ ئەوەی بەری بەدرێژەكێشانی ئەو قسانه گرتبێ كە له زەمینەیەكی دەست و پێ گیردایه هەڵدەستێ و بەنێو باغەكەدا پیاسه دەكا. بەسەر ئاواڵەكەیدا دەگوڕێنێ:

- تۆ دۆستێكی زۆر ئازیزی بەڵام رەشبینێكی چەپەڵی كە بڕوات به سەركەوتن نییه.

دۆن بێنه دیتۆ لەحاڵێكا پاڵی بەدار سەروەكەوە ناوه هەروا بێدەنگە.

ساكا لەتەنیشت مارتا ماوەتەوەو هەوڵدەدات بەڵكوو قسەكانیان بەلایەكی بێ سەر ئێشەتردا راكێشێ، هەر بۆیه بەدۆن بێنه دیتۆ دەڵێ:

- پێم وایه دوایین وانەیەك كە بەئێمەت گووتەوە سەبارەت به تراژدیای یۆنان بوو. بەراستی شیكردنەوەیەكی بەپێزو توانا بوو كە قەت لەیاد ناچێتەوە...

دۆن بێنه دیتۆ وەنێو قسەكانی دەكەوێ و دەڵێ:

- بەم حاڵەش، بەگشتی نه شیكردنەوەكانی من و نه خوێندنەوەی ئەو تراژدیایانه هیچیان بەكاری ئێوه نەهاتوون و سەرەڕای ئەمەش نەیانتوانیوه ببنه جێ دەرك پێ كردنی ئەو تراژدیا رەش و شوومانەی كە مایەی ئاڵۆزی و هەڵەژاوی ئێوەیه تا لەئاكامدا هەڵوێستێكتان بەدژیان وەرگرتبێ. هەرئەوەندەی كە لەم چەرخه نوێیەدا مرۆڤ تەنیا بواری ئەوەی بۆ دەرەخسێ كە خۆی له دەوری درامەكاندا ببینێ نەك تراژدیاكان، ئەمه لەخۆیدا یەكێكه لەو درۆ روو لێ هەڵماڵاوییانەی كە جێی خۆیەتی شانازییەكەی هەر له پاوانی ئەو رۆژنامانەدابێ كە تەنیا له گێرانەوەی رووداو و كارەساتەكاندا لێ وەشاوەن و لەهەموو حاڵێكا رواڵەتێكی فریودەرانەیان هەیه. كاتێ كۆنچیتنۆ دان بەوەدا دێنێ كە مرۆڤ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە وەدی هێنانی ئاواتەکانیدا دەستەوێستانە، بێ پەناو پەسیو، بەبێ ئەوەی مەبەستێکی ئەوتۆی هەبێ، ماکی تراژدیای نوێی دەربڕیوە. لەراستیدا ئەو چارەنووسە کەونینەیەی یۆنانییەکان واتە(ئاناکی) یان (نێمیزیز)(1) ئیتر لەمڕۆ بەدواوە لەدوومان ناگەڕێن، بەڵام ئاخر ئەو چارەنووسە نوێیە، ئەو کارەساتە شوومە تازە سەرهەڵدەداوەی کە بوارتان نادا ئەو شتە بن کە ئارەزووتان دەکرد، کێهایە؟ ئەو هێزە دڵرەش و بێ بەزەییەی کە لەماوەی ئەم پازدە ساڵەی دواییدا واتە لەسەردەمی داگیرکردنی (فیوم)(2) تا دەست بەسەراگرتنی کارگە و کارخانەکان –لەدەورانی دابەزینی بوورسی کار- و تا کاتی پاکانە حسێب و پاکتاوکردنی دەزگای فاشیزم لە ساڵی 1919 دا کە ئەم وەچەیەی ئێوەی مەحکووم بە هەرەس هێنان کردووە، کامەیە؟ ئەوە چ هێزێکە کە توانیویەتی ئێوە کە کاتۆلیك بوون، سەرەتا بکا ناسیۆنالیست وپاشان سۆسیالیست و بەدوای ئەوەشدا (کێئۆ پراتیوست)(لایەنگرانی هەرەوەزی)و سەر ئەنجام لەحاڵی حازردا ئەگەر بەڵگە و سەرژمێرییەکان منیان بەهەڵەدا نەبردبێ- بۆ جارێکی تر ناسیۆنالیستی لێ سازکردوونەتەوە؟ ئەم چارەنووسە نوێیە چ چارەنووسێکی دڕندەیە کە جێی چارە نووسە کەوناراکانی گرتوەتەوە و قوومار بەژیانتان دەکا، وەك چۆن پیاوێکی سەرخۆش گەمە بەتاسی تاوڵە بکات.

مارتا لەناکاو هەڵدەستێ و بەرەو لای ئەو مێزەی دەچێ کە پەرداخەکانی لەسەر ریز کردوون. هەر لەو حاڵەش دا دەپرسێ:

- تۆ بڵێی کورەکانی دیکەش بێن؟

کۆنچیپتینۆ لە وڵامدا دەڵێ:

- دیارە بەتەمای هاتن بوون، بەڵام رەنگە لەبیریان چووبێتەوە کە لەکاتی خۆییدا لە فریای شەمەندەفەرو پاسەکان بکەون.

---

(1) ***Nemesi , Ananche*** **دووخێوی یۆنانییەکان بوون و واباوە کە نێمیزیز خوای تۆڵەو دادپەروەری بووە.**

(2) ***Fiume*** **بەندەرێکی یۆگسلاویایە کە ئیتالیا لەجەنگی دووهەمی نێو نەتەوەییدا داگیری کرد**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارتا خەریکی کۆکردنەوەی پەرداخە زیادییەکانە کە بیانباتەوە بۆ چێشت خانە.

دۆن بێنە دیتۆی پێی دەڵێ:

- پەرداخێکی زیادی بۆ (دۆن پیچێریلی) بەجێ بێڵە:

خووشکی قەشە بەرەخنەوە و تەنانەت بە ئانقەستیش دەڵێ:

- خۆ لەومان نەگێراوەتەوە.

دۆن بێنەدیتۆ لەوەڵامدا دەڵێ:

- هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێستا خۆی دەگەیەنێتە ئێرە.

پاشان روو لە لاوەکان دەکات و ئەمەش بەقسەکانیەوە زیاد دەکا:

- حەتمەن ئێوەش پیچێریلی تان لەبیر ماوە. لەنێو ئەو جینەی ئێوەدا ئەو تاقە کەسێك بوو کە رۆحانیەتی کردە پیشە. دایك و باوکی کە وردە مڵکدارێکی دێهاتین، لە باری داراییەوە دەستیان وێرا نەدەگێشت کە بۆ درێژە دانی خوێندنەکەی یارمەتی پێ بگەیەنن، بۆیە بەناچار چووە لای قەشەکانی (سالیزیەن)(1) و خۆی بەخوێندنی زانستی ئایینی و حیکمەتی ئیلاهییەوە خەریك کرد و هەر لەلای ئەوانیش ئیجازەی قەشایەتییەکەی وەگرت. هەرکە بە پلەی قەشایەتی گەیشت، ریبازگەی سالیزیەنی بەجێ هێشت و گەرایەوە بۆ هەرێمی قەشە نشینەکان. ئەم کارە لەئاستی مامۆستاکانیدا کردەوەیەکی ناحەز بوو. جارێ هەر لەم نێزیکانە لەقەشەنشینێکی چکۆلەدا پێش نوێژی دەکا، بەڵام دڵی زۆر بە ئیشەکەیەوە خۆش نییە و هیوای ئەوەیە لە قووتابخانەیەکی زانستی ئایینی، یان لەهەرێمێکی بەدەسەڵاتتردا ببێ بە قەشە. ئێستا بۆ راکێشانی سەرنجی ئۆسقۆفی گەورە، بە نەهێنییەوە سیخوری بۆ دەکا. قەت لەسەردان بۆ ئەو شوێنانە تەنەخی ناکات کە بەگوومانی ئەو رەنگە قسەو باسێکیان تێدا بکرێ و راگەیاندنەوەکەی بۆ ئوسقۆفنشینەکەی بە بایەخ بێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێوە دەتوانن هەست بەوە بکەن کەچۆن ئەو بەدڵگەرمییەوە من بەدیدارە یەك لە دوای یەکەکانی خۆی سەرفەراز دەکاتەوە.

---

(1) ***Salesiens*** **– قەشەکان ریبازگەی (سێن فرانسوا دۆسالن) لەساڵی 1857 دا دامەزراوە ولەگەڵ پاپاو دەزگای کلیسەی رۆمادا ناکۆکن.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر لە مەودای ئەم چەند خوولەکەیدا تارێکی خۆی بەسەر باغچەکەدا خستووە و کاری شەراب تێکردنیش بۆ مارتا دژوارتر دەبێ. مارتا دەڵێ:

- فەرموون، دانیشن وبخۆنەوە.

دۆن بێنە دیتۆ وەك روون کردنەوەیەك دەڵێ:

- خووشکم بە تەما بوو شەربەتی تەمری هێندیتان بۆ پەیدا بکات بەڵام زۆر درەنگ بابەتەی بە بیردا گێشت.

کۆنچیتینۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

- ئەمە دڵسۆزییەکی دایکانەیە. کەوابوو دادەگیان، لەو بڕوایەدان کە ئێمە نیازمان بە پاڵاوتنی خوێن هەیە؟

شنەیەکی فێنك لەلای کێوەکانەوە دێت، دۆن بێنە دیتۆ وەکۆخین دەکەوێ.

مارتا دەڵێ:

- دەبێ بچینە ژوورەوە.

- کوڕەکانیش لە بردنەوەی شووشە و پەرداخەکاندا یارمەتی دەدەن. نۆهۆمی خوارێ هۆدەیەکی گەورە و بەر فەراوانە کە هەم چێشتخانەیە و هەم لە رۆژی هەورووباراندا شوێنی ئیش کردنە و لە بارێکی تریشەوە بە دابی گووندنشینەکان ژووری میوانداریشە. شەکۆڵکەیەك بەبزمارێکەوە بە دەرگاکەدا هەڵواسراوە و تەشییەکیش لە پەنای کوانووە گەچینەکە داندراوە. بەلای راست وچەپیشیانەوە مەنجەڵ و تاوە و کیتەڵە و قاپ وقاچاغی مسییان ریزکردووە. ریزێك سیرو سماقی کێوی و پیواز و بیباری سوور، کە بە بەنیانەوە کردوون- بۆ وشك کردن- بەدیوارەکەوە هەڵواسیراوە. چەند کۆنە کتێبی گەرد لێ نیشتووش لەسەر سۆبەکەدا دێنە بەرچاو. لەسووچێکی هۆدەکەدا کە تایبەت بە مارتایە تاقێکی بچکۆلانەی لێیە کە بەکاغەز وتوڕ رازاوەتەوە و لەنێوانیاندا کۆتەڵێکی نیوە لەشی حەزرەتی مەریەمە کە بە گەچی رەنگاورەنگ دارژاوەو، لەنێوان گوڵە زەنبەقە دەسکردەکاندا جێی بۆ کراوەتەوە. بۆنێکی تایبەت بەسرکە و کۆنسێر و تۆێشەی برژاو کەشی ژوورەکەی داگرتووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارتا دیسان دەڵێتەوە:

- دانیشن، بخۆنەوە.

لەدەرگا دەدەن. دەبێ دۆن پیچێریلی بێ. دۆن بێنە دیتۆ هەر بەو شێوەیەی کەپاڵی بە سۆبەکەوە داوە، لە دوورەوە بە خێر هاتنی دەکا. دۆن پیچێریلی بەرەولای دێت و لەئامێزی دەگرێ و بە هەزاران خوڵق و خووی گەرمەوە رێزی خۆی دەردەبڕێ. دۆن بێنە دیتۆ بە نۆرەی خۆی ئەو لەباوەش دەگرێتەوە.خوڵقی دانیشتنی دەکاو پێی دەڵێ:

- بخۆوە، پێشتر پەرداخێکمان بۆ ئامادەکردووی.

دۆن پیچیریلی پیاوێکی رووکراوەو وورگنە و وادیارە چڵێیس و زۆر خۆریش بێ. لەپاساوی نابەوەخت هاتنەکەیدا دەڵێ کە ناچار بووە وتارێک تەواو بکات کە بۆ رۆژنامەی ئۆسقۆف نشینی ئامادە کردووە. پاشان لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

- سەردێڕی وتارەکەم ئەم بابەتەیە: ( بەڵای چەرخی ئێمە).

دۆن بێنە دیتۆ لێی دەپرسێ:

- رەنگە وتارەکەت سەبارەت بە شەڕ و بێکاری بوو بێ؟

دۆن پیچێریلی بەروو ساردییەکەوە وڵام دەداتەوە:

- ئەم شتانە بابەتی سیاسین. رۆژنامەی ئۆسقۆف نشین تایبەتدراوە بە دۆسییەی خۆجایەتی. بەهەر حاڵ لەروانگەی خۆجایەتی مەحزەوە، بەڵای ئەم سەردەمەی ئێمە- بە بۆچوونی من، ئەو بێ شەرمییەیە کە لەشێوازی جل و بەرگ پۆشین دا خۆ دەردەخات، تۆش لەسەر ئەو قەناعەتە نیت؟

دۆن بێنە دیتۆ لەسەرەخۆ و هەربەو جوورەی کە لە چاوەکانی راماوە وڵام دەداتەوە:

- بەڵای ئەم چەرخەی کە ئێمەی تێدا دەژین نەبوونی برایەتی و تەباییە لە نێو ئینسانەکاندا، نەبوونی مەتمانە و تێرادیوییە لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەرەو پێدانی گیانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نگریسی (جووی ئیسکەریتییە)(1) کە پەیرەو و ئەخلاقەکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی گڵاو کردووە.

دۆن پیچێریلی خۆی لەو لاتاوە دەبوێرێ و دەڵێ:

- بەخۆشییەوە لە هەرێمی قەشایەتی مندا، لەم دواییانەدا و بە لووتف و رەزای خوای گەورە، باری واتایی خەڵك گەشەی سەندووە، بەو مانایەی کە ژمارەی ئەو کەسانەی دان بە گووناحەکانیاندا دێنن لە سەتاچل و ژمارەی بەرێوەچوونی رێورەسمی عیشای رەبانی لەسەتا سی زیادی کردووە.

دۆن بێنە دیتۆ دەڵێ:

- ئەی بەستەزمان، سەرەتا باسی خۆجایەتی مەحزو گەشەسەندنی باری واتایی خەڵك دەکرد و پاشان وەك دووکاندارێك قسە لەژمارەو هاوسەنگی و بەرامبەری چەند لەسەتا دەکەی.

دکتور ساکا کۆخینێکی توندی بەتووشەوە دەبێ. مارتا وێنە کۆنەکەی 1920 لە کاکی وەردەگرێ کە لەودا قەشە لە نێوان پۆلێك لە قووتانییەکانی دواناوەندیدا راوەستاوە و، لە سەر لێواری سۆبەکەو لە بەر رووناکیدا رایدەگرێ. دکتور ساکا و کۆنچیتینۆ وپیچێریلی لەدیمەنی ئەو وێنەیە ورد دەبنەوە. سەرەتا هەر کامەو لەدوای خۆیاندا دەگەرێن، پاشان چاو بۆ ئەو ئاوالانەیان دەگێرن کە لەمێژ ساڵە لێك هەڵبراون و ئیتر چاویان بە یەکتر نەکەوتوەتەوە. بۆ جارێکی تر روخسار وقەوارەکانی رابردوو لەزەینیان دا زیندوو دەبێتەوە کەجیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ئەمرۆیاندا و، بەدەستی رۆژگار و ئەرکی ناخۆشی ژیان گۆرانیان بەسەردا هاتووە. کۆنچیتینۆ راگۆ لەو وێنەیەدا لەریزی پێشەوەو لە سەر عەرز دانیشتووە، ولاقی چەپی لەسەر لاقی راستەی داناوە. سەری تاشیوە، دەم و چاوێکی ورد و داگیراو و روخسارێکی رەش هەڵگەڕاوی هەیە کەشێوەی پشیلە دەداتەوە. حاڵەتی

---

**(1) *ISCARIOTE JUDAS* یەکێک بوو لە دوازدە موریدەکانی عیسا کەلە پێناو سیَ دنیاردا خەیانەتی بەمەسیح کرد و عیسای پیشانی نەیارەکانیدا، ئەو خەیانەتە بەوجوورە بووە کەگۆیا قەرار بووە لەنێو ئەو پۆلەیدا کەعیسایان لەنێودا بووە، عیساماچ بکات تا بەجوورە بۆ نەیارەکانی دەستەونیشان بکا.ماچی جوو بە مانای (ماچی فریوکارییە) لێرەدا مەبەستی دۆن بێنە دیتۆ لەپێناوی سیخور وپیاوفرۆشە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چاوەکانی هەر وەك جارانە بەڵام کاکۆڵ و ریشەکەی بەرچەنگەی ئێستاکەی ، ئەوی وەك چەکدارێکی شارستانی گۆڕییوە، تابەو رادەیەی کە پازدە ساڵ لەمەوبەر قەت کەس نەیدەتوانی رواڵەتێکی وەك ئەمرۆی بۆپێش بینی بکات. ساکا لەو کەسانەیە کە بیچم و قەوارەی کەمتر لە هەمووان گۆراوە، ئەو لە وێنەکەدا لەسەر پەیژەیەك لە پشت سەری دۆن بێنە دیتۆ دانیشتووە و ملە کز و لاوازەکەی کە لە ناوەندی شانە باریکەکانیەوە قیت بوەتەوە و، روخساری بەو چاوە بەقووڵدا چوانەی و ئەوحاڵەتە شەرماوییەی کە هەر ئێستاش پێوەی دیارە، خۆ دەنوێنێ.

کۆنچیتینۆ لە نەکاو دەپرسێ:

- لە نێو قووتابییەکانت کێ لە هەمووان باشتر بوو؟

پیرەمێرد لە وڵامدا دەڵێ:

- قووتابییە باشەکانی من؟ ئەوکەسانە بوون کە رازی نەدەبوون بەوشتەی کە لە کتێبە دەرسییەکاندا دەیانخوێند. ئەو کەسەی کە تینۆیتی فێر بوونی تێدا نەدەنیشتەوە.

قووتابییەکان هەر سێکیان بەیەك دەنگ داوای لێدەکەن کە:

- ناوی ببە، بەناو!

دۆن بێنە دیتۆ بزەیەکی دێتێو پاشان دەڵێ:

- (پیترۆ سپینا) ئێستا لە کوێیەو چی لێ بەسەر هاتووەتەوە؟

پیترۆسپینا لەو وێنەیەدا لەلای راستی دۆن بێنە دیتۆ دانیشتووە و قەشە دەستی لەسەر شانی داناوە. سپینا پرچێکی قرژ و چاوانێکی مۆن و پر لە غروری هەیە و بوینباغەکەشی لار بەستوە. لەبەر ئەوەیکە دۆن بێنە دیتۆ وڵامێکی نەدراوەتەوە دیسان دەپرسێتەوە:

- پێتان نە وتم کە پترۆسپینا چی دەکات و ئێستا لەچ وڵاتێکدا دەژێت؟

لاوەکان هەرسێکیان بەم پرسیارە ئاڵۆز دەبن و لەبن چاوەوە سەیری یەکتر دەکەن. مارتاش کە تا بە ئەو کات ئارام و قەراری لێ برابوو تا لەسەرەتاوە رێگا چارەیەك ببینێتەوە کە میوانەکانی لەقسەی ئازار دەرو دڵ لێك رەنجان دوور بخاتەوە، ئێستا ئیتر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هیلاك بووە وحاڵەتی خۆبەدەستەوەدان و رازی بوونی بەخۆی داوە. وەك ئەو کەسانەی کە دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە هەوڵ و تەقەلاکانیان بێ هوودە بووە و هیچیان لەدەست نایەت. پیرە مێرد روودەکاتە کونچیتینۆ و بەنیگەرانی و جەخت لێکردنەوە دەپرسێ:

- ئەگەر زەینم باش بەهانامەوە هاتبێ لەنێو ئاوالەکانتدا سپینا باشترین کەسێ تۆ بوو. تۆ لە بەسەرهەڵداکووتن و خۆشەویستیت لەحاست ئەودا هیچ هەستێکی ترت لە خۆ نیشان نەدەدا، بەومانایەی کەگۆیا عاشقی بووی. ئێستا ئەو لە کوێیە، چ هەواڵێکت لێی هەیە، بەچییەوە خەریکە؟

ئەفسەری لاو لەحاڵێکا خۆی لەبەر نیگای دۆن بێنە دیتۆ دەدزێتەوە دەڵێ:

- بۆ دەبێ من بزانم؟ چما من کێشك گری ئەوم؟

پیرەمێرد لەپەنای سۆبەکەدا راوەستاوە و بەبیستنی ئەم وڵامە بە شێوەیەکی ترسناك رەنگی هەڵدەبزرکێ کە هێندەی ناماوە بەعەرزیدا بکەوێ. بە نەرمەهەنگاوەکانیەوە تا لای کونچیتینۆ دەچێ، سەری دەگرێتە نێو دەستە لەرزۆکەکانی، لەچاوانی کۆنچیتینۆ رادەمێنی و لە حاڵێکا فرمێسك لەچاوەکانی خۆیدا مۆڵی خواردوەتەوە بە هێوری پێی دەڵێ:

- ئەی بێچارەی بەستەزمان! ئێستا وات لێ بەسەرهاتووە؟ ئاگات لەخۆ نەبوو کە هەر ئێستا چ قسەیەکی ناحەزت بەزاراندا هات؟ لەو وشە ناحەزانەی کە لەوان ترسناك ترم لەکتێتی (ژێنیز)یشدا(1) نەدیوە نەبیستووە، لەحاڵێکا ژێنیز لەرادەی خراپترین کتێبەکانی سەر گۆی عەرزە.

هەرلەو حاڵەیدا کە کۆنچیتینۆ بە سام گرتوویەوە لەو راماوە و کەچی لەقسەکانی تێنەگێشتووە، دۆن بێنە دیتۆ هێدی ترو لە سەرەخۆتر درێژە بەقسەکانی خۆی دەداتەوە و بەهێمنی حەدیسی یەکەمین براکوژی، بە گوێیدا دەچرپێنێ:

---

(1) ***Genese*. ژێنیز یان خڵقەت، لەپێنج جزمەکەی تەوراتدا یەکەم کتێبە کە ئەفسانەی گووران و دروست بوونی مرۆڤ و داستانی سەرچاوەی ژیانە تامەرگی یۆسف و لەدایک بوونی مووسا.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- (...كاتێ هەر دووكیان گەیشتنە سەحرا، قابیل خۆی بەسەر هابیلی برایدا خست و ئەوی كوشت. ئەو جار خوای مەزن بەقابیل دەڵێ (لەگەڵ هابیلی براتدا چت كرد؟) قابیل لەوڵامدا دەڵێ : (من چووزانم، چما من كێشك گری براكەمم؟ ...)

دۆن بێنە دیتۆ لەئەفسەرە لاوەكە دوور دەكەویەوە و هێدی هێدی بەرەو دوورترین قووژبنی هۆدەكە دەچێ، لەو شوێنەی كە كۆتەڵی نیوە لەشی مریەم لەنێوان كۆمەڵە كاغزێكی رەنگا و رەنگدا خەمڵیوە و، لەوێ دادەنیشێ و بەم جوورە درێژە بەقسەكانی دەداتەوە:

- پیترۆ سپینا یەكێك بووە لەو قووتابییانەی كە من زۆر هۆگری بووم و لەهەموانم پتر خۆش دەویست. ئەو قەت نەیتوانی هەست بەم هۆگرییەی من بكات بە هەر حاڵ ئەو باشترین قووتابی من بووە. ئەو هەر بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانە رازی نەدەبوو كە لە كتێبە دەرسییەكاندا دەهاتن. نەء قەت قەناعەتی پێ نەدەهات. حیدەتی تینوێتییەكەی قەت بەو شتانە نەدەنیشتەوە. هەمیشە نیگەران و هێندێك جار بێنەزم بوو. دژوارترین سزایەك كە لەدەورانی خوێندكاریدا بۆی دیاری دەكراو ئەویش شانی وەبەر دەدا، تەنیا بەم مەبەستە بوو كە لە سەر سزادانی فلانە ئاواڵی خۆی كە بە نارەوای دەزانی، نارەزایەتی لەخۆی نیشان دەدا. ئەو ئاواڵەكانی خۆی زۆر خۆش دەویستن، رەنگە لە رادە بەدەریش. كاتێ دڵنیا دەبوو كە لە بابەتێكا حەق بەو بووە هیچ جۆرە تێبینییەك و هیچ چەشنە داواكارییەك نەیدەتوانی بێدەنگی بكاو هەڵوێستی پێ بگۆرێ.

دۆن بێنە دیتۆ لە مابەینی لاپەرە زەرد هەڵگەراوەكاندا كە دوایین مەشقی ئینشای قووتابییە كۆنەكانیەتی، ئینشای پیترۆ سپینا دەبینێتەوەو دەڵێ:

- سپینا ئەو كەسەبوو، گوێ راگرن: ( ئەگەر هێندە ئازاردەر نەدەبوو لەلام كە لە پاشی مرگم وێنەیەكم لەسەر مێحرابی كلیسەكاندا بكێشنەوە تا بۆ كۆمەڵێكی نەناسیاو ببمە جێی پەرستن - كە زۆربەیان ئافرەتی پیرو دزێوبن و هەمیشە دەستی سكاڵاو پارانەوەیان بەرەو لام درێژ بكەنەوە، زۆرم حەز دەكرد یەكێك بم وەك پیاوچاكان، بە ئاواتەوەم ئەو كەسەی بم نەك بەگوێرەی هەل و مەرجی رۆژگار، نەك لەبەر ویست و نیازی كەسانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەورو تەنیشتم و نەك لەبەر بەخششە مادییەکان بژیم، بەڵکوو بەبێ ئەوەی سەرئەنجامێکم بۆ کارەکەم لەبەر چاوگرتبێ، هەموو کاتەکانی تەمەنم لە پێناو خەبات لە رێگای ئەو مەبەستەدا فیدابکەم کە خۆم بەرەوای دەزانم...)

دۆن بێنە دیتۆ لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

- پازدە ساڵ بەرلە ئێستا کاتێ ئەو ئێعتراف نامەیەم دەخوێندەوە گوومانم لە پاکی و ووراستی پیترۆ سپینا نەبوو، بەڵام ئەوەندەم لێ روون نەبوو کە داخوا ئەو تابەچ رادەیەك توانیویەتی جڵەوی خامەی دەستی لە وشەبەندی و دەق هێنانەوە و رستەبەندی بێ نێوەرۆک رزگار کردووە. ئەو سەردەمانە سپینا بە تامەزرۆیی و ئیشتیایەکی سەرسوورِهێنەرەوە سەربردەی پیاوچاکانی دەخوێندەوەو، لەبەر ئەوەیکە بۆ چەند ساڵێك دەچوو کە هەتیووی و بێ سەرپەرشتی بێ نازی کردبوو، چارە رەشی و نەهامەتییەکانی بنەماڵەکەی ئەویان پتر هان دەدا کە زیاتر بیر بکاتەوەو هۆش و هزری خۆی وەگەڕ بخات.

پیچێریلی ماوەیەکە چاوەڕێیە تا پشوویەك بکەوێتە نێو قسەکانی دۆن بێنە دیتۆ، بەڵکوو ئەویش قسەیەکی کردبێ. سەرئەنجام دەڵێ:

- سپینا بەتەمابوو لەساڵی 1920 دا ببێ بەقەشە بەڵام لە 1921 دا چووە نێو ریزی کۆمەڵگای لاوانی سوسیالیست، واتە پیاوێکی ماتریالیست و خوانەناسی لێدەرچوو.

دۆن بێنە دیتۆ بە روو ساردییەوە دەڵێ:

- سیاسەت لای من جێی سەرنج نییە.

قەشەی لاو بەشڵەژاوییەوە دەپرسێ:

- بەبڕوای تۆ بێ دینی و خەبات بەدژی خوا جێی سەرنج نییە؟

پیرە مێر بە لە سەرەخۆییەوە وڵام دەداتەوە:

- ئەو کەسەی بە نرخی رۆژ نان ناخوا، ئەو کەسەی بە پێی هەل و مەرجی دەوروبەری ناژی، ئەو کەسەی نۆکەری بەخششەکان نییە و خۆی بە شتە مادییەکانەوە نەبەستوەتەوە، ئەو کەسەی کە بێباکانە بیر لە دەرەنجامی کارەکەی ناکات و بۆ حەقیقەت و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دادپەروەری دەژی، ئەو کەسە خوانەناس نییە، چوونکە جێی لە بەهەشتدایەو بەهەشتی ئەبەدیش لە بوونیدایە. ئەی پیچیریلی خۆشەویست، تۆ دەتوانی زۆر شتی وەك هوونەری گێشتن بە پلەو پایەیەکی بەرز فێری من بکەی بەڵام من لەوانەی ئەدەبیات و زانستی مانای وشەکاندا(علم الغات) مامۆستای تۆ بووم، کەواتە وشەکان ناتوانن ببنە مایەی ترساندنی من. دەی نیونزێو ساکا، تۆ پێم بڵێ بزانم چ هەواڵێکت هەیە لە پیترۆسپینا ؟ ئێستا لەکوێیە و چی دەکات؟

ئەوجار دوکتور ساکا لە وڵامی پیرە مێرد دا دەڵێ:

- سپینا لە ساڵی 1927 گیرا و روون بوەوە کە ئەویان بەرەو دوورگەیەك دوور خستوەتەوە. ساڵی دوایی لەو دوورگەیە خۆی دەرباز کردو وەك پەنابەر چوو بۆ فەرانسە. لە فەرانسە دەرکراو چوو بۆ سویسرا، لەوێش وەریان نەگرت و چوو بۆ لۆگزامبۆرگ، لە لۆگزامبۆرکیش دەریان کرد و پەنای بردە بەر وڵاتی بێلژیکا و ئەگەر لەوێش دەرنەکرابێ ئێستا دەبێ لەوێ نیشتەجێ بێ. بەڵام نازانم لەچ رێگایەکەوە پارە پەیدا دەکات و خۆی چۆن بەخێو دەکا، بەڵام ئەوشتەی کە لێم روونە ئەمەیە کە ئەو لەژێرەکییان دەستی شەیتان لەپشتەوە دەبەستێتەوە. لەخزمێکیم بیستوەتەوە کە ئێستا سینگی ناسازە.

دۆن بێنە دیتۆ هەروا بێدەنگە، بەڵام پاشان، روولە خووشکی دەکاو دەڵێ:

- گورگەکانیش لانێك بۆ خۆیان شك دەبەن و باڵدارەکانی ئاسمانیش هێلانەیەك، بەڵام مناڵانی ئادەم بستە عەرزێکیان دەست ناکەوێ تا سەری ئاسوودەیی لێ بنێنەوە. ئەو بەستەزمانە لەسەر ئەندێشەیەکی خەیاڵی و لەسەربنەمایەکی خولیا پەروەرانە بە پاکی و ساکاری درێژە بەتەمەنی لاویەتییەکەی دەدات بەڵام نەتەوە مەسیحییەکان بواری پێنادەن و، وەك ئەوەی دەعبایەکی پیس و گڵاو لە راوگەکەیان بتارێنن، راوی دەنێن.

مارتا بەترس و نیگەرانییەوە سەیری براکەی دەکا.

لاوەکان هەرسێکیان وێکرا هەڵدەستن کە ئیجازەی رۆشتنەوە وەربگرن و دەڵێن:

- بێ وەختە، دەبێ بچینەوە!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن بێنە دیتۆ و مارتا میوانەکانیان کە لە بەردەرگا لەیەك جیادەبنەوە، بەرێ دەکەن.

دۆن پیچیریلی ئەو کوێرە رێیە دەگرێتە بەر کە بەرەو شاخی هەڵدەکشێ. کۆنچیتینۆ و ساکاش بە ئۆتۆموبیلەکەیانەوە بەرەولای راست بەو رێگایەیدا کە بەرەو هێڵی ئاسن سەراو لێژ دەبێتەوە لێدە خورن.

پیرەمێرد و خووشکی لەدیمەنی دوور کەوتنەوەی میوانەکانیان رادەمێنن.

کاتێ ئۆتۆمۆبیلەکە کەمێ دوور دەکەوێتەوە، کۆنچیتینۆ بەهێواشی و بەبێ ئەوەی لە نۆژدار بڕوانێ دەڵێ:

- سپینا لە ئیتالیایە. بەنهێنی لە بێلژیکارا گەڕاوەتەوە. پۆلیسیش بۆی دەگەڕێن. رەنگە تا ئێستا ئەویان دەست بەسەر کردبێ. بەڵام ئەو هەتیوە شێتە هیچی لەگەڵ دا ناکرێ من چي بکەم!

لە ئاسۆڕا، لەسەر ترۆپکی گەردەنەی (فۆرکا کارۆزۆ) پەڵە هەورێکی سپی و چکۆلە بەرەو دەشتی فۆچینۆ خۆ دەکێشێ. هەورێکی رەش و گەورە بەهەڕەشەو گووڕەوە بەداویدا دەخووشێ. هەور دەگرمێ و بروسکەش ئاسمان شەق دەکا. هێور هێور شنەبایەك هەڵدەستێ. دەشت ومەزراکان دەلەرێنەوە. باران نمە نمە دادەبارێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 2

سەرلە بەیانی رۆژێك، دوكتور ساكا بۆ سەرەومختی نەخۆشێك بانگ كراوە. جووتیارێكی لاو كە خەڵكی ئاكوا فێرەدایە، بەگارییەكەیەوە لە دوای هاتووە. نۆژدار بۆ ساتێ سەیرێكی دەكاو دەڵێ:

- پێم وایە یەكتر دەناسین.

پیاوەكە لەوڵامدا دەڵێ:

- من(مۆلاتزۆكاردیلە) لەبنەماڵەی كاردیلەم و لە ئاكۆافێرە دەژیم. بەڵێ وایە، یەكتر دەناسین. باپیرەی من نیوەكاری ئاشەكۆن و زەوییەكانی كلیسە بوو، ئای لەو زەوییە پڕپیت و بەرەكەتە، باوكم ماوەی سێ ساڵان رەزەكەی ماڵی ئێوەشی بەكرێگرت. پاشان گیروگرفت وشەڕو كێشەكانی دادگا و، نەخۆشی و شتي دیكە بەربینگیان پێگرتین. دووكەس لە براكانم ئێستا لە (بریزیلان) و ئیتر نامەشمان بۆ نانێرن.

دوكتور ساكا دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- یەکتر دەناسین، دەی باشە، نەخۆشەکەت کێیە؟

گارییەکە رووەو با دەئاژوێ. ئەو بایەی کە نیشانەی بارانی پێوەیە. کاردیلە دەڵێ:

- لە دوایین رۆژەکانی خاکە لێوەدا باران باشە. ئەو کات کە من منداڵ بووم، ئێوە لەگۆرەپانی ئاکوافێرەدا لەپشتیوانی لە خەڵك و کلیسە وتارێکتان خوێندەوە. وشەی (ئازادی) لەسەر ئاڵاکەتان نووسرابوو. بنەماڵەی ئێمە لایەنگرییان لەئازادی دەکرد. بەدوای شەردا ئەو رەوتە بێ دابڕان لەگۆڕێدا بوو و ئازادیش برەوی مابوو. کلیسە ئەو کات لایەنی دەوڵەتی نەدەگرت بەڵکوو پشتیوانی گەل بوو. ئێمەش سەر بەلایەنێك بووین بەڵام پاشان دەور وەرسووڕا.

گارییەکە ئێستا لە ژێر رەهێڵەی باراندا دەئاژوێ. ئەم بارانە لەلای سەرووی زەوییە گۆڕاییەکانەوە دەستی پێکردووە کە لەویدا مەزرای (پلانتێن)و دەشتی فۆچینۆ، کە وەك گوێ ماسیلکە دەچێ، یەک دەگرنەوە و هەر لە ئێستاوە سەرپۆشێك بەرەنگی خاکی بەسەر ناوچەکانی(ماگلیانۆ)و (لاسکۆرکێلا) دا پان بۆتەوە. کاردیلە درێژە بەقسەکانی دەداتەوە:

- ئێستا کلیسە هەر پیرێژن و ئافرەت و پیرەپیاوانی بۆ ماوەتەوە و ئێمەش وا سەرمان وەبەر خۆمان ناوە. باوکم حەفتا ساڵ تەمەنیەتی و ئێستاش هەر سەڵاخوێنی کلیسەی(سێن ساکیرەمێنتە)، رۆژانی یەك شەمۆ پێش نوێژی مس دەکات، لەرۆژانی هەینیشدا و لە(جێژنی خوا) کەوایەکی سوور دەپۆشێ و لەگەڵ دەستەدا بەشداری لەخوێندنەوەی دووعای بەکۆمەڵ دەکاو بەم چەشنە پشووی دەیتەوە بەرخۆی. ئێمە هەمووساڵێ بۆ نوێژی مس دوو کووپە شەراب نەزری کلیسە دەکەین. لەگۆرستانی ئاکوافێرەدا و لەبەری راستی نوێژخانەی (سێن ساکیرە مێنتدا) مردووەکانمان بە خاك سپاردووە. مەبەست لەوە نییە کە بڵێم داخوا لە خەڵکی ماقووڵ ترین بەڵام خۆم باش دەزانم لە بەر چی سەری ئەم قسانەتان بۆ دەکەمەوە. مەبەستم لەوەیە کەرێبازەکەمان هەر یەکە.

دوکتور دەڵێ:

- ئێمە یەکتر دەناسین، بەڵێ ناسیاوین، نەخۆشەکەت کێیە؟ لە کەس و کارەکانی خۆتە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گارییەکە ئێستا لەو شارییەی جیا دەبێتەوە کە لە ئاکوافیرەدا کۆتایی پێدێت و لارێیەکی پڕ لە قوورِو گڵ دەگرێتە بەر کە بە نێو کێڵگەی نۆك و باقلاکاندا تێدەپەڕی.

کاردیلە دیسان لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

- دیارە دەکرێ ئێمە بەشێوەی جۆراو جۆر یەکتر بناسین. ئێمە کە جووتیارین لە رێگەی مەرزاو خاوەن زەوییەکانمانەوە یان لە رێگای بەڵگەنامەو ئەو پێناسانەی کە لە دەستیاندایە یەکتر دەناسین. بەڵام ئایا، ئەم شێوە ناسیاوییە دروستە؟ مرۆڤ شت دەکڕێ، دەفرۆشێ، کرێگرتەیی دەکاو کار دەکا و، بۆ ئەم کارانەی دەبێ بەڵگەو مۆڵەت نامەی لەدەست دا بێ. بە مەبەستی کارکردن و خۆبەخێوکردن پەریوەی هەندەران دەبێ و لەوێ لەگەڵ سەدان دایرەی دەوڵەتی جۆراوجۆردا بەرو روو دەبێتەوە و بەم جۆرە لەگەڵ سەدان جوورە ئینساندا ناسیاوەتی پەیدا دەکا، بەڵام ئەم شێوازە رێگای دۆستایەتییە؟ سەردەمێك لە (ئیستاك) لە نێزیکی (مارسەی )دا (1) کارم دەکرد. لەو شـــــــوێنە لەژێر عەرزیدا خەریکی خەندەق دانەوەی رەهەندێکی گەورە بووین. رۆژێکیان ئاواڵەکانم پێیان راگەیاندم (لێرە پیاوێکی خوێندەوارو زانای لێیە کە خەڵکی ناوچەی ئێوەیە.)من پێم وابوو کە رەنگە کەسێك بە تەمابێ گاڵتەم پێبکات. بەخۆم ووت: خۆ بڕوانامەو پێناس و مۆڵەت نامەکانم تەواو و بێ ئیرادن، هەرچییەکیش پێویست بووبێ داومە، ئەی باشە ئەوە کێیە و چی لە گیانی من دەوێ؟ سەرئەنجام ئەو پیاوە منی دۆزییەوە و رۆژێکیان بۆ خۆی هاتە لام. پێی وتم کە لەمێژ ساڵە لە(ماریسکا) دوورکەوتۆتەوە و سەبارەت بە (ئاکوافیرەدا) و مەزراکانی (پالانتین) و بارودۆخ و چۆنیەتی گوزەرانی خەڵکی ئەوێ، هێندێ پرسیاری لێ کردم و پاشان گرێی دڵی خۆی بۆ کردمەوە و باسی زێدەکەی خۆی و دەشتی فوچینۆی بۆ کردم. لەوە بەدواوە ئیتر هەموو شەوێ چاومان بەیەکتر دەکەوتەوە، دەچووینە سەر کەلەرەی (ئیستاك)، لەسەر عەرزی دادەنیشتین و تا دانگێ کە لە شەو رادەبرد پێکەوە قسەمان دەکرد. پاش تێپەڕبوونی چەن شەوان بەسەر ناسیاویەتییەکەماندا، ئەوی هەبوو و نەبوو بۆ

---

(1) **مارسەی، بەندەرێکی گەورەی فەرانسەیە کە لە کەناری دەریای مەدیتەرانەدا هەڵکەوتووە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکترمان گێرایەوەو ئیتر ئەو جار زۆر بەباشی لە مرای دڵی یەك گێشتین و بووینە ناسیاو و، قسەمان لەسەر هێندێ بابەت دەكرد كە تا بە ئەو كات نە من و نە ئەو قەت بەتەنیایی بیرمان لێ نەكردبوەوە. پێكەوە بیرمان لە زۆر شتی سادەو ساكار دەكردەوە. ئەمە ئەو بوو كە وڵامی راست تری پێ بوو و قسەی دروست تری دەكردو هێنـــدێ جاریـــش من. ئێـــستا ناكرێ لێرەداو بەدەنگـــی بەرز ئەو قسانەتان بۆ بگێرمەوە چوونكە دڵنیام پێكەنینت پێ دێن. بەهەر حاڵ، من لەنێو رەهەندەكەدا كارم دەكرد. رۆژانە هەشت سەعات كارمان بۆ دیاری كرابوو، كرێكارەكانی دیكە بۆ ئەوەی حەق دەستێكی زیاتر وەر بگرن دوو سێ سەعات زێدەكارییان دەكرد. بەڵام من هەركە هەشت سەعاتە كارەكەم تەواو دەبوو بەهەڵاتن دەچوومەوە سەر كەلەرەكە تا بەڵكوو چاوم بەو پیاوەی بكەوێتەوە كە دڵنیا بووم هەر لەو شوێنەدا چاوەڕێم دەكاو منیش بەنۆرەی خۆم حەزم بە هاونشینی و قسە خۆشەكانی دەكرد. پێكەوە سەبارەت بە مرۆڤ، لەبارەی زەوی و سەبارەت بە ژیان وتووویژمان دەكردو لەهەمان حاڵیشدا لەلای خۆم بیرم دەكردەوە كە: ئەمەیە ئەو مرۆڤەی كە لە هیچ حاڵێكا، نە بۆ كار كردن، نە بۆ بەڵگەو پێناس و مۆڵەت نامەو شتی دیكە، لەبەرامبەر دۆستایەتییەكەدا هیچ ئەركێكی قوورسم نایەتە سەر شان. ئەو وەك مەوعیزەگەرو قەشەو مامۆستاكانیش نییە كە تەنیا بۆ قانیع كردنی خەڵكی پارە وەردەگرن و لە ئەنجامیشدا گەورەییشمان بەسەردا دەفرۆشن، بەڵام ئەم پیاوە وەك مرۆڤێك دێتە لام. رۆژێكیان لەنەكاو ئەو پیاوە بێ سەرو شوێن بوو و ئیتر لەوە بەدواوە هیچ هەواڵێكم لێ دەست نەكەوتەوە...

نۆژدار وەنێو قسەكانی دەكەوێ و دەڵێ:

- ئێستا دەزانم كە ئەم پیاوە كێ بووە.

- جارێ رێگەم بدەن عەرزتان بكەم كە دوو ساڵ لەمەوبەر رۆژێكیان بە عارەبانەكەمەوە لەجێژنی( سین باتو لۆمە) دەگەڕامەوە. لەرێگای(ماگلیانۆ) سەگێكی كەوتووم دی كە ئۆتۆمۆبیلێك وەبنەخۆی دابوو و لاقێكی شكاندبوو ، ئەو بێ زمانە لەحاڵ و وەزعێكی زۆر نالەبارو لە قەراغ جادەكەدا كەوتبوو، زۆرم زگ پێ سووتا. سەگەكەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵگرتەوەو لەگارییەکەم هاویشت و بە دەسڕەکەی خۆشم لاقە شکاوەکەیم بۆ هەڵبەستەوەو بردمەوە ماڵی خۆمان. پاش دوو مانگان خاوەنەکەی پەیدا بووەوە کە پیاوێکی گاریچی و خەڵکی( لاسکۆرکێلا) بوو، کابرای خاوەنی داوای سەگەکەی کردەوە و منیش دامەوە. هاوینی رابردووش لەسەر جادە مەڕێکم دۆزییەوە کە بە لاق دەشەلی. من ئەو زمان بەستەیەم هەڵگرتەوەو لە تەویلەی گاو گوێدرێژەکەمدا جێگام بۆ کردەوە. پاش ماوەیەك خاوەنەکەی پەیدابووەوە و ئەوی لەگەڵ خۆی بردەوە. ئەم کارانە لەخۆیدا پیاوەتی کردن بوون. ئەرێ، ئەو پیاوەی کە لە (ئیستاك) دا لەگەڵی ئاشنا بووم ، دوێنێ شەو لەدرگای ماڵی منی دا. سەرەتا چاکم بۆ نەدەناسرایەوە.

دوکتور ساکا بە سام گرتووییەوە دەپرسێ:

- پیترۆ سپینا لێرەیە؟ و تۆش دەمبەیتە لای ئەو؟

کاردیلە لەجادەکە لادەدات و گارییەکەی لە قووژبنێك رادەگرێ. هەردووکیان لە گارییەکە دادەبەزن. کاردیلە ئەسپەکەی لە دارە ناروەندێك دەبەستێتەوەو جلێکی سوور بەپشتی وڵاغەکەیدا دەدات. نوژدار بەسەرو روویەکی غەماوییەوە چاوێك بەدەورو بەریدا دەگێڕێ تا وڵات تاقی بکاتەوە، بارانیش هێور هێور لێ دەکاتەوە و بەرەو لای( تاگێلیا کۆزۆ) دوور دەکەوێتەوە، بەڵام پۆلە هەورێکی رەش و گەورە لەلای (ئاوەتێزانۆ)ڕا بەرەو ئەوێ بەرێوەیە. ئەو دوو پیاوە لە تەنیشت گارییەکە درێژە بەقسەکانیان دەدەنەوە.

کاردیلە دەڵێ:

- بەڵێ، ئەو پیاوە لەدەرگای ماڵکەمی دا بەڵام بەتەمای هاتنە ژوور نەبوو، ئەگەر چی لەرزوتاشی هەبوو. هەر ئەو کات چەند شەقاوێك پیاسەمان کرد ، لە ئاوایی وەدەرکەوتین، پاشان رێگەی نیو مەزرامان گەرتە بەر و هێندێ یادی (ئێستاك)مان کردەوە. پاشان بۆی گێرامەوە کە بە نهێنی گەڕاوەتەوە نێو خۆی وڵات و لە (رۆما) هێندەی نەمابوو کە پۆلیس دەزگیری بکات. ووتی پێوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی پساوە و بۆ بەستنەوەی پێوەندییەکانیان ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ، ئەویش بەو مەرجەی کە مەترسی گیران و ئاشکرابوونی تێدا نەبێ. بۆی گێرامەوە کە بۆ چەند رۆژان لەژێر باو باراندا لە دەشت و دەران ئاوارەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرگەردان بووە بەڵا م ئیستا لەبەر ئەم لەرزو تایەی ئیتر لەبریستیدا نەماوە درێژە بەم بارە نالەبارەی بداتەوە. بەدوای دوو دڵییەکی زۆر بڕیاری داوە بێتە ماڵی من و، منیش تا ئەو کاتەی باری تەندروستی باشتر دەبێتەوە لەماڵی خۆمدا رایبگرم. پێی ووتم کە لەبەر رزگاری چینی کرێکار گەڕاوەتەوە بۆ ئیتالیا و منیش کە کرێکارم نابێ خەیانەتی پێ بکەم. شەوی رابردوو ئەوم لە تەویلەدا شاردۆتەوە و ئێستا یەك پرسیارت لێدەکەم: بۆ ئەم پیاوە، چ کارێکمان لەدەست دێ؟ ئایا جوانە هەر بەو جۆرە لێی گەڕێین تا گیانی دەردەچێ؟

نوژدار بە راوێژێکی وشك و تاڵەوە و ڵام دەداتەوە:

- دەبا لە هەندەران، هەر لەو وڵاتەی کە لێی بوو مابایەوە.

- بەڵام ئێستا ئەو لێرەیەو ئێمەش لەبەر درگای ماڵی خۆمان دۆزیومانەتەوە. وەك ئەوەی سەگێك یان مەڕێکمان دۆزیبێتەوە. ئایا دەبێ تاگیانی دەردەچێ خۆی لێ نەبوێرن؟

نۆژدار لە وڵامدا دەڵێ:

- خۆ بە مردنەکەشی هیچ لە دەست نادات، ئەو سەڵت و تەنیایە بەڵام من ژن و منداڵم هەیە. ئێمە لەباری بیرو بۆ چوونەوە جیاوازیمان هەیە.

کاردیلە دەڵێ:

- لەم حاڵەدا مەبەستێکی سیاسی لە گۆڕێدا نییە بەڵکوو مەسەلەی مرۆڤێکە کە وەختە گیانی دەرچێ. لە کتێبی بارهێنانی ئایینیدا کە لە سەردەمانی منالییەوە لەسەریان دەکردم تا باش لەبەری بکەم ئاوا هاتووە: ئەرکە ئایینییەکان ئەم شتانەن: ئاو گەیاندن بە تینووەکان، پۆشتەکردنی رووت و رەجاڵان، میوانداری کردن لەو کەسانەی دەچنە سەر زیارەتان، تیمارکردنی نەخۆش و ناسازان و، ئیتر باس لەوە نەکراوە کە دەبێ ئەو نەخۆشانەی تیمار بکەن کە لە باری بۆچوونەوە وەك خۆتان بیر دەکاتەوە، بەڵکوو نوسراوە نەخۆشەکان چارە سەربکەن و، ئیتر تەواو. دیارە ئەمەش راستە کە ئەو سەردەمە کلیسە پشتیوانی لە گەڵ و هەژاران دەکرد نەك دەسەڵاتداران. رەنگە ئەورۆ دەسکاری نێوەرۆکی ئەو کتێبە ئایینیانەشیان کردبێ

نۆژدار دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- باشە ئەو بۆخۆی تۆی لە دوام ناردووە؟ بە تۆشی گوتووە کە من دەناسیّ؟

- ئەو بەمنی گوتووبوو کە لە یەك قووتابخانەدا هاو پۆل بوون، بەڵام حەزی نەدەکرد لە دواتان بێم.

هەر بەم شێوەیە وتوو وێژەکەیان لە تەنیشت گارییەکە درێژە دەکێشێ. پاشان هەردولا بێدەنگی رادەگرن. پیاوێکی دێهاتی بە گوێدرێژەکەیەوە کە بارە داری لێبەستووە بەوێڕا تێدەپەڕێ. دوای ماوەیەك، پیرێژنێك بە بزنێکەوە بەوێدا رادەبرێ. کاردیلە تێدا ماوەتەوە کە ددان بە راستییەکەی‌دا بێنیّ یان نا، سەرئەنجام ساغ دەبێتەوە و دەڵێ:

ئەگەر راستییەکەتان بویّ ئەو حەزی نەدەکرد من لە دواتان بنێرم. دویّ شەو بەمنی ووت : ( من لەبەر رزگاری چینی کرێکار گەڕاوەمەتەوە بۆ وڵاتەکەم و تۆش وەک کرێکارێکی بە شەرەف وئەمەگدار یارمەتیم بدە. بەڵام دوکتور ساکا کەسێکی رووناك بیرە. ئەو دەبێ پلە و پایەی خۆی بپارێزێ و ئاگای لە هەل و مەرجی ژیانی بێ. لەوانەش دەرچێ ئەو وەك رووناك بیرێك لە گەڵ دام و دەزگای ئۆسقۆفدا لە پێوەندیدایە و بۆ زیاتر راکێشانی سەرنجی ئەوان هیچ سەیر نابێ کە منیش بفرۆشێ) بەڵام من بڕوام بەم قسەیە نەبوو. ئەو ئەمەشی ووت تەنیا لە پیاوێك رادەبینێ کەخۆی سڵ ناکات لە یارمەتی گەیاندن بەو و ئەویش قەشەیەکی پیرە کە لە دواناوەندیدا مامۆستای بووە، بەڵام ئەو پیاوە زۆر پیرە، هەر بۆ ئەم مەبەستە دڵی بەرایی نادات کە مەترسێك بۆ ژیانی ئەو پیرە مێردە پێك بێنێ. ئەمڕۆ بەیانی وەزعی ئەوم لەدوێنێ خراپتر هاتە بەرچاو. بۆیە بەبێ ئەوەی پرسی پێبکەم لەدواتان هاتم. ئێوە وای لەبەر چاو بگرن کە ئەوە مەرێکەو دەبێ بەهانایەوە بێن.

دوکتور ساکا پاڵی بە یەکێ لە ماڵبەندەکانی گارێکەوە داوە و بە دڵە خوورپە و بەحاڵێکی داهێزراو چاوێ بەدەورو بەریدا دەگێرێ. سەرئەنجام وورەیەك وەبەر دڵی دێنێ و دەڵێ:

- هەرچۆنێ بێ ، نابێ لێرە بمێنێتەوە و دەبێ بە پەلەش بگەڕێتەوە. من بە نۆرەی خۆم هەوڵ دەدەم تا قانیع بەگەڕانەوەی بکەم و بە پەلە ئامادەی دەکەم بۆ سەفەر. ئەگەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەواو دەرمان پێویست بوو ئەوا بەناوی یەکێ لەمناڵکانت روونووسێکی بۆ دەپێچمەوە. خوا روحممان پێبکات.

کاردیلە دەڵێ:

- ئەوەتا لەوێیە، لە تەویلەکەدا، لەپشت دارگوێزەکە. دەتوانی بەتەنیاش بچیتە لای و منیش لێرە رادەوەستم تا ئاگام لە دەورو بەرمان بێ.

نۆژدار لەبەر دەگای تەویلە چاوی بە پیرەپیاوێکی کورتە باڵای تێکشکاو دەکەوێ کە لە پشت دارگوێزەکە دانیشتووە و بەرگێکی پۆشتەو خاوێنی لەبەر کردووە و، لەبەر ئەوەیکە پێشتر کاردیلە ئەوی لەبوونی پیاوێکی بێگانە ئاگادار نەکردوەتەوە، قەڵسە. دەپرسێ:

- نەخۆشەکە لەکوێیە؟

- پیرە پیاوە کورتە باڵاکە لە وڵامدا دەڵێ:

- کێ تۆی ویستووە؟

نۆژدار وڵام دەداتەوە:

- مۆلازۆ کاردیلە بە منی ووتوە کە لێرەدا نەخۆشێکی لێیە.

لەحاڵێکا ئەو پیاوە هەستاوەتە سەرپێ، لە چاوەکانی دوکتور ساکا رادەمێنێ و دەڵێ:

- من پێم راگەیاندبوو کە ئەو کارە نەکات.

ئەوجار دوکتور ساکا بەسەرسوورمانەوە پیترۆ سپینا، کۆنە ئاواڵی سەردەمی خوێندکاری دەناسێتەوە.

چاوە زل و بەقووڵاچووەکانی، کە تروسکەیان دێ، لێوە باریکەکانی، گوییە ناسکەکانی بەو پەرەگوێ سوور هەڵگەراوانەیانەوە کە وەك سوورە گوڵێك سوور ئەکاتەوە و، پرچە پەرێشانەکەی، ئەمانە تەنیا شوێنەوارێکن کە شێوەی جارانی پێ دەداتەوەو کەچی ئەمرۆ وەك سواڵەتێکی سوور بەدەیان درزو قەڵشتی تێکەوتووە.

ساکا غیرەتێك وەبەر خۆی دەدات و بە زەحمەتەوە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- تۆ هاوتەمەنی منی، واتە هەر سی وسێ ساڵ لەتەمەنت تێپەڕاندووە بەڵام وەك پیرە پیاوێکی شێست ساڵانە دێیتە بەر چاو. باشە چۆن چۆنی ئەم وەزعەت بەسەر خۆتدا هێناوە؟

سپینا، وەك چۆن منداڵێك ئاواڵەکەی هەڵخەڵەتاندبێ و پاشان گاڵتەی پێبکا، لە قاقای پێکەنین دەدات. پاشان بۆی دەگێڕێتەوە کە لەبەر ئەوەی لەکاتی گەرانەوەیدا بۆ ئیتالیا پوَلیس نەتوانێ بیناسێتەوە بۆ ماوەی چەند حەوتووان بە ماجوومێك کەمایە سەرەکییەکەی(تینتۆراید)ە (1)سەرو پۆتراکی چەورکردووە. قازانجی ئەو مەڵحەمەش لەوەدایە کە ئەم چین و گنجانەی لەسەر رووماى بەجێ هێشتووە بۆ گۆرینی سەروپۆتراکی و شێوەی پیرەپیاوێکی پێداوە. دەڵێ:

- خۆم داهێنەری ئەم ماجوومەم. کێ دەزانێ، رەنگە رۆژێ لەرۆژان خەڵک بەشێوەیەکی بەربڵاوتر کەڵکی لێ وەربگرن. کاتێ ئایدیالی لاوێکی مام ناوەندی لە ئیتالیادا هەر ئەوە نەبێ کە هەوڵبدات وەبەردڵی کچە گەشتیارێکی سویسی یان ئامریکایی بکەوێ و بەڵکوو ئامانجێکی شێلگیرانەتری بۆ دیاری بکرێ، رەنگە لەباتی دەزگای رازاندنەوەکانی ئەمرۆ وەك پێداویستێك دزگایەکی خۆ دزێو کردن بە شێوازێکی دەسکردانە بۆ کورە قۆزو ژیگوولە بەفیزەکان دامەزرێنن.

دوکتور ساکا وردمات سەیری روخسارە گۆراو و پیرانەکەی سپینای هاوتەمەنی دەکا. سپینا بەو مانایەی کە لە نێو خەڵکیدا باوە و بە کورە سەرسەرییەکان دەڵێن، قەت هەتیوێکی لووسکەڵە نەبووە. بەڵام بزۆزی و قسە خۆشەکانی لەهەموو حاڵێکا خوێن شیرینییەکی تایبەتی بەرووخسارە لەبەردڵانەکەی دەبەخشی هەر بۆیە لەبەر چاوی ئافرەتاندا وەك کورێکی جوان چاك و هەوەس باز دەهاتە بەر چاو. ئەگەرچی ئەو قەت کورێکی بەفیزو ناشیاو یان (دۆن ژوان) نەبووە بەڵام ناوبانگی بە کورێکی مێ باز و پیاوێکی ئالوولە دەرکردبوو. ئەی چۆنە کە ئێستا پەیرەوی کردن لە بیرو باوەرێکی سیاسی

---

(1) **تینتۆراید تێکەڵاوێکە لە(یود)و (ئەلکۆل) کە بۆ لەسەربڕین دانان بەکار دەگیرێ.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تابە ئەو رادایە توانیویەتی ئەو ناچار بەخۆ دزیو کردن- ئەویش بەو شێوە درندانەیە بکات و لەتافی لاویەتیدا رواڵەتێکی پیرانە بۆ خۆی دروست بکا.

نۆژدار بەرەخنەوە دەڵێ:

سەرەڕای ئەو هەمووە زەحمەتانەت بۆ گۆرینی سەروروخسارت، هێشتا پۆلیس توانیویەتی بتناسێتەوە.

سپینا لەوڵامدا دەڵێ:

- پۆلیس بەهیچ جۆرێك نەیتوانیوە من بناسێتەوە. تەنیا پاش پێوەندی گرتنەوە لەگەڵ رێکخراوەکاندا بۆمان دەرکەوت کە سیخورێکی پۆلیس توانیویەتی خۆی بخزێنێتە نێو ریزەکانمانەوە و بەم جۆرە هەواڵی گەرانەوەی منی بە پۆلیسی رۆما راگەیاندووە. هۆی دەربازبوونەکەشم لەوەدابووە کە پۆلیس وێنەیەکی کۆنی منی لەدەستدایەو هەر ئەو وێنەیەشی بە تەواوی بنکەو پرسگەکانیدا بڵاو کردوەتەوە. لەوەش دەرچێ من بەتەما نەبووم کە تاسەر لە رۆما بمێنمەوە. من بە مەبەستی کارکرن لەسەر کافوونەکان(جووتیارە هەژارەکان) گەراوەمەتەوە بۆ ئیتالیا.

ئەم پیلانە کە لەچاو پلانە رۆمانتیکەکانی سەردەمی شۆرشی 1848 دا کەم وێنە نییە، نۆژدار وەبیری راستییەك دەخاتەوە کە لە هەمان حاڵدا پرمەترسی و مناڵانەیەو هەرچۆنێ بێ بەتووشیەوە بووە، هارەی کامێونێك کە لەلای شارێی نەتەوایەتییەوە دێت ئەو رادەتڵکێنێ.

سپینا بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێ:

- مەترسە، دانیشە.

هارەی کامێونەکە دوور دەکەوێتەوە.

نۆژدار لەحاڵێکا خۆی لە بەرنیگای سپینا دەدزێتەوە وڵام دەداتەوە:

- دانیشتن بێ هوودەیە. من بەتەما نیم زۆربڵەییت بۆ بکەم. سەرەتا نەمدەزانی کە بۆ دیتنی تۆ دێمە ئێرە و ئێستاش کەهاتووم تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئامۆژگاریت بدەم کە تا درەنگ نەبووە لێرە برۆی، بە قازانجی خۆت و ئێمەیشە، دەبێ بگەرێیتەوە بۆ هەندەران.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپينا وڵام دەداتەوە:

- سپاس بۆ ئامۆژگارییەکەت، بەڵام من بەتەمانیم بگەڕێمەوە بۆ هەندەران.

ساکا دەپرسێ:

- لەبەرچی گەڕایتەوە بۆ ئیتالیا؟ ئەگەر حەز بە ئازادای دەکەی بۆچی هەر لەو وڵاتانە نامێنیتەوە کە ئازادی تێدا مسۆگەرترە؟

سپينا لە وڵامدا دەڵێ:

- من ئەگەر گەڕاومەتەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە هەناسەیەك هەڵکێشم.

ساکا بەدوای وشەیەکدا دەگەڕێ کە سپینای تێ گەیاندبێ و دەڵێ:

- شۆڕشگێرە مەزنەکان واتە مامۆستاکانت، یانی ئەوکەسانەی کە بۆ پێشخستن و پەرەسەندنی بیروباوەڕەکانیان ساڵەهای ساڵ زەمێنەیان خۆش دەکرد تاسەرئەنجام دام و دەزگای زۆردارانیان رەپێچکە نا، تەمەنی خۆیان لەتاراوگەدا تێپەراند و تۆ ئامادەنیت وەك ئەوانیش بی؟

سپينا لە چەمکی ئەم رەخنەیە تێگەیشتووە و لە وڵامدا دەڵێ:

- تۆ راست دەکەی، من نازانم خۆم بۆ دەوربینێکی گرینگی سیاسی راگرم. من شۆرشگێرێکی زۆر خراپم. بەڵام سەبارەت بە پەریوەبوونم، هەرقسەی لێ ناکرێ. گوێستنەوەی من وەك گواستنەوەی شەرابە خۆماڵییەکانی خۆمان دەچێ، کە لە کەش و هەوایەکی دیکەدا تایبەت مەندی و تامەکەی خۆی لە دەست دەدا، بەڵام شەرابەکانی تر بەپێچەوانەوە، وەك بڵێی بەتایبەتی بۆ ناردنە دەرەو سازکراون.

ساکا دەپرسێ:

- ئەی ئەگەر لەزیندانت بکەن، ئەودەمیش هەروا دەڵێی ؟

- دیارە زیندانیش لەخۆیدا مەترسییەکە بەڵام هێندەش بە سام نییە کە ناچارم بکات نیشتمانەکەم جێ بهێڵم. من ئەوکەسەم کە هەمووجیهان بە نیشتمانی خۆم دەزانم بەڵام زێدەکەی خۆم وەك دەریایەکەو منیش ماسیم و ماسیش بە بێ ئاو ناژیت. ئیتر غەریبی و پەریوەبوون بۆ من بەستە. لەوەزیاتر توانای سەبرکردنم نەماوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساكا لەگەڵ ئەوەیكە بە لاساكردنەوەی(پۆنس پیلات)(1) دەســـــتەكانی رادەوەشێنێ دەڵێ:

- كەوای لێ هات ئیتر پێوەندی بەمنەوە نەماوەو خۆت دەزانی، من(دەست لەم كارە دەشۆمەوە).سپینا دەڵێ:

- پێی خۆشحاڵم كە دەبینم بەپێی ئایەتەكانی ئینجیل دەجووڵێتەوە، وادیارە راهێنانە ئایینییەكان قازانجیان بۆت هەبووە.

پاشان ئەمەش بەقسەكانیەوە زیاد دەكا:

- من پێرێ شەو لە حاڵێكا نۆبەتی دایگرتبووم و هەووگیانم شەلاڵی عارەقەبوو، لە مردووشۆرخانەیەك لە (مۆنتەدۆلاكرووچە)دا بەرەو رووی دواناوەندییەكەی پێشوومان، بە زگی برسی و تینوێتییەوە شەوم بەرۆژ گەیاندووە. بۆ جارێكی تر چاوم بەو خانووە كەوتەوە كە هەشت ساڵی رەبەق لەوێدا بەسەرێكەوە ژیاین. ئەو باغچەیەی كەگوڵمان تێدا دەچاند، تۆ بڵێی ئێستاش ئەو حەوشەیەدا وەك خۆی مابێتەوە؟ شەمدانییەكانی منت لەبیر ماون؟ ئەو نووستنگەیەی كە لە قاتی دووهەمدا بوو، رەنگە ئێستاش تێكیان نەدابێ. قەرەوێڵكانمان لەوێ لە تەنیشــت یەكتر بوون، هێندە لێك نێزیك بووین كە زۆر بە هاسانی و بەبێ ئەوەی سەرپرشتی قووتابخانەكەمان هەستمان پێبكا، دەمانتوانی تاقەیرێ كە لەشەو رادەبرد پێكەوە قسان بكەین. ئەو پلانە خەیاڵی و سەرشێتانەت لەبیرماون كە پێكەوە گەلاڵەمان دەكردن؟ دۆن بێنە دیتۆ هەڵبژاردەیەك لە شێعرەكانی سەردەمی كەونارای بۆ شی دەكردینەوە،( دۆن سیلۆ جیسیمۆ) شێوازو دەستووری عەقڵ و مەنتقی فێر دەكردین،(دۆن زاشێئۆ) پەیرەو و قسەبەنرخەكانی مامۆستاو قەشە قەدیمییەكانی بۆ دێنایەنە بەر باس، (دۆن فلۆریندۆ) رەوشت و وتارە بەناوبانگەكانی پاڵەوانان و پاشاكانی بۆ دەگێرایەنەوە. لەژووری(سفرەخانە) لە سەرمێزی ژەم خواردنەكەمان دەبوایە هەرجارەی

---

(1) ***poncepilate*** **دەسەڵاتداری رۆمایی لەفەلەستین ئەگەرچی قەناعەتی بەبێَ تاوانی عیسا هەبوو بەڵام ئەوی بەدەستەوەداو لەبەر ئەوەی كە ئۆباڵی ئەو كەتنەی لەسەر لاچووبێَ فەرمانی دا كەئاوی بۆ بێنن و دەستەكانی بەئاوەكە شوشت و ووتی:(من لەمەرگی عیسادا بێَ تاوانم و ئێوە بەرپرسی ئەم كارەن!) و لەوێرا ئیستلاحی دەست لەكارشتنەوە لەزمانی فەرانسەو لاتین دا بەمانای لابردنی بەپرسایەتی لەسەر خۆیە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەنۆرە یەکێك سەربردەی شەهیدێك یان پیاوچاکێکی بەدەنگی بەرز بخوێندایەوە. ئێمە کاتێ لەو دەنیا خەیاڵییە هاتینەدەر تووشی کۆمەڵگاو کەنیسەو دەوڵەتێك هاتین کە ناتەباییەکی بەرچاوی هەبوو لەگەڵ تەواوی ئەو شتانەی کە لەقووتابخانەدا فێریان دەکردین و، ئێمە ناچار بووین ڕێبازێکی تر بۆ خۆمان هەڵبژێرین: واتە یان سەربۆ خزمەت شۆرکەینەوە یان ئەوەتا یاخی ببین. جاران ڕێگایەکی ناوەندی هەبوو کە بە نێوان ئەو دوو ڕێگایەدا تێدەپەڕی، بەڵام پاش سەرهەڵدانی شەر ئەو ڕێگایەش بە سەر وەچەی ئەمرۆدا بەسترا. لەو سەردەمەوە تا بە ئێستا چەند ساڵی بەسەردا تێپەریوە؟ پازدەساڵ. ئەگەر هەر ئێستا و لەم شوێنەدا کەسێك بتوانێ من و تۆ پێکەوە ببینێ قەت بەزەینیدا ناگات کە ژیانی من و تۆ تا تەمەنی بیست ساڵی بە یەك جۆرو یەکسان تێپەر بووبێ و هەردووکمان بۆ دوارۆژمان خاوەن خولیاو ئاواتێك بووبین.

ساکا هەست بەئاڵۆزی دەکا:

- بەڵێ ڕاستە ئێستا ئێمە سەر بەدوو تاقمی جیاوازین.

سپێنا لەچاك کردنەوەی قسەکەیدا دەڵێ:

- ئێمە سەر بە دووجۆرە مرۆڤایەتی جیاوازین. ئەو ئاستەی کە خەڵکانی کۆیلەو بن دەست لە مرۆڤە سەربەستەکان جیادەکاتەوە تەنیا لە ناتەباییەکی سادەی وەك تاقم و دەستەو گروپدا نییە. لە ڕاستیدا ئەوە مرۆڤایەتییەکی جیاوازە. ئەگەر نازیستەکانی ئاڵمانیا وشەی(ڕەگەزیان) گڵاو نەدەکرد، ئەوا دەمگووت کە جیاوازی ڕەگەزە و، ئەگەر دیسان کەڵکم لەم وشەیە وەرگرتەوە، بەم هۆیەبوو کە ناوێکی تر شك نابەم کە هەڵگری مەبەستەکەم بێ. لەم هەل و مەرجەی ئێستامدا کە بەکردەوە لەژێر دەسەڵاتی تۆدا تووش هاتووم، ئەگەر بمەوێ خۆم وا پیشان بدەم کە ڕێزێکی ئەوتۆم هەیە لە ئاست تۆ و ئەو کەسانەی کە وەك تۆ دەجووڵێنەوە، ئەویش پێویست بە هەوڵ و تەقەلایەك دەکات کە بەنۆرەی خۆم توانای بەئەنجام گەیاندنی ئەو ڕێزەم نییە. لە بارێکی تریشەوە بۆ پاکانەو قەرزدانەوە ئێستا زۆر زووە، تۆ دەتوانی بڕۆیتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپینا دەچێتەوە نێو تەویلەکە و، لەبەر هیلاکیان لەسەر کورتانی گوێدرێژێك دادەنیشێ. نۆژدار تێداماوە کە دەبێ چی بکات، پاشان بەرەو لای سپینا دەچێتەپێشەوەو دەڵێ:

- لانی کەم رێگەم بدە با مەعاینەت بکەم. من دەتوانم بە کاردیلەدا دەواو دەرمانت بۆ بنێرم.

سپینا بەبێ مەیلی کەراسەکەی هەڵدەداتەوە. ئێستا روخسارە پیرانەکەی بەو پێستە تاوانگەزەی سەروچاویەوە، ناتەباییەکی بێتامی هەیە لەگەڵ ئەو لەشە نەرم و سپییەی کە هەروەك لەشی لاوێکی تازە پێگەیشتوو دەچێ. نۆژدار بە سەر قەفەسەی سینگی ئاواڵە ناسازەکەیدا دەکۆمێتەوەو بەدڵسۆزییەکی برایانە لە یەك بەیەکەی پەراسووەکانی دەکوتێ و بەچەندین کەرەت گوێ بەسینگە تەنگ و کەوانییەکەیەوە دەنێ و لێدانی دڵێ- کە پیاو لەبیستنی دڵساردو ناهۆمێد دەبێ- بەتاقی دەکاتەوەو بەمشوورەوە لە هەناسە هەڵکێشانەکەی ورد دەبێتەوە کە بەدژوارییەوە لە سییەکانیەوە دێنە دەر. درێژەکێشانی مەعاینەکەی تاقەت لە سپینا دەستێنێ، تا ئەو رادەیەی کەخۆی لەسەرکۆرتانی گوێدرێژەکە پێ راناگیرێ و بەچاوی نیوە قووچاوییەوە دەخزێتە سەر عەرزی تەویلەکەو لەسەرتفاقەکان رادەکشێ. ئێستا هەست و سۆزێکی برایانەو خۆشەویستی سەردەمی لاویەتی لە دوکتور ساکادا زیندوو دەبێتەوەو دەڵێ:

- گوێ راگرە پیترۆ، براکەم، واباشە کە بێ پەناو پەسیو پێکەوە بدوێین. تۆ نابێ بمری.

ساکا دەستی سپینا دەکوشێ، بەنزاوە ژیانە غەم هێنەرەکەی رۆژانەی بۆ دەگێرێتەوەو باسی ئاوات و نامۆرادی و بەدبەختی و ناکامییەکانی بۆ دەکا و ئەو درۆو پیلان گێران و دزی و فرت و فێڵەی کە لێییان بووە بەژیان هەمووی بۆ دێنێتە بەر باس و، دەڵێ:

- ئێمە بەگشتی ژیانێکی کاتیمان هەیە. هەموومان هەروا بیر دەکەینەوەو، لەسەر ئەوقەناعەتەین کە ژیانی ئەمرۆمان ژین نییەو دەبێ جارێ لە پێناویدا بسوتێین و لە گەڵی هەڵکەین و لەحاست ئەم پەستی و زەبوونییەشدا بەتاقەت بین و هەڵگری ئەم بارە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نالەبارەبین، چوونکە ئەم شتانە هەرهەموویان کاتین و سەرئەنجام رۆژێ دادێ کە ژیانی ڕاستەقینە دەست پێ بکاتەوە. بەڵێ، رۆژێ لەرۆژان! ئێمە وا بۆ مەرگ ئامادە دەبین، بەو حەسرەتەوە کە نەمانتوانیوە بژین. هێندێ جار ئەم بیرۆکەیە وەڕزم دەکا کە دەڵێ: مرۆڤ بۆ یەك جار لە دایك دەبێت وتەمەنیش قەت ناگەڕێتەوە، کەچی ئەم تەمەنە تاکەکەسیەش دەبێ هەمیشە لە دۆخێکی کاتیداو لەچاوەڕوانی ئەو رۆژەیدا بەسەر بچێ کە ژیانی ڕاستەقینەی دەست پێدەکاتەوە. بەڵێ وایە، هەربەم چەشنە تەمەن تێدەپەڕێ. لەم هەل و مەرجەی ئێستادا کەس شك نابەین کە لە"ئێستا"دا بژیت و کەسێک نییە کە بتوانێ کردەوە و ئاکارەکانی لەریزی سەرمایەی ئاکارە باش و ئیجابییەکانی خۆی دابنێت. کەس نییە کە بتوانێ ئیدەعا بکا(لەفلانەکات و لەفلانە ساتەوە ژیانی ڕاستەقینەم دەستی پێکردووە!) ئەو کەسانەش کە لە دەستەبەندی و تاقم بازییەکانی ڕێژیمدا دەسکەوتێکیان وە دەست دەکەوێ، دەبێ بەدزی کردن و بەرتیل وەرگرتن بژین و بێزاری ئەمانیش لەحاست ئەو ئاڵۆزی و کارنەزانییەی کە بەسەر دەزگا دەوڵەتییەکاندا زاڵە، لەچاو خەڵکی ئاسایی کەمتر نییە. ئەوانیش ژیانێکی کاتییان هەیەو تەمەنیان لەچاوەروانیدا بەسەر دەبەن.

سپینا لەوڵامدا دەڵێ:

ئازادی خەڵاتی کەس ناکرێ. تۆ دەتوانی لە وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراویشدا بژیت و ئازادیش بی. هەر ئەوەندەت بەستە کە بە دژی دیکتاتۆریەت خەبات بکەی. ئەوکەسەی بە مێشکی خۆی بیر بکاتەوە و بۆ قەناعەتەکانی خۆی دەژی، سەربەستە، ئەو کەسەی خۆی لە پێناوی ئەو مەبەستەدا دادەنێ کە بۆ خۆی بەرەوای دەزانێ و خەباتی بۆ دەکا، ئەوکەسە سەربەستە. بەپێچەوانەوەی ئەمەیش، دەشێ تۆ لە ئازادترین و سەربەست ترین وڵاتەکانی سەرگۆی زەویدا بژیت و، بەڵام ئەگەر خاوەن گیانێکی سەلبی و پەست و نەوکەرپیشە بووی ئەوا سەربەست نیت. ئەگەرچی هیچ زەختێکیش لەگۆریدا نەبێ کە ناچار بە کۆیلە بوونت بکا کەچی هەرکۆیلەیت. ئازادی بەسواڵ کردن وەرناگیرێ بەڵکوو دەبێ شەری بۆ بکەین.

ساکا داڵغەی لێداوەو ئاڵۆز دەبێ، پاشان دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- تۆ نوێنگەی تۆڵە ستاندنەوەی ئێمەی. تۆ باشترین ئەندامی پەیکەرمانی! هەوڵبدە بەتاقەت و بەهێز بی. تێکۆشە خۆت زیندوو رابگری، وریای لەش ساغی خۆت بە.

سپینا دەڵێ:

- نۆنزیۆ، ئەگەر تەنیا قازانجی گەرانەوەکەم لەوەدابێ کەئەم دەنگە زیندوو بکەمەوە کە هی تۆیەو هاورێ و ئاواڵێکی لەدەست چووم دەست کەوێتەوە، بۆمن زۆرە. ئەمە هەر ئەو دەنگەی جارانی تۆیە، دەنگی شەوە سپییەکانی دواناوەندیمانە ئەو کاتانەی کە خەو گشت نووستن گەی دەبردەوە.

کاردیلە کە سەرتا بە پێی بە باران خووساوە دێتە نێو تەویلەکەو دەڵێ:

- باران لێی ناکاتەوە، لەو کاتەوە گیان لەبەرێکیش دەرنەکەوتووە.

نۆژدار و کاردیلە لە قوژبنێکدا رادەوەستن و سەبارەت بە دیتنەوەی رێگا چارەیەکی باش و بە پەلە بۆ حاڵی نەخۆشەکەیان پێکەوە تەگبیرو را دەگۆرنەوە. کاردیلە سپینا لە باوەش دەگەرێ و بەرەو کادێنی تەویلەکە بەپەیژەکەدا وەسەری دەخا. نۆژدار بەسپینا دەڵێ:

- جارێ هەرلێرەدا خۆت مات بکە. دەبێ ئەمرۆ هەڵنەستیەوەو هەرشتێکیشت پێویست بوو کاردیلە بۆت دێنێ. هەرلەم ماوەیەشدا بۆت لەبیری دیتنەوەی حەشارگەیەکی ئاسوودەترو خۆشتر دەبین...

سپینا دەکەوێتە نێو قسەکانیەوەو دەڵێ:

- ئیتر من بۆ جارێکی تر لە وڵاتەکەم دوور ناکەومەوە.

نۆژدار لە وڵامدا دەڵێ:

- بەداخەوە گەر خۆشت حەز بەچوونەوە بکەی ، لەتواناتدانییە. تۆ ووزەی سەفەرێکی دوورو درێژت نەماوەو لەتوانات رانابینم کە بەقاچاغەرێدا لەکێوەکانی(ئالپ) بپەریتەوە. دەبێ بۆ ماوەی چەند مانگان حەشارگەیەکی وات بۆ بدۆزینەوە کە هەم ئاسوودەتربیت و هەم جێی مەتمانەش بێ و لێرەش زۆر دوور نەکەویتەوە. ئەوکات ئەگەر چاکتر بوویتەوە هەر کارێکت پێ خۆش بوو وەدوای بکەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیترۆ سپینا بەتەنیا ماوەتەوەو لەسەر تفاقەکان رادەکشێ. بەدوای ئەو رۆژە پڕ لە مەترسی و تەنگاوییانەدا ئێستا دەتوانێ بە ئاسوودەییەوە وچانێك بدات و بەنیشتنەوەی تاو ولەرزەکەی گیانێکی نوێ بگرێتەوە. لەو رۆژەیەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ ئیتالیا ئەمە یەکەمین ساتەکانی ئاسوودەیی و ویەکەم دەرفەتێکە کە بواری پشوو تازە کردنەوەی پێدەدات و میشکی زاخاوا دەداتەوە. هەربەوجوورەی کەچاوەڕێ دەکرا، لەوەی کە کاردیلە پەنای داوە پڕ بەدڵ هەست بەخۆشحاڵی دەکا. دەبێ مەتمانە بەپیاو بکرێت و لەوەی کە نیونزێو ساکاش بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی سپینا ئامادە بووە کە یارمەتی پێ بگەیەنێت خۆشحاڵ تری دەکا. دەبێ مەتمانە بەدۆستایەتی بکرێت. لەگەڵ پێداچوونەوە بەسەر ئەم دوو پێشهاتانەدا حەزدەکا لەخۆشیانا بەسەر تفاقەکاندا تەقڵە لێبدات، ئەمە لەحاڵێکایە کە کەسیشی بەدەورەوە نییە تا بەخۆیدا بشکێتەوە. پاشان دێتەوە بیری کە دەبێ داسکنێ و عاقڵ بێ، چوونکە خەبات و ململانەیەکی سەختی لەگەڵ مەرگدا لەبەرە. هەر بۆ ئەم مەبەستە دیسان لەسەرتفاقەکان رادەکشێتەوەو هەروەك عیسا، کۆرپەی ئاسمانی، کە لە ئاخوورەکەیدا بەهێمنی و ژیرانە ئۆقرەی دەگرت. لەراستیدا بۆ ئەوەی دیمەنی ئاخوورەکەی عیسا تەواوتر بێ دەبوایە گوێدرێژێك و گاگەڵێك لەدەوری سپینا ئاڵابن. دیارە گا و گوێدرێژی لێییە، بەڵام لەقاتی خوارێی ئاخوورەکە، واتە لە نێو تەویلەکەدا و، تەنیا لە کاتی شەویش دا، چوونکە بەرۆژ بۆ لەوەڕگەیان دەبەنەوە. گاو گوێدرێژەکان لە کاتێکا گەڕاونەتەوە بۆ ئاخوورەکەیان کە(تاراوی دەستی یاسا) بۆ ماوەیەك دەچێ کە لە ئاخوورەکەیاندا خەوی لێ کەوتووە. نەرمی تفاقەکان ئەوی بەرەو ئامێزی خەو راکێش کردووە. ئەو کە هەروا بە هێمنی راکشاوە و بەتەمایە خەون بە هاوینێکی گەرمەوە ببینێ تا لە گەرماوگەرمی خەوەکەیدا گەنمەجارو هێشووە گەنم و گوڵە شلێرەو سیرەی سیسرکەکان بێنە خەونیەوە.

سپینا بەدیتنی پیلانە شوومەکەی پۆلیس لە دانانەوە و خزاندی سیخورەکانی بۆ نێو ریزی رێخراوەکانیان، کە ئەوی ناچار کردووە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی هەڵوەشێنێتەوە کە پاش گەڕانەوەی بۆ نێو خۆی وڵات بەسەری کردبوونەوە، هەستی بەرق و بێزاری کردبوو. بەڵام ئێستا کردەوەی کاردیلەو دوکتور ساکا ئەوی بە

هاونیشتمانەکانیەوە گرێ داوەتەوە و هەستی برایەتی لەودا زیندوو کردوەتەوە. هەر بەو جۆرەی کە لە سەر تفاقەکان پاڵ کەوتووە هەست دەکا کە بە چەشنێ ئەو هەستەی تێدا بەهێزتر بووە. سپینا لە تاو نۆبەتێیان دەسووتێ بەڵام لە دەروونیەوە هەست بە چاك بوونەوە دەکات. پاش ساڵانێکی سەخت و دەربەدەری ئیستا بۆ جارێکی تر هەناسە هەڵدەکێشێتەوە. لەپشت تەویلەکە جۆگە ئاوێکی بەخوورەمەی لێیە کە بەخوور بەسەر پاناوکێکی پڕ لەچەودا کە لاسکە گیاکانی هەروەك دەرزی سەریان دەرهێناوە، پان دەبێتەوە. ئەوە گرینگ ترین دەنگێکە کە لەسەر تفاقەکانەوە بەگوێی دەگا، ئەمە تاکە ئاوازێکی دڵنەوازە کە لە شەوانی ناسازییدا لایەلایەی بۆ دەکات، ئاوازێکی کۆن و لە هەمان حاڵیشدا هەر هەمیشە تازەیە. بەیت و ئەفسانەی پەرییەکانیش هەر بەم جۆرە دروست کراون. دەئێوە ئەی پەرییە دێهاتییەکان، ئەفسانەیەکی جوان و دڵنشین بچرپێننە گوێی ئەم هاوگوندییەتان، ئەو پیاوە هەژارەی کە شارستانییەکان رەپێی دەنێن!

سپینا خەوێکی باش دەکاو تەنیا لەو کاتانەدا بە ئاگادەبێتەوە کە هەست دەکا کاردیلە دەواو دەرمان و ژەمەکەی بۆ هێناوە. ژەمەکەی دەکاو بەدوایدا دەواودەرمانەکانی دەخوا و، سەر لەنوێ لەسەرتفاقەکان پاڵ دەکەوێتەوە و دیسان خەوی لێدەکەوێتەوە.

کاردیلە لەرۆژدا سێ جار سەردانی دەکا. بەسوار گوێدرێژەکەی پەیدا دەبێت، دادەبەزێ، باری وڵاغەکەی دادەگرێ. لێغاوەکەی بەو ئاڵقەوە دەبەستێتەوە کە بە دیوارەکەوە داکوتراوە، دەچێتە نێو تەویلەکەو بەرەو کادینەکە وەسەر دەکەوێ.

سپینا ئاشنا بەتەواوی هەست و خووستەکانیەتی. کاردیلە تەنیا بۆ ئەوەندە کاتەی کە پێویست دەکا دەمێنێتەوە. کەم دەدوێ و زۆر زووش وەدوای کاری خۆی دەکەوێ. سپینا هەموو جارێکیش لێی دەپرسێ:

- دوکتور ساکا هیچ هەواڵێکی لێ نەبوو؟

- نا، بێ خەبەرە.

سپینا چاوەرێ دەمێنێتەوە. پەلەی نییە. دەلاقەیەکی گەورە بەسەر پەناگەکەیدا دەکرێتەوە کە لە کاتی خەرمان هەڵگەتنەوەدا هەرلەوێرا تفاقەکان لە کادینەکە دەکەن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەرچێ خۆی لە تارمایی سێبەری ژوورەکەدا حەشار داوە- بۆ ئەوەی کەس نەیبینێ- دەتوانێ هەر لەو دەلاقە ئاوەلایەوە روانگەیەکی بەرفراوان لە دیمەنی دەشت و مەزراکان ببینێ: گەنمە بەهارووەکان بەرەنگە سەوزەکانیەوە، کێلگەی پاقلاکان، رەزە ترێیەکان بە مێوە قولەبنەکانیانەوە دەبیندرێن و، لەلای خواروی روانگەکەشیەوە بەشێك لە شارێی نەتەوایەتیش دێتە بەر چاو. شەوێك کاروانێکی دوورو درێژی عارەبانە لەوێرا تێدەپەرێ: قافلەیەکی بێ پایان بە چرا فانووسەکانیانەوە کەلە ناوەندی تەگەرەی عارەبانەکانەوە هەلواسراون و، وا دیارە بەرەو بازار دەچن. سپینا خەوی لێدەکەوێ و لە خەونیا لەگەلیان تا بازار دەچێ. لە مابەینی دوو زیندەخەودا بە وردبینیەوە لەو دەلاقە گەورەوە سەیری دەوروتەنیشتی خۆی دەکا. گێرانەوەی ئەو هەستە سەیرەی کە لەودا سەری هەلداوە زۆر دژوارە، بەتایبەت سرووشتی بوونی ئەو ئامێرو کەرەسانەی کە لەوێ و، لەبەرچاویدا لەشوێنی خۆیانن و بەدەست لێنەدراوی ماونەتەوە، لەگەل روانگە زەینییەکانی پیاوێکی دەربەدەری وەك ئەو و، لەگەل دونیا خەیالییەکەیو، لەگەل دەشت و مەزرا خەیالییەکانی، کافوونە خەیالییەکانی کە هەر هەموویان لەدایك بووی سەردەمی تاراوگەن، ناتەباییەکی بەرچاویان هەیە کە پتر سەرنجی ئەو بەرەولای خۆیان رادەکێشن. ئێستا سپینا بۆ جارێکی تر بە یاداشتەکانی دەورانی تاراوگەیدا دەچێتەوە کە پێی وابووە بە شێوازی رێئالیزمی راستەقینە نووسراون ، بەلام ئێستا لەبەر چاوێدا بەرهەمێکی دەسکردو لاوەکین. سەری لەو راستییە ساکارە سوورماوە کە هەرئێسا بە چاوی خۆی دەیبینێ. مەزراکان لە بەرچاویدا راستەکین، گووندنشینەکان راستەکین و گوێدرێژەکانیش راستین. بەلێ، مەزرا سروشتییەکان و گووندنشینە سروشتییەکان و گوێدرێژە سروشتییەکان، ئەمانە ئەو شتانەن کە بەچاوی خۆی دەیبینێ نەك لەزەینداو لەخولیا گەرم و شیرینەکانیدا. ئەو دەبینێ کە لەشە ناسازەکەی خۆی بەشێوەیەکی گوونجاو لە تەنیشت شتە سروشتییەکانی دیکەدایە. وەك شتێك کە لە نێو شتەکانی دیکەدا و لە شوێنی راستەقینەی خۆیدا بێ. تەنانەت وەك شتێکی ناووکی یان بنەرەتیش نییە، بەلکوو وەك شتێکی سروشتییە لە مابەینی شتە سروشتییەکانی دیکەدا، جەستەیەکی زاتی و مەحدوود. ئەو لەشەی کە لە خاکەوە هەستاوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەشی سپینا لەوێندەر لەسەر کادا نووستووە. لەم لای کولێرەیەکە و لەولاشیەوە دەفرێکی شەرابە. ئەمە ناشتای نێوەرۆیەتی کە کاردیلە بۆی هێناوە. رەنگی کا زەردە و نان قاوەیی و شەراب سوور.

سپینا چەندانە دەفتەری قەدکراوی لە لای خۆی راگەتووە کە سەبارەت بە کار و باری کشت و کاڵ و بارو دۆخی جووتیاران تیۆریزە کراوە و بۆچوونەکانی تێدا یاداشت کردووە. ئەگەرچی هەرکات لەلایەن پۆلیسەوە دەست بە سەربکرێ، هەڵگرتنی ئەم دەفتەرانە لە خۆیدا جێی مەترسین و گرفتی بۆ دەنێنەوە، کەچی بەتەمای لەنێو بردنیشیان نییە. قەناعەتی وابووە کە رەنگە بۆ مەبەستێکی پێویست و گرینگتر بۆی بە سوود دەبن، بەتایبەت ئەگەر قەراربێ بۆ ماوەی چەند حەوتووان نسکۆیەك بکەوێتە سەر رێی چالاکییەکانی و ئەو لە تێکۆشانە بەردەوامەکەی راوەستێنێ. سپینا بەبێ سەرنجدان لاپەڕەکان هەڵدەداتەوەو بەیناو بەین چەند دێرێکیان لێدەخوێنێتەوە بەڵام لە بەردەوام بوونی خوێندنەوەکەیدا سەرکەوتوو نابێ. ئەم یاداشتانە ئێستا لەبەر چاویدا دەڵێی بەزمانی چینی نووسراون. ئەو هەمیشە لە حاست تیۆردا لە ناخیەوە هەستی بە بێزاری کردووە. ئەو بە مەبەستی کردەوە لە خۆپیشاندان گەڕاوەتەوە بۆ ئیتالیا نەك بیرکردنەوەو پێداچوونەوە.

دوکتور ساکا سەبارەت بە ڤیتامینەکان سەرچاوە ووزە بەخشەکانوتارێکی زانستیانەی بۆ کاردیلە شی کردوەتەوەو، هەر بۆیە کاردیلە بەو ئاکامە گێشتووە کە پێویستە خواردەمەنییەکانی سپینا زیاتر بکات. ئیتر لەو رۆژەوە دوو قات ژەمە نان و شەرابەی بۆ دێنێ. سپینا قەت مەی خۆر نەبووە بەڵام لەبەر ئەوەیکە مەیلی خواردن لە خۆیدا بەهێز بکا و تامی گوێ ماسیلکەو کەلەمی بریانی(سارلێروا)و (سێرین)ی لەبیر بچێتەوە، ئێستا ئیتر بە ئیشتیا شەراب دەخواتەوە. جار جارەش کاردیلە بە دزییەوە و بەبێ ئەوی دایکی هەست پێبکا، پەنیرو سۆسیسێونی سیرلێدراو و گۆشتی بەرازی بۆ لە ماڵێ دێنێ. ئەمە ئەو کاتانەیە کە سپینا شایی لە زگدا دەگەڕێ.

شەراب هەمیشە بۆ ماوەیەک سپینا بە سەرخۆشی رادەگرێ. رۆژێکیان کاردیلە بە نامەیەکەوە لەکن دوکتور ساکا دێتەوەو ئەمە لە حاڵێکایە کە سپینا لە چاو رۆژانی پێشوو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەکەیفترە، لەو نامەیەدا بە شێوەیەکی پێش گۆییانە قسە لەگەڵاڵەیەك دەکرێ کە گۆیا سپینا دەتوانێ بۆ ماوەی دوو سێ مانگان لە ئاواییەکی کوێستان نشیندا خۆی حەشاربدات تا ئەوکاتەی باری تەندرووستییەکەی بە تەواوی باشتر دەبێتەوە.

سپینا لەو دەم و دەستەدا لەچۆنیەتی ئەو پلانە هیچ هەڵناکرێنێ کە بە قەرارێك دەبێ لەماوەی چەند مانگەی خۆشاردنەکەیدا ئاسایشی ئەو دەستەبەر بکات، بەڵام دەتوانێ لەلای خۆی هەست بکا کە مەبەستی ساکا لە پەناگەیەکە کەنەك هەرخۆشە بەڵکوو بەرلە هەرشتێ ئەو بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکاو هەر بەم مەبەستە رازی بوونی خۆی دەردەبڕێ. بۆ رۆژی دواتر سپینا هێشتا لە خەوی پاش نوێژانی هەڵنەستاوە کە دوکتور ساکا دەمەو ئێوارێ پەیدا دەبێ. سپینا بەرەو تەویلەکە دادەگەڕێ، چرا گڕسۆزەکەی پەی دەکاو چاوی بە ئاواڵەکەی دەکەوێ کە لە پەنای بووغچەیەکی گەورە کە بەرگی قەشایەتی و کەل و پەلی رۆحانییەکانی تێدایە راوەستاوە. سپینا لەو حاڵەدا لە توانایدا نییە کە نارەحەتییەکەی خۆی لێ بشارێتەوەو دەڵێ:

- لەمێژ ساڵە کە خۆم لە کلیسە بە بێبەری زانیوە و دەبێ دان بەوەدابێنم کە لە بەرکردنی ئەم جل و بەرگە بە زەحمەت دەزانم. ئەم کارە سووکایەتی کردنە بەبیروباوەڕی خەڵك و لە ئاکاری من ناوەشێتەوە.

نونیزیۆ ساکا لەم وەسواسییەی ئەو خۆشحاڵە و دەڵێ:

- ئەگەر شارەزای رەوشتی بەرزی تۆ نەبام و وام بە زەین گێشتبا کە رەنگە تۆ کەڵکێکی خراپ و دوور لە ئەدەب لەم بەرگە وەربگری قەت ئەم پێشنیارەم نەدەکرد.

گۆرینی جل و بەرگ لە تەویلەدا، لەژێر تیشکی کزی چرا لامپاکەو لەبەر چاوی گوێدرێژو مانگاکاندا بەرێوە دەچێ. لەراستیدا مانگاکان سەر لەم دیمەنە دەرناکەن، چوونکە لە سەر عەرزی تەویلەکەدا پاڵ کەوتوون و چاو لێك دەنێن، یان رەنگە خۆ وا بنوێنن، بەڵام بەپێچەوانەوە گو ێدرێژەکە هەروا راوەستاوە و سەیر دەکا. وا دیارە تێرامانی گوێدرێژەکە دوکتور ساکا نارەحەت دەکا بۆیە سەری گوێدرێژەکە بەرەو لایەکی تر وەریدەسوورێنێ. گوێدرێژەکە پێمل دەبێ. بەڵام پاش ماوەیەکی دیکە دیسان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەردەسوورێنێتەوەو سەرلەنوێ لە نەهێنییەکانی ئەو پیاوە رادەمێنێ کە لە کادینەکە داگەڕاوەتە خوارێ و ئێستاش خەریکی لەبەرکردنی عەبایەکی رەش و درێژی قەشایەتییە کە پێشەڵەکەی بە زەنجیرەیەك قۆپچەی وردو چکۆلە رازاوەتەوە.

ساکا دەڵێ:

- بەرخ لە ترسان دەچێتە کەوڵی گورگەوە.

چاوەکانی سپینا لەسەر ئەو رووە تاوانگەزەوە ماقووڵییەکی منداڵانە بەخۆیەوە دەگرێ. ساکا بە جەفەنگەوە گووتارێکی رەمەکی لەمەر دیاری کردنی سپینا بە پلەی قەشایەتی بەم جۆرە دەخوێنێتەوە:

- (هەر بەو جۆرەی کە ئاگادارن ئەم بەرگە یادگاری رازو نەهێنییەکانی سەردەمی کەونارایە کە لە راهیبەکانی(ئیزیس و سراپیسەوە)(1) بەئێمە گێشتووە. سەرهەڵدانەکەی کۆمەڵەی (نەسارا) کە بەردەوام هەوڵیان دەدا لەحاست دزێوی و ناتەباییەکانی جیهاندا بەرگری لە رازو نەهێنییەکانی دونیای مەسیحییەت بکەن و سەروەری و مەزنایەتی سفەتی پاوەجێ بوون و مانەوەیان لەبەهای نەفسە زاتی و خواییەکانی ئەو کەمایەتییە بپارێزن کە لەدەرەوەی کۆمەڵگا و بەدژیان رادەپەرین، ئەم بەرگەیان بەئەمەگەوە هێناوەتە نێو کلیسەی کاتۆلیك. بەم چەشنە ئەم داب و نەریتانە بووە بە قەناعەتێک، کە بەردەوام بوون و مانەویان لەو چەرخ و زەمەنەش لەمێژینەترە کە ئەوانی تێدا پەروەردە ببوون و هەمیشە لە مەزەبێکەوە بۆ مەزەبێکی تر گواستراوەتەوەو نیشتەجێ کراوە. ئێستا تۆ، ئەی ئەوکەسەی کە وەك رازدار و ئەمین داری نەهێنییە نەوگەراو پێشرەوەکانی شۆڕش، بۆ رازو نەهێنییەکانی(مادە)(2) ئەو هێزەی کە لەحاڵی راپەریندایە، ناودێر کراوی. ئەوا تۆش هەر ئەو بەرگە رەشە دەپۆشی – لەو بەرگە رەشانەی کە لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە نوێنگەی فیداکاری و ئیلهامی میتافیزیك بووە...)

---

(1) **ئیزیس و سراپیس خێوە قەدیمییەکانی میسرن**

(2) **مادە، یا بەواتای ماتریالیستیانە سەیر بکرێ.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەچاوەكانی سپیناوە بزەیەك خۆ دەردەخا. نوینزیۆ لەدرێژەی وتارەكەیدا هەربەو راوێژوە دەڵێ:

- من تێناگەم لەبەرچی ئەو فەیلەسووفە ماتریالیستە شتێكی تایبەتی وەك ئەم بەرگەی بۆ ئەندامەكانی بزوتنەوەی نێو نەتەوەیی كرێكاران پێش بینی نەدەكرد و یان لانی كەم بریاری نەداوە كە هەموو ئەندامەكانی ئەو تاقمە ناوەندی سـەریان بتاشن بەڵكوو بەم چەشنە جیا بكرێنەوە لە فەرمانبەرە دەوڵەتییەكان و ئەمین دارە گشتییەكان و ئەو كەسانەی كە دەقە ئایینییەكان تاوتوێ دەكەن و هەروەها لەو كەسە ئاساییانەی كە تەنیا بە مەبەستی وەرگرتنی كارتی ئەندامیەت و حەقی ئەندامیەتیان روو لەوێ دەكەن.

كات تێپەر دەبێ. ساكا دەپرسێ:

- لەمە بەدواوە ناوت چییە؟

سپینا بیر دەكاتەوە و پاشان(سپادا) پێشنیار دەكا.

ساكا لەوڵامدا دەڵێ:

- زۆر باشە، لەمەبەدواوە ئێمە تۆ بەناوی (دۆن پائۆلۆ سپادا) بانگ دەكەین.

- بۆچی دۆن پائۆلۆ؟

- چوونكە ناوی پیترۆسپیناو پیترۆ سپادا زۆر لێك نێزیكن و لەباری ماناوە وەك یەك دەچن. بەم چەشنە تۆ ناوت دۆن پائۆلۆ سپادایە. خۆ لەیادی ناكەی؟ كڵاو و كتێبێكی دووعاو تەسبێحێك و پشتوێنێكیشم خستوەتە نێو جانتاكەت.

قەشە دەڵێ:

- زۆر باشە، ( Proce damusin pacc) پشتیوان بەخوا!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 3

(دۆن پائۆلۆ) بەسوار فایتوونێکی سەرئاوەڵا- لەوانەی(ڤیکتۆریا) کە هی (ئانیباڵ سۆفریتۆ)یە- کە ئەسپێکی قاوەیی و تۆخ رایدەکێشێ و، لە حاڵێکا لە نێو فایتوونەکەدا کز دانیشتووە، پێ دەشتی پان و بەرینی مەزراکانی (پالێنین) دەخاتە پشت سەرو بەرەو دەشتی (فۆچینۆ) دەبێتەوە.

ئێستا رێك یەك کاتژمێری تەواوە کە وێنەی فەلەکی (سووعبان) [1] بە زمانە دووسەرەکەیەوە، لە پشت کێوی (پارانسۆ) سەری وەدەرناوە. دەنگی چوارناڵەکی ئەسپەکە، لە سەر رێ، سەگەلی نێو تەویلەکان وەخەبەر دێنێ و سەوەڕ ئەو دەشتە دادەگرێ. لەپشت چەند پەنجەرەیەکەوە کە هێشتا چراکانیان نەکووژاوەتەوە، سەرەتاتکێیەکی کون پشکنیانە دەر دەکەوێن.

---

[1] **سووعبان، ئەژدەها، ماری گەورە= بەکۆمەڵە ئەستێرەیەک دەکوترێ کە لە ئاسماندا وێنەی ماری گەورە دەداتەوە(وەرگێڕ)**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەم چەشنە دۆن پائۆلۆ سپادا پاش دەساڵ غەریبی و دەربەدەری گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتێک کە لەوێدا لە دایك بووە و لەباوەشیدا بارهاتووە. بەلای چەپیەوە لە ئاسۆگی کێوەکانرا، قەڵافەتی قەندیل ئاسای کێوی(ڤیلینۆ) بەدووشاخەکانیەوە سەر دەردەکێشێ کە ئێستاش مەندیلی سپی بەفری فڕێ نەداوە. لە بناری کێوی ڤیلینۆ ئەو تەپۆڵکەو زیخەڵانانەی کە سێڵاو هێناونی و بەرەبەرە بەرەو دەشت دەخزێن، لەبەر چاوان نەدیو دەبن و لەبن ئەو سێبەرەی کە بەسەردەشتەکەدا کشاوە، یەك تەختی عەرزی دەبن. فایتوونەکە لە ئاوایی (ئاڤێتێزانۆ) تێدەپەڕێ ئەو شوێنەی کە کۆشك و خانووە هەوارییەکان لە قەراغ کۆخ و مووچەی جووتیارە هەژارەکان سەریان بەرز کردوەتەوە. پاش بیست ساڵ بەسەر بوومەلەرزەی ساڵی 1915 ئێستاش وێرانەی کاولاشی چەندین خانوو دەبیندرێن کە لەسەر کەلاوەکانیان گیا هەرزە رووان.

دۆن پائۆلۆ کە لە ژووری فایتوونەکەدا هەڵدە بەزێتەوە، کز دانیشتووە. بە لایەوە سەیرە کە چۆن توانیویەتی بەم هاسانییە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی و بەم هەموو ئاواییانە دا تێپەڕێت، بەبێ ئەوەی کەس بیناسێتەوەو مەترسی بۆ بخوڵقێنن.

(ئانییاڵ سوورچی) کە لەسەر جێگاکەی پاڵی داوەتەوە، لەسەرەخۆ سەبیلە دەکێشێ. بۆ بەرگرتن لە غاردانی ئەسپەکەی جگە لەوەی کە جارجار جڵەوی لێ بکێشێتەوە هیچ ئامێرێکی تری نییە. بۆ یەکەم جار سەر بۆ لای دۆن پائۆلۆ وەردەسوورێنێ و دەڵێ:

- وەستا(لیتییەریۆ) ناڵبەندی ئاکوافێرەدایە و بۆ ناڵ کردن یەك (لیرە)ی وەردەگرت. حەتمەن تێدەگەی کە مەبەستم لە ناڵی ئەسپە، منیش بەم عادەتە هەمیشە یەك لیرم دەدا. رۆژێکیان پێی وتم کە حەز دەکا لەباتیی‌یەک لیرە دوودانە هێلکەی بۆ ببەم، لای ئێمە واباوە کە بۆ هێلکە پرس بە ژنەکانمان بکەین. خێزانم ئەو پێشنیارەی پێ خراپ نەبوو و لەوە بەدواوە لە پێناو ناڵ کردنی ئەسپەکەم دوو هیلکەمان دەدا بە وەستا. دوێنێ لە سەر حسێبی جاران بەدوو هێلکەوە چوومەلای وەستای ناڵبەند. بەڵام وەستا لیبێرتۆ ووتی کە دەبێ لەم رۆوە سێ هێلکەی بۆ ببەم، چوونکە بەهۆی شەری تازە نرخی ناڵ بەرز بووەتەوە. ئەسپەکەی بۆ ناڵ کردم و چوومەوە لای خێزانم پێم ووت کە لەبەر شەری تازە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هێلکەیەکی پێ قەرزدار ماومەتەوە. خێزانم بە قاوو قیژەوە هاواری لێ بەرز بووەوەو ووتی ئەم قسانەم سەرناچێ. ئەمڕۆ دووجار ڕێم کەوتە بەر دووکانی وەستای ناڵبەندو هەردوو جارایش پێی ووتم : ئەرێ هێلکەکە چی لێ هاتەوە؟ مریشکەکەتان هەر هێلکەی نەکرد؟ لە وڵامدا ووتم: تاسبەینێ راوەستە، سبەینێ هەوا دەگۆرێ. ئەو پەڵە هەورە نابینی کە لەسەر پیچینیایە؟

کاتێ بۆ جاری دووهەم ئاینباڵ سەر وەردەسووڕێنێ تا بەڵکوو بۆچوونی قەشە لەم بارەیەوە وەربگرێ، سەیر دەکا قەشە خەوی لێ کەوتووە. فایتوونەکە دەگاتە سەر دوو رێیانێك. ئێستا بە قەرار دەبێ ئاینباڵ بۆ گێشتن بە (فووسادی مارسی ) لە کوێرەرێیەکانی فووچینۆ لابدات واتە ئەو گووندەی کە قەشە بەتەمایە شەو لەوێ بمێنێتەوە. دۆن پائۆلۆ بۆ ئەم لادانە پارەیەکی زیاتری داوە، چوونکە حەز دەکا خۆی لە جادە ئەسڵییەکە بواردبێ کە لە راستیدا نێزیك ترو راحەت ترە بەڵام مەترسی ئاشکرا بوونی زۆرەترە. ئەو لە پاساوی ئەم ریگا دوورو درێژەدا ووتوویەتی:

- من سەبارەت بە ئاوەدانی دەشتی فۆچینۆ و شێوازی مۆدێرنی کشت و کاڵ و قاناوە بەناوبانگەکانی تاریفێکی زۆرم بیستووە. بۆیە حەز دەکەم بەم رێگاییەدا بڕۆم ، ئەگەرچی کەمێ دوورتر و ئەستەمترە.

بەڵام ئێستا خەوی لێ کەوتووەو بەم جۆرە ئەو قاناوانەی کە تامەزرۆی دیتنیانی دەکرد لە خەوندا دەبینێ. ئانیباڵ لەم دەرفەتە کەڵك وەردەگرێ و لەکوێرە رێیەکە لانادات، جادەکە بە هەورازو نشیوەکانیەوە بەردەوامە. دۆن پائۆلۆ لەهەورازێکیان بە خەبەر دێتەوە. ئێستا ئیتر وێنەی فەلەکی(سووعبان)و (حبیە)(1) لەئاسماندا لە سەر دەشتی فۆچینۆ گێشتوونەتە یەك. قەشە ئاگادری لانەدانەکەی ئانیباڵ دەبێتەوەو دەپرسێ:

- ئەمە هەر ئەو رێگایەیە کە قەرارمان دانابوو؟

ئانیباڵ وڵام دەداتەوە:

---

(1) **حبیە=مارەکان = وێنەیەکی فەلەکییە کە لەئاسمانا دروست دەبن.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- سبەی هەوا دەگۆرێ.

- ئەم رێیە بە کوێرە رێیەکانی فووچینۆدا تێدەپەرێ؟

- ئەگەر سەرماتە دەنگ بکە.

دۆن پائۆلۆ بە گێرەوە دەپرسێ:

- خۆ هیچ جۆگەیەك دیار نییە؟

جۆگە ئاوێك لە تەپۆڵکەکەرا سەراولێژ دەبێتەوەو لەبن ئەو پردەی کە جادەکەی لێ دەپەرێتەوە بەخوور دێتە خوارێ.ئانیباڵ لە حاڵێکا بەئاماژەی دەست جۆگەکەی پیشان دەدات دەڵێ:

- ئەمەش جۆگە.

پاشان ئەمەش بەقسەکەیەوە زیاد دەکا:

- بەڵێ ناڵبەندەکەی ئاکوافێرەدا لەپێناو ناڵ کردنی هەر ئەسپێک سێ هێلکەی دەوێ، چوونکە لە بەرشەری تازە نرخی ناڵ بەرز بووەتەوە.

ئیتر دۆن پائۆلۆ خەوی لێ ناکەوێتەوە بەڵام گوێ بۆ قسەکانی سوورچیش راناگرێ. بێ دەنگییەك بەخێرایی خۆی بە سەریدا دەکێشێ کە لەو مەودایەدا بیرەوەرییەکانی منداڵی و سەردەمی لاویەتی ، یەکە یەکە بەدوای یەکدا دێنە بەر چاوی. جادەکە خاکی و ناهەموارەو، وادێتە بەرچاو کە فایتوونەکە هەم لەکات و هەم لە شوێندا دەجووڵێتەوەو لە هەستان و دابەزین دایە. دۆن پائۆلۆ پرد و رەزو جۆگەو لێرەوار و تەواوی ئەو شتانەی کە کۆن و لە مێژینەن و بەدەگمەن لە گەڵ نوێکارییەکان تێکەڵ دەبن، سەرلەنوێ هەر هەموویان دەناسێتەوە. لە سەر دوو رێیانێك، بەرلە گەیشتن بە(ئۆرتا) لە تاریکاییدا چایخانەی (ئاکوا سانتا) دەناسێتەوە. ژنە قاوەچی بە یارمەتی کیژەکەی کە ئێستا گەورە بووە خەریکی بردنەژوورەوەی ئەسکەملەو کورسییەکانن کە لە دەرەوەی چایخانەکەن. یانی کچی ئاکوا سانتا هێندە گەورە بووە! هەرگاوایە ئاکواسانتا دەبێ پیر بووبێ. دەدوازدە ساڵی دیکە ئەم کچەش کە ئێستا کچۆلەیەکە بە نۆبەی خۆی دەبێتە هەڵسوورێنەری ئەو چایخانەیەو جا ئەو دەم کچەکەی خۆی لە بردنەوەی کورسی و ئەسکەملەکاندا یارمەتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەدات. چەرخی زەمان هەر بەم شێوەیە هەڵ دەسووڕێ. تگەری فایتوونەکە لە بەینی بەردو کڵۆ کانی جادەکە دەچەقێت و بەدژواری دەسووڕێنەوە. بەڵام لەنەکاو لە سەر پێچێك، یەکەمین خانوەکانی گوندی ئۆرتا دەردەکەون. ئێستا لە ئاواییدا، فانووسی کارەباییان لەسەر درگای دووکانی چەرخ سازکردن هەڵواسیوە. ئێستا ئەمە ئەوگوندەیە کە ئەو لەوێدا لەدایك بووە.

دۆن پائۆلۆ چاوەکانی لەسەر یەك دادەنێ. دڵی بەرایی نادات چاوی بەهیچ شتێك بکەوێ. یەکەمین بوونەوەرێك کە ئاگاداری گێشتنە نێو دێی فایتوونەکە دەبێتەوە(نێرۆن) سەگی چەرخ سازەکەیە کە دۆن پائۆلۆ بەباشی دەیناسێتەوە.(نێرۆن) بەپێی عادەت دووسێ جاران دەوەڕێ، پاشان لە پشت دەرگای دووکانەکەدا گوێی زیت دەکاتەوەو رادەوەستێ. وەک لێ پرسینەوە، مرەمرێك دەکا. فایتوونەکە لەگەڵ تێپەرینی بە بەر دووکانەکەدا بە ئاسپایی خۆی لە دووکانەکە دەکوتێ. ئەو دەم نێرۆن نووزەیەکی درێژو گوێ کپ کەری لێ هەڵدەستێ.( فاڤێت) دێڵە سەگی کێشك چییەکەی باغی پشت کلیسا لە نێرۆن دەپرسێ(چ باسە؟) نێرۆن بە توورەییەوە وڵام دەداتەوە: (چۆن چ باسە؟ مەگەر نابیسی چ باسە؟) (فا ڤێت) لەوێندەر لە پشت کلیساوە تێناگات چ باسەو دیسان دەپرسێتەوە.(دەی چ باسە، چ باسە؟) ئەو کات نێرۆن بە قەڵسی و غەزەبەوە، سێ کەرەت، چوارجار، هەربەو ئاهەنگەوە دەلوورێنێ، واتە: ( مەگەر نابیسی چ باسە ، نابیسی چ باسە؟) ئێستا فایتوونەکە لە مەیدانی ئاوایی تێپەڕ دەبێ. ئەو دەم فاڤێتیش وەك شێتان دەست دەکا بە لوورە لوور و نووزە نووز و توڵە سەگەکانی خۆی کە لە لانەکەیاندا نووستوون وەخەبەر دێنێ. لەگەڵ توڵەکانی دەست دەکەن بە هەڵبەز دابەزو هۆمەن بۆ دیواری باغەکە دەبەن و تا دواپشوو ، دەوەڕن. توڵە خەواڵووەکانیش وێرای دایکیان دەقروسکێنەوە: ( چ باسە؟ چ باسە؟)و دایکیان بەتوورەییەوە وڵام دەداتەوە: (چۆن چ باسە؟ بۆ نابیسن چ باسە ؟) ئەودەم تەواوی سەگەکانی دەوروبەر وەدەنگ دێن (شێرە) سەگی شوان، سەگەکانی دیکەی کە لە دەوروبەری ئاشەکەدا کەوتوون، واتە ئەو سەگانەی کە لە بەر دەرگای باڵاخانەی داییرەی رێگاوباندا بەستراونەتەوەو سەگی گاریچییەکان کە نیگابانی تەویلەکانن وەخەبەر دێنێ. (

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کالون) کە سەگورگە، بە دەنگە زلەکەیەوە سەگەلی هەوارچییەکانی هەژاندووە کە لە سەرتەپۆلکەکانن واتە سەگی راو و تۆلە فەرەنگییەکانی خاتوونە نازدارەکان.

دۆن پائۆلۆ هەروا چاوەکانی لەسەر یەك داناوە. ئێستا ئیتر سی چل سەگ لە چوار دەوری ئاوایپرا دەلالێنەوەو دەوەڕێن و دەلووریێنەوە. فایتوونەکە لە دوایین ماڵەکانی ئۆرتاش تێپەریووە بەڵام سەوەڕ هەروا بەردەوامە. پاشان یەك لەدوای یەك، وردە وردە بێدەنگ دەبنەوە. کالوون لە هەمووان سامەڕستوورترە. کاتێ کالونیش بێدەنگ دەبێ دۆن پائۆلۆ سەرلەنوێ چاوەکانی دەکاتەوە. فایتوونەکە بەبەردەمی حەوزێك لە نێزیك کۆلە ئاوێکی گەورەدا رادەبرێ کە تایبەتە بەو چوارپێ و وڵاغانەی کە لە دەشت رادەگەڕێنەوە. لە سەر حەوزی ئافۆرەکەدا تابلۆیەکی زەرد وەبەر چاو دەکەوێ کە ئەم وشانەی لە سەر نووسراوە: "بە هیمەتی بنە ماڵەی سپینا دروست کراوە".

دۆن پائۆلۆ بە فایتوونچییەکە دەڵێ:

- رای گرە. تینوومە!

لەفایتوونەکە دادەبەزێ، بە لەپە دەستەکانی چۆرێ ئاو هەڵدەگرێ و دەیخواتەوە. بە دەستە تەڕەکانی نێو چاوانی فێنك دەکاتەوە کە لە بەر تا گەرم داهاتووە. ئیتر لەمە بەدواوە جادەکە ناهەموار نییە و ئەسپەکە دەتوانێ چوارناڵ غاربدا، ئەو جار دۆن پائۆلۆ پشت لە ئەسپەکە دادەنیشێ و سەیری دوایین چراکانی ئاواییەکەیان دەکا. هێشتا دەدوازدە پەنجەرە رووناکن، کە لەو ئەنگووستە چاوەی ئەم شەوەدا بە پرژوبڵاو ی دەبیندرێن و بەرە بەرە بەشێوەیەکی نارێك یەك لەدوای یەکدا دەکوژێنەوە. یەکیان لەسەر تەپۆلکەکە دەکووژێتەوەو یەکی تر لە لای خوارووی ئاشەکە و یەکی تر لە کن چۆمەکە، بەدوای ئەویشدا یەکی تر لە گۆڕستان. دیسان بۆ جارێکی دیکە چرایەکی تر لەسەر تەپۆلکەکە دەکووژێتەوە. پاشان یەکی تر لەلای گۆرستانەوە و سەرئەنجام دوایین چرایان هەر لەلای گۆرستانەوە دەکوژرێتەوە. ئێستا ئیتر جگە لە سێ پەنجەرە نەبێ، چرای دیکە داناگرسێ، چوونکوو درەنگە و رەنگە ئەوانەش پەنجەرەی هۆدەی نەخۆشەکان بن. دۆن پائۆلۆ هەر کۆڵان و باغ و هەر پەنجەرەیەك کەببینێ دەیناسێتەوە. فایتوونەکە بەلای کانگای کاولی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(پۆزۆلان)(1) دا تێدەپەڕێ کەرۆژێ لە ڕۆژان هی باوکی بوو و، ئەو سەردەمەی کە ئەو منداڵ بوو لەگەڵ منداڵی کرێکارەکان یاری قەراقەرایان لێ دەکرد. لە قەراغ جادەکە، لەسەر تەپۆڵکەیەك ، ڕەزەترێکەی(خۆ)ی دەناسێتەوە کەتەنیا میراتێکە کە لە بابی بەجێماوە. دار هەنجیرەکان هەروا لە شوێنی خۆیانن بەڵام کەس نازانێ دارگیلاس و دارگوێزەکان چییان لێ هاتووە. وەك دەڵێن مامی کە باغەوان و پارێزەری ئەو ڕەزە بووە ئەو دارانەی بریوەتەوە. فرمێسك چاوانی دۆن پائۆلۆ دادەگرێ، کەچی لەناکاو شنەی شەو با بەرەو ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە. با هەڵدەکـــــــــاو ڕووەو ڕۆژهەڵات دەشـــــنێ. بەلای ڕۆژهەڵاتەوە ژاوەژاوێك دەکەوێتە نێو دارەکانەوە. مانگ دەردەکەوێ، دۆن پائۆلۆ سەر دادەخاو خەوی لێ دەکەوێ. ئانیباڵ لە پێش دەرگای میوانخانەی (تۆرێنسێل) لەگوندی(فۆسادی مارسی) دۆن پائۆلۆ لە خەو هەڵدەستێنێ. ئانیباڵ بەر لەگەڕانەوەی لەقەشە دەپرسێ:

- مام قەشە، زەحمەت نەبێ دەکرێ ڕاسپاردە نامەیەکم بۆ بنووسی؟

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- ڕاسپاردە بۆ کێ و لەبەرچی؟

ئاینباڵ ساتێك بەبیردا دەچێتەوەو پاشان دەڵێ:

- لەم دەم و دەستەدا ناتوانم عەرزتان بکەم، بەڵام ڕۆژی خۆی هەر بەکارم دێ، ئێوە دەتوانن ڕاسپاردە نامەیەکی پووخت و پاراوم بۆ بنووسی کە بۆ هەموو شتێ بەکار بێت ؟

قەشە دەڵێ:

- ئاخر، خۆ من تۆ ناناسم!

ئاینباڵ کە سەرلەنوێ ڕێگای ئاکوافێرەدا دەگرێتە بەر دەڵێ:

- زۆر باشە، شەوتان باش !

---

(1) **پۆزۆلان=خۆڵەمێشێکی گرکانە، لە لەگوندی (پۆزۆلی )لە نێزیکی (ناپڵ) وەدەست دەکەوێَو پتر لە بەرهەم هێنانی چیمەنتۆی (ئیدرۆلیک)دا بەکار دەهێندرێَ.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ بەزەحمەت تا هۆدەکەی خۆی سەردەکەوێ و لە بەر هیلاکی و شەکەتی دیسان خەوی لێ دەکەوێتەوە.

بۆ سبەینێ بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستێ بەڵام لەبەر لەش گرانیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەبن لیفەدا دەمێنێتەوە.

دوکتور ساکا بەرنامە و دەستوورێکی تایپ کراوی پێداوە کە بەم جۆرە نووسراوە: (قەشەیەك لە دەرەوەی هەرێمی قەشەنشینی خۆیدا دەبێ چۆن هەڵس و کەوت بکا). دۆن پائۆلۆ سپادا لە قەشەکانی قەشەنشینی(فراسکاتییە) و ئێستا دەیهەوێ بۆ پشوودان لە هەوارەگوندی پیتراسکا بمێنێتەوە کە سەر بە هەرێمی قەشەکانی (مارسی)یە، بە مەبەستی چاک بوونەوەی باری لەش ساغییەکەی. لە بەرنامە تایپ کراوەکەدا ئەو گیروگرفتانەی کە رەنگە بکەوێتە بەر دەمی و شێوەی بەرەو رووبوونەوەو سەرکەوتن بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا، هەر هەمووی پێش بینی کراون. دۆن پائۆلۆ دەیانخوێنێتەوەو دیسان دەخوێنێتەوە. چوونکوو ئەو گاریچییەی کە قەرارە لەدوا ی بێ و ئەو لەگەڵ خۆی ببا بۆ پیتراسکا، تا دوانیوەرۆ پەیدا نابێت. دۆن پائۆلۆ ئەو پێش نیوەڕۆیە لە ژوورەکەی نایەتە دەر. بە خۆشحاڵییەوە دەبینێ کە ئەم هۆدەیە دەستشۆرییەکیشی تێدایە کە ئاوێکی رەوانی پێدا دێتە خوارێ. پاش مانەوەی ماوەیەکی زۆر لە کادێن دا، دەست شۆرییەك بە ئاوی رەوانەوە دەبێتە هۆی کەیف خۆش بوونی. لەوەش دەرچێ، ئەو دەست شۆرییە نیشانەیەکە بۆ گەشە سەندن و پێش کەوتنی ناوچەکەی. لەسەر دەست شۆرییەکە بە خەتێکی گەورەو جوان ئاگادارییەك وەبەرچاو دەکەوێ کە نووسراوە:

( داوا لە مسافرە بەرێزەکان دەکەین پاك و خاوێنی بپارێزن و لەم شوێنەدا میز نەکەن، چوونکە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بۆگەنەکەی)

بەم حاڵەش هێشتا دەست شۆرییەکە هەر بۆچەکی میزی لێ هەڵدەستێ.

دۆن پائۆلۆ لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکا. بەر لەوەی لە ئاکوافێرەدا دەربچێ قژی سەری زۆر کورت کردوەتەوە. ئێستا بەم عەبا رەش و قژە تاشراویەوە سەرو تەرحێکی هێندە دێزی هەیە کە وەختە پێکەنینی بەخۆیدا بێتەوە. عەباکەی بیست و هەشت قۆپچەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەیە. هەرکات دۆن پائۆلۆ بیهەوێ عەباکەی داکەنێ یان لەبەری بکاتەوە دەبێ ئەم قۆپچانە یەک بە یەک بکاتەوە یان بیانبەستێتەوە و ئەم مەسەلەیەش تووشی غەمێکی گەورەی دەکات. پاشان سەیردەکا کە هەر ئەوەندە بەستە دوگمەکانی لە گەردنیەوە تا سەر کەمەری بکاتەوەو پاشان عباکەی داکێشێ یان بەسەر خۆیدا هەڵی کێشێت، تا بەم چەشنە ئەم بارە گرانەی لە کۆڵ بێتەوە. هەرچەند ئەم جوورە بەرگ گۆڕینە تایبەت بە ئافرەتانە و وە پێکەنینی دەخات، کەچی بەو حاڵەش تووشی گرفتێکی دیکەش دەبێتەوە. چوونکە هەرکات بیهەوێ شتێ لەگیرفانی پانتۆڵەکەی دەربێنێ ناچار دەبێ عەباکەی هەڵبداتەوە. ئایا ئەم کارە لەبەرچاوی خەڵکی شتێکی ناحەز نابێ؟ بەڵام پاشان، لەحاست گیرفانی پانتۆڵەکەی قەڵشتێك لەعەباکەی دا دەبینێتەوە کە دەست بردن بۆ گیرفانەکەی ئاسان تر دەکاتەوە. ئەم دۆزینەوەیە ئەو خۆشحاڵ دەکا. تەنانەت بەو قەناعەتە دەگا کە پیشەی قەشایەتی هەر چۆنێکیش بێ هێندەش دژوار نییە.

لە کاتێ ناشتای نیوەڕۆ دۆن پائۆلۆ لەگەڵ خاوەن میوانخانەکەدا کە بێوەژنێکە بەناوی(بێرە نیچەجیراسوولە) ئاشنا دەبێ.

دیوارەکانی ژووری ژەم کردن بە شێوەیەکی تایبەتی رازاوەتەوە بە کاغزی رەنگاو رەنگی گۆڤارێکی بەناوبانگ کە حەوتووانە دەردەچێ. وێنەکانی لەباری دیمەنەکانیەوە زەوق هێنەرن: لە شوێنێك دا وێنەی کچی (ســــــووزەن وانی )(1) هێڵی ئاسن کێشراوەتەوە کە خەریکی نەجات دانی شەمەندەفەرێکە کە هێندەی نەماوە لەسەر رێ هەڵدێردرێ. لەجێیەکی تر وێنەی فڕۆکەیەکە کە هەڵۆیەک هیرشی بۆ دەبات، لەشوێنێکی دیکەش وێنەی قەفەسێکی باغچەی درەندەکان پیشان دەدات کە شکاوە و لە ناوەندی شاردا درەندەکان پەلاماری خەڵکی نێو شەقامەکان دەدەن.

---

(1) **سووزەن وان= فەرمانبەرێکە لەهێڵی ئاسندا نیش دەکاو ئەرکەکەشی ئەوەیە کە بەر لە گێشتنی شەمەندەفەرەکان، هێڵە ئاسنەکان لەسەر دوورێیانەکانەوە دەبەستێ یان پێکیانەوە دەنووسێنێ.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خاتوو بێرەنیچە لە سەر مێزی قەشە دادەنیشێ تا سەبارەت بە بەدبەختییەکانی دەردە دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ. هەرکە بێرەنیچە قسەکانی بادەداتەوە بەرەو ئەو بابەتانەی کە پێوەندی بە کلیساوە هەیە، دۆن پائۆلۆ وەنێو قسەکانی دەکەوێ و دەڵێ:

- زۆر بەداخم، من سەر بەم قەشە نشینە نیم. لە فراسکاتیرا هاتووم و بەس بۆ حەسانەوەو پشوودان لێرە دەمێنمەوە.

بیرەنیچە بەنارەحەتییەوە بێ دەنگ دەبێ.

ئاسمان ساماڵەو دۆن پائۆلۆ لەسەر ئەسکەملەیەك لەدەرەوە دادەنیشێ کە لە بەردەمی میوانخانەکەدایە. پێنج شەش لاوی قۆز و ژیکەڵە، شەبکە بەسەرو سیگارێکی کووژاوە بەلێویانەوە لە بەر دەمی چاخانەیەک دانیشتوون و، نیوەی دووگمەی شەڵوارەکانیان کراونەتەوە و وەنەوز لێدەدەن، هەر دەڵێی زیندووش نین. بەرامبەر ئەوان لەپشت مێزێکی دیکە چەندلاوی بێکار قوماری پەڕان دەکەن و بەڵغەمەکانیان وەکوو پەپوولەی زەرد لە هەرلایەکەوە بەسەر خاك و خۆڵ دا دە فرێن. زۆربەیان نیشانی حیزبی دەسەڵاتداریان بەدوگمەی سەرینگیانەوە هەڵواسیوە. لەنێو ئەو لاوانەدا پیاوێکی گەڕاوەتر بە هەیبەتێکەوە کە وەك ئەکتەرە لێ کەوتووەکان دەچێ، بەسمێڵە قیتەکەیەوە کە بەرەو حەواوە بادراونەتەوەو وریشی بەر چەناگەی کەوەك بزن شۆڕ بووەتەوە، شەپکەیەکی پان لە سەر و، لەگەڵ لاوەکاندا خەریکی قوماری پەڕانەو جار ناجاریش قاوەکەی سەردەکێشێ و بە مڵچە مڵچ لێوەکانی دەلێسێتەوە. هەرکە چاوی بەقەشەی بێگانە دەکەوێ، بۆ دەرباز بوون لە چاوەزار روو لە وانی دیکە دەکاو دەڵێ: ئاسن: ئاسن(1)

ئەو کوڕانەی کە پەیتا پەیتا وەنەوز دەدەنەوە رادەتڵکێن. بەهەڵەڕاوییەوە لەدوای شتێکی ئاسنی دەگەڕێن. ئەوانەش کە هیچیان دەست نەکەوتووە دەست لەگیرفانیان دەخەن. دۆن پائۆلۆ کە ئاشنا بەم داب و نەریتەیە، وەختابوو لە حیبەتان جنێوێکیان پێدات بەڵام بێ

(1) لەگوندە کابۆلیک نشینەکانی ئۆروپا. قەشە بەپێ‌َ قەدەم رەش دەزانن و واباوە کە هەرکات چاویان بەقەشەیێک دەکەوێ‌َ بۆ چاوەزار دەڵێن ئاسن ئاسن: واتە بەشتیَ لەئاسن دەکوتن.

دەنگ بوون بەباشتر دەزانێ. بەتایبەت کە پەرچەکرداری ئەولاوانە ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە ئەو قەشەیەکی تەواوەو هیچ عەیبێکی تێدا نییە.

بەرەو رووی میوانخانەکە مەیدانێکی چکۆلەیە. لەلای خوارەوەی مەیدانەکە، کە باڵاخانەی حیزبی دەسەڵاتداری لێیە، لەسەر بانەکەی ئاڵایەك هەڵواسراوەو هەروەها بەولاتریشەوە هۆڵی شارەوانییە کە بەوێنەیەکی مسی گەورە لە (هامبێر شا) رازاوەتەوە. لەقووژبنێکی مەیدانەکەدا دووکانێکی بەزازی لێیە کە لە بەردەمی دووکانەکەیدا تۆپێ قووماشی کەتان و چارۆکەی گەورەی ژنانە بە رەنگی تۆخ و زەق بڵاو کردوەتەوە. قووماش فرۆش لەبەر دەرگای دووکانەکەیدا دانیشتووەو سمێڵە قیتەکانی وەك شاخەگا هەڵداوەتەوە. مێش گەمارۆی داوەو جار ناجار وەك گـــا دەنگێکـــــی بۆرێ لێ هەڵدەستێ و تفێك هەڵدەدا کە دەهاتە ناوەندی مەیدانەکە. رووکاری ئەو خانووانەی کە بەسەر مەیدانەکەدا دەڕوانن بەرەنگی مەڕ مەڕ رەنگ کراون. هێندێ نووسراوە وەك بانگەشە بۆ کارزانی و وەستایەتی مۆتۆرسوارە بەناوبانگەکان بە سیمی تەلەگرافەکاندا هەڵواسراون. پۆلە سواڵکەرێکی چڵکن هەرکە لە بوونی قەشە ئاگادار دەکرێنەوە، بەمەیدانەکەدا بڵاودەبنەوەو پۆلە مێشێکیـــــــــش بەویزە ویز بەدوویاندادێن. سواڵکەرێکی پەك کەوتە کە زۆر بەزەحمەت و بە یارمەتی شەقەکانی بەرێدا دەڕوا، بەناوی تەواوی پیاو چاکانەوە سواڵ وەدەگرێ.

دۆن پائۆلۆ دەگەڕێتەوە نێو میوانخانەکە. بیرەنیچە خۆی لێ نێزیك دەکاتەوەو غیرەتێك دەداتە بەر خۆی و دەڵێ:

- دیارە کە ئێوە پیاوێکی زۆر باشن. لێرە کچێکی لێیە کەوەختە گیانی دەرچێ...

دیسان دۆن پائۆلۆ وەنێو قسەکانی دەکەوێ و دەڵێ:

- بەداخەوە، من سەربە ئەم قەشە نشینە نیم.

ئیتر بیرەنیچە لەتوانایدا نامێنێ کە بەربەگریان و نووکە نووکەکەی بگرێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- لانی کەم ڕێگەم بدەن بەسەرهاتەکەتان بۆبگێرمەوە. ئەو کچە بەستەزمانە حەزناکا قەشەی ئەم ناوچەیە بێتە سەرە مەرگی چوونکە خزمایەتییان هەیە. پێم ووت قەشەیەکی بێگانەی لێیە کە لە ڕێیەکی دوورەوە هاتووەو ئەورازی بووە کە ئێوە بچنە بان سەری.

دۆن پائۆلۆ دیسان دەڵێ:

- بەداخەوە، من ئەندامی ئەم قەشەنشینە نیم.

بێرەنێچە بەشیوەنەوە سەر رادەوەشێنێ:

خوا هەڵدەگرێ کچێکی چارە ڕەش بەوحاڵ وەزعەوە بەبێ قەشەو بێ دوکتور بەرەڵای بکرێ تا رۆحی دەردەچێ. ئەگەر ئەسپێك لەحاڵی مردندا بێ لەدوای تیمارگەرێك دەنێرن و دراوسێکان بەهانایەوە دێن.

دۆن پائۆلۆ بەسوورمانەوە دەپرسێ:

- لەبەرچی بێ دکتور؟

بیرەنیچە لەوە دەترسێ کە نەکا زیادە لەوەی کە دەبێ نەیڵێ، زۆر بڵیی کردبێ. چاوێك بەدەورو بەریدا دەگێرێ و پاشان بەترسەوە دەپرسێ:

- ئایا دەتوانم بابەتێکی نەهێنی لای ئێوە بدرکێنم؟

دۆن پائۆلۆ بەئاماژەی سەر وڵامی دەداتەوە.

بێرەنێچە بە قوڵپی گریانەوە هێدی هێدی دەست دەکا بەگێرانەوەی بەسەرهاتەکە:

- ئەو کچەتیوە مێردی نییە. قوڕی بەسەر خۆیدا کردووەو ڕوو ڕەش کراوە. لەبەر ئەوەیکە ئابڕووی نەچێ و حەیای بنە ماڵەکەی نەبا دەیەوێ زۆڵەکەی فڕێ بدات. یاسا ڕێگەی پێ نادات و ئەگەر دوکتور یان مامانێك و یان هەرکەسێکی دیکە بیهەوێ یارمەتی بەو جۆرە ئافرەتانە بگەیەنن، دەیانگرن و زیندانیان بەسەردا دەبڕنەوە.نموونەی ئەو کارانە زۆرن کە هەموویان لە زیندان کردوون. ئەگەر ڕۆژنامەکان بخوێننەوە بۆتان دەردەکەوێ. هێندێ کەس لەوە خراپتریشیان لێ بەسەر هاتووە. کچی مەحزەرداری (فووسا) کە زگی چوارمانگە بوو ئاوی(ژاڤۆلی) خواردەوە. کچێکی دیکەش کە قەرەواشی مووختاری گەڕەك بوو ڕۆشت بۆ(تیڤۆلی) تا لە ئاوهەڵدێرەکەی ئەوێ خۆی هەڵدێرێ. ئەم کچە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێچارەیەی کە ئێستا بۆم باس کردی هەوڵ دەدات خۆی خەلاس بکات. بێجگە لەم دووڕێگایە چارەیەکی دیکەی نییە کە لەنیوان ئابروچوون و مەترسی مردن دا یەکیان هەڵبژیرێ. ئەو مەرگی هەڵبژاردووە و ئێستەلەگیانەڵلادایە. ناتوانین دوکتوری بۆ بانگ بکەین لەبەر ئەوەیکە دوکتۆر دەبێ فایلی بۆ بـکاتەوەو نەهێنێکەی لێ ئاشکرا دەبێ. حەزیش ناکات لەدوای قەشەی ئێرەبنێرین چوونکە خزمایەتی لەگەڵدا هەیە. دیارە ئەو تاوانی کردووە بەڵام خۆ لێبووردن هەموو جۆرە کەسێك دەگرێتەوە. مەسیح لەمەڕ تەواوی عالەم بەخاچەوە گیانی بەخشی.

دۆن پائۆلۆ لەحەیبەتان وڕومات بووە. بێرەنیچە بە ئاماژەیەك تێیدەگەیەنێ کە بەدوایدا بچێ تا قسەیەکی تری بۆبگێڕێتەوە. دۆن پائۆلۆ دیسان وەدوای دەکەوێ. بەدوایدا دەچێتە قاتی دووهەم. بێرەنیچە وەژوور دەکەوێ. دیسان دۆن پائۆلۆ بەدوایدا دەچێ. هۆدەیەکی نیوەتاریکەو بۆنی سایلۆن دەدا. لە قوژبنێك، لەژێر خاچێکی گەورە، قەرەوێڵەیەکی ئاسن دانراوە.

بێرەنیچە بەئاسپایی بانگی لێ دەکا: (بیان کینا)

- شتێك لەنێو قەرەوێڵەکەدا دەجوولێتەوە. لە بن پرچێکی رەشدا کە بەسەر سەرینەکەیدا پەریشان بووە سەروچاوێکی رەزاشیرین و منداڵانە وەك مانگە شەو دەردەکەوێ، کە لە تاو دەردوژان تێکشکاوە. دۆن پائۆلۆ هەست بە چوونە دەری بێرەنیچە دەکا.

وڕومات لەبەر دەرگاکەدا دەمێنێتەوەو نازانێ چی بکا. ماوەیەك هەربەم جۆرە تێدەپەڕێ. وای بەبیردادێ کە بەدزیەوە و لەسەر پەنجەی پێ لە دەرگاکەوە دەربچێ بەڵام چاوە دەرپەریوەکانی ئەو کچۆڵەیە کە لە حاڵی سەرەمەرگدایە، نیگەرانن. ئەگەر دۆن پائۆلۆ بڕوا و نەخۆشەکە هات و هاوار بکا، چی دەبێ؟ چۆن دەتوانێ نەخۆشێك لەو حاڵەدا تێبگەیەنێت کە ئەم پیاوە قەشەیەکی بەراستی نییە؟ لەلایەکی دیکەشەوە مل دان بە یارییەکی منداڵانەو ناحەزیش لەو ناوەشێتەوەو سووکایەتی کردنە. دۆن پائۆلۆ بێ جووڵە رادەوەستێ و نازانێ چی بکات. لە رێنوێنییەکانی دوکتور ساکادا شتێکی وا پێش بینی نەکراوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناسازی بێچارە بە چاوە دەرپەریوەکانیەوە لەقەشە راماوە. ئەوجار دۆن پائۆلۆ سڵاوی لێ دەکا، بەهێواشی و لەسەرپەنجەی پێ لێی دەچێتە پێشەوە. بەسەرکچەکەدا کۆم دەبێتەوە، دەستی لەنێو دەستی خۆی دەگرێ و ماچی دەکا. لە چاوەکانی ئەو کیژۆڵەیەدا فرمێسك مۆڵ دەخۆنەوە. مەلافەیەکی تەنك، ئەندامەلاوازەکەی داپۆشیوە. قەشە پێی دەڵێ:

- رۆڵە گیان، ئازیزەکەم ، من ئاگاداری هەموو شتێکم. تکایە هیچم بۆ باس مەکە. تکات لێدەکەم لەوە زیاتر شەرم و شوورەیی وەبەرخۆت مەدە و برینەکەت مەکولێنەوە. پێویست ناکا دان بەگوناحاکانتدا بێنی. پێشتر ئیقراریان لێ وەرگرتووی.

ئەوجا رناسازەکە دەپرسێ:

- کەوابوو ئیوە لەتاوانەکەم خۆش دەبن؟

قەشەدەڵی:

- بەڵێ ، رۆڵە گیان، تۆ بووراوی. چۆن دەتوانم لێت خۆش نەبم. تۆ سزای تاوانی خۆت داوەو ئەم سزایەش زۆر بەگران بۆ تۆ تەواو بووە.

دۆن پائۆلۆ دەستی کیژۆڵەکە دەگرێتە نێو دەستی. هەردووکیان دەستیان گەرمە. کچەکە دەپرسێ:

- وادیارە ئێوەش تا و لەرزتان هەیە. چما تۆش نەخۆشی؟

دۆن پائۆلۆ بەئاماژەی سەر وڵام دەداتەوەو بەبزەیەکەوە دەڵێ:

- منیش سزای گووناحەکانم دەدەمەوە.

دەنگی ماگاشیای گاریچی لە کۆڵانەکەرا بەرز بووەتەوە کە دەڵێ:

- دەی کوا ئەو قەشەیەی کە بەتەمایە بچێتە پیتراسکا؟

دۆن پائۆلۆ بەکیژەکە دەڵێ:

- ئیتر دەبێ من برۆم. ئیتر مەترسە، تۆ بووراویت. بەڵام لێ بووردن بۆ ئەو کۆمەڵگا پەست چەپەڵە نییە کە تۆی ناچار کردووە لە نێوان مەرگ و بێ ئابروییدا یەکیان هەڵبژێری.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ماگاشیای بەساڵدا چوو لەبەردەم میوانخانەکە دانیشتووە. پێشتر بەشە سووپی خۆی خواردووەو ئێستا واخەریکە نانەکەی لەشەرابدا دەخووسێنێ. پیاوێکی ریشن و باڵا بەرزو بەهەیبەتە. لەباتی باسکی چەپی کە بردراوە، قۆڵی کەواکەی بەشانیەوە شۆڕبووەتەوە. ئەو جێی خۆی دەدا بەقەشە و، گارییەکەی کە دوو تگەرەیە و بە ماکەرێکەوە بەستراوەتەوە هێواش هێواش وەرێ دەکەوێ. قەشە دەپرسێ:

- لەمێژە ئەو باسکەتان براوە؟

ماگاشیا لە وڵامدا دەڵێ:

- دووساڵ لەمەو بەر لە (شاندێلۆر) بریانەوە. ئاخ وناڵە بەکاری چی دێ؟ بەرە لەلای تەنکاییەوە دەدرێت.

ماگاشیا جڵەوی وڵاغەکەی لە ئاڵقەیەك دەخاو سەبیلەکەی دادەگریسینێ و لەروون کردنەوەی کارەکەیدا دەڵێ:

- ئیتر پێویست بە ڕاگرتنی جڵەوەکەی ناکات. بۆ دەساڵ دەچێ کە ئەم ماکەرە حەوتووی جارێك ئەم رێگایەی کەوتووتە بەر و باکم نییە کە لارێ بڕوات. تەنانەت فێربووە کە بۆ ئاو خواردنەوە و میز کردنیش لە کوێ راوەستێ و کەی هەورازو لێژاییەکان دێنە بەر رێی.

ماگاشیا کڵاوێکی تازەی لە فووسا کڕیوە و کڵاوە کۆنەکەی لە بەرگی کڵاوە تازەکەي دووریوتەوە و کردوویەتە سەر. پێشتر کڵاوەکەی قیتاوقیت لەسەر دەکرد پاشان وەك سەربازێك لە سەر گوێی دادەناو پاشان لە سەر گوێیەکەی دیکەی. بەڵام ئێستا لێی ماندوو بووە و گویی پێنادات. ماکەرە لاوازو بەستەزمانەکەی پیشانی قەشە دەدات کە گارییەکە رادەکێشێ و، دەڵێ:

- ئەم وڵاغە ناوی (بافرەیە)(1). بافرە یانی وەك با دەفڕێ، بەڵام ئێستا پیر بووە. بۆیە بەهێواشی دەروات.

---

(1) ***bersagliera*** **لەزمانی ئیتالیا یانی توندرەو کە بەفارسی کراوەتە (بادپا)**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەشە دەڵێ:

- ئێمەش، هەموومان پیر دەبین.

ماگاشیا دەڵێ:

- دیسان هەزار غۆزگەم بە کەر. گوێدرێژ تا تەمەنی بیست ساڵ ئیش دەکا. ئێستر تا بیست ودوو ساڵ و ئەسپیش تا تەمەنی پازدەساڵان، بەڵام مرۆڤ دەبێ تاتەمەنی حەفتا ساڵ و بگرە پتریش ئیش بکا. خوا روحمی بەم بەستەزمانە کردووە بەڵام بەزەیی بە مرۆڤا نایەت. دەسـەڵاتیش نییە. چوونکە ئەو خۆی بە رەوادەزانێ و ئەوەی خۆی حەزی لێ بێ دەیکاو، هەر ئەوەشە.

گارییەکە بە بەردەمی تەویلەیەکدا تێپەڕدەبێ. (بافرە) بەزیرو بەمێکی گوێ تۆقێن و نارێك دەزەرێنێ و پاشان هەنگاوەکانی شل دەکاتەوە تا بە ئەو رادەیەی کە دەڵێی راوەستاوە. لەژووری تەویلەکەڕا زەرە زەرێك وەڵامی دەداتەوە.

ماگاشیا وەك روون کردنەوەیەك دەڵێ:

ئەمە یەکیکە لە دۆستە دێرینەکانی (بافرە). سەردەمی لاویەتی سرو سەودایەکی لەگەڵ ئەم دۆستەی دا هەبووە. بۆیە هەر جارەی کە بێرەدا تێپەڕ دەبێ سڵاو بۆ یەك دەستێننەوە. دیارە ئەورۆ هەردووکیان پیرن بەڵام دڵ قەت پیرنابێ.

هەرکە  لە ئاوایی وەدەر دەکەون جادەکە بەرەو هەوراز هەڵدەکشێ. قەشە تەواوی دۆڵ و کێو و هەورازو رێگاکان دەناسێتەوە. بەرە بەرە کە گارییەکە بەرەوپێش لێ دەخورێ جادەکە هەروا بە سەر دەشتی سەرسەوزی فۆچینۆدا دەروانێ، کە لەو سەرەڕا وەك زاری گڕکانێ دمی کردوەتەوە و، لە دەوران دەوری ئەم زارە گڕکانە کۆمەڵی ئاوایی دەبیندرێن. ئاواییەکان ئێستاش ئاسەواری بوومەلەرزەیان پێوە دیارە کە وەك دندووکێکی شکاو دێتە بەر چاو کە بەشە شکاوەکەیان سەر لە نوێ نۆژەن کراوەتەوە. ئێستاش بۆنی ئاو و ئاگر لەو عەرزەوە هەڵدەستێ. گارییەکەی ماگاشیا هەروا بە وردی لێ دەخورێ. عارەبانەیەك بە بارێ گیاوە کە پیاوێکی لەسەر راکشاوە دەگاتە سەریان و وەپێشیان دەکەوێ. هێندێ دوورتر عارەبانەیەکی دیکەش کە گا و مانگایەك رای دەکێشن وەپێشیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەكەوێتەوە و، گایەكە بە ڕێگا ڕۆشتنەوە گوێی مانگاكە دەلێسێتەوە. بەدوای ئەواندا بنەماڵەیەكی كافوون بریتی لەژن و پیاوێك منداڵێكی ساوا بە باوەشیانەوە بەسوار گوێدرێژێكەوە، وەپێشیان دەكەون. ئافرەتەكە مەمكی دەرهێناوە ومنداڵەكەی شیر دەدات.

ماگاشیا لەپیاوەكە دەپرسێ:

- داهاتی ئەمساڵ چۆنە؟

- خراپە، زۆر خراپە.

ماگاشیا بەگوێی قەشەدا دەچرپێنێ:

- ئەم قسەیە ئەو مانایە دەگەیەنێ كە بەرهەمێكی باشیان دەبێ.

- ئەدی لەبەر چی بەپێچەوانەی ئەم قسەی كرد؟

-ماگاشیا دەڵێ:

- چۆن لەبەر چی ؟ لەبەرچاوەزار !

قەشە دەپرسێ:

- لای ئێوە داهات چۆنە؟

ماگاشیا هێمای خاچێك لەسەر سینگی دەكێشێتەو و دەڵێ:

- زۆر خراپە، هەر بەراستمە زۆر خراپە!

قەشە دەڵێ:

- خۆ تا بە ئێستاش كەش و هەوایەكی خۆشی هەبووە.

ماگاشیا دەڵێ:

خەتای ئۆتۆمۆبیلەكانن كە بە بۆگەنی گاز و دووكەڵەكانیان بەرهەمەكان زایە دەكەن.

لەلایەكی جادەكەوە شوێن شوێن كەڵەكە بەردیان لێ هەڵڕشتووە. لە پەنای ئەو كەڵەكە بەردانە كرێكارە بەرد شكێنەكان لە پشط شاخ و بەرگی دارەكانەوە، بە مەڵغە خەریكی شكاندنی بەردە زەلامەكانن. گارییەكەی ماگاشیا بەگوندی (لامادیمارسی)دا تێدەپەڕێ. بۆ چاوەزار قۆچی گایان بە سەر ماڵەكانەوە هەڵواسیوە. ئافرەتەكان وەك لە هەموو شوێنێ باوە بە گوزەوە لەسەر كانی چاوەڕێی نۆبە ئاون. لەبەر دەمی چاخانە، منداڵی گەڕەك بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دووچەرخەکانیان راوەستاون. پیرە پیاوەکانی گەڕەك لەبەر دەرگای ماڵەکانیانەوە خەریکی سەبیلەکێشانن. ژاندارمی ئاوایی بە بەرگی ئەفسەری ژناراڵەکانی سەردەمی پێش شەڕ بە تاکە شەقامەکەی دێدا دێت و دەچێ.

هەر کە لەئاوایی وەدەر دەکەون تووشی نۆێژخانەیەك دەبن کە بەناوی (مریەمی عوزرا) بینانراوە. ماگاشیا هێمای خاچ دەکێشێتەوە ودەڵێ:

- ئێرە نۆێژخانەی حەزرەتی مریەمە کە لەیادی مۆجیزەیکی قەدیمی بەناوی (گوڵی سوور)بیناکراوە. لەو ساڵەدا، رێك لەنێوەراست مانگی بەفرانباردا بوو گە بنچکە گیاکان گوڵی سووریان دەرکردەوە و گێلاسەکان بەریان گرت و مەزراکان بەرهەمی دیکەیان دایەوە. بەڵام خەڵك پێی خۆشحاڵ نەبوون بەڵکوو بە جارێ ترسیان رێ نیشت. وا بە بیری خەڵکدا دەگێشت کە رەنگە ئەم خێرو بەرەکەتە ئاسمانییە نیشانەی کارەساتێکی جەرگ بڕ بێ. ئەزقەزا هەر لە هاوینی هەمان ساڵ دا نەخۆشی (وەبا) بڵاو بوەوە.

- دەی بە چ مەبەستێك ئەم نوێژخانەیان بینا کردووە؟

ماگاشیا لەوەڵامدا دەڵێ:

- لەبەر ئەوەیکە تووڕەیی حەزرەتی مەریەم بنیشێتەوە.

پاشان ئەمەش بە ووتەکەی زیاد دەکا:

- دیسان ئەم ساڵیش ساڵێکی خۆشە. بەڵام نەك لەلای ئێمە بەڵکوو مەبەستم لە دەوروتەنیشتی ئاواییەکەمانە، بەگشتی ئەم ساڵ ساڵێکی باشە. هەر خوا دەزانێ کە دیسان چ بەدبەختیەکی دیکەمان بەسەردا دەبارێ؟

لە نوێژخانەکە بەولاوە رێگاکە بەنێوان دوو تەپۆڵکەدا پێچاو پێچ دەبێتەوە، بەسەر پردێکدا دەپەڕێتەوەو وەنێو دۆڵی پتیراسکا دەکەوێ.

پۆلە ئافرەتێك گرووپێکیان پێك هێناوەو مانگایەکی پیرو لاواز بەدوای خۆیاندا رادەکێشن بەڵام مانگا پیرە هەرکە چاوی بە پردەکە دەکەوێ پێ دەچەقێنێ و بەهیچ شێوەیەك ئامادە نابێ هەنگاو هەڵێنێتەوە.

یەکێ لە ئافرەتەکان روو دەکاتە مانگا پیرەو دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ماڵ کاول، بەملی شکاوتەوە هەموو جارێ هەر بێرەدا تێپەریوی، ئێستا بۆ وادەکەی؟ سندان لێی داوی؟

مانگا پیرە گوێ بەم قسانە شل ناکاو هەر لەو شوێنەی کە چەقییوە نابزوێ.

ئافرەتەکە دیسان دەڵێتەوە:

شەرم ناکەی؟ بەراستی دەبێ حەیا بتگرێ؟ لەخۆڕا ئەم ئەدا و عۆینە چییە لەخۆتی دەردێنی ؟

گارییەکەی ماگاشیا لە دۆڵی پتیراسکا، کە سەرەتا پان و هەموار بوو، و بەڵام پاشان کە دەگاتە نێو شیو وخرە بەردەڵانەکان برتەنگ دەبێتەوە، هێدی هێدی بەرەو پێش دەچێ. لەنێو شاخەکاندا لە شوێنە گۆڕاییەکان، لەوجێگایەی کە بواری لافاو خیزو چەوی لێ جێ هێشتووە، هێندێ پارچە زەوی چکۆلەی لێیە کە سێوك و گەنمە شامییان لێ چاندوون. ئەم پارچە زەوییە چکۆلانە وەنەبێ بەپێی هیکتار دابەش کرابن، بەڵکوو بەگوریس وبست و قولانج پاوان کراون. لە بناری کێوەکەدا پارچە زەوییەکی کێڵدراوی دیکەی لێیە کە پیاو بە بینینی مەڵحەمی سەربرینی بیر دەکەوێتەوە. لە هەر شوێنێ کە بستە زەوییەك بۆ کشتوکاڵ بەکارهێنرابێ، لەخۆیدا نیشانەی کارو تێکۆشانی لێ براوانەی مرۆڤی تێدا بەدی دەکرێ. شوێن تگەری گاری وعارەبانەکان دوو جۆگەی قوڵیان پێک هێناوە کە وەك رێگای شەمەندەفەر درێژ بووەتەوە. جادە تەنگەبەرەکەی ئاوایی بەرەو بواری بەستێنە بەردەڵانەکەی تەنیشت ئاودرەکەدا دەروا. گارییەکە هێواش هێواش دەروا و هەرچی زیاتر بەرەو پێش تر دەچێ، دامینەکانی ئەو دۆڵەی لێ دەردەکەوێ کە بە گەرماو سەرماو باو بۆرانان بن هڵۆڵ بووە و هەڵپرووکاون و، ساڵ بە ساڵ کەمتر شیناوەردی لێ دەروێ و بەرە بەرە دەرووتێتەوە. بزنەکان لە مابەینی رەوەزو کەڵە بەردەکاندا خەریکی لەوەڕی ئەو گژوگیاو گەڵایانەن کەزۆر بەدەگمەن دەست دەکەون و پەیتا پەیتا ریشە شەیتانییەکانیان بەرەو ئەو قەشە غەوارەیە هەڵدێننەوە کە بە گاری سەفەر دەکات.

هەڵکشان بەرەو بناری کێو دژوارتر دەبێ و ماگاشیا ناچارە بەمەبەستی سووك کردنی باری گارییەکەی، دادەبەزێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر یەکێ لە پێچەکانی نێو ڕێگا، خانوویەك دەردەکەوێ کە بە شێوازی بینا سازی سەردەمی (ڕۆنێسانس) لەسەر تەختە بەردێکی پان بینا کراوە. دەرکەو پەنجەرەکانی تەختەکراون. ماگاشیا سەربردەی ئەم خانووەی بۆ دەگێرێتەوە:

- ئەم شوێنە هەوارە ماڵی (سیمۆن ئیسکارفا)یە. ئەو پاش سێ ساڵ مانەوەی لە (برازیل)، لە داهاتی کشتوکاڵی قاوە دەستمایەکەی کۆکردەوە و ویستی بە گەڕانەوەی بۆ نێو خۆی وڵات بە ئاسوودەیی بەهرە لە دەسمایەکەی وەربگرێ و ئەم هاوینە هەوارەی بۆخۆی دروست کرد. بەڵام یەك حەوتوو بەسەر مانەوەکەیدا تێنەپەڕی بوو کە دای لەسەری وشێت بوو، تا گێشتە ئەو رادەیەی کە ناچار بوون لە شێت خانەی (ئاکویلا) لە (سانتاماریادی کولەماجییۆ)دا رایگرن و ئێستاش هەر لەوێیە. بەراستی بایەخی ئەوەی هەبووە کە بۆ دەسمایەیەك ئەو هەمووە ئازارە بکێشێ.

لە خوار دۆڵەکەڕا پەڵە هەورێك لە کوێستانەوە بەرەو دەشت دەخووشێ. لەسەر خاچێك کە لەسەر کەڵەکە بەردێك چەقیوە نووسراوەیەك دێتە بەرچاو کە: ( 22ی خاکە لێوەی 1909) ماگاشیا دیسان دەڵێ:

- لەم شوێنە (دۆن جیویلۆ) مەحزەر داری لامایان رووت کرد و پاشان کوشتیان. بە لێکۆلینەوەیەك جێگای حەوت دەمەخەنجەریان لە سەر حاستی دڵی دیتبوەوە. کەس نەیزانی کێ ئەو بەڵایەی بە سەردا هێناوە. دۆن جیویلۆ سەلەم خۆربوو و پارەی بەسوو دەدا بە خەڵکی و لە پێناو قەرزەکانیدا سی لە سەتای سوو وەردەگرت. پاش کوژرانی ئەو ئیتر سەلەم خۆریش لەم ناوچەیەدا خاشە بڕکرا.

لە خوار دۆڵەکەوە یەکەم خانووەکانی پیتراسکا پەیدا دەبن. ماگاشیا دەڵێ:

- ئەمەش لەو ئاواییە خێر نەدیوانەیە. دووجار لافاو و جارێکیش بوومەلەرزە وێرانی کردووە.

قەشە دەپرسێ:

- ئێستا چەند ماڵە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- هێشتا چل ماڵێك دەبن. هەمووشیان لەو كەسانەن كە دەتوانن بۆ هەوار، بەرەو دەشت كۆچ بكەن.

لە لایەكی جادەكە دیسان كەڵەكە بەردێك دێتە بەرچاو كە خاچێكی لەسەر چەقیوە ولەسەر ئەم خاچەش نووسراوە:( 15ی مانگی گەلاوێژ 1924)ماگاشیا وەك روون كردنەوەیەك دەڵێ:

- (وینچێنزنیۆ ساپۆنە)یان لێرەدا كووشتوە. ئەم پیاوە لەگەڵ خێزانی كابرایەكی ئامریكاییدا وەسەریەك پەریبوون. كاتێ مێردی ئافرەتەكە لە ئامریكارا گەڕایەوە، بەگوێزان قوورگی خێزانی لەكاتی خەودا بڕی وپاشان هاتە ئێرە و لەپشت تەختە بەردێك خۆی لە وینچێنزنیۆ خەفتاوت كە بە مەبەستی چوونە سەر كار بە ئیرەدا تێدەپەڕی. هەركە وینچێنزنیۆ دەگاتە ئەم شوێنە كابرای ئامریكایی ئاوقای دەبێ و بەداسێك سەری دەبڕێ. پاشان رووی لە كوێستان كردو هەڵات. بەڵام پاش چەند مانگان دەسگیریان كردو سێ ساڵی زیندان بەسەر دابرا. كچێكیان هەبوو كە ئێستا عازەب بووەو عەیب نەبێ، رێی كەوتووەتە سۆزانی خانەیەك لە شاری رۆما لە تەنیشت سەربازخانەیەك. كچێكی خراپ نەبوو.

گارییەكە بە بەردەمی خاچێكی دیكەدا تێدەپەڕێ. ماگاشیا وەك پێشوو بەسەرهاتی ئەم چیرۆكەش دەگێڕتەوەو دەڵێ:

- لیرەش ....

قەشە وەنێو قسەكەی دەپەرێت و دەڵێ:

- حەتمەن بەدبەختییەكی تریش لێرەدا روویداوە.

- چۆنت زانی؟

- ئاخر تۆ جگە لە داستان و بەسەرهاتە شووم و بەدبەختێكان هیچی ترم بۆ ناگێریتەوە. چما بە تەمای بمترسێنی؟ تۆ بڵەیی لەم شوێنەدا جگە لە كارەساتە ناخۆشەكان رووداوێكی تری لێ روو دابێ؟

ماگاشیا دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ڕووداوە خۆشەکان زوو لەبیر دەچنەوە بەڵام کارەساتە دڵتەزێنەکان هەمیشە لە یادەکاندا دەمێننەوە و لە باوکەوە بۆ کوڕ پشتاو پشت دەگوازرێتەوە. ئەگەر کەسێکی باش بمرێ ڕێك دەچێتە بەهەشت، بەڵام ئەگەر تاوانبارێك بکوژرێ هەر لەم دۆڵەدا بەجێ دەمێنێ. بۆیە هەمیشە باسیان دەکەن. هەر کەسێك بەکووشت بچێ، ئیتر ڕۆحی ئاسوودە نابێ. لەساڵەکانی یەکەمدا ڕێبواران بۆ تەسکین دانەوەی ڕۆحیان بەردێك فڕێ دەدەنە سەر شوێنی جینایەتەکە. ئێوە، قەشەکان بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە بیر دەکەنەوە و کەچی دۆخەکە هەر بەو قەرارەیە کە بۆم باس کردن.

ئێستا جادەکە بە تەنیشت هەڵدێرێکدا تێدەپەڕێ کە بە سەر سێڵاو گرەکەدا زاڵە.

دیسان ماگاشیا دەڵێتەوە:

- برا بێچارەکەی من لەم شوێنە بە گارییەکەیەوە هەڵدێرا. شەو بوو ئەو بە باری خۆی و تووتنەوە لە فووسا دەگەڕایەوە. ڕێك لێرەدا بوو کە ئیبلیس لەسەر ڕێی شین بوو.ئەو بێچارەیە تەنانەت دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە هێمای خاچێکیش بکێشێتەوە. ئێسترەکەی کە گارییەکەی ڕاکێش دەکرد لەبەر شەیتان ڕەوییەوەو لەباتی ئەوەیکە ڕوو لە چەپی جادە بکا بەرەو دۆڵەکە هەڵدێرا.

ئێستا لەنێزیك سێڵاو گرەکە و لەسەر تەپۆڵکەیەك، کۆخێکی کاوول دەردەکەوێ. ماگاشیا وەك ڕوون کردنەوەیەك دەڵێ:

- ئێرە خانووی جنۆکەکانە.

قەشە دەپرسێ:

- چما؟ جنۆکەش خانوو بۆ خۆیان دەکەن؟ لە گاڵتە دەرچێ کارەکانیشیان زۆر خراپ نین.

ماگاشیا حەوسەلەی گاڵتەی نییەو دەڵێ:

- بنەماڵەی (کولا مارتینی) کە خەڵکی پیتراسکان ئەم خانووەیان ساز کردووە بەڵام هێشتا لەکاری دروست کردنی خانوەکەیان نەبوو بوونەوە کە جنۆکەکان ئەو شوێنەیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

داگیر كردو لەوەبەدواوە ئیتر كەس نەیتوانیوە لەوێدا بمێنێتەوە. خەڵكی ئەم دۆڵە ناوی (لانەی تاوانباران)یان لەسەر ئەم خانووە داناوە.

سەر ئەنجام دەگەنە پیتراسكا. ئاواییەكە شێست خانوو دەبێ كە بە دووكەڵ رەش هەڵگەراوان و دیوارەكانیان درز و قەڵشتیان تێكەوتووەو حەتمەن نیوەشیان چۆڵن، چوونكە دەرك وپەنجەرە داخراوەكانیان وا نیشان دەدەن. ئاوایی لە گۆراییەكی سەراو لێژدا ئاوەدان كراوە، كە سروشت وەستایانە ئەو گۆراییەی بە سەر رۆخی دۆڵەكەدا تاشیوە. بەشێك لە خانووەكان بەشێوازی نوێ بینا كراون كە لە بەرامبەر بوومەلەرزەدا خۆ رابگرێ و، ئەم شێوازە بەدوای بوومەلەرزەكەی ئەم دواییانەدا بووەتە بڕیار. لە دەوروبەری ماڵەكاندا هێندێ كۆخ دروست كراون كە دیوارەكانیان بە وشكە بەرد یان بە گڵ هەڵچندراون و بانەكانیشیان بەسواڵەی شكاو داپۆشراون.

لە نێو ئەو هەمووە خانووەدا جگە لەدوو خانووی رێك و پێك هیچی دیكە بەرچاو ناكەوێ: یەكیان، كە بە پردەكەوە نووساوە، میوانخانەكەی(ماتاڵینا ریكۆرتا)یە كە دەبێ قەشە لەو شوێنە دابەزێ و، ئەوەی دیكەش كە گەورەترو كۆنترە لەلای ژوورووی ئاوایی و لەناوەندی پارچە زەوییەك، كە بناغەی بە بەرد دارژاوە، بیناكراوە. ئەمە ماڵی پیاو ماقووڵی ئاوایی، بنەماڵەی كولامارتینییەو تەنیا خانوویەكە كە لە ئاواییدا لە دەست بوومەلەرزەو لافاوەكان لە ئەماندا بووە.

نێزیك ماڵی كولامارتیی، گۆڕستانی ئاوایی و كلیسەیەكی چكۆلەیە كە بەر هەیوانەكەی بەسەر دۆڵكەدا دەڕوانێ.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- لەو كلیسەیە نوێژی مسی لێدەخوێنن؟

ماگاشیا لەوڵامدا دەڵێ:

- ئەم كلیسەیە وا بۆ سی ساڵ دەچێ كە قەشەی بۆ نەهاتووە. خەڵكی ئەم ئاواییە زۆر نەدارن، كوا دەستیان دەڕوا كە دەخڵی قەشەیەك بكێشن؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە دەورو بەری ئاوایی و گۆرستان، زەوییەکان بەسەر چەند پارچەی بچوکدا دابەش کراون. مەزراکان هێندە چکۆلەن و پاردەو شوورەکانیان هێندە بەرزو زۆرن کە لەدوورەوە دەڵێی وێرانەی شارێکی چۆڵ و وێرانە. لەچەند سەد متری ئەو بەری کلیسەوە دۆڵەکە کۆتایی پێدێت و ئیتر رێگایەك لەگۆریدا نییە. دوو جۆگەی چکۆلە کە لە دوایین بەشی دۆڵەکەرا سەراولێژ دەبنەوە، بەرلەوەی بگەنە نێو ئاوایی یەکان گیر دەبن و چۆمێکی چکۆڵە پێك دێنن کە ئاوایی پیتراسکا بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکەن. ئەم دوو بەشەش بە پردێك یەکتر دەگرنەوە. لە پێش میوانخانەکەدا ئافۆرەیەك و حەوزێکی لێیە. منداڵێك کەخوێنی لووتی پژاوە خوێنەکەی لەو حەوزەدا دەشواتەوەو ئێستا ئاوی حەوزەکە سوور هەڵگەراوە.

لەژێر پردەکە، ئافرەت و کچە گەنجەکانی ئاوایی لە تەنیشت چۆمەکەدا چۆکیان داداوەو سەرقاڵی شیوکردنی جلە چلکنەکانیانن.

ماگاشیا لەبەر دەم میوانخانەکەو لەوشوێنەی کەماتالێنا چاوەرێیان دەکا، گارییەکەی رادەگرێ. پیرە پیاوێکیش کە باڵا پۆشێکی مەرمەزی لەخۆی ئاڵاندووەو سەروریشی سپی بووە لەرێیەوە دەگات. پیرەمێرد درمغێکی ئاسنی لەسەر شان داناوە، بەڵام ئەم ئامێرە هیچ لە کەسایەتییەکەی کەم ناکاتەوە کە بە روونی لە دەماریرا دیارە. لە قەڵافەتیرا هەموو شتێك رەسەن و کەونە، تەنانەت قسە بەئەدەبەکانی کە بۆ بەخێرهێنانی قەشە، بۆ ئاواییە چکۆلەکەیان بەسەر زاراندا دێنێ. مەرمەزی باڵا پۆشەکەی هەر ئێستاش بۆنی بزنی لێ هەڵدەستێ.

ماگاشیا لە ناساندنی ئەو پیرەمێردەدا دەڵێ:

- بەرێز پاسکاڵ کولامارتینی.

دۆن پائۆلۆ داوای لێ بوردن دەکاو دەڵێ کە هەست بە ناسازی دەکاو پێویستە هێندێ بحەسێتەوە. ماتالێنا ئەو بەرەو هۆدەکەی بەرێ دەکا کە پێشتر بۆی ئامادەکردووە. دەخەوێت. دوخەوێت. (خەو. خەو.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ لەتاریکیدا دەنگی ئافرەتێکی دێتە بەرگوێ. دەنگی ئافرەتێکە کە بانگی منالّەکەی دەکا. کورەکەی درەنگی لێ بەسەرهاتووەو لەگەڵ ئاوالّەکانی کە لە خۆی بەتەمەن ترن سەرقالّی گەمە کردنە. دەنگێك دەلّێ:

- دایە راوەستە، ئەوا هاتمەوە. ئێستا دێمەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 4

لەمیدانی نێوان میوانخانەکەی (ماتالێنا ریکۆرتا) و پردی پیتراسکا، سەر لەبەیانی ڕۆژی یەك شەمۆ، ڕێو ڕەسمی ناولێنانی گوێدرێژێك بەڕێوە دەچێ کە لەم دواییانەدا لەبازاری حەیوان کردراوە. کوڕێکی لاو کارە جڵەوی گوێدرێژەکەی توند بەدەستەوە گرتووە و جووتیارێکی پیر بە گۆپاڵێك دادێتە سەرو گوێلاکی وڵاغەکە. بەدوای هەر زەبرێك ئەو دووپیاوە بەگوڕە گوڕ بەگوێی وڵاغەکەدا دەخوێنن: (گاریبالدی) !

گاریبالدی ئەو ناوەیە کە بۆ ئەو گوێدرێژەیان هەڵبژاردووە و، لەقاموسی کافونەکاندا ئەو ناوە ئازایەتی و بەهێزی دەگەیەنێت. ناولێنانەکە زۆر دەخایەنێ. چوونکە بێگوومان ماوەیەکی زۆری پێدەچێ تا ئەو ناوە بچێتە مێشکی کەرەکە. جووتیاری پیر بەبێ ئەوەی هەست بەتووڕەیی بکات و ڕق وبێزاری لە خۆی دەرببڕێ بە پشوو درێژییەوە وەك ئەوەی دۆشەکی خووری بکوتێ لەلا وورگی وڵاغەکە دەکوتێ و، بەدوای هەر زەبرێك، پیرە مێرد و کوڕەکە بەگووڕەوە بە گوێی وڵاغەکەدا دەخوێنن:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- گاریبالْدی!

گوێدرێژەکە سەیریان دەکاو هەموو جارێکیش سەر دەلەقێنێ، جووتیاری پیر هەر جارەی لە لا وورگێکی گوێدرێژەکە دەکوتێ و کاتێ دەگاتە کۆتایی دەورەکەی، سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە ... دەیان و دەیان جار ناوە پالەوانییەکەی گاریبالْدی و زەبری تێلاکە کە لەم بەرو ئەوبەری وەلاغەکە دەکەوێ، لەمەیدانی پیتراسکادا دەنگ دەداتەوە. سەرئەنجام جووتیاری پیر هیلاك بووەو روو لە لاوەکە دەکاو دەڵێ:

- ئێستا ئیتر بەسیەتی، حەتمەن گوێدرێژەکە تێ گەیشتووە.

ئەوجار لاوەکە، بۆ تاقی کردنەوە، مشتێ کا هەڵدەگرێو دەچێتە سەر پردەکە و لەحالێکدا تفاقەکەی پێشان دەدات لە دوورەوە بانگی دەکا: گاریبالْدی!

گوێدرێژەکە بەغاردان بەرەو لای دەچێ.

- راستە، ئێستا ئیتر تێگەیشتووە.

دۆن پائۆلۆ لە جێدا کەوتووە و لە تاو لەرزوتا، دەسووتێ. ناوە دووپات کراوەکەی گاریبالْدی کە لە پشت پەنجەرەکەیرا بە گوێی دەگا، ئەوی تووشی سەرسوورمان و دڵەخورپە کردووە، تۆ بڵێی حیزبی کۆماری خواز تا بە ئەو رادەیە لە پیتراسکادا بەهێز بووبێ؟

قەشە لە ماتالینا دەپرسێ:

- چ باسە؟

- چ نییە، (شەتاپ)ی پیرە، گوێدرێژێکی کڕیووەو خەریکی ناودێرکردنییەتی.

- شەتاپی پیر لە سەرانسەری ئەو دۆڵەدا هەر بەو ناوە ناوبانگی دەرکردووە و رێ و رەسمی ناو لێنانەکەی خۆیشی وەك گوێدرێژەکەی بەرێوە چووە. لەتەمەنی لاویدا وەك بەردەست لە کن پیاوێك بەناوی (کارلۆ کامپانێلا) کاری کردووە کە پێشتر خەڵکی پیتراسکا بووەو پاشان پێناسەی ئامریکایی دەر کردووە و لە شەقامی (میلبۆری) لە شاری (نیۆیۆرك) بە زستانان خەڵووزو هاوینانیش سەهۆڵی دەفرۆشت. لەراستیدا ئەو پیاوە کە لە ناوچەی خۆیدا ناوی کارلۆکامپانیلا بووە لە شاری نیۆیۆرك بەناوی (مێستێر چارلێزلیتێل

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێل سەهۆڵ چی- ڕێژی فرۆش)  Lceandcoal‹Charles Little – Bel ناوبانگی دەرکردووە. ئەو بەقەد وڵاغێك کاری لەو بەستەزمانە کێشاوەتەوە. هەرجارێ کە ئەم(چوارپێ)یە بەدبەختە زمانی بە گازە کردوەتەوە(میستێر لیتێل بیل) بە توورەییەوە بەسەریدا دەینەڕاند: شەتاپ !!Shut up. (شەتاپ) لە زمانی ئینگلیزیدا بەمانای (قوزەڵقوورتە!) بەڵێ، پاش ئەوەی کە شەتاپ بەدوای چەندین ساڵ مانەوەی لە ئامریکا، گەڕایەوە بۆ پیتراسکا، لە زمانی ئینگلیزی جگە لە شەتاپ هیچی دیکە فیر نەبووەو ئەمەشی هەموو دەمێ بە بێ ئەوەی پێویست بێ هەر لەخۆڕا دووپاتی دەکردەوە. قەت نەبووە کەخێزانی زار بزوێ و ئەمیش بەشەق نەکەوتبێتە گیانی و بەئاماژەی ئەنگوستی کە لەسەر لێوی دایدەنا، ئەوی وادار بەبێ دەنگی نەکردبێ و پییە نەکوتبێ: شەتاپ!

بەم شێوەیە وشەی شەتاپ هاتە نێو زمانی ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەکەو ئەمە لەخۆیدا تەنیا وشەیەکی ئینگلیزییە کەخەڵکی پیتراسکا لە ماناکەی تێدەگەن و تەنیا نیشانەیەکە لە فەرهەنگ و کلتوری نوێی بێگانە کە تێکەڵی کەلتووری کۆنی خۆماڵی بووە.

دۆن پائۆلۆ لەسەر قەرەوێڵەکەی دێتە خوارێ. هەتا کن پەنجەرەکە دەڕواو بە تاسەوە دەیهەوێ چاوی بەو پیاوە بکەوێ. شەتاپ و گوێدرێژەکەی بە نێو کۆڵانی باغچەدا لە نێزیك پردەکە بەرەو جۆگەی ئاوایی دادەگەڕێن. لە نێو کۆڵانی باغەکەدا تابلۆیەکی کۆن وەبەرچاو دەکەوێ کە لەسەری نووسراوە: ( ڕشتنی زبڵ و پیسایی لەم شوێنەدا قەدەغەیە!) وێرای ئەم نووسراوەیەش چار نییە کەبڵێن ئەو شوێنە لەڕاستیدا پڕە لەخەوش و خۆڵ و لینگە کەوش و بەرماوی چێشت و شیشە شکاو و پیسایی. ڕەنگە ئەم بابەتە وادەربخات کە خەڵکی پیتراسکا ڕەعایەتی تەندروستی و خاوێنی نەکەن، بەڵام لانی کەم ئەوە دەسەلمێنێ کەئەم خەڵکە خوێندەوارن.

دۆن پائۆلۆ نەک هەر خوێندنەوە، بەڵکو نووسینەوەش دەزانێ، تەنانەت بە شێوەیەکی ئەدەبیش. کەچی سەرەڕای ئەمانەش بە گشت ئەو زانست و پسپۆڕییەی کە هەیەتی، هیچیان بە هانایەوە نایەن  بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەیەکی دژواری وەك خاوێنی و دەست بەئاو گەیاندن کە هەر ئێستا تووشی بووە. ئەم مەسەلەیە ئەگەر لەخۆیداو بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆچوونی دۆن پائۆلۆ نموونەی ژیانی سەختی دانیشتوانی دێهاتەکانی باشووری ئیتالیا نەدەبوو و لە بارێکی ترەوە توانیبای وەك تەواوی تەنگاویی و بێ بەشییەکانی ژیانی شۆرشگێرانەی کە لە توانایدا بووە بەهاسانی خۆ راگر بێ لە حاستیاندا، ئەگەر لەباری تەندروستی و لەشییەوە واهەڵکەوتبایە کە بتوانێ خۆی لەبەر ئەم تەنگاوییەشدا رابگرێ، بە دڵنیاییەوە پێویستی نەدەکرد لێرەدا سەری ئەم باسە بکاتەوە. لە پیتراسکاش هەروەك زۆربەی ئاواییەکانی دەورو بەر، مەستەراوی تایبەتی لێ نییە. بە پێی رێساو عادەت سێ جۆرە حەوزی گشتی باوە کە بریتییە لە سێ بنچکە گوێنی و، ئەم سێ بنچکەیە بەمەودایەکی دیاری کراو، لە سێ شوێنی تایبەت و لە قەراغ جۆگەیەك دامەزراون. لە وەرزی بەهاردا پەل و پۆ و گەڵا شین دەبن و ئەم بنچکانە دادەپۆشێ و، ئەو کەسەی کە بۆ کاری دەست بەئاو گەیاندن لە پشت ئەم بنچکە گوێنیانە دادەنیشێ کەم تاکورتێ دەتوانێ خۆی لە بەرچاوی خەڵکی حەشار بدات. بەڵام لە پاییزو زستان وەزعەکە نالەبارو دژوارار دەبێ. هەرکام لەو حەوزانە بە سەر سێ چینی تایبەت بەدانیشتوانی ئاوایی دابەش کراوە: حەوزی یەکەم تایبەت بەجووتیارە هەژارەکانە(کافوونەکان) و حەوزی دووهەم بۆ مڵکدارەکانەو حەوزی سێهەمیش بۆ ئافرەتانی ئاواییە. منداڵکانیش بە پشت کلیسا فێر بوون. ئەم سوننەتە هەموو جارێ رەعایەت دەکراو تا دەورانی پاش شەڕ، واتە ئەو سەردەمەی کە بەواتا بە (مەترسی سوورەکان) بەناوبانگ بووە، تێك نەچوو. لەو سەردەمەدا بوو کە جووتیارە هەژارەکان ئیتر نەك هەر خۆیان بە بنچکەی یەکەمدا دەکرد بەڵکوو بەوەش رازی نەدە بوون و بە ڕووهەڵماڵاوییەوە لەپشت بنچکەی دووهەمیش بۆ کاری دەست بەئاو گەیاندن دادەنیشتن. ئەم کردەوەیە، سەرەتا سەرسووڕمان و ناباوەری و، دواجار بوو بە هۆکاری قەڵسی و بێزاریو هەڕەشەی مڵکدارەکان. مڵکدارەکان لە یەکتریان دەپرسی:

- دەی ئێمە بچینە کوێ؟

ئەوجار (ماتالێنا) زوو زوو دەکرووزایەوە کە:

- ئەی هاوار دین و ئیمان نەماوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەخۆشییەوە ئەو ئاڵۆزیو هەڵەژاوییانەی کە سەبارەت بەمەزەب، بەهۆی شەڕ لە بیرو زەینەکان دا دروست ببوو پاك بوونەوەو سەرلەنوێ نەزم دامەزرایەوە. بە چەشنێک کە نۆرە و پلە چینایەتییەکان، بۆ کەڵك وەرگرتن لە پشت بنچکە گوێنییەکان، گەڕانەوە سەر دۆخی جاران.

دۆن پائۆلۆ لەبەر ئەوەیکە هەم قەشەیەو هەم ناسازە بەم چەشنە لەباری ئەدەب و نەزاکەتەوە و چ لەباری ڕێ و شوێنی تەندروستییەوە ناتوانێ کەڵکی پێویست لەهیچ کام لەو سێ بنچکە گوێنیانە وەر بگرێ کە لە قەراغ چۆمەکەدا چەقاندوویانە و سروشتێیە کە نەتوانێ بچێتە پشت کلێساش. بۆیە لەرادە بەدەر هەست بە شەرمەزاری و تووڕەیی دەکا. ئەو گەڕاوەتەوە بۆ ئیتالیا تا لەو وڵاتەدا خەریکی ڕاپەڕاندی کارو باری شۆڕش بێ و بەهەزاران تیۆر و گریمانەی زانستی سەبارەت بەمەسەلەی جووتیارەکانی لە مێشکی خۆیدا پەستاوتووە، کەچی ئاکامی بەرهەمی گشت زەحمەت و چالاکییە تیۆرییەکانی بووە بەوەی کە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ کێشەو گرفتێکی سەرەتایی وەك دەست بەئاوگەیاندندا بەرەورووو بێتەوە.

ماتالێنا لە قاتی یەکەمی میوانخانەکە، هۆدە پاك و خاوێنەکەی خۆی بەتایبەتی بۆ قەشەی چۆڵ کردووە کە قەرەوێڵەیەکی گەورەی دووکەسی تێدایە کە تایبەت بە خۆی بووە. ئەم قەرەوێڵەیە کە لانی کەم سێ لەچواری هۆدەکەی داگیر کردووە تەنیا جێگای بۆ مێزێکی بچکۆلەو ئەسکەملەو رووشۆرێك هێشتوەتەوەو. لای سەروی قەرەوێڵەکەو پەیکەرێکی لە خاچ دراوی مەسیح دەبینرێ، کە ئازای لەشی رەنگ هەڵبزرکاو و بێ خوێنەو رووخساری شێوەی سیمای جووتیارە هەژارەکان دەداتەوە. بەرەورووی پەیکەرەکەی مەسیح، تاقێکی چکۆلەی لێیە کە پەیکەرێکی سپی پۆشی مریەمی عوزرا لەکاتی دووگیانیداپیشان دەدات کەخەریکی بەرپەچ دانەوەی پیلانەکانی ئیبلیسە. دوایین ڕۆژەکانی مانگی گوڵان، واتە مانگی مریەم و (سووعبان) ماتالێنا هەموو شەوێ چرایەك بەرۆنی زەیتوون پەی دەکا لەبەردەمی پەیکەری سپی پۆشی مریەمدا، بەڵکوو بەم کارەی لەخەباتی بەردەوامی بە دژ نەیارەکانیدا مەریەمی یارمەتی دابێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەم ماوەیەدا باری لەش ساغی دۆن پائۆلۆ زۆر خراپە. هەر بەو جۆرەی چاوەڕوانی لێ دەکرا و دەبوایە کەش و هەوای کوێستانی پێ بکەوێ ، وادیارە چاك تری نەکردووە.هەر لە بەیانییەوە تا بەئێواری لە نێو جێدا دەکەوێ و بە چەندین سەعاتان لەسەر قەرەوێڵەکەیدا ئەم شان و ئەوشان دەکا بەبێ ئەوەی ئارام بگرێ. شەوان و رۆژانی بێ کۆتایین.

دۆن پائۆلۆ بۆ ئەوەی باشتر دەوری قەشەیەتییەکەی خۆی گێرابێ چەن کتێبی ئایینی لە دوکتور ساکا وەرگرتووە، کە بریتیە لە کتێبی دۆعاو (ئەمسال الحکم )ی (سێنت ئالفۆنێس ماری دی لیگۆری) و (فیلۆنە(1) سەر بردەی (کامیل دۆنێلیس) لەچاکەکانی(ئابرۆتێزا) لەسەدەی پازدەهەمدا و سەربردەی (سین ژان بۆسکۆ) لە پیاوچاکانی (پیەمۆنی) لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەی دواییەدا و، سەرئەمجام نامیلکەیەکی داب و نەریتی ئایینی.

دۆن پائۆلۆ سەرەتا ، بەس بۆ رزگار بوون لە دەست بێکاری وەرەزی دەست دەکا بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو کتێبانەو هەروا بەرێکەوت لە هەرشوێنی چەند دێرك دخوێنێتەوە، بە چەشنێ کە رەنگە هەر ئەو کارەشی لەگەڵ نووسراوێکی تر یان رۆمانێکی پۆلیسی یان نامیلکەیەکی بەرهەمە دەرمانییەکانیش دا دەکرد. لەسەردەمی لاوییەتیدا لەم جوورە کتێبانەی زۆر لەبەر دەستدا بووە، ئێستاش ئەو لاپەڕانە بە وێنە سەرنج راکێشەکانیانەوە، دیمەنی لەیاد چووی رابردووی لە نێو جەغزی بیرەوەرییەکاندا زیندوو دەکەنەوە. لە نەهینی ترین قووژبنەکانی یادیدا ترس و سامی دەورانی منالّی بەرەبەرە گیانیان بە بەردا دێتەوەو خۆدەنوێنن. هەر بەم هۆیە دۆن پائۆلۆ بەرە بەرە هەست دەکا کە بەرەو لای ئەو کتێبە ئایینییانە رادەکێشرێ، تا ئەو جێیەی کە هەموو شەوێ سەربە نیویاندا دەکاو هێندەی لێ دەخوێنێتەوە تاچاوەکانی ماندوو دەبن. لەگیانیدا ئەو منالّە بەستەزمانەی کە هەموو شەوێ بۆ فێربوونی وانەی (شەرعییات)هەڵدەستا، بەڵکوو بۆ سەرەتایی ترین

---

(1) ***philothee*** **وێنەگەی گیانی پارێزکاری کە سێن فرانسوا دێسال لەپێشەکی کتێبەکەی خۆیدا بەنێوی (ژیانی مووقەدەس) وتووێژی لەگەڵ دا دەکا.**

وەرگێرانی لە ئایینی مەسیحدا ئامادە بووبێ، بەرواڵەت و بەبێ ئەوەی خۆی ئاگای لەخۆی بێ سەر لەنوێ بە نێوجزم بە جزمیاندا قاڵ دەبێتەوە. لە بوونیدا ئەو مناڵە دوا ناوەندییە بۆ جارێکی دیکە گیان دەگرێتەوە کە بە تاسەوە سەربردەی پیاو چاکانی دەخوێندەوەو لەگەڵ دۆن بنە دیتۆ سەبارەت بە هەل و مەرجی ژیانێك کە دوور لە هەر چەشنە خۆتەباخستنێك بێ. وتووێژی دەکرد. بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێ بێ دانووستانێکی هێدی لەنێوان ئەو لاوەی کەهێشتا لە بوونیدا زیندووە و ئەو شۆڕشگێرەی کە هەر ئێستا بوونەکەی لە گیانی ئەو لاوەدا قاڵ بووەتەوە، دەست پێدەکا. بێتاقەتی و لاوازییەکی بەرچاویش کە بەهۆی ناسازییەکەیەتی، بەبێ ئەوەی خۆی هەست بکا دۆن پائۆلۆی بەرەو ساڵەکانی سەرەتای لاویەتی گەڕاندوەتەوە. چوونکە زۆربەی کاتەکانی ژیانی نەخۆش و ناساز بووە و تاقەتێکی ناسکی هەبووەو لەلایەکی تریشەوە چوونکە تاقانە کوڕی بنە ماڵەکەی بووە، بەدایك و پوور و نەنك و کابانی نێو ماڵەکەیانەوە هەمیشە پێی ڕاگەیەشتوون وپارێزگارییان لێ کردووە. بە چەشنێك کە هەموو کاتەکانی ژیانی خۆی لە ئامێزی گەرم وپڕ لەخۆشەویستییەکی ژنانە دا بەدی کردووە. ئێستاش کە دەستی چارەنووس وای لێ کردووە پەنا بۆ شوێنێك ببا کە لەباری کۆمەڵایەتییەوە بەچەندین پلە نزم ترە لەو شوێنەی کە تێیدا پەروەردە بووە - واتە پیتراسکا- دیسان ژنەکانن کە بەهەر هۆیەک بێ ڕووی تێدەکەن و، دیسان گشت دەنگ و باس و ئاسەواری ژیانی دەرەوە کە لە ماوەی ڕۆژدا پێی دەگات، لە ڕێگەی ئافرەت و مناڵکانەوە ئاگادار دەبێتەوە، چوونکە پیاوەکان بەکارەوە سەرقاڵن. ئەو ئافرەت و مناڵانەی کە هەرهەموویان بەزاراوە خۆی و دایکی دەدوێن.

ماتالێنا بوونی قەشەیەك لە میوانخانەکەیدا وەك ڕەحمەتێکی خودایی حیسێب دەکا، کاروبارەکەی وا ڕێکخستووە کە بتوانێ زۆربەی کاتەکانی، جا بە هەربیانوویەك بێ لەخزمەت قەشەدا وەمێنێ. بوونی قەشەیەك لە هەرماڵێکدا، دەبێ بەڵاگێرەوە بێ. ترس

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەکارەساتی ناخۆش هەمیشە ماتالێنای تووشی دڵەخورپە کردووەو هەر بەم بۆنەیە لەسەر میوانخانەکەی، لەسەربانی، لەو شوێنەی کە دوودانە لە پرووسکەکانی یەکتر دەگرنەوە، کەڵە گایەکی هەڵواسیوە بە دوو قۆچی گەورەو چەماوییەوە.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- ئەو کەڵە شاخانە بەکاری چی دێن؟

ماتالێنا لەحاڵێکا هێمای خاچێك دەكێشێتەوە لە وەڵامدا دەڵێ:

- بۆ چاوەزار، بەڵێ، بەس بۆ ئەوەی لەچاوی پیس بەدووربین. چوونکە ئەم کەڵە شاخانە بۆ بەرگرتن لە بەڵاکانی دیکە بەکار نایەن.

لەراستیدا میوانخانەی ماتالێنا بەو دوو کەڵە شاخانەشیەوە لەگەڵ زۆربەی ئەو خانووبەرانەی دیکە، لە بوومەلەرزەی ساڵی 1915 دا وێران بووە. ماتالێنا دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

ئەم میوانخانەیە پێش تر زۆر لەوە گەورەتر بووە کە ئێستا دەیبینی. مێردە بێچارەکەی من شەش ساڵی رەبەق لە (ئارژانتینا) خۆی کوشت و بڕی تا توانی ئەم خانووە تەواو بکا. تەنیا سێ مانگ بەسەر تەواوبوونەکەیدا تێپەرییوو کە بوومەلەزە خاپووری کرد. من یەك حەوتوو لە ژێرخانەکەدا لەژێر کاولەکاندا مابوومەوە. راستییەکەت بوێ نەشم دەزانی کە بوومەلەرزە هاتووە. پێم وابوو چاوەزار کاری تێکردووین و بەتەنیا هەر میوانخانەکەی ئێمە رووخاوە. هەر بۆیە، پاش ئەوەیکە یەك حەوتووی تەواو لەژێر خاکو پووردووی کاولەکەدا مابوومەوە، کەلێنێکیان بۆکردمەوە تا من دەربێننەوە، ئیتر هەرچم کردونە کرد لەخۆم رانەدی کە لەو چاڵە بیمەدەرێ و چاوم بەرووناکایی بکەوێتەوەو، بەسەر خەڵكدا دەمقیژاند کە لێم گەرێن با هەر لەم شوێنەدا گیانم دەرچێ، ئیتر هیوام بەژیان نەماوبوو! بەڵێ، هەربەراستیش بەهیوای ژیان نەبووم. بەڵام دڵدانەوەیان دامەوە و هەر لەو کەلێنەوە کە بۆ منیان کردبوەوە پێیان وتم کە بە لانی کەمەوە گشت خانووەکانی ئاوایی ویران بووە. نێزیك بە زۆربەی خانووەکانی مارسیکا کاول ببوو، پتر لە سێ ناوچەی ئەومەڵبەندە تەختی عەرزی ببوون و ژمارەی کوژراوەکانیان بە پەنجا هەزار کەس گەیشتووە، ئەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کارەساتە لەچاوی پیس نەبوو بەڵکوو سزاو تۆڵەی خودایی بوو. مەسەلێك هەیە کەدەڵێ: مردنیش بە حەشرەوە خۆشە. مێردە بێچارەکەم بە مەبەستی بەشداری کردن لە شەردا، گەڕایەوە بۆ ئیتالیا. لە ماوەی ئەو شەرەدا هیچی لێ بەسەر نەهات. پاش ئەوەی کە شەڕ تەواو بوو دیسان گەڕایەوە بۆ ئارژانتینا. پێنج ساڵی دیکەش، بە هەر خۆکوشتن و برینێکەوە بێ کاری کرد تا ئەو پارەیە کۆ بکاتەوە کە بۆ ئاوەدان کردنەوەی میوانخانەکە پێویست بوو. تازە میوانخانەکەم ئاوەدان کردبووەوە و مێردەکەم خۆی بۆ گەڕانەوە ساز دەکرد کە لەنەکاو نامەی لێ بڕا. پاش شەش مانگان لەلایەن لێژنەوە نامەیەکم پێ گێشت کە لە نامەکەدا داوایان لێ کردبووم لە لێژنەی ناوچە ئامادە ببم. بەچەشنێ ترسم ڕێ نیشتبوو کە لەلای خۆم وابیرم دەکردەوە کە رەنگە داوای ماڵیاتی ترم لە لێ بکەنەوە. چووم بۆ ئەوێ و یەکێك لە فەرمانبەرەکان پێی راگەیاندم کە مێردەکەم لە رووداوێکی دڵتەزێندا، کە رەنگە بۆ هەموو کەس پێش بێ، گیانی لەدەست داوەو ووتی کە وەبن ماشێن کەوتووە. من لە گابۆری گریانم داو ووتم: حەتمەن لەچاوی پیس بووە کە ئەو بەڵایەی بە سەردا هاتووە. چوونکە دەبایە ئەو گەڕابایەوە تا خێری لەخانووە تازەکەی ببینێ. بەڵام ئەو فەرنانبەرە پێی دادەگرت کە وانییە و، لەچاوی پیس نەبووە بەڵکوو ئەمە لەخۆیدا رووداوێکی ناخۆشە کەرەنگە بەسەر هەموو کەسێکدا بێ. بەڵام هیچ دوور نییە کە هەر لە چاوی پیس بووبێ. کەچی قەشەکان دەڵێن کە بروایان بەچاوەزار نییە بەڵام لەراستیدا ئەگەر باوەریان پێ نەدەبوو قەت جل و بەرگی رشیان لەبەر نەدەکرد.

لەوەش دەرچێ ماتالێنا لەرۆژانی چوارشەمۆ و هەینییەکاندا بە پێی داب و نەریتی ئایینی پارێزی دەکرد لە گۆشت خواردن. بە بروای ئەو مانگی بەفرانبار تایبەت بە(سێن ژوزیف)و مانگی گولان بۆ حەزرەتی مریەم و مانگی جۆزەردان بۆ(ساکرەکوێر)ە و مانگی سەرماوەزیش تایبەتە بە مردووکان. لەمێژە کە تەمەنی لە چل ساڵان تێپەریوەو هەمیشەش لەژووری میوانخانەکەیدا بە سەروپۆتراکی ئاڵوز و بسکە شانە نەکراوەکانیەوە، وێرای نەخۆشی هەناسەسوارییەکەی بەهەموولایەکا هەڵدەسوورێ. ئازارێکی زۆر وەبەرخۆی دەنێ بەڵکوو ژەمێکی باش بۆ قەشە پەیدا بکاو دوای هەرژەمێك چاوەروانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپاس و دەست خۆشانەی لەو هەیە، بەڵام بێ هوودەیە. دۆن پائۆلۆ قەت پیاوێکی چڵێس نەبووەو لەلایەکی تریشەوە لە پیتراسکادا خواردەمەنییەکی هێندە زۆرو رەنگاورەنگ دەست ناکەوێ کە زەحمەتی هەڵبژاردن بە خۆی بدات. نانی خووساو بەشەرابەوە واتە تریت کردنی لەخواردەمەنییەکانی دیکە پێ خۆشترە. کەچی هەموو رۆژێ بەیانیان ماتالێنا بەرەو ژووری قەشە وەسەر دەکەوێ تا لێی بپرسێ کە بۆ ناشتا دۆن پائۆلۆ حەزی لە چییە تا بۆی ساز بکاو ئەم خووڵق کردنە هەر بە مەبەستی تاکە چێشتێکە کە لەوە زیاتر هیچی تر دەست ناکەوێ. رۆژێکیان قەشە وەرەز دەبێ و بۆ ئەوەی کارەکەی خۆی یەکلا بکاتەوە فەرمانی پێدەدا کە بە رۆژدا خەڵکی پیتراسکا چ ژەمێك دەکەن هەر ئەوەی بۆ بێنێ. ماتالێنا دەشەمزێ بەڵام ئەو بریارە بەرێوە دەبا. لەوە بەدواوە لەتە نانێکی گەنمەشامی بە بیبارێکی کاڵەوە کە پێخۆرەکەی رۆنی زەیتوون و خوێیە، بۆ دۆن پائۆلۆ دێنێ و شەویش شۆرباوی لووبیای بۆ دەکوڵێنێ. ئەم بەرنامەیە لە دوو رۆژان زیاتر سەرناگرێ، چوونکوو گەدەی دۆن پائۆلۆ جگە لە شۆرباوی شەوانە تەحەمولی ئەوانەی دیکەی پێناکرێ. ئێستا ماتالێنا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و بەغروورەوە زیاتر پێ لەسەر ئەم سەرکەوتنەی خۆی دادەگرێ. بۆ جارێکی دیکە عەزابی ناشتا سازکردن دەست پێ دەکاتەوە. پیرێژن باوەرێکی پتەوی هەیە سەبارەت بەوشتە کە پێوەندی بەنەخۆشی سینگەوەیە و پەیتا پەیتا دەڵێ:

- باشترین دەرمان بۆ ئەم ناسازییەی تۆ هێلکەی تازەیە.

هەربەم بۆنەیەوە لە باغچەی پشت میوانخانەکەی دەدوازدە دانە مریشکی راگرتووە. لەگەڵ ئەوەیکە یەکێ لە مریشکەکان هێلکە دەکا دەست بەجێ ماتالێنا هەڵی دەگرێتەوەو بۆ نەخۆشەکەی دەباتەوە. هەرکە یەکێ لەمریشکەکان کاتی هیلکەکردنی گێشتبێ، ماتالێنا لەدوای دەگەرێو بەدوای دا هەڵدێ تا بەدەست دەیگرێ و ب ەقامکە تووڵەکەیەوە تاقی دەکاتەوە تابزانێ هێلکەی هەیە یا نەء، و لە کاتێکا خەریکی تاقی کارییە هەر لەباغچەکەرا روو لەقەشە هاوار دەکا کە:

- نیو سەعاتی دیکە هێلکە دادەنێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەراستیش هەروا دەبێ و پاش نیو ساعاتی دیکە هێلکەکەی دەکات. لە نێو مریشکەکاندا، مریشکێکی رەشیان تێدایە بەناوی(پیتێلا) کە لە هێلکە کردندا لەهەموویان وەخت شناسترە. پیتێلا فڕکە فڕك و سوورانی لەژووری میوانخانەکەشدا پێخۆشەو زۆرجار تا هۆدەی نەخۆشەکەش وەسەردەکەوێ. کاتێ توانی خۆی لەژێر قەرەوێڵەگەورەکەدا بشارێتەوە ئیتر نە هەرەشە دەتوانی ئەو لەوێ دەربێنی نە ئەو لینگە کەوشانەی کە تێی دەگرن. ماتالینا ناچار دەبێ کەڵەشێرەکەی بۆ بانگ بکا. ئەودەم پتییلا هەرکە دەنگی فڕکە فڕکی کەڵەشێرەکەی لەسەر پیلکانەکانەوە بە گوێ دەگات لەبەر ئەوەیکە سەری لێ نەشێوێ و وەبەر چنگی نەکەوێ ناچار لە پەنجەرەکەوە دەردەپەڕێ.

ماتالینا کورێکی هەیە کەناوی(ئامریکۆ)یە. لاوێکی تازە پێگێشتووە کە بەرواڵەت وەك پیرەمێردان دەچێ و چەندانە لە ددانەکانی پێشەوەشی کەوتوون و هەر لەخۆراو لە سەرشتێکی بێ هوودە لە گابۆری گریان دەدا کە بە هیچ جۆرێ پیاو ناتوانێ تەحەمولی بکا. ئامریکۆ لەو مناڵانەش نییە کە بە قۆشمە ناوبانگی دەر کردبێ. دایکی هەرای لێ دەکاو پێی دەڵێ:

- کورە وەرە، بچۆ لای ماگاشیاو کیلۆیەك خوێ بکڕە.

هەتیوە هەڵدەستێ. دە شەقاوان دەروا، پاشان رادەوەستێ تا شتێك لە سەر عەرزی هەڵگرێتەوە. پاشان نیو سوورێک لێ دەدات و دەگەڕێتەوەو دێ لەبەر دەرکەی خانووەکەیان دادەنیشێ. دایکی بە بۆڵە بۆڵەوە دەڵێ:

- چم پێ وتی ؟

ئامریکۆ بەسوورمانەوە سەیری دەکا، ئەوجار ماتالینا بەسەریدا دەقیژێنێ:

- وتم بچۆ لای ماگاشیا و کیلۆیەك خوێ بکڕە.

ئامریکۆ هەڵدەستێ، دە شەقاوێك هەڵدێنێتەوە، قامکێکی لە کونە لووتی رۆ دەکاو تێدا دەگەرێ. پاش ماوەیکی دیکە قامکەکەی لەم کونەوە بۆ ئەو کونەی دیکەی لووتی دەگوازێتەوە و درێژە بە توێژینەوەکەی خۆی دەدا، پاشان لە پڕ قیژەیەکی لێ بەرز دەبێتەوەو لە گابۆری گریان دەدا کە ئەوسەری دیار نییە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ژن گەلی دراوسێ لەژوورەکانیان دەردەپەڕن، ژنەکانی دیکەش دەگەنە سەرو دەنگی گریانی ئامریکۆ پترو پتر دەبێ. ئەوجار ماتالێناش بە نۆرەی خۆی دەگاتە سەریو بە قابلّمەی چێشت لێنانەکەی کە بەدەستیەوەیەتی، وەك ئەوەی کلۆ گێچێك بکوتێ هێندەی لێ دەدا تاپشووی سوار دەبێ.

بەیانی(کیارینا پاتاکا) بە بزنێکەوە دێت بۆ میوانخانە. ماتالێنا قاپێک بە دەستەوە دەگرێ و بەدەستەکەی دیکەی خۆی شیری بزنەکە تا دوایین دڵۆپ دەدۆشێ. ئێستا ئیتر چوونکە پیاوەکان چوونەتە سەرکار، کاتی ئەوەیە کە ئافرەتەکان بە پەلەداوان بگەنە بەر پەنجەرەی خانووەکانیان و لەبەر دەرکێ دانیشن و خۆیان بدۆزن. لای نیوەرۆ (فیلۆمێنا ساپوونە) بەمناڵێکی شیرە خۆرە کە لە باوەشی گرتووە، کەمێ کاهوو دێنێ بۆ ساڵاتێ دۆن پائۆلۆ. فیلۆمێنا کاهووەکان دەدا بە دەستی ماتالێنا و بۆ خۆشی لەبەر درگای میوانخانەکە دادەنیشێ، بەرۆکی دەکاتەوەو مەمکەکانی وەدەر دەکەون. مناڵەکەی گورج مەمکی بەزار دەگرێ. فیلۆمێنا رایسپاردبووە لای قەشە و داوای لێ کردبوو کە ئیقراری لێ وەربگرێ، بەڵام قەشە لە وڵامدا وتویەتی لەبەر ئەوەیکە سەر بەم قەشە نشینە نییە ئەم کارەی لەدەست نایەت.

لە مەیدانی ئاوایی، لە نێوان میوانخانەو پردەکەدا، مناڵە گەورەکان لاسایی مەشقی لەشکەری و ئەو راهێنانانە دەکەنەوە کە پێوەندی بە ریگخراوی دەوڵەتی(بالیلا)(1) یەوە هەیە. لەسەر دیاری کردنی دوژمندا کێشەیەکیان لێ پەیدا دەبێ و بە هۆی ئەوەیکە دوژمنەکان زوو زوو دەگوردرێن هەرمووویان بەگازەن. سێ کەس لە مناڵەکان بە نوێنەرایەتی ئاواڵەکانیانەوە دەچنە لای دۆن پائۆلۆ و دەپرسن:

- ئێستا دوژمن کێیە؟

قەشە بەسوورمانەوە دەپرسێ:

---

**(1) *Ballila* ژان باتیست بالیلا 1781 – 1720) لاوێکی ئیالیایی خەڵکی (ژێن)ە کەلە 1766 دا خەڵکی بەدژی دەسەڵاتی (ئۆتریشییەکان)هان دەدا. پاشان لە 1926 ناوی ئەویان لەسەر ئەو منداڵانەی کەتەمەنیان لەنێوان 8 – 14 ساڵ دەبوو و لەریزی فاشیستەکان کەلەرێکخراوێکی لەشکەری تایبەت دا رایان دەهێنان، ئەو ناوەیان لەسەر دادەنان**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- کێ ها دوژمن؟

یەکێ لەمنداڵەکان بە لە خۆرادیوییەوە وڵام دەداتەوە:

- دوژمنی باووباپیرانمان.

قەشە جوان لە مەبەستەکەی نەگێشتووە، یان رەنگە خۆی لە گێلی بدەدا. یەکێ لە مناڵەکان بۆی روون دەکاتەوە:

- لەمەشقەکەماندا دوو لایەن هەن. لایەکیان ئیتالیاییەکانە و لایەکەی دیکەش دوژمنی باوو باپیرانمان. لەمێژبوو، مامۆستاکەمان(1) بەئێمەی دەگوت کە دوژمنی باب و باپیرانمان یووگوسلاوی و فەرانسەیە. پاشان پێی کوتین ئاڵمانە. بەدوای ئەودا وتی ژاپۆنە. ئەم بەیانیەش پێی کوتین(مناڵەکانم، دوژمنی باب وباپیرانی نوێی ئێمە،(بریتانیایە). بەڵام لە کتێبی وانەکەماندا بەشێکی تێدایە بەناوی (دۆستایەتی لەمێژینەی بریتانیا و ئیتالیا). هەربەم هۆیەیە کە ئێستا سەری لێ دەرناکەین. ئەم هەڵەیە لە کێدایە؟ لە مامۆستا یان کتێبەکەمان؟

دۆن پائۆلۆ وڵام دەداتەوە:

- کتێبی قووتابخاتەکەتان ساڵی رابردوو چاپ کراوە و ئەو بابەتانەی کە لەودا باس کراون کۆن بووە.

مناڵەکان دەڵێن:

- زۆر باشە، کەوابوو ئێمە دەرۆین دوژمنی باب و باپیرانمان تێك دەشکێنین کە بریتانیایە.

قەشە بەرمخنەوە دەڵێ:

- بریتانییەکان لەوشکایی‌دا شەر ناکەن بەڵکوو لە دەریادا شەر دەکەن.

مناڵەکان بریار دەدەن کە لە نێو شیوی ئاوەکەدا شەربکەن.

دۆن پائۆلۆ لەپشت پەنجەرەی ژوورەکەیرا سەیری تێك شکان و سەرکەوتنەکەیان دەکات. دوژمنی نوێی باب و باپیران بەخەستی وەبەر پەلامار دەکەوێ بەڵام حیزبی نەتەوایەتیش بە قوونێکی خاوێنێنەوە لەو کێشەیە دەرناچێ.

---

**(1) مامۆستا – لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێ کەئەم مامۆستایە کەلێرە دا باس دەکرێ ئافرەتە ، پیاو نییە !**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

منالّەكانی ئاوایی كۆڕێكی جیاواز دادەمەزرێنن بە ریساو یاسایەكی تایبەت و داب و نەریت و زاراوەیەكی تایبەت بەخۆیان. هەرلەم كۆڕەدا یەكە پالّەوانی بەردهاویشتن و بازدان بەسەر ئاودرەكەدا و راوچییەكانی مارمێلك و میزكردن لەبواری بادا، ناو نووسی دەكرێن.

ئەو منالآنەی كە چكۆلە ترن كایەی (شەش خان)یان پێ خۆشترە. لەسەر عەرزی چوارگۆشەیەكی رێك بە درێژی دەكێشنەوە و پاشان ئەو چوارگۆشەیە بەسەر شەش دانە خانی چكۆلەدا دابەشی دەكەن و ژمارەی لە یەكەوە تا شەشی لەسەر دەنووسنەوە. دژواری یارییەكەیان لەوەدایە كە لەسەر یەك لاق و بە هەڵپەڕ هەڵپەڕ خشتە بەردێك بەنووكی لاق بە نێو خانەكاندا بخشكێنن و نابێ بەردەكە لەسەر ئەو هێڵانە راوەستێ كە بە رێژی كێشراونەتەوە. هەركە بەردەكە لەسەر یەكێ لەهێڵەكان راوەستا، ئەوا دەبێ سەر لەنوێ یارییەكە دەست پێبكەنەوە. ئەم یارییە لەو گەمانەیە كە دۆن پائۆلۆ لە منداڵدایدا تێیدا وەستابووە.

دایكەكان هەرلەبەیانییەوە تا ئێوارێ بەدوای منالّەكانیانەوە هات وهاواریانە. زایەڵەی مەترسی ترین تووك و دوعاو جنێوەكان بە ئاسمانا بڵاو دەبنەوە كە هێندە عادی بووە كە ئیتر كەس گوێیان پێ نادات. فیلۆمێنا ساپوونە بەسەر كوڕە گەورەكەیدا دەقیژێنێ كە:

-یاخوا رۆڵە بەدەردی(سێن بارتۆمە)چی و جەرگت كون كون بێ!

(كیارینا پاتاكا)روو لە كچەكەی هاوار دەكا كە:

یاخوا وەك چاوەكانی (سێنت لوسی)هەردوو چاوت لە بەری دەستت نێن!

سەبارەت بەمنالّە ساواكان، تووك ودووعاكان دەبن بە وشەی خۆشەویستی، تا بەم جۆرە بیانخەوێنن. (ئانونزیاتا) لەحالّێكا بێشكەی منالّەكەی رادەژێنێ دەلّێ:

- كورِم لای لای رۆڵەی بەناز پەروەردە، رۆڵە تاجی سەرم، لای لای تاقانەكەی دایكێ، رۆڵە لای لای ئەستێرەكەی بەربەیانم!

(ئانتۆنیا)ی بەرگ درووْ، بەسەر كچۆڵەكەیدا دادێتەوەو دەڵێ:

- کچم لای لای ناسکە پەری ئاسمانان، کچم لای لای تازەبووکێ سوڵتانان، کچم لای لای ئەی گەوهەری سەردەستان!

دوا نیوەڕۆ ئافرەتەکان لە ناوەندای کۆڵاندا سەرقاڵی کاروباری ماڵداری دەبن. یەکێ جل و بەرگان هەڵدەخا، یەکی دیکەش سێوك پاك دەکا، ئەوی دیکەش خەریکی پینەکردنی جل و بەرگە دراوەکانیەتی، یەکی دیکەش سەری مناڵەکەی دەدۆزێ و لەشی بۆ دەخورێنێ. هەموویان پێ پەتی و شرۆڵ لەبەرن و بە پرچە چەورو ئاڵۆزەکانیانەوە وەك ئەو بزنانە دەچن کە تازە شیر دۆش کرابێن. یەکێ لەو ئافرەتانە(جێزیرا)یە، پیرێژنێکە کە هێندەی برسییەتی چێشتووەو منداڵی بەرداوەتەوە کە وەك تەشی باریك بووەتەوە و لەبەر دەردو ئازارێکی تایبەت هەموو کاتێ دەناڵێنێ. زۆربەیان باسی زاووزێ و مناڵە لەبارچووەکانیان دەکەن. ئانۆنزیاتا بەم زوویانە چاردەهەین مناڵی لەدایك دەبێ(لیدۆڤینا)تا ئێستا هەژدەمناڵی بووە. هەر یەکەم منداڵ دژوارە، باقێکەی بۆ خۆیان رێی هاتنەدەر دەبیننەوە. یەکێکی دیکەیان(ئانیناستراداۆنە)یە کە سکی دووگیانەو دەست بەسکیدا دێنێ و دەڵێ:

- ئەوەتا، سەری لێرەیە. لاقێکیان لێرەیەو ئەوی دیکەش ئا لەوێیە، ئەمەیان دەبێ کوڕبێ چوونکە لەقە دەهاوێ.

جێزیرا دەڵێ:

- کچێ خوادەزانێ. خوا بەپێی گووناحەکانمان دەگەڵمان دەکا. هەرئێش و ئازارێك، نیشانەی سزای تاوانەکانمانە.

پۆلە مناڵێکی نیوە رووت و قووڕاوی بە دەوری گولاوێکی چکۆلە یاری دەکەن کە بە ئاوی ئافۆرەی حەوزەکە دروست بووە و تاچاویان بە خاتوو(سینیۆرینا پاترین یانی) مامۆستای قووتابخانەکەیان نەکەوێ، دەست بەردار نابن.

ئافرەتەکان، زۆربەیان ئەو کاتانەی کە هەوا خۆشەو لەحاڵێکدا چاوەڕێی هاتنەوەی مێردەکانیانن، هەر لە کۆڵانی بەرماڵاندا شۆرباو بۆ شەوێ ساز دەکەن. سێکۆچکەیەك لەسەر کوانووی ئاگرەکە دادەنێن و مەنجەڵێکی مسی یان پووتێکی نەوتی پڕ دەکەن لە ئاو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و لەسەر سێ کوچکەکە دایدەنێن. لەگەڵ بووڵێڵەی ئێوارە(کریستینا) خان رۆن بۆ چرای مریەمی عووزرای میوانخانەکە دەهێنێ. ئێستا دۆنپائۆلۆ دەنگی ئاشنای ئەو کچە دەناسێتەوە کە بە دڵسۆزییەکی لەرادە بەدەر لە حاڵ و وەزعی ناسازییەکەی ئەو دەپرسێ و راسپاردەکانی خۆی سەبارەت بە شێوەی پەرەستاری کردن لەو و، ئامۆژگارییەکانی بۆ ماتالێنا، کە هەموو ئێوارەیەك وەبیری دێنێتەوە، دووپات دەکاتەوەو پاشان بەپەلە بەرەو ماڵ دەچێتەوە. هێشتا دۆن پائۆلۆ چاوی بە کریستینا نەکەوتووە بەڵام لە رێگای ماتالێناوە دەزانێ کە ئەو کچی تاقە بنەماڵە دەوڵەمەندەکەی پیتراسکایەو چەند ساڵان لە دەزگایەکی ئایینی کە ژنە راهیبەکان سەرپەرشتی دەکەن خوێندوویەتی و هەرئێستا خۆی ئامادە دەکا کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەزگایە تا بچێتە نێو ریزی ئەو ئافرەتانەی کە تۆبەکارن و لە دوونیا دەتارێن. دوکتور ساکاش پێشتر سەبارەت بەم کچە و ژیری و وریایی و ئەدەبەکەی قسەی بۆ کردووە. کریستینا لە ماڵێدا کاری زۆرەو بە تەنیایی بەسەر تەواوی کارو بارەکانی ماڵێدا رادەگاو، هاوکاری دایەگەورەی - کەلانی کەم سەدساڵ تەمەنیەتی- و باوك و دایکی و پووری دەکا کە بە نۆرەی خۆیان ئەوانیش بەساڵ دا چوون، لەوانەش دەرچێ برایەکی گەورەتری هەیە کە هەتا بڵێی لات و بێکارەیە، دەبێ بەویش رابگا. هەربەو تاریفانەو بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە قووتابخانەی ژنە تۆبەکارەکاندا دیتوویەتی و بەدەستی هێناوە، خەڵکی ئاوایی رێزێکی تایبەتی بۆ دادەنێن و ئەویش بە نۆرەی خۆی زۆر جاران ناچاربووە سەردانی ماڵە هەژارەکانی گوندەکەیان بکاو لەسەرەتایی ترین کارو بارەکانی ژیانیاندا رێنوێنیان بێ.

(کاسارولا) ژنە سێحربازی ئاوایی هاتووە بۆلای قەشە تاهێندێ لەو گرژوگیا دەرمانیانەی دەرخوارد بدات کە خۆی ئامادەی کردووەو بۆ نەخۆشی سینگ باشە، نەخۆشەکە داواکەی رەت دەکاتەوە. کاسارۆلا ژنێکی قیرسیچمە و لاسارە کە بەو لووتە پان و لێوە ئەستورانەوەی شێوەی قوولە زنجگییە رەشەکان دەداتەوە. لەبەر ئەوەیکە پاکی و دینداری خۆی باشتر بەقەشە سەلماندبێ، بەزمانی لاتینی دەست دەکا بەخوێندنەوەی دووعای دوورخستنەوەی جنۆکە و بەڵای شەیتان و پاشان دووگمەی سەرسینگی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەكاتەوەو نیشانە شانازییەكان و دەسبێح و ئەو مەدالیایانەی كە بەخۆیەوە هەڵواسیون پیشانی دەداو دەڵێ:

- خودا، هەر بەسەر چاكەكاندا فەرمان رەوایی دەكا نەك خراپەكان، دەنا بۆچی قەشەكان كاتێ بە تووشی نەخۆشییەكەوە دەبن خۆیان پێ چار ناكرێ؟ ئەی كاكی قەشە، پێم بڵێ بزانم، لەبەرچی لەبەر دەرگای خوای دڵۆڤان ناپارێیتەوە تا لەش ساغیت پێ ببەخشێتەوە و بەسەلامەتی هەستیتەوە؟

دۆن پائۆلۆ لە وڵامی ژنە سێحربازدا دەڵێ:

- برۆ ون بە لەبەر چاوم!

كچی ئانتۆنیای بەرگ درووی ناسازە. كاسارۆلا لێی راسپاردووە كە نەخۆشەكەی دەبێ هەموو بەیانیان پەرداخێ شەراب بخواتەوە. بەڵام دایكی پێی دەڵێ كە كچۆڵەكەی سێ ساڵانەیە.

- سێ ساڵانەیە؟ دەی باشە، كەوابوو ئێوارانیش پەرداخێكی دیكەی دەرخوارد بدە!

رۆژی سێ شەمۆ، كوڕە پاشە بەرەكەی(لێدۆڤینا) مردووەو ئێستا پاش هەژدە مناڵان تەنیا دووانی بۆ ماوەتەوە. رۆژی شەمۆ كچۆڵەكەی(كیارینا پاتاكا)كە نۆدانە مناڵی بووە مردووەو ئێستا هەر دوومناڵی هەیە. دوو مناڵی بەرمەمكانی دیكەش بە كۆخەرەشە مردوون و دایكەكانیان بە شین و شەپۆرەوە خەڵكی ئاواییان وەسەر خۆیان گێراوە. رۆژی سێ شەمۆ (ئانۆنزیاتا)كچێكی بووە و رۆژی پێنج شەمۆ (ئانیناسێترادۆنە)كوڕی بووە. ئەمانە ئەو وردە رووداوانەن كە لە ئاواییدا روویان داوە. هەموویان بە دوورو درێژی ئەم رووداوانە بۆ یەک باس دەكەن. (دۆن چیپێریانۆ) قەشەی پیری (لاما) كە (ماستێر ئابخێلۆ) بەدوایدا چوو بوو لە كاتێكی لەباردا گێشتوەتە ماڵی لیدۆڤینا تاكوو تەرمی مناڵەكەی(تەقدیس) بكا، بەڵام كاتێ (شەتاپ) بۆ كچە مردووەكەی (پاتاكا) لەدوای چووبوو دۆن چیپیریانۆ بۆ نەچوونەكەی بیانووی بۆ دۆزیبووەوەو وتووبووی:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- كاتێ مناڵەكان عەمری خودای دەكەن، یەك راست دەچنە(ئەعراف)و كەوابوو پێویست بە بەرێوە چوونی ئەم رێورەسمانە ناكات. لەراستیدا ئەم كارانە پێوەندی بەقەشەوە نییە.

تەدارەكی بەخاك سپاردنی تەرمی مناڵ ئەگەرچی قەشەشی لەسەر نەبێ كارێكی سادەیە. مناڵە مردووەكە بە ئافرەتێكی تەنیا دەسپێرن كەهەمیشە لە خزم و كەسەكانی مردووەكەیە و بەبێ ئەوەی كەسێكی تری لەگەڵدا بچێ، بەرەوگۆرستان هەڵی دەگرێ. ئافرەتەكە بە گورجی دەڕواو، هەر بەو توندو تۆڵییەی كە سەوەتەی میوەیەك لەسەرشان دادەنێ تابوتە بچكۆلانەكەی هەڵدەگرێ. كورە چكۆلەكەی لیدۆڤینا بە(ماریتا)ی پووری دا رەوانەی گۆرستان دەكەن. لەبەر ئەوەیكە قەشەش لەپەنای مردووەكەدا ئامادە بووە، دایكی داوای دەستەی مووزیكیشی كردووە كە بەدرەقەیان بكا. بەم جۆرە سەرتا ماریتا ، تابووتە چكۆلەكەی لەبان سەری داناوەو لە پێشیانەوە دەروا، لەپشت سەریەوە دۆن چیپێریانۆ كە بە بەرگی قەشایەتی و شاڵی سەر شانانی رازاوەتەوە، لەگەڵ سێ مووسیقاژەنی – شەیپوورو وقەرەنەیو ترۆمبۆن- دەڕۆن. هەر پێنج كەسەكان بە هەنگاوی وردو بە هاوئاهەنگی، هێدی هێدی بە ریتمی موزیكەكە بەرێدا دەڕۆن و بەیتێكی كۆن دەخوێننەوە: كە هی سەردەمی پێش شەرەو بەم بەندانە دەست پێ دەكا، (كاتێ بڵالووكەكان پێ بگەن، ئەی كچی مانگ من پێت دەڵێم...) پاش بەخاك سپاردنی مناڵەكە، ماریتا لە هەر چوار پیاوەكانی گێراوەتەوە و لە ماڵێدا شەرابیان دەداتێ.

قەشەی لاما لەسەریەتی كە وڵامدەری تەواوی نیازەكانی ئایینی خەڵكی پیتراسكا بێ و هەر لە غووسڵی (تەعمیدە)وە بگرە تا مارەیی و كفن ودفنی مردووەكان و هەروەها گوێ بیستی دان پیاهێنانەكانیان بێ.ئەو دەبی بە دەستی تەنیاَ بەسەر هەموویان دا رابگا، بەڵام بەرە بەرە كە بەساڵدا دەچێ كەمتر خۆی لەو كارانە دەگەیەنێ.

بەخۆشییەوە لەگوندە كوێستان نشینەكان رێو رەسمی غوسڵی تەعمیدو مارەیی و بەخاك سپاردنی مردووەكان رۆژێكی تایبەتیان بۆ دیاری كراوە. بۆ وێنە مارەیی بڕان لە مانگی رەزبەر و سەرماوەزدا بەرێوە دەچن. لەنێوان مانگی گوڵان و جۆزەردانیشدا زاوو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زووەكان چاوەروان دەكرێن. ئەمەش شێوەیەك یاساو رێسای داسەپاوە كە كەمتر كەسێك دەتوانێ لە ژێریان دەرچێ. سەرئەنجام هێندێ لە منالەكان چەند مانگ دوای لە دایك بوونیان دەمرن وەك بڵێی رەشەكووژییەكی تایبەت بە نەسیبی ئەو كۆرپە بەستەزمانانە دەبێ...

(تێرێزا شیارافا) ش سكی هەیەو شەوێ لە خەونیدا دەبینێ كە منالەكەی بە كوێری لە دایك بووە. ژنەی بەستەزمان هاتووە بۆلای دۆن پائۆلۆ و لە سەرچۆكان لەبەر قەرەوێڵەكەیدا كەوتووەو بۆی دەگێرێتەوە:

- لەخەونمدا دیتم ئەو منالەی كە لە سكم دایە بە كوێری لەدایك دەبێ وجگە لە ئێوە، ئەی قەشەی مێهرەبان، كەس شک نابەم كە فریای كەوێ.

قەشە لەولام دا دەڵێ:

- ئەی ئافرەتە هەژارەكە، زۆر بەداخم، لەبەر ئەوەیكە من سەر بەم قەشە نشینە نیم.

ئافرەتەكە لە گابۆری گریان دەداو بە نالەو سكالاوە دەڵێ:

- نامەوێ منالەكەم كوێر بێ. بۆ دەبێ خەڵكی ببینن و ئەو نەبینێ؟

دۆن پائۆلۆ هەوڵ دەدا ئەو ژنە لەو بیرو خەیالاتە وەرگەرێنێ، بەلام بێ ئاكام دەبێ.

ئافرەتەكە دەڵێ:

- خەونم پێوە دیوە. هەربەو دووچاوانەی خۆم دیتوومە. ئەگەر فریام نەكەون منالەكەم بە كوێری لەدایك دەبێ.

ئەو ئافرەتە بە تەمای گەرانەوە نییە. دۆن پائۆلۆ باش دەزانێ كە ئەگەر بێت و سەبارەت بەم ئافرەتە كارێك بكاو بەتایبەت ئامادە بێ كە دووعای بەسەردا بخوێنێ یان بۆ تاراندی جنۆكەو شەیتانەكان نووشتوویەكی بۆ بنوسێ، دەست بەجێ تەواوی خەڵكی ئاوایی وەسەر دەگەرێ و داوای یارمەتیدان و مۆجیزە و وەرگرتنی راو بۆ چوونی لێ دەكەن و ئەودەم ئیتر ناتوانێ گوێ بە ویستەكانیان نەدات. دەنا هەموویان پێی دەڵێن: (وەك چۆن توانیوتە یارمەتی تێرێزا بدەی دەتوانی یارمەتی ئێمەش بدەی ) ئەم كارە جگە لەوەی لایەنی ئەكتەریو شانۆگەری بەخۆیەوە دەگرێ، رەنگە سەرنجی پایەبەرزانی ئاسایش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆلای خۆی راکێشێ، بە چەشنێ کە رەنگە بیناسنەوەو دەمامکی لەسەر و روو هەڵماڵن. هەربۆیە هەرا لە ماتالێنا دەکاو دەڵێ:

- تکایە بەزمانی خۆش یان بەزۆری ئەم ئافرەتە لە ژوورەکەم دەرکە. ئەو هەر خەونێکی دیتبێ پێوەندی بە دونیای منەوە نییە.

بەڵام تێرێزا بە قەڵسییەوە رادەپەرێ و بەقیژە قیژو هاوارەوە دەڵێ:

- بۆ دەبێ منداڵەکەم کوێر بێ؟ خۆ دەبێ کەسێك غیرەتی لە خۆی پیشان بدا و هۆکاری ئەم سزادانەم بۆ روون کاتەوە! لەبەرچی منداڵەکەی من دەبێ بە کوێری لە دایك بێ! بۆ دەبێ منداڵەکانی دیکە بیناییان هەبێ و ئەو لێی بێ بەش بێ؟

تێرێزا چاوەڕێی وڵامە بەڵام دۆن پائۆلۆ بەهیچ جۆرێ ئامادە نابێ خۆی لەو کێشەیە وەربدات. دیسان تێرێزا لەسەر چۆکان دەکەوێ و روومەتی لە عەرزی دەخشێنێ، سەربە عەرزیدا دەداو، هۆن هۆن پرچەکانی دەرنێ ، فرمێسك دەرێژێ و بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆی دەدوێ:

- بۆ دەبێ ئەو کوێر بێ؟ بۆ؟ ئاخر پێم بڵێن بۆ؟ من دەمەوێ هۆی ئەم کارە بزانم. منداڵی خەڵکی ببین و ئەو نەبینێ! منداڵان بچنە قووتابخانەو ئەو نەچێ! دزی لێ بکەن و ئەو بەخۆی نەزانێ! گاڵتەی پێ بکەن و ئەو نەبینێ! و کاتێ گەورەش بێ هیچ کچێك ئامادە نابێ شووی پێ بکا؟

پاشان هەڵدەستێ و لەنەکاو هێمن دەبێتەوە، ئەو جار دەڵێ:

- ئێستا دەزانم چی بکەم! دەرۆم و خۆم لەو پەنجەرەوە بەردەدەمەخوارێ با ئەویش لەگەڵ من بمرێ.

ئافرەتەکە دەچێتە بەر پەنجەرەکە. ئەو هەست و خێراییەی، پیاو لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە رەنگە مەبەستەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ. ئێستا ئافرەتەکە خۆی هاویشتووەتە سەر نەردەی پەنجەرەکە، کە لە پڕ هاواری قەشە ئەو رادەگرێ:

- زۆر باشە، هەرچیت دەوێ بۆت بە ئەنجام دەگەیەنم. پێم بڵێ کە دەبێ چی بکەم؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ماتالینا دەچێ بۆ وەرگرتنی کلیلی کلیسا کە بە بنەماڵەی کولا مارتینی سپێردراوە و لەولاڕا بە پەرداخێ ئاوی مووتفەرك دەگەڕێتەوە کە لە کلیسای هێناوە. تێرێزا سکە هەڵمساوەکەی خۆی لەقەشە نێزیك دەخاتەوەو دەڵێ:

- دەبێ سەری مناڵەکەم لێرە و چاوەکانیشی ئالەوێ بێ!

قەشە لە سەرزگی تێریزاو لەو شوێنەی بۆی دیاری کراوە هێمای دووخاچ دەکێشێتەوە، هەرکامەی بۆیەکێ لەچاوەکانی مناڵەکە و بەرواڵەت لێوەکانی دەبزوێنێ وەك ئەوەی دووعای بۆ بخوێنێ. ئافرەتەکە شاد و ڕەزامەندانە هاوار دەکا:

- ئێستا ئیتر مناڵەکەم چاك بووەتەوە، ئیتر نەقووستان نابێ.

ژنە دەڕوا و دوای ماوەیەك بە مریشکێکی سەربڕاوەوە دەگەڕێتەوە. دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- من ناتوانم لێت وەربگرم. لە هەرێمی ئێمەدا، قەشەکان بۆیان نییە پێشکەشی وەربگرن.

ژنە بەزۆری لێ کردنەوە دەڵێ:

- ئاوا بێ هوودەیە. ئەگەر ئێوە ئەم مریشکەم لێ وەرنەگرن دووعاکەتان کاریگەر نابێ و مناڵەکەم بە کوێری لەدایك دەبێ.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- کەس بۆی نییە پاداشی ڕەحمەت و بەخشەندەیی خوا بداتەوە.

ژنە بەرمخنەوە دەڵێ:

- وانییە، ڕەحمەت بە پاداشیشەوە هەیە.

قووربانی کەفارەی گوناحەکەی لەسەر مێزەکەدا بەجێ دێڵێ و وەدوای کاری خۆی دەکەوێ.

سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەمۆ پۆلە ئافرەتێك، پێیەوەن بۆ نوێژی مس بچن بۆ لاما. شاڵی ڕەشیان بەشاندا داوەو دەسرەیەکی ڕەشیان لەسەر بەستووە، لەبەر ئەوەیکە نابێ پرچیان بەدەرەوە بێ، چوونکە حەرامە و، پێڵاو و گۆرەوی ڕەشیشیان لەپێ کردووە. دۆن پائۆلۆ لە پشت پەنجەرەوە سەیری چوون و گەڕانەوەیان دەکا. ئەوانەی بەساڵداچووتزن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەسبێح بەدەست بەرێدا دەڕۆن و بە ئارامی دەنکە دەنکی مووروووەکانی بەسەر قامکان دەگێڕن.

ئێوارە رۆژی یەك شەمۆ، کیژۆڵەیەك بەگارییەکەی ماگاشیا کەباری خوێو تووتن دەهێنێ لە گوندی فووسادی مارسی ڕاهاتووە بۆ پیتراسکا. ماگاشیا رێگەی پیشان دەداو دەڵێ:

- میوانخانەکە لەوێیە، بەدەستی راستەدا، بەر لەوەی بگەیتە بەپردەکە.

کیژۆڵکە، بووخچە بەدەست، وەژووری نێو میوانخانەکە دەکەوێ و لە ماتالێنا دەپرسێ:

- کەسێك بەناوی دۆن پائۆلۆ لێرەدا ژووری گرتووە؟

ماتالێنا لەحاست قەشەکەی خۆیدا هێندێ قڕنیسەو بەرلەوەی وڵامی کچە بێگانەکە بداتەوە دەیهەوێ بزانێ چ باسەو چی لێ دەوێ. بۆیە دەپرسێ:

- چ ئیشێکت پێیەتی؟

- ئەو منی لەپێچاڵی مەرگ رزگار کردووە و دەمەوێ سپاسی لێ بکەم.

ماتالێنا لە وڵامدا دەڵێ:

- ئەو دۆن پائۆلۆیەی کە لێرەدا ژووری گرتووە دوکتور نییە قەشەیە.

کیژەکە دەڵێ:

- لەراستیدا ئەو نەك هەر دوکتور نییە بەڵکوو رەنگە قەشەش نەبێ، رەنگە یەکێک بێ لەپیاو چاکان. من لەسەرەمەرگا بووم، ئەو لەرێوەهات، چاوێکی لێ کردم و دەستێکی لە دەستم داو ئێستاش کە دەم بینی وا زیندووم و لەمەرگ رزگاریم هاتووە.

تا بە ئێستا ماتالێنا فیزی بەوە دەکرد کە لە میوانخانەکەیدا قەشەیەکی میوانە کە سەر بە قەشەنشینێکی ترە بەڵام تۆ وای دانێ کە ئەم قەشەیە لەپیاو چاکە راستەقینەکان بێ و مۆجیزەش بکا. ئەم بیرۆکەیە بەجارێ دەیهارووژێنێ و لەبەر ئەوەیکە وا بنوێنێ کە بێ خەبەر لەم بابەتە نەبووە، دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بەڵێ وایە، ئەولە پیاوچاکە راستەقینەکانەو لێرەدا وەك رۆحانییەکی پیرۆز، وەك پیاوێکی خوا ناس خەریکی نوێژو رۆژو تەلیلە کردنە.

ئەو جار کچە فووساییەکە ورەیەکی زیاتر وەبەر خۆی دەدات و دەڵێ:

- رەنگە پیاوچاکانیش پلە بەرزتر بێ. ناکا حەزرەتی مەسیح بێ؟

ئیتر ماتالێنا لەوەزیاتر ناتوانێ خۆی لەسەرپێ راگرێ، لەسەر کوورسییەك دادەنیشێ و بەهێواشی دەڵێ:

- ناکا تۆش شێت بی؟ لە کوێ ئەم بیرەت بەمێشکدا هاتووە کە رەنگە ئەو خودی حەزرەتی عیسا بێ؟ باشە، بۆ دەبێ حەزرەتی عیسا راست لە میوانخانەکەی مندا دابەزی بێ؟ مەگەر ئەو لە ئاسمانان و لەسەر دەستی بابی دانەنیشتووە؟

ماتالێنا بۆیە بەهێواشی قسان دەکا لەبەر ئەوەیکە قەشە لە قاتی یەکەمدا ژووری گرتووە، ئەگەر بەراستی عیسا بێ گوێی لە قسە گوماناوییەکانی نەبێ.

کچە فووساییەکە لە وڵام دا دەڵێ:

- ئەمە یەکم جار نییە کە عیسا لە کاتی نازل بوونی بۆ سەر عەرز و دیتنی باری ژیانی لێقەوماو و چەوساوەکان خۆی لە بەرگێکی دیکەدا نەگۆڕی بێ.

پاشان بە دەنگێکی نەوی کە بە دژواری دەبیسرێ ئەمەشی پێوە زیا دەکا:

- تۆ سەیری دەست و لاقیت کردووە کە بزانی کونە؟ ئەمە دڵنیاترین نیشانەیەکە کە ئێمە بتوانین ئەوی پێ بیناسینەوە. ئەگەر ئەو بیهەوێ لە هەر بەرگێکدا خۆی بشارێتەوەو، ئەگەر بەراستی خودی عیسا بێ - حەتمەن ناتوانێ جێ برینی دەمە بزمارەکانی بشارێتەوە کە بەخاچیان داکردبوو.

هەردوو ئافرەتەکان بێ دەنگ دەبن. شێوی قەشە کە بریتییە لە دوو هێلکە و هێندێ سالادی کاهوو، لەسەر مێزەکە ئامادەیە.

بەبوونی ئەم چێشتە کەمە ماتالێنا لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕێ. دووهێلکە و سالادێکی کاهوو بۆ تاقە کوڕە ئاسمانییەکەی خوا، بەراستی جێی شەرمەزارییە. لانی کەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبوایە مریشکێکی بۆ سەر دە بڕی (لانی کەم!) بەڵام ئەگەر هەو نەبوو چی؟ ماتالێنا لەتاو گوومان و دوودڵی کردن ئازار دەکێشێ، دەپرسێ:

- ئاخر تۆ بە چدا دەزانی کە ڕەنگە ئەو عیسا بێ؟ چۆن ئەم بیرە لەسەری داوی؟ ڕاستییەکەم پێ بڵێ. ئایا تۆ شێت نیت؟

کچەکە لە وڵام دا دەڵێ:

- من ئەوم لە دەنگیرا ناسییەوە. کاتێ خۆی پیشان دام دەستی گرتم و وتی: (کچی خۆم مەترسە، من لە هەموو شتێ ئاگادارم.) و ئەودەم هەستم کرد کە ئەم دەنگە دەنگی مرۆڤ نییە. من مرۆڤەکان دەناسم. ئەوان بەو شێوەیە قسان ناکەن. مامێکم هەیە کە قەشەی فووسایە ئەو بەو شێوەیە نادوێ.

ماتالێنا دەپرسێ:

- باشە، بڵێ بزانم، ئەگەر بەڕاستی ئەو حەزرەتی عیسا بێ چی بکەین؟ پێویست دەکا ژاندارمەکان ئاگادار بکەینەوە؟

لەبەر دەرگای میوانخانەکەدا کۆمەڵێ ڕێسای دیاری کراویان بۆ خاوەن میوانخانەکان نووسیوە کە دەبێ بەپێی ئەو ڕێسایانە بجووڵێنەوە، بەڵام لەودا سەبارەت بەهاتنی عیسا پێش بینی نەکراوە. ئەو دوو ئافرەتە لەسەر نووکی پێ لەحاڵێکا هەناسەیان لەسینەدا ڕاگرتووە، لە پلیکانەکان وەسەر دەکەون. لەدەرگا دەدەن. کەس وڵامیان ناداتەوە. دەرگاکە دەکەنەوە بەڵام هۆدەکە کەسی تێدا نییە. ماتالێنا هەست دەکا کە وەختە دڵی ڕاوەستێ. هێواش دەڵێ:

- ئەو غەیب بووە! غەیب بووە!

پیاوێکی ئاساییش کە لە میوانخانەکە داگەرابێ، ئەگەر نەشی هەوێ پارە بدا ناتوانێ بەوشێوەیە بزربێ و وەك دووکەڵ بەرەو ئاسمان هەڵکشێ. هەردوو ئافرەتەکە بەترسەوە سەیری یەکتر دەکەن. لەو کاتەدا دەنگی کۆخەیەك لەلای باغچەکەڕا بە گوێیان دەگات. هەردووکیان بەرەو ئاراستەی دەنگەکە هەڵدێن. دۆن پائۆلۆ لەبن دار هەنجیرێکا دانیشتووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێ جووڵەیەو ڕەنگی وەك مردووان سپی هەڵگەڕاوە. دار هەنجیرەکە وشك بووەو لەمێژساڵە مەحکووم بەبرینەوەو لەسۆبەخستنە.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- ئیش تان بەمن بوو؟

ئافرەتەکان بەترس و لەرزەوە لێی نێزیك دەبنەوەو کچەکە دەڵێ:

- من بیان کینام. بیان کینا جیراسوولە خەڵکی فووسادی مارسی و برازای بێرەنیچەم. من لە گیانەڵادا بووم، کەس بە هیوام نەبوو. ئەو دەم کەسێك هات، کەسێ کە قەتم نەدیبوو. ئەو کەسە بەدەستی خۆی دەستی گرتم و نەجاتی دام.

دیسان دۆن پائۆلۆ دەکۆخێتەوە. ڕۆژ ئاوا بووە. تاپۆی شەو لەبن دەراوەکەڕا هەڵدەکشێ. قەشە هەڵدەستێ. ئەو دووئافرەتە ژێر باڵی دەگرن وتا ژوورەکەی خۆی دەبەنەوە. ئەمجار قەشە بەماتالێنا دەڵێ:

- ئێستا ئیتر تۆ دەتوانی بڕۆی.

دۆن پائۆلۆ هیلاکە و لەسەر قەرەوێڵکەی رادەکشێ. بیان کینا لەبەر دەرگاکە دادەنیشێ. پاشان وورەیەك وەبەر خۆی دەدات و دەڵێ:

- بێنە با بەری دەستت ببینم.

دۆن پائۆلۆ بەزەردە خەنەیەکەوە دەڵێ:

- دەتەوێ لەدوا ڕۆژم ئاگادارم بکەیتەوە؟

بیان کینا بەوردییەوە سەیری دەستەکانی قەشە دەکا. هیچ شوێنەوارێکی برین یان رووشاییەکی پێوە دیار نییە. کەوابوو ئەو عیسا نییە. پیاوچاکە بەڵام عیسا نییە... بیان کینا پەشێو و دڵ شکاو بێ دەنگ دەبێ. دوای ماوەیەك دەست دەکا بە گێرانەوە:

پوورم بێرەنیچە، لە ماڵێ وەدەری ناوم. ئیتر منی ناوێ.

قەشە دەپرسێ:

- لەبەرچی ؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بیان کینا بەشوێن کۆمەڵێ وشەیەکدا دەگەڕێ کە بتوانێ مەبەستەکەی پێ بەیان بکات، پاشان دەڵێ:

- لەبەر ئەوەی کە من لایەنگری ئازادیم، بەڵام پوورم دژی ئازادییە. بێ گوومان ئێوەش لەبەر ئەوەیکە لە ریزی پیاو چاکان دان دەبێ دژی ئازادی بن...

دۆن پائۆلۆ قسەکەی لێ دەبڕێ و دەڵێ:

- نا، من پیاوچاك نیم ولایەنگری ئازادیم.

رواڵەتی بیان کینا وا دەردەخا کە بڕوای نییە بە قسەکانی قەشە.

ئەم بابەتە هێندە پربایەخە کە ئەو کچە ئامادە نابێ هەروا بەسادەیی وازی لێ بێنێ. هەربۆیە بەدڵ گەرمییەوە نیگەرانییەکانی خۆی دەردەبڕێ و دەپرسێ:

- ئەگەر ئێوە قەشەکان لایەنگری لە ئازادی دەکەن، ئەی بۆ کلیسا ئێمە لە ئاگری جەهەندەم دەترسێنێ؟ لەبەرچی ئەوین و دەست بازی حەرام کراوە؟

قەشە وڵام ناداتەوە بەڵام بیان کینا دەست هەڵناگرێ:

- راستە دەڵێن عیسا تووڕە دەبێ کاتێ لەگەڵ پیاوێکدا خۆشەویستیم هەبێ؟ بۆچی تووڕە دەبێ؟ کێ پێی دەڵێ کە تووڕە ببێ؟

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- باشتر وایە ئەم باسە بگۆڕین.

بیان کینا بە پێکەنینەوە قانع دەبێ:

- چۆن حەزدەکەن وا دەکەین بەڵام بەراستی دەست بازی کردن لەگەڵ پیاو هێندە خۆشە کە گوومان ناکەم لەوە باشتر پیاو بتوانێ کارێکی تر بکا. بە بڕوای تۆش وانییە؟

قەشە لە وڵامدا دەڵێ:

- گوێ راگرە بیان کینا بەراستی زۆر بەداخم کە سەر بەم قەشە نشینە نیم.

بیان کینا دیسان لەقاقای پێ کەنین دەدات. رووخسارە بارێك و کێشراوەکەی ئەگەر لە قابغی چوارگۆشەی سەردیوارەکاندابێ جوان تر دەر دەکەوێ. رەنگە گەردنی هێندێ بارێك بێ بەڵام لێوەکانی سوورن وزاریشی گەورەیە، بەتایبەت کاتێ پێدەکەنی هەربە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

راستی گەورەیە. (خۆشی دەبێ بەخۆی بزانێ کەچی هەروا پێدەکەنێ) گوێچکەکانی چکۆلەن. بە جووڵەیەکی ناشیاو و مناڵانە گویچکەکانی بەجووتێ گێلاس دەرازێنێتەوەو دیسان پێدەکەنێتەوە. پاشان لەنەکاو قیافەیەکی شێلگیرانە بەخۆی دەدات و بەقەشە دەڵێ:

- نەکەی سەبارەت بەمن خراپ بیر بکەیتەوە.

بەراستیش ئەو چەتیوە لەژێر کراسەکەیدا تەسپێحێکی لەمل کردووە کە وێنەی مریەمەی عوزرای پیاهەڵواسیوە. دۆن پائۆلۆ پاش ساڵانێکی دوورو درێژ کە بە سەڵتی و زگورتی بەسەری بردووە، بەدیتنی ئەو دوو لیمۆ ترش و ناسکانە کە بەرهەمی ناوچەکەیەتی هەست دەکا کە دڵی بە توندی لێ دەدات. مەخابن و سەد مەخابن کە ناچارەو دەبێ لایەنی قاییم کارییەکەی بپارێزێ.

- پێت وا نەبێ کە درۆت لەگەڵ دەکەم. من لایەنگری ئازادیم بەڵام لایەنگری لە ئاینیش دەکەم. ئێمە هەرچییەکمان هەیە لەخوا وەیە. خوا مرۆڤی لە دوو نیوە پێك هێناوە: ژن و پیاو. تۆ بیری لێ بکەوە ئەگەر خوا بۆ نموونە لێی تێك چووبایەو بەهەڵە تەنیا پیاوی دروست دەکرد یان ئافرەتی دروست دەکرد چی رووی دەدا؟ خوا تۆبە، قۆڕیاتێك دروست دەبوو کە بۆ گێرانەوە نابێ.

بیان کینا هێمای خاچ دەکێشێتەوە. بوخچە چکۆلەکەشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. قەشە دەپرسێ:

- بۆخچەکەت چی تێدایە؟

کچەکە لە وڵامدا دەڵێ:

- گشت هەست و نیستم.

بوخچەکەی لەسەر ئەژنۆی دادەنێ، دەیکاتەوەو ئەوەی تێیدایە پێی نیشان دەدات. دەرزەنێک فنجانی قاوە کە لەچینی بەدەڵ دروست کراوەو دەستە دەسماڵێك کە بەخامە دووراوە. قەشە دەڵێ:

- خۆ ئەمانە هیچ نین. ناتوانی بەم شتانەوە سەربەخۆ بژیت.

کچە لاوەکە بە دڵ شکاوییەوە وڵام دەداتەوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئاخر من تازە پێ دەگەم. لەوەش دەرچێ خۆ پیاوێکی رۆحانی وەك ئێوە نابێ هێندە ماڵ پەرست بێ.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- دەی، ئێستا کە پوورت لە ماڵێ دەری کردووی بەتەمای چ بکەی؟

- دەمەویست کە ئێوە رێ نوێنیم بکەن. من دەتوانم چ بکەم؟ شارەزاییم لە هیچ کارێکا نییە، ئەگەر بمەوێ گۆرەوی بچنم لەسەر گرێکانی تووشی هەڵە دەبم. ئەگەربمەوێ بەرگ دووری بکەم ئەنگووستم دەرزی تێ رادەچێ. ئەگەر بمەوێ باغەوانی بکەم پێمەرە لە پێم دەکوتم. خووشکە تۆبەکارەکانی نێو پەرستگەکەمان هەر فێری چێشت لێ نان و گوڵدۆزییان کردووم و سروودی(گریگووری‌یان) پێ خوێندووم. لەدەستیشم نایەت بچمە (کافەکۆنسێرتێك) و توانای خوێندنەوەی بەیتی (مێگنیفیکا)و (سالۆرێژنیام) نییە.

بیان کینا بەنووکە نووکەوە دەگری. دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- جارێ لەدوا رۆژان گەڕێ. پێم بڵێ بزانم ئەم شەو بە تەمای لەکوێ بخەوی و سبەی ودووسبەی چی دەکەی؟ مەبەستم لەوەیە کە خۆناکرێ لەژوورەکەی مندا بمێنیتەوە.

شین و شەپۆری بیان کینا دوو بەرابەر دەبێ و لەو حاڵەدا دەڵێ:

- ئەمە کەی قارەمانەتییە، پیاو کەسێك لە مەرگ رزگار دەکاو پاشان لە ماڵەکەی خۆی وەدەری بنێ! بۆ لێم نەگەرای هەر لەو شوێنەدا گیانم دەرچێ؟ دەبوایە لێت گەرابام تا دەمردم. بەراستی بۆ پیاوێکی رۆحانی جێی شەرمە کە ئاوا بێ.

دۆن پائۆلۆ لەرووی کچەکەدا دەڵێ:

- ئەگەر هەروا بگری لووتت وەك تەماتە سوور هەڵدەگەرێ.

بیان کینا گریانەکەی رادەگرێ و دوای ماوەیەك دەڵێ:

- یەکێ لە ئاواڵە دێرینەکانی سەردەمی دواناوەندیم لە پیتراسکایە و ناوی(کریستینا کولامارتینیە). ئەویش کچێکی خوا پرستە، بەڵام ئەم شتە نابێتە هۆی ئەوەیکە یارمەتی من نەدا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا رێک کاتی ئەوە هاتووە کە کریستینا رۆن بۆ چراکەی مریەمی عوزرای ماتالینا بێنێ. ماتالینا ئەوی لە هاتنی بیان کینا ئاگادار کردوەتەوەو کریستینا لەبەر دەرگای هۆدەکەرا - کە هەروا ئاوەڵایە- دێتە ژووری. بیان کینا بە پەلە خۆی بە گەردنی کریستینادا هەڵدەواسێ و، لێی رادەمووسێ و هێندەی نەوازیشت دەکا کە لە کوتن نایەت. ئەم هەست و سۆز دەربرینە لەگەڵ لاتاو و قسە گاڵتە ئامێزەکان و زیقە زیقدا تێکەڵ دەبێ.

ماتا لینا ئەسکەملەیەکی دیکە دەهێنێ و ئیتر کریستینا دەتوانێ دانیشێ و دەستێ بە سەرو رووە ئاڵۆزاوەکەیدا بێنێ و رێك و پێکی بکاتەوە. دۆن پائۆلۆ تا بە ئەو کات هەر دەنگی ئەوی بیستبوو بەڵام هەر ئەو دەمەیش هەستی دەکرد کە دەبێ ئەندامی ئەو کیژە لەسەر تا بە پێی پڕ لە رێزو پاکی و جوانی بێ. ئێستا دەبینێ کە کریستینا زۆر سەیر شێوەی یەکێ لە کچەمامەکانی دەداتەوە کە لە منالّیدا ئاواڵ کایەی ئەو بووە. روخسارێکی باریك و لاوازی هەیە کە وەك بڵێی لە ناخەوە هەڵقرچاوە و تواوەتەوە. روخسارێك لە تیپی رەگەزە کەو ناراکان، کە پڕ لە ناهومێدییەکی نادیارە و بەئاگایە لە حاست بێ هوودە بوونی شتە لاوەکییەکان. ئەو کیژە گەنجە لە بەرگی ئەوکچانەی لەبەردایە کە لە دواناوەندی ئایینی (پاسیۆن)دا لەبەری دەکەن. یانی پێش بەندێکی رەشی بەستووە کە گەردن و سەرقۆڵەکانی بەدوگمە دا دەخرێن. بسکەکانی رەشێکی قەترانین کە لە ناوەندی سەریەوە بەشێوەیەکی نارێك قاش کراوە و، لەسەر بناگوێکانیەوە شەپۆلێکی ئارام دەداتەوەو پاشان وەك پەرچەمێ لەسەر سەری کۆبوونەتەوە.

کریستینا سڵاوێك لەقەشە دەکات و دەڵێ:

- هەر ئێستا لە ماڵی خۆمان، پاش تەواوبوونی نوێژ وەك هەموو شەوەکانی تر لەبەر خوا پاراینەوە کە بەم زووانە چاك ببنەوە.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- بۆ چاك بوونەوەی من؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- شەوێکیان باوکم، کاتێ هاتەوە بۆ ماڵێ، پێی  راگەیاندین کە قەشەیەکی غەریب هاتووە بۆ پیتراسکا بۆ پشوودان لەبەر ئەوەیکە باری لەش ساغییەکەی چاک بێتەوە، پاشان بە ئێمەی وت کە با تێکڕا دووعای بۆ بکەین بەڵکوو ئاو و هەوای ئێرەی پێ بکەوێ.

بیان کینا دەپرسێ:

- سەیرە؟ ئێوە هێشتا یەکترتان نەناسییوە؟ کریستینا یەکەم کەسێکە کە خۆشم ویستووە. ئێمە سێ ساڵان لە یەك دواناوەندی ئایینیدا خوێندوومانە. ئەو لەزیرەکیاندا قووتابی یەکەمی پۆلەکەمان بوو و منیش لەئاخرەوە یەکەم قووتابی بووم و، هەر بەم هۆیەش زۆرمان یەکتر خۆش دەویست.

پاشان دیسان بیان کینا دەڵێتەوە:

- لەماوەی ژیان دا هەمیشە چەند ساتێ بۆ مرۆڤ دەرەخسێ کە بگەڕێتەوە بۆ دوونیای ئەوینە سەرەتاییەکانی. هیچ دەزانن مامۆستاکەمان چ نازناوێکی بە کریستینا دابوو؟ ئەوی بەناوی (مادمووزاڵ موززیك) بانگ دەکرد.کریستینا هێندەی حەز لە مووسیقا بوو کە من ئیرەییم پێ دەبرد.

دۆن پائۆلۆ لەحاڵێکا داڵغەی لێداوە سەیری کریستینا دەکات. روخساری ئەو کچە تازە پێگێشتووە و دەستەکانی وەك رەنگی گوڵە باغە سپییەکان رەنگ پەریو و بێ خوێنن.

بیان کینا درێژە بەقسەکانی دەداتەوە:

- ماگاشیا پێی وتوو بووم کە تۆ ئێستاش هەر لەپیتراسکای. راستییەکەت بوێ ئەم بابەتە بووە هۆی خۆشحاڵی من، چوونکە بەم جۆرە تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی، بەڵام لەلایەکی ترەوە جێی داخە کە کیژێکی وەك تۆ لەم کاوولّ بووەدا بمێنێتەوە. (مادموزاڵ مووزیك) دەبێ مامۆستای فێرگەیەکی مووسقا، یان لانی کەم راهیبەی (پەرستگەیەکی)گەورەی ژنە تۆبەکارەکان بێ.

دۆن پائۆلۆ داوای لێ بووردن دەکاو لەبەر ئەوەیکە مزاحمی کچەکان نەبێ، کتێبی دووعاکەی دەکاتەوە. کریستینا هێشتا مەجالی قسە کردنی نەدراوەتێ و چاوەرێی بیان کینایە بەڵکوو پشوویەك لە قسەکانیدا پەیدا ببێ. ئەو جار دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئەوانی دیکە چییان لێ بەسەر هاتووە؟ (ئینکۆرا ناتا)چی دەکا؟

بیان کینا لە وڵامدا دەڵێ:

- ئینکۆراناتا بروانامەی مامۆستایەتییەکەی وەرگرتووە بەڵام هێشتا دانەمەزراوە. لە دوایین کوونکووری (1)هەرێمیدا سەدو هەشت کەس خۆیان ناونووس کردبوو بۆ پاڵاوتنی ژمارەیەکی کەم بۆ مامۆستایەتی، کە پێویست بوو بەسەر دوازدە ناوچەی بەتاڵ دا دابەش بکرێن. ئینکۆراناتا هەوڵێکی زۆریداو تەنانەت دەستی لەگەڵ شۆفێری ماشینەکەی پارێزگاریشدا تێکەڵ کردبوو بەڵام بەم جۆرەش پیشەیەکی دەست نەکەوت تا دابمەزرێ. قەرار بوو مێرد بە جێگری مووختاری فووسا بکا بەڵام لە شەوی زەماوەندەکەیان بۆی دەرکەوت کە دەزگیرانەکەی لە بنەوە نێوانی لەگەڵ خووشکیدا خۆش کردووە. بۆیە زەماوەندەکەیان  هەڵ وەشایەوە. لەوەش دەرچێ ئەو جێگرە زۆڵەی کە باسمان کرد لەو حەرامزادانەی رۆژگارە، چوونکە بەتەما بوو دەستێکی خێر بەسەر منیشدا بێنێ.

دیارە خوڵق و خووی مشتەرییە ئەسڵ و تایبەتەکانی میوانخانەی تۆرۆنسۆل کاری کردوەتە سەر شێوەی قسەکردنەکانی بیان کینا. کریستینا لە توانایدا نییە نارەحەتییەکەی خۆی و، بەتایبەت قسە بێ پەرواکانی بیان کینا - ئەویش لەبەرچاوی قەشەیەکدا، بشارێتەوە. بەڵام دۆن پائۆلۆ بەروالەت سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبە دووعاکەیەتی و وەك بڵێی فری بەسەر ئەو قسانەشەوە نییە.

کریستینا دەپرسێ:

- (ئانیتا پیترانجیلی)چی دەکا؟

- ئانیتاکەی خەڵکی ئاکوافێرەدا، دەڵێی؟ ئەو بەستەزمانە باوکی مرد. ئێستا حەتمەن هەژاریو چارە رەشی  خۆیبە سەرئەو ماڵەدا کێشاوە. دایکی رێی پێ نادا بۆ دیتنەوەی ئێش بگەڕێ، لەبەر ئەوەیکە سەردانی داییرەکان شیاوی بنەماڵەی ئەوان نییە. شەرەف و

---

[1] **کونکوور شێوە تاقی کارییەکە کە بۆ زانستگاکان و پەیمانگاکانی مامۆستایەتی بەرێوە دەچیَ**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەرامەتی بنەماڵەی پیترانجیلە هەر ئەوەندەیان مەودا دەدات کە کچەکانیان لە کونجی ماڵێ لە چاوەڕوانی خوازبێنیکەرێکی ساماندار و مڵکداردا رابگرن.

کریستینا بەرەخنەوە دەپرسێ:

- ئەی بۆ خۆت چ کارەی کە بەم جۆرە ئاگاداری رەوتی ژیانی نێو خۆیی خەڵکی؟

بیان کینا لەوڵام دا دەڵێ:

- لەدەشتێ دا هیچ شتێك شاراوە نییە و، سەرەڕای ئەمەیش ئەگەر لەشوێنێکی گشتی وەك میوانخانەی تۆرۆنسۆڵ دا بژیت شارەزای راستییەکان و تەنانەت شتی تایبەتی تریش دەبی.

کریستینا دەپرسێ:

- ئەی (کۆلۆمبا)ی ئازیزمان چی لێ بەسەر هاتووە؟

بیان کینا لە وڵام دا دەڵێ:

- ئەو لەگەڵ پیاوێك زەماوەندی کردووە کە بەرپرسی وێسگەی هێڵی ئاسنە. مێردەکەی لە ژنە کۆنەکەی سێ منالّی هەیە، بە واتایەکی تر کۆلۆمبا بووە بە کابانی ئەو پیاوە، قەرەواشێ ك مبەسەر گشت کارەکانیدا رادەگا. ئەم بەرپرسی وێسگەیە ئیدی منالّی ناوێ و بۆ بەرگیری لەئاوس بوونی کۆلۆمبا کەڵك لەشێوە ئامرازێك وەردەگرێ کەویژدانی کۆلۆمبای بەستەزمان لێیان بێزارەو دەگاتە هەر کەسێك دەردە دڵی بۆ هەڵدەرێژێ. تەنانەت کارەکەی بەو جێیە گێشتووە کە قەشە بە ناچاری خۆی لەم بابەتە وەرداوە، بەچەشنێ کە هەرئێستا نێوانی وێسگەی هێڵی ئاسن و کلیسا بەجارێ بەتام بووە.

کریستینا بە نارەحەتییەکی ئەوتۆوە کە لە شاردنەوەیادا سەرکەوتوو نابێ، گوێ بۆ قسەکانی بیان کینا رادەگرێ کە سەبارەت بە هاوپۆلە دێرینەکانیەتی، سەرگۆنای تا بناگوێیەکانی هێندێ سوور هەڵگەراوە کە کەوتوونەتە ژێر تانجی بسکە رەشەکانیەوە. دۆن پائۆلۆ هەروا سەقاڵی خوێندنەوەی کتێبە دووعاکەیەتی. کریستینا دەڵێ:

- بیستوومە (ئادال جیزا)ش مێردی کردووە.

بیان کینا دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- من و ئادال جیزا هەر دووکمان ماوەی چەند مانگان دەزگیرانی پیاوێك بووین و ئەوپیاوە بەرپرسی کومیتەکانی حیزبی دەسەڵاتداری ناوچەی فۆچینۆ بوو. لە سەگ بابیدا بێ هاوتابوو، هەڵبەت ئەو قسەیە لەبەر ئەوە ناکەم کە ئەو ئادال جێزای هەڵبژاردووە. تەنانەت لێت ناشارمەوە کە دوای زەماوەندەکەشیان یەك ساڵی تەواو شەوانی چوارشەمۆ دەهاتە میوانخانەی تورۆنسۆل و شەو تا بەیانی لەگەڵ مندا رای دەبوارد. من لەبەر ئەوەیکە نەکا لەباری سیاسییەوە چەرمە سەرییەك بۆ پوورم پێش بێنێ ئەو سەگبابەم تەحەموول دەکرد. سەرئەنجام زەماوەندەکەی لەگەڵ ئادال جیزادا سەری گرت بەو جۆرەی کە هەموو کەس باسی دەکەن لەبەر دارونەداری باوکی خێزانی بوو کە یەکێک بوو لە کارگێرانی بانکی(جووتیارانی)ناوچەکە. کاتێ بانکی جووتیاری فەشەلی هێنا، ئادال جێزا لەبەر ئەوەیکە باوکی لەبەندیخانە نەخەن ناچار کرا بەشە میراتەکەی کە لە دایکیەوە پێی برابوو لە رێگای رزگار کردنی باوکیدا ببەخشێ. لەو رۆژوە ئیتر ئادال جێزای بەستەزمان چاوی بە مێردەکەی نەکەوتەوە و ئێستا بە بیانووی ئەوەیکە رەوشتیان یەك ناگرێتەوە و لەگەڵ یەکتر ناگونجێن لەباری یاساییەوە لە یەکتر جیا بوونەتەوە.

کریستینا دەپرسێ:

- ئەدی ئێستا کە باوکی تێدا چووە چۆن بەرێوە دەچێ و سەرقاڵی چ کارێکە؟

- لەم دواییانەدا بەسەر دابەشینەوی سووپی دەوڵەتی بە سەر بێکارەکاندا رادەگێشت و ئەو بە بەزەیی و دڵسۆزییەکی خۆشکانەوە وەك فریشتەی رەحمەت نان و سووپ دابەش دەکاو پاشماوەی سووپەکەی بۆ بانك داری تێدا چوو دەباتەوە.

کریستینا بە برۆلێك ئالاوەکانی کە تا نیو چاوانی هەڵکشاوە گوێی راگرتووە. پەرە کفنکەکانی وەك باڵی باڵندە لێدەدەن. لەو حاڵەدا دەپرسێ:

- (ئێڤا نجێلینا) چی لێ بەسەر هاتووە؟

- ئێستا (دۆنا ئێڤا نجێلینا) بەرێوەبەری رێخراوەی ناوچەیی ئافرەتانی فاشیستە، هەر بەم مەبەستەیە کە پێی وایە چارەنووسی وڵات لەدەست ئەودایە. ئەو ئاگاداری هەموو شتێکە، بەس بۆی نییە قسان بکا. دیارە خۆ تێدەگەی کە مەبەستم لە نەهێنییەکانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حکوومەتە. ئەگەر کەسێك لێی بپرسێ: (ئەرێ ئێڤا جێلینا شەڕ دەست پێ دەکا یا نا ؟) لەباتی وڵام دانەوە هەر زەردەیەك لێدەدا. لەجێژنی ساڵانەی حیزبی دەسەڵاتداردا چوو بوو بۆ رۆما، گۆیا سەرۆکی حکوومەت (خۆ دەزانی مەبەستم لە کێیە) دووراودوور سەیرێکی کردووە، ئەویش لە مەودای دووسەد مەترییەوە! لەو رۆژەوە ئێڤانجێلێنا لەگەڵ دۆست و ئاشناکانیدا جگە لەو نیگا شوومەی کە لە دووسەد مەترییەوە کاری تێ کردووە باسی هیچی دیکە نا کا. بەستەزمانە بەو روانینە ئاوس بووە. باوکی بە زەحمەتێکی لەرادەبەدەر بەدوای پیاوێکا دەگەڕێ کە دەوری(یۆسفی)پیرۆزی بۆ نەوەکەی بگێڕێ، کەقەرارە لەدایك ببێ. لەم سەردەمە بێکارییەدا کێ دەتوانێ دەست لە کاری خێر بکێشێتەوە؟ سەر ئەنجام دۆنا ئێڤانجێلێنا یۆسفە پیرۆزەکەی خۆی دۆزییەوەو ئەزقەزا لەبەر ئەوەیکە لەگەڵ واقعی داستانی یۆسف یەک بگرێتەوە، ئەم یۆسفە پیرۆزە بێکارەش دار تاشە.

دۆن پائۆلۆ خوێندنەوەی کتێبە دووعاکەی تەواو کردووە. دەبینی کە کریستینا پەشۆکاوە و لەحەیبەتان هێندەی نەماوە فرمێسك لەچاوانی کۆ ببێتەوە.

کریستینا هەر لە منالییەوە بیان کینا دەناسێ و بیری دێتەوە کە ئەم یارە دێرینەشی هەر ئەو کاتیش رەوشتی وابووە کە بە هەڵس و کەوت و قسە بێ نەزاکەتەکانییەوە هەمیشە وڵات ئاڵۆز بکا، بەڵام ئەمە لەخۆیدا نا بێتە هۆی مەحکووم کردنی کەسێك. نابێ قەت لەرووی رواڵەتەوە کەسێك مەحکووم بکرێ.چوونکە رواڵەتەکان هەمیشە لەچاو راستییەکاندا ناحەزترن. بیان کینا لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ:

- (جیبۆسێپینا سترافا) لەکچەکانی دیکە خۆش بەخت ترە. ئێستا ئەو لەشاری رۆما لە خانووبەرەیەکی پرشکۆدا دەژیت. مووچەی براندووەتەوە بۆ یەکێ لەبراکانی بە مەبەستی درێژەدان خوێندنەکەی و هەموو مانگێکیش برە پارەیەکی باش بۆ دایکی دەنێرێتەوە کە ئێستاش هەر لە گوندە کەیان ماوەتەوە.

کریستینا بەبیستنی ئەو هەواڵەی کە لانی کەم یەکێ لە دۆستە دێرینەکانی توانیویەتی لەژیان دا سەرکەوتوو بێ، خۆشحاڵ دەبێ. هەر بۆیە لەتوانای دا نییە سەرسووڕمانەکەی خۆی بشارێتەوەو دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- جیۆسێپینا سێترافا هەمیشە کچێکی لەبەر دڵان و دڵسۆز بوو، بەڵام لێی دیار نەبوو کە ئاوا شێلگیرو هەڵسووربێ.

بیان کینا لە وڵامدا دەڵێ:

- ئەو ئیشەی کە ئەو پەیدای کردووە پێویستی بە ماندووبوون و دژوارییەکی ئەوتۆ نییە، چوونکە ماشووقەکەی پیشە سازێکی دەوڵەمەندە و ژن و مناڵی هەیە. لەو دەمەی ڕا کە خەڵکی ئاوایی ئاگاداری مەسەلەکەی ئەو کراونەتەوە، خزمەکانی بە زۆرەملی داوایان لە دایکی کردووە کە خۆی لە وەرگرتنی ئەو مووچەیە ببوێرێ کە ئەو کچەکەی بۆی دەنێرێ. بەڵام پیرێژنی بێچارە دەراوێکی دیکە شك نابا. بەناچار بەم جۆرەش ئەو پارەیە هەر وەردەگرێ. هەربەم هۆیەوە خزم و کەسەکانی پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو پیرێژنەدا پساندووە. کاتێ ئەو پیرێژنە بەستە زمانە دەچێ بۆ کلیسا دیندارەکان ڕووی لێ وەردەگێرن.

کریستینا دەڵێ:

- ئێمە بەم زۆر بەڵێیانەی خۆمانەوە لەخۆڕا مام قەشە ماندوو دەکەین.

هەڵدەستێ کەبروات. بیان کیناش لاسایی دەکاتەوە و ئەیش هەڵدەستێ تا ئەم دوایین هومێدەی لەدەست نەدات کە شەوێ پەنای بدا. بیان کینا بەقەشە دەڵێ:

- بەیانی دێمەوە. جارێ زۆرمان قسە ماوە کە بیکەین.

کەچی بۆ بەیانی هیچ هەواڵێك لە بیان کینا نەبوو.

پاش دوو ڕۆژان ژاوەژاو و ئاڵۆزییەکی سەیر دەکەوێتە نێو پیتراسکا. شەتاپ لە حاڵێکا بەسوار گوێدرێژەکەی خۆی (گاریباڵدی)بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە دەبینێ لە دووکەل کێشی کۆخە کاولەکەڕا دووکەڵ هەڵدەستێ، کە لەخوار دۆڵەکەوەیە و بە(بنکەی تاوانباران)ناوی دەکردووە و هی بنەماڵەی کولامارتینییە. ئەمە دووکەڵی سووتمان و ئاگر گرتن نییە بەڵکوو دووکەڵێکی کزو ئارام و داووستاوە کە وەك دووکەڵی چێشت خانە دەچێ. بەڵام لە خانوویەکی چۆل وکاولدا، دەبێ کێ خەریکی چێشت لێنان بێ؟ ئایا جنۆکەکانن کە خەریکی سووپ ساز کردنن؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خەڵكی پیتراسكا بروا بەقسەكەی شەتاپ ناكەن. فیلۆمێنا ساپونە و جێزیرای پیرێژن و لیدۆڤینا و چەند منالی دیكە بە پەلە دەڕۆن تا لەكەم و زۆری ئەو هەواڵە ئاگاداربن. ڕێ پێوانێكی زۆری ناوێ، چوونكە هەر لە پێچی دووهەمی جادەكەڕا دووكەڵێكی شین و باریك وەبەر چاودەكەوێ كە لە لوولەی سۆبەی(بنكەی تاوانباران)وە هەڵدەستێ. دەركەو پەنجەرەی خانووەكە هەروەك جاران قەپاتن. خانووەكە چۆڵە. ئەی ئەم دووكەڵە هی چییە؟ تۆ بڵێی جنۆكەكان بتوانن شۆرباو بۆ خۆیان ساز بكەن؟ ژن و منالەكان دەگەڕێنەوە بۆ پیتراسكا. خەڵكی دیكەش بۆ دیتنی ئەم وەزعە بە خێراییی دێن. بیرو بۆ چوونی سەیر بڵاو دەبێتەوە. سەر ئەنجام بریار دەدەن كە بچن بۆ ماڵی كولامارتینی و، ئەوان ئاگادار بكەنەوە كەخاوەن ئەو كۆخەن. لەدەركێ دەدەن بەڵام كەس دەركەیان لێ ناكاتەوە. ئافرەتەكان هەر لە كۆلانەوە گازیان لێ دەكەن:

- هۆ(دۆنا كریستینا)! هۆ (دۆن پاسكال)! هۆ(دۆنا ئاداڵ)! هۆ (دۆنا سێچیلیا)!

ئافرەتەكان لێكدا لێكدا لە دەرگای ماڵەكەیان دەدەن. لەژووریَ دەنگە دەنگێك بەگوێ دەگا بەڵام كەس نایەێ دەرگا بكاتەوە. دەبێ چی رووی دابێ كەوا دەرگا لە كەس ناكەنەوە؟ ژن و منالەكان كە لەپێش خانووەكەدا كۆ بوونەتەوە دیسان دەست دەكەنەوە بەكوتانی دەرگاكەو هاوار هاوار.

- هۆ( دۆن پاسكال)! دۆنا كریستینا! دونا سێچیلیا!

سەرئەنجام دۆن پاسكالی پیر بە رەنگێكی هەڵبرزكاو سەرو روویەكی ئاڵۆزاوەوە لەبەرهەیوانی ماڵەكەیان دەردەكەوێ. بێدەنگی یەكی سەیر وڵات دا دەگرێ و دۆن پاسكال دەڵێ:

- بڕۆن وەدوای ئیشی خۆتان بكەون! چیتان بە ئێمە داوە؟

خەڵك بەهاوارەوە دەڵێن:

- دووكەڵ لەخانووی جنۆكەكان هەڵدەستێ.

دۆن پاسكال ئاگای لەهەموو شتێكەو كەچی دیسان دەڵێتەوە:

- واباشترە هەر كەسێ وەدوای كاری خۆی بكەوێ!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێ چەقاندن بێ هوودەیە.خەڵکەکە بە ناچاری و پەشۆکاییەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان و هەر کەس لەلای خۆیەوە هەزار بیرو خەیاڵی بەمێشکدا دەگەڕێ.

شەوێ هەر وەك جاران کریستینا رۆن بۆ چرای مریەمی عوزرای ماتالێنا دێنێ. ماتالێنا دەڵێ:

- دۆن پائۆلۆ داوای لێکردووم کە هەواڵی ئەو کچە گەنجە لە ئێوە بپرسم کە خەڵکی فووسادی مارسییە و تا ئێستا هەر نەگەڕاوەتەوە.

کریستینا لە رووی ساکارییەوە وڵام دەداتەوە:

- ئەو لەگەڵ (ئالبێرتۆ)ی برام لە کۆخە چکولەکەی خوار دۆلەکەدا مەنزلیان کردووە.

- چۆن شتی وا دەبێ؟ یانی ئەمانە لەگەڵ یەکترو لە بنکەی تاوانباراندا منزڵیان کردووە؟ ئاخر جنۆکەکان دەیان خۆن!

کریستینا رۆنەکەی دەداتە دەستی ماتالێناو لەحاڵ و وەزعی قەشە دەپرسێ و بەبێ ئەوەی شتێکی دیکە بڵێ دەروا. ماتالێنا خۆی مەحتەل دەکا تا کریستینا دوور دەکەوێتەوە،بەڵکوو ئەوجار بەماڵان دا بگەرێ و بپرسێ:

- ئەرێ دەزانن کێ لە بنکەی تاوانباران دا منزڵی کردووە؟ چۆن نازانن؟ یانی هەرواش بە گوومان هەست ناکەن؟

ئەوجار بە تام و چێژێکی تایبەتەوە حیکایەتەکەیان بە - "بۆچی" و "چۆن" ی- یەك لە دوای یەکدا، بۆ یەکێ لەماڵەکان دەگێڕێتەوەو پاشان بە پەلە دەچێ بۆ لای یەکێکی دیکە و دەڵێ:

- ئێوەش نازانن کە ئێستا کێ لە بنکەی تاوانباراندایە؟ بەراستی نازانن؟ ئەدی ئێوە لەچ دوونیایەکدا دەژین؟

رۆژی ئەوە هاتووە کە کریستینا بۆ فێربوون بگەڕێتەوە بۆ پەرستگەی ژنە لەدوونیا تاراوەکان. باوکی پێی دەڵێ:

- من کوڕێکم بوو کە لەدەستم چوو. ئێستاش تۆ دەڕۆیت و من بە تەنیا و بە دیار دایە گەورەو دایك وپوورتدا بەجێ دێڵی، واتە سێ پیرێژنی پەك کەوتە. بەم جوورە ناچار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبین لەگەڵ قەرەواشێكدا ژیان بەرینە سەر و بە ئەسپاردنی دارونە دارمان بەو، ئەو بڕە كەمەش كە بۆمان ماوەتەوە لە بنەوە لێمان بدزێ.

كریستینا وڵامی دەداتەوە:

- بابە گیان ،خۆت دەزانی كە من هیچ كارێكم بەبێ پرسی تۆ نەكردووە.

سەرەڕای ئەمە چوونكە باوكە كچەكەی زۆر خۆش دەوێ غیرەت بەخۆی نادا كە دژایەتی بۆچوونەكانی بكا. هەربەم هۆیەوە رۆژەكان یەك بەدوای یەكدا تێپەڕدەبن و بەبێ ئەوەی بریارێك بۆ رازی بوون بدا. بە وتەی خەڵكی پیتراسكا (كچی ماڵێ بە ماڵی خۆی دەبرێ نەك بە كلیسا) بەڵام باوكی دەڵێ:

- من كوڕێكم بوو كە لەدەستم چوو وئێستاش تاقە كچێكم بۆ ماوەتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم كچەش لەبەر ئێمەو لەبەر بەرزە دەماغی ئێمە لەدەست بچێ ئەو دەم چی دەبێ؟

نازانێ چ بریارێك بدا. لەوەش دەرچێ خۆ هەر ئەو نییە كە دەبێ بریار بدات. لەو بەرەو سەرتریش واتە دایە گەورەش هەیە.

كریستینا بەبێ ئەوەی زار بەگلەیی و گازە بكاتەوە هەروا سەرقاڵی كارو باری نێو ماڵێیە. ئاگای لە مریشكەكانە. نوێن و بانەكان هەڵدەگرێتەوە ورێك و پێكیان دەكا. ژوورو سەرپیلكانەكان گەسك دەدا. بۆ چێش لێنان یارمەتی دایكی دەدات. جل و بەرگەكان كۆل دەكات و بە سەرمێش هەنگوینەكانی نێو باغەكەش رادەگا.

سەر لەبەیانی رۆژێك كە دۆن پائۆلۆ لە باغچەی میوانخانەكەی ماتالێنادا لەبن دار هەنجیرەكە دانیشتووە، كریستینا بە دەسكە پیوازێكەوە كە بۆ شتڵ كردنی دەوێ لەرێوە دێ. رووناكایی دەمەو بەیانی هەروەك باڵاپۆشێك ئەندامی ناسكی ئەو كیژەی لەخۆی گرتووە. چەندانە مێش هەنگوینیش وەك چۆن بەسەر گوڵێكەوە وزەوزیانە، لەدەوری سەری دەگەڕێن. ئەم گوڵە لەبەرچاوی دۆن پائۆلۆدا هێندێ رەنگ پەرێو دەنوێنێ. سەرئەنجام غیرەتێ وەبەر خۆیدەنێت و لە كچەكە دپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ببورە، مەبەستم لەوە نییە کە خۆم لە کارەکانتان هەڵقوتێنم، بەڵام وادیارە لەوەی کە هێشتا نەتان توانیوە بچن بۆ پەرستگە هێندێ دڵگران نارەحەت بن. ئایا کۆسپێك لەسەر رێتاندا هەیە کە نازانن چۆنی بەسەریدا بپەڕێنەوە؟

- ئەگەر من لەوڵامی ئێوەدا سێ وشەی مەزن دەربېڕم کە بە منالّی فێریان کردووم و قەتم لەبیر ناچێتەوە ئاسوودەتر دەبم، تکاتان لێ دەکەم کە بە بێئەدەبی نەزانن. ئەم سێ وشە پیرۆزە ئەمانەن : (Jesus Autem Tacelat) و رنگە ئەم سێ وشەیە لەچاو تەواوی ووتە بەنرخەکانی دیکەی ئینجیلدا پتر کاری لەسەر من کردبێ. مەسیح ئێمەی فێر کردووە کە لە حاست پێش هاتە تاکە کەسییەکاندا بێ دەنگی راگرین.

قەشە دیسان دەڵێ:

- بەڵام ئەگەر لە پەرستگەدا بژین یاخود ل ەماڵێدا، یان هەموو رۆژێ خۆتان بە ئەرکە گشتییەکانتان ببەستنەوە یاخوود ئازادبن و بۆ هەر شوێنێ کەحەزبکەن برۆن یان نەڕۆن، خۆ ناکرێ بڵێین کە ئەم دوو شتە بۆ ئێوە یەکسانە.

کریستینا لە وڵامدا دەڵێ:

- خۆش بەخت بوون بە نان و جل وبەرگ نییە.

قەشە هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

- ئێوە بەتەمای خۆش بەختین؟ ئایا لە سەر ئەو باوەڕەن کە بەراستی مرۆڤ دەتوانێ خۆش بەخت بێ؟

کریستینا بەم قسەیە دادەچڵەکێ و سەیری قەشە دەکات. چۆن دەبێ ئەو قسەیە بەسەر زاری قەشەیەکدا بێ؟ نەکا بە مەبەستی داوەری کردنێکی وردبینانە بە تەما بێ من تاقی بکاتەوە بۆ تاووتوێکردنی گەشە سەندنی بناغە گشتییەکانی راهێنانە ئایینییەکانی من و، بەم جۆرە بیەوێ دەوری بریکاری شەیتان وە ئەستۆ بگرێ؟ کریستینا نایەوێ بە پێچەوانەی بۆچوونی قەشەیەکی نەخۆش و هەژار کەمەحکووم بە تەنیایی و مانەوەیە لەم وێرانەیەدا، شتێکی بەسەر زاردا هاتبێ. بۆیە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- پێتان وانییە کە بێدەنگ بوون پێشەکییەکە بۆ خۆش بەخت بوون؟ بێدەنگی دەروون بەو مانایەیە کە گشت ئەندامەکانی لەشت هەر هەموویان لەسەر شوێنی خۆیانن و سەر تا بە پێت گوێ رایەڵ و هوشیارن. بێدەنگیش لایەنی هێز و لاوازی خۆی هەیەو ئەگەر بێدەنگییەك بەردەوام و کامل بێ ناتوانێ زۆر بخایەنێ، چوونکە ئەو جۆرە بێدەنگییە مەرگە. بێدەنگییەکی بەردەوام کەمخایەنە، بەڵام دەبێ بزانی لەوکاتەیدا کە تەواوی ئەندامەکانت سەراپێ گوێ رایەڵن چ تام و چێژێکی مەزنت پێ دەبەخشن!

دۆن پائۆلۆ وای دێتە بەر چاو کە ئەو کیژە شیعرێکی جوان لەبەر دەخوێنێتەوە.

دیسان قەشە دەپرسێتەوە :

- بۆچی ناکرێ لە نێو کێشەو هەرای شارێکی گەورەشدا بێ دەنگییەکی دەروونیمان هەبێ؟ پیاو ناتوانێ لە نێو کۆمەڵگاشدا تەنیا بێ؟ باشە دەبێ تا بە ئەو رادەیە مەتمانە بەخۆ نەکەین کە بچین و لە پەرستگەیەکدا خۆمان زیندانی بکەین؟

کریستینا لە وەڵامدا دەڵێ:

- ئێمە نابێ سەرکێش بین! دەبێ پێمل و هێمن بین و رێگە بدەین کە یارمەتیمان پێبگەیەنن. من لە کتێبی قەشەیەکی فەرەنسەییدا خوێندوومە کە: (ئایا هەر لە خۆڕایە کە کۆرپەیەکی ساوا هەر کە لە سکی دایکی بەر دەبێتەوە، گورج دەم بۆ مەمکی دایکی دەگێرێ یان ئەوە دایکییەتی کە جگەر گۆشەکەی لە ئامێز دەگرێت و خۆی بە سەردا کۆم دەکاتەوە تا بەم شێوەیە شیری بداتێ و مناڵەکەی ژێر بکاتەوە؟) ئێمەش هەر هەموومان وەك کۆرپەیەکی ساواین، ئەو شتانەی کە ئێمەی لەبەر گۆتووە لەخۆمان کۆنترن، بەڵام لە نێو بوونەوەرەکانیشدا ئیبلیس لە هەمووان کەونترێکە.

ئەو ساکاریو نیازپاکییەی کە لە بوونی کریستیناوە هەڵدەقوڵێ کێش و دڵگەرمییەکی کەم وێنە بەقسەکانی دەبەخشێ. دەبێ دۆن پائۆلۆ هەوڵ بدات کە بەهەموو توانایەوە لەحاست ئەو کێش و دڵگەرمییەدا خۆ راگرتوویی لەخۆی نیشان بدات. دەڵێ:

- من نامەوێ دەرگای دۆسەیەکی ئیلاهیات بەسەر ئێوەدا بکەمەوە. تەنیا هەر ئەوەندە دەڵێم، ئەگەر چاوێك بەم وڵاتەیدا بخوشێنین کە لە زۆر لایەنەوە سەرەتایی و دواکەوتووە،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو وڵاتەی کە لەباری ئابوورییەوە تووشی قەیران و هەژاری بووە و لەوە خراپتریش لەباری و واتاییەوە تووشی نشست هاتووە. هەر لەم وڵاتەدا ئەگەر جوتیارێکی بێچارە بتوانێ بەسەر غەریزە حەیوانییەکانیدا زاڵ ببێ، لەئەنجامدا دەبێتە(فرانسیسکێن)(1) و ئەگەر کیژێکی لاو خۆی لە کۆتی کویلیەتی "لەش" و مادیات رزگار کردبێ ئەوا بە دەمامکێك رووی خۆی دادەپۆشێ. ئایا لەو باوەڕەدا نین کە لەراستیدا سەرچاوەی زۆربەی دەردو مەینەتەکانمان هەر لەم خاڵە لاوازەدا نەبێ؟ پێت وانییە ئەو کەڵێنەی کە کەوتوەتە نێوان واتاییەکان - کە پەنای بردوەتە بەر ژیانێکی تێکەڵ بەخەون و خەیاڵ- و کۆمەڵانی هەراوی خەڵك کەهێزە ئەهریمەنییەکان خۆیان بەسەردا سەپاندووە، سەرەگرێی گشت بەدبەختییەکانی ئێمە نین؟ لەسەر ئەو قەناعەتە نین کە هەر بەندەیەکی خوا لە باتی ئەوەی کە خۆی لە کۆشکێکی بلووریدا زیندانی بکا دەبێ بێتە نێو ریزی بەندەکانی دیکەی خوا تا درێژە بەخەبات و بەربەرێکانێ بدات؟

کریستینا لە وڵامدا دەڵێ:

- ئیماندار قەت تەنیا نییە! بە پێچەوانەوە ئەوە کافرو خوانەناسانن کە تەنیان ئەگەر چی هەر لە بەیانییەوە تا بەشەوێ ژیانی خۆی لە ئاپورەی کۆڵانە پر لە حەشاماتەکاندا تێپەڕ بکا. ئەو گیانەی کەهەست بەخوا ناکا تەنیایە، هەر وەك گەڵای هەڵوەریوی دارێك. گەڵایەکی تەنیا کە بەردەبێتەوە و وشك دەبێ و دەرزێ. بەپێچەوانەوە ئەوکەسەی گیانی بەخوا بەستوەتەوە وەك ئەو گەڵایە وایە کە بەدارەوەیە و شیرەی بووژێنەری ئەو دارە، ئەم بە لقەکانی و پەل و رەگ و زەوییەوە پێوەند دەداتەوە.

دەنگی کریستینا بۆ جارێکی تر بیرەوەری ئەو پەیڤ و لێدوانانە زیندوو دەکاتەوە کە رۆژگارێك لە ناخی قەشەدا، لەنێوان دۆن پائۆلۆی لاو و دۆن پائۆلۆ شۆڕشگێڕدا دەهاتە بەر باس. هەر ئەویش رۆژێ لەرۆژان تینووی مووتڵڵەق و شەیدای داد پەروەری بووە و کاتێ لە کلیسا هەڵبرا تا بچێتە نێو ریزی سوسیالیستەکانەوە، هەر بەم شێوازە بیری

---

(1) **فرانسیسکێن پەیڕەوانی تەریقەتی فرانسوا دێ ئامیزە کە رۆحانیەکی پاك و پیرۆز بووە و دامەزرێنی تەریقەتی عیرفانی لە ئایینی مەسیحییەتدا بووە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکردەوە. بەڵام لەو سەردەمەوە تابە ئەمرۆ گەلێ ساڵانی بەسەردا تێپەریون. هەر ئێستا لە ئاکامی ئەو بازدانە ساویلکەیانەی کە بەرەو جەماوەر پەڕییەوە، چی بۆ ماوەتەوە؟ بەدوای پێوەندی پسانی لەو کلیسایەی کە لە حاڵی دارمان و هەرەس هێناندا بوو، پاش پچڕانی لە هەرچەشنە خۆرێکخەری و هەل خوازی و لەهەر جۆرە تەباییەك لەگەڵ مەرجەکانی کۆمەڵ، ئایا ئەمرۆش بەتووشی هەل خوازییەکی دیکە نەهاتووە کە بەرژەوەندی حیزبێکی سیاسی ئەو ئەرکەی دەخاتە سەرشان؟ ئەو لە دوونیای کۆن و خۆشییەکانی هەڵبراوە، هەر چەشنە پێوەندییەکی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا پساندووە، دەستی لە درێژەدان بە خوێندنەکەی هەڵگرتووە کە حەزی پێ دەکرد و لە هەموو کارێکیش بۆی گرینگ تربووە و، خۆی بەوەندە رازی کردووە کە تەنیا لە پێناو حەق و دادپەروەری دەژیت و، چووەتە نێو ریزی حیزبێکەوە کە لەوێدا پێیان راگەیاندووە کە حەقیقەت و دادپەروەری جگە لە خورافات و دەمارگرژییەکی وردە برۆژوازییانە هیچی دیکە نییە. ئایا هەست ناکا کە خەیانەتیان بەویش کردووە؟ تۆ بڵێی بەلارێدا نەرۆشتووبێ؟

بەم چەشنە لەو کاتەیدا کە کریستینا درێژە بەقسەکانی دەدا، کوتووپڕ دۆن پائۆلۆ لەجەمسەرێکەوە بەرەو جەمسەرێکی دیکە هەڵدەکشێ. لێدوانەکانی نێوان دۆن پائۆلۆی لاو ودۆن پائۆلۆی شۆرشگێر، دەبێ بە کێشەیەکی گەورەترو سەرئەنجام دۆن پائۆلۆی شۆرشگێر سەرکەوتوو دەبێ. دیسان دۆن پائۆلو دەڵێ:

- مەبەستم لەوەنییە کە دەرگای لێدوانێک سەبارەت بە مەسەلە ئیلاهییەکان بەسەر ئێوە دا بکەمەوە. بەڵام رێگەم بدەن کە ئەم پرسیارەتان لێ بکەم: بە بۆچوونی ئێوە پەسند دەکرێ کە رەوشت تەنیا شتێکی روانگەییانە بێ؟ ئایا رەوشت و مەسەلە روانگەییەکان ناتەباییان لەگەڵ یەکتردا نییە؟ ئایا رەگ و ماکی رەوشت بەو مانایەی کە مووتوربە بکرێ بە ژیانێکی پڕ لە فەزڵ وتەقوا، دەکرێ لە رەوتی ژیان و کردەوەماندا جێگایان هەبێ؟

کریستینا لە وڵامدا دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- خۆ ناكرێ لە یەک كاتا بەندەی دوو خودان بین. شەڕێكی لەئاشتی نەهاتوو لە نێوان ڕۆح و مادەدا هەیە. دیتنەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ تەبایی خستنی نێوان ئەو دووشتە دەبێتە هۆی فیدا بوونی ڕۆح و بەم چەشنە لە پێناو مادەدا خەیانەت بەڕۆح دەكرێ.

دۆن پائۆلۆ هەوڵی داوە بابەتەكانی بەزمانێك دەرببرێ كە شیاوی جل و بەرگی قەشایەتییەكەی بێ و، لەوەش دەرچێ ئەمە تەنیا ڕاوێژێكە كە كریستینا دەتوانێ لێی تێبگات.

كریستینا بە پێكەنینەوە دەپرسێ:

- تاقی كارییەكەم كۆتایی پێ هات؟

دۆن پائۆلۆ لەوڵامدا دەڵێ:

- تاقی كارییەك لە گۆڕێدا نەبووە، ئێوە سەرەگرێی بیركردنەوەیەكتان داوەتە دەستم كە لە كاتی تەنیاییمدا لێیان دەگەڕێم. ڕۆژانی یەكەم گۆشەنشینییە ناچارییەكەی پیتراسكا، منی بەجارێ وەڕەز كردبوو، بەڵام ئێستا بەرە بەرە خەریكم هۆگری دەبم. لەو قەشەنشینەی كە من تێیدا بەسەر دەبەم، ژیان ئاڵۆزو پڕ لە كێشەیە. هەر بەم هۆیە بێدەنگی و گۆشەنشینی ئێرە بۆ حاڵ و وەزعی من باشە. ئێستا من بواری ئەوەم هەیە كە پێداچوونەوەیەكم هەبێ لەسەر زۆربەی ئەو بابەتانی كە لە ماوەی ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییەكەمدا مەودای بیركردنەوەم لەبارەیاندا بۆ نەرەخساو بوو.

كریستینا بە بزەیەكەوە دەڵێ:

- پێویستە جڵەوی خۆمان بە بێدەنگی بسپێرین. وەك چۆن خنكاوێك لەشە بێ هۆشەكەی دەداتە دەم بواری چوومێك. تەنیا لەو حاڵەدا خوا لەگەڵماندا دەدوێ. كەلامی خوا لە كاتی بێدەنگیدا لە شمشێرێكی دوو سەریش كاریگەرترە وتا سەر سنووری ڕۆح و ئەندێشە، تاسەر ئێسك وتەنانەت تا مۆخی ئێسقان دەچێتە خوارێ.

كریستینا لەگەڵ دۆن پائۆلۆدا تۆقە دەكاو لەوێ دوور دەكەوێتەوە.

دۆن پائۆلۆ تاك و تەنیا لەبن دارەكەدا دەمێنێتەوەو هەروەك تەرمێكی بێ گیان كە بواری ئاو گەمەی پێبكات، خۆی دەداتە دەم شەپۆلی بیرەوەرییەكانی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەر لەوەی بخزێتە نێو جێگاکەی، لە پشت مێزەکەی دادەنیشێ. دەفتەرێکی چکۆلە دەخاتە بەر دەستی و لەپشت بەرگەکەیدا دەنووسێ: (وتووێژ لەگەڵ کریستینا)و ئەم سەردێرە لەسەر لاپەڕەی یەکەمدا دەنووسێ: (تاووتوێ کردن و لێکدانەوەی یەکەم وتووێژ )و سەرئەنجام پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بەم جوورە دەنووسێ:

- (لەم ساتە لە ژیانمدا کە خۆم لەچاو هەموو کاتێ تەنیاترو بێکەس تر هەست پێدەکەم مانەوەم لەم دەڤەرەو پێوەندیم بەم بوونەوەرە سەرەتاییانەوە و دانوستان لەگەڵ ئەم کیژە لاوەدا، هانم دەدەن تا بۆ جارێکی تر بەو شتەیدا بچمەوە کەپازدەساڵ بەر لە ئێستام تەواو کەری کەسایەتی من بووە. من لە کریستینادا زۆربەی لایەنەکانی سەردەمی لاویەتی خۆم دەبینمەوەو دەمەوێ بڵێم کە ئەو وێنەیەکە لەمن، وێنەیەکی ئافرەتانەو جوانتر لەخۆم کە لە ناخیەوە دەقاو دەق وێنەیەکی رۆحانییە، وێنەیەکە لەو شتەی کە لەو دەورانەی ژیانمدا بیرم لێدەکردەوە. ئەگەر ئەمرۆ خۆم لەگەڵ ئەم وێنەیەدا بەراورد بکەم هەست دەکەم کە راستەوخۆ تووشی نارەحەتی و ئاڵۆزییەکی گەورە هاتووم و گوومانێکی مەزن سەراپێی داگرتووم. نەکا منیش خەیانەتم کردبێ؟)

دەست لە نووسین هەڵدەگرێ و ئاواتە ساویلکەکانی بیردەکەوێتەوە کە ئەوی بەرەو یەکەم شانەی سوسیالیستەکان راکێش کردبوو. لەراستیدا، دابڕانی لە کلیسە لەو سەردەمەدا کە هێشتا بەتەمن لاو بووە، لەبەر ئەوە نەبووە کە داخوا لەباری رۆحی و لە باری فکرییەوە رەخنەی لێ بووبێ یاخود بەقەناعەتێکی بەر فەراوانترەوە هەنگاوێکی بەرزتری لە کلیسا هەڵێنابێتەوە، بەڵکوو لەمەڕ هەست کردن بەو کەلێنە قووڵە بووە نێوان بەڵێنییەکان و کردەوەکانی کلیسە، کە ئەو نەیتوانیوە حاشایان لێ بکات و لەهەمان حالیشدا خۆراگرتوویی لەخۆی نیشان بدات. ئەو کاتەی کە پێوەندی بەشانە سوسیالیستەکانەوە گرت جگە لەم هەستە هیچ هاندەرێکی تری نەبوو. ئەو لە دەسپێکەوە شۆڕشگێڕ نەبووە بەڵکوو ئەوە شانە سوسیالیستەکان بوون کە گیانێکی شۆرشگێری لەودا بارهێنا. ئێستا پازدە ساڵ بەسەر تەمەنی شۆڕشگێربوونەکەیدا تێدەپەرێ و بە تەواوی شۆڕشگێربوونی لێ بووەتە پیشە. وە سەد مەخابن بۆ ئەوپیشەیەی کە دەرئەنجامەکەی(رزگاری جیهان)بێ! چوونکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رزگاری گەلان دەبێتە هۆی تێداچوونی خۆی. دۆن پائۆلۆ ئێستا لێی روون بووەتەوە کە هاتنەوەی بۆ ئیتالیا لە نێوەرۆکدا تەقەلایەك بووە بۆ خۆ دەرباز کردن لە دەست ئەم پیشەیە، بۆ دووره پەرێز بوون لە (بورۆکراسی ئایدۆلۆژی)و دووباره گەڕانەوەی بۆ نێو ریزەکانی خەبات تا بۆ جارێکی تر ئەو هەست و سۆزەی کە ببووە هۆی سەرەکی ئەو پێوەندییەی کە ئەوی بەم جووڵانەوەیە گرێ دەدا لە کردەوەدا بەدەستی بێنێتەوە. ئەم قەناعەتە ئەو تووشی گومان و سەرسووڕمان دەکا. ئەی چ سوودێکی لەو پازده ساڵەی تەمەنی وەرگرتووە کە هەمووی لەپێناو خەباتی سیاسیدا تەرخان کردبوو؟ دەخزێتە نێو جێ بەڵام ئەم پرسیاره خەوی لێ دەتارێنێ. دیسان هەڵدەستێتەوە، بۆ جارێکی تر لەپشت مێزەکەی دادەنیشێ، دەفتەرەکەی دەکاتەوەو بەم جووره درێژه بە نووسینەکەی دەدا:

- (ئایا تێکەڵ بوون بە ژیانی سیاسی و خۆ خستنە خزمەت حیزبێکەوە ئەو مەجالەت پێدەدات کە هەر لەو حاڵەشدا بەپاکی و دڵگەرمی بمێنیتەوە؟)

- (ئایا حەقیقەت لە لای من نەبووە بە حەقیقەتێکی حیزبی؟ ئایا ئەو دادپەروەرییەی کە من بڕوام پێیەتی دادپەروەرییەکی حیزبییانە نییە؟)

- (ئایا ئەنجامی لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی حیزب بەسەر لێکدانەوەی نێوان بەهاکا گشتییەکانی رەوشت و کردەوەماندا زاڵ نەبووە کە زۆر جاران لەلایەن خۆشمەوە تا سنووری دەمارگرژییەکی ورده برۆژوازییانە دادەبەزێ؟)

- (بەم جۆره ئایا من خۆم لە دەست هەڵخوازییەکی کلیسایی دەربازکرد کە لە حالی هەرەس هێناندا بووە تا لە هەڵخوازییەکی حیزبی دا گرفتار ببم؟)

- (ئەی ئەو هەست و هرووژانەی یەکەم رۆژانم کە منی بەم جوولانەیەوە بەستەوە چییان لێ هاتەوە؟ ئایا گرینگیدان بە سیاسەت لەچاو تەقەلاکانی دیکەی مرۆڤایەتی و لەچاو نیازه دەروونییەکانی رۆحدا نەبووەتە هۆی هەرەس هێنانی ژیانی خۆم؟ ئایا ئەم بابەتە نەبوەتە هۆی دوور خستنەوەی من لە ئەرك و کاره گرینگترەکانی دیکەم؟)

- (هێزیکی جوان و سەرسووڕهێنەر لە مرۆڤ دا خەوتووه. هەر ئەونده بەسە کە بیر لە کریستینا بکەینەوه. ئەمرۆ هێزه کۆنە پەرستەکان سوودێکی باش لەم هێزانە وەردەگرن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر بێت و لەنەكاو رووی ئەم هێزانە بەرەو لایەنی بزوتنەوەیەكی شۆرشگێریدا وەرسوورێنین- وەك چۆن لە خۆمی روودا- لە كێشەو مل ملانێ سیاسییە پیشەییەكاندا، ئەم هێزە پاك و كەم وێنانە چیان لێ بەسەر دێتەوە؟ ئایا ویژدان رێگە دەدات كە هەڵیان لووشین و تووشی مەینەت بەشییان بكەین؟ ئایا بوونی شۆرشێكی راستەقینەو بەردەوام بەبێ حوزووری ئەم هێزە پاك و بەشەرەفانە لە گوونجان دێ؟)

كاتێ دۆن پائۆلۆ دەگاتە كۆتایی ئەم دێرانە، سەرلەنوێ بەنووسراوەكەیدا دەچێتەوەو دەبینێ كە جگە لە رێك و پێك كردنی نێوەرۆكی ئەو پرسیارانەی كە بیرە ئاڵۆزەكەی وڵامێكی روونی بۆ نەدیتوەتەوە،هیچی تری نەكردووە. لەحاڵێكا پێنووسەكەی لە نێو قامەكەكانیەتی ماوەیەكی زۆر بیریان لێدەكاتەوە بەڵام ئیتر هیچ بابەتێكی تری بەمێشكا ناگات كە بینووسێتەوە.

# 5

كریستینا ئەو شاكارییەی تێدا بەدی دەكرێ كە هەر لەهیچەوە جوانی دەخولقێنێ و بەدیتی هۆدەكەی، دۆن پائۆلۆ سەر سووردەمێنێ كە لە ژێر چاوەدێری و بەمشووری ئەم كیژە لاوە پاك و خاوێن كراوەتەوە. بەرە بەرە كە دیدارە كانی دۆن پائۆلۆ و كرستینا زۆرتر دەبن شەرم و روودەربایستی ئەو دوانەش كەمتر دەبێتەوەو دڵگەرمی و خۆشەویستییەكەشیان پتر دەبێ. دۆن پائۆلۆ بۆ كردنەوەی قسەو بابەتەكانی، سەرەتا لە ترسی ئەوەیكە نەكا سەبارەت بە پێناسە راستییەكەی خۆی گومانێك لەودا دروست بكا هێندێ بە خۆپارێزییەوە وەنێو دەكەوێ بەڵام ئەم نیگەرانییە لەحاست پاكی و بێ گەردی كریستینادا هێدی هێدی لە نێو دەچێ و پیاوە ناسازەكە بەرە بەرە سەربردەی سەردەمی لاویەتی و یەكەمین ئەزموونە مەزهەبییەكانی و یەكەم هەنگاوێك كە لە رێی ژیانی راستەقینەدا هەڵی هێناوەتەوە بۆ ئەو باس دەكا و تەنیا لە باتی قەشەنشینی(مارس) دیمەنی ژیانی خۆی بەرەو قەشەنشینی فراسكاتی دەگوازێتەوە. سەرئەنجام بەبێ ئەوەی خۆی هەست پێبكا كەسایەتییە راستییەكەی خۆی لەو دەوربینینەدا دەردەخات كە بەدرۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەئەستۆی گرتووە و، ئەو دەورگێرانە بەدیمەنە زیندووەکانی هەرەتی لاویەتی خۆی دەرازێنێتەوە تا ئەو شوێنەی کە لە نێو خولیاو خەیاڵەکانی خۆیدا زیندانی دەبێ. لە نێو وتەکانیدا هێندەی بێ بەندیو سەفاوپاکی و دڵگەرمی تێدایە کە بەجارێ کریستینا بەرەولایان پەلکێش دەکا. رۆژێکیان کچەلاوەکە پێی دەڵێ:

- ئەو قسانەی کە ئێوە بۆ منی دەگێڕنەوە ئەگەر لە شوێنێکدا بینووسم و بەبێ ئەوەی ناوی ئێوەی تێدا بدرکێنم و بیدەمە دەست هەر کەسێك، مەرجی لەسەر دەبەستم کە خوێنەرەکەی دەڵێ: (ئەم کارانە تەنیا لە دەست لاوێکی هەژدە ساڵانە دێ!)

ئەو ئۆگری و خۆشەویستییەی کە کەوتوەتە نێوان ئەو دووانە، زۆرجاران ئەمانی لە شەڕەدەندووکە و دەمەقاڵەکاندا بەرەو ئاشتی و تەبایی گەراندوەتەوە. ئەو بابەتانەی کە دۆن پائۆلۆ لەخۆی رانابینێ ئاخاوتن لەگەڵ کیژەکەدا بیخاتە بەر باس، لە بەشی بیرەوەری نووسینەکانی رۆژانەیدا دانیان پێدا دێنێ و ئەمەش وەك وتوویژێکی نەهێنییە کە لە نێوان ئەو و کیژەلاوەکەدا روودەدەن. هەر لێرەدایە کە دۆن پائۆلۆ مەجال بە پێنووسەکەی دەدا تا هەرچی بەدڵی دا هات و ئیلهامی پێ دەکرێ، لە دەقی وتارێکی پڕ هەست و عاشقانەدا بینووسێتەوە. خۆ تەر خان کردن بە نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانە وای لێدەکات کە شەوانێکی زۆر بە ئاکا بمێنێتەوە. ئەمەش لەخۆیدا شێوە تاقی کارییەکی ویژدانییە، وەك ئەوەیکە کارنامەی ژیانی تاکەکەسی خۆی بنووسێتەوە. لەو کارنامەیەدا باس لە قەیرانێکی تایبەتی هزری فکری دەکا کە ئەوی لە 1919دا بەرەو سوسیالیزم راکێشا بوو و تەواوی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە خزم و دۆستانی بۆ گەراندنەوەی ئەو لەم رێ بەهەڵەچوونەدا بەکاریان هێنا بوو هەرهەموویان باس دەکا. مام وپوورو کوڕە مام و کچە مامەکانی کە لەباری تەمەنەوە لەخۆی گەورەتربوون، هەر ئەو کەسانەی کە تێکڕا سەر بە کلیسا و پێ ملی داب و نەریتی کۆن بوون یەك لەدوای یەك قسەیان لەگەڵدا بڕاندبوەوە. سەرکۆنەیان کردبوو، سوێندیان دابوو، لەبەری پاڕابوونەوەو تەنانەت هەرەشەشیان لێکردبوو. کاتێ کۆتایی بە بەڵگەو دەلیلە هەستکارییەکانیان هات، باسی ئەو رووڕەشی و شەرمەزارییەیان بۆ دەکرد کە داوێن گیری بنەماڵەی سپینا دەبێتەوە. بەڵام بێ ئاکام دەمانەوەو ئەوجار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکەیەکەیان بەم پرسیارە بنەرەتییە دەگێشتن کە: (ئەم سوسیالیست بوونەی تۆ چ دەسکەوتێکی تێدایە؟ تۆ چ قازانجێکت پێدەگات؟)و کاتێ وڵامی ئەوانی دەدایەوە کە: (من لەم رێبازەدا هیچ دەسکەت و قازانجێکی مادیم لێ دەست ناکەوێ...)جا ئەودەم ئەو پیاو خاسە بەشەرەفانە پێیان دەگووت: (کەوایە تۆ شێتی!)بەم جۆرە، بەبێردا رۆچوونەوە سەرلەنوێێکەی بەو قەیرانەی کە ئەوی لەخزم و دۆستان و مەزبەکەی جیا کردوەتەوە و بە زیندووبوونەوەی ئەو یادانە، لە ناخیەوە هەست دەکا کەسەرلەنوێ ئەو گێژاوە دەروونییەی بەئاگا دەبێتەوە و دەگا تە سنووریئازارێکی دەروونی.

سەرئەنجام لە بوونیدا شتێك وەك درزێك، کەلێنێکی واتایی و بەرچاو کە بوونی ئەوی بەسەر دووبەشا دابەش کردبێ بە روونی هەست پێدەکرێ. تا ئەو کاتەی کە ئەو لە هەڵسووران و چالاکییەکانی نەپیا بەوو، ئەم دووبەشەی بوونی تەباییان پێکەوە هەبووە و یەکانگیر بوون و لە ئاکامدا یەکێتیەێکی پاوەجێ و پتەویان پێك هێنابوو. بەڵام لەودەمەیرا کە بەر بەستێك کەوتە بەر چالاکییەکانی خەباتی، جیاوازییەکی بەرچاو کەوتووەتە نێو ئەو دوو بەشەی بوونی و لە ئەنجامدا مەودایەکی دووریان تێکەوتووە. بەو نسکۆیەی کە بە زۆرەملی بە سەریدا سەپاوە، بیرە ئاڵۆزەکانی لە دەرفەتێك دەگەزێن کە وەك کرم، لاسارانە بخزێتە نێو راهیلکە لاوازەکانی- کە رەنگە هەرئێستاش لە نێوان دۆن پائۆلۆی لاو ودۆن پائۆلۆی شۆڕشگێردا مابێتنەوە- تا سەرشێتانە پەلاماریان بدا.

کریستینا کتێبێکی بۆ دۆن پائۆلۆ هێناوە سەبارەت بە وەڤدەکانی کاتۆلێك کە بەمەبەستی بانگەشە رێیان لە وڵاتە داگیرکراوەکان (کۆلۆنییەکان) کەوتووە. ئەم کتێتە هەڵگری سەربردەی ئەوکەسانەیە کە بۆ بانگەشە کردن بۆ ئایینی مەسیح هەوڵیان داوەو هەروەها چەندین چیرۆکی جۆراوجۆرهن کە لەواندا باس لەو کۆسپ و تەگەرەیانە کراوە کە کەوتوونەتە سەررێگای بانگەشە کردن و ئەمانیش بەهێزی بیرو باوەریان تەحەموولیان کردوون، بە بۆچوونی دۆن پائۆلۆ چارەنووسی ئەم کەسانەش لە زۆرلایەنەوە وەك چارەنووسی خۆی دەچن. ئەوانیش لە ژیانی ئاسایی و بنەماڵەیی خۆیان هەڵبراون تا بەدوور لە خۆتەباکردن بژین. ئەوانیش دەستیان لە خزمەتکردن بە دوو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خودان هەڵگرتووە. بەڵام لە راستیدا هەر ئێستا ئەم کەسانە خزمەت بە دوو خودان دەکەن، کە یەکیان ئینجیلەو ئەوی دیکەشیان سەرمایەداری داگیرکەرە. ژیان خەیانەتی بەمانیش کردووە، خەیانەت بەئامانجەکانیان کراوە. سەرەتا ئەو کەسانە لەسەر ئەو باوەرە بوون کە لە خزمەتی واتاییەکاندا دەژین بەڵام زۆربەیان بەبێ ئەوەی هەست پێ بکەن بوونەتە وردە پوولی بێ زمانی نێو سەودا قەبە قەبەکانی کلیسا لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستییەکان. ناکا دەراوێك بۆ دەرباز بوون لە دەست ئەم چارەنووسە شوومە لە گۆرێدا نەبێ کە مرۆڤ پاش ئەو هەمووە تێکۆشانەی سەرئەنجام دەچێتە ژێر رکێفی خزمەت کردن بە دووخودان.

دۆن پائۆلۆ بەو باوەرە دەگات کە مەینەتی ژیانی هەموو شۆڕشگێڕێکی پاك و راستەقینە هەر لەم مەسەلەدایە. چوونکە پێشتر ئەم پرسیارەی لە زۆربەی خەباتکارانی نێو ریزی حیزبەکەی کردبوو کە بە چ هۆیەک بوونەتە شۆرشگێر، زۆربەیان دانیان بەوەدا هێنابوو کە هەروەکوو خۆی، سەرەتا لە رێگای تاوانبارکردنی واتاکانی نێو کۆمەڵگا بەرەو ئەم رێبازە راکێشراون. ئەو بۆ خۆی سەربردەی زۆربەی هەرەزۆری شۆرشگێرەکانی خوێندوەتەوە بەڵام لە هیچ کامیاندا تووشی ئەم خاڵە گرینگە نەهاتووە کە رەنگە لە رێگای باوەرێکی زانستیانە یاخود بەئاکام گێشتن لە بواری زانستی ئابوورییەوە بوونەتە شۆرشگێر. دۆن پائۆلۆ بیر لەو هەرەسە دەکاتەوە کە لە ئاکارو رەوشتی ژیانی پیشەیی سیاسەتدا، تەنانەت خاراوترین کەسایەتییەکان بەتووشیانەوە دەبێ. ئێستا ئەو دڵنیا بووەتەوە کە بریاری گەرانەوەی لە هەندەران و خۆ خەریك کردن بە کاری نەهێنی، لە پێویستییە غەریزییەکەی خۆدەربازکردن و هەڵاتن لەم چارەنووسە شوومەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەم تاقیکارییە ویژدانیەدا بەدەر دەکەوێ و، لەم زۆنگەیەرا سەری هەڵداوە کە نایهەوێ لە ناخیدا دان بە تەسلیم بوون و پێی مل بوون بێنێ. نایهەوێ دان بەو خەیانەتەی ببینێ کە خۆی لەخۆی کردووە. هەوڵدەدات کە رەوتی ژیانی خۆی لە تەنگژەیەکی ئەوتۆدا رابگرێ کە تەنانەت دەرفەتی پێدا چوونەوە بەنێو ئەم مەسەلانەشی بۆ نەهێڵێتەوە. بەڵام کارەساتە چاوەروان نەکراوەکان، گەڵاڵەی خۆدەرباز کردنەکەشی لێ بەرپەچ داوەتەوە. ئێستا خۆی لە بارودۆخێکدا بینیوەتەوە کە مەیدانی کردەوەی بەسەردا بەستووە. ئێستا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەجالی چالاکی بۆ نەماوەتەوە. ئێستا کە بەهەزاران هیواو هومێدەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە لە ئامێزیدا پەروەردە بووە، دەبینێ کە بەرەو رووی خۆی بووەتەوە. ئەم بارو دۆخە زەبرێکی کاریگەری لە میکانیزمی دەروونی ئەو وەشاندووە. ئەو دوو بەشەی کە پێکهێنەری ئەو بوون ئێستا لێك دابڕون. ئێستا دۆن پائۆلۆ لێی روون بوەتەوە کە لە توانایدا نییە تەنانەت بیر لە ئیمکانی رزگار بوونی لە دەست بەشێك بکاتەوە  کە لە بەرژەوەندی بەشەکەی دیکەدا بێ. هەر دوو لایەنی بەشەکان، خوودی خۆیەتی. بۆ رابردوو گەڕانەوەو سەر لە نوێ گەنج بوونەوە و پەنا بردنە بەر باوەرە کەوناراکانی ئایین و هەروەها سپاردنی چارەنووسی خۆ بە دەست خوایەکی گەورەتر، ئەمەش مەسەلەیەکە کە بۆ خۆی باش دەزانێ کە بۆی ناگوونجێ. گەڕانەوە بەرەو ژیانی تاکە کەسی و بێلایەن بوون لە حاست چارەنووسێکی دوور لە مرۆڤایەتی کە لە چارەی ئەم خەڵکە لانەوازەدا نووسراوە و، سەر شۆرکردن لەحاست دیکتاتۆریەیشدا کارێکی دوور لە ئیمکانە. بەردەوام بوون لە سەر پیشەی سیاسەت و پێ مل بوون بۆ رێساو یاساو داب و نەریتەکانی سیاسەت و هەروەها پیلان نانەوەو درۆکردن و دیاری کردنی بەرژەوەندی حیزب لە پلەی خێرێکی مەحزو بەم جۆرە سەیر کردنی، ئاوردانەوەیەکی دەمارگرژانەو وردە بورژوازییانە بۆ سەر بەها ئەخلاقی و گشتییەکان و هەروەها واتاییەکانیش، ئەمەش لەخۆیدا بۆی مسۆگەر نابێ. ئەدی دەبێ چی بکات؟ سەرئەنجام بەخۆی دەڵێ:

- ئەگەر ئەم دۆخە درێژە بکێشێ من شێت دەبم.

مەترسی ئەوەی کە رەنگە عەقڵی لەدەست دابێ بەسەریدا زاڵ دەبێ. دبێ لەکن خۆی ناوەکەی، ناوە راستییەکەی خۆی دووپات بکاتەوەو تەواوی ئەو شتانەی کە مایەی گۆڕانی ئەون و رواڵەتی پیشەی قەشایەتی پێداوە - لەبەر چاوانی بزر بکات. دەبێ دەستێك بەسەروچاو وشان و پیل و ئەژنۆکانیدا بکێشێ، لە دەستێکی خۆی بنووسێ و خاڵێکی پاوەجێ لە ئەندامەکانیدا بدۆزێتەوە بە مەبەستی خۆراگرتوویی لە خۆ نیشاندان، تا خۆڕاگرتوویی هەبێ لەحاست لەرزۆکی هزرە ئاڵۆزەکەی. بۆ دەرباز بوون لە نیگەرانی ئەو خەباتەی کە بە ئامێری بەڵگەهێنانەوە و هۆکارە تەجریدییەکانی بەردەوام ئاڵۆزی دەکا،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رۆژێك جل و بەرگەکانی لەبەر دکا، لەژوورەکەی دەچێتە دەرەوەو، وەنێو باغەکە دەکەوێ، پەتوویەك لەسەر عەرزی پان دەکاتەوەو لەسەری رادەکشێ. زەوییەکی گەرم کە تازە جووت کراوە لەژێر قوورسایی لەشی دا هەروەك مەمکێکی پڕ لەشیری ئافرەتێك رۆدەنیشێ.ریزە مێروولەیەك بەدار هەنجیرەکەدا دادەگەڕێن لە تەنیشتییەوە کە هەروا لەسەر عەرزکە درێژ بووە لە ریزێکی دوورو درێژدا رێ دەپێون. هەر مێروویەك شتێکی هەڵگرتووە. دۆن پائۆلۆ لە کن خۆی وا بیر دەکاتەوە: بریا دەمتوانی هەرلێرەدا خەوم پیابکەوێ و بەیانی وەک جووتیارێکی ئاسایی لەگەڵ کازێوەدا لە خەو هەڵدەستام و بەرەو بێستان جلی گوێدرێژەکەم قاییم دەکرد. بریا دەمتوانی بخەوم و پاش هەستانەوەم نەك هەرسینگم چاك دەبوەوە بەڵکوو کەللە شم هەروەکوو کەللەی مرۆڤێکی ئاسایی لێ بێ و مێشکم لەدەست ئەم هەموو خەیالانە ئاسوودە دەبوو، خۆزگە دەمتوانی بەرەو ژیانە ئاسایی و راستەقینەکەی خۆم بگەڕێمەوە، پێمەرەی لەعەرزی داگرم، زەوی بکێڵم، تۆو بچێنم و بژیووی ژیانم پەیدا بکەم و رۆژانی یەك شەمۆش قسە لەگەڵ خەڵکی بکەم و کتێب بخوێنمەوە، بریا دەمتوانی بە پێی ئەو یاسایە بژیم کە دەڵێ: (نانی خۆت بەعارەقەی نێو چاوانت پەیدا بکە!). دۆن پائۆلۆ بە هۆی زۆر بیرکردنەوەی لەسەر ئەم مەسەلانە، سەرئەنجام سەرکەوتوو دەبێ کە سەرەگرێی ئاڵۆزییە دەروونییەکانی لەم خاڵەدا ببینێتەوە کە ئەوە بۆ خۆیەتی کە پێی لەم رێساو یاسایانە درێژتر کردوەتەوەو ژیانی بەسەر رابواردن دانیشتنی نێو چاخانەکان و کتێبخانەکان و میوانخانەکان و لەم جۆرە رابواردنانەدا بێ بەش کردووە کە بوونەتە هۆی بچرانی پێوەندی نێوان خۆی و زەوی ، ئەو پێوەندییەی کە بە درێژایی مێژووی باب و باپیرانی ئەوی هەر بەم زەوییانەوە گرێ داوە. ئەگەر ئەو ئەمرۆ بێبەش لەمافە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە لەو زۆنگەیەڕا نییە کە بە پێچەوانەی یاسا سەرە رۆییەکانی ئەو رێژیمە دەجووڵێتەوە کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵکوو لەمەڕ سەرپێچی کردن لەو یاسا کۆنەیە کەفەرمانی پێدەدا: (نانی خۆت بەعارەقەی نێو چاوانت پەیدا بکە!) ئەو دەستی لەجووتیاربوون هەڵگرتووە بەڵام نەش بووە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشارستانی. ئیتر لەوە بەدواوە گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی ناگونجێ. فەرامۆش کردنی زەویش لەخۆی دا بۆ ئەو مسۆگەر نابێ.

گەردەلوولێکی سام ناك کە بەسەر پیتراسکادا دادەبارێ کوتوو پڕ پەشیمانییەکی چاوەروان نەکراو لەم ناکۆکییە دەروونییەی ئەوا دروست دەکا. گەرما تا دوایین پلە، بەرز ببوەوە. خۆرەتاوێك هەروەك کوورەی گڕ، بەبێ ئەوەی تەمێك لە هەوادا هەبێ. خۆرێکی گووشراوە و زەق هەڵگەراو، چاوی دەبرژاندەوە. بەرە بەرە پیتراسکا دەبووبە کوورەیەکی گڕ. زەوی دەت گوت لەبن ئەوکڵپە گرانەدا دەسووتا. کافوونەکان لەبەر خوا دەپاڕانەوە: (خوا هاوار دڵۆپێ بارانمان بۆ ببارێنە!) خوا دووعاکەی قەبوڵ کردن. ماشەڵا لەو رەحمەتە ئاسمانییەی و لەم هەموو بەزییەی خوا! پەڵە هەورێکی گەورە بە زگی ئاووسەوە کە لە لای دەشتی فۆچینۆڕا هاتوون ئێستا بەسەر دۆڵەکەدا ئاپۆرە دەخۆنەوە. ترس بەسەر ئاوایی دا زاڵ دەبێ. خەڵکی بەرەو ئەم لا و ئەو لا هەڵدێن. دایکەکان بەدەنگی بەرز مریشك و منداڵەکانیان بانگ دەکەنەوە. وەك بڵێی پەتای شێتیەتی تووشی هەموویان بووبێ.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- خۆ هێشتا دڵۆپە بارانێکیش نەباریووە، ئەی ئەم هەموو ترسە لەبەر چییە؟

هێشتا چارەکە سەعاتێکی لێ لانەداوە کە بنی ئاسمان کون دەبێ. هەورەگەوالْ گەواڵەکان بە سەر پیتراسکادا قەڵشیان تێ دەکەوێ و بروسکەیەکی سەرسام هێنەر دەگرمێنێ. گەردەلوولەکە، کە بەسەر ئاواییەکانی خوارووی زاڵە، بەخێرایی بەرەو ئەوکێوە هەڵدەکشێ کە کۆتایی دۆڵەکەیە. بروسکە لێدا لێکدا هەورە چڕو پڕەکان لەبەر یەك هەڵدەدرێ و لەمەودای شەبەقی هەر بروسکەیەکدا گرمەیەکی سام هێنەر، هەم ئاوایی پیتراسکاو هەم کوێستانی لای سەرووی ئاوایی دەخاتەبەر لێکوتەی چەکووشەکەی و لەپشت سەریشییەو تەنوورە ئاوێك دادەبارێنێ. ئەم بۆردوومانە گوێ کەپ کەرە سێ شەو و سێ رۆژان بەردەوام دەبێ. لە هەموو لایەکەوە ئەو شاخە وەبەر پەلامار دراوە، بەڵام خۆی بەدەستەوە ناداو هەروا لەسەر جێی خۆی گەردن کەشانە ماوەتەوە. پیتراسکاش کە بە بناری ئەو کێوەوە نووساوە تێدەکۆشێ تا کۆل نەدات و لەسەر جێی خۆی راوەستێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ بەهانای ماتالێناو ئامریکۆی کوری دەچێ تا سەنگەرێکی پتەو بۆ بەرگری کردن لە هرووژمی سێلاوکە، لەپشت درگا و پەنجەرەکانی میوانخانەکە دامەزرێنن، بەڵام بەم جۆرەش ئاو لە هەموولایەکەوە دێتە ژوور. هاوارو پارانەوە شەوی تەنیوەتەوە، بەڵام کەس غیرەتی نییە لە ترسی ئەو سێلاوە وەدەربکەوێ. دەبێ تا بەیانی پشوو رابگرن و ئەودەم دەزانن کە ئەم لافاوە پردەکەی بردووە، ئاو دەدوازدە خانووی داگرتووە. ماتالێنا لە تاو ناهومێدی هێندەی نەماوە شێت بێ. ئەو ئافرەتە بەستە زمانە بە ناڵەوە دەڵێ:

- ئەگەر خانووەکەم بۆ جاری سێهەم خراپ بێتەوە، ئێستا کە مێردەکەم نەماوە کێ سەرلەنوێ بۆم بینا بکاتەوە؟

چەند کەس لە کافوونەکان بە پەلەداوان خۆیان گەیاندوەتە ناقووسی کلیسا و زەنگی دوورخستنەوەی بەڵاو مەسیبەت لێ دەدەن، لەبەر دەرگای ماڵەکان، خەڵکی ئاوایی مەنجەڵی سەراوبن دادەنێنەوە. ئافرەتەکانیش لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە مناڵە مەڵۆتکەپێچەکانیان پیشانی ئاسمان دەدەن. تەواوی ئەم رێورەسم و داب و نەریتانە هەر بۆ راکێشانی رەحم و بەزەیی هێزە مێتافیزیکییەکان بەرێوە دەچن بەڵام ئەو هێزانە وەبەزەیی نایەین. بە هیچ جۆرێ لە تەوژمی تۆفانەکە کەم نابێتەوە بە چەشنێ کە پەیتا پەیتا و بێ برانەوە بەسەر پیتراسکاو بەسەر کوێستاندا دەگورێنێ هەڵدەرژێ. لەخوار دۆڵەکەوە هەوری یارمەتی دەر بە هانای گەردەلوولەکەوە دێن و ئەوانیش بەنۆرەی خۆیان هەڵمەت دەبەن. شاخ هەروا خۆی راگرتووە بەڵام تۆ بڵێی زۆر بخایەنێ؟ جارێ وا لەسەر پێ راوەستاوە. سەرانسەری ئەوشەوە کەس بۆ ساتێکیش نەسرەوتووە. دەوروتەنیشی میوانخانەکە دەڵێی بووە بەژوانگەی جەحەندمی گاو گورگ و ماران. ئاو بە هاژەو خووڕەوە لە هەموو لایەکەوە وەژوور دەکەوێ. ئەو هاوارو سکاڵایانەی کە جارناجارێ بەگوێ دەگەن لە هیچ شوێنێك دەنگ نادەنەوە.ماتالێنا بەسەری رووت و جل و بەرگێکی ئاڵۆزەوە وەك شێتێکی تووڕە لە خانووەکەدا هەر سەرو خوار دەکاو هەوڵ دەدا تابەر بە هروژمی ئاوەکان بگرێت کە لەهەمووڵایەکەوە و لەهەموو درزێکەوە دزەی کردووە. دیسان دەبێ تا بەیانی پشوو رابگرن و ئەودەم ببینن کە تەویلەی (جیرامێتا)ئاوبردوویەتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و بزن و گوێدرێژەکەی بێ سەرو شوێنن. خانووی (نیکۆلاچیکاڤۆ) داتەپیوە. نیکۆلا و(ماریتا)ی خێزانی بەزەحمەت توانیویانە پەنا بەرنە بەرماڵی دراوسێکانیان. بانی خانووی (جیرڤاسییەوئاماتۆرە)ش ئاوبردوویەتی. جیراڤا سییەو و کچەکانی لە خەودا بوون. یەکێ لەکچەکانی بەسەختی بریندار بووە.

بۆ رۆژی سێهەمیش دیسان باران دەبارێتەوەو هەور وەك ئەوەی کۆخەرەشەی گرتبێ پەیتا پەیتا لەسەرانسەری ئەو دۆڵەدا دەگرمێنێ. دۆڵەکە وەك کوولەکەیەکی رزیوی لێهاتووە. ئاو گشت ئاوایی داگرتووە. رێگاکان بوونەتە جۆگەی ئاو. ژێرخان و قاتی یەکەمی خانووەکان پڕن لەو لیتەو قورو بەردانەی کە سێلاوەکە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. فەرمانبەرەکانی رێگاوبان بۆ سازکردنەوەی رێگا- کە لە چەند شوێنەوە ئاو دریویەتی- و بۆ دامەزراندنەوەی پردێکی کاتی، لە لاماوە هاتوون. هەرکەس لەسەر کەلاوەی ماڵەکەی خۆیدا لە دوای قاپ و قاچاغ و کەل و پەلی خۆی دەگەرێ. هەموو شتێ رەنگی لیتەوقوڕی بەخۆیەوە گرتووەو قوڕوچلپاویش هەموو شوێنێکی گرتوەتەوە. پیاوەکان لەنێو لیتەکاندان وەك خزۆکەی گەورە و کیسەڵە زەبەلاحەکان دەچن. گاری ماستێر ئانجێلۆ لە قوڕا رۆچووە. باوك و کورە بۆ دەرهێنانەوەی گارییەکەیان چەندین سەعات تەقەلای بۆ دەکەن. هاواری (یاهوو،یاهوو) لە باب و کورەوە هەڵدەستێ. پاڵی پێوە دەدەن و گوڕی دەدەن و گوڕی دەدەن و رایدەکێشن بەڵام گارییەکە لەجێی خۆی نابزوێ. تەگەرەکانی بەبێ ئەوەی بسوورێنەوە لەسەر جێی خۆیان دەخزێن.(ماستێرئانجێلۆی)لاو دەست دەکا بەفیتوو لێدان و جگەرەیەك پەی دەکا. باوکی قەڵس دەبێ و بەسەریدا دەگوورێنێ کە:

- جگەرە مخۆ! پاڵ پێوەنێ!

بەڵام لاوەکە هەروا جگەرە دەکێشێ.

- پێت دەڵێم جگەرە مەخۆ! پاڵ پێوەنێ!

غار دەکاتە سەر کوڕەکەی تا چەختێکی بکوتێ:

- لەحەنەت لە تۆ و لەوەی فرێی داوی. مەگەر پییەم نەکوتی جگەرە مەخۆ و فیتوو لێ مەدە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ بە هێوری و لەسەرخۆ بە هانای کوڕەکەیەوە دێت و دەڵێ:

- خۆ فیتوو لێدان تاوان نییە.

پیرەمێر دەڵێ:

- پیاو کاتی بەکارێکەوە سەرقاڵە نابێ فیتوو لێداو جگاران بخوا. خۆ کار گاڵتە نییە.

- ئەی ئەگەر ئیشتیای فیتوو لێدانی کرد، ئەودەم چی؟

- دەبێ راوەستێ تا کارەکەی تەواو دەبێ. خۆ کار فشە نییە. مام قەشە ئێوە چیرۆکی(ئۆرلاندۆ)ی دێوتان بیستووە؟ ئەو دێوە هەر هەنگاوێکی هەزار متر دەبوو. رۆژێ بە فشە ئیشتیای جووت کردن لە سەریدا. تا لای ئێوارێ بەبێ ئەوەی خۆی هیلاك بکا عەرز دەکێڵێ. ئێوارە گایەکانی لەگاسنەکەی دەکاتەوە لە گیرفانی شەرواڵەکەی دەخات و گاسنەکەش لەگیرفانەکەی دیکەی و دەچێ بخەوێ. رۆژەکان یەک بەدوای یەکدا تێپەڕ دەبن و بەدوای ئەواندا حەوتوو و مانگەکان تێدەپەرن بەڵام کێڵگەکەی ئورلاندو هیچی لێ شین نابێ. وەك ئەوەی هەر لەبنەرەتەوە هیچی تێدا نەچاندبێ؟ چوونکە خۆی بە کارەکەیەوە هیلاك نەکردبوو. مرۆڤ ئەگەر بیەوێ بەرهەمێك لەکارەکەی وەربگرێ دەبێ ئازاری بۆ بکێشێ و لەباتی عارەقە خوێنی لێ هەڵچۆڕێ.

هەر ئەوکاتەی کە(ماستێرئانجێلۆکان(باب و کوڕ)بۆ جارێکی دیکە خۆ بە دەرهێنانەوەی گارییەکەیان خەریك دەکەن پیاوێك چاوی بە ماسییەکی (قیزیل ئالا) دەکەوێ. گشت خەڵکی ئاوایی خۆیان بە دارو سەوتە و قولینگەوە پڕ چەك دەکەن. بەهاوار هاوارێکی دڕندانەوە لەحاڵێکدا یەکتر بۆ راوە ماسی دنە دەدەن دەگەنە سەر. بەڵام هیچ شوێنەوارێك لەماسییەکە دیارنییە. کێ دەزانێ، رەنگە هەر هەوەڵیش ماسی یەک لە گۆرێدا نەبوو بێ.

هەر لەو کاتانەدا، ئەو کافوونانەی کە لەبەر گەردەلوولەکە پەرتەوازەی دەرەوەی ئاوایی ببوون بۆ هەڵسەنگاندی زەردو زیانەکانیان بەرەو ئاوایی دەگەڕێنەوە.

(پاسکال جێراماتا)لەقەشە نێزیك دەبێتەوە. شەبکەکەی لەسەری دادەگرێ و هێمایخاچ دەکێشێتەوەو، لەحاڵێکدا کوڵی گریان ئەوکی گرتووە دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- مام قەشە، دەبێ هەر ئێستا بۆم روون بکەیتەوە کە ئەم خودایە چکارەیە؟

دۆن پائۆلۆ نازانێ چ وڵامێکی بداتەوە بەڵام دەڵێ:

- ئەگەر حاسڵاتەکەت لەنێو چووبێ خەتا لە بۆرانەکەیە.

جیراماتا سەر رادەوەشێنێ و داوای لێ بوردن دەکا. ئەو بەهیچ جۆرێ نەیدەویست سووکایەتی بەخوای(باری تەعالا)کردبێ، قەڵسیش نییە بەس دەیەوێ شتێ تێبگا و بۆیە دەپرسێ:

- ئەگەر باران لە دەسەڵاتی خوادا نییە ئەی دەسەڵاتەکەی چەندەیە؟ ئەگەر ئەو دەسەڵاتی بارانی هەیە و رێگە بە گەردەلوول دەدا کە دەست رەنجی ئەم خەڵکە بێچارەیە زایە بکات، ئەدی ئەمە چ خوایەکە؟ ئایا لێژنەیەکی دادپەروەری لەگۆرێدا نییە کە خوا حیسابێکی لێ بەرێ؟

جراماتای بێچارە هەر لەسەرەتای گەردەلوولەکەوە تەویلەو گوێدرێژو بزنەکەی و داهاتی هەردوو مەزراکەی لەدەست داوە. ئێستا نابووت بووە و هیچ پاشکەوتێکیشی نییە بۆ پاشەرۆژی .ئێستا بەدوای بەرپرسی ئەم کارەساتەدا دەگەرێ. ئەگەر ئەم بەرپرسە خوا نەبێ ئەدی کێیە؟ دیسان دەپرسێتەوە:

- ئەگەر خوا بۆی هەیە بنەماڵە هەژارەکان ماڵ وێران بکا، ئایا بۆی هەیە حسێبی کردەوەکانی خۆی بەکەس نەداتەوە؟

لەم کاتەدا(پاسکۆئاندێرەیا) دێت و دەڵێ:

- مرۆڤ لەهەوای خۆش وناخۆش دا، لە رۆژدا چواردە سەعات کار دەکا. رۆژانە لێرەوە دەچێ بۆ فوچینۆ و رۆژی بەچوار لیرە کرێکاری دەکا، وەك وڵاغ دەژی. تەواوی ئەم هەوڵ و تێکۆشانە بۆ ئەوەیە کە رۆژێ توانای کرینی پارچە زەوییەکی بۆ برەخسێ. کاتێ دەساڵی رەبەق لەباتی عارەقە خوێنی هەڵرشت تازە لەدەستی دێ کە پارچە زەوییەک بکرێ. ئەوجار گەردەلوولێك هەڵدەکا و داهاتەکەی لێ خراپ دەکا. خۆ زەوییەکە تازە فەوتاوە، بۆ ماڵیات دان و عەوارزو خەرجی خواردن و کرینی تۆویش فلسێکی لە گیرفاندا نەماوە. ناچار دەبێ زەوییەکەی بفرۆشێ. کەزەوییەکەشی فرۆشت دەبێ دیسان بیکرێتەوە،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

واتە دەبێ دە ساڵی دیکە وەك وڵاغ گیان بدات تا تەنیا هەر ئەو پارچە زەوییەی خۆی پێ بکڕێتەوە.

ماستێرئانجێلۆ وەنێو قسەکانی دەکەوێ و دەڵێ:

- مرۆڤی بێچارە لە تەواوی تەمەنیدا زەحمەت دەکێشێ تا کۆخێك وەك سەرپەنا بۆ خۆی دروست بکات، بەڵام قەت لە پەنادا نییە. بەستە زمانە خانوویەک بۆ خۆی ساز دەکا بەڵام کوتووپڕ بوومەلەرزە یان لافاوێك دەگاتە سەری و کەل و پەلی ژیانی لێ هەڵدەرێژێتە نێو دەشت و دەر. بەراستی پەناگەیەکی سەیرە! ئەو بەدبەختەی دیکە، خۆی دەکووژێ و دەبرێ تا مەزرا یا پارچە زەوییەک پەیدا بکاو ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات. ئەودەم گەردەلوولێك هەڵدەکا و زیان بە گشت بەرهەمەکانی دەگەیەنێ. چی لەگەڵدا دەکرێ؟ پیاو قەت رووی ئاسوودەیی نابینێ و قەت بۆ ساتێکیش بێ ترس و لەرز بەسەرنابات.

(جیاچینتۆ کامپۆباسۆ)یش کە داهاتەکەی تێدا چووە، ژن براکەی خۆی کە هێندێ پاشکەوتی هەیە دەهێنێتە خزمەت قەشە و پێی دەڵێ:

- داهاتەکەم تێدا چووەو گەردەلوول هەمووی لەرەگەوە دەرهێناوە. ئێستا زەوییەکەم وەك کانگایەکی خیزی لێ هاتووە. لەوەتی ئەم زەوییەم کڕیووە ئەمە یەکەم بەرهەمم بووە کە بە هیوا بووم لێی هەڵگرمەوە و ئێستا هەموویم لێ زایە بووە. بە بروای من ئەم زەوییە هەر مایەی ماڵ وێرانیم بووە. بۆ کڕینی ئەم بستە زەوییە خۆم لە سیگارکێشان بێ بەری کرد، خۆم لە خواردنەوە بێبەش کرد، لە گەرمای هاویندا بە پێ پەتی بەرێدا دەرۆشتم،جل و بەرگی شرۆڵ و پینەکراوم لەبەر دەکرد، کیژێکی شازدە ساڵانەم هەروا بەتەمای خوا بەجێ هێشت تاگیانی دەرچوو بەبێ ئەوەی توانای هێنانی دوکتورم هەبێ یان دەواو دەرمانێکی بۆ بکڕم یان لانی کەم قەشەیەکی بنێرمە سەر. بۆ خۆشم هەر نانی وشك و رەقم بە لیکاوی زارم خووساند و بە جێی عارەقە خۆێنم لێ هەڵچۆڕا. گشت ئەم مەینەت و بەدبەختییانەم هەر بۆ ئەوە بوو کە بتوانم ئەو بستە زەوییە بکڕم. تۆ کەژن برای منی بە باشی ئاگاداری رەوتی ژیانی منی، بەڵام من ویستم لەبەر چاوی پیاوچاکێکی ئاوا پیرۆز

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم شتانەت وەبیربێنمەوە. پاش کڕینی ئەم زەوییە ئیتر فلسێکم بۆ نەماوەتەوە. بۆ کڕینی تۆو وگوێدرێژێك و دوودانە تێران بە ناچاری هێندێ پارەم بەقەرز وەرگرتووە. ئێستا کە داهاتەکەم تێدا چووە ئەم قەرزانەم چۆن بدەمەوە؟ بۆ کشت و کاڵی ساڵی داهاتووم بەچی تۆوی گەنم بکڕم؟

(ئیسکارمێلی) ژن براکەی، شانەکانی هەڵدێنێتەوەو دەڵێ:

- راستییەکەت بوێ ئەم شتانە پێوەندی بەخۆتەوە هەیە.

کامپۆباسۆ کە هەوڵ دەدا گوومانێك لە قسەکانیدا نەهێڵێتەوە دیسان دەڵێ:

- لەوەی دڵنیابە کە ئەو زەویەی نافرۆشم. ئەگەر کەسێك هەیەو چاوی تەماحی تێبڕی بێ، دەبێ باش تێبگا کە شەپ دەزانێ قۆناغ لەکوێیە. ئەم زەوییە وەکوو پارچە گۆشتێکی لەشی منە. رەنگە خۆم یان خێزانم بفرۆشم بەڵام قەت قەت ئامادە نابم ئەم زەوییە بفرۆشم. سەرەڕای ئەم شتانەش ئەگەر قەرزەکەم نەدەمەوە ئەوا خاوەن قەرزکەم زەوییەکەم لێ داگیر دەکا. تۆش کە ژن برای منی و هێندێکت پارە وەك پاشەکەوت هەیە دەتوانی یارمەتیم بدەی.

ژن براکەی وڵامی دەداتەوە:

- ئەوەی راستی بێ، بە شەرەفم هەرکەسێك بۆ خۆی چەرمەسەری خۆی هەیە. هەرکەس دەبێ لەبیری کاری خۆیدا بێ.

پاشان رێگای خۆی دەگرێتە بەر و دەڕوا. قەشە و کامپۆباسۆ بۆ ماوەیەکی دیکە لەلای یەک رادەوستن ودیسان درێژە بەقسەکانیان دەدەنەوە. قەشە لە بیری دەچێتەوە کە ئەوا بۆ خۆی قەشەیەو سەری دەردەدڵەکەی بۆ کامپۆباسۆ دەکاتەوە:

- وڵاتێکی گەورە هەیە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ یەکەم جار جووتیارەکان هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی دیکە جگە لە خاوەنداریەتی تایبەتی سەرپەنا و بژیوێك بۆ خۆیان پەیدا بکەن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەشە و کامپۆباسۆ هێشتا خەریکی قسە کردنن کە چاویان بە(ئۆسکارامیلی)دەکەوێ.
ئەو بەسوار گوێدرێژێکەوە لەپردەکە دەپەڕێتەوە ورێگای ئەو جادەیەی دەگرێتە بەر کە بەرەو دۆڵێ سەراولێژ دەبێتەوە.

کامپۆباسۆ ڕەنگی هەڵدەبزرکێ و دەڵێ:

- ئەو ناپیاوە دەچێ بۆلای ئەوسەلەم خۆرەی کەپارەی بەقەرزداوە بەمن. دەچێ بۆ کرینی زەوییەکەم پێشەکییەکی بداتێ.

دۆن پائۆلۆ  تێدەکۆشی کە ئارامی کاتەوە ودەڵێ:

- ڕەنگە خراپی لێ حاڵی بی. لە چی ڕا توانیت نییەتی دڵی بخوێنیتەوە؟

کامپۆباسۆ لە وڵامدا دەڵێ:

- زۆر لەمێژە چاوی لەم زەوییەی من بڕیووە. ئەو پیاوە ڕقی لێ هەڵگرتبووم چوونکە من لە پێش ئەودا توانیم ئەم زەوییە بکرم. ئێستا دەرفەتێکی باشی دەست کەوتووە کە زەوییەکەم لەچەنگ دەربێنێ. تۆ نازانی چ بنەبڕێکە!

دۆن پائۆلۆ پرسیاری لێ دەکا:

- ئەگەر تۆش لەجێی ئەوبای هەروات نەدەکرد؟

بەڵام کامپۆباسۆ خۆی لە وڵامەکەی هەڵە دەکاو دیسان دەڵێ:

- بەڵێ، لەبنەوە برێکی سەگبابە !

و بە پەلە بەرەو ماڵێ هەڵدێتەوەو بە دەنگی بەرز بەخێزانی دەڵێ:

- هەر ئێستا چرایەك لە بەر دەمی پەیکەری حەزرەتی مریەم داگیرسێنەو لە سەرچۆکان لەبەری بپارێوە کە هەرکەسێك بەتەما بێ ئەم زەوییەی ئێمە بکرێتەوە خوا تووشی بەڵاو مەسیبەتێکی خراپی بکا. تێ گێشتی؟

خێزانی دەپرسێ:

- ئەوە کێیە کە بەتەمایە زەوییەکەمان بکڕێتەوە؟

پیاوەکەی فەرمانی پێ دەدا کە:

- دووعا بکە!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خێزانی چرایەك هەڵدەكاو لە حاڵێكدا مێردەكەی ئاگای لێیەتی بە سكاڵاوە نزایەوە لەبەر حەزرەتی مریەم دەپارێتەوەو داوای یارمەتی لێ دەكا كە هەر كەسێك بیر لە داگیركردنی زەوی مێردەكەی بكاتەوە، تووشی بەڵاو مەسیبەت بێ.

دۆن پائۆلۆ كەماندوو بووە بەرەو ژوورەكەی دەگەڕێتەوە. لە سەرمێزەكەیدا چاوی بە دەفتەری وتووێژ لەگەڵ كریستینادا دەكەوێ. دەفتەرەكەی دەكاتەوەو بۆ جارێكی تر چەند دێرێكی لێ دەخوێنێتەوە و كوتووپڕ سەبارەت بەخۆی لە ناخەوە هەست بە رق و بێزارییەكی زۆر دەكا. لە كۆتایی وتووێژەكەیدا ئاوا دەنووسێ: (قۆریاتی پیاوێكی بێكارە).

دەچێتە نێو جێگاكەی و هەرچی دەكاو تێدەكۆشێ خەوی لێ ناكەوێ. دەبێ بێوەخت بێ. لەنەكاو دەنگی هات وهاوارێک لە بەر میوانخانەكەوە بەگوێی دەگات. ماتالینا دێتە ژوور هۆدەكەی دۆن پائۆلۆ و دەڵێ:

- ئوسكارامیلی یان بەسەر زەمبەیەكەوە بەرەو ماڵ هێناوەتەوە. لەو شوێنەی كە جادەكە دادڕاوە خۆی و گوێدرێژەكەی لە سێڵاو دەكەون. گوێدرێژەكەی تۆپیوە و ئوسكارامیلی-یش لاقێكی شكاوە.

بۆ سبەینێی ئەو رۆژە، (تێرێزاسكارافا) كوڕە ژێكەڵەو جوانیەكەی لە دایک دەبێ. منداڵەكەی كوێر نییە. بۆ پێ زانینی لە حاست قەشەدا كە نەیهێشت منالەكەی بینایی لە دەست بدات و لە كوێری رزگار كردووە، دایكی ناوی پائۆلۆ لەسەر كورەكەی دادەنێ. پاش دوو رۆژی دیكەش نۆرە بە(سابێتا)دەگا كە منالی ببێ(دۆن چیپێریانۆ)بۆ (تەعمید)ی منالەكان لە لامارا هاتووە. وەفدێك بە بەشداربوونی باوكی ماڵەكانی ئاوایی و بەسەرۆكایەتی پاسكاڵ جیرامیتا بۆ چاو پێ كەوتنی قەشەی پیر دین. جیرامیتا دەڵێ:

- تووڕەیی خوا بەسەر ئێمەی بێچارەدا باریوە. بێ تاوانەكان بە ئاگری تاوان بارەكان دەسوتێن. ئیتر ئێستا گومانی تێدا نییە كە لەم دۆڵەدا دەبێ تاوانێكی گەورە رووی دابێ.

دۆن چیپیریانۆ لەوڵامدا دەڵێ:

- ئەو سزایەی كە ئێمە لەم دوونیایەدا تەحەمولی دەكەین دەبێ كەفارەی ئەو دوونیایەی دیكەمان بێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جیرامیتا لە درێژی قسەکەی خۆی دا دەڵێ:

- گوناحی کەبیرە لە نێزیك ئاودرەکە و لە (پەناگەی تاوانباران)دا رووی داوە. کورێکی لاو لە بنەماڵە رەسەنەکانی ئاوایی لەگەڵ چەتیوێکی سێحرباز کە خەڵکی دەشتییە لە خانووی جنۆکەکاندا بە ناشەرعی مەنزڵیان کردووە و دەرکەیان لەسەرخۆیان گاڵە داوە. ئێستا ئیتر گومانێکی بۆ ئێمە نەهێشتوەتەوە. ئەگەر کاربەدەستانی دەوڵەتی بۆ لەنێو بردنی ئەم بێئابروییە دەس پێشخەری نەکەن ئێمە خۆمان بە زۆرەملی و بەشەق دەیکەین.

دۆن پائۆلۆش دەهێننە نێو کۆبوونەوەکەیان. جێرامێتا دەڵێ:

- بێ گوومان خوا ویستوویەتی سزای ئەم گوناحە کەبیرەیە لە ئێمە بستێنێ.

کامپۆباسۆ پێشنیار دکا کە دەبێ خانووی جنۆکەکان گڕ تێبەردەن.

ماستێر ئانجێلۆ بۆ پشت گری لە پێشنیارەکەی ئەو دەڵێ:

- دەبێ ئەوخانووە ویران بکەین. دەبێ هەر لەوکاتەیدا کە ئەو دووانە لە پەنای یەکتردا نووستوون بەهاون ئەو خانووە بتەقێنینەوە.

دۆن چێپرپانۆ بۆ ئەوەی رێگاچارەیەکی هێمنانەتر بدۆزێتەوە نێوبژی دەکا. بەو مەرجەی کە دۆن پائۆلۆ لەگەڵیدا بچێ، لەبەر ئەوەی ئەو کچەتیوەکە دەناسێ. دۆن پائۆلۆ لە ترسی ئەوەی کە نەکا کاربەدەستانی دەوڵەتی وەنێو بکەون جگە لەتەسلیم و رازی بوون چارەیەکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە.

بواری لافاوەکە هەروا بە تەوژم بەردەوامە، هەر بەم بۆنەیە کامپۆباسۆ ئەو دوو قەشەیە بە کۆڵی پیاوەکان دەپەرێنێتەوە. لەوە بەدواوە دۆن چیپێریانۆ و دۆن پائۆلۆ بە پێی پیادە بەرەو خانووی جنۆکاکان درێژە بەرێگاکەیان دەدەن و بە هەڵێنانەوەی هەرشەقاوێ تاسەرچۆکان لەقوڕێ دەچەقن. دەرکەی خانووەکە لەسەر لینگەیەك دەکرێتەوە. دۆن پائۆلۆ بانگی بیان کینا دەکاو بەڵام کەس وڵامی ناداتەوە. ژووری کۆخەکە هەر وەك ئەشکەوتێك دەچێ. عەرزی کۆخەکە جگە لەچاڵ و چۆڵی پڕ لە خەوش و خۆڵ هیچی دیکەی لێ نییە. زریان لایەکی بانەکەی هەڵقەندووەو لەگەڵ خوێدا بردوویەتی. بیان کینا لەپێش کوانووی ئاگرەکەدا پاڵی لێ داوەتەوە، بسکەکانی پەرێشانن. گۆرەوییەکانی لە پێدا نەماوە، دەستی بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوێزنگی لاقیەوە گرتووە و هێدی هێدی دەگری. ئالبێرتۆ لە تەنیشتی ئەو و لەسەر قەڵاغە گیایەکی شەدار راکشاوە. بۆ چەند حەوتوو دەبێ کە ڕیشی نەتاشیوە. قژی سەری ئاڵۆزە و نیشانی حیزبی دەسەڵاتداری لەجێی دووگمەکانی داوە.

بیان کینا دەپرسێ:

- خواردنتان هێناوە؟

دۆن چیپێریانۆ دەست بەخوێندنەوەی ئامۆژگارییەکی ئایینی دەکا کە پێشتر بۆ رۆژێکی ئاوای ئامادە کردبوو. و بەتایبەتیش لە بەرئەوەی کە لە حوزووری پیاوێکی رۆحانی کە سەر بە قەشەنشینێکی دیکەیە خۆی نواندبێ.

بیان کینا قسەکانی لێ دەبڕێ وەپرسێ:

- ئێو هیچ پێخۆرێکتان لەگەڵ خۆتاندا نەهێناوە؟

ئەوجار دۆن چیپێریانۆ رووی قسەکانی لە ئالبێرتۆ دەکات و دەڵێ:

ئەوە منم کە تۆم غوسڵی تەعمید داوە و بۆ پێخستنە نێو قۆناغی سەرەتایی ئایینی مەسیح ئامادەم کردی. ئەوە منم کە لە پیش بارەگای خودا دا وەڵامدەری رۆحی تۆم. ئەوە من بووم کە تۆم بەرەو رێبازگەی مەسیحییە سادەکانی سێن فرانسوا واتە تەریقەتی (سەلاس)(1) راکێشا.

ئالبیرتۆ مەنگ و ئارام سەیری دەکا. بیان کینا دەیەوێ قسە بکات بەڵام دۆن چیپێریانۆ فەرمانی بێدەنگ بوونی پێدەدا و دیسان دەڵێ:

کاتێ (پۆڤێریلۆ)(2) لە کۆشکی (کاناریۆ) بۆ رزگار کردنی جیهان تەریقەتی سەلاسی دادەمەزراند، نەغمەی پەرەسێلکەکان ژوورەکەی داگرتبوو. ئەو بەرێز و حورمەتەوە داوای لەپەرەسێلکەکان کرد کە بێدەنگی بپارێزن و پەرەسیلکەکان پەیرەوییان لە

---

(1) **مەبەست لە باوەرێکی قووڵ بەباب و کوڕ و روح القودوسە *(lETIERS ordre)***

(2) **مەبەستی لەسێن فرانسوا دا سیز قەشەوپیاوێکی خۆجەیی بەناوبانگی ئیتالیاو دامەزرێنی تەریقەتی عیرفانی فرانسیسکێنە کەناو بانگی بەپاکی و تەقوا دەرکردووەو هێندێ ئەفسانەی جوانی سەبارەت بەپاکی و زەهدی لێ بەچێ ماوە(1182- 1226**

فەرمانەکەی کرد. ئێستا ئەی کیژی بەرێز، دە ئێوەش تێبکۆشن کە پەیرەوی لەو پەرەسێلکانە بکەن.

بیان کینا بەرەخنەوە دەڵێ:

- خۆ ئێوە سێن فرانسوا نین.

دۆن چیپێریانۆ خۆی لەنەبیستی دەداو رووی قسەکانی لە ئالبێرتۆ دەکاو لەسەر فەزایل و مەکارمی سێن فرانسوا بە تایبەت پاکی و تەقواکەی دەدوێ و دەڵێ:

- بەپێی یەکێك لە بەشەکانی کتێبەکەی سین فرانسوا کە تێیدا هاتووە: پۆڤێرلۆ لە سەر داوای پاشای (بابێل)دەچووە نێو هۆزەکانی عەرەبی دەشت نشین(سارازێن)و لە باری ئایینییەوە ئامۆژگاری دەکردن. شەوێك بۆ پشوودان روو لە کاروانسەرایەك دەکاو لەو شوێنە بەتووشی ئافرەتێکی عەرەبەوە دەبێ کە ئەندامێکی جوان و ناسك، بەڵام رۆحێکی گڵاوی هەبوو.

بیان کینا کوتی:

- خۆ من عەرەب نیم.

- بەڵێ ئەو ژنە ویستی کە داوێنی سێن فرانسوا بە تاوان پیس بکا. سێن فرانسوا لە وڵامدا پێی وت: زۆر باشە، قەبووڵی دەکەم، وەرە بابچین پێکەوە بنووین.

بیان کینا دەنگ بەرز دەکاتەوە کە:

- حەی حەی لەو پیاو چاکەی!

سێن فرانسوا ئافرەتەکەی بەرەو ئاگرێکی گەورە پەلکێش کرد و،خۆی رووت وقووت کردەوە. چووە نێو ئاگرەکەو داوای لە ئافرەتە عەرەبەکە کرد کە ئەویش بەدوایدا بچێتە نێو ئاگرەکەو لە باوەشیدا و لەسەر ئەو پێخەفە مووعجیزە هێنەرە بخەوێ. بەڵام ئافرەتە عەرەبەکە سڵەمییەوە.

بیان کینا دەپرسێ:

- ئافرەتەکە ترسا؟

دۆن چیپریانۆ دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بەڵێ ئافرەتەکە ترسا.

بیان کینا دەڵێ:

- ئەگەر ئەو ژنە بەراستی سێن فرانسوای خۆش دەویست نەدەترسا. ئەگەر لەباتی ئەو ژنە بام قەت نەدەترسام.

قەشەی لاما دەپرسێ:

- تۆ ناترسی؟

بیان کینا دەڵێ:

- دەزانی لە بەر چی سێن فرانسوا لە نێو کلپەی ئەو ئاگرەدا نەسووتا؟ چوونکە ئەو ئاگرەی کە لە دەروونیدا دەگەڕا زۆر لەو ئاگرە ئاساییەی کە بەدار داییسا بەتین تر بووە. دەزانی بۆچی ئافرەتە عەرەبەکە لە ئاگری دارەکان ترسا؟ لەبەر ئەوەی ئەو ساردو بێ ئەوین بووە. سێن فرانسوا لێی گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەو ترساوە! و بەڕاستی ئەو ئافرەتە عەرەبە مایەی شەرمی ژنە لەش ناسکەکانە.

ئالبێرتۆ هەڵدەستێ، لە ژوور دێتە دەر و پاشان بە باوەشێك چیلکەو ئاوردوو بەرەو کوانووەکە دەگەڕێتەوەو دەڵێ:

- سەرمایە.

دیسان لە سەر تفاقەکان درێژ دەبێتەوە.

بیان کینا کوانووەکە دادەگیرسێنێ. چرپییەکان تڕن و دەرەنگ گڕ دەگرن. لەبەر ئەوەیکە ئەو کچەتیوە مەقاشی پێ نییە، ناچار بە دەست دارەکان پێوە دەنێ و، سەرئەنجام دەستی خۆی دەسووتێنێ و دەست دەکا بە گریان.

دۆنچیپێریانۆ کە داخی لە دڵدا دەگەڕێ و حەزیش ناکا ئەو هەلەی لەدەست بچێ بۆ تۆڵەستاندنەوە.دەڵێ:

- سەیر کە! ئێوەش لە گڕ دەترسێن!

بیان کینا لەوڵامدا دەڵێ:

- دڵنیابە من نە بۆ تۆو نە بۆ مامیشم کەقەشەی فووسایە، قەت خۆم لە ئاگر ناهاوێم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن چیپیریانۆ لە درێژەی قسەکەیدا دەڵێ:

- ئاگرێکی دیکە هەیە کە هەتا هەتاییەو بەتایبەتی بۆ رۆحە گڵاوەکان دادەگریسێ. لەوشوێنە هەوا پڕ لە دووکەڵێکی ئازار هێنەرو بۆنی گۆشتی برژاوەو تەنیا هاوار هاوارێکی جەرگ بڕ و شەقەی وێك کەوتنی ددانەکان بەگوێ دەگات.

ئالبێرتۆ دەڵێ:

- بۆ خۆشمان دەزانین، خەمت نەبێ پاش ماوەیەکی تر دان بەتاوانەکانماندا دێنین.

دۆن چیپیریانۆ دەپرسێ:

- ئەگەر مەجالی دان پێاهێنانتان دەست نەدەکەوت و لەسێڵاوەکەی دەکەوتن و بەهیلاك دەچوون، ئەودەم چتان دەکرد؟

بیان کینا دەڵێ:

- ئەودەم لەگەڵ خوا قسەمان دەکردو هەوڵمان دەدا لە رووداوەکەی تێ بگەیەنین. ئەگریش حەزی نەکرد لێمان تێبگا ئەوا بۆ خۆی تاوان بار دەبێ.

دۆن پائۆلۆ کە تا ئەو کاتە بێ دەنگەی لێ کردووە دەپرسێ:

- بۆ پێکەوە زەماوەند ناکەن؟

ئالبێرتۆ لەوڵامدا دەڵێ:

- لەبەر ئەوەیکە بنەماڵەکەم ڕازی نابن.

- مەگەر تۆ ئیجازەت لێ خواستوون؟

ئالبێرتۆ دیسان دەڵێ:

- بنەماڵەی من ڕازی نابن. بۆ خۆم باشیان دەناسم.

ئەو دوو قەشەیە دەگەڕێنەوە. دۆن چیپیریانۆ بەدۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- زەماوەند کردن باشترین ڕێگا چارەی ئەم کێشەیە. ئێوە سەبارەت بەم بابەتە لە گەڵ بنەماڵەی کوڕەکەدا قسە بکەن.

کامبۆباسۆ چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەوانە تا بۆ پەڕینەوە یارمەتییان بدات. لە قەشەکان دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- سەرئەنجام ئەو دووانە لەسەر چ بڕیارێك ساغ بوونەوە؟

دۆن چیپێریانۆ پێی دەڵێ:

- کارەکان جێ بەجێ دەبن. تۆش دەتوانی بەوانی دیکەش ڕاگەیەنی کە بەم زوویانە هەمووشتێ چارەسەر دەبێ.

دۆن پائۆلۆ پەشیمانە لەوەی کە ئەرکی قسەکردنی لەگەڵ بنەماڵەی کولامارتینی وەئەستۆ گرتووە، چوونکە پێی وانییە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کارانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ زەماوەندا دایە، بە کار بێت.هەر بۆیە ئەمرۆ بە سبەینێی پێدەکا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژێك، قەشەیەك سەربە هەرێمی خۆجەیی (کییەتی) کە باوە مەلاو ئیقرار بیستی کریستینا لەسەردەمی خوێندکاریدا بووە بۆ سەردانێکی کورت خایەن دێت بۆ پیتراسکا. ئەم قەشەیە بەفایتوونێکەوە هاتووەو بەتەما نییە پتر لەچەند ساعاتان لەوێ بمێنێتەوە. کەچی حەزیش دەکا بەرلە گەڕانەوەی چەند قسەیەکی لەگەڵ دۆن پائۆلۆدا کردبێ. لەگەڵ چاوەپێکەوتنەکەی بەدۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- خانمی کولامارتینی بە ڕیزێکی شایانەوە باسی ئێوەی بۆ کردووم. کاتێ دەم هەویست بە مارسیکادا تێپەڕم لەسەر داوای دایە ڕۆحانی کە بەڕێوەبەری پەرستگەو خوشکانی ئەو پەرستەگەیە و خانمی کولامارتینی یان گەلێ خۆش دەوێ و لەوەی کە ئیتر ئەو لەنێوان خۆیاندا نابیننەوە زۆر بەپەرۆشن- ساز بووم کە سەردانێکی لەپیتراسکاش بکەم.

دۆن پائۆلۆ لەوەی کە ڕەنگە لەبیری میوانەکەیدا دڕدوونگییەک لەپێناسەکەیدا دروست نەکات کەمێ بەگوومانەو بۆیە تەنیا بەم وڵامە خۆی قانیع دەکا:

- من لە وتووێژێك کە ڕەنگە لە بنەماڵەی کولامارتینیدا کرابێ، بەتەواوی لێی بێ خەبەرم،

باوە مەلا دەڵێ:

- منیش ئاگام لێ نییەو، مەبەست لەم دیدارەی منیش بەهیچ جۆرێ ئەوە ناگرێتەوە کە زەحمەت بخەمە سەر ئەو کیژە لاوە. بەڵام بە ئەرکی خۆم زانی کە لەو هۆکارانە ئاگادار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بکرێمەوە کە ئەم کیژەی ڕاگرتووە و دەمەوێ بزانم بۆچی لە پەیرەوکردن لەو توانایی و کێشە خۆجەییە تایبەتەی کە مایەی لەدەروونە بێ گەردەکەیدا هەیە و لەڕاستی و دروستی ئەو دا گوومانی تێدا نابینم- دەستی ڕاگرتووەو خۆی مەحتەل دەکا.

دۆن پائۆلۆ غیرەتێك وەبەر خۆی دەنێت و دەڵێ:

- کریستینا خان لە پیتراسکاشدا دەتوانێ بە قازانج بێ.

باوەمەلا دەڵێ:

- بێ گوومان هەروایە، بەومەرجەی کە هەر تایبەتمەندییە پاك و بێ گەردە مرۆڤایەتییەکەی ڕەچێش چاو بگرێ. بەڵام بە سەرنجدان بەو هەست و هۆشە کەم وێنەیەی کە بەڕاستی لەو کیژەدا هەیە، من نازانم چلۆن ئەم تایبەت مەندییانە دەتوانن لە گووندێکی سەرەتایی و دواکەوتووی وەك پیتراسکادا گەشە بستێنن؟ بەڵام لە بوونی کریستینا خاندا شتێکی باڵاتر لەم هۆکارانە هەیە. ئەو لە نموونەی ئەو مرۆڤە پاك و بەشەرەفانەیە کە لەگەڵ پێنانە نێو ئەم دوونیا پەست و زەبوونەشدا، هەروا بە پاکی و ڕەسەنایەتی دەمێننەوەو لە نێو چاوانیاندا نیشانی بەرخ(1) نەقش دەبەستێ. هەر دەڵێی ئەم جۆرە کەسانە هەموو ڕۆژێ جارێك قووربانی دەکرێن و بەرگەکەیان بەخوێنی قۆربانی بوونیان ڕەنگینە. بەبێ ئەوەی چاو لەبەر پێی خۆیان بکەن و ڕێگا کەیان ببینن شێت و شەیدایانە بەدوای ئەو بەرخە ئاسمانییەدا هەنگاو هەڵدێننەوە کە پیشاندەری ڕێگایانە.

ئەم سۆزە شوێن دانەرەی کە لە گوتار و دەربڕینی قەشەدایە، ئامۆژگارییە ئایینییەکانی یەسووعی وەبیر دۆن پائۆلۆ دەهێنێتەوە کە سەردانی قووتابخانەکانی ئەوانیان دەکرد. دەڵێ:

- کەسایەتی کریستینا خان شوێنێکی قووڵی لەسەر منیش داناوە. بەڵام تێناگەم کە مانەوەی ئەو لەنێو ئەم خەڵکە گرفتارو سەرقاڵەدا، بۆچی دەبێتە مایەی بەدبەختی ئەو.

---

(1) **بەرخ لەلای مەسیحییەکان نوێنگەی مەزلوومی و بێ ئازاری و قووربانی بوونە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوە مەلای بە پەشۆکاوی وسەرلێ شێواوی دۆن پائۆلۆ بە جێ دێڵێ وسوار فایتوونەکەی دەبێت و دەگەڕێتەوە. دۆن پائۆلۆ شەوێك لەماڵی کولامارتینییەکاندا میوانە.

دۆن پاسکاڵ لە چێشت خانەیەکی گەورە کە دیوارەکانی بە دووکەڵ ڕەش هەڵگەڕاون میوانداری لەو دەکا. سێ دانە پیرێژنی ساردو سڕ و رووگرژ بە پرچە سپییەکانیانەوە لە دەورەی مێزێك کە لە دار گوێز دروست کراوە دانیشتوون و کریستینا ڕێورەسمی بە یەکتر ناساندن بەجێ دەگەیەنێ:

- ئەمە دایە گەورەی منە، ئەوە پوورمەو، ئەمەشیان دایکمە.

هەوای ژوورەکە بەبۆنی مۆم و هەنگوین خەملاوە. دۆن پائۆلۆ لە ناخیەوە هەست بە سەفاو خۆشییەکی لە ڕادە بەدەر دەکا، وەك بڵێی قەت لە دونیای مناڵی نەهاتبێتە دەر. بەڵام حزووری ئەو سێ پیرێژنە زۆر بە قووڵی کاری تێدەکەن و، ئەو وەبیری بنەماڵە مڵکدارە گەورەکانی دیکە دەهێنێتەوە. بێ گوومان ماتالێنا پێشتر لە زۆر بڵەیی کردن سەبارەت بە بنەماڵەی کولامارتینی تەنەخی نەکردووە. ئەو بۆ قەشەی گێڕاوەتەوە کە دایکی کریستینا ژنێکی سادەو بەستە زمانە کە بە رووی هەموو شتێك پێدەکەنێ و عەقڵ سووکەو عەقڵ و هۆشی کیژۆڵەیەکی پێنج ساڵانەی هەیە. کەچی بەم جۆرەش دە ساڵ لە مێردەکەی بە تەمەنترە. دۆن پاسکاڵ بەس لەبەر جیازییەکەی زەماوەندی لەگەڵدا کردووەو زۆر لەمێژە کە ئەو بنەماڵەیە لە داهاتی ئەو جیازییە ژیان بەسەر دەبەن.

کولامارتینیەکان لەبەر قرنیسی و دەست قوونجاوی لەبەر چاوی کافوونەکاندا بێزراون. دایە گەورەی کریستینا سەرەرۆیەکی بەڕاستییە. تەنانەت دۆن پاسکاڵیش لە حاند ئیرادەی ئەم پیرەژنەدا توانای لووت بەرز کردنەوەی نییە. ئەم پیرێژنە بۆ دۆن پائۆلۆ دەگێڕێتەوە کە هشتاو شەش ساڵی تەمەنە، شەش کوڕی گەورە کردووە کە دوانیان مردوون، یەکیان لە ئارژانتینە ،دوانەکەی دیکەشیان لە باکووری ئامریکا دەژین و بە دۆن پاسکاڵەوە دەبنە شەش کەس. ئەم شەش کوڕانە هەر هەموویان مایەی سەربەرزی بنەماڵەکەیانن. بەڕاستی کە ئەو بۆ شکایەت کردن لە دەست کوڕەکانی هیچ بیانوویەکی پێ نییە. بەڵام سەبارەت بە نەوەکانی؟ هەر باشترە کە باسیان لێ نەکات. وەچەی نوێ لە حالی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قووتدانی ئەو میراتەن کە وەچەکانی پێشوو بە درێژەی چەندین سەدە بەجێیان هێشتووە. ئەوجار دایە گەورە ئاوا درێژە بە قسەکانی دەدا:

- دیارە دەبێ کریستینای لێ جیا بکرێتەوە. حسێبی ئافرەت جیایە. هەر کاتێ پێی پیاو لە گۆڕێدا نەبێ ئەو دەمەیە کە ئافرەت ئەرکەکانی خۆی دەبینێتەوە و رایاندەپەڕێنێ .من لە تەمەنی سی و پێنج ساڵییەوە بێوەژنم و لەودەمەوە بۆ کورەکانم هەم لە جێگای باوکیان بووم و هەم دایك بووم.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- ئێوە مێردتان نەکردوەتەوە؟

پیرێژن بە سەر سووڕمانەوە سەیرێکی دەکاو دەڵێ:

- من مێردەکەی خۆم خۆش دەویست، بەم جۆرە چۆن دەمتوانی پیاوێکی دیکەم خۆش بوێ؟ ئێستا پتر لە پەنجا ساڵ بەسەر مەرگی مێردەکەمدا تێدەپەڕیو کەچی هەر ئێستاش خۆشم دەوێ. خۆ ئافرەت ناتوانێ دوودانە بنەماڵە پێك بێنێ.

پاش ئەم قسانەدا بێدەنگییەکی درێژخایەن دێتە بەر. بە روونی هەست پێدەکرێ کە دایە گەورە بەپێی بۆچوون و باوەری هەموویان قسەیەی کردووە.

کریستینا خەریکی شوشتنەوەی عەرزی چێشتخانەکەیە. دۆن پائۆلۆ بەزەحمەت دەتوانێ سەیری بکا. ئێستا دەزانێ کە مانای پاکی و بێگەردی چییە و لە پاکی و بێخەوشی لەمپەر دروست کردن بۆ لەش، چ مانایەك دەبەخشێ. سێ دانە پیرێژنەکە بۆ بەجێگەیاندنی نوێژ هەڵدەستن و ئەو کۆڕە گەرمە بەجێ دەهێڵن. کریستینا لەبەر حورمەتی میوانەکەیان درەنگتر نوێژەکەی دەخوێنێت و لە ژوورێدا دەمێنێتەوە.

چێشتخانەی ماڵی کولامارتینی چێشتخانەکەی ماڵی دۆن پائۆلۆ بیردەخاتەوە کە بە هۆی بوومەلەرزە کاول بووە. یەکێ لە دیوارەکانی بە قاپ و قاچاغی مسی و قابلەمەو تاوە و کوانوو ومەنجەڵی گەورەو دەستار داپۆشراوە. چێشتخانەکە دوودانە پەنجەرەی گەورەی هەیە کە بە نەردەی ئاسنی قاییم کراوەو بە رووی باغچەکەدا دەکرێنەوە. باغچەکەیان گوڵی کەم پێوەیە، هێندێ پەرژینی شمشاد دەبیندرێ کە بە قەرای  دیوارێکی کورت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەستاون. لە خوار باغچەكە چەندانە كەندووە مێش دێنە بەرچاو. دۆن پائۆلۆ ئەو شوێنەی بە ئاشنا دێتە بەر چاو. دۆن پاسكاڵ دەڵێ:

گوڵ فرۆشەكەم لەم دواییانەدا دەیەویست كەوكەبی(شاژنی هێلن)و میخەكی (سوڵتانی)وشتڵی وەنەوشەی(دایكی ئیتالیا)م پێ بفرۆشێ. لێم پرسی كە ئایا بەڕاستی ئەم كەوكەبە هێلین پەروەردەی كردووەو ئەم مێخەكانەش لە باغچەی پاشایەتی هەڵكێشراون و ئەم وەنەوشانە دایكی ئیتالیا چاندوونیەتی؟ ئەو لە وڵامدا پێی كوتم كە ئەم ناوانە هیچ پێوەندییەكیان بەو گوڵانەوە نییەو رەنگە ئەگەر لە باتی ئەو ناوانە ناوێكی دیكەیان لە سەر داندرابا، هیچ لە بایەخی ئەم گوڵانەی كەم نەدەكردەوە. منیش گوڵەكانیم لێ نەكڕی. قەت ڕێگە نادەم لە باغچەی مندا گوڵێكی زۆڵ و حەرامزادە بەناوی بەدەڵەوە بچێندرێن.

لەسووچێكی مێزەكەڕا، كریستینا مەلافەوخاولی و جل و بەرگەكان لەكۆل دەداو قەدیان دەكات و لەچەندانە زەمبیلدا جێگایان بۆ دەكاتەوە كە لە شوڵكی دارەبیی دروست كراون.

دۆن پاسكاڵ لە قەشە دەپرسێ:

- ئێوە دۆن بنەدیتۆ قەشەی رووكادی مارسی دەناسن؟

دۆن پائۆلۆ بە سەر سووڕمانەوە دەڵێ:

- دۆن بنە دیتۆ؟ لەبەرچی ئەم پرسیارە لە من دەكەی؟

دۆن پاسكاڵ دەڵێ:

- ئەو لە كریستینای راسپاردووە كە نەچێتەوە بۆ پەرستگە. دۆن بێنەدیتۆ یەكێ لە دۆستە لەمێژینەكانی بنەماڵەی ئێمەیە. پیاو چاكێكی پیرۆزە كە دەزگای پاپا ڕقی لێیەتی و جێی خۆیەتی كە بڵێم ئەو پیاوچاكانەی كە نەكەوتوونەتە بەر پەلاماری ئازارو بەدگومانییەكانی كلیسا، زۆر كەمن.

كریستینا كاتێ لە كاری كۆل كردنەكەی تەواو دەبێ ئاگردەكاتەوە. لەبەر دەمی سۆبەكەدا چۆك دادەداو فوولە ئاورەكە دەكا كە زۆر بە زەحمەت دادەگیرسێ. ئاوردووەكان لەبەر ئەوەی زۆربەیان تەڕن دووكەڵیان لێ هەڵدەستێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- زۆر حەز دەکەم سەبارەت بە بڕیارەکەی کریستینا بیروڕای ئێوەش بزانم. ئێوە تا بە ئێستا لە دەربڕینی بۆچوونەکانتاندا پەلەتان نەکردووەو ئەمەش بۆ خۆی مایەی ڕەزامەندی منە. بەڵام ئەگەر ئێستا داواتان لێ بکەم کە لووتفێکی ئاوام لەگەڵدا بکەن چی دەڵێی ؟

دۆن پائۆلۆ وڵام ناداتەوە.

- ڕەنگە لەوەی کە هێشتا کریستینا نەچوەتەوە ناڕازی بن؟

ئەوجار دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- هەر لەم پیتراسکایەدا بوو کە سێ لە فەرمووده پڕ نێوەرۆکەکانی(ئینجیل)یان وەبیر هێنامەوە، ئەمانەش ئەوەیە: (مەسیح فێری کردین کە بێ دەنگ بین) من وڵامێکی باشتر لەمەم بۆ ئێوە دەست ناکەوێ.

کریستینا لەناخی دڵیەوە پێدەکەنێ. لەو بەر سۆبەکەوە دانیشتووە و سەری دیار نییە چوونکە لە بن سێبەری سۆبەکەدایە و لەبەر تیشکی کڵپەی ئاگرەکان سەر و چاوی نابیندرێن. لە تاریکییەکەڕا دەنگی کیژۆڵەکە بەگوێ دەگا کە دەڵێ:

- خوا لە هەموو شوێنێکە، تەنانەت لە پیتراسکاش.

کەچی لە شێوە دەربڕینەکەیدا حاڵەتی تەسلیم و ڕەزامەندییەکی تێدا بەدی دەکرێ کە بۆ خۆی توانای شاردنەوەی ئەوی نییە.

دۆن پاسکاڵ شەراب تێدەکا. لەسەر مێزەکەدا دوو بووتڵ شەرابی لێیە یەکیان سوورو ئەوی دیکەشیان سپییە. دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- شەرابی سوور لەو ناوچەیەڕا دێت کە خاکەکەی لە(پۆزۆلانە)(1) و شنە بای(سیرکۆ) دەی بووژێنێتەوە، شەرابی سپیش لە ڕەزەکانی(ماڵڤۆزییەوە)(2) واتە لە ناوچەیەکەوەدێت کەبای شەماڵی لێ هەڵدەکا.

---

(1) **پۆزۆلام=خۆڵەمێشی گڕکانەو پێش تر باسمان کردووە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەرابە سوورەکەیان بۆ سۆی گرتووە بەڵام تلّتەی پەرداخەکەی شیرینە. شەرابە سپییەکە روونە و تامێکی تفتی هەیە کە هێلنج بەپیاو دەهێنێ، هێڵنجێك کە تاسەر ئێسقان لەشی پیاو دەلەرزێنێ.

دۆن پاسکاڵ دیسان دەڵێ:

شەرابی "مس" ی دۆن بینەدیتۆ لە ژێرخانەکەی منەوە بۆی دەچێ. هەموو ساڵێ لەگەڵ پێگێشتنی شەرابەکانم دوو دەفری بۆ بەرێ دەکەم...

ئاگرەکە دەکووژێتەوە. سەروگەردنی کریستینا لە نەدیوی دێتە دەر. وەك چۆن چولەکەیەك ئاو بخواتەوە بە قوومێکی چکۆلە لە شەرابەکەی دەخواتەوە. دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- بڕوا بکەن ئەگەر سەبارەت بە بڕیارەکەی کریستینا بە جۆرێ هەستێکی خۆ بەزل زانینی بنەماڵە کەمانی تێدا بێ ئەم بەرزە دەماغییە چەمکی سەرەکی ئەو بڕیارە نییە. کریستینا بۆ خۆی ئازادە.

کریستینا بەگاڵتەوە دەڵێ:

- من؟ گورگیش من هەڵ ناگرێتەوە.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- گورگ؟

ئەوجار باوکی بەسەرهاتێکی سەردەمی منالّی کریستینا دەگێڕێتەوە:

- (ئەو کات کریستینا هێشتا لە بێشکە دابوو. لەبەر ئەوەیکە ئەو حەزی زۆر لە مەڕ بوو - و سروشتییە کە بەزستانان ئاغەلیش گەرمە- شەوێکیان بۆ چەند سەعات ئەومان بە لانکەکەیەوە لە ئاغەڵی مەڕەکاندا بەجێ هێشت. گورگێك وەژوور ئاغەڵەکە دەکەوێ و لە دەرفەتێکدا دوودانە مەڕمان لێ دەکووژێت. من کە گوێم لە بارە بارِی مەڕەکانم بوو بە سەگەکانمەوە کەوتمە سەریان بەڵام گورگەکە رێگای هەڵاتنی دۆزیبووەوە وغاری کردبوو.)

---

(2) **مالڤۆزای=مەڵبەندیکی یۆنانە کە رەزی بەناوبانگ و شەرابی باشی هەیە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- كريستينا خەوی لێ كەوتبوو؟

- نەء، نەخەوتووبوو، بەپێچەوانەوە بەبێ ئەوەی بترسێ لە لانكەكەیدا دانیشتبوو و چاوی بە گورگەكەی كەوتبوو و، رەنگە لەكنە خۆی وای بیركردبێتەوە كە ئەوە سەگێكی هارە كە پڕی داوەتە مەڕەكان.

كريستينا دەڵێ:

-كاتێ چاوم بەو دەعبا دڕندەیە كەوت كە ورگی مەڕەكانمان دەدڕێ، هاوارم لەباوكم كرد بەڵام سروشتییە كە لەبەر باڕە باڕی ئەو مەڕە بەستەزمانانە دەنگی منیان نەبیستبێ.

دۆن پائۆلۆ بەدەم پێكەنینەوە دەڵێ:

- رەنگە گورگەكەش زانیویەتی كە ئێوە هێشتا زۆر گچكەن و بەخۆی ووتووە كە لێی دەگەڕێم با گەورە بێ و ئەودەم دێمەوە و سۆراغی دەگرمەوە.

كريستينا لە وڵامدا دەڵێ:

- من دەتوانم لە سەر خۆم بكەمەوە.

دۆن پائۆلۆ بۆ ساتێ بەبیردا رۆدەچێ و پاشان دەڵێ:

- گورگ شێوەی جۆراو جۆری هەیە. هێندێ گورگ هەن كە بەرواڵەت خۆیان وەك مەڕ نیشان دەدەن.

باوكی كريستينا قسەكەی بۆ دەستێنێتەوەو دەڵێ:

- ئێمە پیر بووین و هێندەی دیكەی پێ ناچێ كە دەمرین. كچێكی لاو ناتوانێ بەتاقی تەنیا بژیت. ئەگەر خوازبێنیكەرێكی باش پەیدا ببێ ئایا عاقڵانە نییە وڵامی بدەیتەوە؟

كريستينا لەوڵامدا دەڵێ:

- من دەزگیرانم هەیە.

دۆن پائۆلۆ و باوكی كريستينا هەردووكیان بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەكەن.

كريستينا دیسان دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بەڵێ، من پێش تر نامزەد کراوم. دەزگیرانەکەم پیاوێکی تاك و تەنیایە. قەت فریوم نادات، قەت کەس ماندوو نکاو و هیچ کاتێ تەڵاقم نادات. ئەو تەنیا دەزگیرانێکە کە قەت چاو لە جیازی نابڕێ، تەنیا دەزگیرانێکە کە هەرگیز نامرێ، تەنیا دەزگیرانێکە کە هەموو رۆژو شەوێك واتە دوازدە سەعاتی رۆژو دوازدە سەعاتی شەو ئاگای لە گیان و لەشی منە.

کریستینا زەردەیەك بەرووی باوکیدا لێدەدات و دەستی باوکی نەوازیش دەکا. وەك بڵێی بیهەوێ ئەمە بەقسەکانی زیاد بکا:

(مێردێك کە باوکی ژنەکەی ناتوانێ ئێرەیی پێ ببات.)

دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- بەم جۆرە ئاسەوارێك لە بنەماڵەی کولامارتینی نامێنێتەوە. کوڕێکی شەرواڵ پیسەو کچەکەشی لە دوونیا تاراوە.

کریستینا دەڵێ:

- من زۆرم شەونەخوونی کێشاوە و زۆررم بیر لێ کردوەتەوە تا لەم بابەتە تێبگەم کە لە ژیاندا چ شتێك مەجازیەو چ شتێکیش راستەقینەیە.

هەرسێ کیان لە کەشی نیوە تاریکی چێشتخانەکەدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بێ دەنگ دەمێننەوە. کریستینا جل و بەرگە کۆڵ کراوەکانی هەڵدەگرێ و لەگەڵ خۆی دەیباتەوە بۆ قاتی یەکەم تا لە یەغدانەکەدا بە ڕێکی لەسەر یەک هەڵیان بچنێ.

دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- تەنیا چوار پارچە زەویم بۆ ماونەتەوە کە دوانیان رەزن ودووانەکەی دیکەش کێڵگەن. تا ئەو چەند ساڵانەی دواییش لە ساڵدا نیزێك بە حەوت هەزار لیتر شەرابم لەم رەزانە بەرهەم دێنا. ئەمرۆ پاش ئەوەی پەتای(فیلۆکیسرا) لە مێوەکانمی داوە، بەرهەمی ئەو مێوانەی کە تازەم داشتوون وێرای تەواوی ئەوفیداکاریانەی کە بۆم کردوون، لە چەند سەد لیتر پتر نابێ. ئەگەر لەباتی ئەوەی شەراب لە رەزەکەی خۆم بەرهەم بێنم لە بازارم کڕیبایە یەک لەشەشی ئەو پارەیەی تێدەچوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیرەمێرد هەڵدەستێ و دەفتەر حسێبەکەی لە کەشۆی مێزکەی دەردێنێ. دەفتەرەکە چڵکن و کۆن و دڕاوەو لەبەر پسوولەو بەڵگەکان ئاوساوە کە لەنێو دەفتەرەکەدا راگیراون.

دۆن پاسکاڵ لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ:

- داهاتی زەوی زۆر بەزەحمەت دەس حەقی کرێکارەکانی دەردێنێتەوە. وێرای ئەوەی کە حەق دەستی کرێکارەکانیش لە رۆژدا چوار تا پێنج لیرە دابەزیووەو، ئەمەش لە خۆیدا گران نییە. دەبێ ماڵیاتەکەشی لە گیرفانی خۆم بدەم. ئێستا وابۆ چەند ساڵان دەچێ بەخۆم دەڵێم کە لەبەرچی ئەم زەوییانە دەکێڵم، ئەویش ئەو زەوییەی کە تەنانەت خەرجی خواردنەکەشمان دەرناهێنێ. من هەموو ساڵێ ناچارم هەشت تەغار گەنم و نێزیکەی دووسەد لیرەیش سەوزەو سێ سەد لیرە پەنیرو گۆشت و ماسی و ئاردو رۆن، بەپارەی گیرفانی خۆم بکڕم. سەرەڕای ئەمانەش دەبێ کووتاڵ و جل وبەرگ و کەوش کڕینیش بەم خەرجانە زیاد بکەم تا خێزانی نێوماڵەکەم رووت وپێ پەتی نەبن. ئەم خەرجانە لە سەر یەک لە پێنج هەزار لیرەش تێدەپەڕێ کە ناچار دەبم هەموو ساڵێ لە دوایین پاشکەوتەکانی بنەماڵەمان کە لەماوەی پەنجا ساڵدا کۆکراونەتەوە، هەڵبگرمەوە.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- قەیرانە.

دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- تێداچوونە، ئێمە حکوومەتێکمان هەیە ئیدەعا دەکا کە بەڕێوبەری نەزمە بەڵام لەراستیدا فەشەل بوونی لەگەڵ خوێدا هێناوە. ساڵ بە ساڵ ئێمە نشەست دەکەین. بڕوا بکەن ئەگەر غروورو دەمارگرژی ناوی بنەماڵەکەمان بۆ بەرگری لە فرۆشتنەوەی ئەو زەوییانە لەگۆڕێ دا نەدەبوو کە ماوەی دوو سەدەیە لە ئەستۆی کولامارتینییەکانە، تائێستا زۆر لەمێژ بوو بە سەرنج دان بە قازانج و بەرژەوەندی خۆم ئەوانم لەکۆڵ خۆم دەکردنەوە. ئیتر زەوی و کشت وکاڵ هیچی تێدا نییە. شار هەمووی هەڵدەلووشێ. لە نێزێك لاما خانوویەکی کۆنەم هەیە کە وەك تەویلە کەڵکی لێ وەردەگیرێ و ئەوێم بەکرێ داوە. بڕواتان هەبێ بۆ تۆمار کردنی کرێیەکەی لەنووسینگەدا ناچار بووم شەش قاتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کرێیەکەی پارەی لەسەر بدەم. کرێ خانوو چوارده دانه ماڵیاتی جۆراو جۆری هەیه بەم شێوەیە: نرخی پەڕی تەمردار، حەقی نووسینەوە، حەقی تۆمارکردنی، حەقی زەحمەتی نووسینگە، حەقی خەرجەکانی دەفتەری تۆمارکردن، حەقی فۆتۆکۆپی، حەقی گواستنەوە، خەرجی بریکاری و هتد...

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-نابووتییه.

دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- ئاخر زەمانه. دەتوانی یەک (هیکتۆ)لیتری شەرابی(پۆی)(1) بەچل لیره بکڕی وکەچی بۆ خۆمان ئەگەر سازی بکەین سەد لیره زیاتریش هەڵدەگرێ. بەهەر حاڵ ئەگەر پیاو بیەوێ لە بەرهەمی شەرابەکانی خۆی بفرۆشێ دەبێ هەشتاو پێنج لیر واته دووبەرامبەری بەرهەم هێنانەکەی وەك ماڵیات بخاته سەر خەرجەکانی تری. پازده ساڵ بەر لەئێستا یەک هێکتار رەز پەنجا هەزار لیرەی دەکرد. ئەمرۆ بە یەك لە دەی ئەم نرخەش کەس ئاماده نییه بیکڕێ.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- بارودۆخی خوورده مڵکدارەکان چۆنه؟

دۆن پاسکاڵ لە وڵامدا دەڵێ:

- بە قسه وەزعی ئەوان باشه، تا ئەو رادەیەی که ئاواتی هەرکافوونێکه که ببێته خوورده مڵکدار. بەڵام ئەو کەسانەی که دەبنه خاوەنی زەوی تازه تێدەگەن که بارودۆخی ژیانیان له خەڵکی دیکه خراپ تره. کێڵانی زەوی پارەی دەوێ. نێزێك بەحەفتاساڵ بەر له ئێستا زەوی وزارەکانی کلیسا و تەواوی مڵك و ماڵی خۆجەکانیان بەنرخێکی باش فرۆشت و له نێوان کافوونەکاندا دابەش کران. پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵ بەسەر ئەم دابەش

---

(1) پۆی یەکێکه له ناوچەکانی باشووری ئیتالیا که شەرابی باشی هەیە.

بوونەدا كافوونەكان ناچاربوون كە پارچە زەوییەكانیان بفرۆشنەوەو ئێستا ئەو زەوییانە لە پاوانی چەند خاوەن مڵكی گەورە دان.عەرزم كردی كە زەوی كێڵان پارەی دەوێ.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- كافوونەكان وەزعیان چۆنە؟

دۆن پاسكاڵ لە وڵامد دەڵێ:

- وەزعیان لەمن باشترە. ئەو لەشەی كە خووی گرتبێ بەزەبری قامچی، ئیتر هەست بەئێش و ئازار ناكا.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- خۆ ئەمانیش گۆشت وپێستیان مەسیحییە.

دۆن پاسكاڵ لە وڵامدا دەڵێ:

- قەت نەبووە كافوونێك لە تاو دەردو ئازار مردبێ. بەڵام من یەكیان دەناسم كە بە بیستنی هەواڵێكی خۆش شەپڵە لێی داو مرد. باوكی ماستێر ئانجێلۆ-خوالێی خۆش بێ- لە تەمەنی لاویدا سەپانی باوكم بوو. لەبەر ئەوەی ك ەمن و ماستێر ئانجێلۆ لە یەك ساڵدا ناومان بۆ سەربازی دەرچوو، دەورانی سەربازییەكەمان پێكەوە ولە(نانكۆل)دا تێپەڕاند. ئەو رۆژەی كەلە سەربازخانە خەڵاسیمان بوو، هەروا بۆ كەیف خۆشی بلیتێكی (لاتاری)مان كڕی. ماستێرئانجێلۆ بلیتەكەی بۆ دەرچوو و خەڵاتەكەی دووهەزار لیرە بوو. منیش زۆر نەزانانەو بەبێ ئەوەی باوكی بە بیستنی ئەم هەواڵە ئامادە بكەم مزگێنی شانسی بردنەوەی ئانجێلۆم پێ گوت. ئەو یەک بە جێ كەوت و مرد. دڵی نەیتوانی تاقەتی خۆشحاڵی بێنێ.

كریستینا لە رێكوپێک كردنی جلەكانی نەجاتی هاتووەو ئێسا گەڕاوەتەوە لای ئەو دووپیاوە. دۆن پاسكاڵ تەویلەیەكی لەپشت خانووەكەی هەیە كە دوودانە مانگاو گوێدرێژێك و ئەسپێكی لێ تاقەت كردووە. بۆ سەردانی وڵاغەكانی، دۆن پائۆلۆ و كریستینا بەجێ دێڵێ و دەچێ بۆ تەویلە. دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- چەند رۆژ لەمەوبەر هاورێ لەگەڵ دۆنچیپیریانۆ سەردانی بیان کینا و ئاڵبێرتۆمان کرد.

کریستینا دەڵێ:

- ئاگادارم.

نێوچاوانی تێك دەچێ. چاوەڕوانی ئەم قسەیەی دەکرد.

قەشە لە درێژەی قسەکەیدا دەڵێ:

- حاڵ و وەزعیان باش نییە.

کچە گەنجەکە دەڵێ:

- پێم وابوو کە وایان لێبەسەر بێ.

قەشە دەڵێ:

- بەتەمان زەماوەند بکەن. رەنگە بێجگە لەم کارە چارەیەکی تریان نەبێ.

کریستینا دەڵێ:

- ئەو کارە مەحاڵە.

قەشە هەرچۆنێکی تێدەفکرێ سەر لەهۆیەکەی دەرناکا.

کریستینا بۆ روون کردنەوەی قسەکەی دەڵێ:

- بنەماڵەی کولامارتینی ناتوانێ لەگەڵ بنەماڵەی جیراسولەدا مەسڵەت بکا.

دیسان دۆن پائۆلۆ لە هۆیەکەی سەر دەرناکا.

کچە گەنجەکە سەر لەنوێ بۆی روون دەکاتەوەو دەڵێ:

- باوکم ئەو مەسڵەتی نەك هەر بەشوورەیی خۆی بەڵکوو بە ئابرووچونی باو وباپیرانی دەزانێ.

قەشە دەڵێ:

- خۆ قسە لە باو وباپیران لە ناکەین. قسە لە سەر لە ئاڵبێرتۆ دەکەین.

کریستینا دەڵێ:

- شتی وا مەحاڵە. ئابروو وشەرەفی بنەماڵەیەك خۆ فشە نییە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەشە بە سوورمانەوە دەپرسێ:

- ئێوەش وابیر دەکەنەوە؟

کچە لاوەکە دەڵێ:

- زۆر سروشتییە کە منیش وابیر بکەمەوە.

ئەوجار هەردووکیان لەسەر گەردەلوولەکە دەدوێن. دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- ئەم گەردەلوولە زیانێکی زۆری بە خەڵک گەیاندووە. من سەرلەم شتە دەرناکەم کە بۆچی خەڵکی ئاوایی بە دوای هەرلافاوێك و تۆفانێك سەر لەنوێ خانووەکانیان لەقەراغ ئاودڕەکە ساز دەکەنەوە، بۆ وێنە، بۆچی لە زەوییەکانی پشت خانووەکەی ئێوە خانوو ساز ناکەن کە لە بەرزاییدا هەڵکەوتووەو لە شوێنەکانی دیکە بێ زەرەر ترە.

کچەکە بۆ روون بوونەوەی دەڵێ:

- لەنێزێك ئاودڕەکە زەوی هەرزانترە. ئەم زەوییانەی کە لەپشت تەویلەکەی ئێمەیە هی باوکمە وکافوونەکان بەتەمانین ئەوێ بە گران بکڕن.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- باشە خۆ لە قەراغ ئاودڕەکەدا گیانیان هەمیشە لە مەترسی دایە.

کریستینا دەڵێ:

- بڵێم چی، ژیان هەروایە.

دۆن پائۆلۆ دەبێ ئاگای لە هەڵوێستەکانی خۆی بێ تا لەکاتی وەڵام دانەوەدا قسەیەکی ناشیرین لەزاری دەرنەپەڕێ. لە دەست کریستینا بەقەڵسە. سەرئەنجام وەك دەرفەتێك ئەم پرسیارەی لێدەکا:

- چما هەر تۆ نیت کە ئەم بابەتە بەردەوام ئازارت دەدات کە بۆچی بەرێوە بردنی دادپەروەری لەم دونیایەدا و لەنێو ئەم خەڵکەدا مسوەگەر نابێ؟

کریستینا لەوەڵامدا دەڵێ:

- بوار بۆ دەسەڵاتداری کردن لەم دونیایەدا بۆ ئێمە نارەخسێ.

دۆن پائۆلۆ بەڕەخنەوە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بەڵام زەوی پشت تەویلەکەتان بەشێکە لەم دونیایە. بۆ دەبێ لە دروست کردنی سەرپەنایەك بۆ ئەو کەسانەی کە لەوێدا ئاسایشێکی باشتریان دەسکەوێ تەنەخی بکرێ؟

کریستینا لە وڵامدا دەڵێ:

- خوای گەورە هێندێ کەسی بە دەوڵەمەندیو هێندێکی تری بەهەژاری دروست کردووە. هەرکەس دەبێ وەڵامدەری ئەو تایبەتمەندییانە بێ کە خوای گەورە پێی بەخشیوە. دەبێ هەموو کەسێك بەبەشی خۆی رازی بێ.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- من سەر لە کاری ئێوە دەرناکەم. ئێوە بەتەمان لە پەرستگەیەکدا گۆشەنشین بن و پشت لە دونیا بکەن، بەڵام ئامادەنابن چاو لە زەوی پشت تەویلەکەتان بپۆشن؟

کریستینا دەڵێ:

- من وەك خۆم چاوپۆشی لە هەموو شتێك دەکەم بەڵام بنەماڵەکەم رێزێکی تایبەتی لە حاست خۆی دا هەیە کە دەبێ بپارێزرێ.

دۆن پاسکاڵ دێتەوە. قەشە هەڵدەستێ و دەگەڕێتەوە بۆ میوانخانەکەی. لەدەست کریستینا تووڕەیە. ئەو هۆگریەی کە بەو کیژەی پەیدا کردبوو ئێستا ئیتر بەرە بەرە تێدادەچێ. هەست دەکا کە ئەو فەنەرەی کە پازدە ساڵ بەر لە ئێستا ئەمی بەدژی مەرابایی و فێڵ و درۆی خاوەن کلیسا راپەڕاندبوو سەر لەنوێ خۆی لە بەریەک دەکێشێتەوە. ئەگەر ئەو جل و بەرگەی لێ نەدەبوون بە لە مپەرێک، چاک دەیزانی چ وڵامێک بە کریستینا بداتەوەو گشت ئەو شتانەی کە لە دڵیدا بارن بەسەر ئەودا دەیباراند. ئەوەی کە لە هەموو شتێ پتر ئازاری دەدا ئەمەیە کە مەجالی دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆی بۆ ناڕەخسێ سەبارەت بەم "کەرە" پیرۆزە زەهد فرۆشە و سەبارەت بەو ئیماندارییەی کە ئیدەعای بۆ دەکا.سەرئەنجام بۆ ئەوەی ئارام بگرێ لە پشت مێزەکەی دادەنیشێ و لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا دەست دەداتە نووسینەوەی گشت ئەو شتانەی کە ئەگەر خۆ پارێزی بەری پێ نەدەگرت لە بەرەو روو بوونەوەی لەگەڵ کریستینادا دەیگوت. ئەو بەم جۆرە دەست پێدەکا:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(لەخۆرازی بوونی دێهاتیەکان دواکەوتووترین ودڕندانەترین شێوەکانی لەخۆرازی بوونە...)

بەم جۆرە درێژە بە نووسینەکەی دەدات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 6

بەهار تێدەپەڕێ و هاوین نێزیك دەبێتەوە. گێلاس تەواو بووەو گەنم پێدەگا. باری لەش ساغی دۆن پائۆلۆ باشتر بووە، هەر بەم مەبەستە هەوڵ دەدا خۆی لەو چوارچێوە ژنانەیە درباز بكات كە ئەوی حاسیە كردووە.خۆی لە دیداری كریستینا ناداو تێدەكۆشێ خۆی لە كافوونەكان نێزیكتر بكاتەوە.

كافوونەكان بەیانییان لەگەڵ تاو ئەنگووتن ئاوایی چۆڵ دەكەن و تا لای ئێوارێ بەرەو ماڵ ناگەڕێنەوەو، لەكاتی گەڕانەوەیاندا پۆل پۆل بەدوای گوێدرێژەكانیانەوە بەرێدا دەرۆن كە ئامێری كارەكانیان لێ باركردوون. دۆن پائۆلۆ لە پەنجەرەی ژوورەكەیڕا چاوی بەوان دەكەوێ كە لەسەرەخۆ و بەزەحمەت لە دۆڵەكەڕا سەردەكەون و شێوەی رێ رۆشتنەكەشیان شێوەیەكی تایبەت بە خۆیانە، بە چەشنێ كە لە كاتی رێپێواندا كەمێ لەشیان كۆم دەكەنەوە، ئەمەش لە خۆیدا نیشانەیەكە لە كاری گران و خوو گرتن بە قولینگ لێدان كە زۆر بە سەر زگدا دادێنەوەو هەروەها سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ خووگرتن بە مل

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەچی و کۆیلەتی. ئێستا کە دۆن پائۆلۆ باری لەشساغییەکەی باشتر بووەتەوە لە ژوورەکەی دێتە دەر تا لە دەست ناڵەو شیوەنەکانی ماتالێنا خۆی دەر باز بکات کە هەر لە ئێستاوە لە ئەگەری گەردەلوولێکی دیکە، دڵی تۆقیوە. هەروەها دەیەوێ لە دەست گازەو بۆڵە و شکایەتی ئافرەتەکانی دیکە خۆی قوتار بکا کە لەبەر دەرگای میوانخانەکە دادەنیشن و خۆ بە پینە کردنی گۆرەوی و ئەسپێ دۆزینەوە خەریك دەکەن و، لەمەیش گرینگتر حەز داکا خۆی لە تاپۆی سەرسام هێنەری بیرەوەرییەکانی سەردەمی لاویەتی دوور بخاتەوە - کە پێی وابوو بۆ هەمیشە بزر بووە، بەڵام ئێستا گەڕاونەتەوە تا بە یارمەتی وەرگرتن لە دەردی تەنیاییەکەی و لاوازبوونی باری لەش ساغییەکەی، دۆن پائۆلۆ لەخشتەی بەرن-. سەرەڕای ئەمانەش ئەو ئێستا هەوڵ دەدا کە بۆ جارێکیتر تووشی کریستینا نەبێتەوە.

لەو پردە دەپەڕێتەوە کە کەلێنی تەختەکانی زاریان کردوەتەوە. ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر کە بەرەو دۆڵەکە سەراولێژ دەبێتەوە و لەسەر بەردێك دادەنیشێ، چاوەڕێی هاتنەوەی کافوونەکان دەکات کە لەمەزرا دەگەڕێنەوە. دۆن پائۆلۆ خۆی وەك ماشێنێك هەست پێدەکا کە تازە لەژێر دەستی وەستا دەرچووە و چاك کراوەتەوە و بەرە بەرە دەچێتەوە سەر ڕەوتە ئاساییەکەی خۆی.

بۆ جارێکی تر هەست دەکا غەریزەیەك زۆر بە سەختی کاری تێدەکات کە بەشێکی جیانەبووە لە سروشتی ئەو، واتە غەریزەی پیاوێك کە لە پێناو کۆمەڵانی خەڵکدا دەژیت و بە گەلەکەیەوە بەستراوەتەوە، غەریزەی پیاوێکی شۆڕشگێڕ. دابران لە کۆمەڵانی خەڵك، یان بە شێوەیەکی تر ئەو کۆسپە مادیانەی وەك زیندان و تاراوگە کە دەبنە هۆی بێبەش کردنی ئەو لە پێوەندی گرتنەوەی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك، بۆ ئەو کۆسپێکی گەورەیە و وا هەست دەکا کە پیاوێکی شۆڕشگێڕ بەبێ ئەم پەیوەندییە بۆ هەتا هەتایە لەمایەی سەرەکی ژیانی بێ بەش دەبێ- وەك ماسییەکی بێ ئاو. سەردەمانێک، ئەو کاتانەی کە هێشتا لەژێر کار تێکەری ڕاهێنانەکانی دۆن بنەدیتۆدا بوو، هەر ئەم هۆگرییەی تێدا بەهێز بوو کە لەحاست هەژاران و چەوساوەکاندا لە خۆی پیشان دەدات، بەڵام ئەو کات سەرچاوەکەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەگەرایەوە بۆ بەزمییەکی مەسیحیانە! "Misere Super Turbem"(1) کەچی لەداهاتوودا ئەم هەستەی پێ وەکوو شتێکی لاوەکی و قەشمەری هاتە بەر چاوان. گرینگی نیازی ئەو بە نێزیک بوونەوە و هاو سۆزی کردن لەگەڵ کرێکارەکانی نێو کارخانەکاندا دەرکێکی رووناکتری پێ بەخشیبوو. هەستی بەزمییەکی مەسیحیانە لە هەمبەر چەوساوەکان و بەراوەرد کردنی ژیانێکی رەوشت بەرز و تێکۆشان و خەبات لە پێناو سووسیالیزمدا دوو بابەتی جیاواز بوون و ئەم هەستە تا نەهێنی ترین قووژبنەکانی بوونی رەگی داکوتابوو. لەروانگەی ئەوەوە سوسیالیزم لەهیچ کاتێکا نە بەرنامەیەکی سیاسی مەحز بووە و نە سیستمی رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، کە نەکەم نەزۆر پاڵی بەزانستەوە بەستبێ، بەڵکوو لە روانگەی ئەودا سوسیالیزم خودی ژیان بووە. هەڵبران و پەنابردنە بەر ژیانێکی ئاسایی و (وەدوای کاری خۆ کەوتن)بۆ ئەو، هەر بۆ خودی خۆی واتە پیترۆ سپینا، لەراستیدا بەمانای مەرگ بووە. هەر بەم بۆنەیەوە هەرکە باری تەندرووستییەکەی رێگەی پێدەدات، بە مەبەستی گەڕان بە دوای کافوونەکاندا هەستاوەتەوە. ئێستا لە قەراغ جادەو لەسەر بەردێك دانیشتووە و چاوەڕێی جووتیارەکان دەکا کە هەر ئێستا لە سەرکار دەگەڕێنەوە. لە روانگەی ئەوەوە ئەم چاوەڕوانییە زۆر سروشتی خۆی دەر دەخا. سەردەمی مناڵی خۆی دێنێتە بەرچاو کە لە گۆرەپانی ئاڤێرتاو بەرە بەری ئێواری، پاش ئەوەی لە وانەی شەرعییات تەواو دەبوو چاوەڕێی مناڵەکانی دیکەی (کەمزۆر بەیان کوڕە هەژار بوون) دەکرد تا بەهاتنیان یاری (زەنگۆلە) و (دزو ژاندارم) یان (شەڕی فەرانسەیی) بکەن.

دیسان ئەو ساڵانەی بیر دێتەوە کە لە رۆما، ئەو کاتەی کە چووەتە نێو ریزی یەکێتی قووتابییە سوسیالیستەکان، لەبەر دەرگای هاتنە دەری کارخانەکانی (تانابێلی)، لەسەر کرێکارێك راوەستاوە و، یان ئەو کاتانەی لەپێش (کازۆمتێر) لە ئاواییەکەی ئەوبەری(سێن

---

(1) یانی هەژارەکان باڵاتر لە کۆمەڵن.

پۆل)دا چاوەڕێی هاتنی هەڤاڵێکی کردووە تا بە مەبەستی بیرو ڕا گۆڕینەوە شەوی لەگەڵدا رابوێرێ. لەراستیدا ئەو باش دەزانێ کە چاوروانی چ مانایەکی هەیە.

یەکەم کەس کە لەرێوە تووشی دۆن پائۆلۆ دەبێ شەتاپی پیر وکورەکەیەتی کە چەند شەقاوێک بەدوای و گوێدرێژەکەیدا (گاریبالدی) دێن کە تفاقی لێ بارکراوە. شەتاپ رادەوەستێ و دەپرسێ:

- لەمێژ بوو کە بەتەما بووم بێمە خزمەتتان و لەگەڵتاندا قسان بکەم، بەڵام بەمنیان کوتوبوو کە ئێوە کۆخەرەشەتان گرتووەو هەر بۆیە حەزم نەدەکرد سەرو دڵتان بگرم.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- ئێستا کۆخەکەم هێدی تر بووەتەوە.

پیرە مێرد دەڵێ:

- عەرزەکەم ئەمە بوو کە کوڕەکەم زۆری هەوڵداوە کە ببێتە ژاندارم یان سەرباز، بەڵام هیچیانی پێ جێ بەجێ نەکراوە. رەنگە ئێوە بتوانن پێشنیارێکی باشترتان بۆی هەبێ.

قەشە لە لاوەکە دەپرسێ:

- هەر بەراستی حەز دەکەی ببی بە ژاندارم؟

- دیارە! خەڵکی قسەی باش لەسەر ژاندارمەکان ناکەن، بەڵام ئەمانە هەمووی لەرووی ئیرەییەوەیە. ژاندارم کارەکەی قوورس بییە و داهاتی باشی هەیە.

قەشە لەوڵامدا دەڵێ:

- قسە لەسەر کەم و زۆر بوونی کارکردن نییە. تۆ بۆ خۆت کرێکاری، یانی سەپانی .ئەگەر ببی بەژاندارم، ئەوا بەرپرسەکانت دەتوانن بریارت لەسەر بدەن کە بەرەو رووی کافوونە نارازییەکان بیتەوەو تفەنگیان پێوە نێی، چەند نمونەیەکی وەك ئەمە لەم نێزیکییانە لە (سولمۆنا) و (پراتۆلا) و (پێرەزا)دا روویان داوە.

شەتاپ لەگەڵ بۆ چوونەکەی قەشە دایەو دەڵێ:

- دۆن پائۆلۆ راست دەڵێ. مرۆڤ لەبەر باشتر کردنی باری گوزەرانی پەنا بۆ هەوو شتێک دەبا و دەبێ گیانی خۆی بفرۆشێ. ئامێرێکی دیکە لە گۆڕێ دا نییە. دەگێرنەوە کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جارێکیان شەیتانێکی زەلام و دزوێن و نالەبار لە ئەشکەوتێکدا دەژیا و هەمیشە کڵاوێکی قیت و درێژی لەسەردەنا و قامکەکانی هەر وەك خاوەن بانکێکی جێ مەتمانە، پڕ لە ئەنگووستیلەی زێر بوون. ڕۆژێکیان سێ دانە کافوون سەردانی دەکەن و لێی دەپرسن: (بە چ ئامێرێك پیاو دەتوانێ هەم کار نەکات و لەهەمان حالیشدا ژیانێکی باشی هەبێ؟) شەیتانەکە وڵامیان دەداتەوە: (دەبێ ڕۆحی کەسێکم بۆ بێنن کە قەتی گووناح نەکردبێ.) کافوونەکان دەگەڕێنەوە، پشیلەیەك دەگرن و وەکوو منداڵێك لە مەلۆتکەی دەپێچن و دەیبەن بۆ شەیتان، هەرسێکیان بەیەك دەنگ دەڵێن:

(کەرەم کەن! ئەمەش ئەو ڕۆحەی کە بەڕاستی قەتی گووناح نەکردووە!) شەیتان لەگرەودا کتێبێکیان دەداتێ کە لەودا تەکنیک و ڕێنوێنییەکانی پێویست بۆ ژیانێکی باشتر کە پێویست بە کار کردن نەبێ، نووسراوەتەوە. بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی کافوونەکان پشیلە دەمیاوێنێ. شەیتان بە فێڵەکەیان دەزانێ. کتێبی سێحرەکە لەدەستی کافوونەکاندا ئاگر دەگرێ: (پشیلە قەبوول ناکەم.دەبێ ڕۆح بێنن،ڕۆحێکی بەراستی.)

کورەکەی دەڵێ:

- زۆر باشە ،منیش وەك خەڵکی دەکەم. بەهەرحاڵ داواکەی من وەرنەگیرا. داواکاری هێندە زۆر بوون کە بۆ باس کردن نابێ!

شەتاپ دەڵێ:

- بەڵێ، ڕۆح زۆرە، شەڕو نەخۆشی و بوومەلەرزە هیچی بەهیچ نەکردووە. بەڕاستی کە ڕۆح فرەیە .

قەشە دەپرسێ:

- پیاو کە ڕۆحی خۆی فرۆشت ئیتر چی بۆ دەمێنێتەوە؟

شەتاپ وڵام دەداتەوە:

- مادام کە پیاو بەسەر زیندوو بێ لەهەموو کاتێکا کەرەستەی چاك کاریش بۆی دەست دەدا. ئەی کلیسا بۆچی ساز کراوە؟ ئایا کلیسا بەر بە تەقەکردنی ژاندارمەکان دەگرێ؟ کاتێ لەفووسا، لە ڕێورەسمی (جێژنی خوا) دەستەی ڕێپێوان لەپشت کلیسای سێن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساکێرەمانەوە وەرێ دەکەوێ هەمیشە چواردانە ژاندارم بە بەرگی لەشکەریو چەك بەدەست لەوێ ئامادەن. مام قەشە، قەشەکان دەڵێن کە ئەو ژاندارمانە لە دوایەدا دانیان بەتاوانەکانیاندا هێناوە بەڵام ئەو کافوونانەی کە کووژراون چ کەسێك ئیقراری لێ وەرگرتوون؟ لەم دونیایە لە چنگ سەرما ئازاریان دیوەو دەبێ لەو دونیایەش لەدەست ئاگری جەهەندەم عەزاب ببینن.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- بەداخەوە نازانم ئەم پێشنیازەی ئێوە بەکێ رابگەیەنم. من هیچ کام لە سەرکردەی ژاندارمەکان ناناسم.

هەر لەم کەین و بەینەدا گوێدرێژەکە لەو شوێنە دوورکەوتووەتەوە...

پیرەمێرد هەرای لێ دەکا و بە پەلە دەرۆن تا بگەنە سەرگوێدرێژەکەیان.

پاشان کافوونێکی سەرخۆش، بە سوار گوێدرێژەکەیەوە بەوێدا تێدەپەرێ. چەپ و راست بەم لاو ئەولادا دەکەوێ. لە نەکاو خۆی راست دەکاتەوەو ولاغەکەی وەبەر مست وپێلاقان دەدات و بەسەریدا گورێنێ:

- رێگە ی زگت راست دەگری برۆی یان نا؟

لە پشت سەری دەستەیەکی دیکە دەگەنێ کە گاریەکەی ماگاشیایان دەورەداوە و، گاریەکەش نەکەم نەزۆر (بافرەی) پیر رایدەکێشێ کە لەچاو هەموو کاتێ لاوازترە. ماگاشیا هەموویان بەیەك دەناسێنێ. و دۆن پائۆلۆش وێرای کافوونەکان بەرەو ئاوایی دەگەرێتەوە.

ماگاشیا دەڵێ:

- ئێمە هەموومان ئەمرۆ لە بازاڕ بووین.

قەشە دەپرسێ:

- فرۆشی باشتان بووە؟

ماگاشیا وڵام دەداتەوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- نرخی رسقەکانیان دابەزاندووەو هەموو شتێکیان وەبەر بریارنامەی(لانی زۆر)خستووە.ئێمە نەمانویست شتەکانمان بفرۆشین بەڵام ناچاریان کردین، چوونکە ئەگەر نەمان فرۆشتبا دەستیان بەسەر رسقەکانا دەگرت.

ئەو پیاوەی کە لە تەنیشتی گارییەکەوە دەروا دەڵێ:

- نرخی داهاتی زەوی وەبەر بریارنامەی(لانی زۆر) دەکەوێ و لە ئاکامدا دادەبەزێ و نرخی بەرهەمەکانی شاریش وەبەر ئەم بریارنامەیە ناکەوێ و هەڵدەستێ.

ماگاشیا دیسان دەڵێ:

- کامپۆباسۆ چوونکە هەڵقرا، لەلایەن ژاندارمەکانەوە گیرا. ئەو تا باسی بریارنامەی(لانی زۆری) بیست ویستی بەبێ ئەوەی رسقەکانی بفرۆشێ بەرەو پیتراسکا بگەرێتەوە.

لەپەنای گاریچییەکەوە (دانییەل مالیتا) بەرێدا دەروا کە جووتیارێکی ئازاو نەترسەو کڵاوێکی لیوار پانی سەراونخوون لەسەرناوەو سەروچاوێکی گرژو هەڵکەوتووی هەیە. ماگاشیا بەقەشە دەڵێ:

- دانێیل گوێدرێژێکی نەخۆشی هەبوو کە بەدڵنیاییەوە نەدەگەیشتە سەری ئەم مانگە و دەتۆپی. گوێدرێژەکەی هێنایە بازارو بە گوێدرێژێکی ساغتر، لەگەڵ پیرە ژنێك سەودای پێ کرد.

دانییەل دەڵێ:

- رۆژی جێژنی (پاك) دەچمە لای قەشەو دان بەتاوانەکەمدا دێنم.

جەماعەتەکە لەقاقای پێکەنین دەدەن.

- لەوبەری گارییەکەوە کورێکی لاو بەرێدا دەروا کە ناوی (لۆڤیجی باندۆچیا)یەو واوێدەچێ کە لێوێکی لە دەفرەی شەراب دابێ.

ماگاشیا بە قەشە دەڵێ:

- باندۆچیا لەفووسا چووەتە مەیخانەیەك، تا زگی بردوویەتی چێشت و شەرابی خواردووە و دەرخواردی جەماعەتی نێو مەجلیسەکەشی داوە. پاشان بە بیانووی دەست بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاو گەیاندن چووەتە نێو باغچەی مەیخانە، لەوێش بە سەردیواری باغچەکەدا بازی هەڵداوەو بەبێ ئەوەی پارەبدا بۆی دەرچووە.

باندۆچیاش بەڵێنی دەدا کە لە جێژنی "پاك" دا بچێتە لای قەشەو دان بەگووناحەکەیدا بێنێ. بۆ جارێکی تر هەر هەموویان وێرای یەك لە قاقای پێکەنین دەدەن. دۆن پائۆلۆ سەیری ئەم بەدبەختانە دەکا کە چۆن لەگەڵ فریوخواردن و بەتاڵانچووندا راهاتوون. ئەو بێچارانەی کە هەر لەو رۆژەدا کاربەدەستانی دەوڵەتی بەناوی یاساوە بەفریوییان بردوون و بەرهەمەکانیان لێ بەتاڵان بردوون و، بەم جۆرە هەوڵ دەدەن بەتەفرەدان و دزینی ماڵی بێچارەکانی دیکە قەرەبووی زەرەرو زیانەکانیان بکەنەوەو ئێستا بەو پەڕی گەمژەییەوە بەئاکارەکانیان دەنازن و فیز بە خۆیانەوە دەکەن. هێندێ لەم کافونە بەدبەختانە ئاسەواری فێڵ بازی و دزی کردنیان لێ بووە بە نەریت و، هەر بەم مەبەستە دڕندانەترین شێوەی لە خۆرازی بوونیان تێدا درووست بووە کە بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو لە پێکەنین یان سەیرکردنیاندا ڕەنگ دەداتەوە و، لە بوونیاندا بووە بە بەها و رەوشتێکی بەرز. ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە هەستی ڕێز لێ نانێك لە هەمبەر ئەم بێچارانەدا دەبزوێنێ کە بۆ بەرگری لە خۆیان هیچ کەرەسەیەکی دیکە شك نابەن و،ئەم خاڵە ووزەیەکی پتر بەم خۆ نواندنەیان دەبەخشێ.

باندۆچیا درێژە بە گێرانەوەی سەربردەی دەداتەوە:

- کاتێ خاتوو جیراسوولە، بەرێوەبەری میوانخانەکە ئاگاداری نەبوونی من بووەوە هەوڵی دابوو پارەکەی لە (بیاجییەوواکارا) وەربگرێ بەو بیانوویەی کە ئەویش خەڵکی پیتراسکایە. خاتوو رۆزای بەستەزمان رەنگە قەت لەوە خراپتری لێ بەسەر نەهاتبێ. ئەگەر ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون نێوبژییان نەکردبا، بیاجییۆ گشت کەل و پەلی میوانخانەکەی لێ دەشکاندن. بیاجییۆ گۆشت کووتێکی بە دەستەوە بوو، لە رقاندا گۆشت کوتەکەی تێ گرت و ئەگەر وێی دەکەوت بێ گوومان دەردەم دەیکووشت.

یەکێکی تر هەڵدەداتێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بیاجییۆ تا بە ئێستا سێ جاران بە تاوانی شەڕانگێزی لە بەندیخانە کراوە. لەو پیاوانەیە کە خەڵکی حسێبی لێدەبەن.

باندۆچیا دەڵێ:

- خۆ وەشاندن شەرم نییە، وێکەوتن جێی شەرمە.

ماگاشیا دەگێڕێتەوە کە :

- یەکەم جار بیاجییۆ بە تاوانی شکاندنی باسکی باوکی کەوتە بەندیخانە کە بەتەور لێیدابوو .(ڤاکارۆ)ی پیر لە سەرەمەرگدا بە منی کوت: (کوڕەکەم باسکی شکاندم بەڵام زۆری پێ خۆشحاڵم کە ئەو ئاوا بە تاقەت دەبینم)

دیسان باس باسی ئازایەتی بیاجییۆیە بەڵام ئیتر دۆن پائۆلۆ گوێیان ناداتێ!

ئەگەرچی ئەم کافوونانە لە حوزووری دۆن پائۆلۆدا، لە دەربڕینی گشت ئەو بابەتانەی کە بە سەر زاریاندا دێت خۆ نابوێرن کەچی بەم جۆرەش دۆن پائۆلۆ لەم دیدارە بەهەڵکەوتانە رازی نییە. ئەو لەو حاڵەدا پتر خۆی وەك گەشتیارێك هەست پێدەکا کە درێژدادڕی دەکا لە گەڵ ئەو کەسانەی لە رێگادا تووشی دەبن، نەك کەسێکی شۆڕشگێڕ کە لەنێو کۆمەڵێك دابێ کەخۆی نوێنەری راستەقینەی ئەوانە. هەر لەبەر ئەم هۆیە کەمێ خۆی گەپجارانە دێتە بەر چاو و ئەم هەستە هانی دەدات کە دەست بداتە کردەوەیەکی مەترسی هێنەر. دەیەوێ بەسەر ئەوکۆسپەیدا سەرکەوێ کە ئەم بەرگە قەشایەتییە لەبەر پێی داناوەو سەرەڕای ئەوەی کە تێدەکۆشی تا لەشێوەی هەست کردنەکانی کافوونەکان وردبێتەوە، بیر لەو بارەش دەکاتەوە کە ئایا توانای هەیە ئەوان لە قسەکانی خۆی تێ بگەیەنێت. دیارە مەبەستی لەوە نییە کە بە ئاشکرا کۆبوونەوەیان بۆ بگرێت و وتارێکی هەست بزوێنانەیان پێشکەش بکات، چوونکوو ئەم ئیشە نەك خۆنە پاراستنە بەڵکوو شوێن دانەریش نابێ. بە دەنگی بەرزو بۆ کۆمەڵێکی قەرەبالغ قسە کردن کاری گێرە شێوێنێکە کە بەتەمایە خەڵکی بۆ راپەڕین هان بدات. لەهەمان کاتدا کە دەبێ خەڵکی هان بدا خۆیشی دەبێ هان بدرێت، هەم خەڵکی بهاروژێنێ و هەم خۆیشی بهەژێ. بەپێچەوانەوە، بۆ بەستنەوەو گرێدانی پێوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا، بۆ تەڵقین کردنی هەستی بڕوا بە خۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بوون و له نێو خەڵكیدا مەتمانه دروست كردن و باوەر كردن بەوان، بۆ گۆڕینەوەی بیرورا نەك گۆڕینەوەی وشەكان، دەبێ دوو بەدوو لەگەڵیان دابنیشێ و لەسەرخۆو بەشێنەیی قسه بكات و جار جارەش لەو نێوانەدا پشوو بەقسەكان بدات تا بەم جۆره مەجالێک درووست ببێ بۆ باشتر بیركردنەوه. كەچی كاتێك دۆن پائۆلۆ یەكەیەكەی ئەم كافوونانه كه لەمێژه دەیان ناسێ مەزنده دەكات تا بزانێ لەگەڵ كامەیاندا دەتوانێ خۆمانەترو تایبەتی تر قسه بكاو گەلاڵەی دۆسایەتی بۆ دارێژێ، هەركام لەمانه بەهۆی جۆراو جۆرەوه و بەتێبینی و بەئانقەست رەت دەكاتەوه. بەڵام لەو پۆلەدا كه لەگەڵ ماگاشیا له بازار دەگەڕێتەوه كوڕێكی تێدایه كه لەسەرەتاوه قسەی نەكردووەو هەروا چاوی له قەشه بڕیوه. ئەم كوڕه، پێ پەتییەو جل و بەرگێكی پینەكراوی لەبەردایه، كزو باڵا بەرزەو تەوقێكی درێژی پرچی سەری كه بەسەرنێو چاوانی داكەوتووه حاڵەتێكی دڕەندانەی به قەوارەی بەخشیوه كه لەگەڵ چاوه مەزڵوومەكانی كەوەك چاوی سەگێكی بەوەفا دەچێ- ناكۆكییەكی بەرچاوی هەیه. دۆن پائۆلۆ سەیری دەكاو بزەیەكی بەروودا لێدەدا.لاوەكەش به بزەیەكەوه لێی نێزیك دەبێتەوه. كاتێ كافوونەكان له پردی پیتراسكا دەپەڕنەوەو و بڵاوەی دەكەن دۆن پائۆلۆ باسكی كوڕەكه دەگرێ و پێی دەڵێ:

- دەمەویست قسەت لەگەڵ دا بكەم، حەز دەكەم بزانم بیرو ڕای تۆ سەبارەت بەهێندێ بابەت چۆنه.

لاوەكه بزەیەكی دێت و بەرەو ماڵەكەیخۆی دەچێ.

دۆن پائۆلۆ وەدوایدەكەوێ. جووتیاری لاو جار جار ئاوڕ دەداتەوەو بەبێ ئەوەی قسەیەك بكا له قەشه دەڕوانێ، بەڵام نیگەرانییەک له سەیر كردنەكەیدا دەبیندرێ.

خانووی كوڕه جوتیارەكه پتر وەك تەویلەی بەرازان دەچێ تا ماڵ. دەرگاكەی هێنده كورته كه دەبێ بۆ هاتووچۆ كردن سەردانەوێنی و لەهەمان كاتیشدا ئەركی دووكەڵ كێشیش بەرێوه دەبات. ژوورەكەی هێنده تاریكه كه بەزەحمەت پیاو دەتوانێ ببینێ كه تەنیا جێگای دۆشەكێك و بزنێك دەبێتەوه و، دۆشەكەكەی لەسەرعەرزه چەورێژكاروەكەی نیو هۆدەكه پان كراوەتەوەو بزنەكەش بەسەر باقه گیایەكی ریخاوی خەریكی كاوێژ كردنه.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ ناتوانێ بۆگەنی تێکەڵاو بە بۆنی پەین و جلکی چڵکن کە هەوای کۆخەکەی بۆگەنیو کردووە تەحەموول بکات. ناچار لەبەر دەرگا دادەنیشێ، لە کاتێکا کوڕەجووتیارکە لە ژوورەکەیدا خەریکی ئامادەکردنی شێوەکەیەتی دۆن پائۆلۆ سەری قسە دەکاتەوەو دەڵێ:

- لەرۆژهەڵاتی ئەورووپا وڵاتێکی گەورەی لێیە، دەشتێکی پان وبەرینە کە گەنمی تێدا بەرهەم دێنن، دەشتێکی ئاوەدان کە ملێونان کافوونی تێدا نیشتە جێیە...

کوڕە جووتیارکە کولێرەی گەنمەشامییەکەی پارچە پارچە دەبڕێ و هەر پارچەیەك دووقاش تەماتەو قاشێك پیوازی لەسەر دادەنێ و یەکەم پارووی بەپێخۆرەوە خوڵقی قەشە دەکا. دەستە ئەستوورو قەڵشیوەکانی هێشتاش لە کاری سەختی مەزرا دەگێڕنەوە.

ئەو چەقۆیەی کە ئەولاوە نانەکەی پێ بریووە وادیارە بۆ هەموو شتێك لە کار دەکرێ. دۆن پائۆلۆ چاو دەقووچێنێ و هەوڵ دەدات یەك کەرەت پاروەکەی قووت بدا. دیسان دەڵێ:

- وڵاتێکی گەورە هەیە کە لەوێندەر کافوونە گوندنشینەکان و کرێکارە شارنشینەکان یەکێتییەکی پتەویان لەنێوان دا هەیە...

لەم کاتانەدا ماتالێنا ماڵ بەماڵ بەدوای میوانەکەیدا دەگەڕێ تا سەر ئەنجام ئەو دەدۆزێتەوەو دەڵێ:

- وا بۆ سەعاتێك دەچێ کە شێوم بۆ ئامادە کردوون.

دۆن پائۆلۆ لەوڵامدا دەڵێ:

- برسیم نییە. تۆ بچۆوە، چوونکە من دەبێ لەگەڵ ئەم دۆستەمدا قسە بکەم.

ماتالێنا دەڵێ:

- چما مام قەشە نازانی ئەم بێچارەیە کەڕو لاڵەو تا بە ئاماژە قسەی لەگەڵ نەکەی لێت تێناگات؟

کوڕە جووتیارەکە هەر لەوێ لەبەر دەرکێی کۆخەکەی لە کن قەشە دانیشتووە. دۆن پائۆلۆ سەیری دەکاو دەبینێ کە چاوەکانی فرمێسکیان لێ نیشتووە.ئەو جار قەشە بە ژنەکە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- قەیدی نییە. ئێوە بگەڕێنەوە بۆ میوانخانەکەتان. من برسیم نییە.

پیاوەکان،هەردووکیان لەبەر دەرکێی کۆخەکە دەمێننەوەو ئەو پیاوەی کە لەنعمەتی قسەکردن بێ بەش نەکراوە بێدەنگی رادەگرێ. جار جار هەردووکیان سەیری یەك دەکەن و بە رووی یەکدا بزەلێدەدەن. ئاسەوارو نیشانەکانی رۆژ بەرە بەرە جێی خۆی دەدات بە ئاسەواری رۆژ پەڕین. ئەوجار ئاسەوارو نیشانەکانی شەو دەردەکەون و شوێنەواری زەردەپەڕ لەبەر چاوان بز دەبێ. دۆن پائۆلۆ یەك دووجار دەکۆخێ. کوڕە لاڵەکە هەڵدەستێ. ئەو لێفەیەی کە لەسەر دۆشەکەکەی پان کراوەتەوەهەڵدەگرێو بەهەموو سەرنج و وەسواسێکەوە میوانەکەی پێ دادەپۆشێ. پاشان دۆن پائۆ بیری دەکەوێتەوە کە ئەو پیاوە دەبێ بەیانیان زوو لەخەو ڕابێ و بچێتە سەرکار، ناچار هەڵدەستێ و تۆقەی لەگەڵدا دەکاو شەوباشی پێ دەڵێ .

لەمیوانخانە، لەهۆدە گەورەکەی قاتی یەکەم هەموو ساتێ چەند کەس لەکافوونەکان بۆ شەراب خواردنەوەو قوومارکردن جێیان خۆش کردووە. کەل و پەلی نێو ئەم هۆدەیە بریتین لە دوو مێزی چەورو چڵکن و چەند ئەسکەملەی حەسیری. لە سەر دیوارەکە وێنەیەکی رەنگی دیارە لەسەرکردەی بەربەری(ڤینیزی). لەسوچەکانی نێو ژوورەکەدا تەلیسی پڕ لە سێوك و باقلا ونیسك لەسەر یەك هەڵچندراون. لەسەر یەکێ لەمێزەکان پیاڵەیەکی پڕ لە لەب لەبی سوێرو شۆرمەزەیە کە بۆ تینوو کردنی مشتەرییەکان، داندراوە. مشتەرییەکان لەب لەبی دەکرمێنین و دەیخۆن، دەخۆنەوە، تووتن دەجاوێن و دیسان دەخۆنەوەو لێکدا لێکداش تف و بەڵغەم فرێ دەدەن، بەچەشنێك کە دۆن پائۆلۆ لەکاتی هاتنە ژووردا بە پارێزەوە ورد دەبێتەوە کە نەکا لە پڕ لاقی هەڵنەخلیسکێ. قسەی پیرە پیاوەکان پتر لە یادی بیرەوەری قات و قڕیو نەخۆشییە کوشندەکانی قەدیمن، بەڵام لاوەکان هەر باسی شاردەکەن.

هەموو شەوێ پیرە پیاوێك بە ناوی (فاڤا) لە گۆشەیەکی دیاری کراو، لە نێو هۆدەکە دادەنیشێ. هەمیشە بێ دەنگە و بە لەسەرخۆیی لەعەرزی رادەمێنێ و وەك جۆن چوارپێیەك کاوێژ دەکات، شتێك لەزاریدا دەجاوێ. لە خەڵکی زووتر دێت و لەهەمووشیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەرنگتر دەچێتەوەو كاتی رۆشتنەكەشی هێندە سەرخۆشە كە خۆی بەسەر پێیەوە ناگرێ. كچەكانی دێن و بانگی دەكەنەوە، پاشان كوڕەكانی و بە دوای ئەوانیشدا خێزانی، بەڵام ئەو گوێی بەوقسانە نابزوێ. خێزانی لێی دەپرسێ:

- ئاخر لەماڵێشدا شەراب وەچنگ دەكەوێ. بۆ لە شەرابی باغەكەی خۆمان ناخۆیتەوە؟

فاڤا لە وڵامدا دەڵێ:

- شەرابی خۆمان خۆشم ناكات.

ماتالێنا و خێزانی فاڤا هێندێ شەراب دەگۆڕنەوە. ئەو جار ژنە دەڵێ:

- ئەو شەرابەی كە حەزت لێیەتی ئێستا هەمانە، دەوەرە ماڵێ.

پیاوەكە لە وڵامدا دەڵێ:

- سەرخۆشم ناكات، لەماڵێدا هیچ شتێك كەیفم ناداتێ.

دیسان هەموو شەوێ لە هۆڵی میوانخانەكەدا پان دەبێتەوە. سەرئەنجام خێزانی فاڤا لەگەڵ ماتالێنا دا دم بۆڵەیان لێ پەیدا دەبێت و پێی دەڵێ:

- تۆ نابێ شەرابی بدەیتێ! ئەگەر دەیەوێ شەراب قوزەڵقۆرت بكا لێی گەڕێ بابێتەوە بۆ ماڵێ.

بەڵام بێ هوودەیە، هەموو شەوێ فاڤا لە هۆڵی میوانخانەكەدا ئامادە دەبێ و هەمیشەش لە شوێنێكی دیاری كراو دادەنیشێ.

كاتێ دۆن پائۆلۆ وەژوور دەكەوێ ماستێر ئانجێلۆ لەگەڵ نیكۆلا چیكاڤۆدا سەرقاڵی یاری پەڕێنە.

ماستێر ئانجێلۆ دەڵێ:

- كاتێ ئێوەم دی كە لەگەڵ ئەو كوڕە لاڵەدا دەدوان، وام بیركردەوە كە دەبێ موعجزەیەك رووی دابێ. بەڵام دەركەوت كە تەنیا هەڵەیەكی بە هەڵكەوت بووە.

دۆن پائۆلۆ لەسەر مێزەكەیان دادەنیشێ و لەوڵامدا دەڵێ:

- موعجیزە نەبوو، هەڵەش نەبوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نیکۆلا دەڵێ:

- ئەو هەتیوە لاڵە زۆر بەدفەڕە، ڕەنگە خوا لەبەر تاوانەکانی ئەوی ئاوا سزا دابێ.

پیاوەکان هەردووکیان سەر لەنوێ خەریکی یارییەکەیان دەبنەوە. دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- ئێستا کە دەسرەنجی ئەم ساڵتان تێدا چووە بەتەمان ئەم ساڵ چۆن ژیان بەرنەسەر؟

نیکۆلا لە وڵامدا دەڵێ:

- ئەگەر پیاو لە برسان مردبا ، دەبوایە تا بەئێستا حەوت کفن مان رزاندبایە.

ئەوجار دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- پێتان وانییە کە ڕەنگە رۆژێك گۆڕان بە سەر ئەم بارو دۆخە دابێ؟

ئەوەی دیکە لە وڵامدا دەڵێ:

- ڕەنگە، بەڵام پاش باران کەپەنگ...!

دۆن پائۆلۆ لایەنی خۆ پارێزییەکەی بەردەداو دەپرسێتەوە:

- قەت نەتانبیستووە کە لە هێندێ وڵاتان باری گوزەران دۆخی ژیانی خەڵک باشترە؟

- بەڵێ وڵاتی دیکە هەن کە جیاوازییان لەگەڵ ئێمەدا هەیە. خوا گیا لەو شۆنیانە دەروێنێ کە پەزی لێ نییەو پەزیشی لە شۆێنێك خوڵقاندووە کە تفاقی لێ نییە.

دۆن پائۆلۆ هەست بە حاڵی کەسێك دەکا کە لەتارێکیدا بە پەل کوتان بەرێدا دەڕوا. کوتووپڕ جڵەوەی ئیختیاری خۆی لە دەست دەبێتەوەو دەپرسێ:

- هەر لەم شارەدا بە گوتەیەك بیستوومە کەسانێك هەن کە لە نەبوونی ئازادیدا ئازار دەکێشن. ئایا ئێوە لە نەبوونی ئازادیدا هەستتان بەئازار نەکردووە؟

وڵامەکەی درەنگ دەدرێتەوە. ماستیرئانجێلۆ پیاڵەیەك پڕ لە شەراب دەکا و، پیاڵەکەی سەردەکێشێ. بەرەو لای دەرگاکە دەڕوا، پاشان دەگەڕێتەوەو لەسەر جێگاکەی دادەنیشێ، هەروەك بڵێی گوێی لە پرسیارەکە نەبووە. سەرئەنجام دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئازادی، ئەز قەزا هەتا حەز بکەن ئازادی هەیە. پێشتر ڕێگەیان بە کچێك نەدەدا کە پێش زەماوەند کردنەکەی بەتەنیا لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا قسان بکات.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- مەبەستم لەوە نەبوو. من قسە لەسەر پێوەندی نێوان دەسگیرانەکان ناکەم .

ماستێرئانجێلۆ دەڵێ:

- ئێستا خەریکە تێدەگەم.

سەبیلەکەی داگیرساندووەو لە کێشانەکەی بووەتەوە. کاتێ سەبیلەکەی دەکووژێتەوە، سووتوەکەی لەسەر بەرە دەستی دەتەکێنێ و سەبیلەکەی لە گیرفانی دەخات. سەرئەنجام پاش بێدەنگییەکی دوورو درێژ ولامێك بەبیریدا دەگوزەرێ:

- بەڵێ ئێستا خەریکە تێدەگەم. مەبەستی مام قەشە لە ئازادی پیاوە ژاندارمەکانە. لەنێو ئێمەدا باروو دۆخی ژیان هەر بەوچەشنەی بووە کە پێشتریش لەئارادا بووە. بەڵام لە مەزرادا تاحەز بکەی ئازادی هەیە.

دۆم پائۆلۆ دەڵێ:

- منیش تێگەیشتم.

و لە درێژەدان بەو قسانەی خۆی دەبوێرێ.

ئێوارەی یەک شەمۆ هۆڵی میوانخانەکە قەرەباڵغتر دەبێ و شەڕو کێشەو شەڕە قسەش یەک بەدوای یەکدا ڕوودەدەن. کافوونەکان لە کاتی خواردنەوەدا هەمیشە دەست بەیەخە دەبن. دۆن پائۆلۆ لە ژوورەکەی نایەیتە دەر و تا دانگێ کە لەشەو تێدەپەڕێ دەنگی هات و چۆ و زرمەزرمی ئەسکەملەو شەقەی پەرداخ و هەڵا و هەنگامەی کوتووپڕانەی وتوویژەکان و لوورە لووری پیاوەکان و دەنگی کەوتنی شت و مەك و عەربەدەی جوێن و دەنگی بەربوونەوەی ئەسکەملە و مێزەکان و زرینگەی توڕهەڵدانی شووشەو پەرداخەکانِ دەبیسێ.

ماتالێنا بە پاڕانەوەوە دەڵێ:

- لەسەرەخۆ بن! ئاخر دۆن پائۆلۆ لەو سەرە نووستووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر لەو شەوانەدا (فرانچێسکۆگراچیا) هەر هەرایەک وەرێ دەخا و دەڵێ:

- دەبێ چاوم بەقەشە بکەوێ. پێی بڵێ بێتە خوارێ ئیشم پێیەتی .

ماتالێنا دەڵێ:

- ناگونجێ، چوونکە ئەو لەم ساعاتانەدا دەخەوێ.

گراچیا هەروا دەگوڕێنێ و بە شێلگیرییەوە دەڵێ:

- دەبێ حەتمەن قسەی لەگەڵدا بکەم.

دۆن پائۆلۆ خۆی پۆشتە دەکاتەوەو بەرەو قاتی یەکەم دادەگەڕێ و دەپرسێ:

- کێ کاری بە منە؟

گراچیا دێتە پێشێ و دەڵێ:

- من موریدی(سان فرانچسکۆ) ناسراو بە (پائۆلا)م کە ل ەپیاوچاکانی کالابێرە. وێنەیەکی ئەوم لەماڵێدا هەیە. کاتێ نیازێکم بۆ دێتە پێش بەخێزانم دەڵێم کە لە بەر وێنەکەیدا بپاڕێتەوە. راستیەکەتان بوێ ئەو پیاوچاکە هیچ موعجیزەیەك لە خۆی نیشان نادات. سەرەتا لە سەر ئەو باوەڕە بووم کە خەتا لەخێزانمە کە نازانێ بەچ شێوەیەك دڵی ئەو بەدەست بێنێ.

قەشە دەڵێ:

- ئەم بابەتانە بۆ من جێی سەرنج نین.

گراچیا درێژەی پێدەدا:

- عەرزم کردی من وام دەزانی خەتای خێزانمە بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت کە کەم و کوورییەکە هەر لەوێنەکەدایە. لە بەر ئەوەی ئەو وێنەیە بەدەڵە. لە وێنەکەی مندا سان فرانچیسکۆ ریشی هەیە. جارێکیان لە (سۆلمۆنا) بووم و لە کلیسای ئەوێ وێنەیەکی ئەو پیاوچاکەم بینی کە ڕیشی نەبوو. (دۆن چیپێریانۆ) قەشەی لاما ئەو وێنەیەی بە من فرۆشتبوو .چۆن دەشێ قەشەیەك وێنەی بەدەڵ بفرۆشێ؟

قەشە دەپرسێ:

-دۆن چیپێریانۆ چی پێ وتی؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گراچیا لە ولامدا دەڵێ:

- هەر کە لە سۆلمۆنا گەڕامەوە دەست بەجێ بۆ گلەیی چوومە لای و پێم وت مام قەشە، ئەمە خەتای ئێوەیە کە من تەمەنی خۆم لە پێناو شتێکی پیرۆزی بەدەڵدا بەفیرۆ داوە و هەر بۆیە کارەکانم قەت بۆ جێ بەجێ نەکراون. بۆ وێنە، کاتێ دەدانم دێشێ لەبەر دەمی ئەو وێنەیەدا چرا رۆن سووتەکەم هەڵدەکەم، رۆنەکەی هەروا دەسووتێ بەڵام ژانی ددانی من نانشێتەوە. چێپریانۆ لەولامدا بەمنی کوت: (وێك چوون و وەك یەك نەچوونی وێنەکە گرینك نییە، گرینك بڕواو پاکی دەروونتە).بەڵام ئەگەر وێك چوونی وێنەکە گرینك نەبێ، لەبەرچی وێنەمان پێ دەفرۆشن؟ ئەگەر کوڕەکەم کە ئێستا سەربازە وێنەیەکم بۆ بنێرێتەوەو منیش بزانم ئەوە وێنەی خۆی نییە بەڵکوو وێنەی پیاوێکی غەوارەیە، لەبەرچی من ئەو وێنەیە هەڵواسم؟ بۆچی ئەم وێنەیەم خۆش بوێ؟

لەهۆڵی میوانخانەکەدا بێدەنگییەکی بەرچاو زاڵ دەبێ و هەموویان چاوەڕێی وڵام دانەوەی دۆن پائۆلۆ دەکەن. قەشە دەڵێ:

- ماگاشیا ڕیشی هەیە. ئێستا ئەگەر ئەو بچێ و وێنەیەك لە خۆی هەڵگرێتەوە، ئەوا لە وێنەکەیدا بەریشەوە دەردەکەوێ بەڵام ئەگەر لە ئێستاوە تا یەک ساڵی دیکە ڕیشی بتاشێ و پاش ڕیش تاشینەکەی وێنەیەك لە خۆی هەڵگرێتەوە ئەم وێنەیەی بێ ڕیشە. لەو دوو وێنەیە کامیان ڕاست و کامەیان بەدەڵە؟

گراچیا لە وڵامدا دەڵێ:

- هەردووکیان ڕاستن.

قەشە دەپرسێ:

- چەندانە ماگاشیامان هەیە؟

گراچیا وڵام دەداتەوە:

- یەکدانە.

قەشە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- دەی باشه ،بەم جۆر تۆ یەك ماگاشیات هەیه به دوو وێنەی جیاوازەوە. ئێستاش دەقاو دەق ئەم بەسەرهاتەش بەسەرفرانچێسکۆی ناسراوبه (پائۆلا)شدا هاتووه.

وڵامەکەی دۆن پائۆلۆ لەگەڵ پێشوازی و هاتوهاوارێکی شایانەوە بەرەو روو دەبێتەوە. ئامادەبووانی نێو کۆڕەکه تێکرا چەپڵەی بۆ لێدەدەن و خۆڵقی شەراب خواردنەوەی دەکەن. قەشه دەبێ سەر لەنوێ به دەوری هۆڵەکەدا بگەڕێتەوەو زاری به پەرداخەکانیان ئاشنا بکا. پاشان به وتنی شەو باشێك ماڵ ئاواییان لێ دەخوازێ و بەرەو هۆدەکەی هەڵدەگەڕێ. بەڵام هێشتا له سەر قەرەوێڵەکەی رانەکشاوه که بەرەو هۆڵی میوانخانەکەی بانگ دەکەنەوە.

لەنێوان سێ دانه لاودا که یاری پەرێنی (حەوت و نیو) دەکەن، لەسەر شای خاچ کێشەیەك رووی داوه. شایخاچ له یاری (حەوت ونیو)دا پەڕی بردنەوەیه. ماتالێنا پتر له دوو دەست پەڕی نییەو هەردوو دەستەکەش شای خاچەکانی هێنده سواون و نیشانه کراون که پیاو ناتوانێ به ئیشتیا یارییەکی باشیان پێ بکات. بۆ پێش گرتن له هەرچەشنه دەمەقاڵەیەك دانییەل مالیتا پێشنیاری کردووه:

- چوونکه شای خاچی ئەم پەرانه دەناسرێنەوە دەبێ پەڕێکی دیکه، بۆ وێنه سێی پیك له باتی ئەو دابندرێ. لەبەر ئەوەی شای خاچ نیشانه کراوه بایەخی سێی پێکی پێ دەدرێ و سێی پیکێش که ناناسرێتەوە، دەبێ به شای خاچ.

(مێکێله ماسکۆلۆ) رەخنەی گرتووه که:

- شتی وانابێ. ئەگەر هەمووشمان رازی بین دیسان ئەو کاره مەحاڵه.

- لەبەرچی؟

ماسکۆلۆ لەوڵامدا کوتویەتی:

- سەیره! دەی سروشتییه که نابێ. چونکه شای خاچ له هەموو کاتێکا هەر شای خاچه. ڕەنگه شای خاچ چلکن و نیشانەکراو و کوون کوونیش بێ بەڵام هەمیشه هەر ئەو شتەی دەبێ که هەیه .بۆ وێنه ئەمه سەبیلەیه، ئێستا تۆ دەپرسی که لەبەرچی ئەمه سەبیلەیه؟ سەیره! دەی زۆر ڕوونه، ئەمه سەبیلەیه لەبەر ئەوەی سەبیلەیه. نموونەیەکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تر: پاپا، پایە، بۆچی؟ چوونکە پایە. هەر وەك ئەم شتەش سەبارەت بەشای خاچ دەسەلمێندرێ. شای خاچ هەر شای خاچەو هەمیشەش هەر شای خاچ دەمێنێتەوە.

دانییەل لەوڵامدا دەڵێ:

- گرینگ ئەوەیە کە هەمووومان لە سەری رێك بکەوین ئیتر یارییەکە هەر بەو باشییە دەگەڕێ، چوونکە پێشتر کەس ناتوانێ هەڵی بێنێ کە شای خاچ لە دەستی کێ دایە.

ماسکۆلۆ قانع نەبووە:

- تۆ دەڵێی دەبێ لە سەری رێك بکەوین و بەس، بەڵام ئەمە بەس نییە. تۆ دەڵێی هیچ گۆڕانکارییەك لەیارییەکەدا پەیدا نابێ، رەنگە وابێ بەڵام ئەم یارییە هەڵەیە. ئەمە ڕاست هەر وەك ئافرەتێك دەچێ کە بە دڵخوازی مێردەکەی زینا بکات. مەگەر ئەمە تاوان نییە؟ دیارە کە تاوانە ئەگەر چی هەردووکیشیان رازی بەم کارە بن.

شەتاپ کە لە سەرمێزی پیرە پیاوەکان دانیشتووە و گوێی لە هەمووی ئەو دەمە قاڵانە ڕاگرتووە پێشنیار دەکا کە پرسیار لە دۆن پائۆلۆ بکەن.

دۆن پائۆلۆ بۆ جاری دووهەم لە هۆدەکەی دادەگەڕێ و لەبەردەم ئەودا کێشەکە باس دەکەن. شەتاپ داوای لێدەکا کە حەق بە کامەیانە؟

قەشە پەڕی شای خاچەکە هەڵدەگرێ و روو لە ماسکۆلۆ دەکاو دەپرسێ:

- تۆ پێت وایە بایەخی ئەم پەڕە لە خۆی دایە یان بەو ئیعتبارەیە کە بۆی لە بەرچاو دەگرن؟

ماسکۆلۆ لە وڵامدا دەڵێ:

- ئەم پەڕە لەچاو پەڕەکانی دیکە بایەخی زۆرترە چوونکە شای خاچە.

قەشە دەپرسێ:

- پەڕ لە کوێرا هاتووە؟

یەکێ لە ئامادە بووان وڵام دەداتەوە:

- لەچاپخانەڕا.

قە شە لە ماسکۆلۆ دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئەم پەڕە بەر لە چاپ کردنەکەی چی بووە؟

یەکێ وڵام دەداتەوە:

- لەتە مقەبایەك بووە وەك هەموو مقەباکانی دیکە.

قەشە درێژەی پێدەدا:

- هەر گاوایە ئەم پەڕە بایەخی خۆی لەچاپ چییەکان وەرگرتووەو لە خۆیدا بێ بایەخە، بە واتایەکی دیکە بایەخی پێدراوە نەك بایەخی وەرگرتبێ. قسەکەم تەواو نەبووە. ئێستا، ئەم بایەخەی کە بۆ ئەم لەبەر چاو گیراوە ئایا نەگۆڕە یان دەشێ گۆڕانی بەسەر بدێت؟ یانی شای خاچ لە یارییەکانی دیکەدا هەر ئەو بایەخەی هەیە کە لە یاری(حەوت ونیو)دا هەیەتی یان بایەخەکەی دەگۆڕدرێ؟

ماسکۆلۆ لە وڵامدا دەڵێ:

- بایەخەکەی دەگۆردرێ و بە پێی یارییەکانی دیکە فەرق دەکات.

قەشە دەپرسێ:

کێ یارییەکانی دروست کردووە؟

کەس وڵام ناداتەوە.

دۆن پائۆلۆ  دەپرسێ:

- پێتان وانییە کە هەر قووماربازەکانن کە ئەم یاریانە دوروست دەکەن؟

هەموویان و تەنانەت ماسکۆلۆش لەسەر ئەو باوەڕەن کە یارییەکان لەلایەن قووماربازەکانەوە دروست کراون. کەوای لێهات ئیعتباری پەڕەکان لە یارییە جۆراو جۆرەکاندا بە دەستی قووماربازەکان دیاری کراون. قەشە لە ئاکام دا دەڵێ:

- ئێستا کە ئەم پەڕە بایەخی زاتی نییەو بەڵکوو بایەخێکی وەرگیراو ودیاری کراوی هەیەو ئەم بایەخەش بە دڵخوازی قووماربازەکان گۆڕانی بەسەردا دێ، ئەو مانایە دەگەیەنێ کە ئێوەش دەتوانن بەپێی رێککەوتن هەر کارێك کە حەزی پێ بکەن لە گەڵ ئەودا بیکەن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیسان هات و هاواری بژی کوتن و پەسەندکردنی ئەو بۆچوونانە بۆ قەشە بەرز دەبێتەوەو مەی خۆرەکان یەک دەنگ هاوار دەکەن:

- قسەی تیا نییە! هەی بژی ! تا بەئەمڕۆ ئاواییەکەمان پیاوێکی ئاوا خواناس و تێگەیشتووی بەخۆیەوە نەدیووە.

دۆن پائۆلۆ روو لە شەتاپ دەکاو دەڵێ:

- هەر لەم پیتراسکایەدا سەردەمێك پیاوێکی لێ بووە کە بەناوی کارلۆکامپانلا بانگیان دەکرد و ئێستا لە(نییۆ یۆرك)دا پیاوێکە کە بەناوی(چارلێزبێل رێژی فرۆش-سەهۆڵچی)ناسراوە .ئایا ئەم دووناوە کەسێکە یان دووکەسی جیاوازن؟

چەند دەنگ وێرای یەک وەڵام دەدەنەوە:

- هەر دووکیان هەر یەک کەسن.

شەتاپ کە ئەم پرسیارە لەو کراوە روو لەوانی دیکە دەکاو دەڵێ:

- شەتاپ (قوزەڵقوورت) دەبێ من وڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

و دەڵێ:

- ئەو دوانە هەریەک کەسن و بەس ناوەکەی گۆڕدراوە.

قەشە دەپرسێ:

- کاتێ پیاوێك بتوانێ ناوی خۆی بگۆڕێ لەبەرچی پەڕێکی یاری نەتوانێ؟

دۆن پائۆلۆ لە درێژەی قسەکەیدا دەڵێ:

- نموونەیەکی دیکەتان بۆ دێنمەوە: لەودیو لەو شوێنەی کە خۆر هەڵدێ، کیانێکی لێ بوو کە دەسەڵاتدارێکی سەرەڕۆی هەبوو، بەڵام لەو رۆژەیرا کە جوتیارەکان هەڵوێستیان گرت کە چی دی مل کەچ نەکەن بۆ بریارەکانی، ئیتر کۆتایی بە هێزو دەسەڵاتەکەی هات. ئیتر ئەو دەسەڵاتدار نەما بەڵکوو بوو بە دەسەڵاتداری پێشوو و ئێستا ئەو دوور خراوەیەکی سیاسییە، واتە شتێکە کە کافوونێکیش دەتوانێ وەك ئەوبێ. بەم جۆرە بە دڵخوازی خۆتان و هەرچۆن حەزی پێدەکەن یاری(حەوت ونیو) بکەن.شەوتان باش!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ پەڕی شای خاچەکە دەداتەوەو دەستی دانییەل، سەر لەنوێ شەوباشیان پێدەڵێتەوەو لەحالێکا لەگەڵ هات و هاواری ئافەرین کوتنی جووتیارەکان بەرەو سەرەوە بەرێ دەکرێتەوە دیسان دەچێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی .

دانییەل پەڕی شای خاچەکەی هەڵدێنێ و دەڵێ:

- ئێستاش کە تۆ چڵکن و دزێوی لە ئێستە بەدواوە کۆتایی بەتەمەنی دەسەڵاتدارییەکەت دێت و ئیتر تۆ شای خاچ نەماوی بەڵکوو شای پێشووی.

پاشان روو دەکاتە پەڕی سێی پیکەکەی و دەڵێ:

- لەمەبەدواوە لە یاری (حەوت ونیو)دا تۆ جێگای شای خاچ دەگرێتەوە. رێگە بەکەس نەدەی پیست بکا یان نیشانەت لە سەر جێ بێڵێ دەنا تۆش پلەوپایەکەت لەکیس دەچێ.

قووماربازەکانی دیکە پێدەکەنن و لەسەر ئەو بریارە رێك دەکەون. درێژە بە یارییەکە دەدرێتەوە، بەڵام لە کارخستنی شای خاچ لە رۆژەکانی دواتریش لەنێو کافوونەکانی پیتراسکادا دەبێتە مایەی باس و لێکدانەوەو لێدوان.

بۆ سبەینێ خاتوو (پاترینیانی) دەچێتە لای دۆن پائۆلۆ و بە سکاڵاوە دەڵێ:

- ئەمرۆ لە پۆلی گەورە ساڵاندا نەم توانی وانەکەم بڵێمەوە. کوڕە گەنجەکان هەرباسی چیرۆکی شای خاچ و سێی پیکیان دەکردو ئەو قسانەیان دووپات دەکردەوە کە دوێنێ ئێوە لە هۆڵی میوانخاکەدا بۆ ئەوانت کردبوو.

مامۆستا لە سەر سینەی، لەو شوێنەی کەحاستی دڵیەتی نیشانی حیزبی دەسەڵاتداری هەڵواسیوە. کاتێ هەناسە هەڵدەکێشێ، نیشانی سێ رەنگەکەی هەڵدەستێ و دەنیشێتەوە، وەك چۆن بەلەمێك بە سەرشەپۆلەکاندا هەڵبەز دابەزیەتی.

مامۆستا ئەمەش بە قسەکانیەوە زیاد دەکا:

خەڵکی ئێرە لە رادەبەدەر نەخوێندەوارو عامین و، ئەگەر بە هەڵکەوت وەنێو قسەی کەسانێکی خوێندەواری وەك ئێمە دەکەون هەمیشە ئەو قسە و بابەتانە هەڵدەگرنەوە کە بەپێچەوانەی مەبەستەکانی ئێمەن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مامۆستا ژمارەیەکی نویێ لە رۆژنامەی دیواری (هەواڵەکانی رۆم)ی پێیەو لە سەریەتی کە ئەو رۆژنامەیە بە دەرکی کلیساوە هەڵواسێ. پێش چەسپاندنی رۆژنامەکە دەبێ گرینگ ترین دەنگ و باسەکانی نێو رۆژنامەکە بۆ کافوونەکان بخوێنێتەوە و شی بکاتەوە کە لەهۆڵی میوانخانەکەدا کۆ دەبنەوە. لە نێو کافونەکاندا دەنگۆیەک بڵاوکراوەتەوە کە قەشەش بەتەمایە قسان بکات و، هەربەم بۆنەیەوە حەشیمەتی نێو هۆڵی میوانخانەکە لە جارن زیاترە. هێندێ جووتیاری دیکە روو لەوێ دەکەن کە تا بە ئێستا قەشە ئەوانی نەدیوە. هەموویان لەسەر پەیکەرێکی نالەبارو خوارو خێچ دارژاون و سەروپۆتڵاکێکی گێلۆکەو بێ ئاوزانەیان هەیە. بەهۆی نەخۆشی و ناسازگارییەکانی کەش و هەوای ناوچەکەیان سەروسەتکێکی دزێویان هەیە کە ماندوویی و ناڵە باری ژیان، گۆرانی لە سەر و بیچمیاندا دروست کردووە. حاڵەتی کەسێکی خەیانەت دیتوویان هەیە کە قەت مەتمانە بە کەس ناکەن. کوڕە لاوەکانیش سەروبیچمێکی قۆشمەو وەحشییانەیان هەیە. لە ماوەیەکی کورتدا ئەو حەشیمەتە دەگاتە سی کەس کەهەموویان لەسەر عەرزی دانیشتوون و پاڵیان بە یەکەوە داوە. بۆگەنێکی تێکەڵ بە پەین و بۆ چرووکی میزی بزن و عارەقەی بن هەنگەڵ و بۆنی جلە چڵکنەکانی دانیشتوەکان ژوورەکەی داگرتووە کە بە ئاستەم پیاو هەناسەی بۆ هەڵدەکێشرێ. مامۆستا لە بوونی قەشەیەکی بێگانەدا خۆی لەڕادەبەدەر پڕ هەست و شەوق و قسەزان پیشان دەدات. بە گوێگرەکانی رادەگەیەنێ کە دەبێ بە تەواوی وردببنەوەو ئەگەر سەبارەت بە وشە سەخت و گرانەکان پێویستییان بە ڕوون کردنەوە هەبوو، خۆنەبوێرن و بێ غەم بن. پاشان دەست دەکا بەخوێندنەوەی (هەواڵەکانی ڕۆم)و ئاوا دەست پێ دەکات:

- (پێشەوایەکمان هەیە کە گشت گەلانی سەرگۆی زەوی ئیرەیی بە ئێمە دەبەن و هەر خوا دەزانێ کە ئامادەن چەندە پارە بدەن تا ئەو ببێ بەپێشەوای وڵاتەکەیان)

ماگاشیا دەپەڕێتە نێو قسەکانی خوێنەر. ئەو زەوقی دەرك كردنی مەبەستە گشتییەکانی نییەو حەز دەکا ئەوە بزانێ کە وڵاتەکانی دیکە تا چ بڕێك ئامادە دەبن پێشەوای ئێمە بکڕنەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مامۆستا بۆی روون دەکاتەوە کە ئەمە تەنیا شێوەیەکە بۆ دەربڕینی مەبەستە گشتییەکان بەڵام ماگاشیا دەست هەڵناگرێ و بە دەنگی بەرز هاوار دەکا:

- شێوەی دەربڕینی مەبەستە گشتییەکان چ مانایەك دەداتەوە؟ گەلانی دیکە دەیانەوێ پارە بدەن یان نا؟ وئەگەر بەراستی ئامادەن پارە بدەن تا چەندی دەدەن و کامیان پارەی زیاتر پێشنیار دەکا؟

مامۆستا دەڵێ کە ئەمە لەخۆیدا شێوازێکە بۆ دەربڕینی مەبەست.

ماگاشیا لە وڵامدا دەڵێ:

- کەوابوو ئەمە راست نییە کە دەیانەوێ ئەومان لێ بکڕنەوە. ئێستا کە نایانەوێ، بۆچی لەرۆژنامەدا بەدرۆ نووسیویانە کە بەئاواتەوەن لێمان بکڕنەوە؟

شەتاپ دەپرسێ:

- دەی! ئەوانەی کە بەتەمان ئەو بکڕنەوە ئایا پارەکەیان لەسەر یەک دەدەن یان بەقەرز؟

مامۆستا چاوی دەردەپەڕێ و بەچاوێکی زەق هەڵگەڕاوەوە سەیرێکی قەشە دەکاو هەناسەیەك هەڵدەکێشێ. وەك ئەوەی بەتەمابێ پێی رابگەیەنێ کە: (ئێستا تێگەیشتی کە دەبێ پیاو لەگەڵ چ ورچ و بەرازێکدا بچێتە نێو جەواڵێکەوە!)

هەواڵی دووهەمی رۆژنامەکە سەبارەت بەجوتیارانە.

ماستێر ئانجێلۆ دەپرسێ:

- ئەی جووتێران چ قووماشێکن؟

مامۆستا وەڵام دەداتەوە:

- جوتێران بەئێوە دەڵێن(کافوون) تا بەئێستا چەند جاران سەری ئەم باسەم بۆ کردوونەتەوە.

ودیسان دەخوێنێتەوە:

- (شۆڕشی جوتێری گشت مەبەستەکانی خۆی پێکاوە و بە ئامانجەکانی خۆی گێشتووە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەتاپ وەنێو قسەکەی دەکەوێ و دەپرسێ:

- جووتێران ئێمەین؟ وەمەبەست لە شۆڕشی جوتێری ئەو شۆڕشەیە کە ئێمە کردوومانە؟

مامۆستا دەڵێ:

- بەڵێ، بێگوومان وایە.

شەتاپ دەپرسێ:

- ئێمە چ شۆڕشێکمان کردووە؟

مامۆستا وەڵام دەداتەوە:

- دەبێ ئەم وشەیە بەمەبەستی واتایی(معنوی)وەریگرن.

ماگاشیا قەناعەت ناکا و دەڵێ:

- دەوڵەت ئەم پەڕە کاغزەی بۆ ئێمە ناردووە. لەودا نووسراوە کە جووتێران واتە بە دەردی خانزادە خانم کە دەفەرموێ (کافوونەکان) شۆڕشیان کردووەو ئەم شۆڕشەش گشت مەبەستەکانی خۆی پێکاوە و بە ئامانجەکانی خۆی گێشتووە. دەمەوێ تێم بگەیەنێ کە ئێمە بە چ ئامانجێك گێشتووین؟

مامۆستا وەڵام دەداتەوە:

- ئامانجە واتاییەکان.

ماستێرئانجێلۆ دەپرسێ:

- ئامانجی واتایی کامانەن؟

مامۆستا وەپتەپت دەکەوێ و هێندێ شت دێنێتە گۆڕێ کە کەس لێی تێناگات. سەر ئەنجام بروسکەیەکی داهێنان لەمێشکی دا دەتەقێتەوەو دەڵێ:

- شۆڕشی جوتێری نیشتمانەکەمانی لە چنگ مەترسی کۆمونیستەکان رزگار کردووە. بەڵام ئەم مەترسییە هێشتا بە تەواوی خاشەبڕ نەبووە و حوکومەتیش هەروا وشیارە.

فرانچێسکۆگراچیا دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- کۆمۆنیستەکان کێن؟

مامۆستا پشوویەکی دێتەوەبەر. ئیتر پێویست ناکات زۆر بیری لێ بکاتەوە ، چوونکوو هەمووی لەبەرەو باش دەزانێ کەدەبێ چی بڵێ:

- کۆمۆنیستەکان ئەو بەدکارانەن کە شەوانە لە ئاوەڕۆکانی شاردا لە دەوری یەک کۆدەبنەوە. بۆ ئەوەی پیاو بتوانێ ببێ بە کۆمۆنیست دەبێ شەق لە خاچ هەڵبدات و تفی لێبکاو دەبێ بڕیار بدات کە لە رۆژانی هەینیدا گۆشت بخوا.

مامۆستا هێندێ بابەتی دیکەش لە بەرنامەی کاری کۆمۆنیستەکان بەروون کردنەوەکانیەوە زیا دەکا کە دەبێتە مایەی ترسی ماتالێنا و کافوونە بەساڵداچووەکان بەڵام لە رواڵەتی حاڵی ئەوانەی دیکەدا وادەردەکەوێ کە بڕوا بەو قسانە ناکەن.

مامۆستا دەرێژەی پێدەدا:

- لە وەرزی دروێنەکردندا کۆمۆنیستەکان دەرژێنە نێو مەزراکان تا خەرمانی خەڵکی بسووتێنن. (پاسکاندێرەئا)ئەم بابەتە پشتراست دەکاتەوە و دەڵێ کە لەم دواییانەدا لە فۆچینۆ ژاندارمێکی زۆری دیتووە، پرسیاری لێ کردوون: (ئێوە بەم هەموو نەفەرەوە لەمەزرادا لە چی دەگەڕێن؟)و ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە: (کۆمۆنیستەکان شەوانە لەدەوری ئاوایی دەگەڕین و بەتەمان ئاگر لەخەرمانی گەنمەکان بەردەن.) دیسان مامۆستا روون کردنەوەیەکی زیاتریان دەداتێ وشێوەی دەربڕینەکەشی لەرووی لاسایی کردنەوەی کتێبە رەسمییەکانە کە سانسۆرکراون وبۆ خوێندنەوەی قووتابییەکان ئامادە کراوە. فرانچێسکۆگراچیا هەڵدەستێ و دەڵێ:

- من لەسەر ئەو باوەڕە نیم.

و کڵاوەکەی لەسەر دەکاو دەچێتە دەر. دۆن پائۆلۆش بۆ چەن دساتێ دەچێتە دەرەوەو بەبزەیەکەوە لێی دەپرسێ:

- هەڤاڵ، خۆ دەتوانی لەلای من باس کەی کە لەگەڵ چ شتێك دانیت.

گراچیا بە سرتە دەڵێ:

- بۆیە ئەو قسەیەم کرد لەبەر ئەوەی قەڵسەی لێ بگێرم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و لەراستیدا بەبۆچوونی ئەو تەحەمول ناکرێ کە ئافرەتێك دەرس بە پیاوەکان بڵێتەوە. جاری جاران، لە پەرستگەو ناوچە قەشە نشینەکاندا ئەلف وبیتکەیان فێری خەڵك دەکرد. پاشان مامۆستای پیاو پەیدا بوون و قووتابخانەیان دامەزراند. ئەودەم دۆخەکە زۆر باش بوو بەڵام ئێستا بۆ خوێندنی مناڵەکان لە هەموو شوێنێ کەڵك لە مامۆستای ژن وەردەگرن و ئەمەش خراپ نییە. بەڵام دەرس کوتنەوەی ئافرەت بە پیاوەکان...

گراچیا دەڵێ:

- ئەگەر بە پێچەوانەی ساڵان، قەرار بێ ئافرەتەکان پیاوەکان فێری مناڵ دروست کردن بکەن ئەو دەم مناڵەکانمان بە خواروخێچی لەدایك دەبن.

دۆن پائۆلۆ دەگەڕێتەوە هۆڵی میوانخانەکە.

باندووچیا دەپرسێ:

- سەبارەت بە بازاڕ چ نەنووسراوە؟ ئاخر لە بەرچی ئەم مالیاتی لەسەرلانی زۆری نرخیەیان دیاری کردووە؟

بەڵام مامۆستا بەوپەڕی بێوازییەوە جووڵەیەك بەخۆی دەدا، وەك ئەوەی دەیەوێ بڵێ:

(خۆ خەریك کردن بەم قۆریاتانەوە شایانی رۆژمامەیەك نییە کە لە پایتەختەوە دێ)

مامۆستا پاش خوێندنەوەی هەواڵەکان، لەسەر یەک گرتنی وڵاتانی پرۆتێستان بەدژی ئیتالیا قەسەیان بۆ دەکا.

لۆڤیجی باندوچیا دەپرسێ:

- وڵاتە پرۆتێستانەکان کامەنەن؟

شەتاپ بەر لەمامۆستا وەڵام دەداتەوە:

- وڵاتە پرۆتێستانەکان وڵاتانێکی دەوڵەمەندن. وڵاتانێکن کەرۆحی خۆیان فرۆشتووە. ئەوانە لەم دوونیایەدا خاوەن سەروەت وسامانن و زۆر بەختەوەرن، بەڵام لەو دوونیای دیکە دەچنە نێو جەهەندەم.

روون کردنەوەکانی شەتاپ گۆێگرەکان رازی ناکا، بەم بۆنەیەوە بە تووڕەییەوە دەنگ بەرز دەکەنەوە کە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- میستیر(چارلێزلتییەل بێل ڕێژی فرۆش- سەهۆڵ چی) چووەتە سەردینی پرۆتێستان و خۆی کرد بە پیاو!

کۆمەڵێ لە ئامادەبووان دەپرسن:

- ئەگەر ئەم وڵاتە پرۆتێستانیانە دەوڵەمەندن ئەی لەبەرچی (پرۆتێست)(1) دەکەن؟

مامۆستا سەربردەی(لۆتێر)(2) یان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

لۆتێر قەشەیەك بوو کە هەر وەکوو مەسیحییەکانی دیکە سوێندی خواردبوو کە هەمیشە هەژار بمێنێتەوە و پاك داوێن بێت و لە ئاست بڕیارەکانی خوادا پێمل بێت. ڕۆژێکیان لەگەڵ ئافرەتێکی تۆبەکاردا ئاشنا دەبێ و بەتەواوی ئەوین گیری دەبێ. هەر بەم بۆنەیەوە داوای لەپاپا خواست کە ڕێگەی بدات کە زەماوەند لەگەڵدا ئەو ئافرەتەدا بکا، بەڵام پاپا ئەو داوایەی ڕەت کردەوە. ئەوجار لۆتێر دەستی کرد بەرەخنە گرتن. گشت ئەو قەشانەی کە تاسەر وەفادار بە بڕیارو پەیمانی پاك داوێنی نەمانەوە وەدوای ئەو کەوتن و بەم جوورە (پرۆتێستانیم) پەیدا بوو.

مامۆستا لە خۆیەوە هیچی بەم چیرۆکە زیاد نەکردووە. دۆن پائۆلۆ وەبیری دێتەوە کە کاتێ هێشتا منداڵ بووە یەکێ لە پوورەکانی هەربەم شێوازە تاریفی ڕێبازی پرۆتێستانیزمی بۆ کردووە. لە زۆربەی ئاواییەکانی ناوچەی ئابروتێزە وشەی پرۆتێستان وەك جنێوێکە کە لە باری ماناوە شتێکە لە نێوان(لاتی بێ کەس و کار) و (توورك).کەسێك کە ڕێزی باوکی نەگرێ (لاتە) ئەو کەسەی لەگەڵ خوشکیدا زینای کردبێ (پرۆتێستانە)، بەڵام ئەوکەسەی کە زینای لەگەڵ دایکی دا کردبێ (توورکە)(3)

مامۆستا لە کۆتایی وتارەکەیدا ئەم بابەتەش دەخوێنێتەوە:

- یەکیەتی وڵاتە پرۆستانییەکان بەدژی ئیتالیا، لەژێر ڕێبەرایەتی ئینگلیز دایە.

ئەم ڕاگەیاندراوە مەترسی هێنەرە شەتاپ نیگەران دەکا. تا بەو ڕادەیەی کە دەڵێ:

---

(1) **پرۆتیست بەمانای ڕەخنە گرتنە**

(2) **لۆتێر قەشەی ئاڵمانی(1483-1546)دامەزرێنەری تەریقەتی پرۆتێستانیزمە.**

(3) **ئەم بەشەی ڕۆمانەکە نیشانەی بێزاری ورقی ئۆرپاییەکان لەحاست توورکەکان پیشان دەدات.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- شاژن ڤیکتۆریا دەوڵەمەندە و زۆریش دەوڵەمەندە. ئەگەر ئەو بەدژی ئێمە راپەڕێ مەگەر هەر خوا لە فریامان کەوێ.

مامۆستا لە بەر ئەوەیکە درەنگی لێ بەسەر هاتووە وەدوای کاروباری خۆی دەکەوێ.

لەهۆڵی میوانخانەکەدا دۆن پائۆلۆ دەمێنێتەوە و کۆمەڵێک دێهاتی، کە باسی شاژنەکان دەکەن. ئەمانە زۆربەی شاژنەکان ناناسن، بەڵام ئاگادارییەکی باشیان هەیە لەسەر ژیان و سەربردەی ئەو شاژنانەی کە دەیناسن. یەکێ لەوانە شاژن(ژان)ە (1)کەماشقەکەی گایەك بوو. ئەوەی دیکەیان شاژن (سێمیرامیس)ە (2) کە وەسڵەتەکەی مەرگی بەدواوە بووە. ئەوەی دیکە شاژن(کریستییەن)ە (3) کە سامانەکەی بە سەر هەژاراندا دابەش کردبوو. ئەوەی دیکەش شاژن (تاییتۆ) (4)خێزانی(مێنەلیچك)ە وسەرئەنجام مەلەکە ڤیکتۆریایە کە دەوڵەمەندترین شاژنی جیهانە و چەند کەسی دیکەش.ئەم شاژنانە تا ئەو رادەیە لە زەینی ئەواندا زیندوون کە لە باری زەمانەوە مەودای نێوان ساڵەکانیان لێ تێکەڵ دەبێت و کاربەو جێیە دەگا کە جووتیارەکان چیرۆکی چەندانە شەڕی گەورە دەگێڕنەوە کە بە گوتەی ئەون لە نێوان ئەم شاژنانەدا روویانداوە.

شەتاپ دەڵێ:

- ئەو شتەی کە هەموودەمێ بووەتە هۆی بێچارەیی ئەم نەتەوەیە، ئیحساساتە. بۆ نەتەوەیەك زەماوەند کردن لەگەڵ شاژنەیەکی دەوڵەمەندا بەمانای دابەزینی ماڵیاتە.

---

**[1] شاژن ژان ناسراو بە دێوانە، مەلەکەی کاستیلە لە 1504تا1555 وە، وهاوسەری فلیپی جوانە کەپاشای فەرانسە بووە.**

**[2] سێمیرامیس شاژنی جوان و ئەفسانەیی ئاشوورو بابلە کە بینای شاری بابل و باغەکانی ئەوێی ساز کردووە.**

**[3] شاژن کریستێن کچی گوستاڤ ئادۆلف پاشای سۆئێدە ی 1626-1689 کە لە ساڵی 1654 پاش ئەوەی بەرەو دیانەتی کاتۆلیک هەڵکشا دەستی لەپاشایەتی کێشایەوە. ئەم مەلەکەیە پشت گری لە دیکارت کرد و لەپاریس دا ئەو پیاوەی کە عاشقی بوو و ناوی مۆنالدشی بوو کوشت. سەر ئەنجام چوو بۆ رۆم و هەرلەوێش مرد.**

**[4] شاژن تایتۆ خێزانی مێنلیکسی دووهەم ئیمپراتۆری حەبەشەیە کە مێردەکەی لەشکەری ئیتالیای لەساڵی 1896 دا لە (ئادێوا)دا تێک شکاندو ئەمانی ناچار کرد کەدان بەسەربەخۆیی حەبەشەدا بێنن.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەبەرچی پاشای ئێمە خوازیاری زەماوەند کردن لەگەڵ کچە شوانێکی(موونتە نگۆریی)بووە؟ هەر لەبەر ئیحساسات! دوونیا پان و فەراوانەو ئەگەر تییەدا بگەرەی ئەو هەموو ژنە دەوڵەمەندەی تیا دەبینییەوە! ئەو دەیتوانی لەگەڵ ئافرەتێکی ئامریکایی یان فەرەنسەییدا زەماوەند بکا. دیارە نابێ پیاو لەحەق دەربچێ کە ئافرەتە فەرانسەییەکان هەرزە و سەربە هەوان بەڵام خۆ پاشا ئەو مافەی هەیە خێزانی لە کۆشکێکدا ڕابگرێ و بەدەوری کۆشکەکەشدا هەمیشە پەڵێ چەکدار کەکێشك بگرن و فەرمانیان پێبدا کە هەر کوڕێك ویستی خۆی لەو کۆشکە نێزیك بکاتەوە تەقەی لێ بکەن. بەداخەوە خۆ دڵ ناچێتە ژێر باری حوکمی بڕیارەوە، ئەمە کاری دڵە کە پاشا ویستوویەتی لەگەڵ کچە هەژارێکدا زەماوەند بکا.

ماتالێنا دەڵێ:

- زەماوەند بابەتێکی تایبەتیانیە.

ماگاشیا دەڵێ:

- بەڵام لە هەموو کاتێکا دووکەڵەکەی دەچاوی ئێمە دەچێ، چوونکە ئەوە ئێمەین کە دەبێ ماڵیات بدەین. کاتێ بیستم کە شازادەی ئێمە بەتەمایە لەگەڵ کچە(بلژیکی)یەکدا مەسڵەت بکا چوومە پۆستخانەی فووسا و لە بەرپرسی نووسینگەی پۆستم پرسی: (ئەم بلژیکە کە بەتەمایە لەگەڵ ئێمەدا خزمایەتی بکا شوێنێکی گەورەیە؟)و ئەو وەڵامی دامەوە: (نا، وڵاتێکی چکۆلەیە.) ئەوجار پرسیم: (باشە، خۆ لانی کەم دەوڵەمەندە؟)و ئەو لە وەڵام دا وتی: (وڵاتێکی دەوڵەمەند بووە بەڵام ئاڵمانییەکان تاڵانیان کردوون) خۆ دەبینن کە هەمیشە ئیحساسات لەگۆڕێدایە. ئاخر بۆ دەبێ لەگەڵ وڵاتێکی بەتاڵانچوودا مەسڵەت بکەین؟ ئەو هەمووە وڵاتە دەوڵەمەندانە هەن، ئامریکا هەیە، فەرانسە هەیە. ڕاستە ئافرەتە فەرانسەییەکان سووك و سەربە هەوان بەڵام ئەگەر شازادەیەك پێی خۆش بێ دەتوانێ لە کۆشکەکەیدا بی بەستێتەوەو لە دەوران دەوری کۆشکەکەش تفەنگ چی دابنێ و فەرمانیان پێ بدات کە هەرکەسێ ویستی نێزیك بێتەوە تەقەی لێ بکەن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر ئێستا برای ئایینی،(ئانتی فۆنا) بە سەرو روویەکی تەپووتۆزاوییەوە بۆ بن پشکنین دێتە ژووری هۆڵی میوانخانەکە. توورەکەیەکی بەتاڵی کۆڵەوەیە.

دۆن پائۆلۆ لێی دەپرسێ:

- وادیارە خێرێکی زۆرت کۆ نەکردوەتەوە؟

قەشەی(کەبووشی) لە وەڵامدا دەڵێ:

- تەنانەت قەرەبووی پرووکانی کەوشە دارینەکانم ناکا.

قەشەی کەبووشی لەبەر دەرگا هەروا بەسەرپێییەوە راوەستاوە. جووتە کەوشێکی دارینەو کۆنی لەپێدایە ولاقەکانی لەبەر قەڵشتان هەڵمساون و ڕەش هەڵگەڕاون. ماتالێنا بۆ خواردنەوەی پەرداخێ شەراب خولْقی دەکا بێتە پێشەوە، بەڵام ئەو لە خواردنەوە خۆ دەبوێرێ. دیارە لە بوونی قەشەیەکی دیکەدا شەرم دای دەگرێ و نازانێ کە دەبێ بمێنێتەوە یان بڕوات. پێش نوێژەکانی قەشەنشینەکان لەمەڕ نیزیکانەتی تایبەت و لە ڕادەبەدەری ئەو لە گەڵ کافوونەکاندا لای قەشە باسیان کردووە. ماتالێنا دەڵێ:

- بخۆوە، شەرم مەکە، بخۆوە!

بەڵام بەم زۆری لێ کردنە پتر شەرم دای دەگرێ بەچەشنێ کە دەڵێ:

- هەرکەسەی بەشێوەیەك بەندەیی خوا دەکا: یەکێك بەقسە، یەکێ بە بەخشین و، یەکی دیکەش بە تەقەدووس، بەشی منیش ئەوەبووە کە بەجادەکاندا وێڵ و سەرگەردان بم. باوە مەلای گەورەمان پێم دەڵێ کە من "کەر"ی خوام.

دۆن پائۆلۆ زەردەخەنەیەك لێدەداو ئەوجار قەشەی کەبووشی ورەیەك وەبەرخۆی دەدات کە سەرهەڵبێنێتەوەو بە نیگایەك هەر وەك نیگای سەپانێکی مل کەچ، سەیری ئەو بکات.

قەشە دەپرسێ:

- لەبەرچی خەڵکی خێر کەم دەدەن؟ چما دین وئیمانی خەڵک لە کەمی داوە؟

برای ئایینی ئانتی فۆنا دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئێستا لە دەشتێدا (بێمە) دامەزراوە. کاتێ وەك خێر بۆ سێن فرانسوا داوای شتێك دەکەم کە بەم بۆنەوە بەرهەمەکانیان لە بەڵای تەرزە بپارێزێ، لە وەڵامدا بە من دەڵێن: بەرهەمی ئەو ساڵمان بیمە کراوە. پێیان دەڵێم هەرگاوایە سێن فرانسوا بەرهەمەکانتان لە سووتان و قڕبوون دەپارێزێ. لە وەڵام دا دەڵێن: کە لەبەرامبەر سووتمانیشدا بیمە کراوە. ئەوجار لەخۆم دەپرسم ئەدی باشە سەرەڕای ئەم هەمووە بیمەیە لەبەرچی دیسان هەمیشە نیگەرانن؟ لەچی دەترسێن؟

ماتالێنا دەڵێ:

- هەژاران هەمیشە بەترسەوە دەژین. یەکێ ماڵێکی بینا کردووە و بوومەلەرزە دەست پێدەکا. یەکێ ساغەو نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە. یەکێ پارچە زەوییەکی هەیەو ناچار دەکرێ کە بی فرۆشێ.

ماستێرئانجێلۆ دەڵێ:

- ساڵی ساڵان هەر پیشەیەك سەر بە پیاوچاکێك بوو. بۆ نموونە پینەچییەکان(سێن کریپێن)یان هەبوو، بەرگ درووەکان(سێن ئۆمۆبۆنۆ)یان هەبوو و دارتاشەکانیش(سێن ژۆزێف)یان هەبوو. ئێستا هەر پیشەیەك سەندیکایەکی تایبەت بەخۆی هەیەو کەچی بەم جۆرەش باشتر لەجاران ناپارێزرێن و هەر بۆیە نیگەرانییەکان کەم تاکورتێ هەروا ماونەتەوە.

برای ئایینی ئانتی فۆنا دەڵێ:

- باوکی منیش جووتیارێ بوو کە لە سووتمان دا سووتا. برایەکم بە تاوانی پیاوکوژی لە گرتووخانەیەو براکەی دیکەشم لە (برازیل)دا وەك سەگی پێ سوواو دەخولێتەوە.

ماستێرئانجێلۆ دەڵێ:

- ژیانی پەرستگەکان باشترە.

قەشەی کەبووشی لەوەڵامدا دەڵێ:

- زۆر باشیش نییە بەڵام پیاو ژیانی دابین دەبێ. مرۆڤ لەوێدا کەس و کاری نییە بەڵام ترسیشی نییە. لەوانەش دەرچین هومێدیش هەیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- چ هومێدێك؟

برای ئایینی ئاسمانی پێ نیشان دەدا.

ماستێرئانجێلۆ وەڵام دەداتەوە:

- ئەم رێگایە بۆ هەموو کەس ناشێ. خۆناکرێ هەر هەموومان ببین بە قەشە.

برای ئایینی ئانتی فۆنا دەڵێ:

- شەیتانی مڵکداری، خەڵکی بەرەو لای خۆی رادەکێشێ. باوکی من بەتەمابوو رەزەکەی پشت گۆڕستانی ئاوایی بکڕێ بەڵام هەر لەبەر سەودای ئەو رەزە مێوە رێی کەوتە بەندیخانە. برای دووهەمیشم هەر بۆ ئەم مەبەستە پەڕیوەی برازیل بوو کە بە پارەیەکی قەبە بگەڕێتەوەو ئەو رەزە بۆ خۆی بکڕێ بەڵام لەوێندەر نانێکی نەمرنەژیشی دەست ناکەوێ. لەم بەینەدا رەزەکەش هەروا دەست بە دەست دەگەڕێ و بە هەر سێ چوارساڵ جارێك خاوەن دەگۆڕێ. سەیر کەن تا بە ئێستا چەند کەسی تووشی غەزەبی شەیتان کردووە.

قەشەی کەبووشی لەروون کردنەوەی قسەکانیدا دەڵێ کەئەم رەزەش هەروەك هەموو رەزەکانی دیکە بێ کەراماتە. تەنیا قسە لەسەر ئەوەیە کە رۆژێ لە رۆژان خودانی هەبووە. ئێستاش هەر کاتێ بە نیازی کۆکردنەوەی خێران رێم لەو لایە دەکەوێ بێ ئیختیارو بێ ئەوەی لەدەست خومدا بێ هێمای خاچ دەکێشێتەوە. لە لایەکی رەزەکەوە سێ دانە دارگێلاس وەبەر چاو دەکەون کە یەکیان بەری گێلاسی گرتووە. دوو دانە دار هەنجیر، دارێکی پستەو دوو دارگوێزیشی لێیە. رەزەکە بۆ خۆی دوو سێ کەرتە ترێی خەلیلی و چوار پێنج کەرتە ترێی یۆنانی(مالوازی) پێوەیەو پاشماوەکەشی ترێ رەشەیەکە بەناوی(زینگارلا) کە لەگەڵ ترێ سپی ئاساییدا تێکەڵاوە، بە قسەیەکی تر رەزێکە هەروەك هەموو رەزە ترێکانی دیکە و بەم تاریفانەوە!...

قەشەی کەبووشی بەنەهێنی و سرتەوە بە دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- کاتێ پیاو مل دەدا بە ژیانی مەلایەتی و پشت لە دونیا دەکا رەنگە مافی خۆی بێ کە لە دیاری خۆیدا ئاوارە بێ. کاتێ ئاو هەر ئەو ئاوەبە و بەرد هەر ئەو بەردەبەیە و تفاق هەر ئەو تفاقە بێ وگیا هەر ئەو گیایە بێ و تەپ و تۆزی رێگاکان هەمیشە هەر هی ئەو وڵاتە بن کە مرۆڤ لەوێدا لەدایك بووە، هەر ناوی خۆ گۆڕین بەس نییە، رەنگە وا باشتر بێ پیاو سەری خۆی هەڵبگرێ و لەو وڵاتە بڕوا.

قەشە بەهێواشی لەکن برای ئابینیدا دان بەوەدا دێنێ کە:

- من بەرێگایەکی گەلێ دووردا رۆشتم بەڵام سەر لەنوێ گەڕامەوە.

- رەنگە باشتر وا بێ کە پیاو بچێ بۆ شوێنێ کە رێگای گەڕانەوەی نەبێ.

و برای ئابینی ئانتی فۆنا ئەم قسەیەی بەراوێژێکی هێندە کاریگەرانە دەردەبڕێ کە دۆن پائۆلۆ حەز دەکا یەک بەخۆی رایمووسێ بەڵام زۆر بە دژواری پێش بە خۆی دەگرێ. تەنیا ئەم وشانە لە زاریەوە دێنەدەر:

- ئەی بەقووربان، پیرە پیاوی خۆشەویست!

پاشان دۆن پائۆلۆ پەرداخێ شەرابی فەرموو دەکاو قەشە ئەوجار شەرابەکەی لێ وەردەگرێ. بە هێواشی شەرابەکەی هەڵداوێ و بە پشتە دەستە قڵشاوەکانیەوە زاری خاوێن دەکاتەوەو بە ماتالێنا دەڵێ:

- ئەمە دەبێ شەرابی فووسابێ.

بەڕێوە بەری میوانخانە کە قسەکەی پشت راست دەکاتەوە:

- ئافەرین! راستە، شەرابی فووسایە.

برای ئابینی ئەمەش بەقسەکەی خۆی زیاد دەکا:

- و دەبێ لە رەزەکانی نێو رێگای کەنار ،لای سەرووی گانگای پۆزۆلان بێ.

ماستێرئانجێلۆ وەقسە دێت و دەڵێ:

- کەوابوو بە بۆچوونی تۆ پیاو نابێ کاربکا؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بۆچی نا، ئەو کاتانەی منیش بە جادەکان دا ناسوورێمەوە ئیش دەکەم. لەپشت پەرستگەکەمانەوە مەزرایەکی گەورەی لێیە کە برائایینیەکان دەیکێڵن. لەوێ ژیان باش نییە بەڵام پیاو دابین دەکرێ.

ماتالێنا حەز دەکا لە زمانی قەشەی ببیستێ کە ئایا ئەگەری هەستانەوەی گەردەلوولێکی گەورە وەك گەردەلوولی ئەم جارە لە گۆرێدا هەیە یان نا، و دەڵێ:

- مێردەکەم عەمری خوای کردووە. ئەگەر لافاوێکی دیکە خانووەکەم ببا چ کەسێك سەرلەنوێ بۆم ساز دەکاتەوە؟

برای ئایینی دەڵێ:

- زۆر رۆژی رەشتر لەمەش دەبینین.

سەرو رووی گرژ دەبێ و ئیتر دەنگی لێوە نایە. چۆن دەشێ برایەکی ئایینی کە هێشتا بە پلەی ئیجتهاد نەگێشتووە و بە سەروروویەکی نالەبارەوە غیرەت وەبەرخۆی دەدا کە لە حوزووری قەشەیەکدا قسە لە غەیب بکا؟ ماتالێنا نیشانی خاچ دەکێشێتەوەو بە دڵە خووریەوە دووپاتی دەکاتەوە:

- زۆر رۆژی رەشتر لەمەش دەبینیین!

دۆن پائۆلۆ بەراوێژێکی دۆستانەو بۆ هان دانی برای ئایینی لێی دەپرسێ:

- زۆر باشە، چی دەبینین؟

قەشەی کەبووشی بەبێ ئەوەی لە وورەی دابێ ك ەسەیری قەشە بکا دەگێرێتەوە:

شەوێکیان، لەو کاتەیدا کە لە حوجرەکەمدا خەریکی نوێژ کردن بوم لە ئاسۆگی حاست شاری رۆمایەوە کە قەترانی رەش بوو، تاپۆیەکی سوورم دی وەك شەیتانێکی سوور دەچوو کە لەپشت هەورەکانەوە بۆسەی گرتبوو.

برای ئایینی ئانتی فۆنا داوای مەرەخەس بوون دەکا، چوونکە دەبێ ماڵ بەماڵ بگەرێ و خێران کۆ بکاتەوە و، بە هیوایە لانی کەم لە ماڵی کولامارتینییەکاندا شتێکی دەست کەوێ و بە دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- خوا حافیز، ئەگەر لێرە یەکترمان نەدیتەوە لەو سەرووانە بە یەک شاد دەبینەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەشە دەپرسێ:

- ئەو سەروانە کوێیە؟ سەر شاخی؟

برای ئایینی دەڵێ:

- مەبەستم لەو دوونیای دیکەیە.

دۆن پائۆلۆ ئەم قەرارو ژوانگەیەی لەدڵان شیرین دەبێ.

□

نیکۆلا چیکاڤۆ وەك نوێنەرو جێمەتمانەی جووتیارە کرێ گرتەکانی پیتراسکا بۆ فووسا بانگ کراوە تا لە کۆبوونەوەی کۆڕی سەندیکای حوکوومی جوتێراندا بەشداری بکات.

دۆن پائۆلۆ هەر کە ئاگاداری گەڕانەوەی دەبێ بەپەلە دەچێتە لای. ئەو دادەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە بەرگی قەشایەتی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە کە بێ ترس و دڵەراوکێ لەگەڵ فلانەو فیسارە جووتیاردا ئازادانە سەری قسە بکاتەوە و بەم جوورە باری وشیاری جەماوەر هەڵسەنگێنێ سەبارەت بە زوڵم و زۆر و پیلانەکانی رێژیم. هەروەها هەر بەم هۆیە دەتوانی هانیان بدات بۆ بەرهەڵستکاری بەرەو رووبوونەوە دژ بە پلانەکانی رێژیم. ماڵی چیکاڤۆ یەکێ لە بەرزترین خانووەکانی ئاواییە و لە بناری دەراوەکەدا هەڵکەوتووە کە ئاوایی پیتراسکای لێ ئاوەدان کراوە. قەشە پاش ئەوەی بە پیلیکانە بەردینەکانی نێو کۆلانەکەدا وەسەر دەکەوێ کە هەموویان لەق و تەقن، دەگاتە بەر درگای ماڵەکەی. ئەو هۆدەیەی کە قەشە لێی وەژوور دەکەوێ، هەم چێشتخانەیەو هەم ژووری نووستنی منالەکانیشە و، ئەم ژوورە بەبێ ئەوەی چوارچێوەیەکی رێك و لەباری هەبێ لە شاخەکەی پشت ماڵەکەی تاشراوە. لەو حاڵەیدا کە قەشە وەژوور دەکەوێ کابرای دێهاتی لەگەڵ منالەکانی سەرقاڵی کایە کردنە و لاسایی دەنگی گاو بزن دەکاتەوە. خێزانی بەقەشە دەڵێ:

- ئەم زەلامە هەم گایەو هەم بزنە بەڵام وەك ئەوان شیر نادا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ دانیشتن قەشە بەرەو تاکە ئەسکەملەکەی نێو ماڵەکەیان فەرموو دەکا. لەلای سەرووی قەرەوێڵەکەیان، نێزێك خاچی عیسا، وێنەی سەرۆکی دەوڵەت بە دیوارەوە هەڵواسراوە کە خەریکی وتار خوێندنەوەیە بۆ جەماوەر و هەردوو باسکی بەرەو پێشەوە راداشتووە. بە دیوارەکەوە وێنەیەکی گەورەی چیکاڤۆش دێتە بەر چاو لە بەرگی سەربازیدا و بە هەیبەتێک کە پیاو تووشی هەڵە دەکا، لە زەمینەی وێنەکەشدا چەند دانە تاق و ئافۆرەی رەنگی تێدایە. خێزانی چیکاڤۆ گورج خەریکی رێك و پێك کردنی ژوورەکە دەبێ، مەلافەیەکی خاوێن بەسەرقەرەوێڵەکەدا دەدات، زبڵ و خەوش و خۆڵەکان کۆ دەکاتەوە و لە قووژبنێکیان دەپەسێوێ. هاوکات کە خۆڵەمێش و رێژییە سووتاوەکان لەپەنای سۆبەکەدا لەسەریەک هەڵدەچنێ بەمێردەکەی دەڵێ:

- باسی ئەو کاتەی بۆ بگێڕەوە کە جەنابی فەرماندەر تۆقەی لەگەڵ دا کردی.

چیکاڤۆ بەراوێژێك کە نیشانەی خۆبەکەم گرتنێکی قەستییەو تایبەت بەو جووتیارانەیە کە تازە پێدەگەن و دەبنە مڵکدار، هەر ئەوەندە دەڵێ:

- بەڵێ، ئەوە نیشانەی لێ هاتووییە!

- خێزانی بەگێرە و پێ چەقاندنەوە دەڵێ:

- دەی، نیشانی شانازیەکەت بە مام قەشە پیشان بدە!

هەردوو پیاوەکان بەتەنیا دەمێننەوە. چیکاڤۆ بۆی دەگێڕێتەوە کە لەسەر بڕیاری حکوومەت لەمەبەدواوە یازدە هەزار کرێگرتەی دەشتی فۆچینۆ دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی مڵکداران. شازادە (تۆرنۆلیا) سەرۆکی ئەیالەتی ئەم ئەمجوومەنەیە و ئەم پیاوە کە ئاغا و میری یازدە هەزار سەپانی کرێگرتەیە، سروشتیە کە ببێتە نوێنەری سەندیکاکەیان. کاتێ کرێگرتەکان لەسەر بەرژەوەندی نێوان خۆیان و شازادە تۆرنۆلیادا کێشەیەکیان لێ پەیدا دەبێ هەرخودی تۆرنۆلیا لەباری یاساییەوە دەبێتە نوێنەریان بۆ چارەسەر کردنی کیشەکان و بەرز کردنەوەی داواکاری سەپانەکان بۆ دادگا.

پاشان چیکاڤۆ دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئەو وتەبێژەی کە ئەم دەسکەوتە گرینگەی بۆ ئێمە روون دەکردەوە دەیەویست بە زۆرەملی تێمان بگەیەنێ کە ئەمە لەخۆیدا شانازییەکی گەورەیە کە حکوومەت جووتیارە کرێگرتەکان دەهێنێتە ریزی خاوەن زەوییەکان و، لە درێژەی وتەکەیدا ووتی ئیتر لەنێوان ئەو دووچینەدا - کە یەك لە یەکی باشتر و ماقوڵ ترن- سەبارەت بە قازانج و بەرژەوەندی نێوانیان قەت ناکۆکی پەیدا نابێ و لەمەبەدواوە ئاشتی و دۆستی و تەبایی دەکەوێتە نێوانیان.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- باشە پرسیاریان لێ نەکردن کە داخوا ئێوە رازی دەبن یان نا؟

چیکاڤۆ لەوەڵام دا دەڵێ:

- بۆ! دەبێ پرسیار لە ئێمەش بکرێت؟ دیارە زۆر ئاشکرایە کە بەبێ ئەوەی کەسێك پرسیارمان لێ بکات هەرهەمووومان رازی دەبین. تەنانەت من لە کۆتایی کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا بە وتەبێژەکەم راگەیاند لەبەر ئەوەی من هەمیشە دڵنیام کە هەرشتێك لە ئەنجوومەنەکەدا دێتە بەرباس لە رووی مەنتقە و لەسەر خێرو بەرژەوەندی تاکە لایەنێک نییە و چوونکە منیش لە ماڵێ کارم زۆرە رێگەم بدەن لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بەشدار نەبم، بەڵام ئەو ئیجازەی پێنەدام و لەمنی پرسی: (تۆ لە چیڕا دەزانی کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا قسە لەسەرچی دەکەین؟) وڵامم دایەوە: (من بزانم؟ من وزانین؟ من کە کرێگرتەیەکی هەژارم؟) ئەو هەتیووە رووی لە جەماعەتەکە کرد و چاوێکی داگرت و لە منی پرسی: (ئەی چۆن دەتوانی هەر لە ئێستاوە رازی بێ؟) وڵامم دایەوە: (دیارە کە رازی دەبم. پێتان وایە کە من کێم؟ حەی حەی حەی هەر ئەوەم مابوو کە رازیش نەبم!) ئەگەرچی وتە بێژەکە زۆر بەباشی لە مەبەستی قسەکانم تێگەیشت، لەحوزووری پیاو ماقوولەکاندا شووتی وەبن هەنگڵم نا و بە دەنگی بەرز وتی: (هەربژی و هەی ئافەرین. تۆ بەراستی ئیتالیاییەکی بەشەرەفی و هەر بەم بۆنەیەوە نابێ پیاوێکی وەك تۆ تەنانەت لەیەك کۆبوونەوەشدا جێگای بەتاڵ بێ.) سەرئەنجام کابرای وتەبێژ پێشنیاری کرد زەنجیرەیەك تەلەگرافی پیرۆزبایی لە حکوومەت و، تەلەگرافێک بۆ شازادە تۆرنۆلیا و،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکیش بۆ پارێزگا و سەرئەنجام چەندانە تەلەگرافی دیکە بۆ پایە بەرزە جۆراو جۆرەکان کەمن ناوەکانیانم لە بیرچوونەتەوە، بنێرین. لەئێمەی پرسی: (ئێوە رازین لە سەر ناردنی ئەم بروسکەی پیرۆزباییانە ؟) وەڵام درایەوە: (ئەمە چ فەرمایشتێکە؟ هەر ئەوەمان مابوو کە رازی نەبین!) ئەوجار هێندێ حیساب و کتاب لەسەر پەڕەکاغزێك نووسی و لەکۆتاییدا وتی: (بۆ خەرجی تەلەگرافەکان دەبێ یەکی یەک لیرە و بیست (چێنتێزیمۆ) دابنێن.) ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان ویستیان بە بیانووی دەست بە ئاو گەیاندن لە نەکاو خۆیان قووتار بکن بەڵام وتەبێژەکە فەرمانی دا کە دەرگاکەیان بەسەردا ببەستن. ئەوەی راستی بێ من چەند لیرەم لەگریفاندا بوو. داهاتمەوەو لیرەکانم لە کەوشەکانمدا شاردنەوە، پاشان بە وتەبێژکەم وت: (بەداخەوە من فلسێکم پێ نییە.) بە فەرمانی ئەو گیرفانەکانم گەڕان بەڵام عەقڵی بڕی نەکرد کە بڵێ کەوشەکانم لەپێ داکەنن و بی گەڕێن، سەرەڕای ئەو هەموو قسە زلی و ئەم بگرەوبێنەیە ئاخرەکەی ئەوە من بووم کە ئەوم بەتەفرە برد...

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- ئێستا خۆ لێرە کەسی لێ نییە تا گوێی لە قسەکانمان بێ. ئایا هەر بەراستی ئەو بابەتانەی لە کۆبوونەوەکاندا دێنە بەر باس و بڕیاری لەسەر دەدەن، تۆ پێی رازیت؟

چیکاڤۆ قەڵس دەبێ و لە نەکاو دەنگی بەرز دەکاتەوەو دەڵێ:

- ئێوە مەبەستتان لەم هەموو وشەی(رازین، رازین،)ە چییە کە لێکدا لێکدا دووپاتی دەکەنەوە؟ ئێمە لەسەر چ بابەتێك دەدوێین؟ کاتێ هەوا خۆش و ساماڵ بێ و یان ب هێچەوانەوە بەفرو کرێوە بێ، ئایا دەکرێ پرسیار لە کەسێك بکەی: (کاکە ئێوە رازین؟) بارانەو دەبارێ، ئیدی تەواو. باران بارین راستییەکە کە روو دەدات. خۆ قسەنییە. حەقیقەتەکان پیاون وقسەکانیش ئافرەتن. هەزاردانە ئافرەت بە پیاوێك نابن.

دۆن پائۆلۆ خۆی پێراناگیرێ و دیسان دەپرسێتەوە:

- بەبۆچوونی تۆ نابێ چارەسەرییەک بدۆزینەوە تاخۆمان رزگار بکەین لەو بارو دۆخە نەگبەتەی کە ئەمرۆ تێیدا دەژین ؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەر ئەنجام چیکاڤۆ لە مەبەستی قەشە تێگەیشتووە .بۆ ساتێ بیری لێدەکاتەوەو پاشان دەپرسێ:

- ئەو رێگایانەی کە بەرەو هەندەران دەچن داخراون. چلۆن پیاو رزگاری دبێ؟

دۆن پائۆلۆش لە مەبەستەکەی دەگات و وەدوای کاری خۆی دەکەوێ.

□

رۆژنامەی دیواری(هەواڵەکانی رۆما) لەلایەن مامۆستای ئاواییەوە بە دەروازەی کلیسایەدا هەڵواسراوە. کەسێك کە رەنگە لاو بووبێ بە خەڵووز شتێکی بە بابەتی رۆژنامەکەوە زیاد کردووە و نووسیویەتی: (هەواڵە درۆکانی رۆما).

دۆن پائۆلۆ لە ماگاشیا دەپرسێ:

- تۆبڵێی لێرە کەسێکی واش پەیدا ببێ کە برِوای بەو دەنگوباسانە نەبێ کە لە رۆژنامەی(هەواڵەکانی رۆما)دا هاتوون؟ لەبەرچی؟

ماگاشیا لە وەڵامدا دەڵێ:

- لە هەموو شتێك دەرچین، ئەم رۆژنامەیە بەلاشە. کاتێ بۆ یەکەم جار رۆژنامەیان هێنا هیچ کامێکمان نەمانویست قەبووڵی بکەین، چوونکە پێمان وابوو کە دەبێ پارەی پێ بدەین. بەڵام مامۆستا دڵنیای کردینەوە کە بەپارە نییە. ئەودەم بیرمان لەوە دەکردەوە کە حەیفە بۆ ئەو هەمووە کاغزەی کە بەخۆرِایی خەساری دەکەن. بەڵام لەراستیدا ئەم حکوومەتەی کە ئێستا لە سەرکارە زۆری پشت پێوە نایەشێ. پیاو بۆ هەر شوێنێ دەچێ دەبینێ کە ئەو هەمووە کاغزە لەخەسار دەکرێ. لەوەش دەرچێ ئەوەی لەو رۆژنامەیەدا نووسراوە هەربۆ خۆشتان، مام قەشە، دوێنێ لە زمانی مامۆستاتان بیست و هەر جارەی کە مامۆستا ئەم هەواڵانەمان بۆ دەخوێنێتەوە بۆشمان دووپات دەکاتەوە کە نابێ وشەکانی لەبارەی ماناو مەبەستەوە بەراستی وەربگرین بەڵکوو دەبێ لایەنی مەبەستە گشنییەکان و باری واتاییەکەی دەرك بکەین.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەشە دەپرسێ:

- ئایا تا ئێستا قەت هەڵکەوتووە کە بێجگە لە رۆژنامەی(هەواڵەکانی رۆما) رۆژنامەیەکی دیکە لێرەدا بڵاو بکەنەوە؟ مەبەستم لەو رۆژنامە و بڵاڤۆکانەیە کە بە دژی حکوومەت شت دەنووسن.

ماگاشیا لەوەڵامدا دەڵێ:

- رەنگە! خۆ پیاو ناتوانێ هەرکووتە کاغزێك کە بەردەستی دەکەوێ سەرنجی بداتێ. جاران کاغز شتێکی پڕ بایەخ بوو، زۆر بە کەمی وەچنگ دەکەوت. خەڵک بە دڵ و بە داوەوە پارچە کاغزێکیان لە یەغدان و گەنجینەدا رادەگرت و دەیان پاراست. کاتێ باس لە رۆشتن بۆ ئەمریکا دەهاتە گۆڕێ دەیانگوت: (ئامادە کردنی بەڵگەنامەکان پێویستن) و بە نەبوونی ئەو کاغزانە پیاویان لە بەندیخانە دەهاویشت. کاتێ پرسی مارەیی و زەماوەند دەهاتە گۆڕێ دەیانگوت: (کاغزی مارەنامە ئامادەیە). هێندێ کاغز هەبوون کە لە گشت تەمەنیاندا بۆ یەک جار دەسکاری دەکران. ئەو کەسەی ناوی بۆ سەربازی دەهاتەوە، کاتێ رێی لە ژاندارمخانە دەکەوت دەیانگووت (بەرگەی بانگ هێشتنەکەی هاتووە)و ئەگەر سەرپێچی لەو فەرمانە کردبایە کە لەو کاغزەدا هاتبوو ژاندارمەکان وەدوای دەکەوتن و دەیانگرت. بەهەرحاڵ لەهەموو حاڵێکا کاغەز شتێکی پڕ بایەخەو هەمیشەش جێی رێز بووە. هەر لەو سەردەمانە لە ئاوای ئێمەدا، مام قەشە گیان،- پەرژینێ بەگوڵ قاییم بێ- چما! کەس دەیوێرا بۆ تارەت گرتن کەڵك لە کاغز وەربگرێ، قەت لەپشت پنچکە گوێنییەکانەوە لەتە کاغزێکت بە پیساوییەوە بەر چاو نەدەکەوت. خەڵکی ئاوایی هەموویان بە بەرد و گەڵای دارەکان تارەتیان دەگرت. بەڵام ئەورۆ بەپێچەوانەوەیە: هێندە کاغزی بەلاشە و چاپ کراوەی پڕ لە درۆو بووختان و قۆریات وەبەرچاو دەکەون کە پیاو بە بینینیان دڵی لەژێررادێت و حەزدەکا هەر تارەتیان پێ بگرێ.

دۆن پائۆلۆ بەرەو هۆدەکەی خۆی دەگەڕێتەوە تا پێداچوونەوەیەکی هەبێ سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی کافوونەکان و ئەو ترسەی کە بەسەر گشت ژیانیاندا زاڵە. ئەم بۆچوونە بە بیری دەگا لەو ماوەیەدا کە دەبێ هێشتا لە پیتراسکادا بمێنێتەوە خۆی خەریك بکات بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خوێندنەوە و وردبوونەوە لەسەر پرسە گشتییەکانی جووتێری. دەفتەری یاداشتەکانی لەجانتاکەی دەردێنێ کە لە تاراوگەدا ئامادەی کردبوو. بۆ جارێکی دیکە ئەو نووسراوانە دەخوێنێتەوە و زۆر بەداخ و کەسەرەوە دەبینێ کە گشتیان لە ژێر کارتێکەری بابەتە تیۆرییەکانن و زۆر خەیاڵین. بەم جۆرە گشت ئەو بابەتانەی کە لە سەر گوند نشینەکان نوسراون و لە زمانی مامۆستاکان و لایەنگران و پەیڕەوانی مەکتەبە چەپەکانەوە دەیگێڕنەوە، گشت ئەم سەرژمێری و پێناسە پڕ نێوەرۆکانە کە تا بە ئێستا دۆن پائۆلۆ لەگەڵیان ژیاوە، هەر هەموویان جگە لە گەمە کردن بە کاغز هیچی تر نین. ئەو گووندەی کە لەو نووسراوانەدا باسیان لەسەرکراوە بە بڕوای ئەو گوندە کاغزییەکانن کە کێو و تەپۆڵکە و باغەکانی ، شوان و مەزراکانی، هەرهەموویان کاغزین. ئەو رووداوە گرینگانەی کە لەوێدا تیشکیان خراوەتە سەر زۆربەی هەرە زۆریان راپەڕین و خەبات و سەرکەوتنێکی کاغزین. لادان و ئەو سەرلێشێواوییانەی کە دێنە بەر باس و بە دژیان راپەڕیوون سەرلێ شێواویو لارێ بوونێکی کاغزین. دۆن پائۆلۆ لەحاست ئەم ئاوسانی کاغزەدا هەست بە قێزو دڵ لەژێرڕا هاتنێک دەکا کە تووشی ماگاشیا هاتبوو. بۆ جارێکی دیکە ترس لە تەریك مانەوە بە سەریدا زاڵ دەبێ. بیرەوەری ئەو رۆژگارەی کە لە پێناو خەبات بە دژی تاریکییەکاندا تێپەڕی کردبوو ئەو ئازار دەداتەوە، تا بەو ڕادەیەی کە ئەم پرسیارە لەخۆی دەکا: (نەکا منیش ترسم رێ نیشتبێ؟) کریستینا لە نەفسی خۆی تۆقیوەو بەتەمایە خۆی لە تۆبەخانەیەکدا زیندانی بکات. برای ئاییی ئانتی فۆنا لە ڕەزەکەی پشت گۆرستانی ئاوایی خۆیان ترساوە و پەنای بردوەتە بەر پەرستگە. کافوونەکان لە برسییەتی دەترسن وئاواتەخوازن کە ببن بە وردە مڵکدار. بەڵام ئەو، واتە دۆن پائۆلۆ، ئەگەر پەنای بردوەتە بەر کردەوە ئەو مانایە ناگەیەنێ کە لە بیرکردنەوە دەترسێ؟ تێدەکۆشێ ئەو شك و گوومانە لەخۆی دووربخاتەوە یان لانی کەم راستەوخۆ لەگەڵیاندا رووبەروو نەبێتەوە و بەخۆی دەڵێ: (بێکارمانەوە لەم شوێنەو فەلسەفەبافی کردن لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان هیچ کارێك ڕاناپەرێنێ و تەنانەت نابێتە هۆی قوڵ بۆ داچوون و باشترناسینی ئەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

راستیانە. بۆ دەرک پێ کردن و تێگەیشتن راستییەکان دەبێ ئاوێتەی راستییەکان بیتەوە و راستەوخۆ بەشداری بکەی لە خەبات و جوولە و بزووتنەوە کەیان.)

ئەم بۆچوونە نەك هەر داهێنانێکی تاکە کەسی نییە بەڵکوو دووپات بوونەوەی هزرێکی کۆنە کە لە شێوەیەکی دیکەدا دێتە دەربڕین. کەچی دۆن پائۆلۆ هەر بەراستی پێی وایە کە بۆ خۆی داهێنەری ئەو بۆچوونەیە. کاریگەربوونی خێرایانەی ئەو بۆچوونە لە نەکاو دەروونی روون دەکاتەوەو ووزەیەکی نوێی پێدەبەخشێ و تووشی هەژانێکی دەکا کە لەراستیدا وڵامدەری شتێکی زۆر بنچینەیی تر و قووڵترە کە وەك هۆیەکی سەرەکی و راستەقینەی کێشەیەکی دەروونی دێتە ژمار. بە بڕوای ئەو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە لەهەموو کاتێکدا وەڵامدەری ئەم پێویستییە گرینگەیە. لە سەرەتای لاویدا و لە زۆنگەی راهێنانەکانی ئایینی مەسیحەوە، گیانی یارمەتی گەیاندن بە یەکتر و هاریکاری پێ تەڵقین کرابوو. گەشە سەندنی ئەم هزرە بە دوای سەردەمی لاوی ، بناغە گشتییەکانی مەیل بە یارمەتی گەیاندن بۆ هەژاران و گیانی راپەڕینی لەودا گۆریوە و ئەوی بەرەوسوسیالیزم پاڵ پێوە ناوە، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە لە گۆڕانی ماهیەتی دەروونی و رۆحی ئەودا سەرکەوتوو بێ. بەشی گشتی نارازی بوونەکەی لەوێرا سەرچاوە دەگرێ کە لەماوەی ئەوسێ مانگەی کە لە پیتراسکا ماوەتەوە نەیتوانیوە لەنێو کافوونەکاندا پاڵ پشتێ، ئەرچەند زۆر پێتەویش نەبێ پەیدا بکات. ئەو هەنگاوانەی کە هەڵی هێناوەتەوە بۆ خۆ نێزیك خستنەوە لەوان، زەنجیرە رووداوێکی رەخنە گەرانەی بەدواوە بووە کە هیچ پێوەندییەکیان بەیەکترەوە نییە. درێژەدان بەو دانووستانانەی کە دوێنێ دەستی پێکردووە بۆ رۆژی دواتر ئەستەمە. لە روانگەی ئەوەوە پێوەندی لەنێوان کافوونەکانیشدا یەکگرتوو نییە و زۆر لەرزۆکە. سازادانی دامەزراوەیەک لەسەر بناغەی ئەمان، ئەگەرچی شتێکی ئاسایش بێ، ئیمکانی نییە. مل کەچ کردنی کافوونەکان لە حاست دیکتاتۆریەتدا، بە بڕوای ئەو بابەتێکی تایبەتە و هیچ پیوەندییەکی نییە بە دەزگای بەربڵاوی بانگەشەیی دیکتاتۆریەت. ئێستا بە گشتی هاتوەتە سەر ئەم قەناعەتە کە دەستی بە کافوونەکان ڕاناگا و وشەکان شوێنیان لەسەر دانانێت، ئەوان جگە لە واقعەکان سەر بۆ هیچ شتێکی دیکە نەوی ناکەن. بیر کردنەوە لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تێکۆشان لە نێو کافونەکان و تەبلیغاتی دژ بە رێژیم، هەر بەو شێوەیەی کە دۆن پائۆلۆ لە کاتی گەرانەوەیدا بەرەو وڵات بڕوای پێ بوو، بە تەواوی بێهوودەیە. لەحاست واقعەکاندا، دەبێ تەنیا لەگەڵیان بەرەوروو بیتەوە و بەربەرێ کانییان لەگەڵدا بکرێت. لە بەرامبەر ئەو هەنگاوانەی کە دیکتاتۆریەت هەڵیدێنێتەوە، وشە و درووشمدان کاریگەریان نابێ، بەڵکوو پێناسە کردنی چەمکی ئازادی و هەوڵێکی مادی واتە خەباتی راستەوخۆ باشترین ئامێرێکن بۆ شکاندنی ئەم هەنگاوانە. نابێ لە بەرامبەر کاربەدەستانی دیکتاتۆریدا کەسانێکی وا هەڵبژێرین کە بە راوێژێکی دیکە  قسان بکەن بەڵکوو دەبێ کەسانێکی هەڵسوورو کارامە بن کە شێوەی ئاکارو رەوشتیان جیاوازی هەبێ لەگەڵ کاربەدەستانی دیکتاتۆریەتدا. رێگا چارە ئەمەیە کە کافوونەکان لەحاست دوو تاقمی جیاواز لە واقعەکان رابگیرێن تا رەنگە - بە بۆچوونی دۆن پائۆلۆ-  ئەو دەم بۆ خۆیان لەو نێوانە دا سەرپشك بن بۆ هەڵبژاردن و تا بەم چەشنە بجووڵێنەوە.

هەر لەو حاڵەیدا کە یاداشتەکانی، سەبارەت بە برسی جوتیاران، لە دەستیدایە لە پەنجەرەی ژوورەکەیەڕا لە دەرەوە دەڕوانێ. خۆر(هەڵبەت خۆری کاغزی نییە بەڵکوو بەراستی) لەپشت ئاسۆگەوە دادەکشێ. لەو بەریشەوە مانگ (هەڵبەت مانگی بەراستی)هەڵدێ.

تەمێکی بەربڵاو کە تەپ و تۆزی بەر جادەکەیە، بەرەو دۆڵەکە هەڵدەکشێ. ئێستا وەرزی گەرانەوەی شوانەکانە کە بە رەوە مێگەڵەکانیانەوە گەرمێن جێ دەهێڵن و بەرەو کوێستان دەبنەوە. لەو تەپ و تۆزەدا پیاو دەتوانێ مەڕەکان  ببینێ و لەپشت سەریشیانەوە هۆبە هۆبەی شوانەکان ببیستێ. دۆن پائۆلۆ یاداشتەکانی دەردێنێ، لە پلیکانەکان دادەگەڕێ، وردە کاغزەکان لەئاگرەکەی ماتالێنا دەهاوێ کە بۆ چێشت لێنان دایگیرساندووە و، بەخانە خوێیەکەی دەڵێ:

- سبەی دەڕۆم.

ماتالێنا بەسەر سوورمانەوە دەپرسێ:

- بۆ هەمیشە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەشە وەڵام دەداتەوە:

- دەبێ بزانم بڕیاری دوکتۆر چی دەبێ!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 7

دۆن پاسکاڵ کوولامارتینیش دەبێ بچێ بۆ فووساو هەر بەم بۆنەیەوە بەو پەڕی پێ خۆش بوونەوە لە قەشەی گێراوەتەوە کە سواری فایتوونە تەك ئەسپەکەی ئەو بێت. بەیانییەکی رووناکە و هەواش پاك و بێگەردە و لە دۆڵەکەڕا بۆنی تفاقی شەدار بڵاو دەبێتەوە. دۆن پائۆلۆ هەست بە لەش ساغی دەکا. لەمێژ بوو هەوایەکی ئاوا پاکی هوڵ نەمژیبوو. لەو دەمەیدا کە کوولامارتینی پیر ماییەنەکەی بە فایتوونەکەیەوە دەبەستێتەوە و بە لەسەرەخۆیی دەستەی جلەو و دەم بێن و چاو بەندی وڵاغەکە قاییم دەکا، کریستینا بۆ چاك و چۆنی بەرەو قەشە دێت و دەپرسێ:

- بەتەمای رۆشتنن؟ ئێتر ناگەڕێنەوە؟

قەشە وەڵام دەداتەوە:

- نازانم.

قەڵسییەکەی دۆن پائۆلۆ لە حاست کریستینادا هێشتا نیشتوەتەوە. هێشتا مەراقێکی تایبەت یان جۆرە ناهوومێدی و سەرکۆنە بوونێک لە حاست کریستینا، لە دڵی قەشەدا ماوەتەوە، بە چەشنێك کە لەبەرخۆیەوە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- (بريا ئەم كچە كەمتر خۆی بەخواوە خەریك دەكرد و پتر لە بیری خەڵكی خوادا دەبوو!) هەر بۆیە لە ناخەوە لەحاست كریستینادا بێ وازی لە خۆی پیشان دەدات. ئەو لە بیری شتێكی دیكەدایە و گەڕانەوەی بەرەو مەیدانی خەباتی نەهێنی و شێلگێرانەكەی داڵغەی ڕاكێشاوە.

كریستینا بەتەمایە شتێك بە قسەكانیەوە زیاد بكا بەڵام فایتوونەكە دەبزوێ و وەڕێ دەكەوێ و كیژوڵەی دڵمەند، بێ جووڵە و بە دڵ ئێشاوییەوە لەجێی خۆی وشك دەبێ.

دۆن پاسكاڵ دەڵێ:

- ماییندەكەم ناوی(دیانا)یە. پازدە ساڵ لەمەوبەر ئەم وڵاغەم كڕی بە مەبەستی چوون بۆ ڕاو. چ سەردەمێكی خۆش بوو مەخابن ئیتر قەت ناگەڕێتەوە.

هەیكەلی فایتوونەكەی بە سەندەڵییە زەقەكانیەوە كە لەسەر دووتگەرن-دووتگەرەكەی پێشەوە چووكترو دوانەكەی دیكەش گەورەترن- بە لێغاو و ئەو بالنجە گوڵدۆزی كراوانەی كە ئەو دووپیاوە لەسەری دانیشتوون، هەر هەموویان هی سەردەمانی ڕابردوون. ئەو سەردەمانەی كە مەحكوم بە تێدا چوونن.

كاتێ فایتۆنەكە بە بەر(خانووی جنۆكەكاندا) تێدەپەڕێ دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- وادیارە ئەو دوو لاوەی كە لێرە بوون ڕۆشتوون، دیارە ژیان لەم شوێنەدا بۆیان دژوار بووە.

پیرە مێرد لەوەڵام دا دەڵێ:

- حەز بەم باسە ناكەم.

دۆن پائۆلۆ ئیتر بێدەنگەی لێدەكات. بوونی ئەم جۆرە لە حەساسییەتی باوك ئاسایانە لە حاست كوورەكەیدا، ئیتر ئەو نارەنجێنێ بەڵكوو ئەو دەخاتەوە بیری شێوە بیر كردنەوەی بنەماڵەكەی خۆی. لە باوك و باپیر و تۆرەمەكانییەوە بگرە تا مامەكانی، ئەگەر چی پیاونێكی چاك بوون، بەڵام ئەگەر هەر جارێك مەسەلەی شەرەفی بنەماڵە دەهاتە گۆڕێ وشك و تووڕەو بێ بەزەیی دەبوون. ئەوانیش توێژێكی تایبەت بوون كە مەحكوم بەتێدا چوونن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر چی پیرەمێرد لە وەڵامدا وتوویەتی: (حەز بەم باسە ناکەم) بەڵام دیارە لە ناخیەوە بە تەواوی هۆگری ئەم بابەتەیە، چوونکە ئەمە بەقسەکانیەوە زیاد دەکا:

- پێتان وایە ئەم دوو پەتیارە دتوانن بە دژی ویست و داخوازی من پێکەوە زەماوەند بکەن؟

قەشە لە وڵامدا دەڵێ:

- ئالبێرتۆ گەورە بووە. یاسا رێگەی پێدەدات.

دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- یاسا بۆ شارنشینەکان داندراوە. لێرە باوك دەسەڵاتدارە.

دۆن پائۆلۆ لە درێژەدان بەم قسانە خۆ دەبوێرێ. بۆ ئەو ئەم جۆرە شتانە جێگای سەرنج نین. چما جگە لەوەیە کە ئەمە لە خۆیدا نیشانەیەکە بۆ دارمانی دەسەڵاتی بنەماڵەی مڵکدارەکان؟ باشتر. ئەمانەش مەحکوو بە تیاچوونن. ئەو شتەی کە داڵغەی دۆن پائۆلۆی بەخۆیەوە خەریك کردووە گەڵاڵەی ئەو کارە نهێنیەیە کە بەتەمایە لە نێو کافوونەکاندا دایرێژێ : (دەبێ پشت بە چ هۆکارێك ببەسترێ؟ ئەوان لەکوێ بدۆزێتەوە؟ چۆن پێوەندییان لەگەڵ دا بگرێ؟)

قەیرانە دەزوونییەکەی کۆتایی پێ هاتووە. ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە پلانەکانی راپەڕێنێ.

هەر لەم کەین و بەینەدا دۆن پاسکاڵ بۆی روون دەکاتەوە کە لە بەرچی زەماوەندی ئالبێرتۆ و بیان کینا ئیمکانی نییە:

- کەلێنێکی قووڵ لەنێو بنەماڵەی کولامارتینی و(جیراسوولە)دا هەیە. کەس نازانێ ئەمانە لە بن کام بنچکەوە هەڵتۆقیون. هەر ئێوە، دەکرێ پێم بڵێن کە ئەم(جیراسوولانە) لە کوێرا هاتوون؟

دۆن پائۆلۆ لە بیری ئەوەدایە یەکەم هەنگاوێ کە دەبێ هەڵی بێنێتەوە، گەڕان بە دوای یەکێ لە جووتیارە بەساڵداچووەکانە کە پێشتر سەر بە (یەکێتی بەرگری) بووە. جاران لە ناوچەی فۆچینۆدا لەم جۆرە یەکێتییانەی زۆر بوون. ئەو یەکێتییانە ئێستا لەلایەن رێژیمەوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە هەڵوەشاوە ڕاگەیاندراون بەڵام دەبێ ئێستاش چەند کەسێك لە ئەندامە وەفادارەکانی ئەم یەکێتییانە لە ئاواییەکانی(لۆکۆ(1)-ئۆرتووکۆ(2)-پێشینا(3))دا مابێتنەوە. (گرینگ ئەوەیە کەچۆن تێکەڵاویان ببێ و سۆراغی کێ بگرێت کە کەس گوومانی لێ نەکات؟)

دۆن پاسکاڵ لە درێژەی قسەکەیدا دەڵێ:

- سەرو کەڵەی جیراسوولەی پیر لەو ڕۆژەوە پەیدا بوو کە بە مەبەستی لیمۆ فرۆشتن ڕووی لەم ناوچەیە کرد، چوونکە نەخۆشی "وەبا" لەم دواییانەدا لێرە بڵاو ببوەوە. بە پێپەتی لە دێیەکەوە بۆ دێیەکی تر دەچوو و سەوەتە لیمۆکەشی لەسەر تەپڵە سەری دادەنا. بەم جۆرە بۆی گرت و پاش تەواو بوونی نەخۆشی "وەبا" لە فووسا نیشتەجێ مایەوە. دیارە هەموو کەسێ مافی ژیانی هەیە بەڵام ئەگەر بنەماڵەی جیراسوولە ئێستا بەو قەناعەتە گێشتبێتن کە کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ بنەماڵەی کولامارتینیدا خزمایەتی بکەن جێی خۆیەتی کە ئەم بابەتە بە سەرپەرشتی شێتخانە ڕابگەیەندرێ.

دوا بە دوای ڕەوە گوێدرێژێك، ئێستا جووتیارێك بە ڕێدا دێ کە بۆ خۆشی سوار گوێدرێژێك بووە. وڵاغەکە زۆر وردیلەیە تا ئەو ڕادەیەی کە لاقەکانی کابرای سوار کەم تا کورتێ لە عەرزی دەخوشێن. پیاوەکە ڕووی لە چۆمەکە کردووە و وا خۆی دەنوێنی کە ئاگای لە تێپەڕینی فایتونەکە نییە.

دۆن پاسکاڵ بە قەشە دەڵێ:

- ئەم پیاوە کوخێکی لێ بەکرێ گرتووم و ئێستاش وا بۆ سێ ساڵ دەچێ کە کرێی نەداوە. جا بۆیە هەر کەچاوی بە من دەکەوێ خۆی لە نەدیوی دەدات.

- دۆن پائۆلۆ لە بیری ئەوەدایە کە سەرەتا دەبێ پلانێك دارێژێ. تا ئەوجێیەی بۆی دەکرێ خۆی لەو جل و بەرگە نەخوازراوە ڕزگار بکات. پاش ئەوە پێوەندی بگرێ بە یەک دوو کەس لە ئەندامەکۆنەکانی یەکێتییەکانی پێشوو، بێگوومان بەهۆی دەورانی تەمەن

---

(1) ***Luco***
(2) ***Ortuco***
(3) ***pescina***

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

درێژی دیکتاتۆریەت ئەوان دڵساردانە دەبینێ. هەر لەبەر ئەم هۆیە دەبێ بۆ ماوەیەك هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکات تا بەم جۆرە مەتمانەی ئەوان بەرەو لای خۆی راکێشێت و لە بێدەنگی ئەمان و لە نێزیکەوە ئەم پرسیارەیان ئاراستە بکات:( بۆ خەبات بە دژی ئەم دیکتاتۆرییەتە کە مایەی چارەرەشی و هەژاری نیشتمانەکەمانە، پێتان وانییە کە پێویستە یەکگرتوو بین؟) ئەو دەم، پلانەکانی دیکە بۆ خۆیان جێ بەجێ دەبن.

فایتوونەکە بە پەنای عارەبانەیەکدا تێدەپەڕێ کە چەند فەردە گەنمی لێ بار کراوە و ئەویش بەرەو دەشت دادەگەڕێ. ئەو جووتیارەی کە عارەبانەکە لێدەخوڕێ لە پشتەوە دانیشتووە. بەهەموو دەمای خۆی لە لێغاوەکە نووساوەو خۆشی وەك پارسەنگێگ لەسەر گاریەکە راگرتووە بۆ ئەوەی وەرنەگەڕێ .

دۆن پاسکاڵ لێی دەپرسێ:

- حاسڵاتی ئەو ساڵ باش بوو؟

پیاوەکە دەڵێ:

- ئەمە گشت ئەو داهاتەیە کە دەستم کەوتووە و دەبێ تا مەئمووری ئیجرا دەستی پێی رانەگەیشتووە بۆ ئاغای ببەمەوە.

ئێستا فایتوونەکە دۆڵی پیتراسکا دەخاتە پشت سەر، لە پرد دەپەڕێتەوەو بەرەو لای (لاما) دەچێتە پێش. بەرە بەرە کە لە فوچینۆ نێزك دەبنەوە خاکە رەنگ سوورەکەی دۆڵێ بەرەو رەنگی خۆڵەمێشییەکی روون دەبێتەوە . پەرێزی گەنمە تازە درۆینەکراوەکان دیارن، هەر وەك پەڵەیەکی زەرد لە داوێنی پارچە زەوییەک کە شیوەکەی بەرەو گوڵاوە ویشکەڕۆیەکە داکشاوە. لە دوورەوە کۆگای قۆریە گیا بەرزەکان دەبیندرێ کە مرۆڤەکان هەر وەك مێروولە بە دەوروبەریدا لە جووڵەجووڵدان. پۆلە ژنێك بە سەوتەی سەرسەریانەوە بەرەو بازار دەچن و بەرازێکیان بە هەوسارێکی درێژەوە بەستوەتەوە و بەدوای خۆیاندا رایدەکێشن. تاقمە ژنێکی دیکە وەك پەیکەرەکانی حەزرەتی مریەم – بەڵام مریەمە رەش و رووت و دێز و تاوانگەزەکان – مناڵ بە باوەشەوە، ناشتای مێردەکانیان هەڵگرتووە کە خەرێکی گێرەی گەنمن. بەرە بەرە پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە و پەڵە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مێشێکی مزاحم، لاسارانە مایینەکەیان گەمارۆداوە. هەر دەڵێی چاویان هیچی دیکە نابینێ، چوونکە پتر لە دەوری کلکی مایینەکە دەپلیکێنەوە. لەسەر تەپۆڵکەی پشت ئاوایی لاما مێویان داشتووە. مێوی لاوازو پووچەڵە کە وەك هێندێ رشتەی کەم و نارێك، بەشێوەی مار پێچی بەسەر عەرزەکەدا کەوتوون. لە نێزیك خانووان چەند کەرتە مێوی لێیە. مێوەکانی ئەو شوێنە بەرزترن و کەپریان بۆ کراوە.

ئێستا لە دوورەوە ئاواییەکانی (کوولارمیلە)و (چێریکۆ) و(ئاییەلی)و لەدوورترەوە (پاتێرنۆ) و (سان پێلینۆ)و هەروەها دوورتریش (ئاوێزانۆ )دەبیندرێن کە هەڵمێکی رەنگ خاکی بەسەریاندا کشاوە. دۆن پائۆلۆ هەست دەکات گەنج بووەتەوە. بۆ هەست کردن بە ئازادییەکی نوێ، کامەرانی و دلێرییەکی کەم وێنە، دڵی لێدەدات، باش دەزانێ کە باکی لە هیچ شتێك نییە.

فایتوونەکە بەلاما دا تێدەپەڕێ و هێدی هێدی بەرەو فووسا سەراولێژ دەبێتەوە. جادەکە پڕ لە تاسەو تگەرەیە. لە نێو چیمەنێك تاقمێ سەرباز لەبەردەم خێوەتێکدا پاڵ کەوتوون و چەکەکانیان لە نێو لینگیان ناوە. گوێدرێژێکی وردیلە، بێ جووڵە لە چەقی جادەکەدا راوەستاوە کە خۆرەتاوەکەی تێچەقیوە و هەر دەڵێی بەتەمایە تەواوی گرەکانی ئەم خۆرە تاوە لەسەر خۆی کۆبکاتەوە. دۆن پائۆلۆ بە نیگەرانییەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێ:(حەتمەن ئەم حەیوانە دەپرووکێ!)

رەوە گوێدرێژێکی دیکەش بە بارە ئاردەوە لە ئاشی فووسا دەگەڕێنەوە. کۆمەڵێ کافوونیش کە سەرو بووخچەیەکیان لەبن هەنگڵ ناوە، بەرەولای وێستگەی هێڵی ئاسن دەرۆن. ئەو خەڵکەی کەخۆیان بۆ رۆشتن ئامادە کردووە، تەنانەت لەو گەرما تاقەت پرووکێنەشدا وەك بڵێی قەت بەتەمای گەڕانەوە نەبن هەمێشە کۆڵێکیان بە کۆڵ گەڵگرتووە. کافوونە مسافرەکان هەمیشە، حاڵەتی ئەو تاراونەیان هەیە کە بۆ خۆ دەرباز

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردن لە ئاژاوە، دوا کەوتوون. دیارە بریتانیا زۆر دوورە بەڵام خۆ ئەگەری بوومەلەرزە هەر لە گۆرێدایە و هیچ بەڵگەیەکیش لەدەست دانییە کە کوتووپڕ هەڵنەستێتەوە(1)

پیاوێك بەناوی (دۆن جێنزییۆ) کە لە کۆنە دۆستەکانی دۆن پاسکاڵە و کارمەندی دایرەی ماڵیاتە لەفووسا سوار فایتوونەکە دەبێ. ئەم پیاوە دەست بەجێ لە دوژمنایەتییەکانی خەڵکی دۆڵێ زمانی بەگازە دەکاتەوە ودەڵێ:

- لەروانگەی کافوونەکانی ئەم دۆڵەوە هەر کەسێ کاکۆڵ و بۆیینباغی لێدا کارمەندی حکوومەتە و ئەوەی کارمەندیش بێ گڵاوە و سەرباری ژیانیانە. ئێستا ماوەیەکە هەرکات بۆ یەکێ لە ئاواییەکەنی ئەم دۆڵە دەچم بە خۆپارێزییەوە بۆیینباغەکەم دەکەمەوە و لە گیرفانمی دەهاوێم. وێرای ئەم کارەش بە مەبەستی ئەوەی کە شێوەی کارمەندێکی دەوڵەتی نەدەمەوە بە ئانقەست پێڵاوەکانم خۆڵاوی دەکەم و نیشانی حیزبی دەسەڵاتداریش لە سنگم دەکەمەوە.

دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- خەتا لە کافوونەکانەوە نییە. شار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی گوندنشینەکان پەیتا پەیتا دایرەو پسوولە ساز دەکا. هەر وەچەیەك پەتایەکی تایبەت بەخۆی هەیە. شێست ساڵ لەمەوبەر ژەنگی مێو هەبوو، بیست ساڵ بەر لە ئێستا پەتای(فیلۆکسێرا) هات و ئێستاش وا دایرەکان پەیدا بوون. لەگەڵ دامەزرانی هەر دایرەیەك سەرو بیچمی بیانییەکان پەیدا دەبن کە با لە گێڤی خۆیان دەکەن و حەول دەدەن گەورەییمان بەسەردا بفرۆشن. پاشماوی بنەماڵە قەدیمییەکان، ئەوڕۆ وەك ورچەکانی ئەشکەوتی (مۆنت مارسیانۆ) پەنایان بردوەتە بەر کوێستانەکان.

قەشە لە دۆن جینزییۆ دەپرسێ:

- حەشیمەتی ناوچەی فووچینۆ دەبێ ئێستا چەند کەس بێ؟

---

(1) **بەرواڵەت ئاماژەیەکە بۆ سەر ئەوەی کە هەمیشە ئەگەری مەترسی یان بەڵایەک هەرەشە لەگیان و ماڵی کافوونەکان بکا.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو وەڵام دەداتەوە:

- سێ هەزار کەس دەبن کە هەموویان لەگرەودان.

و ئەوجار بە باسکە ئاوەڵاکانیەوە ئاواییەکانی دەوروبەری پیشان دەدات و دیسان دەڵێ:

- هەر شتێك کە ئێوە لێرە دەیبینن، هەر خانوویەک، هەر دارو بەردو کلۆیەک، هەموویان لە گرەودان. ئێمە نەتەوەیەکی بەگرەو چووین.

و دۆن جینزییۆ لە بەر ئەوەی پانتای ئەم بەگرەو چوونە بسەلمێنێ حیکایەتێکی بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

- جووتیارێکی فووسایيان برد بۆ نەخۆش خانەی ڕۆما کە تووشی نەخۆشییەکی کەم وێنە و تایبەتی قەبرغە هاتبوو. تاقیگەی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە وەك پێشەکی بڕە پارەیەکی دا بەو پیاوە بە مەبەستی کرینی قەبرغەکەی لە پاشەمەرگی بۆ تەشریح کردن(کڵێشە کردنەوە). کابرا پارەکەی وەرگرت بەڵام نەمرد و ئێستاش هەر لە فووسا دەژی بەڵام قەبرغەکەی هەر لە گرەودایە. بەڵێ...، ئەم دەنگۆیە هێشتا بەو شێوەیە بڵاو نەبووەوە کە کۆمەڵێکی زۆر لە کافوونەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی هۆیەک بۆ تەشریح کردنی- وەك، گەورەبوونی لەرادەبەدەر یان بەپێچەوانەوە، چووکە بوونی لە رادەبەدەر- یەکێ لە ئەندامەکانی لەشیان، بە پەلەداوان خۆیان گەیاندە نەشتەرگەری ناوچەکە، بەو هیوایەی کە ئەمانیش یەکێ لە ئەندامەکانی لەشیان لە بەرامبەر پارەدا لە گرەو بنێن.

لە دوورەوە دەنگی سروودی ئایینی بەگوێ دەگا. دەستەی زیارەت چییەکان لە کوێرە ڕێیەکانی کوێستانەوە دادەگەڕێن و لە شارێی گشتیدا کۆدەبنەوە. لە شیناوەردێك، لە سەر هێندێ کوانوو کە لە بەردو گڵ دروست کراون، پۆلە پیرێژنێك بە لێنانی شۆرباوێکەوە سەرقاڵن کە شۆرباوی زیارەت چییەکانە. بەگشتی سروودەکانیان لە چوار پێنج وشە پێك هاتووە، بەڵام چوونکە لە بەر زەختی گووراندنەکانیان دەنگی سروود خوێنەکان نووساوە بێ پسانەوە بەشێوەیەکی یەکدەنگ و بەرێك و پێکی سرودەکەیان دووپات دەکەنەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەروالّەت سەد کەرەت سروودەکەیان تەواو دەبێ بەڵام هەر سەد جارەکەش دەست پێدەکاتەوەو درێژەی پێدەدرێتەوە.

دۆن جێنزییۆ لێیان دەپرسێ:

- بەرەو کوێ و بۆلای کام چاك دەچن؟

زیارەت چییەکان وەڵام دەدەنەوە:

- دەچینە لا ی سێن دۆمینیك دۆکۆکۆلۆ.

دۆن پاسکاڵ بۆ قەشەی روون دەکاتەوە کە سێن دۆمینیك لەو پیاو چاکانەیە کە خەڵکی لە مارانگەزی دەپارێزێ.

ئەگەرچی وسەرو پۆتڵاکی زیارەت چییەکان ئاڵۆز و تۆزاوین، کەچی دۆن پاسکاڵ لە نێو ئەواندا (کاسارۆلا)ی سێحرباز دەناسێتەوە، فایتوونەکەی رادەگرێ و لە ژنە سێحربازەکە دەپرسێ:

- پێش بینی چ رووداوێکی تازە دەکەی؟

کاسارۆلا لە غەیبەوە قسان دەکا و دۆن پاسکاڵیش پیاوێکی خورافاتییە.

سێحرباز وەڵام دەداتەوە:

- شەڕێك ساز دەبێ وبە دوایدا تاعوون دێت.

دۆن پاسکاڵ دەڵێ:

- ئەم شتانە پێوەندییان بە دونیای منەوە نییە.

گاگەڵێکی زەلام بەشاخە گەورەکانیانەوە بێ هوودە خەریکی لەوەڕی ئەو گیاو گۆڵانەن کە لە قاناو وخەندەقەکانی قەراغ جادەکەوە رواون. دوودانە پاس بە شەقەشەق وتەقە تەقی دەرکە ئاوەڵاکانیانەوە لەو دەوروبەرەوە تێپەڕ دەبن. هێندێ تەشت کە بە دۆشاوی تەماتە سوور هەڵگەڕاون، لەسەر بانی ماڵەکانەوە دەبیندرێن کە بۆ خەست بونەوە لە بەر خۆر داندراون. جار ناجارێ کیژۆلەیەك دێتە سەربانی و بە ئەسکوێ دۆشاوە سوورەکان لێك دەدا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فایتوونەکە دەگاتە فووسا. دۆن پاسکاڵ لەبەر درگای میوانخانەی (تورنسۆل) قەشە دادەبەزێنێ و دەستبەجێ لێدەخورێ تا ناچار بەچاك و چوونی کردن لەگەڵ بێرەنیچە نەکرێ کە لەبەر دەرگای میوانخانەکە راوەستاوە. خاوەنی میوانخانەکە بەپەلە بەرەو پییەشوازی قەشە دەچێت و بە دەربڕینی شادی و خۆشحاڵییەکی لەڕادە بەدەر پێشوازی لێدەکات و بە هەژانێکی تەواوەوە دەڵێ:

- بنەماڵەی جیراسوولە بۆ هەتا هەتایە قەرزاری دڵنەوازییەکانی ئێوەیە، پێشەکی لەبەر ئەوەی کە بیان کیناتان لە مەرگ رزگار کرد و پاشانیش لەمەڕ ئەوەی کارێکی وای کردووە کە بیان کینا بە بەختی باش بێت.

قەشە دەپرسێ:

- من کامەرانی بیان کینام دابین کردووە؟ بەشەرەفم، خاتوو بیرەنچە، من بە هیچ جۆرێ دەستم لەو کارەدا نەبووە.

- ئەی ئێوە نەبوون کە زەماوەندی ئەوتان جێ بەجێ کرد؟ بۆ نازانەن کە مەسڵەت کردن لەگەڵ بنەماڵەی کولامارتینی بۆ بنەماڵەی جیراسوولە چ هەنگاوێکی گەورەیە؟ هەر ئەوڕۆ بۆ خواردنی ژەمی نیوەڕۆ لە گشت کەس و کارەکانی بیان کینا دەگێڕمەوە تا ئێوە بەچاوی خۆتان ببینن کە پیاوەکانی بنەماڵەی جیراسوولە لەحاند ئێوەدا چەندە پێزانن.

دۆن پائۆلۆ وڕومات دەبێ. تێدا ماوە کە چۆن بیرەنیچە لەم هەڵەیە ئاگادار بکاتەوە، بەڵام بەرێوەبەری میوانخانەکە هەدا نادات و درێژەی پێدەداتەوە:

- سروشتییە کە لە رۆژی زەماوەندەکەیاندا ئێوە دەبێ حەتمەن شاهیدی مارەکردنی ئەو دووانە بن. ئەگەرچی لەو رۆژەشدا بەتەمای گەڕانەوە بن بۆ مەقەڕی قەشەنشینەکەتان. مەبەستم لەوەیە ئەگەر ئێزن بدەن خەرجی سەفەری ئەو رۆژەتان لەبۆ حیساب دەکەم. دەزانن کە بەتەماین چ ناوێك لەسەر مناڵەکە دابنێین؟

دۆن پائۆلۆ بە شڵەژانەوە دەپرسێ:

- مناڵ؟

بیرەنیچە بۆی روون دەکاتەوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- مەبەستم لەو منالەیە کە رەنگە لە دوارۆژدا لەدایك ببێ. ئەگەر کوڕ بوو ناوی (پائۆلینۆ)ی لەسەر دادەنێین، ئەگەر کچیش بوو(پائۆلینا) ئەمە بۆچوونی بیان کینایە.

قەشە دەڵێ:

- بۆچوونێکی زۆر جوان و بەجێیە، ئەگەرچی بەشەرەفم سوێند دەخۆم کە ئەمجارە هەربەڕاستی من بێ تاوانم. ئەوشتەی کە لەم نێوانەدا زۆر بە دژواری جێ بە جێ دەکرێ وەرگرتنی رەزایەتی بنەماڵەی کولامارتینیە.

بیرەنیچە بە سەرسووڕمانەوە دەپرسێ:

- چی؟ بنەماڵەی کولامارتینی رازی بەم مەسلەتە نین؟

قەشە دەڵێ:

- دۆن پاسکاڵ رازی نییە. بە بڕوای ئەو بنەماڵەی کولامارتینی ناتوانێ روو ڕەشی ئەم مەسلەتەی لەگەڵ بنەماڵەی جیراسولەدا بەخۆی رەوا ببینێ.

بیرەنیچە رەنگێك دێنێ و دەبا و کپ دەبێ. ئەوجار سەبارەت بە بنەماڵە کولامارتینی زاری دەکاتەوەو ئەوەی بە زاری دا دێ نایگێڕێتەوە:

- چما ئەمانە خۆیان بەچی دادەنێن؟ بۆ وادەزانن کەس لێیان ناگات؟ مام قەشە گیان ئێوە سەر بەقەشەنشینێکی دیکەن و هێندێ شت لێرەدا هەن کە سروشتییە ئێوە ئاگاداریان نەبن. بەڵام لەم ناوچەیەدا سەبارەت بە بنەماڵەی کولامارتینی لە هەرکەسێك پرسیار بکەی بۆتان روون بێتەوە کە چی لەسەر ئەم بنەماڵەیە دەگێڕنەوە.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- ئەم سەربردەیە بۆمن جێگای سەرنج نییە.

و دەیەوێ بەرەو ئەو ژوورەی کە بۆی دیاری کراوە بچێ ، بەڵام بیرەنیچە هەروا بە هاسانی دەست بەردار نابێ و دەڵێ:

- دۆن پاسکاڵ لەگەڵ ئافرەتێکی عەقڵ سووك کە بەدەساڵان لەخۆی بەتەمەن تر بووە زەماوەندی کردووەو، ئەم زەماوەندەش تەنیا لەبەر جیازییەکەی بووە و تابە ئەمڕۆش بنەماڵەی کولامارتینی هەر لە داهاتی جیازی ئەو ژنە نەفامە دەخۆن کە لەگەڵ خوێدا هێنا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بووی. دۆن پاسکاڵ تەنیا لەبەر ئەم مەبەستە نەیهیشتووە خوشکی مێرد بکات کە بەشە میراتی نەکەوێ. بەم جۆرە ئەمانە چۆن ڕێگە بەخۆیان دەدەن فیزو ئیفادەمان بەسەردا لێبدەن و خەڵکی دیکە بێ خورمەت بکەن، لەحاڵێکا کە بۆخۆیان تا بە ئەو رادەیە بەدبەخت و فەلەك زەدەن؟ لێرە هەموو کەس ئاگاداری دیرۆکی بنەماڵەی کولامارتینییە.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- بنەماڵەی کولامارتینی هەر چۆنێک بن هێشتا خاوەنی دێرۆکێکن ئەگەر چی خراپیش بێ، کەچی بە وتەی دۆن پاسکاڵ کەس نازانێ جیراسوولەکان لەژێر کام بنچکە گیایەکەوە هەڵتۆقیون...

هەر ئەو قسەیە بەستە بۆ ئەوەی گڕ لە بیرەنیچە بەربدات. دەرکەی زاری دەکاتەوە و نەقڵی دیرۆکی بنەماڵەی جیراسوولەی بۆ دەگێڕێتەوە. بێ گوومان ئەگەر بیرەنیچە شەجەرەنامەی بنەماڵەکەی خۆی تا بە سەردەمی شەڕەکانی خاچ نەگەیاندووە تەنیا لە مەڕ ڕەعایەت کردنی ئیجازو بە کوورتی ووتن بووە، بەڵام هەرچۆنێ بێ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە جیراسوولەکانیش لەخۆیاندا خاوەن دیرۆکێکن:

- کەس هەیە بێ دیرۆك بێ؟ هەموو کەسێك بۆخۆی دیرۆکێکی هەیە.

دۆن پیئۆلۆ دەڵێ:

- فەیلەسووفێکی خەڵکی لای(مارسیکا) ناسراو بە(دۆن بێنەدیتۆ کورچە دۆ پێسکا) ئەوە دەسەلمێنێ کەهەموو شتێك مێژووییە و هیچ شتێك بۆی نییە لە دەرەوەی مێژوو دابێ.

بیرەنیچە درێژەی پێدەداتەوە:

- چما ئێمە لە هەوا دروست کراوین؟ بۆچی ئێمە ئادەمیزاد نین؟

دۆن پائۆلۆ پەسەندی دەکا کە:

- جیراسوولەکانیش لە پاشماوەکانی حەزرەتی ئادەمن، بەڵام سەر بە کام لق و تایەفەن، کەس نازانێ. بەڵگەنامە و شەجەرەنامەکان هەموویان تێدا چوون، سەرەڕای ئەمەش ڕەگەزی یەکەمی جیراسوولەکان بێگوومان دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی ئادەم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەنانەت هیچ دووریش نییە حەزرەتی ئادەم کە لە باغێکدا هاتوەتە دونیاوە و تێیدا ژیاوە- ئەو باغەی کە بەهەشتی سەر زەوی بووە- ناوی ئادەم جیراسوولە نەبووبێ.

بیرەنیچە دەپرسێ:

- ئێوە لە رووی چ بەڵگەیەکەوە ئەم قسەیە دەکەن؟

دۆن پائۆلۆ وەڵام دەداتەوە:

- با وای دابنێین، تەنیا گریمانەیەکی رووت، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە بە وتەی یەکێ لە زانا بە ناوبانگەکان، گریمانە لە خۆیدا وەک چرایەکە کە تیشک دەخاتە سەر رێگای زانست. لە گشت ئەو بەڵگەو نامیلکانەی کەباسی حەزرەتی ئادەمیان تێدا کراوە لە هیچ شوێنێك ئاماژە بە ناوبانگی بنەماڵەیی ئەو نەکراوە و لەهەموو شوێنێکدا لە رووی کەمترخەمیەوە و تەنیا ناوەچکۆلەی (ئادەم)یان هێناوە. لە ئاکامدا هیچ بەربەستێك بۆ بەرگری لەم گریمانەیە لە گۆڕێدا نییە کە ئێمە وای دابنێین ناوبانگی ئەو جیراسوولە نەبووبێ واتە ئەویان بەناوی(ئادەم جیراسوولە) ناو نەبردبێ.

بیرەنیچە بە رەخنەوە دەڵێ:

- خۆ دۆن پاسکاڵیش دەتوانێ ئیدەعای ئەوە بکات کە ناوی کولامارتینی بووە. مەبەستم لەناوی حەزرەتی ئادەمە.

دۆن پائۆلۆ وەك روون کردنەوەیەک دەڵێ:

- ئەم ئیدەعایە لە رووی بێ عەقلییەوەیە. ناوبانگی کولامارتینی لە دووبەش پێچك هاتووە، واتە لە دوو بنەماڵەی(کولا) و (مارتینی) پێک هاتووە بەڵام پێش حەزرەتی ئادەم بنەماڵەکانی کولاو مارتینی نە خووڵقا بوون. هەرگاوایە گریمانەی کولامارتینی بوونی حەزرەتی ئادەم هەڵوەشاوەیە، بەپێچەوانەوە بەتەواوی بۆی هەیە کە وای دابنێین ناوی ئەو(ئادەم جیراسوولە) بوو بێت، گریمانەیەکی مووتڵەق.

ئەم گریمانەیە بەجارێ بیرەنیچە لەخۆی دەگۆڕێنێ و بە هارووژانەوە دەڵێ:

- سەبارەت بەم بابەتە دەبێ بیروڕای مام قەشەی فووساش بپرسم.

دۆن پائۆلۆ هەوڵدەدات ئەو لەم بریارە پاشگەز بکاتەوەو دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- لەبەرچی سەرو دڵی ئەو دەگرن؟

بیرەنیچە دەڵێ:

- من سەرم لەم کارانە دەخورێ. ئێمە بەو پەڕی فیداکارییەوە ئامادە بووین یەکێ لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان رەوانەی خوێندن بکەین و هۆی سەرەکییەکەشی لەوەدا بوو کە پیاوێکی خوێندەوار لە بنەماڵەکەماندا هەڵکەوێ. و ئەگەر لە رۆژێکی ئاوا و بۆ پێشهاتێکی لەم جۆرە نەتوانین پرسی پێ بکەین ئەدی قازانجی خوێندنەکەی لەچیدایە.

کاتێ سەرئەنجام بیرەنیچە دۆن پائۆلۆ بە تەنیا جێ دەهێڵێ، ئەو بە پەلە نامەیەك بۆ دوکتور ساکا دەنووسێ و داوای لێدەکا لەمەڕ پێویستییەك، هەم وەك دۆستێك و هەم وەك نۆژدارێك، بەپەلە خۆی بگەیەنێتە فووسا.

لەم بەینەدا پیاوە بێکارەکانی ئاوایی کە هەر ئێستا کاتی خواردنی قاوەڵتوونیانە دێنە بەر دەمی میوانخانەی تۆرێنسێل و لە سەر ئەسکەملەکان پاڵ دەکەون. ئەم تاقمە لەو پیاوە ژیرانەن کە بۆ حەوتوویەک دەچێ ڕیشیان نەتاشیوە و بە تۆی کراسێکەوە هاتوونە دەر و پێلاوەکانیان بەسەر پێوە کردووەو دووگمەی بەرۆك و شەرواڵەکانیشیان ئاوەڵایە. بێجگە لەم تاقمە پۆلە لاوێکی دیکەشی لێیە کە کارو پیشەی جۆراو جۆریان هەیە بەڵام لە رواڵەتدا هەر هەموویان وەك ئارایش گەرێك دەچن کە سەرو پرچیان بە رۆن چەور کردووە و شەقی شەرواڵەکانیشیان بێ ئیرادە. لەنێو ئەم لاوانەدا، پیاوێکی بەساڵداچووشی تێدایە بە سمێڵە گۆپاڵی و ڕیشە پەشمینەکەیەوە و بەو کڵاوە لێواردار و گەورەیەی کە لە سەریەتی، هەر وەك ئەکتەرێکی دێهاتی دەچێ کە دەمامکی شانۆگەری لێدابێ و لە مەیدانی شانۆدا خەریکی وتار خوێندنەوە بێ. ئەم پیاوە بە ئاسوودەیی لە سەرچواردانە ئەسکەملە پان بوەتەوەو شێوە دانیشتنەکەشی بەم چەشنەیە کە لای قوورسایی لەشی لەسەر ئەسکەملەیەکیان داناوەو لاقەکانیشی لەسەر ئەو ئەسکەملەیە درێژ کردووە کە لە پێشیەتی و سەرئەمجام باسکەکانیشی بەتەواوی فش کردوەتەوەو هەر کامەی لەسەر ئەسکەملەیەك کە لەم بەرو ئەو بەریەتی داناوە. کچێکی جوان و لەبار بە بەر میوانخانەکەدا تێدەپەڕێ. پیاوەکە گورج ڕادەپەڕێ، کرنۆشێکی ماقووڵانەی بۆ دەبات و لەحاڵێکا چاوەکانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبریسکێتەوەو مووی سمێڵەکانی دەلەرزن، ددانەکانی لەچیرەوە دێن و وەك بەرازێکی ئاوی هانکە هانکیەتی. کچە گەنجەکە سوور هەڵدەگەڕێ و ملی رێ دەگرێت و دەڕوا. یەکێ لەلاوەکان دەڵێ:

- ئەو چەتیوە زۆر دێهاتییانە دێتە بەرچاوان.

بەڵام جوان دیارە ئەو کچە ڕێبوارە بەو گۆنا سوور و ئەو سینگە هەڵکەوتووانە و ئەو بەرە ڕانە پڕانەیەوە بەتەواوی لەش ساغ و شۆخ و شەنگە. تێپەڕینی ئەم کچە سەرەتای رووداوە گرینگەکانی سەر لە بەیانی ئەم رۆژەیە.

لەسووچێکی گۆرەپانەکەڕا، شاگردی نانەوانخانە، هاتنی رووداوی دووهەم رادەگەیەنێ کە پەیدا بوونی کچەکانی بەرپرسی وێستگەی هێڵی ئاسنە. لاوەکان لە بەر میوانخانەی تۆرێنسێڵدا وەك ئەو سەربازانەی  کە بۆ مەشق ئامادە دەبن بە ریز رادەوەستن. دووکچە گەنجەکان لەبن برۆ هەڵگەڕاو و کەوانێکانیانەوە سەیرێکیان دەکەن و، بە بسکی ئاڵی مەیلەو زێوینەکانیان و بە چاوە خوومارەکانیانەوە وەك ماییێکی کەحێل بەوێدا ڕادەبڕن.

بەم چەشنە رووداوە گرینگەکانی ئەو بەیانییە کۆتاییان پێدێت و لەنێو پیاوەکاندا وتووێژە ئاساییەیەکان دەست پێدەکاتەوە. ستایەشگەرو جوانپەرستی جوانییەکانی دێهات بە شێنەیی و لەسەرەخۆ دەنگ هەڵدەبڕێ و لەسەر بنەمای مەزندە کردنی نێوان گۆشتی سوورکراوە و گۆشت گای کوڵا و مەنتقی خۆی شی دەکاتەوە.

دۆن پائۆلۆ لە بێرەنیچە دەپرسێ:

- ئەم پیاوە کێیە؟

بێرەنیچە لەوەڵامدا دەڵێ:

- ئەمە گەورەترین پارێزەری مەڵبەندی ئێمە، بەرێز(مارکۆ تۆلیۆ زابالیا) ناسراو بە زابالیوونە یە.

ئەم ناوە بەگوێی دۆن پائۆلۆ نائاشنا نییە بۆیە دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- هەر ئەو پیاوە نییە کە سەردەمێک لەم مەڵبەندەدا ڕێبەرایەتی سوسیالیستە توندڕەوەکانی (ماکسیمالیست) لە ئەستۆ بوو؟

- بەڵێ، خۆیەتی، بەڵام هەرچۆنێك بێ پیاوێکی باشە.

زابالیوونە لە بوونی قەشەیەک کە لەبەر دەرگای میوانخانەکەیە ئاگادار دەکرێتەوە و بەم جۆرە خۆی دەناسێنێ:

- من زابالییای پارێزەرم. دیتنتان بۆمن زۆر زۆر جێی شانازییە. ببوورن ئێوە قەشەی مەڵبەندن؟

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- کام مەڵبەندە؟

- مەڵبەندی ئۆسقۆف نشین... ئەگەر ئەم پرسیارەم لە ئێوە کرد تەنیا بۆ ئەم مەبەستەیە کە دەمەوێ بزانم ئایا ئەو واعیزانە دیاری کراون یان نەء، کە بڕیار بوو بە بۆنەی ئامادەبوونی سەربازەکان بۆ ڕۆشتن، بێن بۆ ئێرە بە مەبەستی خوێندنەوەی ئامۆژگاری ئایینی لە ژێر ئاڵای نیشتماندا و، هەروەها حەزم دەکرد بزانم ئەو واعیزەی کە بۆ ناوچەی ئێمە دیاری کراوە کێیە؟

دۆن پائۆلۆ وڵام دەداتەوە:

- تا چەند ڕۆژی دیکە دیاری دەکرێن، بەڵام من سەر بەقەشەنشینێکی دیکەم... قەشە نشینی (فراسکاتی).

دۆن پائۆلۆ لەوەی کە خۆی بەو سەرو وەزعەوە لەکن پیاوێکدا دەبینێ کە لە سەردەمی منالیدا هەمیشە لە حاند ئەودا لە زمانی خاوەن زەوییەکانەوە تووك و دوعا و نەفرەت و لەزمان هەژارانیشەوە تاریف و ئافەرینی بیستبوو، کەمێ هەست بە هەژان و پەشۆکاوی دەکا. ناوبانگی زابالیوونە لەمەڕ قسەزانی و فەساحەتی قسەکانی لە نێوبژی کردنەکانی دادگادا سەرچاوەی گرتبوو. لە ڕۆژانی کۆبوونەوەی دادگا کاتێ خەڵکی دەیانزانی کە بڕیارە زابالیوونە قسان بکات، لە پینەچی و دارتاش و بەرگ درووییەوە بگرە هەر هەموویان دووکانەکانیان تەختە دەکرد. ئەو کەسانەی کە بۆ بیستنی قسەکانی توانای

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوونە ژووریان هەبوو تێکڕا چەپڵەیان بۆ لێدەدا. بە ناوبانگترین دەرەنجامی قسەکانی دەبوون بە مەسەل. ئەو تاونبارەی کە زابالیوونە پارێزی بۆ دەکرد، ئەوەندەی کە بایەخی بە قسەکانی پارێزەکەی دەدا هێندەی گوێ بە زیندان بڕانکەی نە دەبزووت. بەرە بەرە ئەو وەك (ئۆرفوئە)(1) یەکی نەتەوایەتی لێ دەردەچوو. بە دوای گۆڕانی ڕێژیم، دەستەیەك سەرباز ئەرکی دەست بەسەر کردنی ئەویان کەوتە ئەستۆ بەڵام ئەو لەبەر هەیوانی ماڵەکەیانەوە ڕوو لە سەربازەکان وتی:

- ئەی هاو نیشتمانەکانم، ئەی ئێوە کە خوێنتان تێکەڵ بە خوێنی منە، ئەی برادەرەکانم...

سەربازەکان پاش ئەوەی کە بۆماوەیەکی درێژ گوێیان بۆ قسەکانی ڕاگرت بەبێ ئەوەی بڕیارەکەیان بەجێ بگەیەنن گەڕانەوە. پاشان دەستەیەکی ژندارمیان بۆ ئەم مەبەستە ڕەوانە کردەوە. ئەم دەستەیە لەنەکاو گرتیان و زاریان بەست و بەبێ زمانی ڕەوانەی زیندانیان کرد. لە نێو ڕێدا، زابالیوونە بەجووڵە جووڵ و ئاماژەکانیەوە- کە بە دیتنیان پیاو زگی پێدەسوتا- دەپاڕایەوە تا بەڵکوو ئازادی بکەن وچاوە گەورەکانی هەروەك چاوی گا هەڵدەسووڕاند، جاری وابوو بەرەو ئاسمان و جاری وا بوو ڕوو لە قووڵکەکانی ژێر عەرزی دەپاڕایەوەو لە زارە بەستراوەکەیەوە کەف هەڵدەستا. فەرمانیان بە ژاندارمەکان دابوو کە سەیریشی نەکەن، تەنانەت لە کاتی لێپرسینەوەو لێکۆلینەوکاندا دەسرەیان لە زاری نەکردەوە. حوکمیان لێ کرد کە لە وەڵامی پرسیارەکانی کۆمیسێری پۆلیس کە لە ڕۆماوە هاتبوو تەنیا بە ئاماژەی سەر وەڵام بداتەوە. بەڵام پاش تێوەرسووڕانی چەند ڕۆژ بە سەر گرتنەکەیدا، بە بڕیاری کاربەدەستانی بەرزی ڕێژبەم ئازاد کرا. لەو کاتە بەدواوە زابالیوونە زەحمەتێکی زۆری دەکێشێ تا بەم جۆرە بیرەوەری نووتق و قسەکانی لە بیری خەڵك بباتەوە. وازی لە ڕیشە بزنانەکەشی هێنا کە لە ساڵای

---

(1) **Orphee ئۆرفوئە گەورەترین مووسیقاری سەردەمی کەونارا کە بەبیستنی شێوازە داودییەکەی دەرندەکانیش بۆی سڵ دەبوون و لەبەرپێی دەکەوتن. لەشەوی زماوەندەکەیدا،مار بەخێزانیەوە داو ئۆرفوئە چوو بۆ جەحەندەم تا بە دەنگە دڵنەوازەکەی دڵی دێوە جەحەندەمییەکان بەزەیی بێنێ‌و تا ئەوان خێزانی بدەنەوە.**

خوێندنی لە زانکۆدا هەمیشە بە شێوەی (مازینی) دەیتاشی و، ئێستا لەبەر ئەوەی روالەتێکی بە هەیبەت و شەرکەرانە بەخۆی دابێت وەك تۆپە ریشێك بەریداوەتەوە. جاران کە لەبەر بێوازی و خەمساردانە لە حاست روالەتی خۆی و بە مۆدی ئەو پیاوانەی کە زۆر بە تەنگ پرسی ئاشتی خوازای و ئازادی خوازین سمێڵەکانی هەمیشە شۆڕ ببوونەوە، ئێستا بەرەو حەوا بایداوەتەوە و قیت و شەق راوەستاوە. ئەم گۆڕانکاریانە، لە خوێدا، بەرچاوترین و لە ئاکامدا ئازاردەرترین فیداکاریەکانی ئەو بوون کە گوتەبێژو قسەزانی سالانی رابردووی ناچار کردبوو کۆڵی پێبدات. بەلام کێ ئامادەیە گشت ئەو وردە فیداکاریانەی بۆ بە حسێب بێنێ کە لە رۆژدا بەرەو رووی ئەو داماوە دەبێتەوە؟ وەك چاو پۆشین لە بیرورای خۆی و هەڵسەنگاندی ئەو وشانەی - کە لە کاتی قسە کردن لە سەر رێژیم- لە زاری دەردەپەرێن و،جگە لەمەش ناچار کراوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەباری سیاسیەوە جێی گوومان بوون بە نا بە دڵی پێوەندی بپچرێنێ، کێ هەیە گشت ئەم فیداکارییانە ببینێ. و بەراستی دەبێ دان بەوەدا بێنین کە زابالیووە بەوپەڕی نیاز پاکی، کە قەت چاوەڕوانی لێ نەدەکرا ئەم فیداکارییانەی لە خۆی نیشانداوە و، کەچی هێشتا نەیتوانیوە جێگا و ئابرووی خۆی بە گشتی بکرێتەوەو هەموو جارێ لە کۆبوونەوەی رێخراوە نوێیەکاندا سەرنجی خۆی نادرێتێ و دەبێ کەمێ خۆی دوورە پەرێز راگرێ.

ئەوشتەی کە لەم سالانەی دواییدا بەردەوام ئەوی ئازار داوە، گرفتی خۆ بێدەنگ کردن بووە کە ناچار بووە بە زۆرەملی خۆی دەم کوت بکات، ئەوەش لە حالێکدایە کە ئەو هەمووە دەرفەتەی بۆ هەڵکەوتووە تا گیانی کۆمەڵ بهاروو‌ژێنێ و ئەوان تا ریزی رەوتی رووداوەکانی سەردەم بباتەوە پێشێ. بەم چەشنە مەجالی ئەو دەرفەتە گرینگ و مەزنانەی لەدەست داوەو ئەمەش لە خوێدا سەرباری هەموو دەردانە.

دۆن پائۆلۆ دەست بەجێ ئەمەی بە زەین دەگات کە دەتوانێ ورە وەبەر خۆی بنێت و وەستایانە کۆمەڵێ پرسیار ئاراستەی پارێزەر بکات سەبارەت بەوەی کە ئایا لە دەشتی فوچینۆدا ئێستاش ئەندامانی سوسیالیستی هەن یان نا و پێی دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئەگەر لە مەڵبەندی قەشەنشیندا خزمەتێکم بۆ ئێوە لە دەست بێ فەرموون تا بە دڵ لە خزمەتدا بم.

هێندەی نەمابوو کە زابالیونە لە قەشەی نووسێ و ماچی بکات. بە شێوەی لاڵانەوەوە دەڵێ:

- ئەو شانازیەم پێ بدەن کە بۆ نان و چا خواردنی نیوەڕۆ لە خزمەتدابم.

سەرەتا دۆن پائۆلۆ هێندێ مینگە مینگ دەکات بەڵام ئاخرەکەی لێی قەبووڵ دەکا. بۆ ڕۆشتن بەرەو ماڵی زابالیوونە سەرەتا دەبێ لە بەشی کۆنی ئاوایی تێپەڕن کە بریتیە لە کۆڵانی تەنگ و تاریك و وێران و هەمووشیان بەناوی پیاوچاکانی ناوچەکە ناودێر کراون. بە مەیدانێکی چکۆلەدا تێدەپەڕن کە بەخانووە نەوییەکانی ئەو گەڕکە، ئابلۆقە دراوە و سەنگی سەر درگاکانیان بە تێپەڕبوونی زەمەن ڕەش هەڵگەڕاون. لە پشت پەنجەرەی ماڵەکانەوە کە گوڵە شەمدانییەکانی بینەر دەخاتە بیری شوورەی پاراستن، کچەکانی بنەماڵە ڕەسەنەکان لە بۆسەدان و هەناسە هەڵدەکێشن. زابالیوونە لەحالێکا چاوەکانی دەگێڕێ و ددانەکانی گڕڕ دەکاتەوە، چاوحیزانە، بەناو لەگەڵ یەك بە یەکەیان چاك و چۆنی دەکات. لە دوای بەشی کۆنی ئاوایی، ئێستا نۆرەی بەشی تازە بینا کراوی ئاواییە کە بە دوای بوومە لەرزەکەی ئەم دواییانە، بە شێوازی شار بینا کراون. کۆڵان و شەقامەکان بەپێی نیازی گەڕەك زۆر بەرینن و خانووەکانیش بە شێوەی ڤیلا، بە پەنجەرە کەسکە تازە ڕەنگ کراوەکانیان و شوورەکانیان کە لە سەر پایەی چیمەنتۆ قائیم کراون، ساز کراون. ناوی کۆڵان و شەقام و گۆڕەپانەکان بە ناوی ڕۆژە نەتەوەییەکانی ئەم سەردەمە ناودێر کراون کە پێوەندی بە حیزبی دەسەڵاتدارە، بە جۆرێك کە دەڵێی دەفتەری ڕووداوە گرینگەکانی مێژووە. لە پێشخانی خانووەکان، لەسەر حەوزی ئاوەکان و لەسەر شوورەی تاقەکان هێندێ دروشمی پاڵەوانانەی حیزبی دەسەڵاتدار وەبەر چاو دێن کە بە خەڵووز یان بە گەچ و ڕەنگ یان بە شێوەی هەڵکۆلیاری هەڵکەندراون و نووسراونەتەوە.

لەبەر دەرگای ماڵی زابالیوونە فەعلا و پاڵەکان،کولێرە و چەقۆ بە دەستەوە لەسەرعەرزی دانیشتوون وپێخۆرەکەشیان بیبەری سوور و سەوزەیە. بەدەوری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خانووەكەیدا حەسار كێشراوە كە لەسەر حەسارەكان شووشە شكاوی ساردییان لێ چەقاندوون. دەوری باغچەكەی بە تێلدڕوو گیراوە. لەنێو باغچەكەدا پیاوێك لەسەر خێزی نێو باغەكە چۆكی داداوەتەوەو دەوری ئەو باغچەیە خاوێن دەكاتەوە كە بەگوڵی سێ رەنگ رازاوەتەوە و نیشاندەری ئاڵای سێ رەنگی ئیتالیایە.

زابالیوونە دەڵێ:

- من گوڵم خۆش دەوێ. كۆمەڵێ شت هەیە كە تەنیا گوڵەكان دەتوانن پیشانی بدەن.

لەبەر دەرگای ماڵێدا، ئافرەتێكی بەلەباریك و باڵابەرزو خانوومان كە خێزانی زابالیوونەیە بە پرچی لوول و فرِ لێدراویەوە پەیدا دەبێ.

شووەكەی فەرمانی پێدەدا :

- دەستی جەنابی قەشە ماچ بكە و بەجێمان بێڵە.

ژنی خانوومان بە رێزەوە دەستی جەنابی قەشە ماچ دەكا و دەروات.

ئەو جار لە داڵانی ماڵەكەدا سێ كیژی جوان و پۆشتە بە بەرگی بۆرەوە دێنە پێشوازی. هەرسێ كیان لاوازو رەنگ هەڵبزركاون كە وەك كرم دەچن و پیاو دەخاتە بیری سێ دانە نەمام كە لە سەردابدا شین بووبێتن. ئەمانە كچەكانی زابالیوونەن.

باوكیان بە مانیش دەڵی:

- دەستی جەنابی قەشە ماچ بكەن و تەنیامان بێڵن.

كچە گەنجەكان بە نۆرە دەستی جەنابی قەشە ماچ دەكەن و بە هێمای رێز لێنان ئەژنۆیان دەشكێننەوە و دەچنە دەر.

لەژووری نان خواردندا دۆڵابێكی گەورەی لێیە كە لە دار گوێزدروست كراوە و بە میوەی خۆشرەنگ و دەفری شەراب و گۆزەی مرەبا رازاوەتەوە و، ئەم دەقە پاڵەوانییەی لەسەر هەڵقەندراوە:

Dulce et Decorum Est Propatria Mori

واتە: (مردنێك كە لە رێی نیشتماندا بێ گەلێ شیرینە و مایەی شانازییە !)

زابالیوونە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئەم دۆلابەم بەنرخێکی باش کڕیووە، دیارە بەسەریدا کەوتم، بەڵام بۆ خۆم بردمە لای دارتاش تا ئەم دەقەی لەسەر هەڵقەنێت. دیارە جەنابتان تێدەگەن کە مرۆڤ هەر بە نان ناژیت.

هێشتا نەچوونەتە سەر سفرە کە (ئاجیوتا)یان(1) بۆدێنن. زابالیوونە رووی قسەکەی لەخێزانی نێو ماڵ دەکات و بەم جۆرە ئیشتیای لەرادەبەدەری خۆی بەدەنگێکی بەرز رادەگەیەنێ. رووی گەش دەبێتەوە و چاوەکانی لە خۆشیان تروسکەیان دێ وجارجار سمێڵە ئەستوورەکانی بەجوولەیەك بادەدات کە نیشانەی نەوسنی و چڵێسییە، وەك ئیشتیای پشیلەیەك. راست هەر وەك منالێکی زەلام و چڵێس و سوورکارە پێش بەندەکەی لە دەوری ملی گرێ دەدات و بە راوێژێگی گەرم و دۆستانە، کە لە هەمان حاڵیشدا نیشانەی بێ شەرمی و هیچ بە ئیراد نەگرتنە، لەگەڵ قەشەدا قسان دەکات. بە روو گرژییەوە کە مەبەست لە بە هێند نەگرتنی کردنەوەی توێژی لاوانە دەڵێ:

- لاوەکانی ئەم سەردەمە لە داب و نەریتی چێشت خواردن ناگەن و هەر بەم هۆیە زۆر خراپن.

قەشە ئەمەی پێوە زیاد دەکا و دەڵێ:

- داب و نەریتی پێشینیان بەرە بەرە خەریکی تێدا چوونە.

دیارە زابالیوونە لە بەها خۆجەییەکان خافڵ نییە و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

- رۆژانی یەك شەمۆ کچەکانم بۆ نوێژی مس دەنێرم. ئەگەر باوەڕم پێ ناکەن دەتوانی پرسیار لە دۆن جیراسوولە بکەن. بەراستی ئەگەر ئافرەت دەم بێنی ئایینی بەدەمەوە نەبێ دونیا تێك دەچێ .

لەم کاتەدا ئافرەتەکان سەر قاڵی خواردنی ژەمی نیوەڕۆن. زابالیوونە چاو برسییانە پڕدەداتە چنگاڵەکەی و پاشان لە دەوری ئیسپاگیتییەکەدا بایدەدات و بە یەک کەڕەت لەزاری خۆی رۆدەکا. دۆن پائۆلۆ بە سەرسووڕمانەوە هەناسەی سوار دەبێ و لە بەر

---

(1) **جۆرە ژمێکە وەک ماکارۆنی و ئیسپاگێتی کە بەر لە چێشت خواردن دەیخۆن.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆیەوە دەڵێ: (ئەم هەتیوە چۆن ناخنکێ ؟) بەڵام نابێ لە بیری بچێ کە زاری زابالیوونە، زاری پارێزەرێکی پیس خۆرە.

قەشە لە مەبەستی دیدارەکەی خافڵ نییە و بۆیە قسەکانی بادەداتەوە سەر یەکێتییەکانی جووتێری کە لە لایەن ڕێژیمەوە بە هەڵوەشاوە ڕاگەیاندراون، بەچەشنێك کە دەڵێ:

بەر لە دامەزراندنی ئەم ڕێژیمە من کاربەدەستی ڕێکخستنی ڕێکخراوی جووتیارە کاتۆلیکەکان بووم. پاشان ڕێکخراوەکەمان هەڵوەشایەوە و لە نێو چوو. بە لێکدانەوەیەك، بارو دۆخی ئێمە و ئێوە بەیەك ئاقاردا ڕۆشتووە. لە باری هزری و ڕۆحییەوە ئێستا دەبێ بارو دۆخی ئەو سووسیالیستانە چۆن بێت کە پێشتر ئەندامی سەندیکاکانی ئەم مەڵبەندە بوون؟ ئایا هەموویان چوونەتە نێو ریزی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان؟ ئایا ئەو کەسانەی کە لایەنی خۆیان بەرنەداوە و لەریزی خەباتدا ماونەتەوە زۆرن؟

زابالیوونە کوتووپڕ خۆی گوورج دەکاتەوە، قیافەیەکی ماقووڵانە بەخۆیەوە دەگرێ و دەست لەخواردن دەکێشێتەوە. پەرداخەکەی پڕ دەکات و دەیخواتەوە. ددانەکانی بەچیلکەی ددان خاوێن دەکاتەوە، دیسان پەرداخەکەی پڕ دەکاتەوەو بۆ جاری دووهەم دەیخواتەوە.

دۆن پائۆلۆ لەبەر ئەوەی خانەخوێیەکەی وەقسان بێنێ، سەبارەت بە بارودۆخی قەشەنشینی فراسکاتی درێژدادڕی بۆ دەکات. ئاخرەکەی زابالیوونە دەم بۆ قسە دەکاتەوەو دەڵێ:

ڕاستییە ڕەسمییەکەی ئەوەیە کە پێشتر "بوولشیڤیزم" لەم دەڤەرەدا دەسەڵاتدار بووە و سروشتیشە کە ئایین و کارو خاوەندارێتی تایبەتی فڕی بەسەر دونیاوە نەمابوو... پاش ئەوان(ئەلەخ ئەلەخ)(1) پەیدا بوو و ئایین و کارو خاوەندارێتی تایبەتی گەڕاندەوە سەر دۆخی جاران.

دۆن پائۆلۆ بەراوێژێك کە وا دیارە خۆمانە بێ دەڵێ:

---

(1) مەبەست لە ئەلەخ ئەلەخ Etcaetera Etcaetera موسۆلینی پێشەوای فاشیستی ئیتالیایە کە بە تەنزەوە واتە پاش ناوبردنی ناوبانگ و عینوانەکانی زۆرکەس ناوی ئەویان لە ئەلەخ ئەلەخ کوورت کردوەتەوە .نوسەر لە هەموو شوێنێکی نێو ئەم کتێبەدا مۆسولێنی بەناوی(ئەلەخ ئەلەخ) یاد دەکاتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- خۆ ئێمە ئێستا نە لە گۆڕپانی گشتی داین و نە لە سەر منبەری کلیساین، بەڵکوو بە تەنیا و کۆڕەکەشمان زۆرخۆمانەیە. هەردووکمان ئاگاداری شتە راستییەکانین، ئەدی راستییە نارەسمییەکەی کامەیە؟

زابالیوونە دەڵێ:

- راستییە نارەسمییەکەش ئەوەیە کە پێشتر برسییەتی و جەهەڵ و نەزانین باڵی بەسەر ئەم ولاتەدا کێشا بوو. هەژاران و بێ ئەنواکان بەرە بەرە دەچوون تا لە ریزی یەکێتییەکانی جوتێریدا ناو نووسی بکەن و باری گوزەرانیان باشتر بێ، کە لە نەکاو ئەلەخ ئەلەخ پەیدا دەبێ و یەکێتییەکانی بە هەڵوەشاوە راگەیاند، بەلام نەك هەر برسێتی لە نێو نەچوو بەڵکوو ئێستا پتریش بووە.

قەشە دەپرسێ:

- ئەندامە پێشووەکانی یەکێتییەکان ئێستا بەچییەوە خەریکن؟

ئەمە خاڵێکە کە لە هەموو شتێك زیاتر بۆ قەشە بووە بەمەراق و لەسەر دڵی بووە بەگرێ.

زابالیوونە وەلام دەداتەوە:

- ئەگەر بەرەسمییەکەی عەرزتان کەم هەموویان لەنوێ لە دایك بوونەتەوە و لە مەودوا لە سایەی ئەلەخ ئەلەخ ژیانێکی تازەیان بە بەردا دەکرێ، هەر ئەو پیاوە مەزنەی کە سەفاو ئاوەدانییەکی نوێی بە رووەمای نیشتمانەکەمان بەخشیوە.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- رەنگە بە شێوەیەکی نارەسمییانە هەر ئێستاش سوسیالیست بن؟

- ئەم هەڵکێشانە ئیدەعایەکی فشەیە. کافوونەکان بەو مەبەستە دەچوونە نێو ریزی یەکێتییەکان تا لەباری بژیوەوە هێندێ دابین بکرێن. سوسیالیزم لە روانگە و زەینی ئەماندا هەر ئەو تۆزە دابین کردنە بوو...سوسیالیزم بۆ بەشی هەرە زۆریان بەمانای کارکردن و زگ تێر کردن بوو. بەڵێ، کارکردن و بە ئاسوودەیی خەوتن، رزگار بوون لە دەست غەمی بژێووی سبەی. لەناوەندی یێکیەتی جوتیاران لە فووسا، لە پەنای وێنە ریشنەکەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارکس وێنەیەکی عیسا مەسیحیشیان هەڵواسیبوو کە جل و بەرگێکی سووری لەبەردا بوو. ئێوارەی رۆژانی شەمۆ، کافوونەکان سەردانی یەکێتییەکەیان دەکرد و سروودی(رابن ئەی هاورێیان، ئەی برادەران) یان دەخوێندەوە. رۆژانی یەك شەمۆش بۆ نوێژی مس دەچوون وئامینیان بۆ دووعاکان دەووت. نامەی ئامۆژگاری ناردن بۆ ئەم و ئەو بەردەوام ترین سەرقاڵ بوونی بەرپرسێکی سوسیالیست بوو. ئێستاش هەر ئەو بەزمەیە، بەم جیاوازییەوە کە بەرپرسی حیزبی دەسەڵاتدار یان قەشەیەك نامەی ئامۆژگاریان بۆ دەنووسێت. ئێستا ئیتر ئامۆژگارینامەکانی من بایەخی خۆیان لە دەست داوە، هەر بەم هۆیە ئیتر کافوونەکان گوێم نادەنێ و کاریان پێم نەماوە.

- ئەو کاتیش کەس سوسیالیستێکی راستەقینە نەبوو؟

زابالیوونە دەڵێ:

- بەقسە من تەنیا کەسێك بووم کە سوسیالیستێکی راستەقینە بووم. دیارە لەنێو ریزی ئەو کافوونانەدا چەند نموونەیەك هەڵدەکەوتن کە لەوانی دیکە ئاگاتر بوون و بۆ یەکێتییەکان دەپاڵێوران و، راپەرینە بووژێنەرەکەی ئەلخ ئەلخیش راستەوخۆ هەڵمەتی بردە سەر ئەم تاقمە. رۆژی نۆزدەی بەفرانباری1923(نازانم بۆچی ئەم بەرواره هەروا لە زەینما ماوەتەوەو بەتەما نییە لەمێشکم بێتە دەر) لەو رۆژەدا بوو کە دەستەیەك لە سەربازە چاککاری خوازەکان لە(ریڤیزۆندۆڵی) دەستیان بەسەر ماڵە جووتیارێکدا گرت کە بەرپرسی یەکێتی جوتیاران بوو. دەست و لاقی ئەو پیاوەیان بەستەوەو بە هەرهەموویانەوە - کە بە پێی لێکۆڵینەوەیەك بیست و دووکەس بوون- دەست درێژییان کردە سەر ناموسی خێزانی. ئەم ئەتك کردنە لەسەعات یازدەی شەوێرا تا دووی بەیانی بەردەوام بوو. دیارە ئەمە رووداوێکی زۆر سادە بوو. هەر لەو رۆژانەدا چەند کەس لە کافوونەکان پەنایان بردە بەر فەرانسەو ئامریکا. ئەو کۆمەڵە بەرفراوانەی کە ئەو هێندە دابین بوونەیان لە ئەندامیەتی یەکێتییە جووتیارییەکاندا دیتبوەوە، ئێستا لە یەکێتی سێنفی دا (لێژنەکانی دەوڵەتی) دەیقۆزنەوە. ئیتر ئەورۆ ناوی رەسمی ئەمان کافوون(جووتیار) نەماوە بەڵکوو وەرزێرە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ زیرکانە دەپرسێ:

- سەرەڕای ئەم کارەساتە دڵتەزێنانە، دەبێ هێشتا کەسانێکی نارازی پەیدا ببن. ئەگەر بارو دۆخی ژیان ناهەموارتر بووە حەتمەن دەبێ کەسانێك هەبن کە ئەو ڕۆژە گەشانەیان لە یاد نەچووبێتەوە کە لەریزی یەکێتییەکاندا بەدییان دەکرد. ئەو کات کرێکاران لانی کەم دەیانتوانی داوای مافی خۆیان بکەن...

زابالیوونە دان بەوەدا دێنێ کە:

- لەنێو خۆمان دەرنەچێ، منیش حەزم بە سوسیالیزم دەکرد، وەك چۆن حەزم لە ژنانە. بە من گرینگترین و باشترین وتارەکانی دەورانی تەمەنی خۆم لە پێناو سوسیالیزمدا وتووە. دیارە، لەنێو خۆمان دا بمێنێتەوە، من ئەم بابەتە بە شێوەیەکی نارەسمییانە عەرز دەکەم. لەوە دەرچین، دەبێ بڵێم هەر شتێك کە (ئەلخ ئەلخ) لە بەرێوەبردنیاندا سەرکەوتوو بووە بەراستی هەر هەموویان نیشانەیەکن لە رەحمەت و گەورەیی خوا.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- پێت وانییە کە پێویستە مرۆڤ هێندێ جاریش مانای فیداکاری بزانێت؟

زابالیوونە بە دەنگی بەرز دەڵێ:

- فیداکاری! چ وشەیەکی جوان و زێرینە! فیداکاری تەنیا شتێکە لە ئایینی مەسیحدا کە من دەیپەرستم. ئەوشتەی کە بووەتە هۆی تێکدانی مارکسیزم، هەمان لایەنی مادده گەرییەکەیەتی...

دۆن پائۆلۆ سەری راستی و گاڵتە بوونی قسەکانی زابالیوونەی بۆ روون نەبوەتەوە.

پارێزەر درێژە بە وتەکەی دەداتەوە:

- من زۆر باش دەزانم کەسانێکی سوسیالیست هەن کە نان و کارو ئاسایش و خۆش گوزەرانی خۆیان فیدای رێبازەکەیان کردوەە. بەڵام هەموو ئەو شتانە لە حاند فیداکارییەکەی مندا هیچ بەحسێب نایەت. من شتێکی باشتر و بەنرختترم فیداکردووە و ئەویش هزرە. فیداکاری واتایی لەچاو فیداکاری ماددیدا زۆر بەنرخترە، بەڵام بەراستی کێ وەك قەشەیەك دەتوانێ لە بایەخی فیداکاری واتایی تێ بگات؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ لەبەرخۆیەوە دەڵێ:

- ئێوە قارەمانن!

زابالیوونە لەوەڵامدا دەڵێ:

- قارەمانێکی وون ناو. پاش دوازدە ساڵ ئیرادەت و دۆستایەتی و لەپێناو بوونێکی بێ غەل و غەش لە حاند (ئەلخ ئەلخ)دا کەچی هێشتاش بەچاوی هۆکارێکی جێ گوومان سەیرم دەکەن. بە زەحمەت و تەقەلایەکی زۆر توانیوومە ببم بە ئەندامی ئیفتخاری و بێ جیرەو مووچەی ئەنجوومەنی ئێستای شار و، ئەرکی من لەم ئەنجوومەنەدا پێداچوونەوە بە نووسراوەکانی شارەدارە، کە بەرەسمی پیاوێکی هەڵکەوتووە و بەشێوەی نارەسمیش بێ ئاوزێکی نەفامە. جەنابی، منی دیاری کردووە کە بە دەق و نووسراوە گرنیگەکان و بریارنامەکانیدا بچمەوە و لەباری رێنووسەوە رێك و پێکیان بکەم. ئێستا کە نازانێ شت بنووسێ قەی ناکات بەڵا لەسەری بدا، قسەکردنیش نازانێ و توانای نووتق کردنیشی نییە، لەحاڵێکا زۆر شت پێش دێ کە دەبێ جەنابیان قسە بکات...

ناشتا کراوەو ئێستا بۆ قاوە خواردنەوە بەرەو هۆڵی میوانان دەچن... پەردە رەنگ ئاسمانییەکان بە پەنجەرەکاندا هەڵواسراون. دیوارەکان، چەند قەفەسە کتێبی پێوەیە کە کتێبەکانی تۆزیان لەسەر نیشتوون. سێ وێنەی گەورە بەدیوارەکەدا هەڵواسراون کە قاوغەکانیان بە گەڵای زەنبەق نەخشاوە( هێمای پیرۆز بوونە)، یەکیان وێنەی(مازینی)یە بە فیگوورێکی لەشداگیراو، یەکی دیکەشیان گاریباڵدییە بەکراسێکی سوورو، ئەوەی دیکەشیان(ئەلخ ئەلخ)ە. چەند وێنەیەکی کۆنە و زەرد هەڵگەراو ، لەسەر مێزەکەیان وەبەر چاو دێن. ئەسکەملە حەسیرییەکان بە رەنگی کەسك رەنگ کراون کە بۆ جۆلانێ و نووستنی دوای ناشتا ئامادەکراون.

ریك لە کاتی قاوەخواردنەوەدان کەچەند کەس لەمیوانەکانی رۆژانەی زابالیوونە دەگەنە سەریان، کە بریتیین لە فەرماندەی گاردی شار و، (دۆن جینزیۆ) ئەندامی دارایی و، (دۆن سۆنۆفونتە)ی دەرمان فرۆش.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فەرماندە، جل و بەرگێکی ئەفسەری پڕ زەرق و بەرقی پۆشیوە وەک ژێنەراڵەکانی پێش شەڕ. دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- چەند کەس لەژێر فەرماندەیی ئێوەدان؟

- جارێ تەنیا یەک کەسە. دیارە ئاگادارن کە ئەم مەڵبەندە فەقیرنشینە و بەکاوەخۆ گەشە دەسێنێ.

دۆن سۆنۆنتە پیاوێکی خۆش قەوارە و رێك و پێکە. سمێڵەکانی وەک شا (هامبێرت)ی یەکەم رازاندوەتەوە و پرچی وەکوو (ماسکاگێنی)یە و خاڵێکیشی لەسەر گۆنایە. دەڵێ:

- گەورەم، دڵنیاتان دەکەمەوە کە هەموو رۆژانییەک شەمۆ خێزانم دەنێرم بۆ نوێژی مس.ئەگەر باوەر ناکەن ئەوا لە دۆن جیراسوولە پرسیار بکەن. بە بروای من ئایین بۆ ئافرەت زۆر پێویستە وەك چۆن خوێ بۆ گۆشتی بەراز پێویستە و پاکی و خاوێنەییەکەی دەپارێزێ.

دۆن جینزیۆش پرچەکانی بە مشوورێکی تەواوەوە چەور کردووە و شانەی پێدا هێناوە. ئەویش خێزانی دەنێرێ بۆ نوێژی مس.

دۆن پائۆلۆ بە سووڕمانەوە دەبینێ کە هەر ئێستاکەش "ریش و سمێڵ و ئارایشتی پرچی سەر" تا بە چەندە دەور دەبینێ بۆ جیا کردنەوەی توێژی رەوشەنبیر و خوێندەوار لە کافونەکان و وردە مڵکدارە گووندنشینەکان. ئێستا تێدەگات کە هۆی چییە لە زاراوەی خڵکدا توێژەکان بە پێشگری "نەژاد" پێناسە دەکەن، وەک: نەژادی جوتیاران، نەژادی کاسپکاران و نەژادی مڵکدارەکان. کاتێ کوری وردە مڵکدارێک خوێندنەکەی تەواو دەکات و پاشان لە فەرمانگەیەکی حکوومی وەک فەرمانبەر یان فەڕاش، لە شار دادەمەزرێ، بە شێوازی فەرمانبەرەکان سەری دەتاشێ و حەول دەدات بە پەلە ئەم دامەزراندنەی خۆی بە خەڵک رابگەیەنێ و رابردووی خۆی لە دیدی کافونەکان بشارێتەوە. جا ئەگەر شێوازی ئاخاوتن و برۆ تێکگرێدان و لێو هەڵقرچاندن و سیگار کێشانەکەشی پێیەوە زیاد بکەین ئیتر پێویست بە لێ وردبوونەوە ناکات و پیاو تێدەگات کە ئەمە پارێزەر یان دەرمان فرۆش یان فەرمانبەرێکی حکوومییە کە لەگەڵی راوەستاوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زابالیوونە دەپرسێ:

- دەی بەرێزان، هەواڵی تازە چییە؟

سۆنۆفۆنتە دەڵێ:

- لە نێو ئەو پیاوانەی کە لە دۆڵێدا پارەیان لە بانك داناوە دەنگۆیەک بڵاو بووەتەوە کە گۆیا بانك خەریکە لە دارایی دەکەوێ. ئەورۆ دۆن پاسکاڵ کولامارتینیم بینی کە وەك شێتانی لێ هاتبوو. ئەو بێچارەیە، گشت ئەو سامانەی کە لە جیازی خێزانی دەستی کەوتبوو بە بانکی سپاردبوو، وا دیارە ئاگاداری ئەوە نەبووە کە بانك تووشی قڕ بوون هاتووە.

زابالیوونە دەڵێ:

- ساڵی ساڵان کاتێ بانك لە دارایی دەکەوت، دادگا هەڵدەسات بە چارەسەر کردنی کێشەکان بەڵام ئەو رۆ گرفتەکان لە نێو بنەماڵەدا چارەسەر دەکەن- دیارە لە بنەماڵەی ئەلخ ئەلخ دا.

فەرماندەی گاردی شار دەپرسێ:

- سەبارەت بە پیاوێك بەناوی پیترۆسپینا هیچتان بیستووە؟

هیچ کام لە ئامادەبووان تا بەئێستا سەبارەت بە ناوبراو هیچیان نەبیستووە. دۆن پائۆلۆ خۆی بە هەڵدانەوەی ئاڵبومێك سەرقاڵ دەکا کە پرە لە کارت پۆستاڵ.

فەرماندە لە روون کردنەوەی پرسیارەکەیدا دەڵێ:

- ئەم پیاوە کوری بنەماڵەی سپینایە و خەڵکی(روکادی مارسی)ن. پیاوێکی سەرشێت و شۆرشگێرە. وەك باس دەکەن پاش پەریووە بوونی بۆ هەندەران، سەر لەنوێ گەراوەتەوە بۆ ئیتالیا تا دەست درێژی بکاتە سەرگیانی (ئەلخ ئەلخ)و بیکووژێ. سێ مانگە پۆلیس وەدوای کەوتووە و تەنانەت لەم مەڵبەندەشدا هێندێ نیشانەشیان لێ دیتووە، گۆیا بەتەمای سووتاندنی خەرمانی خەڵکی بووە. ئەورۆ لە رۆماوە هەواڵ گەیشت کە ئەویان دەستبەسەر کردووە.

زابالیوونە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- شێتێك كەمتر بووەوە. ئەوە لەو شێتانەیە كە نازانێ نەزم و فیداكاری چ مانایەكی هەیە.

سۆنۆفونتە دەپرسێ:

- وتت سپینا، خەڵكی روكادی مارسی؟ من ئەو بنەماڵەیە دەناسم و لەگەڵ باوكی ئەوكەسەی كە باستان كرد لە یەك قووتابخانە خوێندوومانە. باوكی پیاوێكی زۆر باش بوو و لە كارەساتی بوومەلەرزەدا عەمری بەئێوە بەخشی، ئەمانیش لەو بنەماڵە كۆنانەن كە عاقبەت بە خێر نەبوون.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- لە چیرا زانیویانە كە بەتەمای سووتاندنی خەرمانی خەڵك بووە؟ مەگەر لە وەرزی دروێنەدا ئەویان لەم دەوروبەرە بینیوە؟

فەرماندە لە وەڵامدا دەڵێ:

- نا، نە ئێستا و نە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییشدا كەس ئەوی لەم دەوروبەرە نەبینیوە. ئەو بۆ كاری تەبلیغی جگە لە شار قەت رووی لێرە نەكردووە. بەڵام ئەوساڵ لە كاتی دروێنەدا بۆ یەكەمجار دیتراوە كە بەخەتی سوور لەسەر دیوارەكان نووسیویانە: (بژی پیترۆسپینا)و ئەمەش لەخۆیدا بەڵگەیەكە بۆ ئەو گریمانەیەی كە رەنگە ناوبراو گەڕابێتەوە بۆ ئەم مەڵبەندە.

قەشە دەپرسێ:

- لەسەر ئەوباوەڕەن كە ئەو تەنیا بە مەبەستی شت نووسین لەسەر دەر و دیواران گەڕاوەتەوە بۆ ئەم دەڤەرە؟

فەرماندە وەڵام دەداتەوە:

- خۆ من ناڵێم خۆی، بەڵكوو لایەنگرەكانی نووسیویانە.

هەناسەیەك بە مانای سووڕمان، زۆر ناشیانە لە سینگی دۆن پائۆلۆ دێتەدەر، دەڵێ:

- سەیرە، لایەنگرەكانی؟ كەوابوو كافوونەكان پیاوی شۆڕشگێریشیان تێدا هەڵدەكەوێ؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تینوێتی ئیقدام کردن بووەتە هۆی ئەوەی قەشە خۆپارێزی لە بیر بچێتەوە.

فەرماندە هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

- لە نێو لاوەکاندا جم و جۆڵێکی گەورە هەست پێدەکرێ. پیاو لەژێر ناوی(یەکیەتییە سێنفییەکانەوە) شتی وا دەبیسێ کە مووچڕکی بە لەشدا دێ.

سۆنۆفۆنتە دەڵێ:

- وەچەی نوێ جینێکی جێ مەترسین، ئەم وەچەیە لەگەڵ ژماردندا سەروکاریان هەیە. ئەم وەچە نوێیە بە گشتی لێیان وەراست گەڕاوە کە کیئۆپراتیزم(یەکێتییە سێنفییەکان) هەنگاوێکە بۆ کۆتایی هێنان بە سەرمایەداری و بۆ خۆشیان داوای لە نێو چوونی سەرمایەداری دەکەن.

زابالیوونە دەڵێ:

- رەگی سەرەکی دەردەکە هەر لێرەدایە کە مرۆڤ گشت بابەتەکانی لێ وەراست دەگەڕێ. نابێ بانگەوازی هیچ رێژێمێك بەراستی لەبەر چاو بگرین، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە بێ، کەس نازانێ سەرئەمجامی ئەو رێژیمانە چی لێدێتەوە؟ ئەگەر کەسێکی فەرانسەیی ئەو سەودایەی لەسەردابێ کە بە پێی بڵاوکراوەکانی مافی مرۆڤ بژیت ئەوا یەك راستە رێی لە زیندان دەکەوێ. ئەرێ رۆژنامەکانی ئەورۆتان خوێندوەتەوە؟ لە روسیا سزای لەسێدارەدانیان بۆ لاوان داناوەتەوە. لەبەرچی؟ حەتمەن لەبەر ئەوەیە ئەمان بانگەوازەکانی حیزبی کۆمۆنیستییان بەراستی گرتووە. دەبێ بۆ هەتا هەتایە ئەم ئەسڵە لە بەر چاو بگرین کە رێکخراوە مەدەنییەکانی هەر وڵاتێك تەنیا لە پاوانی پارێزەرە و ماف پارێز و پیاوە بەساڵدا چووکانیدایە واتە ئەو کەسانەی کە دەزانن مانای نەزم و فیداکاری چییەو دەبێ لاوەکان بە روونی لەوە ئاگادار ببنەوە.

فەرماندەی گاردی شار دەڵێ:

- سەردەمێك بەرپرسایەتی پارێزگاری کردن لە کتێبخانەی مەڵبەندیان پێ سپاردبووم. تێناگەم ئێمە چ پێویستییەکمان بە کتێبخانە هەیە؟ ئەوەی حەزی لە خوێندنەوەی کتێبە با بۆخۆی بیکڕێ. کەچی کتێبخانەکە هەمیشە ئاوەڵا بوو. لە رۆماوە کتێب دەهات. لاوەکان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەهاتن و داوای پێرستی ئەو کتێبانەیان دەکرد کە لەلایەن بەرپرسی دەوڵەت دەنووسران و دیانگووت: (سەیرکە! لێرەدا بە ئاشکرایی باس لەوە کراوە کە دەبێ کلیسە و رێژیمی پاشایەتی و سەرمایە داری خاشەبڕ بکرێ!) زۆرم هەوڵدەدا تێیان بگەیەنم کە ئەم کتێبانە بۆ بەساڵدا چووەکان نووسراون نەك بۆ مناڵان و ئەوانەی کە لە تەمەنی ئێوەدان، باشترە رۆمان بخوێننەوە. بەڵام بێ هوودە بوو، گۆڕان بە سەر بۆچوونەکانیاندا نەدەهات. سەر ئەنجام ناچار کرام لەسەر ئیزنی پایەبەرزانی مەڵبەند ئەم کتێبانە لە لیستەکان دەر هاوێژم و لە قەفەسەیەکدا بیانشارمەوە و درگایان لەسەر داخەم.

سۆنۆفۆنتە دەڵێ:

- لەم دواییانەدا لە زاری کوڕەکەی خۆمم بیست کە هەڵبژاردەیەك هەر لەو کتێبە کە تایپ کراوانە لە نێو لاواندا دەست بەدەست دەگەڕا. چەند کەس لە لاوەکان لە هەواری (چواروەرز) کە لەو بەری ئاودڕەکەیە، لە دەوری یەك کۆ دەبوونەوە و دەیانخوێندنەوە و قسەیان لەسەر دەکردن و تاو تۆیان دەکرد. کوڕەکەم دەڵێ: (بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو بابەتانەی کە لەو کتێبانەدا نووسراون، دەبێ شۆڕشێکی دیکە بەرپا بێ...)

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

- ئەم کەسانەی کە باستان کرد لە کوڕە جووتیارەکانن؟

فەرماندە وەڵام دەداتەوە:

- نەخێر، تەنیا سێ چوار دانە سەر رووتی خوێندەوارن. پایە بەرزانی حکوومی ئاگاداری هەموو کەین و بەینەکانیانن و لە کاتی پێویستدا بەر بەم مناڵ بازییانە دەگرێ.

زابالیوونە سەر رادەوەشێنێ و دەڵێ:

- خراپترین دەرد لەو دەمەیدا دەردەکەوێ کە وەچەی نوێی ئەوەی لەکتێبەکاندا دەیخوێنێتەوە لێی وەراست بگەڕێ و پێی وابێ کە هەروا دەبێ.

دۆن پائۆلۆ لەلای خۆی بیر دەکاتەوە: (منیش لەکاتی لاویمدا ئینجیل و کتێبەکانی باوەڕۆحانێم لێ وەراست دەگەڕا و ئاکامەکەشی ئەوەیە کە ئێستا لە سەرخاکی خۆم،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەچەند کیلۆمەتری ئەو ئاواییەی کە لەوێدا لە دایك بووم بێگانە وەحسێب دێم و، لەوەش دەرچین بە نەخۆشی وەك دەعبایەکی دڕەندە رەپێم دەنێن.)

قەشە و کابرای دەرمان فرۆشی وێرای یەك، لە ماڵی زابالیوونە دینە دەر. قەشە دپرسێ:

- ئێوە باوکی (پیترۆسپینا)تان لەکاتی خوێندەواریدا دەناسی؟ ئایا ئەویش هەر وەك کوڕەکەی سەر شێت بوو؟

سۆنۆفۆنتە دەڵێ:

- ئێمە لەشاری "ناپل" لەگەڵ یەکتر ئاشنا بووین. ئێمەش هەروەك زۆربەی خوێندەوارەکانی ئەو سەردەمە کۆماریخواز بووین.(جیۆسێپ مازینی)(1) خوامان بوو و(ئالبێرتۆ ماریۆ) پێغەمبەری زیندووی ئەو بوو. پاشان هەردووکمان بۆ مارسیکا گەڕاینەوە و دەتوانم بڵێم کە لە یەك کاتدا زەماوەندمان کرد. دوایچەند ساڵان، سەردانێکی کردم بەڵام رواڵەتی بەجارێ گۆڕابوو کە ئیتر نەدەناسرایەوە. قەتم قسەکانی لەبیر ناچێتەوە کە دەیگووت: (سەردەمی شێعر کۆتایی هاتووە و دەورانی دەق دەستی پێکردووە. خولیاکانی سەردەمی لاوی شێعرن و ژیانی راستەقینەش دەقە. هەر وەچەیەك ئەزموونەکانی بەرەی پێش خۆی تاقی دەکاتەوە و کۆیان دەکاتەوە. پایەبەرزانی حکوومی سەرکۆنەم دەکەن کە لەبەرچی کوڕەکەم ئاواڵەکانی خۆی دنە دەدات و قسە لە شۆڕشی دووهەم دەکات. من لە وەڵامیاندا دەڵێم: ئەمە پێداویستی تەمەنیەتی، کە سەردەمی خولیا پەروەرییە. جارێ لە دەورانی شێعردا دەژیت بەڵام پاش ماوەیەکی دیکە ژن دێنێت و دەبێ بە کارمەندی حکوومەت و ئەوجار سەردەمی دەق دەست پێدەکات. ژیانی بێ شێعر گرفتێکی گەورە دەنێتەوە و گەورەترین گرفتیش ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە لە دوای شێعر نۆرە بە دەق نەدرێت!)

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

---

(1) مازنی Ciuseppe Mazzini نیشتمان پەروەرێکی ئیتالیاییە کە لە(ژێن) لەدایک بووە(1805-1872)و دامەزرێنی ئەنجوومەنی نەهێنی(ئیتالیای لاو)ە کەتەمەنێکی زۆری لە تاراوگەدا تێپەڕ کردووە بەڵام لە هەموو شوێنێ بۆ رزگاری ئیتالیا لە چنگ کۆتی زۆرداری دا خەباتی کردووە .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- چ دەبوو ئەگەر مرۆڤەكان لە حاند ئامانجەكانی لاویەتیدا وەفادار دەمانەوە؟

دۆن سۆنۆفۆنتە دەستەكانی رووەو ئاسمان بەرز دەكاتەوە. وەك بڵێی دەیەوێ بڵێ: (ئەو دەم دوونیا بەئاخر دەگێشت.) و پاشان ئەمەش بەقسەكانیەوە زیاد دەكا:

- هێندێ جار نان و شەرابی ماڵە باوان، ئیشتیای لاوان دەشێوێنێ و ئەوان لە شوێنێكی دیكە لە پێخۆری خۆیان دەگەڕێن. نان و شەرابی چێشتخانەی سەر چوار ڕێیانەكان تەنیا شتێكە كە دەتوانی ئیشتیای ئەوان دابمركێنێ. بەڵام خۆ پیاو ناتوانێ گشت تەمەنی خۆی لە چێشت خانەكاندا تێپەڕ بكات.

لەروانگەی قەشەوە، دۆن سۆنۆفونتە حەول دەدات خۆی وەك (سیسرۆن)(1) ی مەڵبەندەكەیان پیشان بدات. ئەو دیسان دەڵێتەوە:

- ئەمە بێ ئەنواخانەیەكی نوێیە. ئەوەی لاخوارووتریش بنكەیەكی نوێی(دۆپۆلاڤرۆ)(2) یە. ئەمەش پۆستخانەیەكی نوێیە و ئەوەی دیكەشیان هۆڵی شانۆیە كە تازە دامەزراوە. ئێمە شتی تەشریفاتیمان زۆرە بەڵام پێداویستییە گرینگەكانمان قەت بۆ ترخان ناكرێت.

هەر دوو پیاوەكان سەردانێكی نووسینگەی یەكێتی بازرگانان دەكەن و دۆن سۆنۆفۆنتە بۆ روون كردنەوە دەڵێ:

- پێش ئێستا دوو دانە بازرگانی گەورە، میوە و تەرەباری مارسیكایان دەكریەوە و بە پایتەختیان دەفرۆشتەوە. ئێستاش ئەو سەودایە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە واتە ئەو دوو بازرگانە هەروا لە سەر كاری بازرگانییە تایبەتییەكەیان بەردەوامن. تەنیا ئاڵ و گۆڕێك كە رووی داوە ئەمەیە كە لەمەودوا حەق دەستی بەڕێوەبەر و كرێ باری گواستنەوەكان لە گیرفانی حكوومەت دەدرێ.

لەسەر دیوارەكان دوو نووسراوەی مەڕ مەڕی دەبیندرێن. لەسەر یەكیان نووسراوە:

---

(1) **سیسرۆن Cicerone ناتق و وتەبێژی بەناو بانگی رۆم**

(2) **دۆپۆلاڤرۆ Dopolavoeo بەپێی وشە بەمانای(پاش ئیش كردنە)و مەبەست لە دەزگای رەسمی فاشێستییە كە دەكرێ ئەو بەرێخراوی خۆش گووزەرانی یەكی سالم وەربگێڕ درێتەوە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(یەکێتی سێنفی ئاڵاهەڵگری رووخانی سەرمایەدارییە!)

دۆن سۆنۆفونتە دەڵێ:

- مەڕ مەڕ شتێکی زۆر جوانە!

قەشە لە دوورەوە پیرە پیاوێك دەبینێ کە بە دژواری هەنگاو هەڵدێنێتەوە بەرە بەرە کە لێی نێزیک دەبێتەوە دەبینێ دۆن پاسکاڵە، هەر بەم بۆنەیە پاش ماڵ ئاوایی خواستن لە دەرمان فرۆش بەپەلە هەنگاوەکانی هەڵدەیەنێتەوە تا بگاتە سەر پیرەپیاوەکە. کولامارتینی پیر سەرەتا قەشەی بۆ ناناسرێتەوەو بەڵام پاشان، خۆی لە ئامێزی دەهاوێ. پیرەمێرد لەتاو ئازاری لەشی دەلەرزێ تا بە ئەو رادەیە کە وەختە دڵی لە راوەستان بکەوێ. بەدژواری هەناسەی بۆ دێت و قسەی بۆ نایەت.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- ئاگاداری بەسەرهاتەکەتان کراومەتەوە، جەرگت هەبێ!

و پاش ئەوەی ئەو بەرەولای فایتوونەکە دەبا و بۆ بەستنەوەی ماییەکە یارمەتی دەدا، هێدی هێدی ئەو بۆ نێو فایتوونەکەی هەڵدەکێشێ و دەستەی جڵەوەکانی دەخاتە نێو دەستە لەرزۆك و کزەڵەکەی.

دۆن پاسکاڵ بەچاوانی پڕ لە فرمێسکەوە تەنیا ئەم چەند وشەیەی بۆ دێ:

- تێدا چووم! بەراستی هەموو شتێك تەواو بوو!

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- کەست پێ شك نایەت کە تاپیتراسکا بەرێتان کاتەوە؟

پیرەمێرد سەر رادەوەشێنێ و دەڵێ:

- هیچ کەس، هیچکەس، عەزم کردی کە هەموو شتێك تەواو بووە.

دۆن پائۆلۆ بەرەو میوانخانە دەگەڕێتەوە بەڵکو وەڵامێکی لە دوکتور ساکا بۆ گێشتبێ بەڵام هیچ وەڵامێکی بۆ نەهاتووە. قەشە لای خۆی بیردەکاتەوە: (رەنگە ئەم شەو یان بەیانی بۆخۆی بێ خەبەر بێت!)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروەها بیرەنیچەش زانیویەتی کە بنەماڵەی کولامارتینی بە هۆی لە دارایی کەوتنی بانك لە قوڕی ڕەش کەوتوون، زۆر بە سەرکەوتوویییەوە دەڵێ:

- سزای خوا ئاوا دەبێ. دۆن پاسکاڵ لەگەڵ پیرێژنێکی عەقڵ سووکدا زەماوەندی کرد تا پارەی زۆری هەبێ و منالّی کەمی بێ و، ئێستاش بەچاوی خۆی سزای خوای بینی. پارەکەی لە کیس چووە و منالّەکانیشی بە دەورییەوە نەمان. بەڵام تەنیا ئەو پیرێژنە بێ ئاوزەی بۆ دەمێنێتەوە.

قەشە لە بیرەنیچە دەپرسێ:

- کوڕی دەرمان فرۆش دەناسی؟

بیرەنیچە لە وەڵامدا دەڵێ:

- بەڵێ، کوڕێکی باشە، بەڵام ئاخرەکەی ڕۆژێ دەبێتە مایەی ماڵ وێرانی بنەماڵەکەی.

شەمەندەفەری ڕۆماش هەر ئێستا گەیشتووە و مسافرەکانی لە وێسگەی هێڵی ئاسن دابەزاندووە و مسافرەکان بە پێش میوانخانەکەدا تێدەپەڕن. دوودانە ژاندارم خۆیان دەگەیەننە کوڕێك کە جانتایەکی چەرمی لە بن هەنگەڵیەتی، لێی دەپرسن:

- لێرە چی دەکەی و بۆچی هاتووی؟

کوڕەکە وەڵام دەداتەوە:

- من میوە فرۆشم.

- مۆڵەت نامەی کاسپیت هەیە؟

کوڕە لە جانتاکەیدا ئەو بەڵگەیە پیشان دەدات کە لێیان ویستووە.

- کارتی یەکێتی سێنفیشت پێیە؟

کارتی یەکێتی سێنفییشی پێیە.

- ماڵیاتت داوە؟

ئەزقەزا ماڵیاتیشی داوە.

ئەو جار یەکێ لە ژاندارمەکان پێی ڕادەگەیەنێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- زۆر باشە، ئێستا کە کارەکانت بێ ئیرادن، پێویست ناکا دەست بەسەرت کەین. تۆ بۆت هەیە تا هاتنی شەمەندەفەری دوایی لە فووسادا بمێنیتەوە و پاشان بێ ئەوەی خەتایەکت لێ روو بدا، سەر دادەخەیت و دەگەڕێیتەوە بۆ رۆما.

کوڕەکە بە مینگە مینگەوە دەڵێ:

- ئاخر من بۆ میوە کڕین هاتوومەتە ئێرە.

ژاندارمەکان بەکورتی و بە پیشاندانی مەبەستەکەیان دوو دانە نووسراوەی مەڕ مەڕی پێشان دەدەن. یەکیان دەڵێ:

(سەردەمی سەودای سەرمایەداری بەسەرچووە.)

ئەوی دیکەیان دەڵێ:

(یەکێتییەکان بۆ خۆیان هەنگا و بۆ میوەکڕین هەڵدێننەوە.)

کوڕەکە قەناعەتی خۆی دەردەبڕێ.

بیرەنیچە بە کورەلاوەکە دەڵێ:

- چاك لەدەستیان دەرچووی. ئەگەر هێندێکی دیکەت قەراغ لێ رادەکێشا رێگەت لە زیندان دەکەوت. بەتەمای چی بووی؟ بۆ لەماڵی خۆت نەدەمایتەوە؟

کوڕەکە سپاسی قسەکانی بیرەنیچە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ وێسگەی هێڵی ئاسن تا بە یەکەم شەمەندەفەر بگەڕێتەوە بۆ رۆما.

بیان کینا لە هاتنی دۆن پائۆلۆ ئاگادار کراوەتەوە و بۆ دیتنی دێتە لای. قەشە لێی دەپرسێ:

- ئێستا بنەت لەکوێ داکوتاوە؟

- لە خانوویەکی هاوینە هەوار کە پێی دەڵێن ڤیلای چوار وەرز.

تەنیا یەک شت مایەی تامەزرۆیی دۆن پائۆلۆیە، هەربۆیە لە کچە گەنجەکە دەپرسێ:

- تۆ کوڕی دۆن سۆنۆفۆنتەی دەرمان فرۆش دەناسی؟

- ( پومپێیۆ )ی دەڵێی؟ ئەو یەکێ لە دۆستە باشەکانی ئاڵبێرتۆیە و زۆر جار دێتە ڤیلای چواروەرز.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- کەوایە لەگەڵ خۆتدا بمبە بۆ ڤیلای چوار وەرز!

بیان کینا لاوازترو باریکتر بووە. ئیتر وەك جاران شل و شەوێق نییە و ئەو حاڵەتە هەرزەیی و بێعارییەی کە لەپیتراسکادا بووی نەیماوە و هێندێکیش بەدەمارتر دێتە بەر چاو. بەڵام زۆریش دوور نییە کە ئەم ئاڵ و گۆڕەی رووالەتی بێ.

قەشە لێی دەپرسێ:

- ئێستا عاقڵ بووی؟

بیان کینا بە پێکەنینەوە وەڵام دەداتەوە:

- گورگ تووك هەڵدەدا بەڵام سروشتە پیسەکەی خۆی بەرنادا. دیارە ئەوەم وەك مەسەل هێنایەوە، دەنا من هێندە تیسکنم کە دەتوانم تووکە زیادییەکانم بفرۆشمەوە.

ڤیلای چوار وەرز خانوویەکی کۆنە کە بە شێوازی شکۆدارانەی سەردەمی کۆن بینا کراوە و بۆ ئەمرۆ لەباو کەوتووە و ئێستا بووەتەماڵێکی فەقیرانە. ئەم ڤیلایە پێشتر جێ حەسانەوەی هاوینانی(بارۆونی) بووە کە لە رۆما لە ژێر باری قەرزدا گیانی سپارد.

پاردەیەکی ئەستوور و درێژ کە بە دەوری باغی ڤیلاکەداکێشراوە، لە چەند شوێنەوە رووخاوە. نەردەکانی دەروازەی باغەکە لە تەسمە دەرچوون وبیان کینا قەشە بەو نێوەدا تێدەپەڕێنێ کە قیتاو قیت بەدیوارەکەوە هەڵپەساردراون. گەسگەسك وهەڵاڵەی خۆرسك لە مەودای جادە عارەبانە رەوەکەی نێو باغەکەدا رووان کە ئەمبەر و ئەو بەری دارە. لە بەشێکی حەوشەکەدا کە بە تۆڕ دەوری گیراوە مریشکی لێ رادەگرن و پێشتر بۆ راگرتنی تاووس ئامادە کرابوو. باڵاخانەیەکی کلاو قووچ کە بە مۆدی سەردەمی(رێنێسانس) بنا کراوە ،سەر تا بە پێی لاولاوی لێ ئاڵاوە، سەرەتا پەرستگەی(ڤێنووس) بووە ئێستا وەك کادێن کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەو ڤیلایە لە دوودانە باڵاخانە پێك هاتووە کە یەکیان بەسەر ئەوەی دیکەیاندا زاڵە. قاتەکانی سەرێ لە بەر دڵۆپەی باران کاول بووە. لە قاتی خوارێ، لایەکیان بۆ تەویلەی راگرتنی گاو ئەسپ تەرخان کردووەو لایەکەی دیکەش شوێنی مانەوەی چەندانە جووتیارە. لە پێشخانەکەڕا، لە مابەینی هەیوانەکانەوە چوار کوونی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەتاڵی لێوە دیارن کە جاران لەسەر هەرکامەیان پەیکەرێك کە نوینگەی یەکێ لە چوار وەرزەکانی ساڵ بووە داڕێژرا بوون. دیوارەکان کە بە نم و شە و باران پەڵە پەڵ و پیس بووە بەختەتی گەورە و بەرەنگی سوور چەند دروشمی بەم جۆرە لەسەر نووسراوە:

(بژی یەکێتی سینفی لە نەبوونی شازادە تۆرنۆلیادا! بمرێ بڕووکراسی!)

ئالبێرتۆ لەگەڵ لاوێکی دیکە لەسەر لیواری حەوزێك کە بە بەرد ساز کراوە دانیشتووە.

بیان کینا دەڵێ:

- ساڵانی زوو لەم حەوزەدا ماسی(قەزێل ئالا)یان تێدا بار دەهێنا کەچی ئێستا کۆلەئاوی گاو ئەسپە.

ئا لبێرتۆ پومپێیۆی کوڕی دەرمان فرۆش بە قەشە دەناسێنێ. دۆن پائۆلۆ لە کن لاوەکان، لەسەر لێواری حەوزەکە دادەنیشێ و بێ دەنگی ڕادەگرێ.

لە سووچێکی ڤیلاکە، لە قاتی خوارێ، هۆدەیەکی لێیە کە وەك ئەمباری کەرەسەی وەرزشی رێکخراوی حکوومی لاوان کەڵکی لێ وەردەگیرێ و جارێ ئەم هۆدەیە بە ئەمانەت شوێنی مانەوەی ئالبێرتۆ و بیان کیناشە.

دوولاوی دیکەش لە هۆدەکە دێنەدەر وئەوانیش لە سەرلێواری حەوزەکە دادەنیشن.

بێدەنگییەکی ئازاردەر بەسەر ئامادەبوواندا زاڵە کە لەدەوری حەوزەکە دانیشتوون. دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

خۆزگە دەمتوانی تەواوی ئەمشەو لە بێدەنگییەکی مووتڵەقدا، لەگەڵ ئێوە و لە دەوری ئەم حەوزەدا هەر بەو هەست و وەزعەی کە هەمە دابنیشم!

پومپێیۆ دەڵێ:

- بیان کینا باسی ئێوەی بۆ ئێمە کردووە.

دۆن پائۆلۆ ئەمە بەقسەکانییەوە زیاد دەکا:

- جۆرە بێدەنگییەك هەیە کە دەبێتە هۆی دادڕان و لادانی ئەو پەردە ئەستوور و ماتەی کە ئێمەی لەبەر خۆی گرتووە، ئەو پەردەیە کە تان و پۆیەکەی پێکهاتووە لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەمارگرژیو خۆنواندن و ئەو رستە دەسکردانەی کە لە نێوانماندا جیاوازی دروست دەکا و مرۆڤێك بە گژ مرۆڤێکی دیکەدا دەکات. نابێ لەم جۆرە بێدەنگییە بترسێین. نابێ لە خۆ دوورخستنەوە لە هەر چەشنە خوولق و تەشریفاتێك و لە خۆبواردن لە شوێنە گشتییەکان ترسمان لە دڵ بنیشێ.

پومپێیۆ دەڵێ:

- ئێمە ناترسین.

دۆن پائۆلۆ لێیان دووپات دەکاتەوە:

- بەڵێ، نابێ بترسین. ئێمە گێشتووینەتە ئەو رادەیەی کە نابێ یەکێك لە ئەندامەکانی رێکخراوی حکوومی لاوان لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ کەسێکی شۆڕشگێر یان رەوشەنبیرێك یان لە قسە کردن لەگەڵ کافوونێك باکی هەبێ.

پومپێیۆ دەپرسێ:

- مەبەستتان لەوەیە کە گشت ئەو جیاوازیانەی کە لەنێو مرۆڤەکاندا هەیە دەسکردە؟

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- بەدڵنیاییەوە دەڵێم نا، بەڵام جیاوازییە دەسکردەکان زۆرن کە بە ئانقەست بە مەبەستی چاوپۆشی کردن لە جیاوازییە بنەرەتییەکان دروست کراون. کۆمەڵێ هێز هەیە کە جیاوازیان تێدا دروست کراوە و دەبوایە لە راستیدا یەکگرتووبن. هێندێ هێزی دیکەش هەیە کە بە شێوەیەکی دەسکردانە یەکگرتوون لە حاڵێکا دەبوایە لە یەك جیا بکرێنەوە. ئەم جیاوازیانە زۆربەیان رواڵەتین، وەك چۆن زۆربەی هەرە زۆری یەکێتییەکانیش رواڵەتین. لەهیچ دەورو زەمانەیەکدا بە قەد ئەم سەردەمی ئێمە کەڵکی نا درووست لە وشەکان وەرنەگیراوە و بەم چەشنە وشەکان لە ئامانجە ساکارو سروشتییەکانی خۆیان دور کەوتوونەتەوە کە چەمکی سەرەکیان لە پێناو پێوەندی دانەوەی مرۆڤەکان بە یەکترەوە بووە. قسە کردن و تەفرەدان (وزۆرجاریش خودی بەفریو چوون) ئەمرۆ یەک مانا دەدەنەوە، تا ئەو رادەیەی کە ئەگەر بمەوێ لەگەڵ ئێوە بدوێم، بمەوێ قسەیەکی دۆستانە لەگەڵتاندا بکەم، بێ ئەوەی جگە لە تێگەیاندنی قسەکانی خۆم وتێگێشتن لە قسەکانی ئێوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەبەستێکی دیکەم هەبێ، بمەوێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکەم بەدوای وشەکاندا بگەڕێم سەرم لێ دەشێوێ. چوونکە لە راستیدا وشەکان کەڵکی خراپیان لێ وەرگیراوە و بەردەوام بۆ تەفرەدانی کۆمەڵگا بە کار هێنراون. لێرەدایە کە رەنگە بێدەنگی سەرەتایەك بێ بۆ نێزیك بوونەوە و خۆسپاردن بە بێدەنگی تاکە رێگای لێک تێگێشتن بێ.

ئێستا ئەو چوارلاوە و ئەوکچە گەنجە و قەشە لەدەوری حەوزەکە دانیشتوون و هەر هەموویان بێ دەنگی ڕادەگرن.

ئەمە یەکەم جارە ئەو دەرفەتە بۆ دۆن پائۆلۆرەخساوە کە لەگەڵ دەستەلاوێکی سکار و خوێن گەرم لە خەڵوەتا دانیشێ، بیرۆکەی ئەوەیکە رەنگە ئەم دەرفەتەی لەکیس بچێ ئاڵۆزی دەکا. لەو حاڵەیدا کە هەر هەموویان بێدەنگن چاو لەیەك بەیەکی ئەولاوانە دەکاو دیسان سەیریان دەکاتەوە، وەك بڵێی دەیەوێ بەم نگایەی قەناعەتیان پێ بێنێ بۆ پشوو درێژژی وەمتمانە کردن. دەڵێی بەتەمایە بڵێ: خۆزگە دڵەکانمان دەیانتوانی لەگەڵ یەکتردا بدوێن... بەڵام لاوەکان پتر لە ئازاردان، چوونکە ئەمە بۆ یەکەم جارە رێگە دەدەن پیاوێکی زاناو پێگەیشتوو بەشداری کۆڕەکەیان بێ، ئەویش پیاوێکی ئاوا!

جووتیارێك لە رێوە دێ و دەرگای تەویلەکە دەکاتەوە. گاگەلەکان بە نەرمە شەقاوان دێنە دەر بۆ ئاو خواردنەوە و یەکراست دەچنە سەر حەوزەکە. ئاژەڵێکی کزو لاوازن کە تەنیا هەر کاریان لێدەکێشنەوە. هەموویان بەڵەکن و شاخی گەورەو هەڵگەڕاوەیان هەیە. بە لەسەرەخۆیی ئاو دەخۆنەوەوە و لە گۆشەی چاوەوە لەو بوونەوەرە بێدەنگانە دەڕوانن کە لە قەراغ حەوزەکە دانیشتوون و دیسان بەرەو ژووری تەویلەکەیان دەگەڕێنەوە. کابرای گاوان دەرگای تەویلەکە گاڵە دەدات و ئەویش دێت لە قەراغ حەوزەکە دادەنیشێ.

پومپێیۆ دەڵێ:

- پیاوێك بوو کە نیشتمانی لە نابووتی رزگار کرد و پیشاندەری رێگای بووژاندەنەوەی وڵات بوو. قسەکانی هێندە روون و ئاشکرا بوون کە گوومانی بۆ بۆ کەس نەدەهێشتەوە. ئەم پیاوە بەدەسەڵات گێشتووە. بەڵام ئێمە سەرمان لەوە سووڕمابوو کە لەبەرچی ئاکارەکانی ناتەبایی هەیە لەگەڵ قسەکانیدا. هەموومان ئەم پرسیارەمان لەخۆمان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکرد: (تۆ بڵەی خەیانەتی بە ئێمە کردبێ؟) چەند حەوتوو بەر لە ئێستا، کەسێك هات بۆ ئەم مەڵبەندە و راستییەکەی بۆ روون کردینەوە. ئەوکەسەی گوومانی لێدەکرا خەیانەتی بەئێمە کردبێ، لەراستیدا دەست بەسەر کراوە و لە یەکێ لەژێر خانەکانی بانکی بازرگانیدا زیندانی کراوە. کەچی لەبەر ئەوەی لە رێورەسمەکان و خۆ پیشاندانەکاندا ئەو پیشان بدەن کابرایەکی دیکەیان لە جێی ئەو داناوە کە بە تەواوی شێوەی ئەو دەداتەوە.

ئالبێرتۆ دەڵێ:

- دەی! کەوایە ئێستا تێدەگەین چی قەوماوە.

گاوانەکە دەڵێ:

- ئێستا سەرە گرێی گرفتەکەمان بۆ ئاشکرا بوو.

بیان کینا دەڵێ:

- باشە دەبێ بۆ رزگار کردنی ئەو پیاوە ئێمە چی بکەین؟

پۆمپێیۆ دان بەوەدا دێنێ کە:

- ئەم کارە ئاسان نییە. ئێستا کەڵلە رەقترین دوژمنەکانی ئەو پیاوە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە. ئەوان بۆ فریودانی لاوەکان بەردەوام کەڵکی خراپ لە ناوی ئەو پیاوە وەردەگرن، هەر بۆیە ئاکارەکانیان پێچەوانەی ئەو شتە دەگەیەنێ کە ئەو رایدەگەیاندووە.

بیان کینا بە گێرەوە دەڵێ:

- سەرەرای ئەمەش خۆ دەبێ بۆ رزگار کردنی ئەو پیاوە هەوڵ بدەین.

پومپێیۆ دەڵێ:

- تەنیا شۆڕشی دووهەم دەتوانێ رزگاری بکات.

گاوان لەقەشە دەپرسێ:

- ئێوە چیتان بەعەقڵ دەگا؟

دۆن پائۆلۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

- من ناتوانم بە یەقینەوە ئەوە قەبووڵ بکەم کە ئەو پیاوەی باستان کرد بەراستی گیراوی دەستی بانك بێ. دیارە هێندێ کەس وابیردەکەنەوە. لەمەش دەرچین خۆ تەنیا قسە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر پیاوێك نییە. ئەو شتەی کە جێی نکۆڵی کردن نییە و هەرکەسێکیش چاوێکی کراوەی هەبێ دەتوانێ تێبگات کە وڵاتەکەمان بە تەواوی یەخسیری دەستی بانکە.

پومپێیۆ لە قەبووڵ کردنی قسەکەیدا دەڵێ:

- بانك لە بن دەمامکی یەکێتی سینفییەوە دەسەڵاتە سەرەرۆیانەکەی خۆی بەسەر وڵاتدا سەپاندووە.

دیسان بیان کینا بە زۆری لێ کردنەوە دەپرسێ:

- باشە دەبێ چی بکەین؟

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- منیش لەسەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ لەتەدارەکی شۆڕشی دووهەم دا بین. دەبێ نیشتمانەکەمان لە زیندانی بانك ڕزگار بکەین. دیارە ئەمە کارێکی درێژخایەن و دژوارو پڕ لەمەترسییە، بەڵام ڕزگاری نرخی خۆی دەوێ و بەبێ زەحمەت و مەترسی مسۆگەر نابێ.

دۆن پائۆلۆ بەخوێن ساردییەکی تەواو و، بەبێ ئەوەی خۆی وا پیشان دابێ کە قسەیەکی دژوار و دوور لە فامی کردبێ، هەر ڕێك وەك بابەتێکی زۆر سروشتی، کەچی لەهەمان حاڵدا بە ئیرادەیەکی پتەو و بە ڕاوێژێکی شیرین و لەسەرەخۆ ئەم قسانە باس دەکا کە بیان کینا خۆی پێ ڕاناگیرێ و بە هەموو دەمای خۆی لە قەشە ڕادەمووسێ و ماچی دەکا.

ئالبێرتۆ هاوار دەکا.

- کێ بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ شۆڕشی دووهەم قەشەیەکیشمان لەگەڵدا بێ؟

بیان کینا لە ڕاست کردنەوەی قسەکەی ئەودا دەڵێ:

- دۆن پائۆلۆ قەشە نییە، بەڵکوو لە پیاوچاکانە.

پومپێیۆ دەڵێ:

- هێندێ لە قەشەکان، لە زۆربەی شۆڕشەکاندا هاوکاری گەلیان کردووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبێ ئەم قسەیە بەمانا راستەقینەکەی خۆی تێبگەین واتە بەو مانایەی کە کاتۆلیکەکانی باشووری ئیتالیا باوەڕیان پێیەتی. دەوری قەشە لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیدا تا رادەیەك وەك دەوری قازی عەسکەرێك دەچێ. کافوونێك کە سەربازە، ئەگەرچی کافرو و بێ ئیمانیش بێ، ئەگەر لەمەودایەکی نێزیکەوە قازی عەسکەری لەشکرەکەی خۆی لەپشت سەریەوە نەبینێ قەت ئامادە دەبێ هەڵمەت ببا؟

بوونی پیاوێکی رۆحانیش لە ریزەکانی شۆڕشدا تا رادەیەکی زۆر گرینگ و هەست بزوێنە و، لە ئەنجامدا هێزو ورەیەکی دیکە بە نەفەرەکان دەدات. هەڵبەت لەو روانگەوە نییە کە خەڵکی لە قیامەت و رۆژی سەڵا بترسێن(چوونکە کەسێکی باشووری لە هیچ ناترسێ) بەڵکوو بۆ ئەم مەبەستەیە – کێ دەزانێ- کە خەڵك ئەو وەك تەلیسم ونووشتەیەك بە حسێب دێنن. وێرای ئەمەش ئەگەر بەراستی پاش مەرگ، قەرارە لە بەرامبەر دادوەری ئاسمانیدا راوەستین(ئەمە لە خۆیدا گریمانەیەکە بەڵام دەبێ تەواوی ئەگەرەکان لەبەر چاو بگرین) دەتوانن لە بارەگای خوادا بڵێن: (لێمان ببوورە، حەتمەن بۆ خۆشت دیتت کە قەشەکانیشمان لەگەڵدا بوون...)

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- بۆ ئاگاداریتان من گرینگییەکی ئەوتۆ بە جل و بەرگی قەشایەتییەکەم نادەم.

پومپێیۆ دەڵێ:

- لەمەڕ خۆ پارێزی واباشە لەبەرگی قەشایەتیدا بمێنیتەوە.

قەشە بە پێکەنینەوە دەڵێ:

- واباشە کەمترخەم نەبین و باری خۆپارێزی لەبەرچاو بگرین.

یەکێ لە لاوەکان کە تا بە ئەو دەم زاری بەقسان نەکردوەتەوە دەیەوێ بزانێ لەمە بە دواوە چ ئەرکێکیان دەبێ و دەپرسێ:

- بەڵام ئێستا دەتوانین چی بکەین؟

دۆن پائۆلۆ لەوەڵامدا دەڵێ:

- ئەگەر رێگەم بدەن وای بە باش دەزانم پێشتر بە تەنیایی لەگەڵ پومپێیۆ قسە بکەم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەشە و كوڕی دەرمان فرۆش دوور دەكەونەوە، لەباغی چواروەرز دەردەچن، لەجۆگەیەك دەپەڕنەوە و ڕێگایەكی بارێك دەگرنەبەر كە لە نێوانی دێبەرە سەوزییەكان تێپەڕ دەبن كە بە پەرژینێك لە گوڵە باغ دەوری گیراوە.

بۆ ماوەیەك بەبێ ئەوەی قسەیەك بكەن بەرێدا دەرۆن، پاشان دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- ئێمە سەر بە دوو جیلی جیاوازین. وەچەی من خاراوی سەردەمی شەڕە و وەچەی ئێوە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا پێ گەیشتووە و، ئەمەش لەخۆیدا جیاوازییەكی بەرچاو دروست دەكا لە بۆچوونەكانمان. بەڵام لە ڕاستیدا هەردووكمان سەر بە یەک جۆرە مرۆڤایەتین و یان بە زاراوەی باشوورییەكان، هەردووكمان بنیادەمین و لە یەك نژادین. لایەنی جیاوازی ئەو وەچەیەی كە ئێمەی تیا بارهاتووین لەوەدایە كە لە هەمان سەرەتاوە ئەو بەڵێنی و ڕیسایانەمان لێ وەڕاست دەگەڕا كە مامۆستاكان و بارهێنەرەكانمان فێریان دەكرێن. ئەم ڕێسایانە هەر ئەو شتە بنەرەتییانەن كە وەك پایە و بنەمای كۆمەڵگاكەمان دیاری كراون. كەچی كاتێ مرۆڤ ئەو بەڵێنییانە بەراورد دەكا لەگەڵ واقعەكانی كۆمەڵگا، دەبینێ كە پێكهاتە و ڕەوشتی كۆمەڵگا لە بنەرەتدا ناتەباییەكی گشتی هەیە لەگەڵ ئەم ڕێسایانەدا. هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە كە مرۆڤ بیر لە حەولێكی شۆڕشگێڕانە دەكاتەوە. ئەم ڕێسایە لە ڕوانگەی كۆمەڵگایەوە جگە لە باری مەجازی هیچی دیكە نین و بە پێچەوانەش، ئەو بەڵێنییانە بۆ ئێمە- كە بە خوێن و ڕەنجی ئێمە بەرهەم هاتووە و، بۆ ڕاهێنان، گشت تەمەنی لاویەتیمان لەسەر داناوە- زۆر پیرۆزو ڕاستەقینەیە و پێك هێنەری شیرازەی ژیانی دەروونی ئێمەیە. كاتێ بەچاوی خۆمان دەبینین كە كۆمەڵگا بێ شەرمانە كەڵكی خراپ لەم ڕێسایانە وەردەگرێ و وەك دەمامك و كەرەسەیەك بۆ سەركوت كردن و چەواشە كردنی خەڵک بە كاریان دێنێ، تووڕە دەبین. بەم جورەیەكە مرۆڤ دەبێتە شۆڕشگێڕ.

لەم كاتەدا دەبێ هەردووكیان لەجۆگەیەكی دیكە بپەڕنەوە. ڕێگا باریكتر دەبێ وەهەروا بە ژێر ڕیزە دارێكی بایەمدا درێژ دەبێتەوە . لە پەنای پارێزێك كە لاسكە بەجێماوەكانی گەنمیان تێدا سووتاندووە. نێو بە نێو بنچكە دڕك لەگەڵ شاتووە گەیشتووەكان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەبەرچاو دەکەون. دۆن پائۆلۆ و پومپێیۆ بۆ چنینەوەی شاتووەکان رادەوەستن. درکێك لەقامکی پومپێیۆ رۆ دەچێ. دۆن پائۆلۆ لە درێژەی قسەکەیدا دەڵێ:

- ئێمە سەر بە دوو جیلی جیاوازین و بە دوو ئاقاری جیاوازدا تێپەریوین، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەردووکمان قوربانی دەستی راگەیاندنێکین وهەر چییەکیان بە ئێمە وتبێ، لێمان وەراست گەڕاوە. هەر لە بەر ئەم هۆیەیە کە هەردووکمان گەیشتوونەتە سەر خاڵێك. خاڵی بەرچاو و گرینگ بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئەم دوو وەچەیە، یان لانی کەم هۆکارە هاورەگەکانیان بەیەکەوە گرێ بدەینەوەو یەکگرتوویان بکەین.

رێگە باریکەکە لەجادەی هەرێمیدا کۆتایی پێ دێ کە لە جمەی گوێدرێژ و ئەو کافوونانەی کە لە فووچینۆڕا دەگەڕێنەوە قەرەباڵخە. پومپێیۆ دەڵێ:

- ئێستا کۆیلەکانی(تۆرنۆلیا)، یان باشترە بڵێم شازادە تۆرنولیای قەڵب- کە لەراستیدا وەکوو زۆربەی سەربزێوەکانی نێو رۆمانەکانی(باڵزاك) دەچن - لە (ئووڕینی)یەوە وەدەرکەتوون.

دۆن پائۆلۆ لێی زیا دەکا:

- و وەکوو رێزدار(لاڤاڵ).

هەردووکیان پێدەکەنن، تازە بەخۆیان دەزانن کە مەودایەکی دوور لەفووسا دوور کەوتوونەتەوە. دۆن پائۆلۆ هیلاکە و خۆی بە باسکی پومپێیۆ هەڵدەواسێ. بۆ گەرانەوە، جادەی هەرێمی دەگرنە پێش کە سەرراستترە، پومپێیۆ شەقاوەکانی شل دەکاتەوە تا هاورێکەی ماندوو نەکات. ئەویش بە نۆرەی خۆی بێدەنگی پێ باشە، چوونکە زۆر حەز دەکا لەگەڵ ئەم پیاوەدا بەرێدا بروا و گوێی لەهەناسەی بێ، بەڵام پرسیارێکی هەیەو حەز دەکات وەڵامێکی خێراییانەی لێ وەرگرێ و بۆیە دەپرسێ:

- ئێستا، بە بۆچوونی تۆ لە کوێرا دەست پێبکەین، یەکەم هەنگاوێك کە دەبێ هەڵی بێنینەوە کامەیە؟

ئێستا دۆن پائۆلۆ ئەو بابەتانەی بۆ باس دەکا کە پێوەندییان بە کردەوەوە هەیە. ئەویش بە دەنگێکی نەوی قسە دەکا و چەند سەرچاوە لە بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ دەگێرێتەوە. داوا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە پومپێیۆش دەكات كە رەخنەی خۆی دەربڕێ و بۆ تاوتوێ كردنی وردترین بەشەكانی وتوێژەكەیان یارمەتی پێ بگەیەنێ. دۆن پائۆلۆ ئاماژە بە چەند نموونە لە ئەزموونە تەكنیكی/ زانستییەكانی خۆی دەكا كە لە سەردەمی چالاكییە نەهێنییەكانیدا بەدەستی هێناوە بەڵام زۆر بەكەمی، چوونكە باش دەزانێ كە ئامۆژگاری كردن مێتۆدێكی زانستی نییە بەڵكو شارەزایی دوێ و، شارەزاییەكی نابیش دەبێ مایەی سروشتی و هێزی خەیاڵی هەبێ نەك بەرنامەو راهێنانێكی وشك. سەرەرای ئەمەش ئەم هاوپەیمانییە لە تێكۆشاندا، لەگەڵ وەچەیەكی لاوتردا بۆ ئەو ئەزموونێكی نوێیە و بەتەمایە ئەم ئەزموونەی بەئەنجام بگەیەنێ بەبێ ئەوەی خۆ بە تەشریفاتەوە ببەستێتەوە. لای ئەو لەوە بێزهێنەرتر نییە كەخۆی لە دەوری مامۆستا یان رێ پیشاندەرێكدا ببینێ، بەتایبەت لە حاست ئەولاوانەی كە بە شێوەیەكی جیاواز بە مەیدانی تاقیكارێكەیدا تێپەڕ دەبن. بێگوومان كاتێ ئەمان قووژبنە نادیارەكانی توانای خۆیان بناسنەوە، هەر ئەو كات ئەوەی لە دڵیاندایە بەو دەڵێن و ئەودەم دەتوانێ زۆر شتیتریان بۆ بگێرێتەوە.

بەرلەوەی بەرەو فووسا بگەڕێنەوە ئەو دوو ئاواڵە لێك جیا دەبنەوە تا كەس ئەوان پێكەوە نەبینێ .

لەفووسا دا زایەڵەی گوێ كپ كەری فلیمێكی دەنگدار لە شەقامی ئەسڵیدا دەنگ دەداتەوە كە پڕە لە خەڵك و، ئەم دەنگە بە دوای قەشەدا تا بە ژوورەكەی دەرواتە ژوورەوە.

دۆن پائۆلۆ دەچێتە نێو جێوبانەكەی و لەحاڵێكا لە تاو ماندووییدا شەكەتە بە شادمانیەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێ:( یەكەم بەردی بناغەكەم دانا!)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 8

سەر لەبەیانی ئەو رۆژە دۆن پائۆلۆ یاداشتێکی لە دوکتۆر ساکاوە بە دەست دەگا کە لەودا نۆژدار بە هۆی خۆپارێزییەوە، لەهاتن بۆ لای ئەو داوای لێبووردنی خواستووە. هەروەها سەبارەت بەو شتەی کە ئێستا بیرو زەینی دۆن پائۆلۆی بە خۆیەوە خەریك کردووە, دوکتۆر ساکا بە هیچ جۆرێک ناتوانێ بۆی بەقازانج بێ. دۆن پائۆلۆ لە دڵەوە دووپاتی دەکاتەوە: (بەردی یەکەم داندراوە، دەبێ ئێستا لەدوای بەردی دووهەم بگەڕێم .) بە رواڵەت هیچ رووداوێکی ئەوتۆ رووی نەداوە و، بەم جۆرەش پەیڤینی نێوان ئەو دوو پیاوە لە خۆیدا کارێکی گرینگ بوو. دۆن پائۆلۆ بۆ بیرکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە نەیتوانیوە ئەو شەوە خەوی لێبکەوێ.

زەمینەی رووداوە مەزنەکانی مێژووش هەر بەم شێوەیە داندراون، لەهەمان حاڵیشدا خەڵك لە قەراغیانەوە تێدەپەڕن بەبێ ئەوەی کەس هەست پێبکات. ژاندارمەکان، فەرماندەرەکان، میرزاکان، قەشە زەهد فرۆشەکان، (فرنسی)، زابالیوونە و بیرە نیچە هەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەموویان لە قەراغیەوە تێدەپەڕن و هیچ کامێکیان شک ناکەن. کەچی دووپیاو قەسەیان لەگەڵ یەکتردا براندوەتەوە و گشت هەڵوێستێکیش هەر بەم شێوەیە دەست پێدەکا.

(دۆن جیرا سوولە) قەشەی پیری فووسا - کە گنجەکانی سەر روخسارە لاوازەکەی زۆر سەیر شێوەی ختەکانی سەروچاوی بیان کینا دەداتەوە- هاتووە تا بۆ سەردانی کلیسەکەی لە دۆن پائۆلۆ بگێڕێتەوە، بەڵام ئەمیان بە بیانووی نەبوونی دەرفەتێکی گونجاو لە چەند وشەدا خۆی لەم بانگێشتنە دەبوێرێ و داوای لێ بووردنی لێ دەخوازێ.

بەڵێ، دۆن پائۆلۆ پاش سووتاندنی یاداشتەکەی دوکتۆر ساکا دەچێ بۆ وێستگەی هێڵی ئاسن و بە مەبەستی رۆشتن بەرەو رۆما، سوار شەمەندەفەر دەبێ. لەبەر خۆیەوە دەڵێ: ( بەردی یەکەم داندراوە و دەبێ ئێستا لە بەردی دووهەم بگەرێم. دەبێ لەنێو کرێکارەکانیشدا پاڵ پشتێك ببینمەوە و پاشان خەبات و بەربەرەکانێ دەست پێدەکا.)

لە ژووری شەمەندەفەرەکەدا، دۆن پائۆلۆ دەسبەجێ هەست دەکا کە سەفەرکردن بە جل و بەرگی بەدەڵەوە چەندە پیاو نارەحەت دەکا. کەسانێکی نەناسراو لە بەرامبەر یان لە تەنیشتیەوە دانیشتوون کە بەچاوی هەڵسەنگاندنەوە سەیری دەکەن و لە دەرفەتێک دەگەرێن بۆ کردنەوەی سەری قسە. دۆن پائۆلۆ وای مەزندە کردبوو کە دەتوانێ لە دالانی شەمەندەفەرەکەدا جێگایەك بۆ خۆی ببینێتەوە و بە شێوەیەك دانیشێ کە رووی لەلای پەنجەرە بێ. بەڵام لەگەڵ راوەستانی شەمەندەفەرەکە لە یەکەمین وێستگە و، بە دیتنێ رووخساری ئاشنای جووتیارییەکان کە لە سەر سەکۆی وێسگەکەدا دانیشتوون، لەو شوێنەی کە لێی راوەستاوە دوور دەکەوێتەوە. سەرئەنجام لە سووچی یەکێ لە کووپەکانی نێو شەمەندەفەرەکەدا جێگایەك بۆ خۆی دەبینێتەوە، کلاوەکەی تا سەرچاوانی دادەکێشێ و خۆی بە خوێندنەوەی کتێبە دووعاکەیەوە خەریك دەکا. وەك پیاوێکی نێزیك بین، کتیبەکەی لە نێزیکی چاویەوە رادەگرێ. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد وەك قەشەیەکی راستی لەرووی رێسایەوە و بە پێی قەراعەتەوە کتێبە دووعاکەی وەخوێنێ، بەڵام ئاڵۆز دەبێ و مەزامیر و وێردەکان و سەر بردەی شەهیدان و پیاو چاکانی لێ تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ. بەدوای گێشتنی بەهەر وێستگەیەك جگە لە ئاگادار بوونەوەی لە بارو دۆخی هاوسەفەرەکانی سەر لەسەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کتێبەکەی هەڵناگرێ. لە وێستگەی هێڵی ئاسنی (تێر مینی) لەرۆما بەرگە قەشایەتێکەی فریای دەکەوێ و ئەو دەرفەتەی بۆ دەرمخسێنێ کە لە ژێر چاوەتیژو وردبینەکانی پۆلیس دەرچێ .... بەڵام کاتێ لەلای خۆی بیر دەکاتەوە کە بەچ شێوەیەك بۆ جارێکی دیکە پێوەندی بە هاورێکانی پێشووی بگرێتەوە، هەر ئەم جل و بەرگەی دەبێتە هۆی سەر گەردانی و نارەحەتی ئەو. سۆراغ گرتنی ئەوان بەم جل وبەرگەوە نەك هەر مایەی گاڵتە جارییە بەڵکو جێی مەترسیش دەبێ.

دۆن پائۆلۆ لەجانتاکەیدا کەوا وشەبکە و بۆینباغێکی پێیە کە بۆ گۆرینی سەرو وەزعی وەك پیاوێکی ئاسایی پیویستین، بەڵام ئەم خۆ گۆرینە لەبەر چاوی خەڵکی یان لە میوانخانە یان لەهەر شوێنێکی دیکەدا ئیمکانی نییە چوونکە لەبەرچاوی خەڵك ون نابێ و رەنگە خێرا پێی بزانن و لە فێڵەکەی تێبگەن. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە وێڵی لە دەوروبەری وێستگەکەدا دەسوورێتەوە، دەگاتە گەرەکی (لاتران). لە گۆرپانێکی گەورە، لەنێوان کلیسەی سێن ژان وکلیسەی (ئۆسکالا سانتا)دا چاوێ بە کۆمەڵە بۆتکەیەك دەکەوێ کە پێشتر شوێنی سەرگەرمی خەڵك بووە و ئێستا کرێکارەکان خەریکی روخاندنی ئەوانن. هەر لە ئێستاوە شت ومەکەکانی یاری نێو بۆتکەکەیان هەڵگرتوەتەوە وکرێکارەکان بە هەڵوەشاندنەوەی دارەرای سەربۆتکەکانەوە سەرقاڵن و لەهەمان حاڵدا هێندێ کەرەسەی وەك خێوەت و مەقەباو پایە چرای گەورە و ئەسپەدارینە و شمشێری داریان لەسەر کامێۆنەکان کەڵەکە کردووە. پەیکەرە گەچینەکان لە حاڵەتی جۆراو جۆردا بە وێنەیەکی رەنگی خەیاڵی لە پاپۆرێکی گەورە کەبەسەر شەپۆلەکانەوە دەخزێ ویەک تەختە کەولی بەبری بەنگاڵی لەسەر عەرزی و لە نێو خاك وخۆڵ دا کەوتووە . دۆن پائۆلۆ بە نێو ئەم شەمەبازارەدا رێگایەك بۆ خۆی دەبینێتەوە و پەنا دەباتە بەر سێبەری فێنکی کلیسەی ئۆسکالا سانتا. چەند ژنە راهیبەی رەش پۆش لەسەر چۆکان، بەپلیکانەیەکی گەورەدا هەڵدەگەرێن کە ناوەندی گۆرەپانی کلیسەی گرتوەتەوە. بە پێی ئەفسانەیەکی دەورانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەدەکانی نێوەڕاست، ئەم پلیکانەیە هەر ئەو پلیکانەیەی ماڵی(پۆنس پیلاتە)(1) کە لە ئۆرشەلیم بووە، لە ژێر پایەکانیدا هێندێ کەل و پەلی لێ شاردراونەتەوە کە گۆیا (سێنت هێلن)(2) ئەوانەی لە (جۆلجۆتا)(3) هەڵگرتوەتەوە. لەوانە، هێندێ لەت و کوتی پارچەکانی خاچەراستییەکە و، یەکێ لەو بزمارانەی کە عیسا مەسیحیان پێ لە خاچ داوە و، چەندانە دڕکی ئەو تاجەیە کە بە مەبەستی گاڵتە کردن بە عیسا لە سەریان نابوو، وەک ڕاگەیاندی عیسا بە پاشایەتی جوولەکەکان. دۆن پائۆلۆ چاوەڕێ دەمێنێتەوە تا ژنە راهیبەکان پاش تەواو بوونیان لەم سەرکەوتنە ئازاردەرە لە کلیسە بچنە دەر. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پشووی ئەیووبی هەبێ، چوونکە راهیبەکان پاش سەرکەوتنیان بە سەر هەر پەلەیەکدا لەمەڕ تەوژمی ئازاری چۆکیان دادێنەوە و هێندێ ئاە و ناڵە لە جەرگیانەوە دردەکێشن و لە دەورێکی بێ برانەوەدا دووعا دەخوێننەوە. ڕێژەی پلیکانەکان زۆرە و دەبێ چۆکی ئەم ئافرەتە بەستەزمانانە بە سەختی ئازاری دی بێ. لە عەقڵی کەسدا ناگونجێ کە خەراج دان و چوونە لای حاکمی ئۆرشەلیم، بەمەبەستی ریازەت کردن بووبێ. دۆن پائۆلۆ لە ژێر نەخشێکی مەرمەریدا کە نوینگەی (پیلات)ە، کە لەحاڵی پیشان دانی عیسا بەجەماوەرە، چاوەڕێ دەمێنێتەوە. لەسەر پایەی ئەو نەخشە بە زمانی لاتینی ئەم دەقەی لەسەر هەڵقەندراوە:

Hoec est hora restra Potestas Tencbrarum

(ئێستا دەور دەوری ئێوەیە و سەردەمی دەسەڵاتداری تاریکییەکانە!)

تۆزە تاریکییەك بەسە تا دۆن پائۆلۆش بتوانێ کارەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ. کاتێ ئافرەتەکان لە دوایین پلەی ریازەت کردنەکەیان وەسەر دەکەون و لە یەکێ لە پلیکانەکانی تەنیشتیەوە دادەگەڕێن، دۆن پائۆلۆ بە گورجی لە پیلکانەی کلیسەی ئوسکالاسانتا وەسەر

(1) **پۆنس پیلات دەسەڵانداری رۆما لە فەلەستین بووە کە دەڵێن سەرەڕای ئەووی دەیزانی عیسا بێ تاوانە ئەوی بەحاکم سپار دو خۆی لەو بەرپرسایەتییە بێ بەری کرد. لەساڵی 39 ز- مردووە**

(2) سێنت هێلێن دایکی قوستانتین ئیمپراتۆری رۆمای رۆژهەلات(**247-327ز**) کەدەڵێن ئەو خاچە راستییەی عیسای دۆزیوەتەوە.

(3) **جۆلجۆتا یان کالۆر کێوێکە لە نێزیکی ئۆرشەلیم کە لەوێ عیسایان لە خاچ داوە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکەوێ، بۆ ماوەیەکی کورت لەو سەرەوە ماتڵ دەبێ و، پاشان لە حاڵێکا لە سەر تا بە پێیەوە بەرگی گۆرییوە دادەگەڕێ.

لەکاتی چوونە ژووری بۆ نێو کلیسەکە هێشتا دۆن پائۆلۆ سپادا بوو و ئێستا کە لەوێ هاتووتەدەر دووبارە دەبێتە بە پیترۆ سپیتا. هەر ئەمەش لە خۆیدا، دەبێتە مایەی پێکەنینی. سەرەڕای ئەمەش کاتێ لە شەقام و لەژێر تیشکی خۆرەتاو، بەرێدادەڕوا هەست دەکا کە بەبێ عەبای قەشایەتێکەی هێندێ نارەحەتە. لەو حاڵەدا خۆی وەك ئافرەتێك هەست پێدەکا کە بۆ یەکەم جار بە بەرگی ئێسکییەوە هاتووەتە دەر و وای لەبەرچاو دەگرێ کە گشت خەڵکی چاویان لەلاقی زەق کردوەتەوە. ئەم بیرۆکەیە وای لێ دەکا کە هەنگاوەکانی خێراتر بکا، تا ئەو جێیەی کە هێندەی نامەوە بەغاردان بڕوا و چەند جار لەسەریەک لە شەڕواڵەکەی دەڕوانێ تا لە داخستنی دووگمەکانی دڵنیا بێتەوە. بەم جۆرە بە بەردەم (پورتا سان جیوڤانی)دا تێدەپەڕێ و راستە رێی شەقامی (ڤییائاپییانۆڤا) دەبڕێ. پاشان بۆ لای ڕاست دەسووڕێ و بە گەڕەکێکدا تێدەپەڕێ کە خانووەکانی دەوری کلیسەیەکی تازە بینا کراو و چەند سینەمای گرتووە. لەو بەرترەوە پارچە زەوییەکی گەورە پان بووەتەوە کە پاتۆقی پشیلە و سەگی بەرەڵا و ئەو مناڵانەیە کە خۆیان لە قووتابخانە قوتار دەکەن. ئەو پانتایەی کە باسی لێ کرا چاڵ و خەندەقی وایان لێ هەڵقەندوون کە بە مەبەستێ شاردنەوەو ئەنبارکردنی کەرەسە فەلایی و خشت و لوولە شکاو و وەرەقی حەوت جۆش کەڵکی لێ وەردەگرن. چەند مانگ بەر لەئێستا هەر ئەم سپینایە کە پۆلیس وەدوای کەوتبوون، توانی بووی هەر لەم شوێنە و لە کۆخی پیاوێك کە پێشتر جووتیار بووە و ناوی (ماناجییۆلامۆرا)یە پەناگەیەك بۆ خۆی دابین بکات. ئەم پیاوە بە منالّی بەر لەوەی سالاّنێکی دوورو درێژ لەکۆچ و سەفەردا بوگزەرێنێ، لە مالّی باوکی سپینا سەپان بوە. پاش کۆچ کردنەکەی، لە پێشدا لە شاری "بۆئنووس ئایرێس" لە گەڕەکی (لابووکا)دا لیمۆناردی دەفرۆشت، پاشان لە کوورەخانەیەك لە (پۆزولان) لەکن شاری رۆما بە بەردەوامی ئیشی کردووە.

جاری یەکەم کە سپینا چاوی پێ کەوتبوو ئەم پرسیارەی لێ کردبو:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئیستا لە چ ڕێگایەکەوە پارە پەیدا دەکەی؟

و(لامێرا) بەبێ ئەوەی بنج و بناوانی بۆ بێنێتەوە وەڵامی داوەتەوە:

- بەشەرەفانە ژیان تێدەپەڕێنم.

ئێستا سپینا بەبێ ئەوەی تووشی زەحمەت بێ، دووبارە ئەو کۆخە دارینەیە دەبینێتەوە کە سەربانەکەی بە تەنەکە داپۆشراوە و،لامێراش بەشادمانی و بە تامەزرۆییەوە بەرەو پێش وازی ئەو دێت:

- دەی گەورەم، ئاخرەکەی گەڕایتەوە بۆ ئێرە!

سپینا ناو و نیشانی شوێنێکی دەداتێ و ئەمەش بە قسەکەیەوە زیا دەکا:

- بڕۆ بزانە، پیاوێك بەناوی(ڕۆمێئۆ) ئێستا لەم شوێنەدا نیشتە جێیە؟ و لێی بکۆڵەوە و بزانە ئێستاش ئیش دەکا یان نا و، لە کوێ کار دەکا. بەڵام نابێ سەرنجی کەس بەرەو لای خۆت ڕاکێشی.

لامێرا وەرێ دەکەوێ. سپینا دەچێتە نێو کۆخەکە کە هەروەك تەنوور گەرمە و لەماوەی چاوەڕوانییەکەیدا خەو دەیباتەوە.

لامێرا زۆر درەنگ و، بەسەرخۆشی و بێ کڵاو دەگەڕێتەوە. بەڵام زانیارییەکی روونی وەدەست هێناوە. سپینا لەو ماوەیەدا کە لامێرا لەوێ نەبووە لە ژووری کۆخەکەدا دوو جێی بۆ نووستن ئامادە کردووە. بەڵام لامێرا کە ڕێزێکی بەرچاوی هەیە بۆ سپینا، لە چوونە ژوور بۆ نێو کۆخەکەی خۆ دەبوێرێ. لە دەرەوەی کۆخەکەیدا لێی رادەکشێ و دەڵێ:

- کۆخەکەم چکۆلە و فەقیرانەیە. چۆن رێگە بە خۆم دەدەم لە پەنای گەورەی خۆمدا بخەوم ؟

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

- لێرەدا تۆ گەورە و خاوەنی و من تەنیا میوانێکم.

بەڵام لامێرا سەر ڕادەوەشێنێ و دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- باوکت پیاوێکی زۆر باش بوو. کاتێ تووڕە دەبوو، منی وەبەر لێدان دەدا، بەڵام مرۆڤێکی باش بوو. جارێکیان لە جێژنی "پاك"دا رانەبەرخێکی بەمن بەخشی و ئەمشەو دیسان تامی ئەو گۆشتەم وەبەر ددان هاتەوە.

سپینا هەوڵ دەدا بچێتە نێو جۆلانەیەك کە لە ژووری کۆخەکە هەڵواسراوە و لەوێدا بخەوێ، ولامێرا لەبەر دەرگا و لەسەر عەرزی رادەکشێ. کێچ و مۆریانە لە جۆلانەکەدا هەڵبەز هەڵبەزیانە و هەرهەموویان چاو چنۆکانە بەسەر میوانێکدا دەرژێن کە گۆشتتەکەی لە خانەخوێکەی ناسك ترە. سپینا لە نێو جۆلانەکەدا زووە زووە ئەم شان و شان دەکا بەڵام لە ترسی ئەوەی کە نەکا خانەخوێکەی لەبەر دڵی گران بێت ناوێرێ زار بەگازە بکاتەوە. لامێرا تێدەگا و دەڵێ:

- رەنگە جۆلانەکەم (حەبەشی)(1) زۆر تێدا بێ، بەڵام ئەگەر گوێیان نەدەیتێ لە کۆڵت دەبنەوە.

سپینا شەوباشی پێ دەڵێ.

گیرایی شەراب، شیرین ترین بیرەوەرییەکانی رۆژگاری رابردوو دەخاتەوە بیر لامێرا. بە چەشنێ کە دەڵێ:

- جارێکیان باوکت سیگارێکی (تیسکان)ی بە مندا. ئەی لەو سیگارەی! ئێوارەی رۆژێکی شەمۆ بوو، من ئەو سیگارەم هەڵگرت و بۆ رۆژی دواتر کە یەکشەمۆ بوو لەو کاتەیدا کە ئافرەتەکان لە نوێژی "مسی" گەورە دەگەڕانەوە، لە گۆرەپانی کلیسەدا کێشام. ئای چ سیگارێکی بە تام بوو!

سپینا خەوی لێدەکەوێ و لامێراش هەر بەردەوام دەبێ لە سەر یادکردنەوەی رۆژانی خۆشی تەمەنی درێژی خۆی.

- لە "بوئنێس ئارێس" چۆمێکی چکۆلەی لێیە کە بە (ریاشوەگۆ) بەناوبانگە و ماڵی ئیتالیاییەکان لە دەورو بەری ئەم شوێنەدایە کە خەڵکی ناوچەکە، ئیتالیاییەکان بە

---

(1) **مەبەست لە سووکایەتی کردنی ئیتالیاییەکان بە بەحەبەشییەکانە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(گرینگووس) یان (تانووس) بانگ دەکەن. جارێکیان ئافرەتێکی خر و خۆڵ و ڕەش پێست و جوانی لێ بوو کە...

سبەینێ ئەو ڕۆژە لە یەکەم ساعەتەکانی ڕۆژدا، خۆی دەگەیەنێتە دەورو بەری (پورتاسان جیوڤانی) و لەو شوێنە چاوەڕوانی ڕۆمێئۆ دەکا. هێندەی پێ ناچێ کە سەروکەڵەی وەستا پەیدا دەبێ و بەڵام کرێکاری دیکەشی لەگەڵدان و، سپینا بەبێ ئەوەی خۆی بناسێنێ بە مەودایەکی دیاری کراو وەدوای دەکەوێ. کرێکارەکان لە هەمووڵایەکەوە دەستە دەستە پەیدا دەبن. لە هەوادا فێنکییەکی تایبەت هەست پێدەکرێ کە سپینا زوو دەیناسێتەوە و ئەو سەفا و فێنکیە، سیوادی شاری ڕۆمایە. لە کاتێکا جگە لە خەڵکی بە شەرەف کە وەدوای کاروباری خۆیان دەکەون و کەم قسە دەکەن و توند بەرێدا دەڕۆن کەسێکی دیکە نابیندرێ. ڕۆمێئۆ لە پورتاسان جیوڤانی، وەنێو کۆڵانی (موراڤێرەلین) دەکەوێ، پاشان لە (پورتامێترۆڤیا)دا لە تاقمەکەی جیا دەبێتەوە و بەتەنیایی ڕێگای خۆی لە کۆڵانی (ڤییاد لافێراتیلا)دا دەگرێتە بەر. سپینا بەدوای ئەودا دەچێ و، ئیتر ئێستا ورەیەك وەبەر خۆی دەدات و ئەو ئاوازەی کە زۆرجاران ڕۆمێئۆ لە دووڕگەی(ئۆستیکا) دەیچڕی- ئەو ڕۆژانەی کە هەر دووکیان لەو شوێنە لەتاراوگەدا بون- لەبەر لێوەوە دیلێتەوە:

(نەبووە قەت سوورەگوڵی بێ دڕك وخار

دۆست کەماچت نەداتێ نابێتە یار...)

ڕۆمێئۆ سەر وەردەسووڕێنێ بەڵام خۆی وا دەنوێنێ کە نایناسێتەوە. تا گەڕەکەکەی درێژە بەرێگا دەدات. تۆ بڵەی لەنێو ئەوانەدا کەسێکی وا پەیدا ببێ کە خەڵکی ئابرتێزە بێ و لە توانای دا بێ کە بۆ دابەزاندنی پلانەکانی سپینا یارمەتی بدات؟ سپینا لە بەر خۆیەوە دووپاتی دەکاتەوە: (بەردی یەکەم دانراوە، دەبێ ئێستا بەردی دووهەم پەیدا بکەم و، تا ئەو جێیەی کە دەگونجێ پێویستە ئەو کەسە کرێکاربێ.)

لەکارگەکەدا، باڵاخانەیەك لەبەردەستی بینا کردن دایە کە تازە دامەزراوە. دیوارەکانی بەقەد باڵای پیاوێك هەڵچندراون و دەبێ بۆ درێژەدان بەکارەکەیان داربەست

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێدەن. رۆمێئۆ بە مەبەستی دیاری کردنی ئەرکەکان، هێندێ بریار بۆ کرێکارەکان ئامادە دەکا و دەڵێ:

- تابوورەی یەکەم داکوتراوەو دەبێ ئێستا تابوورەی دووهەم بکوتین.

ئەودەم سپینا لێیان نێزیك دەبێتەوە و رۆمێئۆ لە رووی ئەودا بە دەنگی بەرز دەڵێ:

- ئێوە ئەو پیاوەن کە بە نیاز بوون ستارەکەتان چاك بکەنەوە؟

سپینا دەڵێ:

- بەڵێ بۆ خۆمم. دەمەویست بزانم بە چەند بۆم تەواو دەبێ؟

هەردوو پیاوەکان بە بیانووی قسە کردن لەسەر چاك کردنەوەی ستارەکە لەو شوێنە دوور دەکەونەوە و لە نێوان کۆخێك کە قسڵیان تێدا ئەمبار کردووە و ئەمبارێکی بچکۆلەش کە شوێنی راگرتنی کەل و پەلی کارە، دادەنیشن.

سپینا لەحاڵێکا نەخشەی ستارێك لەسەر عەرزی دەکێشێتەوە دەڵێ:

- من لە شانەکانی نێو رۆما پێویستیم بە پیاوێکی جێ مەتمانەیە کە لانیکەم ئەگەر هەبێ با کرێکار بێ و خەڵکی ئابروتێزەش بێ و ئێستاش پێوەندی بەگوونده کەیانەوە مابێ. ئەم پیاوە دەبێ بگەڕێتەوە ئاواییەکەی خۆی و لەوێ لەگەڵ ئەو کەسە کاربکات کە پێوەندی بەمنەوە هەیە. بێ یاری دەدەری کرێکارێك لە توانامانییە کە پایە و بناغەیەکی پتەو بۆ کارەکەی خۆم دارێژم.

رۆمێئۆ دەڵێ:

- تۆ چاوەڕوانیت زۆرە.

ئەوەی دیکە دەڵێ:

- دەبێ بۆی بگەڕێین و ببیینینەوە.

وەستا بیرێکی لێدەکاتەوەو پاشان لە روون کردنەوەی بارو دۆخەکەیاندا دەڵێ:

- دژکردەوەی دەزگا، بەتایبەت لەحاست خەڵکی ئاواییەکانی (ئاپۆلیا)و (ئابروتێزە)و (سار)دا، کە ئەندامی شانەکانی ئێمە بوون، زۆر بێ بەزەییانە بووە. نێزیك بە زۆربەی ئەو پۆلیسانەی کە دێن بۆ ئەوێ بۆ خۆیان خەڵکی ئەو ئاواییانەن و تۆ ناتوانی هەست پێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بکەی کە کاتێ شۆڕشگێڕێك وەچنگی ئەوان دەکەوێ و ئەو کەسەش لە کۆنە جووتیارەکان بێ و منالْی شاریش نەبێ، چ بەلاَیەکی بەسەردا دێنن. ئەگەر کەسێکی شاری لایەنگری لە ئازادی بکات تاوانێکی گەورەیە، بەلاَم ئەگەر کافوونێك ئازادیخواز بێ، ئەوا کوفرێکی زۆر گەورەیە و لەو حالَەدایە کە تووڕەیی و نەفرەتی گشت پایە بەرزەکان بە سەریدا دەبارێ. هەمیشە ئەو جۆرە کەسانە بێکەس کووژ دەکەن و، ئەگەر سەری ساغی تێدا نەچوو بەچوار چلَە ئێسکەوە لە بەندیخانە دێتە دەر کە هاوولاَتییەکانیشی بە سەرسامییەوە لەبەری هەلَدێن.

سپینا دەلَێ:

- (کیلۆچی) چی لێ بەسەرهاتووە؟

- مانگێ لەمەوبەر لەحالَی بلاَو کردنەوەی راگەیاندراوی دژ بەشەڕ، دیسان گیراو ئێستا لە بەندیخانەی(رێجینا کوئیلی)یە* . هێندەی نەماوە ئەو بەستەزمانە بینایی چاوەکانی لەدەست بدات.

- (پۆتزی) چی دەکا؟

رۆمێئۆ لە وەلاَمدا دەلَێ:

- وەزعی روون نییە. کەس نازانێ لە بەرچی کیلۆچی گیراوە و ئەویان نەگرتووە، لەحالَێکا پۆلیس ئەو دوانەی پێکەوە دیتووە. دوور نییە کە پۆلیس بەتەمای ئابروو بردنی ئەوبن و بەم کارە لەخەلَکی تریك بکەنەوە. لەکوێ پیاو دەتوانێ راستییەکەی بۆ روون ببێتەوە؟ چەند نموونەی دیکەش وەك ئەم شتە هەیە و ئەم نموونانە پتر ئێمە نارەحەت دەکەن.

- لەشانەدا کەسی دیکەی تێدا نییە کە خەلَکی ئابروتێزە بێ؟

- یەکێکمان هەبوو بەناوی(دیپرۆئیا) کە تا پێش زەماوەند کردنەکەی کوڕێکی باش بوو، بەلاَم لەو کاتەیرا کە ژنی هێناوە ئیتر نایەوێ هیچ بزانێ. ئێستا رۆژانی یەکشەمۆ دەچێ بۆ نوێژی "مس" و پاش نیوەڕۆیانیش لەگەلْ ئەو (داولَە) پرچ زێڕینە دەچن بۆ پێشبرکێی سوارکاری. کاتێ لە رابردووی شۆڕشگێڕێکەی خۆی دەدوێ، ئاوا دەست

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێدەکا: (وەك ئەوەی لە خەوێکی پەرێشان و ناخۆش وەخەبەر هاتبێتەمەوە.) لاوێکی خوێندکاریشمان هەبوو بەناوی (لیوجی مۆریکا) و ئێستا وا بزر بووە کە هیچ شوێنەوارێکی لێ دیار نییە. من چەند جاران هێندێ کەسم بۆ سۆراغ گرتنی بەرێ کردووە، چوونکە کورێکی باش بوو، بەڵام نەیانتوانی بیبیننەوە.

- (پیچیتی)چی دەکا؟

- ئێستا شێعر بەسەرگوڵ و بولبولدا دەهۆنێتەوە. جارێکیان رۆژنامەیەکیان پێشان دام کە شێعرێکی ئەویان تیا چاپ کردبوو بەڵام بێجگە لە گوڵ و بولبول لەسەر هیچی دیکە نەرۆشتبوو. سەرەرای ئەوەش وا دیارە پۆلیس ناهێڵن ئاسوودەبێ، چوونکە ئامادە نەبووە ناوی هاورێکانی بدرکێنێ.

- بزانە دەتوانێ لەنێو شانەکاندا کورێکی هەڵسووڕ و جێ مەتمانە پەیدا بکەی. من پێویستییەکی گرینگم بە کەسێکی وا هەیە.

رۆمێئۆ پێشنیار دەکا:

- سبەی ئێوارێ، کاتی دەست لەکار کێشانەوە هەر وەرەوە بۆ ئەم شوێنە!

سپینا حەز ناکا بگەرێتەوە ماڵێ و لە کۆخەکەی(لامێرادا) خۆی بشارێتەوە، هەر بەم هۆیە بە شەقامی (ڤییاد لاما ڤیچلا) و پاشان بەشەقامی( کولوریا) دا بەرەو ناوەندی شار دەپەرێتەوە، تا بۆ جارێکی تر دیدارێک لەگەڵ شاردا نوێ بکاتەوە. بەڵام دەڵێی جوانی شاری رۆما تێدا چووە. کرێکارەکان لە شەقامەکاندا نەماون و، ئێستا جگە لە کارمەندەکان بە بەرگی یەکرەنگ و قەشە تازە پێگێشتووەکان و ژنە تۆبە کارەکان کە بەکڕینی شتەوە خەریکن لە کووچە و کۆڵانەکاندا کەسی دیکە بەرچاو ناکەوێ. کەچی لە دەوروبەری سەعات دە تا یازدە، کاتێ سەرو بیچمی سفتە خۆرە گەورەکان، خاوەن پایە بەرزەکان، فەرمانبەرە پایەبەرزەکانی وەزارەت خانەکان و میرزا ماقووڵەکانی کلیسە - بەگۆرەوییە بنەوشەکانیانەوە- دەردەکەون، کوت و پڕ قەوارەی خەڵکی رۆما لەبەرچاویدا سام گرتوو دەبێ. پاشان شەقامی(ڤییالا بیکانا) دەگرێتە بەر و دووبارە دەگەرێتەوە لای قەراغ شار، پاشان قتوویەکی خڕی دەعبا کووژی(ئیمشی) یش بۆ تاراندنی (حەبەشییەکان) ی ماڵی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لامێرا دەكرێ. بەڵام زەحمەتەكانی ئەم لەم ڕێگایەدا بێ هوودەیە چوونكە(حەبەشی)یەكان لە كاتی ڕۆژدا بڵاوەی دەكەنەوە و تاكتیكەكەیان شەبیخوون وەشاندن و شەڕی پارتیزانی لەكاتی شەودایە.

(ماناجیۆلامێرا)تا قەیرێ كە لە شەو تێدەپەڕێ هەروا لە دەرەوەی خانووەكەیدا ماوەتەوە. لێدانێكی باشی وێكەوتووە و بە نیوە گیانی و چاوێكی هەڵبەستراو و دەستێكی شكاو و بەجل و بەرگێكەوە كە لەچەند جێگەوە هەنجر هەنجر بووە دەگەڕێتەوە. سپینا هەوڵدەدات تا بزانێ چەكەسێك و لەبەر چ هۆیەک ئەوی بەم حال وەزعە گەیاندووە، بەڵام لامێرا بێ وەڵام دانەوە لە نێو یەغدانەكەیدا لە شووشەی(تنتۆریۆد)ە كەی دەگەڕێ و برینی دەستی پێ دەشواتەوە.

سپینا دەڵێ:

- تۆ پێویست ترین پێداویستییەكانی ژیانت لا دەست ناكەوێ بەڵام (تنتۆریۆد)ت هەیە. وا دیارە زۆربەی كاتەكانت بە لێدان خواردن بەسەر دەبەی؟

لامێرا دان بەوەدا دێنێ كە:

- لە حەوتوودا یەكدووجار بە پێی پێویست و، لە وەرزێكی تایبەتدا، لێدانێك نۆشی گیان دەكەم. بەڵام ئێستا ئیتر كاخۆرم پڕ بووە و ئەمە ئیتر دوایین جارمە.

سپینا سوورە لە سەر ئەوەی كە بزانێت چ كەسێك و لەبەر چ هۆیەک تا بە ئەمرۆ پەیتا پەیتا خانەخوێكەی ئەوی كوتاوە، بەڵام لامێرا هەر جارەی هەوڵ دەدا بابەتی قسەكەی لێ بگۆڕێ. سەرئەنجام دەڵێ:

- ڕەنگە ئەمەشەو ئەو كەسە هێندێ درەنگتر بێت بۆ ئێرە و ئەودەم چاوت پێدەكەوێ. تۆش دەیناسی، ڕەنگە لە بیرت مابێ. ئەندازیارێكە خەڵكی ئاوایی ئێمەیە كە ناوی ئاكیل ئیسكارپایە.

سپینا زۆر بەباشی لەبیری ماوە. ئەو كاتانەی كە هێشتا سپینا قووتابی بووە، ئەندازیار ئیسكارپا لە یەكێ لە ڕووداوە سەیرو سەمەرەكانی شەڕی نێو دەوڵەتیدا قارەمانییەكی كەم وێنەی لەخۆ نیشان دابوو و ناسناوی قارەمانانەی (ئاكیلی باڵداری) بەسەردا برابوو. گۆیا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(بەجۆرێ کە جێی باوەڕە و دوور لە هەر چەشنە گوومانێکە) و بێ "چۆن" و "چۆنیەتی"، کاکی ئەندازیار لە رۆژی کشانەوەی هێزەکان لە (کاپۆرتۆ)، لە ساعەت نۆی سەرلەبەیانی لە (پالێماندا) و لە نێزیك مەیدانی شەڕەکە بووە و لە سەعات 10ی سەرلەبەیانی هەمان رۆژیش، ئەویان لە شاری رۆما دیتووە، واتە بە مەودای نێزیك بە شەش سەد کیلۆمەتر لە پالێماندایەوە. تەنانەت بە فرۆکەش قەت نەیدەتوانی لەماوەی یەک سەعاتدا ئەم مەودایە ببڕێ. ئەوەی بە تەواویەتی جێگای سەر سووڕمانە، ئەم بەڕێزە- کە خۆی لە سەربازێکی پیادە زیاتر نەبووە- بە قەرارێك کە بۆ خۆی بۆ هەموو کەسی گێڕاوەتەوە ئەم مەودایەی بە پێی پیادە بڕیوە. لەم شاکارە دەرچین، ئەو لە ماوەی تەمەنیدا هەمیشە پیاوێکی ئاسایی و تەنانەت هێندێ شەرمن و ترسەنۆکیش بووە.

لامێرا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

- بەرێز ئاکیل لەو کاتەیرا کە لە سەر کارەکەی خۆی نەماوە، ئەرکی پارێزگاری کردنی لەو ئافرەتانە وەئەستۆ گرتووە کە بە مەبەستی گەشتیاری دێن بۆ رۆما. کارەکەشی ئەمەیە کە بە دەور و بەری هێندێ لەو میوانخانە و پاسیۆنەکاندا دەگەڕێ و بەو پەڕی فیداکارییەوە پشتگری دەکا لەو ئافرەتانەی کە تازە هاتوونەتە ئیتالیا. وەدوایان دەکەوێ و هەرکە قلێکی باشی بۆ هەڵکەوت- کەدیارە هەمیشە لە تیپی پرچ زێرینە زەریفەکانی باکوورییە- ئەو دەم بانگی من دەکا. هەرکە ئەو زەعیفەیە بە تەنیا و بە گەرەکێکی چۆلدا تێپەڕی- بۆ نموونە لە سەعاتێکی دیاری کراو لە (کولیزە)- من لێی نێزیك دەبمەوە و سەردەخەمە سەری و دەیترسێنم تا ئەو رادەیەی کە لە دەستم وەزاڵە دێت. لەو دەمەدا، لە نەکاو لاوێکی بە شەرەف و شووش و باریك - کە لە قسان بەهەڵکەوت رێی لەو شوێنە دەکەوێ - بە هانایەوە دێت. دیارە ئەم لاوە جگە لە بەرێز ئاکیل کەسی دیکە نییە. لاوەکە دەستەو یەخەی من دەبێت و شەڕێکی قارەمانانە لە نیوانماندا دەست پێدەکا کە لەسەر بڕیاری پێشوو، هەمیشە ئەو من رەپێ دەنێت و سەرکەوتن بەناوی ئەوەوە تەواو دەبێ. ئەوکات کرنۆشێکی پڕ لە رێز و شکۆی بۆ دەبات و دەستی دەخاتە ژێر باسکی کیژۆڵەکە و تا مەنزڵەکەی پارێزگاری لێ دەکات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپینا دەپرسێ:

- ئێستا کارو کاسپییەکەت ئەمەیە؟

- بەڵێ کاسپییەکی پڕ دەردی سەریشە. بەڕێز ئاکێل من بەناوی (دەعبای دێهاتی) بانگ دەکا و سەبارەت بە من کۆمەڵێ چیرۆکی سەیرو سەمەرە و ترس هێنەریش بۆ ئەو کچە لاوانە دەگێڕێتەوە کە لەمەترسی رزگار کردوون و، زۆر سروشتییە کە ئەم چیرۆکانە رادەی پێزانینی ئەو کیژانە لە حاند رزگاریدەرەکەیان دەباتە سەر.

سپینا دەڵێ:

- رەنگە کاسپییەکی پڕ دەرامەتیش بێ.

(دەعبا) لەوەڵامدا دەڵێ:

- بەڵێ، ئەگەر بەڕێز ئاکێل زۆر وەسواس لە خۆی نیشان نەدات، رەنگە پارەی چاکمان دەست کەوتبا. سەرەتاکان کاتێ نێچیرەکەی تا بەر دەرگای میوانخانەکەی یاوەری دەکرد، کوتوپڕ خۆی وا دەنواند گۆیا تازە بەخۆی زانیوە کە جانتای پارەکەی لە کاتی شەڕو پێکدادانەکەیدا لە گیرفانی کەوتووە و، لە زۆربەی ئەم نموونانەدا ئەو ئافرەتانە داوایان لێدەکرد کە بۆ قەرەبو کردنەوەی ئەو زەرەدە بڕێک پارەی ناقابیل لەوان وەربگرێت. کەچی ئێستا بەراستی بێ یان لەبەر ئەوەی کە من بە فریو ببات، دەڵێ کە ئیتر لەم شێوازە بێزار بووە و تەنیا ئەو کاتانە پارە قەبووڵ دەکا کە بەراستی هیچی لە گیرفاندا نەبێ. تەنیا بە مەبەستی گەڕاندنەوەی شانازی بۆ نەتەوەکەیەتی کە ئەو کارە دەکا.

- چ شانازییەك؟

- شانازی ئەوەی کە گیانی خۆی لەمەڕ پاراستنی ئابرو و شەرەفی ئافرەتێکی بیانی لە مەترسی دەهاوێ کە لە رووی ساکارییەوە ئامادەبووە بێت بۆ وڵاتەکەمان و، لێرەش دەکەوێتە بەر مەترسی دەست درێژکەری دەغەڵ کارانەی (دەعبایەکی دێهاتی). ئەو بە من دەڵێ: (دەبێ بەبیانییەکان بسەلمێنین کە داب و نەریتی شاسوارەکانی کۆن هێشتا لەوڵاتەکەماندا پارێزراوە...)

سپینا دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- باشە مەگەر ئەم داونانەوە و رزگار کردنانە، هەر هەموویان شانۆگەری نین؟

لامێرا سەری لەم ئیرادە دەرناچێ و دەڵێ:

- یانی تۆ پێت وایە برینەکانی سەر لەشی من هەموویان ساختە چییەتیە؟ تۆ پێت وایە من هەروا بەستەزمانانە و وەك گێلان ئەو لێدانە نۆشی گیان دەکەم و دەست لە سەرلایەنەکەی دیکە هەڵ ناهێنمەوە؟ بەداخەوە! بریا گشت رووداوەکان بە پێی بڕیارەکانی پێشوو دەچووە پێش! لەبەر ئەوەی بەرێز ئاکیل -وەك خۆی باسی دەکا- پیاوێکی توورەیە و زوو هەڵدەچێ و غیرەت بەر چاوی دەگرێ، هەمیشە هەوساری لێ دەپسێ و لە گەرماوگەرمی پێکدادانەکاندا وا لە خۆی دەردەچێ کە بڕیار و بەڵێنییەکانمانی لەبیر دەچێتەوەو هەروەك شەڕی راستی من وەبەر مشت و لەقان دەدا و لەهەمان حاڵیشدا چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە منیش هیچ دژکردەوەیەکم نەبێ. دیارە شتی وا قەت تا سەر نابێ و لەبەر ئەوەی ناچار دەکرێم لە سەرخۆم بکەمەوە، دەستی لێ هەڵدێنمەوە.

سپینا دەپرسێ:

- ئەم بیانیانەش هەروا بە سادەیی بەفریو دەچن؟

دەعبا دەڵێ:

- بروا بکەن، شانس هەروەك هەرمێیەکی گەییو دەچێ، هەر کزە بایەکی بەستە تا لە دارەکەی بەربێتەوە بۆ سەر کۆشمان. رەنگە هۆی کاریگەر بوونی خۆرەتاوی ئیتالیا بێ کە ئاوا زوو پێدەگەن. تا بە ئێستا تەنانەت سێ نموونوم بۆ هەڵکەوتووە، هەر کە لێیان نێزیك دەبمەوە، بەبێ ئەوەی دەرفەتی خۆ تێ هەڵقووتاندن بە بەرێز ئاکیل بدەن، لەحاست (دەعبای دێهاتی)دا کە منم خۆ بەدەستەوە دەدەن. ئای لەو ئافرەتە قۆزو شیك پۆشانە، ئەی لەو ژێرکراسە ناسك و زەریفانەی کە لە بەریاندایە، هەر هەموویان گوڵ دۆزی کراون و، چ لەش و ئەندامێکی ناسکن کە بۆ عەتریان لێ هەڵدەستێ و وا پێدەچێ کە قەت ئیشیان نەکردبێ! پاش ئەم سەرکەوتنە چاوەڕوان نەکراوانە، خوێنی بەخیلی و ئیرەیی لە دەمارەکانی بەڕێز ئاکیلدا وەجۆش دەهات و ڕقی لێ هەڵگرتم و ئێستا چاوروانی ئەمەم لێدەکات کە بەر لەوەی خۆم لەو ئافرەتانەی نێزیك کەمەوە کە ئەو بۆم دیاری دەکات،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رووخسارم بە شتی پیس گڵاو بکەم و، بە روخسارێکی پیس و دزوێن و جێی قێزو بێز بچمە سەر رێیان.

ئێستا لە دوورەوە پیاوێك وەبەرچاو دەکەوێ کە بەرەو پێش دێ و بەسەر چاڵ و خەندەقەکاندا دەپەڕێتەوە و لەبەر هەیبەتی ئەم پیاوە، سەگ و پشیلە بەرەڵاکان هەڵدێن. ئەم پیاوە دەشەلێ و سەری باندپێچی کراوە.

(دەعبا) لەحاڵێکا خۆ بە گۆپاڵێکەوە پرچەك دەکا دەڵێ:

- ئەوە خۆیەتی!

لە دوورەوە دیارە کە قەلسییەکی ترس هێنەر بەسەر ئاکیلی باڵداردا سوارە، بە چەشنێ کە هاوار دەکا:

- ئەی بەرازیچەپەڵ، لە کولانەکەت وەرە دەرێ!

(دەعبا) گۆپاڵەکەی هەڵدەسووڕێنێ و دەڵێ:

- ئەگەر لێم بێیتە پێش، بەم گۆپاڵە شل شلت دەکەم.

پاڵەوانی باڵدار دیسان دەگووڕێنێ:

- ئەی خائینی بۆگەنیو، دەی دەی، وورە و غیرەتی خۆت بنوێنە! ئەی عەنتەری چەپەڵ وەرە پێشێ بابزانم چەند پووت پیاوی!

(دەعبا) دووپاتی دەکاتەوە:

- پیم کوتی، لەوە زیاتر بێیتە پێش شل شلت دەکەم.

- ئێستا پەندێکت دەدەمێ کە هەتا عەمرت مابێ قەتی لەبیر نەکەیتەوە. ئێستا لێت حاڵی دەکەم کە نەجیب زادەی رەسەن بەکێ دەڵێن. ئەی سەگی گڕۆڵ، نەکەی بیر لەهەڵاتن بکەیتەوە.

- مەیە پێشێ دەنا پەشیمان دەبیتەوە.

- باشترە بەر لەوەی دەستەکانم بە خوێنە پیسەکەت گڵاو بکەم، رۆحت بە شەیتان بسپێری.

- ئەگەر ئەمجارە لەوە زیاتر بێیتە پێشێ، تووشی گووناحی کەبیرەم دەکەی!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- قووتار بوون بێ هوودەیە، ئەی دزی دەغەڵ، بێ هوودە خۆت مەشارەوە!

هەردووکیان بە مەودایەکی لەبەرچاو بەرەو رووی یەکتر رادەوەستن و دەنگدانەوەی قەبۆقەبۆکانیان و هەڕەشە مەترسی هێنەرەکانیان، هەروا لە حەوادا لێك دەگلێن تا ئەوەی سپینا- کە وەک پێغەمبەری ئاشتی وەنێو دەکەوێ- نێوبژیوانیان دەکا. ماوەیەکی پێ دەچێ تا ئاکیلی باڵدار دەیناسێتەوە و، ئەوجار سەری لێ سوڕدەمێنێ، لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە چاکە، چلۆن لە کولانەی بەرازێکی ئاوا و لە پەنای شاپانزەیەکی بێزهێنەردا بەسەر دەبا.

سپینا دەڵێ:

- پارەم نەماوە کە بۆ میوانخانە بچم.

ئاکیلی باڵدار لێی دەگێڕێتەوە کە بچێتە ماڵی ئەو و،(دەعبا)ش بەو هیوایەی قسەکانی سپینا کار بکاتە سەر حەریفەکەی و داوای لێبکا تا قەرار و پەیمانەکانیان رەعایەت بکا، دژایەتی ئەم بانگهێشتنە ناکات.

ئەوخانووەی کە هەر ئێستا سپینا بۆ ئەوێی دەگوێزێتەوە، هۆدەیەکی بە تەنیایە کە لە قاتی سێهەمی شۆقەیەکە لەشەقامی (ڤیادی ماسی) نێزیك (پورتاسان لۆرینزۆ). ژووری هۆدەکە بەچەك و کەرەسەی شەڕکەری رازاوەتەوە و لە قەراغیانەوە چەند وێنە لە ئەستێرە بەناوبانگەکانی سینەما و (ئەلخ ئەلخ) بە دیواردا هەڵواسراون. ئاکیلی باڵدار ماندوو وشەکەت، لەبەر هیلاکی و خەواڵوویی خۆی بەسەر قەرەوێڵەکەدا دەخا و دەڵێ:

- ئەمە کەی بەژیانە!

سپینا دەپرسێ:

- لەمێژە کارەکەت پارێزگاری کردن لە ئافرەتە بیانییەکانە؟

- دووساڵ دەبێ. سەرەتا بەهەر کەسێك کە بۆم هەڵکەوتبا، لە پۆڵۆنی(لەهێستانی) و مەجاری و سویسی و برازیلی، رازی دەبووم. بەڵام ئێستا خۆم بەو ئافرەتانەوە ماندوو دەکەم کە بایەخی دراوەکەیان لە بایەخی (لیرە)ی ئێمە لەسەر تربێ. ئەم تاقمە، جگە لەو ئیرلەندییانەی کە بۆ زیارەتان دێنە ئێرە، شارستانیەتیان زۆرترە و بە زەوق و بە کەیفترن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاكیلی باڵدار ژمارەیەكی زۆر نامە و وێنەی ئەو ئافرەتانەی لە یەغدانەكەیدا ڕاگرتووە كە لە چەنگی (دەعبا) ڕزگاری كردوون. سەندووقێكی چكۆلە و كولیاركراوی دیكەش هەیە كە پڕە لە ئاڵقە و پرچی سر كە وەك یادگار هەر لەو ئافرەتانەی وەرگرتووە، بەرەنگی جۆراو جۆری وەك زێرین و سوورو خەنەیی كە بە تەوقێكی شینی ئاسمانی دەستەی كردوون.

ئاكیل دەڵێ:

- ئەگەر پیر بووم، سەرینێك لەم موونە سازدەكەم كە بۆ خەوی دوانیوەڕۆیان سەری لەسەر دانێم .

سپینا پێشنیاری پێدەكا كە:

- دەتوانێ بۆ چارەسەركردنی ڕوماتیزمیش كەڵكی لێ وەربگیرێ. بە مەرجێ ئەگەر لەوە كاریگەرتر دەرمانێكی دیكەت بۆ پەیدا نەبێ.

ئاكیلی باڵدار دەڵێ:

- ئەم (ماناجیولامیرا)یەی هاو گوندییەكەت، هەر لەو كەرە دێهاتیانەیە كە قەت نابن بە بەشەر. ئەم ناپیاوە جگە لە پارە هیچی دیكە نافامێنێ. ئەو هەست بەجوانی خودایی دووچاوی شین ناكات - كە وەک پاداش دانەوەی لەحاست ڕزگار بوونی لە شەڕی دێوێكی پەست وپیس- سپاست لێدەكا.

لە دەرگا دەدەن و ئافرەتێكی جوان و لەبار و بۆن خۆش، بە چەند شووشە مرەبا و پاكەتێ بسكویت و چەند بووتڵی شەراب و دەستەگوڵێكی سوور وجوان بەباوەشیەوە، دێتە ژوور. هۆڵندییەكی سوورو سپی وگۆشتن وخرپنە كە سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژە ئاكیلی باڵدار ئەوی لەدەست (دەعبا)ڕزگار كردووە. بۆ دەربڕینی هەستی پێزانینی خۆی، دەبێ پەنا بباتە بەر قامووسەكەی و وشە بە وشە هەڵبژێرێ و بەدوای یەكتردا ڕیزیان بكات. ئافرەتەكە دەڵێ:

- باش ! دڵ پڕ لەهە بەزەیی! پێزانینی من، بۆ ئێوەی خۆشەویست، جوان، من لەگەڵ ئێوە، ئەو!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە یارمەتی بووتڵە شەرابەکان، گفتوگۆیەکەیان لەوە زیاتر روون دەبێتەوە.

سپینا بەبێ ئەوەی کە ئەو دوانە هەست پێبکەن، بەرەو حەمامی پشت هۆدەکە دەخوشێ، شوێنی خۆ لەبەر کردنەکە چۆڵ دەکا- کە هێندێ جل وبەرگی چڵکن و کتێبی ئەندازیاری لێ کەوتوون- بەڵکوو شەو لەو ژوورەدا بەسەر ببات. هێندەی پێناچێ کە هێندێ ئاخ و ئۆفی گوماناوی لە هۆدەی تەنیشتیەوە بە گوێی دەگا. سپینا بە هەرچی کە لەبەردەستیدایە، هەوڵدەدات گوێی بئاخنی - ئەگەر چی هەوڵدانەکەی بێهوودەیە – لە گەڵ سیوادی بەیاندا، لەبەر هیلاکییەکی زۆر تاقەتی لێدەبرێ و ئەوجار خەوی لێدەکەوێ.

بۆ ئەو شوێنەی کە لەگەڵ رۆمێئۆدا قەراریان دانابوو درەنگ تر دەگاتێ. ماوەیەکە کارگەکە چۆڵ بووە. وەستاکار لەگەڵ کورێکی لاو لە پشت ئەنباری ئامێری کارەکانیان چاوەڕوانی ئەون.

رۆمێئۆ دەڵێ:

- ئەم پیاوە بەشی پەیوەندیمانە.

کوڕەکە دەڵێ:

- وا بۆ مانگێك دەچێ کە برێ پارە و پاساپۆرتێکی (چەکی)تان بۆ هاتووە.

- تۆ چۆنت زانی کە پاساپۆرتەکەچەکییە؟

- پاکەتەکەم کردەوە.

سپینا بە سەرکۆنە کردنەوە دەڵێ:

- کارێکی باشت نەکردووە!

کوڕە لاوەکە دەڵێ:

- ئێمە دوێشەو، بەدزی شەڕ راگەیاندراوێکمان لە (سان لورنیزۆ) بڵاوکردەوە.

- راگەیاندراوەکە چی تێدا نووسرابوو؟

- هێشتا مەجالی خوێندنەوەی ئەوم بۆ نەڕەخساوە.

- تۆش بڵاوت دەکردنەوە؟

- بەڵێ منیش، ئێستا ئیتر نەفەراتمان کەمە و دەبێ هەموو جۆرە کارێك بکەین.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تووڕە بوونێکی خێرایانە بەسەر ڕۆمێئۆدا زاڵ دەبێت بەچەشنێك کە دەڵێ:

- چۆن؟ تۆ بەشی پێوەندیت یان بەشی بانگەشە؟ بۆ نازانی شووتی بە دەستێک هەڵناگیرێ.

کوڕە لاوەکە سەر نەوی دەکات و لەجێدا وشك دەبێ.

سپینا لێی دەپرسێ:

- کار و کاسپییەکەت چییە؟

- هەر کارێك کە بۆم هەڵکەوتووە کردوومە. کاروکاسپییەکی تایبەتم نییە.

وەستا کار دەڵێ:

- گرفتەکە هەر لێرەدایە! ئەگەر مرۆڤەکان لە کارێکی تایبەتدا یەکتر نەناسن ناتوانن لە کاری نەهێنیشدا یەکتر باش بناسن. وەستایەك کە دەیەوێ دیوارێك هەڵبچنێ، بۆ داربەستەکەی، سەرەتا تیرەگەکانی لەعەرزی دەچەقێنێ. پاشان نێوانی ئەو تیرەگانە بەرایەڵکەی دارییەوە، بەشێوەی ئاسۆیی بە یەکەوە دەبەستێتەوە و بە یارمەتی ئەستوونەکان بە دیوارەکەوە قاییمی دەکا. وەستا باش دەزانێ کە ئەو تیرەگەی کە دەبێ لە عەرزی بچەقێ بەکاری رایەڵکەکان نایەت، بە پێچەوانەی ئەم کارە داربەستەکە دەرووخێ. وێنەی دەقاودەقی ئەم ڕێسایە لە گشت پیشەکاندا، خۆی هەر وایە. لە بەرمێل سازیشدا هەر ئەو ڕێسایە ڕەچاو دەگیرێ کە لە کاری میکانێکیدا لەبەر چاوی دەگرن: هەموو ئیشێك کۆمەڵێ ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە. کاری نەهێنیش ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە و، ئەگەر بە جۆرێك ئەو ڕێسایانە ڕەچاو نەگری ڕەنگە نرخێکی گرانی بۆ بدەی، کە ساڵەها زیندان و جاری واشە بە نرخی لە دەست دانی گیانت تەواو دەبێ. کەوا بوو ئیتر لە مرۆوە تۆ بەشی پێوەندی نەماوی. دەبرۆ وەدوای کاری خۆت بکەوە و ئیتر نەکەی لەم دەوروبەرەت ببینمەوە. ئەگەر تووشی یەکتر بووین نابێ خۆت وابنوێنی کە ئاشنایەتیمان پێکەوە هەیە.

کوڕەلاوەکە دەشەمزێ و بەدڵگرییەوە وەدوای کاری خۆی دەکەوێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رۆمێۆ نیشانی چەند کەس لە (ئابروتێزییەکان)، کە لەم ساڵانەی دواییدا خۆیان لە شانەکان دوور خستوەتەوە، بەسپینا دەدات و پێشی دەڵێ:

- تۆ باشترین کەسێکی کە دەتوانی هەوڵ بدەی ئەوان بەرەو بزوتنەوەکەمان بگەڕێنێتەوە. مەترسی شەڕ بارودۆخێکی لەباری رەخساندووە، کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین هێندێ لەو ئەندامە چالاکانەی کە وازیان هێناوە، بەرەو خەبات بگەڕێنینەوە.

سپینا دەپرسێ:

- کۆمەلانی خەڵك سەبارەت بەو شەڕەی کە لە پێشیانە، چۆن بیر دەکەنەوە؟

- خەڵك بیر لە هیچ ناکاتەوە. کار و کردەوەکانیان وا پیشان دەدات کە وەك بڵێی شەڕ هیچ پێوەندییەکی بە ژیانی ئەوانەوە نییە. ئەدەبیاتی ئەو راگەیاندراوانەی کە لە هەندەرانەوە بەدەستمان گێشتوون و ئێمەش خەریکی بڵاو کردنەوەیانین، سەبارەت بە پرسی ئەم شەڕە زۆر لاوازە. وەك بڵێی بۆ ئەو مەبەستە نووسراون تا سەرنجی خەڵکی بە قازانجی ئەو شەڕە راکێشن، چوونکە ئەم شەڕە بە (کردەوەیەکی رێگرانە) ناو دەبەن. ئەگەر بێکارەکان بە قەناعەت بگەن کە لە حەبەشە شتێکی وای لێ دەست دەکەوێ بۆ تاڵان کردن، زۆربەیان لەسەر داواکاری خۆیان چەك هەڵدەگرن. ئەو شتەی کە تا بە ئێستا ئەوانی راگرتووە، دڵنیا نەبوونی ئەوانە لە ئەگەری درفەتێک بۆ تاڵان کردن. لە لایەکی دیکەوە، ئەو شۆڕشگێرانەی کە وازیان هێنا بوو بە هۆگرییەکی سەر سووڕهێنەر ئاوڕ لەم شەڕە دەدەنەوە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم شەڕەی کە لەبەرمانە، دەبێتە مایەی رووخانی ئەم دەسەڵاتە و ئازادیمان بۆ دەستەبەر دەکا.

سپینا دەڵێ:

- ئەم چەند مانگەی کە لە نێو کافوونەکاندا مامەوە، بەو باوەڕەی گەیاندووم کە بانگەشە بەرهەمی لێ ناکەوێتەوە. کافوونەکان لەولایەنەوە دیکتاتۆریەتیان قەبووڵ نەکردووە کە بڕوایان بەو شتە بێ کە لە بانگەشە فەرمییەکانی حکوومەتدا باسیان لێ دەکری و ئەوان لە قاڵب دەدا، بەڵکوو لەو لایەنەوەیە کە دیکتاتۆری حەقیقەتە. مادامەکی کافوونەکان بۆ خۆیان سەرپشك بکرێن کە لە نێوان حەقیقەت- ئەگەرچی ناپەسەند و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناحەزیش بێ- و قسە، ئەگەرچی دڵ رفێن و تەفرە دەربێ، یەکیان هەڵبژێرن، لەراستیدا حەقیقەت هەڵدەبژێرن واتە ئەو شتەی کە "هەیە". حەقیقەتەکان پیاون و قسەش ئافرەتە. کافوونێك بە منی وت کە هەزار ئافرەت بە پیاوێك نابن. بەم چەشنە دەبێ هەوڵ بدەین بانگەشە بۆ مەبەستی ئازادی، ئاوێتەی هێندێ چالاکی دلێرانە و کردەوەی ئازایانە بکرێ تا بەکردەوە نوێنگەی نمای ئازادی بێ. بە کورتی دەبێ جەولەیەکی تایبەت لە رادەی تێگەیەشتنی نەخوێندەواران بخەینە گەڕ.

- وەك چۆن؟

- بۆ وێنە، مەقەری فەرماندەیی فۆچینۆ، لە ئاوەتێزانۆدا بتەقێنینەوە. دوو یان سێ دانە دایرەیماڵیاتی حکوومی بسووتێنین، بە دەست تێوەردانێکی کوتووپڕانە، بەر بە داگیرکردنی داهاتی بنەماڵە هەژارەکان بگرین...

رۆمێئۆ دەڵێ:

- سەبارەت بەم بابەتە دیسان قسە دەکەینەوە. گەڵاڵەی توندوتیژی و پلانی تاکەکەسی، قەتی دڵ خۆش نەکردووم.

و بە پێکەنینەوە ئەمە بە قسەکانیەوە زیا دەکا:

- کاتێ رەوشەنبیرێک قتیلکە بدەی، سەرەنجام دەبینی کە ئاژاوەگێڕێکی(ئانارشێت) لێ دەر دەچێ.

لە رووی ئەو نیشانیانەی کە رۆمێئۆ پێی دابوو، سپینا بۆ سبەی بەیانی لە دیتنەوەی ماڵی یەکێ لە ئاواڵە دێرینەکانی خۆی بە ناوی(ئۆلیڤا) سەرکەوتوو دەبێ. سپینا و ئۆلیڤا کە ڤیۆلۆنیستە، چەندین ساڵە یەکتریان نەدیوە، واتە لە دوایین دیدارەکانیان کە لە کۆبوونەوەی شانەی خوێندکارە سوسیالیستەکاندا بە ئەنجام دەگێشت، هەر ئەوەندە دەزانێ کە ماوەی چەند مانگێك لە بەندیخانەدا بووە و لەوە بەدواوە بە تەواوی وازی هێناوە. سپینا ئەو لە قاتی چوارەمی شووقەیەك، هەڵکەوتوو لە شەقامی (پانیسپێرنا) لە کۆڵانی (ڤیمی ناڵ) دەبینێتەوە. ئافرەتێکی گەنج کە سکی هەیە، ئەو تا ژوورەکەی ئۆلیڤا بەڕێ دەکا و ئۆلیڤاش بە رووساردییەکی چاوەران نەکراو و بەبێ دەربڕینی هەرچەشنە خۆشحاڵییەک یان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرسوورمانێک، بەخێرهاتنی دەکا. ئۆلیڤا پیاوێکی کورتە باڵایە، کۆم، لاواز، چاویلکە لەچاو، پۆشتە بە بەرگێکی ڕەش و چڵکن، کە رواڵەتێکی ناحەز و شڵ و شەوێقی پێ بەخشیوە. هاتنە ژووری سپینا تەنانەت نەبوەتە هۆی ئەوەی لەبەریشی هەستێ. سیگار دەکێشێ و زوو زووش بەڵغەمی زاری فڕێ دەدات و تف دەکا. تف و بەڵغەمەکانی، لە ناوەندی هۆدەکەڕا بەرەو تەشتێکی بچکۆلە کە لەو بەری هۆدەکە داندراوە، هێڵێکی بەرچاو دەپێوێ ، بەڵام کەمتر ئامانجەکەی دەپێکێ، چوونکە کەم و زۆر ئاسەواری زەردی بەڵغەمەکانی لە هەموو شوێنێك، لەسەر مەلافەی پەتووەکان، لەسەر مێزەکەی و بە دیوارەکانەوە دەبیندرێن.سپینا دەڵێ:

- زۆر لەمێژە یەکترمان نەدیتووە. پێم وانەبوو بەم زۆژە بگەیت.

- رەنگە وات بیر دەکردەوە کە سەرەنجامەکەم نۆکەری کردنی حکوومەت دەبێ.

سپینا دەپرسێ:

- چما رێگا چارەیەکی دیکە نییە؟

- قەت بۆ ئێمە رێگا چارەیەکی دیکە لە گۆرێدا نەبووە نابێ. یان دەبێ نۆکەری بکەین، یان دەبێ بمرین. هەر کەسێك کۆڵنەدەربێ و گوێنەداتە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆی و مل کەچی هیچ دەسەڵاتێك نەبێ- جگە لەو ئەنێشەیەی کە بۆ خۆی بڕوای پێیە، لە کۆمەڵگا تەریك دەکەوێتەوە و حکوومەت وەك دوژمنێک لە داوی دەخات. شانە خوێندکارییەکەمانت لە بیرماوە؟ ئەو هاورێیانەی کە لە نێو شانەکەماندا بوون و رێیان نەکەوتە زیندان یان لە برسان نەمردوون، تووشی رۆژگارێکی رەشتر هاتوون، یانی بوونەتە نەوکەری حکوومەت. پاش ئەوەی کە دە مانگان لە زیندان مامەوە - تەنیا بەو تاوانەی کە لە گۆرەپانی (پیاتزافینزیا) هاوارم کردبوو(بژی ئازادی!)- بۆ ماوەیەك بە زستان لە هەتیوخانەکان و هاوینان لە ژێر پردەکانی چۆمی(تبێر)دا یان لەژێر تاقەکانی نەسرەت یان لەسەر پیلکانەی کلیساکان دەنووستم و کەواکەم دەکردە سەرینی بن سەرم. چەند جاران، دەماو دەم پۆلیس دەورەیان دەدام و لێیان دەپرسیم: (کێیت و چکارەی؟و لە چ رێگایەکەوە خۆت بەخێو دەکەی؟) کاتێ لە باتی کارتی پێناس- کە نەم بوو- بروانامەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیپلۆمی مۆسیقام پیشان دەدان، بریا بە چاوی خۆت دەتبینی کە چۆن لە قاقای پێکەنینیان دەدا و گاڵتەیان پێ دەکردم.تەنانەت هەوڵمدا بچم لە ئاواییەکەی خۆمان لە ویلایەتی(سالێرین)دا بمێنمەوە بەڵام هیچ کارێکم دەست نەکەوت. لەو کاتەیرا کە ئیسپانیاییەکان ناوچەکەمانی جێ هێشتووە، ئاواییەکانمان قەت دۆخێکی لەمە خراپتریان بە خۆیانەوە نەدیووە.

سپینا دەڵێ:

- پێویستە لە تەریك مانەوە بێینە دەر، دەبێ لەگەڵ چینی کرێکاردا یەکگرین، دەبێ دەست بدەینە کارێکی بەربڵاوی بانگەشەیی و هیمەتێکی چالاکانە و دلێرانە لەخۆمان نیشان بدەین.

- چینی کرێکار بێ هەست، زایە، دەوڵەت لێدراو، مۆرکراوە و، مەحکووم بە برسێتیی بووە، تەنانەت خودی برسێتییەکەش لەلایەن حکوومەتەوە بورۆکراتیزە کراوە. برسێتییەکی فەرمی هەیە کە ئەو مافەت پێدەدا لە شۆرباوی حکوومی بخۆیت و برسێتییەکی نارەسمییانەش هەیە کە ئەو مافە بە مرۆڤ دەدا بچێت وخۆی لە چۆمی(تیبێر) بهاوێ.

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

- لەم کۆمەڵگا ئاڵۆزەدا هێشتا هێندێ سلوولی زیندوو دەست دەکەون. ئێمە لە دۆخێکی زۆر خراپدا بەسەر دەبێین. نابێ پیاوێکی وەك تۆ گۆشەگیر بکرێ. حەول و فیداکارییە تاکە کەسییەکان هیچ دەرەنجامێکیان لێ ناکەوێتەوە. دەبێ تێبکۆشین تا کۆمەڵگاکەمان لەو خەوە قورسە راپەرێنین.

- بەدڵنیاییەوە دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە و ئەم دیکتاتۆریەتەش کە وا خەریکە ئێمە لە بن خۆیدا دەخنکێنێ، بۆ خۆیشی وەك کەلاکێکی بۆ گەنیو، خۆی سڵ کردووە. ئیتر لەمێژە لە شێوەی بزووتنەوە بووندا- ئەگەرچی بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەش بێ – نەماوە و تەنیا لە فۆرمێکی بوروکراسیانەدا بوونی خۆی دەسەلمێنێ. بەڵام دژایەتی کردن لەگەڵ ئەم دیکتاتۆریەتە بە گشتی چ ئاکامێکی لە دەکەوێتەوە؟ دەرئەنجامەکەی دەبێ بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بورۆكراسییەکی دیکە کە لە ژێر ناوێکی دیکە و بە ئایدولۆژییەکی دیکە و لە پێناو قازانج و بەرژەوەندییەکی دیکە سەر هەڵدێنێ و، ئەمیش بە نۆرەی خۆی هەوڵ دەدات بۆ بە دەست هێنانی دەسەڵات و بە کۆمەڵێ پلانی رەش و شوومەوە هەڵدەستێ بە داسەپاندنی دیکتاتۆریەتێکی دیکە. ئەگەر ئەو بورۆکراسییە سەرکەوێ- وە رەنگە سەریش کەوێ- لەو حاڵەتەدا ئێمە کوت ومت لە دیکتاتۆرییەك بەرەو دیکتاتۆرییەکی دیکە پەل کێش دەکرێین. ئێمە لەگەڵ پرسێک ئاشنا دەبین کە پێی دەڵێن شۆڕشی ئابووری و، لە سایەی ئەو شۆرشە، هەر بەو جۆرەی کە ئەمڕۆ هێڵی ئاسنی حکوومی، خوێی حکوومی و شەمچەی حکوومی مان هەیە، ئەوکات نانی حکوومی و کەوشی حکوومی و کراسی حکوومی و توونکەی حکوومی و سێوکی حکوومی و تەرەباری حکوومیشمان دەبێ. ئایا دەگوونجێ ئەو شتە بە پێشکەوتنێکی زانستی/ تەکنیکی پێناسە بکەین؟ گریمان وابێ، بەڵام ئەم پێشخستنە زانستییە - کە پاڵنەرەکەی مەکتەبێکی فەرمی و زۆرە ملییانەیە - دەبێت بە پایە و بنەمای مەزەبێکی سیاسی و، بە کەڵك وەرگرتن لەو کەرەسانەی کە لەبەر دەستی دایە- لە سینەماوە بگرە تا ترس و هەڕەشە و تۆقاندن- بۆ لە نێو بردنی بیروڕای جیاواز و بۆ خۆ داسەپاندن بەسەر ئەندێشەی تاکە کەسیدا، خۆی پڕچەك دەکا. لە جیاتی ئەم ئەنگیزاسێونەی کە ئەورۆ لە ئارادایە ئەنگیزاسێۆنێکی سوور جێگای پڕ دەکاتەوە، بە جێگای سانسۆری ئێستا سانسۆرێکی سوور دادەمەزرێ و لەباتی تاراوگەکانی ئەمرۆ تاراوگەیەکی سوورمان دەبێت کە باشترین قوربانییەکانی هەر ئەو شۆڕشگێرانە دەبن کە دژی دەزگای حکوومەتن. و هەر بەو جوورەی کە ئەمرۆ لەژێر ئاڵای نیشتمان و نەتەوەدا ئەم سیستەمی بروکراسییە قیت بووەتەوە و نەیارەکانی لە مەیدان دەر دەکا بە تاوانبارکردنی ئەوەی خۆیان بە بێگانە فرۆشتووە، بروکراسییەکەی ئێوەش بە ناوی کار و سوسیالیزم پەرە دەستێنێ و هەر کەسێك کە بە پێچەوانەی ئەوان بیر بکاتەوە و باوەڕی بە قەناعەتەکانی خۆی هەبێ، بە هۆکاری ئیمپریالیزم و ورکەخۆری پیشەسازە گەورەکان و خاوەن زەوییەکان دەژمێرێ و خاشە بڕیان دەکات.

سپینا بەسەریدا دەگووڕێنێ کە:

- ئۆلیڤا، تۆ خەریکی سەفسەتە کردنی! تۆ خۆمانە بوویت و ئێمەش دەناسی و باش دەزانی ئەم شتەی کە باست کرد، لەگەڵ ئامانج و بیرو باوەڕی ئێمە ناوەشێتەوە.

ئۆلیڤا دەڵێ:

- منیش لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەمە ئامانجی ئێوە نییە، بەڵام ئەمە چارە نووسی ئێوەیە. ئەو چارە نووسەی کە ئێوە ناتوانن لەبەری دەرچن.

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

- چارەنووس ئەدەبیاتی پیاوی لاواز و ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە دەستەوە داوە.

ئۆلیڤا بە جووڵەیەك، وەك ئەوەی دەیەوێ پێی ڕاگەیەنێ کە درێژەدان بەم گفتوگۆیە خۆ ماندوو کردنە، بەڵام ئەمەش دەڵێ:

- سپینا تۆ کوڕێکی ژیری، بەڵام خوێری و ترسەنۆک و تەوەزەلی کە بە داخەوە بۆ خۆشت لە خۆت نەگێشتووی، چوونکە ناتەوێ تێبگەی. تۆ لە ڕاستییەکان دەترسی!

سپینا هەڵدەستێ. لە نێزیك دەرگاکە، ڕوو لە ئۆلیڤا دەکا کە هەروا خوێن ساردانە لەسەر ئەسکەملەکەی پاڵ کەوتووە، دەڵێ:

- هەموو ژیانی من شتێکی وای تێدا نەبووە کە ئەو ڕێگەیە بەتۆ بدات جنێوم پێ بدەی.

ئۆلیڤا لە وەڵامدا دەڵێ:

- بڕۆ، ئیتر نەگەڕێیتەوە! من لەگەڵ کەسێك کە نۆکەری حیزبە، قسەیەکم بۆ کووتن نییە.

سپینا بەتەمای ڕۆشتنە. دەرگاکەشی کردوەتەوە، بەڵام دیسان پێوەی دەداتەوە، دەگەڕێتەوە و لە بن پێی ئەسکەملەکەی ئۆلیڤا دادەنیشێ و دەڵێ:

- تا نەزانم کە چۆن بەم قەناعەتە گێشتووی، لێرە ناڕۆم. چ ڕووداوێك وای لێکردووی و چ شتێك تۆی تا بە ئەم ڕادەیە گۆڕیووە؟ بەندیخانە، بێکاری یان برسیەتی؟

ئۆلیڤا وەڵام دەداتەوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- لە ماوەی بێ بەشییەکانی ژاینمدا زۆرم خوێندوەتەوە تا لانی کەم لە شوێنێکا مزگێنی رزگار بوون ببینمەوە، بەڵام نەمدۆزیوەتەوە. رووداوە راستەقینەکان، منی لەگەڵ زۆر پرسی دیکەدا بەرەو روو کردۆتەوە کە زۆر لەمێژە ئازارم دەدەن، ئەویش ئەمەیە کە لەبەرچی گشت ئەو شۆرشانەی کە بە شێوازی بزاڤێکی رزگاریدەر راپەریوون، لە ئاکامدا سیستەمێکی دیکتاتۆریەتی لێ بەرهەم هاتووە؟ بۆچی هیچ شۆرشێك لەم چارە نووسە شوومە نەجاتی نەبووە؟

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

- گریمان ئەم قسەیە راست وابێ، خۆ دەشێ ئاکامێکی دیکەی لێ وەربگیرین کە بە پێچەوانەی بەئەنجام گێشتنەکانی تۆ بێ. دەشێ بڵێین: (ئەو شۆرشانە هەر هەموویان خەیانەتیان کردووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ شۆرشێك راپەرێنین کە خەیانەت نەکا!)

ئۆلیڤا دەڵێ:

- ئاوات! خەون و خەیاڵ! خۆ ئێوە هێشتا بە ئەنجام نەگێشتوون و وەك بزوتنەوەیەکی نەهێنی خەبات دەکەن، کەچی لە ئێستاوە کۆنەپەرستانە بیر دەکەنەوە. ئەو هەست و سۆز وووزە نوێ گەراییەش کە سەردەمێ لە شانە خوێندکارییەکاندا ئێمەی دەهەژاند، وەك ئایدۆلۆژییەکی پاوەجێی لە جووڵە کەوتووە و وەك تەونە جاڵجاڵۆکە تێک ئاڵاوە. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ریگای دەرچونی بەسەر ئێوەشدا داخستوە. ئێوە جارێ لە سەرەتای سەردەرهێنان دان کەچی ئاوا بیر دەکەنەوە و بە بەڵێنیدان و ئاسۆ گەش کردن خۆتان و کۆمەڵگا چەواشە دەکەن، ئەمە چەمکی ئەو چارەنووسەیە کە بۆم باس کردی. هەر هزرێکی نوێ، سەرەتا لە مەر بڵاوبوونەوە و کۆمەڵ گیربوونی وەك کۆمەڵێ فۆرمول و تیۆری پاك و زێرین دێتە بەر باس و، بۆ دابەزاندن و کارا کردنەکەشی دەدرێتە دەست لێژنەیەک بە مەبەستی دارشتنەوە، ئەندامەکانی ئەو لێژنەیەش بە تێبینیەوە پاڵاوتراون و جاری واشە مووچەیەکی باش وەردەگرن. بەهەر حاڵ ئەم لێژنانە مل کەچی بریارەکانی سەرووترن کە ئەرکە سەرەکییەکەیان ئەوەیە، لەو شوێنانەی کە گوومان دروست دەبێ فتوا دەربکەن و رێگە نەدەن لە هێڵی سوور لابدەن واتە لەو قەناعەتە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاوەجێیانەی کە مامۆستاکان دیارییان کردووە. بەم چەشنە چارەنووسی هەر هزرێکی نوێ هەمیشە بەرەو پاوەجێ بوون و نەگۆر بوون دەچێ و سەرەنجامەکەی دەبێ بە سیستەمێکی کۆنەپەرست و گڵاو. کاتێ ئەم هزرە دەبێتە ئامانجی رەسمی دەسەڵات، ئیتر ئەو کاتەیە کە رێگای دەرباز بوون بۆ کەس نییە. دارتاشێك یان جووتیارێك، رەنگە لە رێژیمێکی سیاسی دیکتاتۆریدا بتوانێ لەگەڵ بارودۆخەکاندا خۆ تەبا بخات، بخۆن، هەرس بکەن، لە ئاسایش و خۆش گوزەرانیدا زاو زوو بکەن و بە کاری خۆیانەوە سەرقاڵ بن، بەڵام بۆ رووناك بیرێك مەجال نییە. ئەو، دەبێ مل کەچ بێت و بچێتە ژێر ئاڵای توێژی دەسەڵاتدارەوە، یان کۆڵ بۆ برسیەتی و ریسوایی هەڵبگرێت و لە یەکەمین دەرفەتی رەخساودا تێدا بچێ.

سپینا بە جووڵەیەك کە نیشانەی تووڕە بوونیەتی یەخەی ئۆلیڤا دەگرێت و بە سەریدا دەگووڕێنێ:

- بەڵام بە چ هۆیەک حەتمەن دەبێ ئەم بارودۆخە چارەنووسی ئێمەش بێ؟ بۆ دەبێ رێی دەرباز بوونێکی نەبێ؟ چما ئێمە مریشکی خۆماڵین کە لە هێلانەدا دەستەمۆیان کردووین؟ بۆ دەبێ کۆڵ بە چارەنووسێکی نەگۆڕ بدەین و خۆبەدەستەوە بدەین و مەجالی دژکردەوە نیشان دانمان نەبێ؟ بۆچی هەر لە ئێستاوە ڕێژێمێك مەحکووم بکەین کە هێشتا دانەمەزراوەو ئێمە دەمانەوێ لە رووی نموونەی مرۆڤایەتیەوە دایڕێژین؟

ئۆلیڤا فەرمانی پێدەدات کە:

- مەگووڕێنە! هات و هاوار لە ماڵی مندا قەدەغەیە! تۆ باش دەزانی چیم پێ کوتووی، تەنیا خۆت لەگێلی دەدەی، چوونکە لە ئاکامەکانی دەترسێی.

سپینا دەڵێ:

- من باکم لە هیچ شتێك نییە.

- برۆ، من تۆ باش دەناسم. ئەو کاتانەی کە لە شانەدابووین زۆرم چاوەدێری دەکردی، هەر ئەوکات دەمزانی تۆ لە رووی ترسەوە شۆڕشگێری. لەوەی کە لەرووی زۆرییەوە بروات بە پێشکەوتن هەیە، بەزۆری خۆت خۆشبین دەکەی، بەزۆری تەڵقین

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەخۆت دەکەی کە باوەڕت بە ئازادی شروشتی مرۆڤ هەبێ هەر هەموویان هۆی ئەو شتەن کە پێچەوانە بوونیان دەت ترسێنن.

سپینا بۆ ماوەیەك ئاڵۆزو شێواو لەجێدا دۆش دادەمێنێ، پاشان هەست دەکا کە دەبێ هێندێ خۆی بۆ ئولیڤا بشکێنێ و کەمێ پاشەکشە بکات بۆیە دەڵێ:

- ڕاستە. من لەڕووی زۆرییەوە بڕوام بە ئازادی مرۆڤ هەیە، بە زۆری تەڵقین بەخۆم دەکەم کە لانیکەم بڕوام بە ئیمکانی ئازادی مرۆڤ و بەگشتی باوەڕم بە ئیمکانی پێشکەوتن هەبێ. تۆ ڕاست دەکەی، چوونکە ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕە نەدەبووم ژیان دەبووە هۆی ترسانی من.

- من بڕوام بە پێشکەوتن نییە و کەچی ژیانیش نابێتە هۆی ترسانم.

- چیت کردووە تا بەم جۆرە خۆت بە دەستەوە داوە؟

- من خۆم بەدەستەوە نەداوە، تەنیا دەڵێم لە ژیان ناترسێم ئەگەرچی باکم لە مەرگیش نییە. لە حاست ژیانێکا کە سەر بە یاسا گڵاوەکان بێ تەنیا ڕێی چارەی ئازادی سروشتی مرۆڤ نەمانی ژیانە، واتە تێداچوونی خودی ژیان، یانی مەرگی خۆشەویست.

ئەوجار سپینا دەڵێ:

- تێگێشتم!

سپینا تێگێشتووە و هەر بەم هۆیەش تووشی غەمێکی گەورە دەبێ. لەم کاتە بەدواوە هەر چەشنە قسە و مشت ومڕێک بێ هوودەیە. بە ڕوونی دیارە کە سپینا لەم بەری ئاوەکەیە و ئۆلیڤا لەو بەری دیکەیە.

ئۆلیڤا بە کاوەخۆ سەری بۆلای گوێیەکانی سپینا دەبات و ئەمە بە قسەکەیەوە زیاد دەکا:

- ژیان دەتوانێ ئیختیاری مرۆڤی هەبێ و مرۆڤیش دەتوانێ ئیختیاری مەرگی هەبێ، واتە دەسەڵاتی مەرگی خۆی و بە هێندێ عوورزەوە دەسەڵاتی مەرگی زۆردارانیش.

ئافرەتێکی لاو کە دەرگای لەسەر سپینا کردبوەوە، وەژوور دەکەوێ تا شتێك هەڵبگرێ، ئۆلیڤا ڕادەوەستێ تا ئەو بچێتە دەرەوە. پاشان دەست پێدەکاتەوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- باوکم عارەق خۆر بوو و لە تەمەنی چل ساڵیدا مرد. شەوێك، چەند حەوتوو بەر لە مردنەکەی منی بانگ کرد و سەربردەی ژیانی خۆی بۆ گێرامەوە، یانی بەسەرهاتی نابووت بوونەکەی. سەرەتا سەبارەت بە مەرگی باپیرم قسەی بۆ کردم. باوکی پێی وتبوو: (من بە هەژاری و ناکامی دەمرم بەڵام هیوام بە تۆیە، رەنگە بتوانی ئەوەی ژیان بە منی نەداوە تۆ بستێنی!) باوکیشم کاتێ هەستی بە نێزیک بوونەوەی مەرگ کرد، بە منی وت کە جگە لە دووپات کردنەوەی قسەکانی باوکم قسەیەکی دیکەم پێ نییە: (رۆڵە گیان، ئەوا منیش بەهەژاریو بە ناکامی سەر دەنێمەوە، هیوام بە تۆیە و ئاواتە خوازم ئەو شتەی کە ژیان بە منی نەبەخشی تۆ بتوانی بیستێنی.) بەم جۆرە ئاواتەکانیش هەر وەك کۆنە قەرزەکان لە وەچەیەکەوە بەرەو وەچەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. ئێستا من سی و پێنج ساڵم تەمەنە و سەیر دەکەم هەر لەو شوێنەیدا چەقیووم کە باوك و باپیرم لێی بوون. منیش پیاوێکی نابوتم و خێزانیشم منداڵە بەرە. وەک پیاوێکی بێ ئاووز هەر ئەمەم بۆ ماوەتەوە کە بڕوام بەمەبێ ئەو شتەی ژیان بە منی نەداوە منداڵەکەم بتوانێ بیستێنێ. دەزانم کە ئەویش توانای دەربازبوونی نابێ لە دەست ئەم چارە نووسە شوومە ، ئەویش لە برسا دەمرێ، یان لەوە خراتر، دەبێتە نەوکەری دەوڵەت.

سپینا هەڵدەستێ کە بڕوات و دەڵێ:

- بڕواناکەم ئیتر بگەڕێمەوە.

ئۆلیڤا دەڵێ:

- ئیتر زەحمەت مەدە بەرخۆت!

لە شەقامی (ڤییا پانیسپێرنا) لە ئاپۆرەی پەنجا کەسێك لە لاوانی خوێندکاری شەبکە بەسەردا هات و هاوارێك بەرز دەبێتەوە. ئەم لاوانە ئاڵایەکی گەورەی سێ رەنگ و نوسراوەیەکی درێژ لەگەڵ خۆیاندا دەگێرن کە دەقەکەی ئاوایە: (بژی شەڕ!) چەند پاسەوانیش بە دەوریانەوە، زێرەڤانییان دەکەن. لاوەکان دەلوورێنن و روو لە خەڵکی سەر شەقامەکان درووشم دەدەن و سروودێکی نوێ دەخوێننەوە کە شێعرەکەی ئەمەیە: (ئێمە فڵچەی بۆیاغ کردن بە ریشی پاشای نەجاشی دروست دەکەین تا چەکمەکانی پێشەواکەمانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێ بۆیاغ بکەین!) لەبەر دەرگای دووکانەکانەوە خەڵك بە چاوێکی کون پشکنینانە سەیریان دەکەن. لە شەقامی(سێرپینتی نی) سپینا تووشی دەستەیەکی تر لە قووتابییەکان دەبێتەوە کە ئاڵایەکی گەورەو نووسراوەیەك وەك نووسراوەکەی پێشوو لەگەڵ خۆیاندا دەگێڕن. ئەمانیش بە ئاوازەکانیان چەکمەکانی پێشەواکەیان بۆیاغ دەکەن و لەگەڵ ئەمانیشدا پاسەوانەکان بە پشوو درێژییەوە دەگەڕێن. لە نێوان ئەو کۆمەڵە گرفتار و سەرقاڵە و لە نێوان گشت ئەو کەسانەی کە یەکڕاست بەرەو شوێنی کارەکانیان یان بەرەو ماڵێ دەگەڕێنەوە، سپینا هەنگاوە شل و بێ هێزەکانی بێکارەکان دەناسێتەوە، هەنگاوی ئەو کەسانەی کە بێ شوێن وەمەکانن و لە بەر بێ ئیشی وەدوای قووتابییەکان دەکەون.

لەنێزیکی(کۆلیزە) سپینا بۆ سەیرکردنی ئەولاوانەی کە سەرقاڵی راهێنانی تۆپ و رەشاش و تەقە کردنن رادەوەستێ. لاوانێکی پازدە تا هەژدە ساڵانە کە شێوەکاری دابەزاندن و سوار کردنەوەی چەکوچۆڵەکان فێر دەبن کە لە کاتی مەبەستدا دەبێ چۆن تەقەیان پێ بکەن. لاوەکان بە گشتی سوورن لەسەر کارەکانیان و بە هۆش و ژیرییەوەو چالاکانە بەشە جیاجیاکانی راهێنانەکانیان بەڕێوە دەبەن.

سپینا دەچێ بۆ ئەو شوێنەی کە لەگەڵ رۆمێئۆ قەراریان دانابوو، لە رۆستۆرانێك لە گەڕەکی (بتبۆرتین) لە شەقامی(ڤییادێگۆلی) تەنیشت پردی(ئاکڤاکارچیا) هێلّی ئاسن. ژەنگی هێلّی ئاسنەکە رەنگی خۆی بەسەر گشت کۆلانەکەدا کێشاوە و بۆنی رێژی و دووکەڵی شەمەندەفەرەکان وەژووری ماڵەکان دەکەون. رۆستۆرانەکە چۆڵ دیارە. لە سووچێك ژاندارمێك دانیشتووە و بە چلێسی ئیسپاگێتییەکەی دەخوا کە هەر دەڵێی دڵ و ریخۆلّی کۆمۆنیستی پێوەیە. لەسەر عەرز ئاردەمشاریان رۆکردووە تا تف و بەڵغەمەکان بخۆیەوە هەڵمژێ. تەنیا وێنەیەك بە دیواری رۆستۆرانەکە هەڵواسراوە کە وێنەی پاپۆڕێکی گەورەی ئۆقیانووس پێوەرە کە لە تەواوی کابینەکانیەوە چرا دەبریسکێتەوە و، لە شەوێکی مانگەشەودا سینگی ئۆقیانوس دەبڕێ. هێندێ درەنگتر، تاقمێ پاڵە و کرێکار دێن. داوای نێو لیتر شەراب دەکەن، دەیخۆنەوە و بە خۆپارێزییەوە، بەچەشنێ کەژاندارمەکە ئاگای لێ نەبێ، سەیری پاپۆڕە گەورەکە دەکەن و، بە هێواشی و بە گاڵتە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جارییەوە بە مەبەستی رۆشتن بۆ ئامریکا سوار پاپۆڕەکە دەبن. پاشان پارەکەیان دەدەن، لە پاپۆرەکە دادەبەزن، تفێ رۆدەکەن و بە قەڵسییەوە بەرەو ماڵێ دەگەڕێنەوە. رۆمێئۆ زۆر دەرەنگتر دێت، چەتوورێ شەراب دەخواتەوە و بەبێ ئەوەی خۆی لە سپینا نێزیك بخاتەوە بە کۆخە کۆخ دەگەڕێتەوە. سپینا بە دوایدا لە رۆستۆرانەکە دەچێتە دەر و بە مەودایەکی دیاری کراو- بەڵام بە دژواری شوێن پێی هەڵدەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی رۆمێئۆ بە گێشتنی بۆ سەر هەرکۆڵانێك شوێنەوونکە دەکا، بەرواڵەت لەبەر ئەوەیە تا لە بەدواداچوونی پۆلیس دڵنیا بێتەوە. لە کۆڵانی(رانوشیا) شەقاوەکانی شل دەکاتەوە تا سپینا پێی بگاتەوە. لەوێ بەسپینا دەڵێ:

- کوڕەکەی بەشی پێوەندییان گرتووە. بە دڵنیاییەوە بە مەبەستی قسەدرکاندن و زانیاری وەرگرتن، زۆر بە خەستی ئەشکەنجەی دەدەن. کەوایە دەبێ وریای خۆمان بین چوونکە رەنگە ئێمەش تێبکەوین. ئەمە ئەو پارەیە کە مانگی رابردوو لە هەندەرانەوە بۆت هاتووە. ئەمەش پاساپۆرتێکی چەکییە. دەبێ تا چەند حەوتووی دیکە تووخنی یەکتر نەکەوینەوە.

سپینا دەڵێ:

- من دەرفەتێکی زۆرم بۆ نەماوە تا بە بەتاڵی بیگوزەرێنم. ئێستا شەش مانگە گەڕاومەتەوە ئیتالیا و هێشتا هیچ کارێکم رانەپەڕاندووە. ئیتر چاوەڕوان مانەوە بەسە.

رۆمێئۆ دەڵێ:

- کاری رێکخراوێکی نەهێنی وەك دەزگایەکی جۆلایی دەچێ کە پەیتا پەیتا دەچنێ و زوو زووش لێی هەڵدەوەشێتەوە، دەزگایەك کە خوێن و خۆڕاگرتوویی دەوێ. زۆرجاران لە رۆما رێکخراو و شانەکانمان بە دەستی پۆلیس ئاشکرا بوون و هەڵوەشاونەتەوە و دیسان دامەزراونەتەوە. ئەو پێوەندییانەی کە دیسان دەبێ بە دژواری بی بەستینەوەو ئەویش لە حاڵێکایە کە زۆر ناخایەنێ و تێک دەچێتەوە! ئەو هەمووە هەڤاڵانەی کە لەبەندیخانەکان کەوتوون! ئەو کوڕانەی کە تێدا چوون و هەر بەجارێ بزربوون و هیچ ئاسەوارێکیان لێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەبیندراوەتەوە! ئەو کەسانەی کە دەبێ خۆی لێ نەبوێرین چوونکە جێی گوونانن! سەرەڕای ئەمانەش دەبێ دیسان خۆراگربین و پشوو درێژ بین.

سپینا دەڵێ:

- زۆر باشە، منیش پشوو رادەگرم.

پیاوەکان تۆقە لەگەڵ یەکتردا دەکەن و هەر کامەیان بەرەولایەك دەڕۆن. ئێستا سپینا دەتوانێ بە لەدەستدابوونی پاسپۆرتە بیانییەکەی بچێتە هۆتێل. بەڵام نابێ لە بیری بچێ کە هەڤاڵەکەی بەشی پێوەندی گێراوە و لە بوونی ئەو بەڵگەیە ئاگادارە. بەم جۆرە تا بە دڵنیاییەوە روون نەبێتەوە کە ئەو کورە تا چ رادەیەك لە حاست ئەشکەنجەی پۆلیسدا خۆراگرتوویی لەخۆی نیشان داوە، کەڵك وەگرتن لەو پاساپۆرتە کارێکی عاقڵانە نییە. سپینا بە خۆی دەڵێ: (ئەو بە رۆڵەیەکی ئازا داهاتە بەرچاو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش واباشە لەم حاڵانەدا هەمیشە چاوەڕێی وەزعێکی خراتر بکەین.)

لە گەڕانەوەی بەرەو ماڵ ، لە شەقامی(دی مارسێی) سپینا بەڕێز ئاکیل دەبینێتەوە کە بەدوای رۆشتنی کچە هۆڵەندییەکەدا هیلاك و داهێزاوە. کچەکە وێنەیەکی گەورە، کە لە پشت وێنەکەدا بەیادگار چەند وشەی بۆ نووسیووە لەگەڵ چەند تاڵە مووی پرچی خۆی بۆ ئەو بەجێ هێشتووە و بەڵێنی پێداوە کە لانی کەم لە حەوتوودا دووجاران نامەی بۆ بنێرێ کەچی ئەم بەڵێنییانە هیچیان ئۆقرە بەدڵی پڕ لەهەستی پاڵەوانی باڵدار نادەن.

سپینا دەڵێ:

- لە ناوەندی شار، هێندێ خۆپیشاندان بەقازانجی شەڕ بەڕێوە دەچێ. زۆربەی خەڵك بە لەسەرەخۆیی و بێ وزانە لە پشت پەنجەرەکانەوە سەیری دەکەن و تۆش لێرە بۆ چەتیوێکی کە تا بە پێرێ نەت دەناسی دۆش داماوی.

ئەم قسەیە لە دڵی ئاکیلی باڵدار گران دێت، بە چەشنێك کە لە وەڵامدا دەڵێ:

- من لە ماڵی خۆمدا میوانداریم لە تۆ کردووە لەبەر ئەوەی تۆ هاوگووندی خۆمی و دەشزانم کە لە بنەماڵەیەکی رەسەنی، بەڵام تکات لێدەکەم لەکارە نامووسی و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەستكارییەكانی مندا خۆت هەڵمەقوتێنە چوونكە سەرت لەم مەسەلانە دەرناچێ. و بەڵام سەبارەت بە شەڕ دەبێ بڵێم كە تەنیا قووتابییەكان و دێهاتییەكان باوەڕ بەم بابەتە دەكەن.

- یانی تۆ لەسەر ئەو باوەڕەنیت كە شەڕ دەست پێدەكا؟

- بۆچی، بەڵام ئەو شەڕەی كە تۆ بیری لێدەكەیتەوە نەء. بەم حكوومەتەی كە ئێمە هەمانە جێگای هیچ نیگەرانییەك ناهێڵێتەوە.

سپینا تێناگا و ئاكیلی باڵدار وەك روون كردنەوەیەك دەڵێ:

- هەر پلانێک كە حكوومەت بانگەشەی بۆ بكا، تەنیا بە مەبەستی راكێشانی سەرنجی گەشتیارەكانە. باغەگشتییەكانی نێو شار و باڵاخانە نوێكان و جادەكان و شەمەندەفەرە تووندڕەوەكان هەر هەموویان بۆ پێ خۆش بوونی بیانییەكانن. ئیتر نابێ لەسەر عەرزی تف رۆبكەی، بە دیوارەكانەوە هەڵمیزی، نابێ پێ لەسەر كورسییەكانی قەراغ شەقامەكان دابنێی، لووتت بە قامك بسڕیتەوە، ئاخر لەبەرچی ئەم هەمووە فیداكارییەمان بەسەردا دادەسەپێنن؟ تەنیا لەبەر راكێشانی بیانییەكانە. سەرەرای ئەمانەش ئێستا ماوەیەكە بیانییەكان كەمتر دین و هۆتێلەكان مێشیان لێ نیشتووە. لەم حاڵەدا بۆ راكێشانی بیانییەكان تەنیا رێگا چارەیەكی قارەمانی نواندن ماوەتەوە كە ئەویش راگەیاندنی شەڕە.

سپینا دەپرسێ:

- چۆن ئەم بیرۆكەیەت بە مێشكی گەیشتووە؟

- لە گشت ئاواییەكانی قەراغ دەریای مەدیتەرانەدا، لە (رێڤێدا)یەوە بگرە تا (كالابێر) حكوومەت سەرقاڵی سەرژمێری كردنی باڵاخانەكان و هاوینە هەوارەكانە. هۆیەكەییم لە ئەندازیارێك پرسی كە ئاواڵی خۆمە و ئەو لە وەڵامدا وتی ئەم كارانە بۆ پارێزگاری كردنە، بۆ ئەو مەبەستەی رەنگە لەگەڵ بریتانیادا نێوان مان بشێوێ. بەم جۆرە مەتەڵەكەمان حەل كراوە... گەشتیار كەم دێن و پلاژەكانمان چۆڵن. حكووماتەكەمان شەڕ بە ساماندارێكی بەشەرف و ساویلكەی وەك بریتانیا رادەگەیەنێ و ئەو دەم بریتانیاییەكان ناچار دەبن لە كەنارەكان و تابگەكانمان دابەزن و باشترین پلاژەكانمان لێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەکرێ بگرن. ئەو دەم بازاڕی میوانخانەکان وبەستەنیخانەکان و کارت پوستاڵ فرۆشەکان گەرم دەبێ... حکووماتەکەمان -بە یارمەتی وەرگرتن لەکۆمەڵگای نێو نەتەوەیی- هەوڵدەدا ئەم شەڕە درێژخایەنتر بێ بەچەشنێك کە میوانەکانمان زۆرتر بمێننەوە. کاتێ هێدی هێدی وازیان بەسەرچوو و ویستیان بگەڕێنەوە ئەو دەم ئێمە دەست دەخەینە پێشیان و ریزی حسێبی خەرجەکانیان لەبەردەم دادەنێین.

- و تۆش لەسەر ئەو باوەڕەی کە بریتانیاییەکان پارە بدەن؟

- بێ گوومان وایە. پیاوی پیاو، قەت قەت دەماری بەوە رازی نابێ کە بێ دانانی پارەی میوانخانەکان بچێتە دەر. ئەمە تەنیا هۆیەکە کە ئێمە لەگەڵ بریتانیا، دۆستی لەمێژینەی خۆمان شەڕ رادەگەیەنین، نەك لەگەڵ وڵاتێکی وەك رووسیە. رۆسەکانیش دێن و بە دڵنیاییەوە تەنانەت دوو بەرابەری بریتانیاییەکانیش دەخۆن، بەڵام لە کۆتاییدا نەك هەر پارە نادەن بەڵکوو دەبێ بە دەستی شتێکیشیان بدەینێ. بە پێچەوانەی ئەوان مامڵەکردن لەگەڵ بریتانیاییەکان بەگشتی جێی مەتمانەو دڵنیاییە.

سپینا نازانێ کە بەراستی ئاکیلی باڵدار گاڵتەی پێدەکا یان هەر بەراستیەتی و دەڵێ:

- بە هەرحاڵ گەلانی ئیتالیا گەلێکی کاسەلێس و بەرماو خۆر و پڕ چاوەڕێ نین، بەڵکوو گەلێکی تێکۆشەر و کاریگەرە. شەڕ کارەساتێکی دڵتەزێنە و جێی مەترسییە و دیتنی ئەو گەلە زۆر ئازاردەر دەبێ کە بە چ زۆرە ملییەکەوە بەرەو کارەساتەکە رادەکێشرێن.

ئاکیلی باڵدار دەپرسێ:

- نەکا تۆ دژی ئەم رێژیمە بی؟

سپینا وەڵام ناداتەوە. ئەوەی دیکە دەڵێ:

- نا وانییە، تۆ تەنیا پیاوێکی دیهاتیت و پێت وایە ئەم شەڕە کوژراو و بریندار لێ دەکەوێتەوە، بەڵام بیر لەوە ناکەیتەوە کە لەم سەردەمەدا کەس حەز بە زەرەری خۆی ناکا. شەڕ بە دژی بریتانیا رەنگە بە پێشبڕکێیێکی تۆپی پێ و لێرە، لە رۆما، بە بەشداربوونی هەردوو لایەنەکان، لەنێوان یانەی(ئارسێناڵ)ی لەندەن و یانەی(ڤینووس)لە

شاری(تۆرین)دا کۆتایی پێ بێت. ئەو دەم وەرەو سەیرکە چ هەڵاو هەنگامەیەك لە گەشتیارەکان هەڵدەستێ! بۆ ئاگاداریت ئەگەر بریتانیاییەکان ئامادەبن کە گۆڵمان لێ بخۆن شانازییەکی گەورە بە نەسیبی وڵاتەکەمان دەبێ!

سپینا دەڵێ:

- شتی واقەت ناگونجێ، بریتانیاییەکان ئامادە دەبن (ماڵت)و (میسر) چۆڵ بکەن بەڵام لە تۆپی پێدا گۆڵ نەخۆن.

ئاکیلی باڵدار دەڵێ:

- بەم جۆرە پێشبڕکێیەکە گروتینێکی خۆشتری تێدا دەبێ.

سپینا بە بیانووی ئەوەی هیلاکە و خەوی دێت، گفتوگۆیەکەی دەبڕێنێتەوە. ئێستا کە لەگەڵ رۆمادا پێوەندی پساوە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی زۆرترە بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگاچارەیەك. بەبێ ئەوەی هیچ دەرئەنجامێکی وەرگرتبێ و بەبێ ئەوەی کەسێکی وای پەیدا کردبێ تا لە دیتنەوەی چالاکترین هەڵسوورەکانی یەکێتییە جووتیارییەکان یارمەتی بدات کە لەلایەن رژێمی دەسەڵاتدارەوە بە هەڵوەشاوە راگەیاندراون و، بە بێ دیتنەوەی کەسێك کە بتوانێ لە کاری نەهێنیدا یاری دەدەر و جێگری بێ و لە کاتی پێویستدا و کاتێ بۆ خۆی گیرا جێگای پڕ بکاتەوە، ناتوانێ بەرەو فووسا بگەڕێتەوە. ئێستا سپینا تەنانەت ئامادەیە بێتە سەر ئەو قەناعەتە کە با ئەو کەسە کرێکاریش نەبێ بەوەمەرجەی جێی مەتمانەبێ. رۆمێئۆ سەبارەت بە خوێندکارێك بەناوی لۆڤیچی مۆریکا قسەی بۆ ئەو کردبوو و پێی وتبوو کە ئەو کوڕێکی ژیرو وریا و نەترسە و خەڵکی ئاوایی روکادی مارسێیەوە و، کە لەمێژە بزربووەو ئاسەوارێکی لێ نەبیندراوەتەوە. بەڵام چۆن و لە کوێ ئەو کەسە بدۆزێتەوە؟ و گریمان توانی ئەویش بدۆزێتەوە، ئەدی چۆن خۆی پێ بناسێنێ؟ سپینا بۆ جارێکی تر هەست دەکا عەرز لە بن پێی بۆش بووە. خەباتی بەردەوامی لەگەڵ تارماییەکان سەر لەنوێ سەر هەڵدەداتەوە.

بەیانی ئەو رۆژە سپینا (دەعبا) مەئموور دەکا تا بە خۆپارێزییەوە، لەرووی ئەو نیشانانەی کە لەبەر دەستدان. پێوشوێنی مۆریکا ببینێتەوە، بەڵام بە ئەنجام ناگات. لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نووسینگەی سەرژمێری شارەوانیدا، لە پێش ناوی مۆریکا نووسراوە کە نێزیك بە یەك ساڵە لە رۆما دەرچووە. بەم چەشنە درێژەدان بە گەڕان و توێژینەوە بێ هوودەیە.

سپینا لە گەڕەکی(تراستڤێرە)(1) لە شەقامی(مۆرۆسینی) سەردانی خێزانی کیلۆچی دەکا، واتە هەمان کرێکارەی کە نێزیك بە یەك مانگە بۆ جارێکی دیکە دەسبەسەر کراوە و- بەگوێرەی گێرانەوەکەی رۆمێئۆ- لە بەندیخانەدا خەریکە بینایی چاوەکانی لە دەست دەدا. ئافرەتەکە بەباشی سپینا دەناسێتەوە و، لە رێ پێدانی کەمێ ترسی لێ دەنیشێ. ئێستا خەسووی لەسەر ماڵەکەیەتی و ئەو پیرێژنێکی(ئابرۆتیزی)یە و، هەر کە زانیویەتی کوڕەکەی گیراوە و بووکەکەی بە تەنیایە لە ئاواییەوە هاتووە بۆلای ئەو. هەردوکیان بەسەریەکەوە دەژین. بووکەکەی خەڵکی میلانە کە هەم کرێکارە و هەم کچە کرێکارە و، خەسووی دێهاتییەکی نەخوێندەوارە و بەم چەشنە پیاو دەتوانێ تێ بگا کە چەندە دەتوانن لەگەڵ یەکتردا بگوونجێن.

ئافرەتە لاوەکە لە سپینا دەپرسێ:

- هاتووی یارمەتیمان بە سەردا ببڕیتەوە؟

- کام یارمەتییە؟

- شانەکان ئەو یارمەتییەیان لە من بڕیوە کە دەبێ بدرێ بە بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان. پێیان راگەیاندوم کە بۆ بابەتەکەی من دەبێ کۆبوونەوەی لەسەر بگیردرێ.

- لەبەرچی؟ مەگەر تۆ چیت کردووە؟

ئافرەتەکە سوور هەڵدەگەڕێ و دەڵێ:

- چوونکە ئێستا دەچم بۆ نوێژی مس.

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

- ئەم شتە نابێتە هۆی ئەوەی یارمەتییەکەت لێ ببڕن و بەدڵنیایشەوە لێت نابڕن...بەڵام تۆ بۆ دەچی بۆ نوێژی مس؟

---

(1) **تراستڤێرە- گەڕەکی لات وشەرانگێزەکانی رۆمایە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئافرەتەکە بۆ ماوەیەکی کوورت تێدا دەمێنێتەوە، بە دوای کۆمەڵێ وشەدا دەگەڕێ تا مەبەستەکەی پێ بگەیەنێ و سەرئەنجام ئاوا دەست پێدەکا:

- مێردەکەم زیندانییە و رێگەم نادەن سەردانی بکەم. ئەو ناسازیشە و من بۆم نییە نۆژدارێکی بۆ بنێرم. ئەو تەنیایە و هێندەی نەماوە بینایی چاوەکانی لە دەست بدات. سەرەتا لە هەر دەرگایەکم دەدا ئەنجامێکم وەرنەدەگرت. هیچ کارێکمان بۆ ئەو لە دەست نایەت. دایکی- کە من قەت نەناسیوە- لە ئاواییرا هاتووە. رۆژ هەتا ئێوارە بەسەر یەکەوە ژیان بە سەردەبەین. من ناهومێدم، بەڵام ئەو هێدی و خوێن ساردە. لە بەیانییەوە تا کاتی شەوێ، لە سەردڵم نیشتووە و دەبینم کە هەمیشە لێوەکانی دەجووڵێنەوە و بۆ کوڕەکەی دەپاڕێتەوە و دووعای بۆ دەکا. قەت لە بنەماڵەی خۆماندا کەسم نەدیتووە دووعا بخوێنێ. نزا و دووعا کردن لە روانگەی مندا کارێکی بێ هوودە و بێ ئاوزانە بووە، بەڵام ئەم پیرێژنە دووعا دەخوێنێتەوە و لەم رێگایەوە یارمەتی کوڕەکەی دەدا. یەکەم رۆژەکان بە بێدەنگی لە کن ئەو دادەنیشتم. ئەو دووعای دەخوێندەوە، لێوی دەبزواند، جاری وابوو بزەیەکی بە رووی مندا لێدەدا و، جاری واش بوو چاوەکانی فرمێسکی تێدا کۆ دەبوونەوە. من لە کن ئەو دادەنیشم و هیچ کارێك ناکەم. بەڵام سەرئەنجام هەست بەوە دەکەم کە ئەو لە هەناویەوە کارێك دەکا و، یان تێدەکۆشێ کارێ بۆ کوڕەکەی بکات. دەبینم ئەو بە چەشنە کوڕەکەی خۆی دەپارێزێ و، یان هەوڵ دەدا بی پارێزێ. بەڵام من کە خێزانی ئەوم هیچی بۆ ناکەم و بەجێم هێشتووە. ئاخرەکەی، شەوێکی تاقەتم بەسەرچوو و داوام لێکرد فێری دووعا خوێندنم بکات. ئەو فێری کردم و ئێستا هەردووکمان بەسەریەکەوە دووعای بۆ دەکەین، بە یەکەوە هەوڵدەدەین کە یارمەتی پێ بگەیەنین، رەنگە گاڵتەت بە من بێ.

سپینا دەڵێ:

- سەبارەت بە خوێندکارێکی ئابرۆتێزەیی، بە ناوی لوڤیچی مۆریکا هیچت بیستووە؟

ئافرەتەکە وەڵام دەداتەوە:

- بۆ ساڵێك دەچێ کە بزر بووە. ئاوالێکم هەیە کە کلاو دەچنێ و ناوی(ئانیناپیچی)یە و جاران پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەبووە. ئەو دەزانێ کە ئێستا لە کوێیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپینا نیشانی کڵاوچنەکە وەردەگرێ و خێزانی کیلۆچی بە قسەکانیەوە زیاد دەکا کە:

- لەو کاتەیرا کە مۆریکا بێ سەرو شوێن چووە، ئانینا زۆر تەریك کەوتووەتەوە و ژیانێکی پەرگرتوانەی هەیە و وازی لە چالاکی نێو شانەش هێناوە. بەڵام سەبارەت بە تۆ قسەی لەگەڵدا دەکەم. ئەو لە قاتی چوارەم لە ژێر شیراونییەکدا خانووی گرتووە و پەنجەرەکەی بەسەر ئەو کۆڵانەیدا دەڕوانێ کە لە نیشانەکەیدا نووسیوومە. ئەگەر گوڵدانێکی گوڵی شەمدانیت لەبەر پەنجەرەکەیدا بینی، ئەوا بزانە چاوەڕێت دەکا.

ماڵی ئافرەتە کلاوچنەکە لە شەقامی (ڤییادلالۆنیگارتا) لە هەمان گەڕەکی(تراست ڤێرەدا) هەڵکەوتووە. سپینا سێ چوار جاران بە بەردەم ماڵەکەیدا دێت و دەچێ و سەیری پەنجەرەی قاتی چوارەم دەکا بەشکەم گوڵدانی شەمدانییەکە ببینێ، بەڵام هەمووجارێ بەرپەنجەرەکە چۆڵ دەبینێ. ئاخرەکەی تاقەتی لێ بەسەر دەچێ و بێ سەرنجدان بە نیشانەکەیان بەرەو قاتی چوارەم هەڵدەگەڕێ. لە هۆدەیەکی بچکۆلە و هەڵرژاو و ئاڵۆزدا کە هەم ژووری خەوتنە و هەمیش کارگەی کڵاوچنینە، چاوی بە ئانینا دەکەوێ کە بەسەر مەکینەی بەرگدروونەکەیدا کۆم بوەتەوە. دەڵێ:

- خێزانی کیلۆچی دەبێ سەبارەت بە من قسەی لەگەڵ تۆ کردبێت. هاتووم پێوشوێنی مۆریکات لێ وەربگرم.

کچە گەنجەکە بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەم پیاوە سەرودڵگرە دەکا. ئەم کیژە هێشتا زۆر منداڵە و دەم وچاوێکی ورد و ناسك و لەدڵان شیرینی هەیە، لەگەڵ دووچاوی جوان کە هەر ئێستاکەش لەحاڵی تووڕەبوونیشدا هەر جوانە. سپینا نارەحەت و شەرمەزار لە نێزیك دەرگاکەدا رادەوەستێ تا ئەو کاتەی کچە لاوەکە خوڵقی دانیشتنی دەکا. ئێستا کە سپینا نێزیکتر بوەتەوە کچەکە بە بزەیەکی غەم هێنەر و بە هەژانێکی چاوەڕوان نەکراو- کە لەبەر چاوان ون نابێ- لەو رادەمێنێ و دەڵێ:

- هیچ دەزانن کە ئێوە لەگەڵ ئەو کەسەی کە لێی دەگەڕێی، زۆر سەیر شێوەی یەک دەدەنەوە؟ تەنانەت وەزعی سەردانەکەشتان هەر وەك ئەو دەچێ. لەوەش دەرچین ئەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەدایك بووی روكادی مارسێیە كە پێم وایە لەگەڵ ئاواییەكەی ئێوەدا مەودایەكی هێندەی نەبێ.

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

- بەڵێ مەوداكەمان دە كیلۆمەتر دەبێ. ئێستا ئەو لە كوێیە؟

- زۆر جاران باسی تۆی بۆ دەكردم و زۆر بە مەراقەوە حەزی دەكرد تۆ لە نێزیكەوە بناسێ. بەڵام سیستەمی شانەكان هێندەی ئۆرگان و بەش لێ دەبوونەوە كە ناسینی هاورێكانی دیكە دژوار بوو.

- لە كەیەكەوە ئەوتان نەدیتووە؟

- لەم رۆژانەدا دەبێتە ساڵێك. لەو كاتە بەدواوە زۆر كەس هاتوون و سۆراغی ئەویان لە من وەرگرتووە.

- پێت وایە لە بەندیخانە بێ؟

كچە لاوەكە بە دڵنیاییەوە دەڵێ:

- نەء، پارساڵ گیرا و چەند مانگێك لە بەندیخانە كەوت، بەڵام كاتێ رزگاری بوو بە منی وت كە ئامادەیە خۆی بكوژێ بەڵام ئیتر رێی لە زیندان نەكەوێتەوە.

لەپیلكانەكانرا دەنگی پێ دێت. كیژێكی مناڵكارە دێتە ژوور و كراسێكی ئافرەتانە - كە بۆ چاك كردنەوەی هێناوە- لەوێ دادەنێ و دەگەرێتەوە.

سپینا دەپرسێ:

- لەمێژە مۆریكا دەناسی؟

شەپۆلی بیرەوەرییەكان سەرئەنجام شەرم و روو دەربایسییەكەی دەتارێنێ و كچە لاوەكە لە حاڵێكا سوور هەڵدەگەرێ دەڵێ:

- نێزیك بە سێ ساڵ بەر لە ئێستا لە شانەدا چاومان بە یەكتر كەوت و هەر لەو سەرتایەرا دڵمان بە یەكدا. لە راستیدا ئەمە ئەوین نەبوو، دین بوون بوو. ئەو دم هێشتا لەگەڵ بنەماڵەكەمدا دەژیام و هەموو دەمێك دایكم بۆڵەی بەسەردا دەكردم و مافی خۆیشی بوو، چوونكە من هەموو كەسێكی خۆم لە بیر كردبوو و تەنیا هەر بەوەوە خەریك بووم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گیرانەوەی ئەو حاڵانەم زۆر دژوارە. ئەو لە هەمان حاڵدا هەم کوڕم بوو، هەم برا، هەم باوك، هەم هاوسەر و هەمیش ماشقەی من بوو. ئەو کات، قەتم بە بیردا نەدەهات کە بتوانم رۆژێ بەبێ ئەو بژیم. ئەویش منی زۆر خۆش دەویست.

کچە لاوەکە روو وەردەگێڕێتەوە سەر مەکینەی بەرگدروونەکەی و دادەنیشێ ، چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون.

سپینا دەڵێ:

- بەتەما نەبووم ئەو رابردووە غەم هێنەرانەتان بیر بێنەوە کە تۆ هەوڵت داوە بە فەرامۆشی بسپێری.

کچە گەنجەکە دەڵێ:

- ئەم شتانە بابەتێك نین کە من بتوانم فەرامۆشی بکەم. یادێکی ئازار دەرە کە هەموو کاتێ لە بەرچاوانمە و قەت ون نابێ. یادەکانی ئەو بەسەر ژیانمدا زاڵ بووە.

سپینا دەڵێ:

- ئێمە شۆڕشگێرانێکی لاوازین کە ژمارەمان زۆر کەمە. کۆمەڵێك لە بەرژەوەندیە تاکە کەسییەکان و هەروەها مەترسی و رق و دژایەتی، بە دژمان ریزیان بەستووە. بۆ ئەوەی بتوانین خۆراگر بین و لە پێ نەکەوین، پێویستە هێز و تواناکانمان خڕ کەینەوە و خۆمان بە هەرچەشنە کەرەسەیەك کە لەبەر دەستدایە پڕچەك بکەین. بە داخەوە لە جیاتی ئەوەی بەم هەڵوێستە هەستینەوە، باشترین هێزەکانمان دەکەینە فیدای هێندێ بابەتی هەستکاریانە و بێ ئاوزانە.

کچە گەنجەکە دەڵێ:

- ئەوینەکەمان تۆزقاڵێکیش لە هۆگری ئێمەی سەبارەت بە کاری نێو شانەکەمان کەم نەکردبوەوە. بەپێچەوانەوە، ئێمە هەڵسووڕترین کەسەکانی نێو شانەکەمان بووین. ئێمە گەڵێ رێ پێوان و شەونشینیمان بە مەبەستی کتێب خوێندنەوە تەرخان کردبوو، رۆمانە کۆمەڵایەتییەکانمان پەیدا دەکردن و دەمانخوێندنەوە و یەکەیەکەی ئەوانمان دەخستە ژێر تیشکی لێدوان و شرۆڤەمان دەکردن. ئێمە تەنانەت خۆمان لە زەماوەند کردن و پێك هێنانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خێزان و دروست كردنی منالٚ بواردبوو، تا بەم جۆرە پتر لە خزمەت بڕیارەكانی شانەكەمان بین.

سپینا دەڵێ:

- ئێستا ئیتر دەتوانم باقی بابەتەكەتان هەست پێ بكەم: كە ئەوینەكەتان كۆتایی پێهات، هۆگری بە شانكەشتان تێداچوو.

كچە گەنجەكە لە نێو بیری خۆیدا بزربووە و گوێی لە قسەكانی سپینا نییە. كاری بڕین و دوورینەكەی لادەبات كە بەمەكینەكەی دەستی پێ كردبوو. ئەو دەرزییەی كە لە سەرعەرزی كەوتووە لە گلۆڵە دەزوویەک رۆ دەكا و ئەنگووستانە و دەرزییەكانی تریش لە قوتوویەكی بچكۆلە دەهاوێ. پاشان بۆ ماوەیەك لەسەر پێ رادەمێنێ و ئاخرەكەی دەڵێ:

- ئەمە یەكەم جارە كە ئەم سەربردەیە دەگێڕمەوە... بەڵام ئێوە خەڵكی یەک مەڵبەندن و زۆر شێوەی ئەو دەدەنەوە و بۆی هەیە كە هەر وەك ئەویش بیر بكەنەوە و هەر وەک ئەو دەمارگرژ بن و كەموكوورییەكانیشتان وەک یەک بێ، ئەم شتانە هانم دەدات كە زۆر بە هاسانی باسی بەدبەختییەكانی خۆمانتان بۆ بگێڕمەوە: ساڵی رابردووو، لە زیندانا لێدانێكی زۆریان لێدابوو، بەڵام ئەو لێدانانە و ئەو بێ حوورمەتی و ئەو سووكایەتی پێكردنانەی كە بە كەسایەتی ئەویان بەڕەوا بینی بوو، بەقەد زڵە و تف و شەقەكانیان شوێنی لەسەر ئەو دانە نابوو. كاتێ لە بەندیخانە رزگاری بوو، هیلاك و بێ هێز و جەمام ببوو. سەرەتا پێم وابو هۆیەكەی لەوەدایە كە ئەندامێكی لاوازو بێ تاقەتی هەیە، بەڵام حەوتووەكان تێدەپەڕین و ئەو هەروا بە بەردەوامی نیگەرانی كەوتنە داوی پۆلیس بوو و لە گیرانێكی دیكە هەراسان بوو. زوو زوو بە منی دەوت: (حەز دەكەم خۆم بكوژم بەڵام لە بەندیخانە نەكەومەوە.) پۆلیس بڕیاری لە سەر دابوو كە لەگەڵ دۆست و برادەرەكانی پێوەندی بپسێنێ و تەنانەت سەردانی منیش نەكات، چوونكە منیش لە باری سیاسییەوە جێی گوومان بووم. لەو كاتە بەدواوە هەركات لە لای من دەمایەوە، هەمیشە نیگەران بوو. بە بیستنی دەنگی ماشێنێك رەنگی هەڵدەبزركا. ئیتر نەم دەزانی كەنگێ دەتوانین چاومان بەیەك دەكەوێتەوە. ئەو منی هەروا خۆش دەویست، بە دڵ و بەگیان حەزی دەكرد

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆربەی کاتەکانی لەلای من تێپەڕ بکات. ئەگەر دوو ڕۆژان لەسەریەک چاوی بە من نەدەکەوت، ئیرەیی ئازاری دەدا و ئەگەریش دەهاتە لام خۆی لەمەترسیدا دەدەی و لەو حاڵانەدا نەفرەتی لە من پەیدا دەکرد. ئەو بێ باکییەی جاران تێدا چووبوو. هەر دیدارێك دەبوو بەعەزابێکی ناخۆش و ئەو دەیگوت: (پۆلیس دەتوانێ لە هەموو حاڵێکا ناخافڵ بەسەرماندا بکەوێ.) لە باری تەندروستیشەوە زۆربەی نەخۆشییەکان ئەویان ئازار دەدا: دڵی باش کاری نەدەکرد، گەدەی ناساز بوو، بەرەبەرە پرچی سپی هەڵدەگەڕان. پاسەوانێك بوو کە زۆر جاران بەتەمای لە نەخافڵ گرتنی ئەو، خۆی بە ژوورەکەمدا دەکرد. ئەو پیاوێکی سوورکارە و خەڵکی(ئاپۆلیا)بوو و، لەو ساعەتانەدا لە دەرگای دەدا کە پیاوچاوەڕوانی نەدەکرد و زۆربەی کاتەکان، شەوانە کە لەخەودا دەبووم سەرو کەللەی پەیدا دەبوو. لەراستی دا ئەو پتر بە شوێن منەوە بوو نەك مۆریکا.چەند جاران دەهاتە پێش کە ناچار دەبووم لە بەرامبەر ئەودا بە زۆری بەرگری لە ناموسی خۆم بکەم. لەبەر ئەوەی پتر لە ئاسایشدا بژیم داوام لە کچە مامەکەم کرد کە شەوانە بێتە لای من بخەوێ. ڕۆژی جێژنی نۆئێلی پارساڵ، من و مۆریکا لە ڕۆستۆرانێك لەوبەری(پوورتاسان پائۆلۆ)دا ناشتای نیوەڕۆمان کرد. ئەو ڕۆژە مۆریکا لە چاو ڕۆژانی دیکە زۆر هێدی و بە دەماغتر بوو، هەر وەك جاران ئاسایی بوو. زۆر لە مێژ بوو کە بە تەنیا لە لای یەک نەمابووینەوە، هەر بۆیە داوام لێکرد بچینە ماڵەکەی من و، ئەو پاش نیوەڕۆیە پێکەوە ڕابوێرین. لەسەر ڕێ هێندێ گوڵ و میوە و شیرینی و شووشەیەك شەرابی(مارسالا)مان کڕی. مۆریکا خەریکی یارمەتی دانی من بوو کە گوولەکانم لە نێو گوڵدانە کە دەهاوێشت، لە نەکاو لە دەرگایان دا. من دەرگاکەم قەپات کردبوو. پرسیم کێیە؟ وەڵام درایەوە: پۆلیس! مۆریکا لەبەر ئەوەی بەعەرزیدا نەکەوێ لەسەر ئەسکەملەکە دانیشت و ئاماژەی لێ کردم کە درگاکەی لێ نەکەمەوە. بەڵام ئەو لێکووتانەی کە لە دەرگا دەکەوتن هەردەم توونو تر دەبوون. دۆستەکەم لەبەرخۆیەوە دەیناڵاند کە: ئیتر بەرەو زیندان ناگەڕێمەوە! ئامادەم لەو پەنجەرەوە خۆم فڕێ دەمە خوار بەڵام بۆ زیندان نەچمەوە! هەر لەم کاتەدا هێندەی نەما بوو درگاکە لە ژێر زەختی لێکوتەی پۆلیسەکان لە ڕەسمە دەرچێ. ئەم هەیوانەی کە دەیبینی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەكەوێتە سەر بانیژەیەكی چكۆلە و لەو بانیژەوە دەتوانی بەهاسانی بازبدەیتە سەربانی. بۆیە پێشنیارم پێكرد كە پەنا بباتە پشت بانی. هەركە مۆریكا خۆی شاردەوە، درگاكەم بەسەردا كردنەوە. دوو پۆلیس وەژوور كەوتن. یەكیان هەر ئەو زەلامە ئاپۆلیاییە سووركارە و ئەوەی دیكەیان پیاوێكی بە تەمەن لاوتر بوو كە نەم دەناسی. ئەوان دەیانزانی كە دۆستەكەم لە ماڵی مندا خۆی شاردوەتەوە و، لە كاتی گەڕانەوەمان، ئێمەیان بەیەكەوە دیتبوو. ژێر قەرەوێڵە و ژووری دۆلابەكان گەڕان. پیاوە سووركارەكە وتی: (ئەگەر لەم دیوەدا نەبێ حەتمەن لەسەر بانییە!) من رێگای چوونە هەیوانم لێ گرتن و بە قیژە قیژەوە وتم: (ئێوە نابێ ئەو بگرن! من بگرن بەڵام كارتان بەسەر ئەوەوە نەبێ!) پۆلیسەكان هەوڵیاندا من لەسەر رێی خۆیان لادەن بەڵام من بە مشت و لەقە و گاز گرتنەوە، پەلەقاژەم دەكردو هەر جارەش دەمگووت: (نابێ ئێوە ئەو بگرن!) سووركارەكە بە منی وت: (بە مەرجێك). وتم(بە چ مەرجێك؟). من بۆ رزگاركردنی دۆستەكەم ئامادە بووم تەنانەت گیانم فیدا بكەم. پۆلیسەكان شتێكیان دەویست كە لە گیان گرانتر بوو، هەردووكیان منیان گرت و، لەسەر قەرەوێڵەكە رایانكێشام و سەر تا بە پێیان رووت كردمەوە. نازانم تا چەندە لەو شوێنە مانەوە، تەنیا ئەوەندەم لە بیرماوە كە پاش ماوەیەكی درەنگتر بەدوای رۆشتنی ئەواندا، دەنگی دۆستەكەم هاتە بەر گوێ كە بە دەنگێكی نەوییەوە دەیگووت: (رۆشتن؟)و پاشان هاتە ژوورێ و لە منی پرسی: (چ دەكەی؟ نووستووی؟)پاشان، بەرەولای پەنجەرەكە رۆشت تا بزانێت كۆلانەكە لە ژێر چاوەدێریدا ماوە یان نا. پاشان وتی: (كەس لەخوارێ دیار نییە.) توێشەیەكی لەسەرمێزەكە هەڵگرت و خواردی. پاشان بەرەو لای دەرگاكە رۆشت و، هەستی راگرت تا بزانێت لەسەر پیلیكانەكان كەسی لێیە یان نا. پاشان دیسان بەرو لای من گەڕایەوە و پرسیاری لێ كردمەوە: (چ دەكەی؟ نووستووی؟) من مەلافەیەكم لە خۆم هاڵاندبوو. مەلافەكەی لەسەر لادام و منی بە رووتی بینی و لەسەر جێگاكەم ئاسەواری دەست درێژییەكەی ئەو دوو پۆلیسەی بینی كە تازە رۆشتبوون. بە بێزارییەوە نێوچاوانی لێ تێك نام ووتی: (قەحبە!) تفێكی لەسەر جێگاكەم كرد. هەموو ئەو شتانەی كە بە بۆنەی جێژنی نوئێلەوە كڕی بوومان بە سەر عەرزیدا رشتنی، مەكینەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرگ دروونەکەی وەرگەڕاند و شووشەی شەرابەکەی، وەها لە ئاوێنەکە راکێشا کە بوو بە هەزار لەت. بە دوای ئەمانەدا ملی رێی گرت و لەیدا و رۆشت. من جووڵەم نەکرد و چووکەترین قسەشم بەزاریدا نەهات. ئەوەی کە دەبوو نەکرابا تازە ببوو.

کیژەکە قسەکەی تەواو کردووە و دەنگی پێی کەسێك بەگوێ دەگا کە لە پیلکانەکانەوە وەسەردەکەوێ.

سپینا رادەپەڕێ و دەڵێ:

ئەگەر هەمیسان هەر ئەو پۆلیسە سوورکارە بێت، ئەوجار تۆ بچوو بۆ بانیژەکە تا خۆم هەر لەم پەنجەرەوە ئەو فڕێدەمە خوارێ.

بەڵام میوانەکە شاگردی یەکێ لە دووکانەکانی مۆدیلی رۆژە، کە کارێکی بۆ راسپاردن هێناوە. بەستەیەك تەحویل دەدات و بە پەلە دەڕوات. ژنەکە دەڵێ:

- ئەو پۆلیسە سوورکارە خۆی پاراست و ئیتر لەو رۆژە بە دواوە دەرنەکەوتوەتەوە. هیچ هەواڵێکیشم لە هاوکارەکەشی نییە. زۆرجار بیرم دەکردەوە کە رەنگە لەم کۆڵانەدا چاوم بەوان بکەوێتەوە بەڵام خێرا لەم گەڕەکە رۆشتن.

سپینا دەپرسێ:

- ئێستا تۆ پێت وایە کە مۆریکا لە کوێ خۆی شاردبێتەوە؟

کچەکە وەڵام دەداتەوە:

- حەتمەن گەڕاوەتەوە ماڵی خۆیان لە رووکادی مارسێی.

- قەت بیرت لەوە نەکردبوەوە کە قسەی لەگەڵدا بکەی؟

- ئەوەی دەبوو نەبێ رووی دابوو.

سپینا دەڵێ:

- بۆ خۆم دەچم قسەی لەگەڵدا دەکەم.

سپینا بەرەو پەناگەکەی خۆی لە شەقامی ڤییادی مارسێی دەگەڕێتەوە و لەوێ ئاکیلی باڵدار بە ئامێزی ئاوەڵاوە پێشوازی لێ دەکا و بە شادمانییەوە پێی دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- خوا تۆی بۆ گەیاندم! گوێ راگرە: ئەمرۆ لەباتی ئافرەتێك دوو ئافرەتی بیانیم لەچەنگی دەعبای دێهاتی رزگار كردووە كە لە شەقامی(پالاتین)دەسووڕانەوە. دایك و كچێكن.

سپینا دەپرسێ:

- خەڵكی كوێن؟

ئاكیلی باڵدار لە وەڵامدا دەڵێ:

- نازانم، هەر شوێنێک بێ گرینگ نییە، گرینگ ئەمەیە كە هەردووكیان پرچ زیرینن . حەتمەن یان ئاڵمانین یان نێروێژین. بە منیان وت كە لە كۆپێنهاكەوە هاتوون و پیم وایە كۆپێنهاك لەو لا سەروانە بێت. هێندە هەستی پێ زانینی خۆیان لەحاست مندا دەربڕیووە كە بۆ گێرانەوە نابێ. هەر ئێستا دین بۆ ئێرە و چاوت پێیان دەكەوێ. پێویستیم بە یارمەتی تۆ هەیە.

سپینا چاك تێ نەگەیشتووە. ئاكیلی باڵدار بۆ زیاتر روون كردنەوەی دەڵێ:

- من كاری كیژۆڵەكەی جێ بەجێ دەكەم و تۆش بە دایكەكەی ڕابگە.

- دایكەكەی چەندی تەمەنە؟

ئاكیلی باڵدار لە وەڵامدا دەڵێ:

- ساڵ و تەمەن گرینگ نییە، ئەوەی كە گرینگە ئەزموونەكەیەتی. لەوەش دەرچین دایكەكەی زۆر شەنگ و تەڕ و لەبارە، بۆ خۆت دەیبینی. خەڵكی ئەو وڵاتانە جگە لە رۆنی دڵی ماسی(مورینا)هیچی دیكە ناخۆن. بۆ خۆت لێت روون دەبێتەوە كە تاسكەبابی مریشكی پیر چەندە بەتام و خۆشە!

ئاكیلی باڵدار باسێكی پوخت، سەبارەت بە شێوازی كوڵاندنی مریشكە پیرەكانی بۆ باس دەكا، لە حاڵێكا سپینا هەر لەبیری كارەكەی خۆی دایە. ئایا بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی ئابروتێزە و لەوێ مۆریكا ببینێتەوە و بە رۆمێئۆیەوە گرێی بداتەوتەوە؟ یان بە پێچەوانەوە، دیسان سەردانی رۆمێئۆ بكاتەوە و دیسان لە رۆمدا لەدوای كرێكارێكی جێ مەتمانە بگەڕێ؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو دوو ئافرەتە بيانييە بە باوەشە پڕ لە دياربيەكانيانەوە لە ڕێيەوە دێن. بەراستی پيرێژنەكە قووماشێكی تەڕ و لەبارە  بۆ بانگەشەكردن بۆ ڕۆنی دڵی ماسی مۆرينا. كيژۆڵەكە پرچەكانی لە پشت سەری شۆڕ كروەتەوە و بێ گوومان تەمەنی لە پازدە ساڵ پتر نابێ، پيرێژنەكە دەڵێ كە تەنيا لەبەر هۆگرييەكی زۆر بە پرسی كۆنينە ناسی ڕێی لە ڕۆما كەوتووە.

ئاكيلی باڵدار دەڵێ:

- ئەم برادەرەم مامۆستايەكی شارەزايە لە كۆنينە ناسيدا.

پيرێژن دەڵێ كە زۆری حەز لێيە گەشتێك بە نێو هەوارگەكاندا بكات.

ئاكيلی باڵدار لە درَيژەی قسەكانيدا ئەمەشی پێوە دەنێ:

- ئەم برادەرەم كە دەيبينی كەژەوانێكی كارامەشە.

بەڵام كيژۆڵەكە دەڵێ كە زۆری حەز لە گوڵە و، حەزی لە خوێندنی  زمانی لاتينە و تامەزرۆی فێر بوون و لەبەركردنی شێعرەكانی(ڤيرژيلە).

- گوڵ و شێعرەكانی ڤيرژيل لەو شتانەن كە من بە مەراقەوە هۆگريانم. بەراستی ئەگەر گوڵ و شێعرەكانی ڤيرژيل نەدەبوون، ژيان چی لێ بەسەر دەهات؟

وتووێژەكان هەر لەسەر ئەم بابەتانە بەردەوام دەبن. دايكەكە داوای لێبوردن دەكا لەوەی كە لە بيری چووبووەوە تا پێی ڕابگەيەنێ كە لەسەر ڕێگای هاتنی بۆ ئێرە، سەردانی ئاسايشی كردوە و سەربردەی مزاحم بوونی دەعبای دێهاتی بۆ ئەوان گێراوەتەوە و ناو و نيشانی ڕزگاری دەرەكەشی داوە بە پۆليس تا ئەگەر پايە بەرزانی ئاسايش حەز بكەن و لە دەستيان بێ، پاداشێكی باش بەو بدەن. پاشان ئەمەش زياد دەكا:

- هەر ئێستا پۆليسێك دێ بۆ ئێرە تا زانيارييەكی زياتر سەبارەت بە دەعبای دێهاتی لە ئێوە وەربگرێ.

سپينا جانتا و كڵاوەكەی هەڵدەگرێ و بەرەو دەرگا دەچێ. لە كاتی ڕۆشتنندا دەڵێ:

- دەچم سيگار دەكڕم و پاش مانەوەيەكی كورت بەرەو ئاوايی دەگەڕێمەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە ڤیادی مارسێیەوە، بەرەو شەقامی ڤیاد گۆڵی ئۆرنیچی دەسوورێتەوە و یەکراست دەڕوا. لە پرۆتاسان لۆرینز هەست دەکا کەسێك ئەوی ناسیوەتەوە و خەریکە بەدوایدا دەچێ، بەڵام ئەو هەروا ڕێی خۆی دەگرێ و درێژە بە ڕۆشتنەکەی دەدات و هیوادارە کە لە یەکەم دەرفەتێك کە بۆی رەخسا، لە (پیازاڵ تیبۆر تینۆ) بتوانێ خۆی لە ژووری تراموایەك بهاوێ کە لە حاڵی ڕۆشتن دایە. دەست لە تاکسییەك هەڵدێنێتەوە و کەسێك لەپشت سەریەوە بە فیتوو ئاهەنگی ئەم ئاوازە لێدەدات:

(قەت نەبووە سوورە گوڵێ بێ دڕك و خار

دۆست کە ماچت نەداتێ نابێتە یار...)

تاکسییەکە بەتاڵە، سپینا لەگەڵ ڕۆمێئۆدا سوار دەبن. ڕۆمێئۆ فەرمان دەدا:

- برۆ بۆ(پۆرتۆنا چییۆ)!

و بەر لە گەیەشتن بۆ وێیسگەی هێڵی ئاسنی(پرۆتۆناچییۆ) تاکسییەکە رادەگرێ و، تاکسییەکە پاش دابەزاندنی مسافرەکانی ون دەبێ.

ڕۆمێئۆ لە سپینا دەپرسێ:

- هەواڵی تەقینەوەیەکت لە گەڕەکی(پانیسپێرنا) بیستووە؟

سپینا ئاگای لەهیچ نییە.

- ئەو شۆقەیەی کە ماڵی ئۆلیڤای تێدا بووە تەقیوەتەوە و، ئۆلیڤا و خێزانی و کرێگرتەکانی قاتەکانی خوارێ، هەموویان بن وێرانەی شووقەکە کەوتوون. دەزگای راگەیاندنەکانیان ئاگادار کردوەتەوە کە بێدەنگەی لێ بکەن، چوونکە زیان بە قازانجی بەزم و بیساتی تەدارەکی شەڕ دەگەیەنێ و، رەنگە کاریگەری نەگەتیڤیشی هەبێ لەسەر یەک ریزی بیروڕای بەناو نەتەوایەتی. کەچی تەقینەوەکە لە ناوەندی شاردا رووی داوە و هەواڵەکەشی وەك بروسکە لە هەموو شوێنێ بڵاوبووەتەوە. وا وێدەچێ کە ئۆلیڤا لە تەدارەکی پلانێکی گەورەدا بووە تا بەم جۆرە کلیسای(سێنت ماری دیزانێژ) لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا بتەقێنێتەوە کە بەم زووانە قەرار بوو بەرێوە بچێ و پایە بەرزانی حکوومی تێدا بەشدار دەبوون. کرێکارێکی ئاگر کووژێنەوە کە لە هەڵدانەوەی دار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وپردووی وێرانەکەدا بەشدار بووە، گێراویەتەوە کە لە نێو کۆمەڵێ لاپەڕەدا کە هی ئۆلیڤا بووە، نەخشەیەکی گەورەی کلیسەکەیان پەیدا کردووە بە یاداشتێکی تەکنیکی سەبارەت بە تەقینەوە.

- دۆ رۆژ لەمەوبەر چوومە لای و هەستم دەکرد کە لە تەدارەکی کارێکی وێرانکەری گەورەدایە.

رۆمێئۆ دەڵێ:

- ئەگەر دەرکەوانی شۆقەکە تۆی لە کاتی چوونە ژووردا دیتبێ، بە دڵنیاییەوە دەتناسێتەوە. تۆ رواڵەتێکی تایبەتت هەیە کە پیاو ناتوانێ زوو لە بیری باتەوە. ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەم بڕیارە کە نابێ تۆ لێرە بمێنێتەوە.

هەر دوو پیاوەکان لە شوورەیەك دەپەڕنەوە و بەرەو دۆلێك سەراولێژ دەبنەوە کە کانگای خۆڵەمێشی پووزۆلانە. کاتێ دیسان دێنەوە سەر شەقامی(ڤیاد تیبۆرتینا)دا پیترۆ سپینا بۆ جارێکی تر دەبێتەوە بە دۆن پائۆلۆ.

دۆن پائۆلۆ یەکراست بەرەو وێسگەی هێڵی ئاسن دەچێ تا سوار شەمەندەفەری ئابرۆتێزە بێت. لە ویسگەکەدا قەرەباڵغییەکی گەورەیە و سەربازەکان و پۆلیس و ژاندارمەکان رژاونەتە ئەو شوێنە.

دۆن پائۆلۆ لە چەپ و راستی خۆی دەپرسێ کە چ باسە؟

کەسێك وەڵام دەداتەوە:

- سبەینێ هەڵمەتی* گشتییە. سبەینێ شەڕ دەست پێدەکا.

هەر سبەی بەیانی؟ لەمێژبوو قسەی شەڕ لە گۆڕێدا بوو، بەڵام چوونکە هەر قسە بوو، پرسی شەڕ ببوو بە بابەتێکی سەیروسەمەرە و نامۆ کە چاوەڕوانی لێ نەدەکرا. بەم جۆرە قەت رێی تێنە دەچوو کە رووی راستی بە خۆیەوە بگرێ. ئێستا ئیتر شەڕ لە پشت پەردەی شانۆرا چاوەڕێیە و تەنیا دەبێ یەک رۆژی دیکە سەبر بگرین تا دەست پێ بکات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 9

دۆن پائۆلۆ پاش ئەوەی شەوی لە ئاڤەتێزانۆ تێپەراندووە، لەگەڵ یەکەم شەمەندەفەردا ڕێگەی فووسا دەگرێتە بەر. لە نێو شەمەندەفەرەکەدا، کە پڕە لەو لاوانەی کە بۆ سەربازی بانگ کراون، دوو پیاو لە سەر ڕاگەیاندراوی نیزیك بوونەوەی شەڕ دەدوێن و نیشانی حیزبی دەسەڵاتداریشیان لە جێ دووگمەی کەواکەیان دووریوە. مسافرەکانی دیکەش بێدەنگن و گوێ رادەگرن. یەکێ لەو دوو پیاوانە دەڵێ:

- بەو داهێنانە نوێیەی کە سوپای ئێمە لەبەر دەستیدایە، لەماوەی چەند ڕۆژان بە سەرکەوتنەوە شەڕ کۆتایی پێ دێ. (تیشکی مەرگ) دوژمن دەکا بە خەڵووز.

و ئەوجار با لە گیقی خۆیان دەکەن و فوویەک لەبەری دەستیان دەکەن تا بەم جۆرە وای بنوێنن کە دووژمن ئاوا پرژو بڵاو دەبێت. پیاوەکەی دیکە دەڵێ:

- ئەمرۆ چەکدارکراوەکانی ئاڤەتێزانۆ بە دەستی ئۆسقۆف مووبارەك دەکرێن.(تیشکی مەرگ) بازاری بانگەشەکارەکانی پاپا خۆش دەکا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە ناوەندی لاوە بانگ کراوەکاندا، جووتیارێکی بەساڵداچووش لە حاڵی سەفەردایە کە ئەرغەنوونێکی دەستی پێیە. کوڕەکەی سەری بە شانی پیرەمێردەوە ناوە و خەوی لێ کەوتووە. کوڕەکان بە پیرەمێرد دەڵێن:

(ئاوازێکمان بۆ بژەنە!) بەڵام پیرە مێرد بە ئاماژەی سەر وەڵام دەداتەوە، چوونکە نایەوێ قسەکانی ئەو دووپاوەی لەقیس بچێ کە سەبارەت بە شەڕ و چەکی سیحراوی (تیشکی مەرگ) گفتوگۆ دەکەن. ئەو دوو پیاوە چەکدارن و فیشەکدانەکانیان پڕ لەفیشەکە و بە مەبەستی راوە پۆڕ دەچن بۆ فوچینۆ.

یەکێکیان دەڵێ:

- ئەو ساڵ پۆڕەکان درەنگتر هاتوون، بەڵام لە پارساڵ قەڵەوترن.

ئەوەی دیکەیان بە پێکەنینەوە وەڵام دەداتەوە:

- جوابی تەحەی پەحەیە.

و پێکەنینەکەی لەوەڕایە کە بە بڕوای خۆی پێی وایە قسەیەکی فشەی کردووە. ئەوانی کە بە دەوریەوەن کەمێك بە دوای ئەودا پێدەکەنن تا رواڵەتێکی بێ ئاوزانەو گەمژانەیان لە خۆ نیشان نەدابێ. لەتەواوی وێسگە چکۆلەکانی سەر رێگادا، تازە چەکدار کراوەکان سوار دەبن و نێزیك بە زۆربەیان بۆنی تڵتەمیوە و بۆگەنی تەپاڵەیان لێ هەڵدەستێ. ئەوانەی کە لە نێو شەمەندەفەرەکەدا جێی دانشتنیان دەست نەکەوتووە لە سەرعەرزی راکشاون. حەتمەن وەستاکار و مەکانیك و وپیشەوەریش لە نێویاندا بەدی دەکرێ کە لەگەڵ کافوونەکاندا تێکەڵ بووبێتن بەڵام پیاو ناتوانێ لە یەکیان جوێ بکاتەوە. هەژاریو نەداری هەر هەموویانی یەکسان کردووە. هەموویان تەرح و دیدارێکی سواڵکەرانەیان هەیە، هەموویان لەبەر برسێتی و قات و قڕی وەچە بەدوای وەچەدا قەڵافەتێکی خوارو نالەبارو وردیلەیان بۆ دروست بووە و بەهۆی ماندوویی و کاری گرانی لەش، ورد و تێك روخاو و کۆم بوونەتەوە و بێکاری و مەی خواردنەوە و نەخۆشییە گیرۆکان ئەمانی دێز و کونجرە و لاواز کردووە. جەماعەتێکیان کولێرەی گەرمەشانی لە جانتاکانیان دەردەهێنن و دەی خۆن. پیرە مێردی ئەرغەنوون ژەن دەفرێکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەرابی پێیە کە بە دەوریاندا دەیگێڕێ. شەرابەکە وەك شۆرە شۆری ئاوی نێو جۆگە لە گەروویانەوە دەڕژێتە نێو قوورگیانەوە. جەماعەتەکە دیسان داوا لەپیرە مێرد دەکەنەوە: (ئاوازێکمان بۆ بژەنە!) کەچی دیسان بە ئاماژەی سەر وەڵامی رەتیان پێدەداتەوە.

دۆن پائۆلۆ لە قووژبنێك کز نیشتووە. مەخمەرە کوڵك هەڵدراوی کڵاوەکەی و عەبا پینەکراوەکەی رواڵەتی پێش نوێژێکی هەژاری دێهاتی پێ بەخشیوە. کەچی بروسکەیەکی بەهێزو تادار لە چاوانییەوە دەبریسکێنەوە: بروسکێك کە پەیام هێنەری بانگەوازەکەی ئەوە بۆ خۆراگرتووی لەحاست ئازار و مەینەتەکانی داهاتوو و نیشانەی ئیرادە پتەوەکەی ئەوە بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو یەک ریزییەی کە رێژیم بەنگەشەی بۆ دەکات و بێ گوومان مایەی ئەم یەک ریزییەش لە ترس و تۆقاندنی رێژیمی سەرەرۆ و دەمارگرژی دەسەڵاتدارەوە سەرچاوەی وەرگرتووە.

ئەو، دانیشتووە جۆراوجۆرە دێهاتییەکان، لەرووی نیشانە سەرەتایی و بێ بایەخەکانیانەوە دەناسێتەوە. ئەوانەی کە لە دەشتێ دا ژیاون و ئەوانەی دانیشتووی خڕ ولادۆڵەکانن، کۆیستان چییەکان و ئەوانەی کە لە زەنجێرە کێوەکانی(ئالپەوە) دادەگەڕێن. ئەو بێچارانەی کە لە راستیدا ووزە و توانا و تاقەتی رەنج کێشانەکانیان لەرادەبەردەرە. گشتیان خوویان بەوە گرتووە کە بە دوور لە یەکتر لە نەزانی و بێ مەتمانەییدا بژین و بنەماڵەکانیان لەحاست بنەماڵەکانی دیکەدا رق و بێزارییەکی بێ هوودەیان هەبێ، خوویان بەوە گرتووە کە لە تەنیاییدا بەفریو بچن، لە تەنیاییدا بە تاڵان بچن، لە تەنیاییدا و دوور لەچاوی خەڵکی لێدان بخۆن و بێ حورمەتی و سووکایەتی خۆیان ببینن و، ئێستا حکوومەتی برۆکراسی کە لەبەئاستی نابووتی و فەشەل هاتن دایە، بە تەمایە هەر بەم کەسانەوە شانسی خۆی لە قوومارێکی خوێناوی شەڕدا بەتاقی بکاتەوە. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە حکوومەت بە بانگەوازێک کۆیان بکاتەوە ، لە ژیانی گۆشەنشینی و پەرگریان دەربێنێ و بە مەبەستی بەرگری کردن لە شەڕەف و کەرامەتی نیشتامان هەر هەموویان برچەك بکات. هەموو کەسێك دەزانێ کە هەڵمەتی سواڵکەر وزگ برسییەکان چۆن سەر هەڵدەدات، بەڵام کەس نازانێ تا کوێ بڕ دەکات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر جارەی کە دۆن پائۆلۆ پێی وایە لە نێو خێڵی مسافرەکاندا، کەسێکی خەڵکی ئاڤێرتا - گوندەکەی خۆیانی ناسیوەتەوە، کتێبی دووعاکەی دەگرێتە بەرچاوانی و کڵاوەکەی تا سەر تەوێڵی دادەکێشێ. نێگاکانی بەسەر کتێبەکەیدا لەسەر ئەم وشانە گرێ دەخۆنەوە:enit Hora Mea(دەور دەوری منە!) چاوێ بە دەوری خۆیدا دەخوشێنێ، بە بزەیەکەوە دووپاتی دەکاتەوە: (رەنگە ئەی کۆیلەکان، دەورانی ئێمەش سەر هەڵبدات!)

مەڵبەندەکەی کە هەر ئێستا شەمەندەفەرەکە بەوێدا تێدەپەڕێ، ئیتر ئەو مارسیکایەی ساڵان نەماوە، بەڵکوو مەڵبەندێکی نوێ و نامۆیە، مەڵبەندی بانگەشەیە. لە وێسگەکانی هێڵی ئاسن، لەسەر دارتێلەکانی تەلەگراف، لەسەر دیوارەکان، لەسەر شۆسەی جادەکان، بە درێژایی شوورەی دەوری باغەکان، لەسەر قووتابخانەکان و بنکەی سەربازخانەکان و لە گشت شوێنێ دروشمەکانی حیزبی دەسەڵاتدار بە قازانجی شەڕ دووپات و سەدپات نووسراونەتەوە. لەنێو ئەم روانگە دەسکرد و خەیاڵی و بەرواڵەت چاك سازییەدا کە بۆ چەواشە کردنی راستەقینەکاندا بەرجەستە کراونەتەوە، ئەو شتەی کە لە جەنگەی ژیانی نەدارانەی رۆژانەدا خۆدەنوێنێ بەر لەهەرشتێ مل کەچ بوون و خۆبەدەستەوەدەر و ترسناکانە دێتە بەرچاو. خودی ئاوایی فووساش بەتەواوی گۆراوە، تا ئەو رادەیەی کە لە پشت ئەو هەمووە رازێنێرە رەنگاورەنگانە و بانگەوازانەی کە بۆ راگەیاندنی میتینگ دەرکراون و لەبن ئەو هەمووە نوسراوە و ئاڵاو تراکتانەی کە باس لە شەڕ و تاڵان دەکەن، ناناسرێتەوە و، تەنانەت دیوارەکانیشی بە گڵی سپی و قیر و رێژی یان گێچ رەنگاورەنگ کراوە،. میوانخانەی تۆرۆنسێل بووە بە ناوەندی سەربازگیری بۆ هەڵمەتی گشتی لەو ناوچەیەدا. بیرەنیچە بە تەواوی هارووژاوە، کەچی سەرەڕای ئەوە ماوەی دەست ماچ کردن و بەخێرهاتنی بۆ دۆن پائۆلۆ هەیە:

-چ خۆش بەختییەکی گەورەیە کە لەم رۆژە پیرۆزەدا ئێوەش لێرەن!

لەهۆڵی چێشت خواردن و بە پیلکانەکاندا، پەیتا پەیتا لاوان و پیاوانی ئاوایی لە هاتوچۆدان. تاقمێکی رازاوە بە نیشانی حیزبی دەسەڵاتدار کە هەر لە ئێستاوە بە هۆی زۆروەری دەنگیان نووساوە، لە دەوری مێزێك کۆبوونەتەوە و سەبارەت بە چۆنیەتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرێوە چونی خۆپیشاندانێکی پڕ لە هەست کە بڕیارە پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە بەرێوە بچێ، وتووێژ دەکەن. باسەکەیان لەسەر ئەوەیە کە بە تەدبیرو ئیرادەیەکی پتەو، دەبێ بکەنە سەر دانیشتوانی فووسا و دەوروبەری تا بە ئیرادەی خۆیان و بە هەست و شەوقەوە لەو خۆپیشاندانەدا ئامادە بن.

یەکێیان دەپرسێ:

- ئایا پێویستە چەند ماشێنێکیش بۆ پیتراسکا بنێرین؟

- بەڵێ، بۆ پیتراسکاش، دەبێ چەند ژاندارمێکیش لەگەڵ ماشینەکان بچن تا خەڵکی پیتراسکا تێبگەن کە دەبێ بە ئیرادەی خۆیان ئامادەی ئەم خۆپیشاندانە بن.

لە دەوری مێزێکی دیکەش، کوڕێك لە پیاوە زگ زل و قەڵەوەکان لە ژێر چاوەدێری تەکنیکییانەی زابالیوونەی پارێزەر خەریکی گەڵاڵە دارشتنی بەرنامەیەکن بۆ میوانداری شەوی پاش خۆپیشاندانەکە. زابالیوونە هێندە وەجۆش هاتووە کە ئاگاداری هاتنە ژووری دۆن پائۆلۆ نابێ. ناکۆکییەکی ئووسوولی، زۆر بە توندی لە نێوانیاندا تەشەنەی کردووە کە سەرئەنجام زابالیوونە ئەو ناکۆکییە وەك مەسەلەیەکی پێوەندی دار بە ئابروو شەرەفی تاکەکەسی خۆی ئەبەسێتەوەو هاوار دەکا:

- بەشەرەفم، بەشەرەفی خێزانم و بە داوێن پاکی و نامووسی کچەکانم سوێند دەخۆم کە ئەگەر بەر لە شەرابی سوور شەرابی سپی بگێڕن من میوانییەکەی بەجێ دێڵم.

باقی پیاوەکان کە گێشتوونەتە دوایین رادەی توورە بوون، بە لوورە لوورکێشانەوە دەڵێن:

- قسەی قۆڕە!

کەچی زابالیوونە کە دەستەکانی بە شێوەی خاچ لەسەر سینگی داناوە پێ لە سەر قسەکەی خۆی دادەگرێ و ئاگاداریان دەکاتەوە کە:

- پرەنسیب پرەنسیبە!

لە قاتی یەکەم، لەژوورەکەی بێرەنیچەدا، ئەندامانی کموسێونی کۆکردنەوەی سەربازە دڵخوازەکان کۆبوونەتەوە. ئەم پیاوانە کە ئەسکەملەیان بۆ دانیشتن دەست نەکەوتووە لەسەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەرەوێڵەکەی بەڕێوەبەری میوانخانەکە دانیشتوون یان پاڵ کەوتوون. لەسەر سەرینەکانی کە بە نازدارییەکی تایبەتەوە گوڵدۆزی کراون ئاواتێکی پڕ لە خۆشەویستی(خۆش بنووا)ی لەسەر گو ڵدۆزی کراوە. لە لای سەرەوەی قەرەوێڵەکە، وێنەیەکی رەنگی لە فریشتەی کێشك گرەکانیان لەقاپ هاوێشتووە کەخەریکی نازکێشانی کۆترێکن. بەڕێوەبەر و کارمەندەکانی بانکی فووسا - کە چاوەڕوانن بە تاوانی نابووت بوونی بانکەکەیان لە باری یاساوە لەسەریان بکۆڵنەوە- داوایان کردووە بە مەبەستی سەربازی رەوانەی ئافریقا بکرێن. ئەم دەست پێش خەرییە سیاسییەیانە بۆتە نموونەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی مەڵبەندەکە. وردەواڵە فرۆشێك کە لە گۆڕەپانی شارەداری و بەرامبەری میوانخانەی تۆرنیسێل دووکانی هەبوو و لەبەر نابووتی و فەشەل هاتنی ناچار بووە دووکانەکەی تەختە بکات هەر ئەو رۆژە سەر لەبەیانی دیسان دووکانەکەی داناوەتەوە و خێزانی (جێلزۆمێنا) لەسەر داناوە و بەدەرگای دووکانەکەیدا ئەم ئاگادارییەی هەڵواسیوە: (ئاگاداری قەرزدارەکان دەکەینەوە کە خاوەنی ئەم دووکانە بە دڵخوازی خۆی بووە بە سەرباز.) و بە روونی دەردەکەوێ کە هیچ هێزێك بۆی نییە دەست بەسەر شت و مەکی دووکانی قارەمانێکدا بگرێ...

بەڕێوەبەری ناونووس کردنی سەربازە دڵخوازەکان، پاش خوێندنەوەی ریزی داواکارییە گەیشتووەکان بۆ سەربازی دڵخوازانە هاوار دەکا:

- ئەم شەڕە شەڕی بارمتەکانە!

ئەم تاریفە جێی خۆی دەگرێ و بۆ ئەو کەسانەی کە تازە لە رێوە دەگەن دووپات دەکرێتەوە. دۆن سینۆفوونتە لە هەموو شوێنێ لەدوا کوڕەکەی دەگەڕێ بەڵام نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە. حەقی خۆیەتی نیگەران بێ و بڵێ: (کوڕی خەڵکی خەریکن دەڕۆن و کوڕەکەی من ناڕوا!) ئاخر ئەویش هێندێ پسوولەی بانکی هەیە کە وەعدەی بەسەرچوونەکەی نێزیك بووەتەوە و ئایا ئینسافە کە (لەبەر هەڵەی کوڕەکەی ناچار بە دانی ئەو هەموو پارەیە بێ؟) دەگاتە هەر کەسێك بە نیگەرانییەوە دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- پەمپێۆتان نەدیووە؟ تکایە ئەگەر دەکرێ پێم بڵێن لەکوێ خۆی شاردوەتەوە؟ ئەگەر بیدۆزمەوە و ئامادە نەبێ بە مەیلی خۆی ببێتە سەرباز، سوێند بەحەقانیەتی ئەو خوایە بۆ خۆم فیشەکێکی بەقووربان دەکەم!

دۆن پائۆلۆش پێویستە چاوی بە پەمپێۆ بکەوێ و بەڵکوو پێکەوە لەسەر بڕیارێکی خێرایانە ساغ ببنەوە تا بە مەبەستی ئازادی، ئەم شەڕە کە بەدژی کافوونەکانی حەبەشەیە بەرەو شەڕێکی نێو خۆیی بکێشن. بەبێ ئەوەی شتێك بە باوکی پەمپێۆ بڵێت بەرەو ڤیلای چوار وەرز دەچێ. هەوارگەکە خامۆش و بێدەنگە. لەسەر لێواری حەوزەکە چاوی بە بیان کینا دەکەوێ کە بە تەنیایە و لەگەڵ ئەوەی بە هێواشی نارەناریەتی، بە پاپۆرە کاغزییەکان خەریکی یاری کردنە. کچە گەنجەکە شاد و بە پێکەنینەوە خۆی بە ملی قەشەدا هەڵدەواسێ. دۆن پائۆلۆ لێی دەپرسێ:

- پەمپێۆ لە کوێیە؟

- ئێستا لە رۆمایە. چونکە نامەیەکی بانگهێشتنی بۆ هاتبوو.

- لەلایەن کێیەوە؟

بیان کینا ئاگادار نییە و دەڵێ:

- رەنگە بۆ شۆڕشی دووهەم بێت.

- ئاڵبێرتۆ لە کوێیە؟

- لە پیتراسکا، لەکن دایك و نەنکیەتی. چوونکە ئیرەیی بە دۆستایەتی نێوان من و پەمپێۆدا دەهات منی بەجێ هێشتووە.

- گاوانەکە لە کوێیە؟

- ئەو بۆ گەشت و گوزار بە فایتوونەکەی خۆی خاتو باروون دەگێڕێ.

- خاتوو بارون کێیە؟

ئەوجار بیان کینا چیرۆکی باروونی هەوارگەی چوارەوەرزی بۆ دەگێڕێتەوە کە زۆرتر وەك چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەچێ: پاڵەوانی چیرۆکەکە لە تەمەنی 16 ساڵیدا پاش ئەوەی لە پەرستگە دەرچووە، مێردی بە باروونی پیر کردووە کە پیاوێکی نەخۆش و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەرزدار بووە. بەڕێز بارون لە دۆئێل کردنێکدا کووژراوە. خاتوونی باروون کە هێشتا تەمەن لاو و جوان بووە ڕۆژانێکی زۆر لە شار و لە نێو عەیش و خۆش ڕابواردندا دەگوزەرێنێ، کەچی ئێستا ڕۆژگارەکەی سەخت بووە و، لەبەر ئەوەی کە ئیتر لە توانایدا نەماوە هەروەك جاران ڕابوێرێ ئێستا لەگەڵ کەڵەگایەکی پیر کە سەرهەنگێکی لەشکەری(پییە مۆنییە) پەنای وەبەر ئێرە هێناوە. دەڵێن سەرهەنگ لە شەڕی (کەریمیە)دا بەشداری کردووە و ئێستا وەك مایپەنێکی جوان پارێزگاری لە خاتوو باروون دەکا. گاوانەکە لەقاتی یەکەمدا ژوورێکی بۆ خاوێن کردوونەتەوە و قەرەوێڵەیەکی گەورەی بۆ داناون کە کەپرێکی دارینەی هەیە و تاجێکی لەسەر نەخش کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە مێژ ساڵە بانی ژوورەکەیان سواغ نەدراوە هۆدەکەیان دڵۆپە دەکا و بەم جۆرە کەپری قەرەوێڵەکەی ڕزاندووە بەڵام لە کاتی باران باریندا بەڕێز سەرهەنگ و خاتوو باروون کە لەکاتی خەو یان لانی کەم نێزیکایەتی دان لە دڵۆپەی میچەکە دەپارێزێ.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-شەونەخونیش دەکێشن؟

بیان کینا دەڵێ:

-بەڕێز سەرهەنگ هەموو شەوێ هێندێ ئەداو جووڵە لەخۆی نیشان دەدا کە بە گوێرەی ئەو بەسەرهاتانەی کە لە قووتابخانەکاندا بۆ ئێمەیان گێراوەتەوە، وەبیرهێنەری شەڕەکانی رووس و عووسمانییەکانە. دیارە ئەم جووڵەو هەست و خۆستانە کار لە سەر من ناکات بەڵام گاوانەکەی بە جارێ بێ تاقەت کردووە و لە داخانا خەریکە شەق دەبات.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-لەم قسە قۆرانە دەرچین، من جارێ داوایەکم لێت هەیە کە چاکەیەکم لەگەڵدا بکەی!

بیان کینا کرنۆشێکی ماقووڵانە دەکێشێ و لە وەڵامدا دەڵێ:

- Ecce ancilla domini (ئێستا وا قەرەواشی تۆم!) پێت خۆشە چم لەگەڵدا بکەی فەرمووا!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ بیان کینا بەرەو رووکادی مارسێی بەڕێ دەکا و مەئمووری دەکا تا کەسێك بەناوی لۆڤیجی مۆریکا بدۆزێتەوە.

-هەر ئەوەندەی پێ بڵێ کە یەکێ لە ئاشناکانت لە رۆماوە هاتووە و حەز دەکا چاوی پێت بکەوێ. ئایا رێگەی پێ دەدەی یان نا؟ تەنانەت ئەگەر زۆریشی لێ کردی نابێ لەوە زیاتر هیچی تری پێ بڵێی.

بیان کینا رێگای روکا دەگرێتە بەر و دۆن پائۆلۆش بەرەو میوانخانەی تۆرێنسێل دەگەڕێتەوە.

بەرە بەرە کە کاتی ئەوە دێ تا رادیۆ راگەیەندراوی شەڕ بڵاو بکاتەوە ، ئاپۆرەی نێو کۆڵانەکان قەرەباڵخ تر دەبێ. لەلای راستەوە کار بەدەستانی دەوڵەتی وەژوور دەکەون و لەلای چەپەوە کافوونەکان. لەلای راستەوە ماتۆر سیکلەت و ماشێن و ئەو کامێونانەی کە هەڵگری پاسەوان و ژاندارمەو کاربەدەستانی حیزبی دەسەڵاتدار و ئەندامانی یەکیەتییە سێنفییەکانن دێن و لەلای چەپەوە گوێدرێژو گاری و دووچەرخەو ئەو پاسانەی کە هەڵگری کافوونەکانن پەیدا دەبن. لە کۆڵانەکاندا دوو گروپی مۆزیك بێ پسانەوە هێندە ئاهەنگی(مارش)و(کنترمارش) دەژەنن کە پیاو لێی وەڕەز دەبێ و حاڵی پێ تێك دەچێ و هەمیشەش هەر یەک ئاواز دەژەنن. موزیك ژەنەکان ئەو پیشەوەرانەن کە بەرگی یەکرەنگ و یەک دەستەی دەرگاوان و دەستەمۆکەرانی سیرکیان لەبەر دایە و هێندێ نەواری سەرنج راکێشیان بەخۆیانەوە هەڵواسیوە و لەسەر سینگیان دوو ریزە دوگمەی مسین بەرچاو دەکەوێ کە تا سەر کەمەریان داکشاون. لە پێش دووکانێکی ئارایشگادا تابڵۆیەکی گەورەیان هەڵواسیوە کە لەودا وێنەی ئافرەتە حەبەشییەکان بە مەمکە گەورەو شۆرەکانیانەوە دەبیندرێ کە تا سەرچۆکیان داکشاون و، لەبەردەم تابڵۆکەشدا تاقمێکی زۆر لە لاوە هەرزەکارەکان پێدەکەن و بە چاوە دەرپەڕیوەکانیانەوە لە وێنەکە رادەمێنن. لەم ساتانەدا لەلای چەپەوە خاوەن زەوی و رێژی فرۆش و شوانەکان بە کۆمەڵی کافوونەکانەوە زیاد ئەکرێن. لە لای راستەشەوە نوێنەرانی حیزبی دەسەڵاتدار بەردەوام پەیدادەبن. لە قوڵایی گۆڕەپانەکەدا، لە نێوان ئەسکەملەکانی حیزب و کوورسییەکانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شارەوانیدا دەزگایەکی بولیندگۆیان هەڵواسیوە کە چەندانە ئاڵای لەسەر دەشەکێتەوەو ئەو دەنگەی کە دەبێ بریاری شەڕ رابگەیەنێ قەرارە لەو دەزگایەوە بێتەدەر. لەژێر ئەم شتە چکۆلەو سیحراوییەدا کە چارەنووسی وڵات بەوەوە گرێ دراوە، هەزاران، کە هەردەم بەرەو زیاد بوون دەچن کۆبوونەتەوە. ئافرەتەکان هەر وەك چۆن لە کلیسە یان لە بازاڕدان، دەستەو ئەژنۆ دانیشتوون. پیاوەکان لە سەر تێری وڵاغەکانیان یان لەسەر کۆپانی گوێدرێژەکانیان دادەنیشن. هەموویان دەزانن کە لەبەرچی لەم شوێنە کۆبوونەتەوە و، هەموویان لەبن چاوەوە لەو شتە چکۆلە و میکانیکییەی دەڕوانن کە قەرارە بڕیاری شەڕی پێدا بێتەدەر، بەڵام هەموویان حەیران و غەمگین و بەدگومانن لەوەی کە خۆیان لەو کۆمەڵەدا دەبیننەوە. گۆڕەپان و کۆڵانەکانی دەورو بەریان هەر لە ئێستاوە پڕ لە حەشاماتەو کەچی شەپۆلی تازە هاتووەکان هەروا بە بێدەنگی بەردەوامە. هەڵمەتی گشتی سواڵکەران و زگ برسییەکان پەرەی سەندۆتە نێو گشت گوندەکان. کرێکارە شەلەکانی کانگاکانی بەرد، کوێرەکانی کوورەخانەکان، جووتیارە لاوازو کۆمەکان، رەزوانەکان کە دەستیان بە قسڵ و گووگرد سوورهەڵگەراون و کیونشینەکان، بە لاقە گێرو خوارەکانیانەوە لە ڕێوە دێن. هەرکەس تەنیا لەبەر ئەوەی کە دراوسێکەی ئامادەی هاتن بووە، ئەویش خۆی بۆ هاتن ئامادە کردووە: ئەگەر شەڕ بەدبەختی بەدوادا دێت ئەم بەدبەختییە بەشی هەموانەو، چوونکە بەسەر هەموویاندا دابەش دەکرێ دەبێتە نیوە، بەڵام ئەگەر بەخت و شانسی بەدوادا بێت دەبێ هەوڵبدەن بەشێکیان لێ وەدەست کەوێ. بەم مەنتقەوە هەموویان هەستاون، ترێ شێلان و خاوێن کردنەوەی کووپەکان، کاری جووت و کێڵگەیان وەلاناوە و بە پەلەداوان هاتوونەتە ناوەندی مەڵبەند. خەڵکی پیتراسکاش لە لایەکەوە پەیدادەبن، هەموویان لە کامیۆنەکە دادەبەزێنن و لە تەنیشت میوانخانەی تورێنسێلدا جێگایەکیان بۆ دەکەنەوە. مامۆستای ئاواییەکەیان یەکە یەکەیان روون دەکاتەوەو لێیان دووپات دەکاتەوە کە دەبێ چۆن هەڵس و کەوت بکەن، دەبێ لە چ کاتێکا هەڵهەلە لێبدەن و دەبێ لە چ کاتێکا سروود بخوێنن، کەچی دەنگی ئەو لە ژاوە ژاوی گشتیدا ون دەبێ. سەرئەنجام شەتاپ وەڕەز دەبێ، تا بە رادەیەک کە بەسەر مامۆستاکەیاندا دەگووڕێنێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-لیمان گەڕێ! خۆ ئیتر مناڵ نین! خۆ من بەلای ناخێرمەوە لە ئامریکادا ژیاوم!

دۆن پائۆلۆ لەگەڵ ماگاشیاو جێراماتای پیردا دەدوێ و لێیان دەپرسێ کە پاش رۆشتنەکەی چ رووداوێکی تازە لە ئاواییدا روویداوە. ماگاشیا رووداوی مەرگی دۆن پاسکاڵ کولامارتینی بۆ دەگێڕێتەوە:

-ئەو رۆژەی کە لەگەڵ ئێوەدا چوو بۆ فووسا شەوێ گەڕایەوە بۆ ماڵێ، بەڵام تەرمە بێ گیانەکەی گەڕابوەوە. مایینەکەی، دیانا، تەرمەکەی ئەوی تا بەردەرگای ماڵێ هێنابوەوە. لە کاتی گەڕانەوەیدا، لە دۆلێدا، زۆربەی جووتیارەکان ئەویان دیتبوو و سەڵاویان لێ کردووە، لەراستیدا ئەو بە چەشنێ لەسەر ئەسکەملەکەی کۆم ببوەوە کە دەتگووت خەوی لێکەوتووە بەڵام لێغاوی مایینەکەی هەروا بەدەستەوە بووە.

جیراماتا دەڵێ:

-ئەمەش بنەماڵەیەکی قەدیمی دیکە کە سەرئەنجام نەگبەتی بە تووشیەوە هاتووەو بانگ ماڵ وێرانی کرد.

ماگاشیا دیسان دەگێڕێتەوە:

-ماستێرئانجێلۆش لاقێکی شکاوە. شەوێك لە ماڵی ئاواڵزاواکەی(چیکاڤۆ) هاتوەتە دەرو هەنگاوی خراپی هەڵێناوەتەوەو بەسەر عەرزیدا کەوتووە. سەرەتا پێیان وابوو لاقی وەرگەڕاوە بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئازارەکەی نەنیشتوەتەوە هێناویانە بۆ ئێرە، واتە فووسا و، بردویانەتە لای شکەستەبەندو ئەویش وتوویەتی کە گوومانی تێدانییە کە لاقی شکاوە. لە بەر ئەوەی درەنگ بە دەردەکەیان زانیوە، لاقی بە باشی جێی خۆی نەگرتوەتەوە و ئێستا دەشەلێ.

کافوونەکانی پیتراسکا لە بێدەنگیدا چاوەڕێی دەست پێکردنی رێورەسمەکەن. ئافرەتەکان فزوولتر و بێ قەرارترن.(جێزیرا) پێشنیار دەکا کە بەر لەوەی ماشێنەکە وەقسان بێ بچن بۆ کلیسە. فیلۆمێنا ساپوونەو(ئانینا ئاسترادۆنە) ناڕازین لە بەر ئەوەی جێگاکەیان لێ دەگرنەوە، بەڵام چوونکە ئەوانی تر بەرەو کلیسە وەرێ دەکەون ئەمانیش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەڕۆن. لەم ماوەیەدا پیاوەکان دەفرێکی شەراب لە نێوان خۆیاندا دەگێڕن و هەموویان بەبێ ئەوەی زاری پێوە بنێن شەرابەکەی لێ دەخۆنەوە.

(جاچینتۆ کامپۆ باسۆ) لە کاتێکا ئاماژە بەو کەرەسە سیحراوییە دەکا لە دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-ئەی ئەم زەلامە کەی دێت؟

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ:

-چووزانم، پێم وایە تاچەند ساتی دیکە پەیدا ببێ.

ئەم هەواڵە زار بەزار دەگەڕێ و زیاتر دەبێتە مایەی هروژانیان. خەڵك لە بەر خۆیانەوە دوپاتی دەکەنەوە:

-رەنگە تا چەند خولکەی دیکە پەیدا بێت.

(کاسارۆلا) ژنە سیحربازەکە هێشتا لە گارێکەی ماگاشیا دانەبەزیوە کە بە (بافرکەوە) بەستراوەتەوە. ئافرەتەکان لەکاتی گەڕانەوەیان لە کلیسە هەوڵدەدەن لە گارێکەی دابەزێنن و دەڵێن:

-وەرە بۆ لای ئێمە! وەرە لای ئێمە دانیشە!

سیحرباز وەڵامیان ناداتەوەو هەروا لە ئاسمان راماوە. جار جارە غەیب گوێیە شوومەکەی بە هێواشی دووپات دەکاتەوتە:

-ئەستێرەیەکی کلکداری رەنگ زەرد لە ئاسماندا هەیە: شەڕ دەست پێدەکاو بە دوایدا تاعوون دێ.

ئافرەتەکان ئەستێرە کلکدارەکە نابینن بەڵام هێمای خاچ دەکێشنەوە.

جێزێرا دەپرسێ:

-لەبەر کام پیاو چاکە بپارێینەوە؟

ژنە سێحرباز لە وەڵامدا دەڵێ:

-دووعاو پاڕانەوە بەکار نایەت. دەسەڵاتی خوا بەسەر وشکایی و ئاسمان و ئاوەکاندایە، بەڵام ئەستێرە کلکدارە رەنگ زەردەکە لەودیو ئاسمانەوە دێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەتاپ دەفری شەرابەکەی دەبا بۆ سێحرباز تا لێی بخواتەوە. ئەو دەخواتەوە، تفێ رۆ دەکاو دیسان لە ئاسمان رادەمێنێ. ماگاشیا سوار گارییەکە دەبێت و بە گوێی پیرێژندا دەچرپێنێ:

-راستییەکەم پێ بڵێ، بەراستی چی دەبینی؟

ئەو وەڵام دەداتەوە:

-ئەستێرەیەکی کلکداری رەنگ زەرد هەیە: شەڕ دەبێ و پاشان تاعوون دێت.

لەناوەندی حەشاماتە سام گرتوو و هەراسانەکەدا، کچە گەنجەکان بە سەوەتەی پڕ لە نەوارە سێ رەنگەکانەوە لە هاتووچۆدان. دۆن پائۆلۆ هەر سێ کچەکانی زابالیوونە دەناسێتەوە کە نەوارێکیان لەسەر سینەیان بەستووەو بەرەو لای ئەو دین. هەر سێکیان شەلاڵی عارەقەن و هانکە هانکیانە کە بە دەگمەن دەناسرێنەوە. بە قەشە دەڵێن:

-ئای گەورەم، چ رۆژێکی بەختەوەرانەیە! چ رۆژێکی لە بیرنەکراوەو خۆشە!

لەبەر زەخت و پاڵە پەستۆی تازە هاتووەکان کە بە تەمان جێ بۆ خۆیان بکەنەوە بەڵکوو باشتر رادیۆکەیان لێ دیار بێ، تەکانێ لە حەشاماتەکەدا دروست دەبێ کە ئەو سێ کچە لەیەك جیا دەکاتەوەو بەدەم خۆیەوە دووریان دەخاتەوە.

ئێستا لەلای چەپەوە ئەو کافوونانە دێنە بەرچاو کە لە ئاواییە دوورەکانەوە هاتوون. ئەو شوانانەی کە بە شەرواڵێکی کورت لە کەوڵی بزن و کەوشی دارینە لە پێ و ئاڵقەیەکی زێرین لە گوێیانە. لەلای راستەوە، دۆن (کۆنچیتینۆراگۆ) لە بەرگێکی ئەفسەریدا دیارە. دۆن پائۆلۆ لە ترسی ئەوەی کە نەکا لە لایەن دۆستە دێرینەکەی سەردەمی دواناوەندی بناسرێتەوە، دەچێتەوە نێو هۆدەکەی. لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەیرا لە قاتی دووهەمی میوانخانەدا خۆی مات دەکا و لەوێرا درێژە بە سەیرکردنی کۆمەڵەکەو بەڕێوەچوونی رێو رەسمەکە دەدا. و کوتووپڕ یەکێ لە رۆژانی تافی مناڵی خۆی بیر دێتەوە. ئەو رۆژەش رێك وەك ئەمڕۆ لە پشت پەنجەرەی ماڵی خۆیانەوە راوەستا بوو کە لە نەکاو تاقمێکی بەربڵاوی زیارەت چییە رەش پۆشەکان بە جلکە دڕاوەکانیانەوە کۆڵانەکانیان تەنی بوەوە. ئەوان دوعای حەزرەتی مەریەمیان دەخوێندەوە. ئەو زیارەت چییانەی کە لە رێگایەکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوورەوە دەهاتن و بەرەو ڕێگایەکی دوور دەچوون و زۆربەشیان پێ پەت و شەلالی عارەقە بوون و سەروپۆتلاکیان تەپوو تۆزاوی بوو و، بە دیتنی ئەو دیمەنە بێزهێنەرە ترسێکی تێکەڵ بە رق و بێزاری کەوتبوە دڵە منداڵەکەی ئەو و، ئێستا ئەو ترسەی دێتەوە یاد. ئێستا لە قاتی دووهەم، کۆمەڵێك دەبینێ کە لە دەوری ئەو ئامێرە سێحراوییە کۆ بوونەتەوەو لە بەرچاویدا هەر وەك خێڵێکی ماندوو شەکەت، وەك زیارەت چییە هەژارەکان خۆ دەنوێنن کە لە دەوری بووتێکی سەر سوورهێنەر ئالابێتن. هەر لەو حەشارگەیرا، دەتوانێ دوو سێ منارەی کلیسەش ببینێ کە لەسەر بانی ماڵە دراوسێکانەوە دیارن کە هەر وەك هێلانە کۆترێکی پڕ لە کۆتر، پڕە لەمناڵە بەرەلا. لە ساعەتێکی دیاری کراودا زەنگی کلیسەکانی دوورە دەست بە دەنگ دێن. ئەندامانی حیزبی دەسەلاتدار سینگی حەشاماتەکەی شەق دەکەن و ئالاکان و نیشانەکانی نیشتمان لە دەوروبەری ئەو ئامێرە سێحراوییە دادەنێن: ئالا سێ رەنگەکان و بەیداخە رەشەکان و هەروەها وێنەی پێشەوای مەزن کە شەویلکەی لە رادەبەردەر دەرپەڕیووە. هاوار هاواری دەرندانەی(ئایا، ئایا) کە دوور لە هەر چەشنە ماناو چەمکێکە، لە ئەندامانی حیزبی دەسەلاتدارەوە بەرز دەبێتەوە، ئەمە لەحاڵێکایە کە حەشاماتەکە بێدەنگن. لەلای خوارووی ئەو ئامێرە سێحراوییەوە، شوێنێکی چۆڵ بۆ(دایکە پاڵەوانەکان) ئامادە دەکەن. ئەم کەسانە هەر ئەو پیرێژنە هەژارانەن کە پتر لە یازدە ساڵە تازیە بارو رەش پۆشن و هێندێ نیشانیان بە سنگەوە هەڵواسیوە. کە لەبەرامبەردا، مووچەیەکی بێ نرخ وەردەگرن و ناچارن هەرکاتێ کە دەزگای دیکتاتۆری بۆ مەبەستی بانگەشە پێویستی بە ئامادە بوونی ئەوان بوو، خۆیان بخنە ژێر ئیختیاری فەرماندەی ژاندارمەکان. لە تەنیشت(دایکە قارەمانەکان)، پێش نووێژەکانی ئاواییەکانی دەوروبەر هاورێ لەگەڵ عەباپۆشە پیرو سەرخۆش و خەلفاوەکان و قەشە دەغەڵ کارو فێڵ بازەکان و پرستگەوانە زلە بەهەیبەتەکان کۆ دەبنەوە، کە لە نێوانیاندا راهیبەیەکی سووروسپی کە وەك مناڵێکی شیرەخۆرەو نازپەروەر ناسکە، لەگەڵ دۆن جیراسوولەدا دەدوێ. لە پای کورسی شارەوانیدا چەند کەس لە خاوەن زەوییەکان بەریشە ئاڵۆزو برۆ پانەکانیانەوە و پۆشتە بە بەرگێکی مەخمەری بەرێز راوەستاون.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاربەدەستان یان بە واتایەکی دیکە ئەندامانی حیزبی دەسەڵاتدار ناوەندی گۆڕەپانەکەیان داگیر کردووە. لە نێوانیاندا ئافرەتێك وەبەر چاو دەکەوێ و ئەو ئافرەتە (دۆنا ئێڤا نجلیا)یە کە مێردە دارتاشەکەی لەکنی راوەستاوە. ئەو مێردەکەی ناچار کردووە کە بە دڵخوازی خۆی ببێتە سەرباز. بێرەنیچە دەڵێ:

-ئەو نەك هەر باوکێکی بۆ قەبووڵ کردنی هەتیوە بێژوەکەی پەیدا کردووە، بەڵکوو باوکێکە کە قارەمانیشە. ئەویش چ باوکێك؟

دۆن سنۆفونتە دەڵێ:

-دۆنا ئێڤا نجلیا بە ئیمتیازی بێوەژنیەتی سەردەمی شەڕ لە دایك بووە. کاتێ بتوانێ بەرگی تازیە بپۆشێ و نیشانێك بە سینگیەوە هەڵواسێ، ئەو دەم- و تەنیا هەر لەو دەمەدایە- کە دەتوانێ هەست بە خۆشبەختی بکا.

دۆن پائۆلۆ لە نێو ئاپۆرەی ئەو حەشاماتەدا زۆر بە زەحمەت دەتوانێ چەند کەس لەو جووتیارە رەسەنانە جوێ بکاتەوە کە لە سەرو وەزعێکی نارەحەتتردان و هەراسانییەکیان لە دڵدا دەگەڕێ، وەك بڵێی هەست بە شەرمەزاری دەکەن کە سەیری دەورو تەنیشتی خۆیان بکەن و، پاکی و ساکاری بەرگەکانیان ئەو رەگەزە رەسەنە دێهاتییانە وەبیر دێنێتەوە کە سەردەمێ لە هەوارگەکانی ئابرووتێزەدا نموونەی ماقووڵی بوون. ئەوانەی کە پیاوی کلیسەن، بەڵام کەرە پیرۆزە نین، لە هەست و خوست و دواندنەکانیاندا شەرم دیارە و بە پێی خوو و نەریتی هەمیشەیی خۆیان لە هەموو کاتێکا وەدوای شتە شێلگێرەکان و کارە بە شەرەفەکان دەکەون. نموونەی ئەم کەسانە، لە قەراغ و سووچەکاندا دەبیندرێن و هەر وەك بڵێی ئەمانە دوایین پاشماوەی وەچەیەکی رەسەنن کە بەرەو تێدا چوون دەچن.

زایەڵەی زەنگەکانی کلیسە هەروا لە حەوادا دەنگ دەداتەوەو هەتیووە بەرەڵاکان کە مەئمووری لێدانی زەنگەکانن بە نۆرە تەنافەکان رادەکێشن. لەبەر ئەوەی زەنگەکان لە لێدان بکەون و دەنگی بولیندگۆکە لە بن خۆیدا کپ نەکات کە زۆری نەماوە دەست پێبکات، ئاماژەیان دەدەنێ تا دەست لە لێدان هەڵگرن بەڵام هەتیووەکان یان تێ نەگێشتوون یاخود خۆیان لە ناحاڵی بوون دەدەن. بەلانی کەمەوە دەدانە زەنگ لە سەریەك تا دوایین رادەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گونجاو دەنگیان لیّ بەرز دەبێتەوە کە زرینگە زرینگێکی گوێ کپکەر بەسەر شارەکەدا بڵاو بووەتەوە. سەربازەکان لەسەر زەنگەکان دیار دەکەون و هەتیووە بەرەڵاکان ناچار بە دەست هەڵگرتن دەکەن، کەچی هێشتا بەتەواوی لە منارەکان دانەگەراون -لەبەر ئەوەی زەنگی ناقووسەکان لە منارەکانی دیکەوە بەرز دەبێتەوە- هەتیووە بەرەڵاکان لەبەر ئەوەی لە قافڵە دوانەکەوتبن دیسان دەست بە لێدانی زەنگەکان دەکەنەوە. یەکەم تریشقەی کزو بێدەنگی ئەو دەزگا سیحراوییە بە نەبیستراوی دێتەدەر کەچی تاقمە تێکەڵاوەکان بریتی لە چەکدارو لەشکەریو ئەندامانی جیزبی دەسەڵاتدار، هێندێ هاواری تیژو بێ پسانەوە سەرهەڵدەدەن و بە شۆڕو هرووژانەوە هەر وەك ورێنەکردن ناوی پێشەوای مەزن دیننە سەرزمان: (دۆچە! دۆچە! دۆچە!)(1) هاوارێك هەروەك پاڕانەوە بە جۆرێ بڵاو دەبێتەوە کە ئافرەتان و منداڵان ئەو هاوارە سەردەگرن و ئەو دەم گشت حەشاماتەکە لە دوورترین قوژبنەکانەوە بگرە تا ئەو بینەرانەی کە لە پشت پەنجەرەکانیانەوە خۆیان سڵ کردووە، هەر هەموویان بە راوێژێکی کاریگەرانە کە زۆر وەك خوێندنەوەی دووعا دەچێ دووپاتی دەکەنەوە: (دۆچە! دۆچە! دۆچە! دۆچە!دۆچە! دۆچە!). ئەم ناوە کە هیچ کەس لەخۆی رانابێنی چ بە شێوەیەکی تایبەت -جا بۆ بەسەرهەڵداکوتن بێ یان بۆ تانە- بەسەر زاراندا بیهێنن، چوونکە ناوهێنانی ئەم ناوە رۆژ رەشی بەدوایەوەیە- ئێستا لە نێو ئەو کۆمەڵەداو لەبەرامبەر وێنە سام هێنەرەکەیو لە حاست ئاڵاو بەیداخ و نیشانە نەتەواییەتییەکاندا، ئەم ناوە هەر وەك زیکرێکە کە لە رێورەسمێکی ئایینیدا دەری دەبڕن و لەسەر زاران پەیتا پەیتا دووپات دەبێتەوە: (دۆچە! دۆچە!دۆچە! دۆچە!دۆچە!) ئەوانەی کە لە نێزیك دەزگای رادیۆکەدا راوەستاون ئاماژە لە حەشاماتەکە دەکەن کە بێدەنگی رابگرن و گوێ بەو وتارە بدەن کە لە رادیۆکەڕا بڵاو دەبێتەوە، کەچی ئەو حەشاماتەی کە لە کۆڵانەکانەوە بەرەو ئاپۆرەی گۆرەپانەکە دێن هەروا بە دووپات کردنەوەی ئەو هاوارە دادپەروەرانەیەو بە زیکری ناوی پێشەوای مەزن، مووغی گەورە، سیحربازێك کە دوارۆژ و بەختەوەری

---

(1) Duce بەزمانی ئیتالیایی مانای سەرکردە دەداتەوەو نازناوی موسیلینی بووە

بێچارەکانی لە دەست دایە ، لێ براوانە هاواری بۆ دەبەن. هەرای حەشاماتەکە مەجال بە دۆن پائۆلۆ نادات کە گوێی لە وتارەکە بێ. ئەو لە سووچێکی میوانخانەکەڕا، جووتیارەکانی پیتراسکا دەناسێتەوە. ئافرەتەکان لە سەرعەرزی دانیشتوون و پیاوەکانیش بە پێوە لە دەورەی گارێکەی ماگاشیا کۆبونەتەوەو هەموویان وێرای یەک لە ژن و پیاو بۆ ئەوەی لە خەڵکی وەدوا نەکەون، بە زیکری: (دۆچە! دۆچە! دچە! دۆچە!) وەحاڵ کەوتوون. پیرێژنە سێحربازەکەش لەسەر گارێکە راوەستاوەو بەسەر حەشاماتەکەدا مەسەبێتەرەو هەروا لە ئاسمان راماوە. جار ناجارێ لێو دەبزوێنێ و، سەرو رووە رەش هەڵگەڕاوەکەی باس لە دڵە خوورپەبەکی رەمزاوی دەکەن. لەنەکاو هاواری دەوروبەرەکانی ناهومێدانەتر دەبێت و تێکەڵاوی ژاوەژاوێکی گوێ کپکەرو خرۆشێکی شێواو و نەعرەتەیەکی وڕێنە هێنەر دەبێ: (دۆچە! دۆچە! دۆچە! دۆچە!) حەشاماتەکەو تەنانەت ئەوانەی لە رادیۆکەوە نێزیکن، لە لەشکەری وچەکدارەکان و تەواوی ئەو کەسانەی کە نوێنەرانی دەزگای دەسەڵاتدارن دەنگ بەرز دەکەنەوە، چوونکە ئێستا هەر هەموویان بەو قەناعەتە گێشتوون کە ئیتر مەجالیان نەماوە تەنانەت یەک و شەش لەو وتارە تێبگەن کە لە رۆماوە بڵاو دەبێتەوە. هاواری دۆچە دۆچە! یەک بەدوای یەکدا و بە ئاوازێك کە لە زیرەوە بۆ بەم و لە بەمەوە بۆ زیر دەچێ پەیتا پەیتا سینگی ئاسمان قامچی کووت دەکاو، ئەم هاوارە هەر وەك پاڕانەوەی تاقمێکی تۆبەکار دەچێ کە بۆ لێبووردن و لێ خۆش بوونی تاوانەکانیان لەبەر هەموو هێزە ئاسمانییەکان دەپاڕنە. ئەم وشەیە لەمەودوا بە دوور لە هەر چەشنە چەمکێکی ئاسایی و واتایەکی ژیرانە، هەر وەك نووشتەیەکی سێحراوی بۆ تاراندنی شەیاتین، بەسەر زاراندا دەگەڕێ و لە حەوادا لەگەڵ ئاوازە ئایینییەکانی زەنگی کلیسەکاندا لێك دەهاڵێن. دۆن پائۆلۆ لەپشت پەنجەرەکەیڕا دۆش دادەمێنێ و بە دڵە خوورپەو شەرمەزارییەوە سەیریان دەکا. و ئێستا ئەو ترسەی وەبیر دێتەوە کە سەردەمی لاویەتی بەسەریا زاڵ ببوو لە حالێکا سەیری تاقیکارییەکی هیپنۆتیزمی بەکۆمەڵی دەکرد، ئەو ترسەی وەبیر دێتەوە کە هەمیشە لەحاست هێزە سەرەتایی و دواکەوتووەکاندا هەیبوەوە و لە نێو بوونی کەسان و کۆمەڵدا خۆی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شاردوەتەوە. پیاو چۆن دەتوانێ بە دەلیل و بەڵگە هێنانەوە قسە لەگەڵ ئەو بێچارانە بکا کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری سیحر بازێکی(هیپنۆتیزۆر).

ئەو کەسانەی کە لە دەزگاکەوە نێزیکن بە ئاماژە کۆتایی هاتنی وتارەکە رادەگەیەنن.

زابالیوونە هاوار دەکا: (شەڕ راگەیاندرا!) و خۆی وا دەنوێنێ کە بەتەمایە سەری قسەکردن بەدەستەوە بگرێ، بەڵام دەنگە دلێرانەکەی لە نێو هاژەی هاودەنگی حەشاماتەکەدا کە هەروا بە پاڕانەوە داوای لێبووردن دەکەن بزر دەبێ.

دەزگا سیحراوییەکە دەکووژێتەوە. کەس تەنانەت دوو وشەش لەو وتارە تێ نەگێشتووە کە لە دەزگاکەوە بڵاو کراوەتەوە. بەڵام چما پێویست دەکا کەس تێبگا؟ تێگێشتن چ سوودێکی هەیە؟ کێ بەتەنگ تێگێشتنەوەیە؟ کەس باکی لە تێگێشتن نییە! رەنگە بۆ تێگێشتن لە بابەتی کەسێك کە بیەوێ وڵامێکی بە ئێوە دابێتەوە تا بە قەناعەتتان بگەیەنێ هۆگری و تامەزرۆییەك لە خۆتان نیشان بدەن، بەڵام بانگەشە نە بەتەنگ وەڵامدانەوەیە و نە بەدوای سەلماندی شتێکدا دەکەوێ. بانگەشە لە شێوەی هێندێ مەسەلەدا دەردەبڕدرێ کە روون و ئاشکرایەو پێویست بە قسەو تێگەیاندن ناکا. خەڵکی هەژار لە کۆڵانان، لە وڵاتی بانگەشەدا، خۆی هەر وەك ماسییەك هەست پێدەکا کە لە تۆڕ کەوتووە. ئیتر شتێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە کە کەسێك بیەوێ لێی تێبگا. تۆڕێکەو لەوێ پان بووەتەوە بۆ ئەو ماسییانەی کە لە داو کەوتوون. بوونی تۆڕەکە راستییەکەو تەنیا راستەقینەیەکیشە کە حسێبی بۆ دەکرێ. و بەڵام لەو لایەنەوە کە بانگەشەکە رەوا بێ یان نارەوا، ئەمە مەسەلەیەکە کە دەکەوێتە بەردەم هێندێ رووناك بیری بێکار و تەوەلزەل، بەڵام بۆ کافوونە هەژارەکان لە هەموو شتێك سەرووتر هەر ئەو شتەیە کە لە گۆڕێدایە، دەنا ئەوانی دیکە هیچن. بۆ ئەو کەسەی لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەیرا سەیر دەکاو پاساپۆرتێکی بیانی لە باغەڵدایە، رەنگە بانگەشە لە روانگەی ئەوەوە تەنیا راستییەکی وێنەیی و دەسکردو زەینی بێ، ئەو راستییەی کە شەرعییەتەکی لەو هیپنۆتیزمە نەزۆکەوە وەرگرتبێ کە کار لەسەر بێچارەکان دەکا. بەڵام ئەو بێچارانە لە پشت پەنجەرەکە نین، بەڵکوو لە کۆڵانن. شتەکان لەکۆڵاندا بە شێوەیەکی دیکە دەبیندرێن. کاتێ لە تەنیشتەوە کەسێك هاوار دەکا پیاو ناچارە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاوار بكات، كاتێ لە تەنیشتەوە كەسێك دەستی وەك رۆمییەكان بە نیشانەی سڵاوكردن هەڵدێنێتەوە، گریمان لەبەر ئەوە بێ كە تەنیا دەیەوێ خۆی لەگەڵ خەڵكیدا هاو رەنگ كردبێ، پیاو ناچارە هەر دوو دەستی هەڵبێنێتەوە. ئەگەر ئەو كەسەی تەنیشتت لە بیری ئەوەدابێ گیان بەسەلامەت خۆی لە گێرەیەكدا دەرباز بكا تۆش حەول دەدەی وەدوای كەوی بۆ خۆ دەرباز كردن. لە نێو تۆڕی بانگەشەدا هەر كەسەو وەدوای هێندێ دابین بوون كەوتووە. هەركەسەو لەهەوڵی ئەوەدایە راسپاردەیەكی وەدەست كەوتبێ و پەناو پشتیوانەیەكی بۆ خۆی بدۆزێتەوە و، تەنیا هەر ئەم شتەش گرینگی پێدەدرێ. و بەڵام تێگەیشتن لەو لایەنەی كە پیاو بزانێ بانگەشە بەتەمایە چ بڵێ ئەوە دەكەوێتە پلەی دووهەم. دۆن پائۆلۆ لەلای خۆی بیر دەكاتەوە: (بەم چەشنە بەرپەچ دانەوەی گشت ئەو شتانەی كە بانگەشە ئاماژەی پێدەكا بێ هوودەیە و بێ سوودە ئەگەر پیاو بە تەما بێ بە قسە كردن خڵك روون بكاتەوە.)دۆن پائۆلۆ هەست پێدەكا كە لە توانا كەوتووە. ئاخر تاك و تەنیا چی بكا؟ ئێستا كە قسەو بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەم جەماوەرە هەژارە لە گوێرەی توانادا نەماوە -چوونكە بەڵگەهێنانەوە بابەتێكی ناڕاستەوخۆیەو ئەسڵ ئەوەیە كە دەبێ ژیان بكەن، باش یان خراپ گرینگ نییە، گرینگ ژیان كردنە پێویست دەكا هەنگاو بۆ كردەوە هەڵبندرێتەوە. بەڵام چۆن و لە كوێ و لەگەڵ كێ؟ دۆن پائۆلۆ ئەو ماوەیەی كە پێویستە بیان كینا بگاتە رووكاو مۆریكا ببینێتەوەو، ئەو بەگەڕانەوەی بۆ فووسا رازی بكاو وەڵامەكەی بێنێتەوە، مەزندە دەكا. ئەگەر وەڵامی رازی بوون بێ هەر بۆخۆی بە پەلە بەرەو رووكا وەرێ دەكەوێ و لە نێو رێدا بەرگی قەشەییەكەی دادەكەنێ و لەگەڵ لاوەكە سەبارەت بەو پلانەی كە لە گوێرەی تواناداییە قسان دەكا. جگە لەمەش رەنگە پۆمپێئۆش لە رۆماوە گەڕابێتەوەو قسەی لەگەڵ گاوانەكەدا كردبێ و رەنگە ئەوكات لە بیری هێنانەوەی ئالبێرتۆ لە پیتراسكادا بن. بەم چەشنە دۆن پائۆلۆ هیوای بە كوڕەكانەو لەبەر خۆیەوە دەڵێ: (جەماوەر بە حەقیقەتی كردەوە لە خۆپیشاندان بەئاگا دەبنەوە!)

ژنە سێحربازەكە هەروا لەسەر گارێكەی ماگاشیایە دووبارەی دەكاتەوە:

-سەرەتا شەڕ دەست پێدەكاو پاشان تاعووت دێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-هەر شەڕەکە بەستە بۆ ماڵ وێران کردنی خەڵکی و ئەگەر بەشی نەکرد ئەو کات تاعوون بە هانایەوە دێت.

لەنەکاو دەنگی چەند دانە ماتۆڕ ژاوەژاوی جەماوەر دەشکێنی. ماشێنەکان و مەتۆڕەکانی کاربەدەستان و پایەبەرزانی ئەو مەڵبەندە بە نێوان ئاپۆرەی حەشاماتەکەدا رێگایەك بۆ خۆیان دەکەنەوەو بەرەو ناوەندی مەڵبەند دەگەڕێنەوە. دۆن پائۆلۆ هەر کە دەبینێ کونچیتینۆ راگۆش لەگەڵ ئەوان ئەو شوێنە جێ دەهێڵێ، حەشارگەی خۆی جێ دەهێڵێ و بەرەو کۆڵانەکە دادەگەڕێ. زابالیوونە بە ئامێزی گەرمەوە پێشوازی لێدەکاو بە بەرزە دەماغی و شانازییەوە پێی دەڵێ:

-کچەکانی منتان بینی کە نەواریان بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد؟ ئەوین بە نیشتمانەکەیان بە جارێ ئەوانی هارووژاندبوو.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

- بەپاکی پەرییەکان دەچوون!

ئەم بەسەر هەڵداکوتنە دەبێتە مایەی گەشانەوەی زابالیوونەو لە خۆشیانا گەس گەس بالا دەردەکاو، دۆن پائۆلۆ بە قسەکەیەوە زیاد دەکا:

-سەبارەت بەئێوە قسەم لەگەڵ ئەسقۆفدا کردو هیوادارم قسەکانم بەقازانجتان تەواو بووبێ.

زابالیوونە لەخۆشیان دەیەوێ قەشە ماچ بکات و دەڵێ:

-دۆستی زۆر زۆر خۆشەویستم، پێشتر سەبارەت بە ئێوە هێندێ شتی سەیرو سەمەرەم بەگوێ گێشتبوو کە تەنیا لە پیاو چاکان دەوەشێتەوتە، بەڵام نەمدەزانێ لە کلیسەدا پیاوچاکانێکی مێهرەبان و خێر خوازی وەك تۆ پەیدا دەبن!

پارێزرە باسکی لە باسکی قەشە دەهاوێ و لەو کۆڵانەی کە بە ئاڵای سێ رەنگ رازاوەتەوە ئەو بەرەو ماڵی خۆیان دەباتەوە. خێزانی زابالیوونە بە رەنگ هەڵبزرکاوی و لەشێکی لەرزۆکەوە دەرگایان بەسەردا دەکاتەوە. زابالیوونە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-دەستی گەورەم ماچ بکەو بەجێمان بێڵە!

خێزانی دادێتەوەو دەستی قەشە ماچ دەکا بەڵام بەر لەوەی کە بڕوات بەمێردەکەی دەڵێ:

-منداڵەکان هێشتا نەگەڕاونەتەوەو بۆماڵێ.

پیاوەکەی برۆ تێك گرێ دەداو فەرمان دەدا:

-خێرا قەرەواشەکەیان لەدوا بنێرە!

زابالیوونە لە ژووری نان خواردن شەراب بۆ قەشە تێدەکا و دەپرسێ:

-بۆچی خوا ویستوویەتی سزام بدات؟ بۆ لەباتی کوڕ کچی پێبەخشیوم؟ ئەگەر کوڕم هەبا هەر ئێستا دەچوونە ئافریقا! لەبەر بێ کوڕی چەند کەس لەوانەی کە سکاڵایان بۆ هێناوم و لە دادگادا کێشەیان هەیە، بۆ سەربازی ناو نووسیم کردوون. دەزانم کە زۆربەیان قەبووڵ ناکرێن بەڵام هەر چییەك بێ منیش وەفاداری خۆم پیشان داوە.

قەشە بە تەوسەوە چاوێکی لێدەکا، وەك بڵێی دەیەوێ پێی بڵێ کە باشترە لە نێوان دۆستاندا لەباتی وشە رەسمییەکان بەزمانێکی خۆمانە بدوێین. هەر بۆیە لەزاری دەردەپەڕێ کە:

-ئەم شەرە دەبێتە بەڵا و مەسیبەتێکی گەورە.

پارێزەر لە وەڵامدادەڵێ:

- با بڵێین کە رەنگە لەو پەڕی لاوازیدا بین، بەڵام بە گشتی بێ دەسکەوت نابین. وڵاتەکەمان بەدوای هەر شەڕێك وبەتایبەت پاش هەر شکستێك گەورەتر بووەتەوە. ئەمە هۆی شکستەکانی کۆستۆزا(1) نۆڤارە(2) لیزا(3) کاپۆرتۆ(4) ئەدۆڤا(5) یە کە ئیتالیایەکی

---

(1) **کۆستۆزا ustozza ناوچەیێکی ئیتالیایە لە نێزیکی ڤروونە کە ئۆتریشیی‌یەکان لەو شوێنە پییە مۆنییەکانیان لە 1848داوئیتالیاییەکانیان لە 1866دا تێک شکاندووە.**

(2) **نۆڤارە Novarre لەشارە پیشەسازیو وەرزێرییەکانی ئیتالیایە کە لەوشوێنە شارێل ئالبێرت پاشای ساردینی لە1848دا بەدەستی ئوتریشییەکان شکیتی خواردووە.**

(3) **لیزا Lissa دورگەیێکە لەکەنارەکانی یوگوسلاوی کە ئەورۆ بەڤیس بەناوبانگەو لەوشوێنە لە 1866دا لەشەڕی دەریاییدا بەدەستی ئوتریشییەکان شکستی خواردووە.**

مەزن تری دروست کرد. ئەگەر ئەم جارەش لە شەڕدا بشکێین بەدڵنیاییەوە بۆ تەسکینی دڵمان، شتێکمان هەر پێدەبەخشن، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو بین...خوا لە شەڕی بریتانیامان بپارێزێ! خۆمانین، من ئەم قسانە بە شێوەیەکی تایبەتی تەنیا بۆ ئێوەی دەکەم.

قەشە دەڵێ:

-پاش بڵاوبوونەوەی وتاری رادیۆکە ئاگام لێ بوو کە ئێوە دەتانویست قسە بکەن.

پارێزەر لەوەڵامدا دەڵێ:

-بەڵێ، لەبەرنامەدا گوونجا بوو کە منیش قسە بکەم بەڵام شۆروشەوقی حەشاماتەکە مەودای پێ نەدام. دیارە هەر ئەوەندەم رێگە پێ درابوو کە وتە بێژی رەسمی بە جەماوەر بناسێنم و ئەو کەسەش ناوی کۆنچیتینۆ راگۆیە کە دەبایە سەبارەت بە (بووژاندنەوەی داب و نەریتە کەوناراکانی رۆما لە نێو جەماوەری جوتیاردا) قسە بکات. ئەو وتارەکەی خۆی بە من سپارد تا بۆ جەماوەری بخوێنمەوە، بە داخەوە ئینشاکەی لەرادەی ئینشای قووتابییەکی ناوەندی دا بوو.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-کەوایە جەماوەر شتێکی زۆر گرینگی لە دەست نەداوە. چوونکە ئەگەر کافوونەکان رازی بە چەك هەڵگرتن بکەن بە هیچ بارێکدا ئەم کارە بە مانای رێزگرتن لە داب و نەریتە کەوناراکانی رۆما نییە.

مەراق و توورە بوونەکەی لەوەی کە وەك ووتەبێژی رەسمی دیاری نەکراوە هێشتا دەروونی پارێزەر دەخواتەوەو ئێستا لەوەی خەنی بووە کە بۆ بەتاڵ کردنی داخی دڵی خۆی کەسێکی دەست کەوتووەو بۆیە بە قسەکانیەوە زیا دەکا:

---

**(4) کاپۆرتۆ Caporetto ئاواییەکە لە یوگوسلاوی کە ئیتالیاییەکان لە ئوکتۆبری1917دا لەدەستی ئۆتریشیو ئاڵمانییەکان شکستی خواردووە**

**(5) ئەدۆڤا Adoua پێتەختی جارانی حەبەشە کە ئیتالیاییەکان لە 1896لەو شوێنە بەدەست حەبەشییەکان شکستیان خواردو پاشان لە 1935دا هەر لەو شوێنە قەرەبوویان کردەوە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-لە نێوماندا بمێنێتەوە، من زۆر دۆستانەو بە زمانێکی نارەسمییانە عەرزتان دەکەم کە ئەم بەناو داب و نەریتە کەونارایەی رۆما بەراستی شتێکی گەپ جارەییە. لە ناوچەکانمان و لە تەواوی ئیتالیا بەتایبەت بەشی باکووریيەکەی کە دەبایە ئەم داب و نەریتانە زۆر بەهێزترو بتەوتر باقی مابێتەوە، لەبنرەتا هیچ ئاسەوارێکیان لێ دیار نییە. بەپێی دارشتنە ئەفسانەییەکانی مەسیحیەت تەنیا داب ونەریتێك کە ئێمە هەمان بووە یادگاری بۆرۆبۆنەکان وئیسپانیۆلییەکانە. پیاو کاتێ لەگەڵ پیاوە بەتەمەنەکانی مەڵبەندی ئێمەدا بدوێ جگە لە نەقڵی کارەسات و دەست درێژی و مووسیبەتەکانی وەك قات و قڕی و بڵاوبوونەوەی تاعوون و رەشە کووژی خەڵکی بێ تاوان و گێرانەوەی مۆجیزەی پیاوچاکان هیچی دیکە نابیسێ. بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتداری خودی رۆمییەکانیشدا هیچ شوێنەوارێك لە پەرەسەندنی شارستانیەتی رۆما بەرچاو ناکەوێ تا ئەو جێیەی کە ئایین و زمان و ئەلفبێتکەو داب و نەریت و خوو رەگەزی نەتەوە جۆراوجۆرە گوندنشینەکان کە ئەم مەڵبەندە شوێنی حەوانەوەیان بووە لەگەڵ دانیشتووەکانی لاسێوم(1) دا جیاوازییەکی گشتی هەبووە. تەنیا رووداوێك کە لەو سەردەمەدا شوێنەواری خۆی لەسەر داب و نەریتی کۆمەلانی خەڵك بەجێ هێشتبێ ئەو شەڕە کۆمەڵایەتییەیە کە لە نێوان دانیشتووە جیاوازەکانی کشوەری ئیتالیاو لەژێر رێبەرایەتی کردنی نەتەوەی مارس(2) دایە کە لەگەڵ رۆما رووی داوەو تا بەئێستاش بیرەوەری ئەو شەڕە وێرای یاد کردنەوەی گەلێ بەدبەختی سەرسام هێنەر لە زەینەکاندا ماوەتەوە: بەهۆی سەرکەوتنی رۆما لەو شەڕەدا ئافرەتەکان لەباتی منالْ مشکیان دەبوو و لە ئەندامەکانی کۆتەڵەکانەوە خوێن هەڵدەچۆڕاو دارمیوەکان بێ بەر دەبوون. و روونە کە هیچ کەسێك ناتوانێ بێشماری ئەوە بێت کە ئەم شتانە بیرەوەرییەکی خۆش بن.

---

(1) **Latinm لاسیوم ناوچەیێکی ئیتالیایە کە شاری رۆمی تێدا هەڵکەوتووە.**

(2) **مارسInaese دانیشتووە کەونەکانی ناوچەی سامینۆم هەڵکەوتوو لە رۆژهەلاتی لاسیوم کە دووسەدە بەر لە زاینی مەسیح پەیتا پەیتا شەڕی لەگەڵ رۆمییەکان کرد.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زابالیوونە جڵەوی ئیختیارەکەی خۆی بە بیرەوەری وتەبێژییەکانی جارانی کە لە سەر سوسیالیزم دەیکرد سپاردووەو دەترسێ کە نەکا سنووری بەزاندبێ، بەڵام دۆن پائۆلۆ دڵنەوایی دەداتەوەو دەڵێ:

-ئەوەی کە ریگەم بەخۆم داوە سەبارەت بەئێوە قسە لەگەڵ گەورەم ئۆسقۆفدا بکەم و بە داکۆکییەوە راسپاردەکەتانی بخەمە بەر دەم، تەنیا بەم بۆنەیەوەیە کە من شێوازی بەتەواوی سادقانەو بەدوور لە دەمار گرژی ئێوە لە دەربڕینی بابەتەکاندا پەسەند دەکەم. ئێستا پێتان وانییە لە نێو کافوونەکاندا هێندێ پیاوی بە وەج هەبێ کە دژایەتی لەگەڵ شەڕدا بکەن ؟

زابالیوونە دەڵێ:

-کافوونە بێچارەکان! نانیان بۆ خواردن دەست ناکەوێ و ئێستا ئێوە پێتان وایە وەدوای سیاسەت دەکەون؟ سیاسەت شکۆیەکە تایبەت بەو کەسانەی دەستیان بەزاریان دەگا. وێرای ئەمەش لە نێو لاوەکاندا هێندێ هەن کە زۆر جێی مەتمانە نین...

شتێك زیاتر لەهەر بابەتێکی دیکە زەینی زابالیوونەی بەخۆیەوە خەریك کردووە ئەویش ئەوەیە کە مووختاری گەرەکیان بۆ شەڕگە بانگ کردووە و ئێستا شوێنەکەی بەتاڵە بۆیە دەڵێ:

-دەبێ کەسێکی قسەزان لە جێگای ئەو دابنێن کە مایەی شانازی مەڵبەندەکەمان بێ. نازانم توانیومە مەبەستەکەم بە روونی دەرببڕم یا نا؟

دۆن پائۆلۆ لە بیری مۆریکا و پەمپێئۆ و گاوانەکەدایەو بیر لەوەش دەکاتەوە کە رەنگە بیان کینا لە رووکادی مارسێی گەڕابێتەوە. بۆیە بە پەلە ئیجازەی رۆیشتن لە پارێزەر دەخوازێ ویەکڕاستە رێگەی هەوارگەی چواروەرز دەگرێتە بەر. پاش ئەوەی بە تەنیشت باغەکەدا تێدەپەڕێ وای بەزەین دەگا کە کیژۆڵەیەك لەپشت قەفەسەی تاووسەکانەوە لەسەر تفاقەکان نووستووە. بە هێواشی و بە گوورگەلۆقە نیزیك دەبێتەوە و پاش ماوەیەك بۆی روون دەبێتەوە کە ئەو کیژە بیان کینا نییە بەڵکوو یەکێ لە کچەکانی زابالیوونەیە کە لەگەڵ سەربازێك هاتووە بۆ ئەم شوێنە. دۆن پائۆلۆ بە پێی ئەزموون وا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەزندە دەکا کە لە تەنیشت پەرستگەی زۆهرەدا دوو کچەکانی دیکەی زابالیوونەش دەبینێتەوە کە لەگەڵ دوو سەربازی دیکەدا پاڵ کەوتوون. بۆ دڵنیا بوون زۆر پێویست ناکا زۆریان لێ نێزیك بێتەوە چوونکە دەزانی هیچ کامیان بیان کینا نین. بەڵام هەوارگەی چواروەز چۆڵەو هیچ شوێنەوارێ لە بیان کینا و گاوانەکە دیارنییە. لەو حەوشە پان وبەرینەدا پەرەسێلکەکان لەچەپ وراستەوە نێزیك بە عەرزی فڕکە فڕکیانە. ئەوانیش ئامادە دەبن کە بەرەو ئافریقا بچن و زستانەکەیان لەو وڵاتە بەسەر بەرن.

دۆن پائۆلۆ دڵساردو ناهومێدانە بەرەو میوانخانەی تۆرێنسێل دەگەڕێتەوە. زابالیوونە وتوویەتی کە: (لاوەکان جێی ماتمانە نین )وهەر ئەمە لەخۆیدا هیوای پێدەخشێ. بەڵام نابێ لەوە زیاتر کات بەفیرۆ بچێ. لە کۆڵانەکانی فووسا بەتایبەت لە دەوروبەری ریستۆرانەکاندا هێشتا حەشاماتێکی زۆری لێ ماوە. بیرەنیچە لەبەر دەم میوانخانەکەیدا بەرازێکی برژاوی بۆ فرۆشتن داناوە، بەرازەکە بە شیشەوە کراوە. لەسەر مێزێکی درێژ درێژاودرێژ داندراوە. بەرازەکەی پیشاندووە و بۆ بەتام کردنی ئیکلیلی کێویو پنگی دەشتی و رازایانەی لێداوەو خوێ و بیبەر وئاڵەتیشی بە ئەندازەیەکی پێویست پیاکردووە.

کۆمەڵێک لە دەوری مێزگە خر بوونەتەوە، بەڵام ئەوکەسانەی کە لەو گۆشتە بریانییە دەکرن ژمارەیان کەمەو، ئەمانیش ئەو چەکدارانەن کە بەم زووانە یەکەم مووچەی سەربازییان وەرگرتووە. ئەو کافوونانەی کە بەرگی سەربازییان لەبەردا نییە بە حەسرەتەوە سەیردەکەن و ددانە نووك تیژەکانیان گڕڕ دەکەنەوە کە وەك کەڵپی گورگی برسی دەچن. مولازمێکی سەربازی پلە گۆشتێکی لەباری لەسەر نانە سپێکەی خۆی داناوە و بە چەقۆیەکی داهێنەرانە کە بریتیە لە ئامێری کردنەوەی سەرەشوشە و مەقەست و نینۆك گیر، خەریکی برینی پلە گۆشتەکەیە و، ئەم شاکارە دەبێتە مایەی سەر سووڕمان و ئافەرین ناردنی ئەوکەسانەی لەتەنیشتیەوە راوەستاون. لەپێش کوورسی شارەوانیدا بۆتکەیەکی دارنیەیان دابەستووە و لە ژوورەکەیدا دیمەنە رەنگییەکانی حەبەشە بە زەرەبینێك پیشان دەدەن. بۆ چاو لێکردن دەبێ هەرکەسەی دووقران بدات. دۆن پائۆلۆ دووقرانەکەی خۆی دەدات و وەك ئەوانی دیکە سەرە دەگرێ، بەپێش هێندێ کووندا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تێدەپەڕێ و هەر جارەش چاو بە کوونەکاندا دەکات و وێنەی ئافرەتە عەشیرەتییەکان بە لاقە تووکنەکانیانەوە دەبینێ. دوایین وێنە وێنەی شاژنی حەبەشەیە. سەیرکردنی ئەم دیمەنانە کە بە گشتی لایەنی جوانی و ئیستاتیك و نیشتمان پەروەرییان هەیە، لەوە زیاتری پێدەچێ کە دون پائۆلۆی گرفتار لەسەرەکەیدا چاوەروانی دەکرد، بەتایبەت ئەو کەسانەی لە سەرەکەیاندا کە لەپێش دون پائۆلۆن، لە بەرامبەر هەر وێنەیەکدا بۆماوەیەکی درێژ دەحەپەسێن وزیاتر بەرەو سەیرکردن راکێش دەبن. لەبەر ئەو کەسانەی کە لە پێشیەوە سەیردەکەن دەپارێتەوە کە خێراتر تێپەرن بەڵام ئەم داوایە دەبێتە هۆی رەخنە و قسە پێدادانی گشتی. سەرئەنجام کاتێ لە سەیرکردنی ئەو کۆمەڵە هوونەرییە خەڵاسی دەبێ پشووی دەمرێ. بێئامانج و شەکەت و بە تووڕەییەوە وەرێ دەکەوێ و هێندەی نەماوە خۆی تووشی کارێکی بێ ئاوازانە بکات بۆ وێنە لە ناوەندی گۆڕەپانەکەدا بە دەنگی بەرز هاوار بکات : (نەمان بۆ شەڕ ؟) دووکەرەت بەرەو هەوارگەی چواروەرز دەگەڕێتەوە و هەرجارەش لە نێو گیاو سەرتفاقەکان جل و بەرگی کچەکانی زابالیوونە دەبینێ بەڵام هیچ شوێنەوارێك لە بیان کینا و گاوانەکە نابیندرێ.

ئێستا شەو راشکاوە. مەزندەگەرانی گەڕەکەکان بۆ بە شداری لە میوانییەکی رەسمی لە میوانخانەی بیرە نیچەدا کۆبوونەتەوە. بەڵام کافوونەکانی فووسا و پیشەوەران، یان وردە بروژواکان کە بۆ ئەو میوانییە لێیان نەگیردراوەتەوەو هەروەها ئەوانەی کە درەنگتر لە ئاواییەکانەوە هاتوون لە مەیخانەی (خۆش ئەخلاق) لە نێزیکی ئاودڕەکە خربوونەتەوە. خاوەن مەیخانەکە بۆ راکێشانی سەرنجی مشتەری و رازاندنەوەی کەل و پەلەکانی چەند کوورسی لە دەرەوەی مەیخانەکەی داناوە و، شەرابی خۆماڵی بە نرخێکی هەرزانتر دەفرۆشێ، لەبن پیرەگوێزیکدا لە نێزیکی رێچکەرێی قەراغ جۆگەکەدا، کووپەی گەورەی داناوە کە مەیفرۆش نیوبووتڵەکانی لەو کووپەیە پڕ دەکات و قەرەواشەکانیش بۆ مەیخۆرەکانی دەبەن. دون پائۆلۆ لەنێو مەیخۆرەکاندا تاقمێك کە خەڵکی پیتراسکان دەبینێتەوە و لەگەڵ پاسکاندیرەنا و ماگاشیاو شەتاب و ئەوانی دیکە کە زۆربەیان بەتەمەنترن سەری قسەی کردوەتەوە. لە پشت تەلیسە هەڵپەساردراوەکان (بافڕکە) لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حاڵێکا مێش ئابڵوقەیان داوه لە تەنیشت گارییەکەی خەوی لێکەوتووه. دۆن پائۆلۆ بە هەر نرخێك بێ دەیەوێ بزانێ کە کافوونەکان سەبارەت بەم شەڕە چۆن بیر دەکەنەوە بەڵام جگە لە قسەی قوڕ و شتی بێتام هیچی دیکەی وەدەست ناکەوێ. پاسکاندێرەئا پێی وایە کە بەم زووانە دەتوانن بەرەو هەوار کۆچ بکەنەوە و(هەر ئەمەش گرینگە) کامپیۆباسۆ لە درێژەی قسەکەی ئەودا دەڵێ کە بە دڵنیاییەوە بەم زووانە ئەسپ و بارگینەکان بە سۆغرە دەگرن(بەڵام بۆ ئەو کەسەی کە لە گوێدرێژێك زیاتر هیچی دیکە شك نابات جێی نیگەرانی نییە). شاتاب دەیەوێ بزانێ کە ئایا چەکی کووشەندەی(تیشکی مەرگ) ئەو بەرهەمانە دەفەوتێنێ کە هێشتا سەری لە خاك دەرنەهێناوە و نەڕواون یان نا. ئەوانی دیکەش گوێ رایەڵن و دەخۆنەوە و بێ جووڵە و بێدەنگ و تاساون، ئەم گەلە هەژارو بەدبەخت و ساویلکەیەی کە بە چەندین سەدەیە جگە لە کتێبی(ئیل گێرین مێشینۆ)(1) هیچی دیکەی نەخوێندوەتەوە و، گشت زانیاری و حیکمەتەکەی دەگەڕێتەوە سەر چەندانە زەرب المەسەل کە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە دەگوازێتەوە، ئێستا بە واتای راستی وشە بە تەواوی لە زلکاوی بانگەشەدا رۆچووە.

ماگاشیا بە قەشە دەڵێ:

-مام قەشە، باشتر وابوو ئێوەش چۆڕێ مەتیان دەخواردەوەو پرسیاری ئەو شتانەتان لە ئێمە نەدەکرد کە سەرەدەرەی لێ دەرناکەین. قسەیەکی خۆش یان گاڵتەیەك ساڵەهای ساڵ لە پیتراسکادا دەمێنێتەوەو لە باوکەوە بۆ کوڕەکەی دەگا و هەمیشەش هەر بە شێوەیەك دووپات دەبێتەوە. بەڵام لێرە پیاو لە یەك رۆژدا هێندە شتی نوێ و سەیرو سەمەرە دەبیسێ کە سەری لێ ئەستوور دەبێ.

لەسەر کوێرە رێی سەر ئاودرەکەڕا، دۆن پائۆلۆ چاوی بە زابالیوونە دەکەوێ کە بەرەو پێش دێت. پارێزەر قەشە بەرەو کەنارێك راکێش دەکاو بە رەنگێکی هەڵبزرکاو دەنگێکی نووساو وەك ناڵە دەپرسێ:

---

**(1) ligueren meschino بەمانای(شەڕکەری هەژارە)و ناوی کتێبێکی کەونارایی‌و پاڵەوانییە وەک رۆستەم نامەو قەڵیج ئەرسەلان.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-کچەکانی منتان نەدیون؟

تاقمێ لە مەیخۆرەکان کە پارێزەر دەناسنەوە لێی دەهاڵێن و لە حاڵێکا بۆ خۆیان تلاوتل دەرۆن خوولقی شەرابی دەکەن و، هاوار دەکەن:

-وتارمان بۆ بڵێ، وتار! ئێمە ووتارمان دەوێ!

حەشاماتەکە هەر بەو جۆرەی کە رەنگە بەپێی مەیل و داوای بەرێوەبەری ئاواز یان ئاهەنگێك یان لەسەر ئیشتیای مووسیقارێك کە داوای سەمای(فۆکێستڕۆت) بکات ئێستا داوای وتار دەکەن. لە زابالیوونەوە نەکۆڵییەو لە حەشاماتەکەش پێداگرتن، سەرئەنجام لەبەر ئەوەی پارێزەر لەنێو ریزی دانیشتواندا ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی حکوومی مەڵبەند دەناسێتەوە ناچار بە مل کەچ بوون دەبێ، کچەکانی خۆی لەبیر دەباتەوەو بیری دەکەوێتەوە کە پۆستی مووختاری مەڵبەند، بەتاڵە. چەند کەس لە لەلاوەکان هەڵیدەگرن و بە زەحمەت لەسەر مێزێك لە قەراغ کووپەکان دای دەنێن. زابالیوونە دەستێ بە سمێڵەکانیدا دەکێشێ و کلکی سمێڵی بەرەو حەوا بادەدات و پرچەکانی رێك و پێك دەکا. رۆخساری حاڵەتی لێدەگۆڕێ، چاوەکانی دەبریسکێنەوە، بەرەو ئاسمانە پڕ لە ئەستێرەکان دەست بەرز دەکاتەوەو پاشان بە دەنگێکەوە کە لە نێوان زیرو بەمدایە بەم جۆرە دەست پێدەکا:

-دەئێوە ئەی رۆڵە بەوەجەکانی رۆمای هەرمانی، تۆ ئەی گەلەکەم!...

و بەم چەشنە موسیقا دەست پێدەکا، ئەویش چ مووسیقایەکی شیرین و دڵنەواز!

وتەبێژ روو لەم بەدبەختانەی کە سەرخۆشی شەرابن بە جۆرێك قسە دەکا وەك بڵێی لەگەڵ کۆرێك لە پاشاو ئیمپراتووری لانەواز کە لە تاراوەگەدان بەرەو روو بوەتەوە. هەڵمی سەرخۆشکەری بیرەوەرییە پڕ شکۆ و مەزنەکانی سەردەمی کەوناراکان دەی هارووژێنێ. وتەبێژ درێژەی دەداتەوە:

-پێم بڵێن کێ یەکەم جار شارستانیەت و کلتووری بۆ مەڵبەندەکانی میدیترەرانە و سەرتاسەری ئافریقا بە دیاری بردووە کە لە کۆنەوە کەس نەیدەزانی زیندەواریشی لێیە؟

هێندی دەنگ وەڵام دەدەنەوە: (ئێمە!)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-بەڵام سەد مەخابن خەڵكی دیكە قازانجی ئەم فیداكارییەی ئێمەی هەڵگرتوەتەوە. دیسان تكاتان لێدەكەم پێم بڵێن كێ شارستانیەت و كلتووری بۆ گشت ئەورووپا و تا كەنارە تەم لێنیشتووەكانی بریتانیای ئەوڕۆ ناردووەو ئاوایی و شارەكانی بینا ناوە، ئەو شوێنەی كە لەودا، مرۆڤە سەرەتاییەكان لەگەڵ ئاسكە كێویو بەرازو چوارپێدا دەڵەوەڕین؟

دەنگانێك وەڵام دەدەنەوە: (ئێمە!)

-بەڵام خەڵكی دیكە لێی بەهەرەمەند بوون. دیسان تكاتان لێدەكەم بە من بڵێن كێ ئامریكای لەسەر ئەم تۆپە گڵینەیە دۆزییەوە؟

ئەوجار هەر هەموویان رادەپەڕن و بە یەك دەنگەوە وەڵام دەدەنەوە: (ئێمە! ئێمە! ئێمە!)

-بەڵام بەداخەوە قازانجەكەی بە نەسیبی خەڵكی دیكە بووە. دیسان داواتان لێدەكەم بە من بڵێن كێ داهێنەری كارەباو تەلەگراف و بێسیم و هەروەها زۆرن ئەو شتانەی كە پایەو بنەمای ژیانێكی شارستانیانەیە؟

دەنگانێك وەڵام دەدەنەوە: (ئێمە!)

-بەڵام سوودو قازانجەكەی بۆ خەڵكی دیكە گەڕاوەتەوە. سەرئەنجام تكایە پێم بڵێن كێ بە هەموو وڵاتەكانی دونیادا گەڕاوە تا كانگاكان هەڵقەنێتەوەو پردەكان داڕێژێ و رێگاو بانان ساز بكات و زلكاوەكان وشك بكات؟

ئەم جارەش هەموویان رادەپەڕن و بە یەك دەنگ هاوار دەكەن: (ئێمە! ئێمە! ئیمە!)

-بەڵێ! من بە یەكجاری گرێی هەژاریو رۆژ رەشی ئێوەم كردەوە. بەڵام پاش چەندین سەدە بە تەحەمول كردنی پەستی و سووكایەتی و چەوسانەوە، ئێستا خێرو بەرەكەتی خودا پیاوێكی بۆ نیشتمانەكەمان رەوانە كردووە كە پەیام هێنەری سەربەرزییەو وەك ئەركێك لەسەریەتی كە گشت ئەو شتانەی كە هی ئێمە بوون و خەڵكانی دیكە لێیان دزیوین بۆ ئێمە بگەڕێنێتەوە.

دەنگانێك هاوار هەڵدێننەوە:

-بۆ پێشەوە بەرەو لەندەن! بەرەو لەندەن!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەنگانێکی دیکە هاوار دەکەن:

-بەرەو نییۆرك! بۆ ئامریکا! بەرەو کالی فۆرنیا!

-پیرەمێردێك دەزیقێنێ:

-بەرەو سائۆپۆلۆ! بۆ ئاوەنێدا پۆلیستا! بۆ ئاوەنێدا ئاندلیکا!(1)

دەنگانێکی دیکە بەدەنگی بەرزەوە دەڵێن:

-بۆ پێشەوە بەرەو بۆئنووس ئایرێس(2)

لە تەنیشت دۆن پائۆلۆوە شەتاب جۆش و خرۆشێکی بەرچاو لە خۆی پیشان دەدا و لەبەر ئەوەی لەبەر مەی خواردنەوەیەکی زۆر بە دژواری خۆی لەسەر پێ رادەگرێ بەگێرەوە بۆ سەر کوورسییەکە وەسەرکەوێ، فەرمانی بێدەنگ بوون رادەگەیەنێ و بە گوورەوە دەڵێ:

-بەرەو نییۆرك! بۆ شەقامی چل و دوو! شەقامی چل و دوو!

ئەوانی دەوروبەری لێی دەپرسن:

-بۆ، خێرە؟

شەتاپ دەنگ بەرز دەکاتەوە کە:

-لە دوایەدا بۆ خۆتان دەزانن کە لەوێ چ باسە! بەرەو شەقامی چل و دوو!

سەرلەنوێ بێدەنگی باڵی بەسەر حەشاماتەکەدا دەکێشێ و زابالیونە ئاماژە بە نسێی سیحراوی(تیشکی مەرگ) دەکا کە نوێ ترین داهێنانی ئیتالیاییە و چەکێکی کاریگەرە بۆ ژیانەوە و سەرلەنوێ گەڕاندنەوەی مەزنایەتی ئیمپراتۆریەتی رۆماو دەڵێ:

-ئەم تیشکە کەرەسە مۆتۆرییەکان لە کار دەخا، ئەو شەمەندەفەرانەی کە بەسەر وشکانیدا دەڕۆن و ئەو پاپۆڕانەی کە بەسەر دەریاکاندا تێدەپەڕن، لە جووڵە دەخا. لەگەڵ وێکەوتنی ئەم تیشکە دڵی مرۆڤ لە لێدان دەکەوێ، تگەرەی دووچەرخەکان دەتەقنەوە،

---

(1) **سێ شاری برازیلن.**

(2) **پایتەختی ئارژانتین.**

مەمکی ئافرەتەکان وشك دەبن، کاتژمێرەکان لە رادەوەستن، پەلەوەرەکان پەڕیان هەڵدەوەرێ، ئاوەنگی زەنگی کلیسەکان بەردەبنەوەو سەربازەکانی دوژمن دەبن بە کۆتەڵی خوێ. ئیتر هیچ هێزێك لە توانایدا نییە ئێمە لە پێشڕەوی بگەڕێنێتەوە. ئەو پیاوە خوداییە ئەوڕۆ ئەم بابەتەی بە هەموو جیهان راگەیاندووە. بەڵێ ئیتر کاتی پاکانە حسێب هاتووە!

ئێستا حەشاماتەکە هاوار دەکەن:

-بەرەو نیبۆرك! بۆ شەقامی چل و دوو!

خەڵك بەرەو مێزەکەی زابالیوونە دەچن و هۆمەنی بۆ دەبەن تا بەم جۆرە درێژە بە وتارەکەی بداتەوە، بەڵام ئێستا ئەو لە دوورەوە، لەسەر کوێرە رێی ئاودڕەکە، چاوی بە کچەکانی خۆی دەکەوێ کە قۆلیان لە قۆڵی سەربازەکان خستووە و بەرەو پێش دێن، پارێزەر بە جووڵەیەك لە مێزەکەوە باز هەڵدەدات، بە زەختی مشت وشان و باهۆی بەنێو حەشاماتەکەدا رێگایەك بۆ خۆی دەکاتەوەو وەدوا سەری کچەکانی دەکەوێ.

لەو کاتەدا بارودۆخەکە وەك ئەوکاتەی لێدێ کە لە نەکاو مۆزیك رادەگیرێ و هەر کەسێ لەبەر خۆیەوە جا هەر چۆنێ بێ هۆیەکەی پاساو دەداتەوە.

شەتاپ بە ئامادەبووان دەڵێ:

-لە نیبۆرك، لەشەقامی مالبیری پیاوێکی پیسکەو گڵاوی لێیە کە ناوی خۆی ناوە (مێستێر چارلیز-لیتێل بێل-سەهۆڵ چی-رێژی فرۆش)، بەبڕوای من یەکەم کەسێك کە دەبێ ئەتك بکرێ هەر ئەم پیاوەیە- دیارە ئێوەش دەتوانن ئەگەر کەسێکی دیکەتان پێ شك دێ کە شیاوتر بێ پێشنیار بکەن- دەبێ ئەم پیاوە بەدیل بگرین، پاشان ناچار بکرێ کە بە بەردەم هێزێکی سەربازیدا تێپەڕێ کە بە ڕیز راوەستاون. دەبێ سەربازەکان هەر هەموویان کاڵەی بزمارڕێژ کراویان لە پێدا بێ و بەهەموو دەمای خۆیان شەپێکی پیاوانە لە پشتە قوونی ئەو سەگبابە هەڵدەن! و ئەگەر ویستی زار بەگازە بکاتەوە هەر سەربازەو بە نۆرەی خۆی پێی بڵێ: شەتاپ! دیارە بۆ خۆی حاڵی دەبێ کە شەتاپ چ مانایەك دەداتەوە!

کامپۆ باسۆ شەتاپ بەرەو قەراغ راکێش دەکاو لێی دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-لە شەقامی چل و دوودا چ باسە؟

شەتاپ وەك روون كردنەوە دەڵێ:

-ئەو شوێنە جێگای رابواردنە. سامانداریەکان بۆ سەیران کردن دێن بۆ ئەوێ. لەوێ ئافرەتانێکی جوان دەبینن کە پیاو لەسوێی بۆ عەترەکانیان سەرخۆش دەبێ...

و ئەودەم بۆ خۆیشی چاو دەنووقێنێ و بۆن دەکێشێ، وەك بڵێی لە دوورەوە بۆنیان دەکا. بەڵام لەنەکاو بێدەنگ دەبێ چوونکە کوڕەکەی لە رێوە دێ. کوڕەکەی بەرگێکی سەربازی لەبەردایە، ئەو جل و بەرگە بە لەشیەوە دەنالێنێ: سەرقۆلەکانی تا سەر مەچەکان هەڵگەڕاوەتەوەو ئەمەش لە حاڵێکایە کە دەرەلینگی پانتۆڵەکەی زۆر بە زەحمەت تا سەرچۆکانی دەگەن.

باوکی دەکاتە سەری کە شەراب بخواتەوە. کوڕەکەی دەخواتەوە. باوکی دەڵێ:

-دیسان وەخۆوە! خۆزەگە بە خۆت کە تەمەن لاوی!

کوڕەکەی دیسان دەخواتەوە.

باوکە راسپاردەیەکی پێیە و پێی دەڵێ:

-کوڕی خۆم، وشیاربە و ئەوەی پێت دەڵێم لە بیری نەکەیت! ئەگەر حکوومەت بڕیاری دا کە لەگەڵ (تیشکی مەرگ) سەرباز بنێرێتە نیپۆرك تۆ بە دڵخوازی خۆت لە ریزەکەت وەرە دەرێ و داوا بکە. بە حکوومەت بڵێ کە باوکت لەو شوێنە بووە و تۆش هێندێ وردە حسێبت لەو شوێنە هەیە کە دەبێ بیکووژێنیتەوە. بەم چەشنە کاتێ لە گۆرەپانی(تۆپخانە) دابەزیت، بۆلای دەستی راستت بسووڕێ و پرسیاری شەقامی مالبێری بکە. لەوێ سۆراغی دوکانی پیاوێك دەگری بەناوی میستێر ساموونێلی کۆنە فرۆش و، ئەو پیاوە جوولەکەیەکی پۆلۆنییە (لەهێستانی) کە بە زمانی(ناپێلی) قسان دەکا. پیرەمێردێکی وردیلەیە کە سەری لە هەموو شتێ دەردەچێ. دەزانێ لە کوێ دەتوانی چاك بخوێت و باش بخۆیتەوە و، بە ماڵی پارەدارەکانیش دەزانێ. ئەو شارە گەورەیەو ئەگەر حەز دەکەی بزر نەبیت هەوڵبدە ئەو ببینیەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوڕەکەی لە قاقای پێکەنین دەدات. بە پێزانینەوە سەیری باوکی دەکات و بە ئاماژەی سەر وەڵامی دەداتەوە.

باوکە دیسان دەڵێ:

-بخۆوە و گوێ راگرە. ئێستا من پیرم و پێویستیم بە شتێکی زۆر نییە، سەرەڕای ئەمەش ئەگەر حەز دەکەی دڵی بابی خۆت خەنی بکەی سێ چواردانە جووت پێڵاوی(رێگاڵ)ی جێپەنجە پانم بە دیاری بۆ بێنە. سامۆئێل دەزانێ کە لە کوێ دەتوانی بۆم بکڕی. لەبیرت بێ، نەچی پێڵاوی نووك باریکم بۆ بێنی چوونکە لاقم مێخەکەی دەرداوە.

لەسەر مێزەکەی تەنیشتیانەوە، بەرد تاشێك دانیشتووە کە خەڵکی(بیرگام)ە و ئێستاش بەرگی خۆماڵی ناوچەی خۆیانی لەبەردایە، واتە شەبکەیەکی پێستینە و کەوایەکی مەخمەری لەبەردایە. ئەو لە ساڵی بوومەلەرزەکەدا بۆ کارەکانی ئاوەدان کردنەوەو خانوو بەرە سازکردن هاتووە بۆ مارسیکاو لە فووسا ژنی هێناوەو ئیتر هەر لەم مەڵبەندەدا گیرساوەتەوە. ئێستا خەریکە باسی کارێکی گەورەی ئاوەدان کردنەوە لە سویسرا دەکات کە بە دەستی کرێکارە ئیتالیاییەکان بەڕێ دەچێ. دەڵێ:

-لە تافی لاویەتیمەوە، لە تەمەنی 14 ساڵی بەدواوە، گشت تەمەنی خۆم لەگەڵ باوکم کە بەردتاشێکی لێهاتوو بووە بۆ کاری رێ و بان سازکردن لەو وڵاتەدا بەسەربردووە. لەسەرانسەری سویسرا تونێلێکت وەبەر چاو ناکەوێ کە لانی کەم بە دەستی کرێکارێکی ئیتالیایی هەڵنەکەندرا بێ. باوکم لە حاڵی دروست کردنی تونێلی(لووتیسبێرگ) لەگەڵ 24 کرێکاری دیکەدا ژێر ڕنوو کەوت و مرد. بەدوای مەرگی ئەودا من بۆ تونێل دانەوەی تونێلەکانی(تێریمباخ)و (گرانشە)و(ئۆلۆرب) کارم دەکرد. لە(تێریمباخ) کۆخە دارینەکانی کرێکارە ئیتالیاییەکان لە تەنیشت یەکەوە بینا کراوە کە کۆگاکەیان ئاواییەکی نوێی دامەزراندبوو وناوی ترابلۆسمان(تیریپولی) لەسەر دانا بوو.

کامپۆباسۆ دەپرسێ:

-لەبەرچی ترابلۆس؟ خۆ ئێوە عەرەب نەبوون!

بیرگامی دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-هەر لەخۆوە، خەڵکی سویسرا خەڵکێکی زۆر باش و رێك و پێکن و پارەی چاك دەدەن. بەڵام گشت ئەم کارە بیناسازیانە بۆ ئەوان ئەنجام دەدرا نەك بۆ ئێمە. هەر کە کارێکمان تەواو دەکرد دەبایە بەپەلە لەوێ رۆشتباین. زۆجار هەڵکەوتبوو کە کەسانێك لە کاتی رۆشتندا باسکێکی خۆی لەدەست دابوو. بەدبەختی وا رووی لەم بێچارانە دەکرد کە مێش وا لە گوێدرێژی پیر نانووسێ. لە(کریمسێل) نێزیك(بیرێن) لەحاڵێکا بۆ بینای کارگەی کارەبا خەریکی خەندەق نانەوە بووین لە نەکاو بەردێك کە بەقەد مستی پیاوێکی زەلام ئەستوور بوو، بە هۆی مین تەقینەوە لە حەوارا بەسەر بێچارەیەکی هاو مەڵبەندی ئێمەدا کەوت کە دووسەد مەتر لەو شوێنە دوور کەوتبووەوە و بێغەم خەریکی ناشتای نیوەرۆیانی بوو. بەردەکە وە تەپڵە سەری کەوت و دەردەم کووشتی، رێك وەك ئەوەی تیرهاوێژێکی لێزان بە فیشەکێك دوژمنەکەی کوشتبێ.

ئێستا لە دەوری کووپەی مەیەکەوە، تاقمێ لە پیاوە سەرخۆشەکان وێرای یەک سەرو گوێی ئاوازێکی دێرینەی کۆچەرێکان دەشکێنن:

سێ رۆژی تەواو بە گەمیەی هەڵمی

دەرۆن و دەڕۆن تا بە ئامریکا دەگەن...

لەپشت مێزێکی دوورترەوە، پیرە مێردێك کە وەستای مۆبڵ و ئەسکەملیە بیرەوەرێکانی سەردەمی مانەوەی خۆی لە(سان پائۆلو)ی برازیل بۆ ئامادەبووان دەگێڕێتەوە.

-لە سانپائۆلو گەڕەکێکی لێ بوو کە برازیلییەکان پێیان دەگووت(ئاباچێئو پیکیس)و لەو شوێنە ئێمە و رەش پێستەکان لەگەڵ یەک نیشتەجێ بووین. بە رۆژ بۆ پارە پەیداکردن مۆبڵ و ئەسکەملەمان چاك دەکردنەوەو شەوانەش بۆ پاراستنی گیانی خۆمان چەقۆمان دروست دەکرد. بێ چەقۆ و چوونە نێو کۆڵان، رێك وەك ئەوە دەچوو کە بێ چەك بچی بۆ شەڕ. باوکم بە منی دەوت: (دیارە باشتروایە کە پیاو وەدوای ئیش و ژیانی خۆی بکەوێ بەڵام سەرەڕای ئەمەش چەقۆ وەشاندن لەچەقۆ خواردن باشترە.) کوڕە برازیلیاییەکان حەزیان دەکرد شاخ و گوێمان بشکێنن و شەوانە دەهاتنە گەڕەکی ئێمە و هەر ئێمەش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بووین کە هەموو جارێ دڵ و ریخۆڵەمان بۆ لە مستیان دەناو بەریمان دەکردنەوە. هەر شتێك کە لە دەوروبەری سانپائۆلۆ دروست کراوە، هموویان بە دستی ئیتالیاییەکان بووە. دیارە چەند کەسێك ساماندار بوونەو لە(ئاوەنیدا پۆلیستا) دام و دەزگاو خانووبەرەیان بینا ناوە بەڵام بەشی هەرە زۆرەکەیان لە(ئاباچیئۆپیکیس )و لەگەرەکی(پێراز) لەگەڵ توورکەکان و پورتەغالییەکان و قوولە رەشەکاندا ماونەتەوە. ئەگەر هەر بەراستی رۆژی پاکانە حسێبەکان هاتبێ پارچەیەکی گەورەمان لە برازیل وەدەست دەکەوێ و، من کە هەر ئێستا قسانتان بۆ دەکەم دەتوانم بیشماری ئەوەی بکەم کە ئەو کەوشەنە باش دەناسم و چاکی لێ شارەزام.

دۆن پائۆلۆ لەوەی کە دەبینێ کافوونەکان بەم جۆرە خوێن ساردیەو ئاسایی بوون و پشوو درێژیەو لەسەرە خۆبوونی کەم تا زۆر کەوناراییەکانی خۆیان لە دەست داوەو سەرخۆشی بانگەشن بەجارێ ئەم هەستە شوێنی لەسەر دادەنێ.

هات و هاوارێك بەرز دەبێتەوەو سەربازەکان بە بەلاشی وبەبێ ئەوەی پارە بدەن لەمەیخانەکە وەدەر دەکەون. ئافرەتە خزمەت کارەکان دەلوورێنن و خاوەن مەیخانەکەش بەچەقۆی چێشتخانە هەرەشە لە تاوانباران دەکا. سەربازەکان لە دوورەوە دەنگ هەڵدێننەوە:

-برۆ پارەکەت لە دەوڵەت وەربگرە!

لە دەوروبەری کووپەکە کە هەرئێستا نێزیك بە تەواو بوونە دە کەس لە کافوونەکان هەروا درێژە بە خوێندنەوەی ئاوازی کۆچەرییەکان دەدەن. چەند کەسیان چوونەتە سەر کووپەکەو وەك ئەو کەسانەی خۆیان بە لێواری گەمیەیەك کە بەدەستی ئەو شەپۆلانەی کە لە هەڵچوون و داچووندایە هەڵواسیبێ، سینگیان بە لێواری کووپەکەوە نووساندووەو بە خەیاڵی تێپەڕبوون بەسەر رۆخی دەریادا بەم جۆرە دەچرێنن:

"سێ رۆژی تەواو بەگەمیەی هەڵمێ
دەرۆن دەرۆن تا دەگەن بە ئامریکا
نە گیایان دەسکەوتووەو نەکا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر عەرزی رەق نووستوون

وەك چۆن ولاغ دەكەوێ..."

دەنگێكی سەرخۆشانەو گوێ كپكەر بڵاو دەبێتەوە. دەقی هۆنراوەی گۆرانییەكە كە تا دواپشوو درێژ دەبنەوە و ئەمانیش هێندێ ئەدای توورەو تەوسنانەوە و هێندێ ئەداو ئەتوار دیكە لە خۆیان پیشان دەدەن كە بەقسە ئەمە مسافرەكانن كە بۆ رۆشتن بەرەو ئامریكا سوار گەمیە هەڵمییەكان دەبن.

ماگاشیا(بافرِكەی) بەستەزمان لەخەو هەڵدەستێنێ و بەرەو ماڵبەندی گارێكەی دەبا. خەڵكی پیتراسكا ئامادەی رۆشتنن چوونكە شەو درەنگ بووە. دۆن پائۆلۆش هەڵدەستێ و وێرای ئەوەی لە تاو هیلاكیان برستی نەماوە و خۆی لەسەر لاقان ناگرێ، كەچی بۆ جارێكی دیكە بۆ سۆراغ گرتنی بیان كیناو گاوانەكە دەچێ بۆ هەوارگەی چوار وەرز. بەسەر ئەو پردەی كە بەسەر ئاودرِەكەیاندا كێشاوە دەپەرِێتەوەو وەنێو كۆڵانی باغی میوەكان دەكەوێ. زایەڵەی ئاوازی كۆچەرییەكان هەروا لە تاریكی شەودا بە دوایدا دێت:

"و ئامریكا گەلێ گەورەو بەرفەراوانە

و دەوراندەوی شاخ و چۆم و دارستانە

بەڵام پیشەسازی ئێمەی ئیتالیایی!

لە هەموو شوێنی گوندو شاری پێك ناوە!"

لە نێزیكی شوورەكانی دەوری هەوارگەكە، قەشە تووشی گاوان دەبێت و پێی دەڵێ:

-دەبێ قسەت لەگەڵدا بكەم

پیاوەكە لە وەڵامدا دەڵێ:

-مام قەشە منیش قسەم پێیە.

هەردووكیان رێگەی تاریكی كۆڵانی هەوارگەكە دەگرنە بەرو لە پێش هەوارگەكە لە قەراغ حەوزەكە دادەنیشن. قەشە دەست بەقسەكردن دەكا:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-شەڕ دەستی پێکردووە. ئەم شەڕە شەڕی بانکە کە کافوونەکانی ئیتالیا ڕە گژ کافوونەکانی حەبەشە دەکات. ئەورۆ هەر لە دوای تۆ گەڕاوم تا قسەت لەگەڵدا بکەم و بزانم کە بەدژی ئەم کردەوە شێتانەیە پیاو دەتوانێ چ چالاکییەکی خێرایانە بکات.

گاوان لە وەڵامدا دەڵێ:

-من ئەمڕۆ هەر لەگەڵ خاتوو باروونادا بووم، ڕەنگە تا لەسەری نەداوم ئێوە، مام قەشە گیان، بتوانی بە هانامەوە بێی.

قەشە دەپرسێ:

-مەگەر چ دەردێکتە؟

بەڵام گاوان وەڵام ناداتەوە. قەشە دیسان دەڵێ:

-ئەمڕۆ شەڕ دەستی پێکردووە، شەڕی بانك...

گاوان دەڵێ:

-من و خاتوو باروون هاو تەمەنین. ئەو کاتانەی کە مناڵ بووین زۆرجار هەر لە قەراغ ئەم حەوزە، لە شەقامی باغ، نێزیك قەفەسەی تاووسەکان ولە تەنیشت پەرستگەی زۆهرە، بە یەکەوە یاریمان دەکرد، تا ئەو ڕۆژەی کە دایك و باوکی ئەویان لە پەرستگەکدا زیندانی کرد.

دۆن پائۆلۆ دەکەوێتە نێو قسەکانی و دەڵێ:

-ئاگام لە سەربردەی ئەو هەیە.

-کەوای لێهات، مام قەشە، ئێوە ئاگادارن کە مێردەکەی لە دۆڤێلیك دا کوژراوە. ئەمە لە خۆیدا سزای خوایی بوو. ئەو دەم خاتوو باروون لەباتی ئەوەی بەرەو ئێرە بگەڕێتەوە وای حەز کرد کە هەر لەشاردا بمێنێتەوەو، چتان عەرزکەم لە وێ تووشی کاری زۆر ناحەز بوو! دیارە وابیر نەکەنەوە کە ئەو ئافرەتێکی خراپە، نا، تەنیا هێندێ نەفس نزمە.

قەشە دەپرسێ:

-تۆ چووزانی؟

-خاتوو باروون هەمیشە بۆ خۆی بۆی دەنووسیم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-یانی ئەو بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بۆ تۆ دەنووسی.

گاوان دەڵێ:

-بەڵێ بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ. ئیتر ئێستا لە خواترسەو سامێکی مەترسی هێنەری لەمەرگ پەیدا کردووە. ئەوکات هەموو رۆژانی شەمۆ بۆ دان پیاهێنانی تاوانەکانی دەچووە کلیسە. ئەو کەسەی کە ئیقراری لێ وەردەگرت دەبێ پیاوێکی دڵرەق و گرژ بووبێ، چوونکە بۆ هەر تاوانێکی کەبیرە، ئەوی ناچار کردووە کە بۆ سزادانەوەکەی، دوعای Avemaria وەخوێنێ و لەسەرعەرزی بە زمان هێمای خاچ بکێشێتەوە. لەم جۆرە سزادانە لەلای ئێمەش هەیە بەڵام لەوەی کە قەشەیەك غیرەت دەکاو سزایەکی ئاوا بۆ خاتوونێکی وەك باروون دابنێ دەبێ قەبووڵی بکەین کە لەو پەڕی دڵرەقیدایە. سەبارەت بە دوعای Avemaeia لە حەق لانەدەین، ئەو بۆ خۆی هەمیشە ئەم دووعایەی خوێندوەتەوە بەڵام کێشانەوەی خاچەکان لەسەر عەرزی کەوتوەتە ئەستۆی من، دیارە خاتو باروون خۆی داوای لێکردووم. دیارە مەبەستم شکات کردن نییە، چوونکە ئەم کارەم لەبەر ئەو کردووەو منیش بە نۆرەی خۆم بە دڵ فەراوانییەوە بۆم بەئەنجام گەیاندووە. ئەو کات ئێوارانی شەمۆ، ئەو لەهەر شوێنێ بووبێ، لە رۆما یان(سێن مۆرتیس) یان مۆنت کارلۆ، کارت پۆستاڵێکی بۆ رەوانە دەکردم و ژمارەی ئەو خاچانەی کە دەبوایە لەسەر عەرزیم کێشابانەوە، دیاری دەکرد. تا ئەو کاتانەی خوا لێخۆش بوو بە رێز باروون زیندوو بوو ژمارەی ئەم خاچانەش کەمتر بوون کە لە حەوتوودا لە چەندانە زیاتر تێنەدەپەڕی، بەڵام لە پاش مەرگی ئەو ئێستا زۆرتر بووە ، گەیەشتووەتە بیست و سێ دانەش. دیارە مام قەشەش ئاگادار کراوەتەوە. خاتوونێك بەم ناسکی ونازدارییە و سی دانە گوناحی کەبیرە لە حەوتوویەکدا! لەم دواییانەدا لەسەر بیست و یەکدانە راوەستاوەو دیسانیش نابێ بڵێین کە کەمە. ئەگەر دابەشی بکەین بە سەر حەوتوودا رۆژی دەکاتە سێ دانە.

دۆن پائۆلۆ قەبووڵی دەکا کە:

-رۆژی سێ دانە زۆرە. تۆش هەر بەو جۆرە و بە زمان خاچت کێشاوەتەوە؟

گاوان بە مینگەوە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-ئەمە تاکە کەرەسەیەک بوو کە پێوەندی دروست دەکرد لە نێوان ئێمەدا. ئەگەر رەتم کردبایە ئەوا یەکی دیکەی بۆ ئەم کارە دیاری دەکرد و ئەودەم ئیتر من بە گشتی لێی بێ خەبەر دەمامەوە.

ئەوجار گاوانەکە مام قەشە بەرەو لای تەویلەکە بەرێدەکا. فانووسێك هەڵدەگرێ، پەی دەکاو لەسەر دیواری تەویلەکەدا لەسەر رۆخێك کە پانایییەکەی بە چەند مەتر مەزندە دەکرێ، ژمارەیەکی لە بژار نەهاتووی خاچی چکۆلەی پێنیشان دەدا کە بە خەڵووز کێشراونەتەوە، پاشان بۆ زیاتر روون کردنەوەی بابەتەکەی بە قەشە دەڵێ:

-لەبەر ئەوەی ژمارەی خاچەکانم لەبیر نەچێتەوە بە خەڵووز ژمارەی ئەو خاچانەی کە بە زمان و لەسەر عەرزدا دەمکێشایەوە، لەسەر ئەم دیوارە دیاریم دەکرد. دیارە پتر بە مەبەستی فەرامۆش نەکردن بووە. زۆرجاران سەیری ئەم دیوارەم کردووەو تێر تێر گریاوم.

گشت ئەو خاچە وردو رەشانەی کە بە ریز لەسەر دیوارە شێدارەکەی تەویلەکەدا کێشراونەتەوە، دۆن پائۆلۆ وەبیر گۆرستانی ئەو سەربازانە دەهێنێتەوە کە لە بەرەکانی شەردا کووژراون و لە دەوروبەری(کوورتێز)دا چاوی پێکەوتبوون، بەڵام ئەم جارە لەباتی خاچەکانی گۆرستان خاچەکانی گووناحە کەبیرەکانی خاتوو باروونن. هەر دووکیان بەرەو قەراغی حەوزەکە دەگەرێنەوەو لەوێ دادەنیشن و گاوان دەست پێدەکاتەوە:

-وا بۆ چەند رۆژێك دەچێ کە خاتوو باروون گەراوەتەوە بۆ ئێرە. تۆ بیری لێ بکەوە کە بۆ من چ چەژنێکی گەورە بووە! ئەو بە منی وت: (بۆیە گەراومەتەوە کە ئیتر پارەم پێ نەماوە کە لە شاردا رایبوێرم.) ومن لە وەڵامدا پێم ووت: (خاتوونی خۆم. تا نەوکەرەکەت بەسەر زیندووە غەمی هیچت نەبێ!) بۆ سبەینێی ئەو رۆژە ماشقەکەشی کە سەرهەنگێکی سوارە نیزامە لە رێگاوە پەیدا بوو. بیان کینا دەڵێ: (لەسەرو پۆتراکی ئەم زەلامەرا وا دەردەکەوێ کە لە شەری کەریمەدا بەشداری کردبێ) بەڵام من بە هیچم نەزانی و لەهەمان شەوی هاتنیدا ئەوم بەرەو قەراغێك راکێش کردو بە گوێیدا چرپاندم: (ئەگەر حەز ناکەی لە هەوارگەی چوارەرزدا کەلاکت ببیننەوە بە یەکەم شەمەندەفەر ملت بشکێنەو بگەرێوە

بۆ ئەو كەریمیەی كە لێوەی هاتووی!) بەڵام خاتوو باروون بە هانای ماشقەكەیەوە هات و لەو كاتە بەدواوە ژیانم لێ بووەتە جەحەندەم. شەوان تۆزێ خەو چییە، لەچاوم ناكەوێ و دەتوانم بڵێم كە شەوانم بەیانییان بەسەردا نایەت. ئەو شتە كە لەم نێوانەدا دڵنیای كردووم ئەمەیە كە ئەم باروو دۆخە بۆ هەتا هەتایە بەم جۆرە نامێنێتەوە. پێرێ ئێوارێ، خاتوو باروون هاتەلام و داوای لێكردم وەك جاران بە زمان بیست و یەكدانە خاچ لەسەر عەرزی بكێشمەوە. لە وەڵامدا وتم: (نا، نا، بۆ ئەو گووناحانەی كە لەگەڵ ئەو زەلامەیدا دەیكەن من ئامادە نابم كەفارەكەی بدەمەوە.) خاتوو باروون بە سوورِمانەوە لێم راماو فرمێسك لە چاوانیدا قەتیس بوون و لە منی پرسی: (یانی چی؟ بەم جۆرە دەبێ خۆم كەفارەی گووناحەكانم بدەمەوە؟ سەرئەنجام، بەڵێنم پێدا كە خاچەكانی بۆ بكێشمەوە بەڵام بۆ دوایین جاربێ. و ئێستا هەر شەوێك كە ئەو دوانە پێكەوە بەرەو ژوورەكەیان هەڵدەگەڕێن من هەست دەكەم دونیام لەسەر سەران دەسوورِێ. وەك شێتانم لێ هاتووە. بۆ ساتێكیش ئاراو قەرارم نییەو ناتوانم بیر لە هیچ شتێكی دیكە بكەمەوە. بەم هۆیە ئەگەر دەتەوێ سەبارەت بە شتێكی دیكە قسەم لەگەڵدا بكەن بێ هوودەیە. بە تەواوی بێ هوودەیە.

دۆن پائۆلۆ لێی دەپرسێ:

-دەزانی پەمپێئۆ كەی لەرۆما دەگەرێتەوە؟

گاوان دەڵێ:

-نەخێر

-بیان كینام بەرەو رووكا رەوانە كردووە، ئاگات لە گەرانەوەی ئەو هەیە؟

ــنەء هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

پاشان دیسان گاوان بە چاوە فرمێسك تێ چزاوەكانیەوە دەڵێ:

-مام قەشە، ئێوە لەبەر ئەوەی قەشەن دەبێ لەگەڵ خاتوو باروون‌دا قسان بكەن.

-بەداخەوە، ئەمرۆ شەر دەستی پێكردووەو من ناتوانم بیر لە هیچی تر بكەمەوە.

كۆڵانەكانی فووسا چۆڵ و چراكانی بێ شەوقن. ئاڵاو تابلۆ و نەوارەكان كە ئێتر نووسراوە و رەنگەكانیان لێك ناكرێنەوە، وەك ئاسەوارە بەجێ ماوەكانی كارناڤاڵ، شاری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خەو پیاکەوتووی داپۆشیوە. دۆن پائۆلۆ لە حاڵێکا کە هێندەی نەماە هەڵەنگوێ لەبەر میوانخانەی تۆرینسێل رادەوەستێ چوونکە دەنگی هات و هاوارو گۆرانی خوێندن هەروا لە هۆڵی چێشت خواردنرا بەرز دەبێتەوە. ئەم دەنگە دەنگە دەبێ دوایین دەنگدانەوەی میوانی "دیاری کەرەکانی" مەڵبەند بن کە ویستوویانە بە بۆنەی رۆژی دەست پێکردنی شەڕ ئاهەنگ بگێرن. دۆن پائۆلۆ لەبەر ئەوەی ناچار نەبێ بە هۆڵی چێشتخواردندا تێپەڕێ و بەرەو رووی ئەو کەسانەی نەبێتەوە کە مایەی بێزاری ئەون، بیناکە دەور لێدەداتەوەو لە سووچی حەوشەیەکی چۆڵەرا کە پڕ لە سەوەتەی بەتاڵ و چرپی مێو و تەلیسە خەڵووزە، دەرگای چوونە ژووری چێشتخانەکە دەبینێتەوە. ئێستا دۆن پائۆلۆ وەبیری یەکێ لە رۆژەکانی سەردەمی منالّی خۆی دەکەوێتەوە-ئەوکات هێشتا قووتابی پۆلی دووهەمی سەرەتایی بوو- لە قووتابخانە راپەڕینێکی گشتی بە دژی مامۆستاکەیان کە ناوی(دۆن ڤینچێنزۆ لیمۆنە)بووە ساز درابوو. ئەو مامۆستایە قووتابییەکی بە قەستی کووشتن کوتابوو و باسکی ئەو بەستەزمانەی شکاندبوو. ئەو کاتانە تەمەنی دۆن پائۆلۆ لە نێوان حەوت و هەشت ساڵی دابوو. بەپەلە لەتە خەلووزێکی هەڵگرتبوو و چووبوەوە بۆ قووتابخانە. لە سەر رێی قووتابخانەدا لە هەر شوێنێ کە دیوارێکی سپی و خاوێنی بەرچاو کەوتبوو بە تۆڵەی هاورێکەیەوە ئەم دروشمەی نووسیبوون: (مردن و نەمان بۆ دۆن ڤینچێنزۆ!)و(نەمان بۆ زۆرداری!) لە چێشخانەی میوانخانەکەرا زرینگەی شکانی قاپ و قاچاغ تا نێو حەوشە چۆڵەکە دەگات. دۆن پائۆلۆ غیرەت ناکا وەژوور بکەوێ. ئەوجار گیرفانی عەباکەی پڕ لە خەڵووز دەکا، بە نێو کۆڵانە نیوە تاریکەکاندا دەگەڕێ. کۆڵانی وێسگەی هێڵی ئاسن چۆڵەو بێدەنگیش باڵی بەسەردا کێشاوە. سواڵکەرێك لە هۆڵی چاوەڕوانی کێشاندا نووستووەو سەگەکەشی لەپەنایەوە کەوتووە. حەتمەن دوایین شەمەندەفەر رۆشتوە. دۆن پائۆلۆ لەسەر دیواری ژووری بلیت بڕینەکەدا بە پیتی گەورە دەنووسێ: (نەمان بۆ شەڕ!) (بژی ئازادی!) پاشان، دوای ئەوەی بە گۆڕەپانی هێڵی ئاسندا تێدەپەڕێ، وەنێو ئەو شارە کۆن و بێدەنگە دەکەوێ و لە کۆڵانە تاریك و پێچاو پێچەکانەوە خۆی دەگەیەنێتە بەر پێشخانی کلێسەی( سان کیپۆ سیپ)، بەڵام دیوارەکانی هەر هەموویان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەڵشیو و نارێکن و بە باشی ناکرێ شتی لەسەر بنووسرێتەوە. بەپێچەوانەوە، پیلکانە پانەکانی کلیسە کە دەچێتەوە سەر دەرگا گەورەکە، ساف و رێك و لەبەرچاوە و وەك بلێی بۆ ئەم رۆژە و بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە کە هەر رێبوارێك حەزی کرد  بە خەڵووز شتی لەسەر بنووسێتەوە. دۆن پائۆلۆ لەسەر پیلکانی یەکەم دەنووسێ: (نەمان بۆ سووپی دەوڵەتی!) لەسەر دووهەم پیلکانە دەنووسێ: ( بژی سووپی خۆماڵی!) لەسەر سێهەم پیلکانە دەنووسێ: (مەرگ و نەمان بۆ پاپا چوونکە لایەنگری لە شەڕ دەکا!)

کاتێ لە کاری نووسین لێدەبێتەوە لەو شوێنە دوور دەکەوێتەوەو لە کاتی رۆشتندا دووسێ جاران ئاوڕ دەداتە پشت سەری تا سەیری نووسراوەکانی بکاتەوە کە بە پیتی گەورەو رەش نووسیویەتی و لەبەر دەم کلیسە بە جوانی دیارە. لەسەر پێچی کۆلانێکەوە وەختە شانی وەشانی سەرخۆشێکی بەرەڵا بکەوێ کە لەبەر مەستییەکی لەرادەبەدەر بەم لاو لادا دەکەوێ و شەش دانگ ئاوازی کۆچەرییەکانی سەر هەڵداوە. سەرخۆشەکە لەگەڵ بەرەو رووبوونەوەی دەست و پێی خۆی ون دەکا، پاشان خەندەیەکی بەرزو بێ ئاوزانە دەکێشێ و وەدوای پیاوە رۆحانییەکە دەکەوێ بە بۆڵە بۆڵەوە دەڵێ:

-جەرگەکەم، جەرگ و دڵ، جەرگە گیان، تاوێ راوەستە. دای بتبینم!

قەشە بەپێی ئوسوول هەمیشە لەم شێوە وەدووکەوتنانە بێزار بووەو لەبەر ئەوەی خۆی لەم هەستە پڕ لە بێزارییە رزگار بکات هەنگاوەکانی خێرا تر دەکا، بەڵام پیاوە سەرخۆشەکە دەست هەڵگرنییە، قەشە تاوێ رادەوەستێ تا ئەو زەلامە لەبەر رووناکی مەشخەڵەکەدا پێی بگاتەوە و، خۆی ئامادە دەکا تا دوو زللەی چەور لە بناگوێی قاییم بکات. ئەوجار سەرخۆشەکە کە ئاگاداری هەڵەکەی خۆی دەبێتەوە، یەک بەخۆی رادەچەنێ و بە جووڵەیەکی گەپجارنە کە سەرچاوە گرتوو لە سوورمانیەتی بە مینگە مینگەوە دەڵێ:

-چ هەڵەیەکم کردووە! لەو کفرە گەورەیەی وەختابوو تووشی بم!

دۆن پائۆلۆ دەگاتە پێش داییرەی ماڵیات وەرگرتن کە لەسەر دەروازەکەی ئاڵاو نیشانە حکوومەتییەکانی پیا هەڵواسراوەو بەر پەنجەرەکانیشی بە نەردەی ئاسنی و ئەستوور قاییم کراوە. دۆن پائۆلۆ لەقەراغ دەروازەکە، بە سرنجێکی تەواوەوە بە پیتی گەورە دەنووسێ: (

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەمان بۆ شەڕو سەلەم خۆرییەکانی مرۆڤ! بژی ئازادی!) لە کۆلانەکانی دیکەوە دەنگی سەرخۆشانێکی دیکە بە گوێی دەگا. دۆن پائۆلۆ بۆ خۆپاراستن لە بەرەو روو بووونەوەیەکی دیکە بەرەو میوانخانەکە دەگەڕێتەوەو لە دەرگای چێشتخانەکەوە کە ئیتر کەسی تێدا نەماوە وەژوور دەکەوێ. پەمپێئۆ لە هۆدەکەی قەشە لەسەر ئەسکەملەیەك دانیشتووەو چاوڕێی ئەوە.

کوڕی دەرمان فرۆش دەڵێ:

-ئەمشەو بە ئاخرین شەمەندەفەر لە رۆما گەڕامەوە. هەر کە زانیم ئێوە لێرەن هاتم بتانبینمەوەو هەر لەم شوێنەش چاوەڕێم کردن. دەمەوێ قسەتان لەگەڵدا بکەم.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-و منیش رۆژایەکی ئەمڕۆ لەدوات گەڕاوم و چاوڕێت بووم.

پاشان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

-شەڕ دەستی پێکردووە، شەڕی بانك بە دژی هەژاران و، بۆ ئەم مەسەلەیە چمان لە دەست دێ؟

پەمپێئۆ رەنگی تێك دەچێ و لە وەڵامدا دەڵێ:

-نا، ئێوە بە هەڵەدا چوون، ئەم شەڕە لەپێناو گەلدایەو بەقازانجی شارستانیەتە.

-چۆن شتی وا باوەڕ دەکەی؟

پەمپێئۆ بنج و بناوانی سەفەرەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە. لەگەڵ یەکێ لە هەڤاڵانی کە ئەویش لایەنگری شۆڕشی دووهەمە چەند ساعاتان بە دەوری ئەو بانکەدا سووڕاونەتەوە کە پێیان وابووە پێشەوای راستەقینەی شۆڕش لەوێدا دەسبەسەرە. گوێیان بە دیوارەکانیەوە ناوەو هەستیان راگرتووە، ئاگاشیان لەوە بووە کە لەکاتی چێشتخواردندا شتێك وەك چێشتی زیندانی بۆ ژووری بانکەکە دەبەن یان نا. سەرئەنجام بە زەحمەتێکی زۆر قسەیان لەگەڵ دووکەس لە کێشکچییەکانی بەردەم بانکەکە کردووە بەڵام هیچ بەڵگەو نیشانەیەکیان دەست نەکەوتووە کە بە قەناعەتیان بگەیەنێت. چەند شەوێکیان لە ماڵی یەکێ لە ناسیاوەکانیان بە قسەکردن لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا تێپەڕ کردووە. سەیر ئەوەیە کە پەمپێئۆ لە بازرگانە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەورەکان و هەروەها بانکدارەکانی بیستووە کە گوومانیان لەو قازانج و سوودە هەبووە کە گۆیا لەم شەڕە تازەیەی کە بە دژی ئافریقا بەڕێوە دەچێ دەست دەکەوێ و، ئەو بابەتەیان پێ وەك کردەوەیەکی مەترسی هێنەرو پڕ لە خەرج زانیوە. ئەو دەم ئەو دوو هەڤاڵە پرسیاریان کردووە: (ئەی لەبەر چی ئەم شەڕە دەکەن؟) بەڵام وەڵامەکان نادیارو بە پێچ و پەنا بووەو کەس غیرەتی نەکردووە ناوی ئەو بەسەر زاراندا بێنێ. بەراستی ئایا لە عەقڵدا دەگونجێ کە تا بە ئەم رادەیە لە پیاوێکی زیندانی بترسێن؟ ئایا جێی باوەڕکردنە کە دەڵێن وێ چوویەکی تریان لە جێی ئەو دانەوە، ئالەتێکی بێ ئیرادە کە لە دەستی بانکدا هەڵسووڕێ؟ ئەدی لەبەرچی شەڕ دەکا؟ رازو نەهێنی ئەم خاڵە دەبێ لە گۆڕەپانی(پیپاتزاڤێنیزیا)دا روون بێتەوەو پەردەی لەسەر هەڵدرێتەوە.

پاشان پەمپێئۆ دەڵێ:

-راگەیاندراوێك بڵاو بووەوە کە ئەمڕۆ سەعاتی چواری پاش نیوەڕۆ سەرۆکی حکوومەت لە کۆبوونەوەیەکدا قسان دەکا. من و هەڤاڵەکەم پێکەوە چووین بۆ ئەوێ و رێك لەبەرامبەر هەیوانی(کۆشکی ڤێنز)دا جێمان گرتەوە. بەناچار ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانیمان کێشا تا سەرئەنجام کاتێ ئەو پیاوە لە گۆڕەپانی کۆشکەکەدا وەدەرکەوت و ئاوازی دەنگی بەسەر حەشاماتەکەدا تەنییەوە، شك و گوومانەکانمان رەوییەوە: ئەو کەسە وێ چووەکەی نەبوو، بەڵکوو خودی خۆی بوو.

دۆن پائۆلۆ دەیەوێ قسەیەك بکات بەڵام بەر بە خۆی دەگرێ چوونکە لەحاست بڕوایەکی پتەو و ساویلکانەدا بەڵگەهێنانەوە سوودی نییە. دەستی راستەی کە هێشتا رەشایی خەڵووزەکانی پێوە دیارە لە کەوا شۆڕەکەیدا دەشارێتەوە.

پەمپێئۆ وەك روونکردنەوە دەڵێ:

-ئەو شەڕەی کە ئەمڕۆ دەستی پێکردووە زەوی و زارێکی بەربڵاو و بایەر دەخاتە بەردەستی بێکارەکانی وڵاتەکەمان. ئەو رۆژەی کە ئابووری وڵات لە ژێر باری قوورسی ئاوسان و زۆر بوونی کرێکاردا رزگاری بێت ئەو دەم و تەنیا هەر ئەوکاتەیە کە خەباتێکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاریگەر بە دژی بانك و پاوانخوازییەکانی دەگوونجێ. شۆڕشی دووهەم تەنیا بۆ ماوەیەك رادەوەستێ و جارێ گرینگ ئەمەیە کە ئێمە لەم شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بێنین.

پەمپێئۆ دەست لە گیرفانی دەخاو بەڵگەنامەیەك دەردێنێ و بە قەشەی پیشان دەداو دەڵێ:

-هەر ئەمڕۆ بۆ سەربازی ناونووسیم کرد.

ئەوجار دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-بەم جۆرە ئیتر قسەیەکمان بۆ کووتن نەماوە.

و لەکاتێکا لەسەر جێگاکەی هەڵدەستێ درگای چوونەدەر بە لاوەکە پیشان دەدا.

بەڵام پەمپێئۆ پاش چەند چرکە دوو دڵی لە خۆ نیشاندان بە تەمایە داوایەك بخاتە بەر دەم:

-بەڵێنم پێدەدەن ئەو کارانەی کە بە نەهێنی مابوونەوە رانەپەرێنن کە قەرار بوو بەرێوەی ببەین؟

دۆن پائۆلۆ بە گوومانە. حەزی نەکرد درۆی لەگەڵدا بکات بەڵام دەبێ بیر لەم مەترسییەش بکاتەوە کە رەنگە وەك قەشەیەکی دژ بە دەزگاکانی دەسەڵات لای کاربەدەستانی رێژیم ئاشکرای بکاو لە کاتی گیرانیدا زۆر بە هاسانی پێناسە راستییەکەی روون ئەبێتەوە. ترسی گیرانەکەی کەمتر لەو ئابروو چوونەیە کە بەدوایدا دێت، بەتایبەت ئابرووچونی لە حاست خەڵکی فووساو پیتراسکاو لە روانگەی ئەو کەسانەی کە تا بە ئێستا ئەویان لە عەبای قەشایەتیدا ناسیوە. و جگە لەوەش تازە بە تەنیا چی لە دەست دێ؟

پەمپێئۆ بەگێرەوە دەڵێ:

-بەڵێن بێ! بەڵێنیم پێ دەدەی!

-بەڵێن بێ.

پاشان دۆن پائۆلۆ ئەمەش بە قسەکەیەوە زیا دەکا:

-سەفەرخۆش و بەخێرو سڵامەت بێ! هیوادارم بە ساغی و سڵامەتی بگەڕێیتەوە! ئەو کات دیسان سەبارەت بەم شتانە قسە دەکەینەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەمپێئۆ لەو پەڕی دۆستایەتیدا قەشە لە ئامێز دەگرێ و، بەڵێنی پێدەدات کە لە ئافریقاوە نامەی بۆ بـنێرێت و پاشان دەڕوات. دۆن پائۆلۆ دەستەکانی کە هێشتا ڕەشایی خەڵووزەکانی پێوە ماون دەشواتەوە. دەست شۆرییەکە بە شێوەیەکی بێزهێنەر بۆ چەکە مێزی لێ هەڵدەستێ. لە ئاوێنەکەوە کە لەبەر گەرای مێش خاڵ خاڵ و مات بووە، خۆی دەبینێ کە لەجاران ڕەنگ پەڕیوترە. بەرگە ڕەشەکەی ڕواڵەتی گەپجارەیەکی غەمگینی سیرکی پێ بەخشیوە. قسەکانی ئولیڤای بیر دەکەوێتەوە کە دەیگووت: (تۆ بێ ئاوزی، تۆ لە ڕاستییەکان دەترسێی بۆیە بوویتە شۆڕشگێڕ!)کۆخەیەکی وشك قوڕگی ئازار دەدا و لەناکاو ئاوێکی گەرم و شیرین وەنێو زاری دەگەڕێ. کەفێکی سووك بە ڕەنگی سوور لەسەر لێوەکانی دەنیشێ. لەسەر قەرەوێڵەکە ڕادەکشێ و وەبیری وتەکانی کتێبی دووعاکەی دەکەوێتەوە: Venithoramea ئایا کاتی من نەهاتووە؟

هێشتا بەجل و بەرگەکانیەوە لەسەر قەرەوێڵەکەیدا کەوتووە و خەوی لێ ناکەوێ کە لەنەکاو گوێی لە دەنگی پێی کەسێك دەبێ. کەسێك هێدی هێدی لە دەرگای ژوورەکەی نێزیك دەبێتەوە و پاشان ڕادەوەستێ و گوێ ڕادەگرێ. قەشە دەڵێ: (وەرە ژووری!)بیان کینا وەژوور دەکەوێ:

-لەپشت پەنجەرەکەڕا چاوم بە ڕووناکی کەوت، هاتمە سەری.

کچەلاوەکە خۆی ڕازاندوەتەوە و بۆنی ئەڵکۆلی لێدێ و دەڵێ:

-لە ڕووکا بە بۆنەی دەست پێکردنی شەڕ ئاهەنگێکی چکۆلانە بەڕێوە دەچوو و زۆر سروشتییە کە کوڕەکان زۆریان حەز دەکرد ئەو شانازییەیان پێبدەم. بەڵام ئای لەم مۆریکایەی ئێوە کە چەندە نەفامە! پاش ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر لە دوای گەڕاوم لە بێستانێکا دیتمەوە کە خەریکی کەلەم داشتن بوو. پێم وت : (یەکێ لە ئاشناکانت لە ڕۆماوە منی بۆ لای تۆ ڕەوانە کردووە کە پێت ڕاگەیەنم زۆر حەز دەکا قەسەت لەگەڵدا بکات. ئەگەر حەزتان لێیە ئەو ئامادەیە بێتە لات.)ئەو سپاسی لێ نەکردم و تەنانەت خووڵقی ئاوخواردنەوەشی نەکردم و لەوەڵامدا وتی حەز بە دیداری کەس ناکات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ  بە دژواری هەناسەی بۆ دێ و دەترسێ کە نەکا کۆخەکەی هێرشی بۆ بێنێتەوە.

بیان کینا دەپرسێ:

-بۆ قسە ناکەی؟ چ قەوماوە کە تا ئەم کاتەی کە لە شەو رادەبرێ هێشتا نەچوویتە نێو جێوە؟ غەمت بۆ دروست بووە؟

قەشە بە ئاماژەی سەر  وەڵامی بەڵێی دەداتەوە.

-چ غەمێکت هەیە؟ قەرزاری یان عاشق بوویت؟

ئێستا دۆن پائۆلۆ  نەرمە زەردەیەك لەسەر رووی دەنیشێ.

-ئێستا تێگەیشتم. ئێوە عاشقی ئافرەتێکی تۆبەکارن. من لە کتێبی سەربردەی قەشەیەکدا خوێندمەتەوە کە هەمیشە غەمگین بووە لەبەر ئەوەی عاشقی ئافرەتێکی لەخواترس بووە. بەڵام باش بزانە کە ئافرەت لە دونیادا زۆر پەیدا دەبن.

زەختی کۆخەکەی دیسان نەخۆشەکە تەکان دەداتەوە. سەری بە سەر شانیەوە شۆردەبێتەوە و لە گۆشەیەکی زاریەوە ریزێکی باریك لە خوێنی گەرم بە سەر چەناگەیدا دەرژێتە خوار. بیان کینا دەبینێ کە رەنگ  بە رووی دۆن پائۆلۆوە نەماوە، بە تەمایە بەپەلە داوای یارمەتی لە کەسێك بکا. بەڵام ئەو دەستی دەگرێ و بزەیەکی بەروویدا لێدەداو لەگەڵ ئەوەیدا کە هەناسەیەکی درێژ هەڵدەکێشێ دەڵێ:

-مەترسە، هیچ نییە!

بیان کینا بەپەلە چەندانە دەسرە لە ئاوی ساردا دەخووسێنێ و یەکە یەکە لەسەر سەروسینگی دادەنێ. مل پێچەکەی کە بەرەنگی شینی ئاسمانییە لە دەوری چراکە دەهاڵێنێ تا بەر بە تیشکەکەی بگرێ. بەپەلە خۆ دەگەیەنێتە چێشتخانەکەیان و پەرداخێ خوێاوکی بۆ دێنێ و چەند قوومی دەرخوارد نەخۆشەکە دەدا. پاشان، بەپەلە دەچێتە هۆدەکەی پەنادەستی و دوودانە بالیفی بۆ دێنێ وبن سەری دۆن پائۆلۆ  بەرزتر دەکاتەوە. پاشان بە لەسەرەخۆیی و بە لێزانینیەوە، بەبێ ئەوەی تەنانەت پیویست بە جوولان بکا بەرگەکەی لەبەر دادەکەنێ، مەلافە و پەتووەکەی لە ژێری دەردەکێشێ و نەخۆشەکەی تێدا دەپێچێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەنجەرەکەش دەکاتەوە تا هەوای فێنك بێتە ژووری. سەرئەنجام بۆ خاوێن کردنەوەی پەلەخوێنەکانی، بە دەست و، زۆر بە نەرمی و نازکێشانەوە چەناگە و زاری دەشواتەوە. جارجارەش دەسرە تەرەکانی سەر نێوچاوان و سینگی دەگۆڕێ و هەر جارەش پرچی سەری نەوازیش دەکا و بە هێواشی بە گوێیدا دەچرپێنێ.

-خۆشەویستی دڵەکەم، گیانەکەم، هیچ نییە، دەبینی کە چت بەسەردا نایەت.

بیان کینا فەرمان بە نەخۆشەکەی دەدا کە قسان نەکا. لاپەڕە کاغزێك و پینووسێکی بۆ دێنێ تا ئەو، ئەگەر قسەیەکی بۆ کووتن هەبێ بینووسێت. دۆن پائۆلۆ لەسەر لاپەڕەکە دەنووسێ: (سبەی بەیانی تەلەفوونێك بۆ دوکتورساکا بکە لە ئاکوا فیرەدا!)

کچە لاوەکە دەڵێ:

-ئێستا کاتی خەوتنە ! لای لای بکە!

بیان کینا لەسەر عەرزی و لە تەنیشت قەرەوێڵەکەیدا رادەکشێ، بەڵام هیچ کامیان خەویان لێ ناکەوێ. کاتێ نەخۆشەکە دەپرسێ:

-تۆش بەبۆنەی دەست پێکردنی شەڕ ئاهەنگت گێرا؟

-بەڵێ، منیش.

-لەبەر چی؟

-دەی منیش چاوم لەخەڵکی کرد.

بۆ سبەینێ بەیانی بیان کینا هەمووشتەکان بۆ پووری دەگێڕێتەوە و دەچێ بۆ پۆست خانە تا تەلەفۆن بۆ دکتور ساکا بکات لە ئاکوا فێرە دا.

دکتۆر ساکا لای نیوەڕۆ دەگات. دۆن پائۆلۆ لە دیتنی روخسارێکی ئاشنا خۆشحاڵە بەڵام نۆژدار نارەحەت و نیگەرانە. بە خێرایی و سەرسەری مەعاینەی دەکا و هەر کە بیان کینا بەجێیان دێلێ بە قەشە دەڵێ:

-ئێستا تێگەیشتی کە مانەوەت لە ئیتالیا کارێکی شێتانە و نەفامانە بووە؟ سەرەرای ئەوەش کاتێ پیاو حەزی کێشا بە هەر نرخێ دەوری قارە مانێك بگێرێ نابێ ئەم کارەی لە پای حسێبی خەڵکی دیکە بکات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

-خۆ ناچاریان نەکردووی بێیت. پیاو دەتوانێ بێ نۆژداریش بمرێ.

نۆژدار دەڵێ:

-تا ئەو کاتەی تۆ لەم جل و بەرگە قەڵبەدای پێی منیش گیرە. زۆر بە هاسانی پۆلیس دەتوانێ بیدۆزێتەوە کە دۆن پائۆلۆ سپادا بە فایتوونێك لە ئاکوفێرەداوە هاتووەتە فووسا و ئەم فایتونەش من لە ئاکوافیرەدا بەکرێم گرتووە.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-ناچار بەم کارەم نەکردبووی.

نۆژدار دان بەوە دا دێنێ کە:

-من پەیرەویم لە هەژانێکی هەست بزوینانە و نەفامانە کرد. ئێستا ئەرکی تۆش ئەمەیە کە هەرچی زووتر ئەم مەترسییەم لە کۆڵ بکەیتەوە. هەروەها سەبارەت بە خۆشت، پێم وایە دەبێ ئێستا تێگێشتبی کە لەم حاڵەدا لە ئیتالیا هیچ کارێك بە ئەنجام ناگات. بڕۆ لە هەندەران لە ئاسایشگایەکدا ئاگات لە لەش ساغی خۆت بێ تا دەرفەتێکی باشترت بۆ دەرەخسێ.

سپنیا لە وەڵامدا دەڵێ:

-ناچارم ئەم بابەتەت بۆ روون بکەمەوە کە یارمەتی تۆم لەو لایەنەوە قەبوول کردووە کە بۆ ساتێ پێم وابوو کە نابێ تۆ لەگەڵ هاوپۆلییە کۆن و پەستەکانم بەچاوێك سەیر بکەم، رەنگە بەم کارە بەر لە هەڵەی خۆم گرتبێ. بەڵام ئێستا سەیر دەکەم کە (سەگی زەرد برای چەقەڵە)و رەنگە (لەچەقەڵیش پەست تربێ) شەڕ هەمیشە دەرفەتێکی لەبار بۆ برەو پێدانی پیشەی نۆژداری دەرەخسێنێ، نۆژدارێکی وەك تۆ کە ئۆسقۆف پشتگری لێ بکا زۆر بە باشی دەتوانێ لە سەردەمی شەڕدا باروبنەی خۆی پێکەوە بنێ. رەنگە هەر بەو هۆیەشە کە حەز ناکەی خۆت لە مەترسی باوێی؟

هاتنە ژووری بیان کینا بەر لە وەڵامدانەوەی نۆژدار دەگرێ. دۆن پائۆلۆ پێی دەڵێ:

-تۆ دەتوانیت بڕۆیت! منیش هەر کە توانیم خۆم لەسەر لاقان رابگرم دەڕۆم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نۆژدار دەڕوا وبیان کینا بۆ نەخۆشەکەی دەگێرتەوە کە لەبەر ئەوەی دوێ شەو هێندێ دروشمیان بە دژی شەڕ نووسیوەتەوە، جم و جۆلێکی گەورە وەنێو ئاوایی کەوتووە. بیان کینا لە کاتی رێك وپێك کردنەوەی ژوورەکەدا چەند پەڵەی رەش لەسەر خاولییەکە دەبینێ، وەك بڵێی خەڵووز فرۆشێك دەستەکانی خۆی پێ پاك کردبێتەوە. لە نەخۆشەکە دەپرسێ:

-ئەم رەشاییانە چین؟

بەڵام لەباتی ئەوەی کە چاوەڕێی وەڵام وەرگرتنەوە بێ خێرا دەست بە شۆردنی خاولێکە دەکا. پاشان لەگەڵ ئەوەی لە دۆن پائۆلۆ  نێزیك دەبێتەوە بە راوێژێکی سەرکۆنەکەرانەوە دەڵێ:

- هیچ دەزانی کە ئێوە بەراستی منالَن؟ منالَێکی بێباك و بێ پارێز؟....

بەڵام لەوەی کە نەخۆشەکەی ئاوا خستوەتە بەر توانج و سەرکۆنە کردن، پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێ:

-وە سەرەرای ئەمانەش منالَێکی لە دلَان شیرینن!

دۆن پائۆلۆ  دەڵێ:

-بیان کینا سەد حەیف و مەخابن کە ئافرەتەکان دەبێ لەم دونیایەدا لە پەنای ئەم بەرازە پارە پەرستانە بژین کە بە خۆیان دەڵێن پیاو.

-بیان کینا دالَغەی دەروا و پاشان دەڵێ:

- رەنگە لە رووی خۆرازی بوونەوە ئەم قسەیە بکەی. لە راستیدا ئەگەر ئافرەت نەبایە ئەدی کێ منالَی دەبوو؟

نەخۆش بە رەخنەوە دەڵێ:

- تەنانەت ئەگەر قەرار بێ زانست رێگاچارەیەکی دیکە بۆ مندالَ دروست کردنیش ببینێتەوە- بەڵێ، تەنانەت لەوحالَەشدا – حەیفە لە پەنای ئەم پیاوانە کە بێ بار و قازانج پەرستن و هەردەم وەدوای بەرژەوەندی مادی دەکەون ئافرەتیش بژیت.

کیژۆڵەکە وەك روون کردنەوە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-بەڵام شێتە گیان، خۆگرینگ منالْ دروست کردن نییە. زۆرجاران هەڵکەوتووە کە بەپێچەوانەی حەز و ئیرادەی خۆ، منالْ دروست دەکەن. گرینگ شیردانی منالْە.

قەت قەت ئەم بیرە بە عەقڵی دۆن پائۆلۆ نەگێشتبوو و ئێستا مەیلی پێ پەیدا دەکات.

لەو کاتەیدا کە کیژۆڵەکە خەریکی شۆردنی کاشی بن عەرزی هۆدەکەیە قەشە بە حەسرەتەوە سەیری دەکا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 10

دۆن پائۆلۆ تارادەیەك تووشی بێحاڵی و وەڕەزی هاتووە كە تۆزە مەیلێكیشی بە پیاچوونەوەی گشت ئەو شكست و ناكامیانەی نایمێنێ كە تا بە ئێستا تووشی هاتووە. هێندێ بیرۆكەی ئازاردەر كە جارناجارێ لەمێشكیدا ویزەوویزیانە دووریان دەخاتەوە، وەك چۆن بە دەستی خۆی كشە لە مێشە مزاحمەكان بكا. ئیتر نەدەزانی چ بكات و نە كەسیشی دەست دەكەوێ كە بتوانێ بە پشت بەستن بەو كەسە هەلێكی بۆ بڕەخسێ تا لە نێو ریزی كافوونەكاندا بمێنێتەوەو ئەو كارەی كە پێشتر پلانی بۆ دارشتبوو بە یارمەتی ئەمانەوە دابیەزێنێ و كاریان لە سەر بكات. عەرز لەبن پێیدا بۆش بووە. ئێستا ئیتر جگە لە رۆشتن هیچ كارێكی دیكەی بۆ نەماوەتەوە، بەڵام تەنانەت بۆ رۆشتنەكەشی هیچ شۆر و پەلەیەك لە خۆیدا شك نابات و كاتێ توانای گەڕانەوەی دەبێ كە بتوانێ هەستێتە سەر پێ. تەنیا شتێك كە دەبێتە هۆی قەڵس بوونەكەی ئاوێنەی دەست شۆرییەكەیە و، لەبەر ئەوەی كە رووخساری لەو ئاوێنەیەدا نەبینێ، لە خۆ نزیك كەوتنەوە خۆ دەبوێرێ. خۆی وەك پیاوێكی چڵمن و گەپچارە دێتە بەر چاو. ئێستا تێگەیشتووە كە ئەم (تینتۆرایدە) بۆ سەر و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

روو گۆڕین و ئەم گۆڕینی جل و بەرگە بەو عەبا قەشایەتییەوە و گشت ئەو کارانەی کە بۆ گۆڕینی خۆی بەڕێوەی بردوون لە خۆڕا بووە. بەڵام هەوڵدەدا خۆی لەم بیرۆکە ئاڵۆزانە دوور بخاتەوە و بە بیان کینا دەڵێ:

-هەر کە ووزەی هەستانەوەم تێدا درست بوو دەچمە هەندەران. ئیتر مەحاڵە بتوانم لەم وڵاتەدا بژیم. من ماندوو و ناکامم.

کیژۆلەکە دەڵێ:

-کارێکیش بۆ من ببینەوە، منیش دیم. منیش نازانم لێرە چ بکەم. هێندەی پێ ناچێ کە دیسان پوورم جوابم دەکاتەوە. لەوەش دەرچین من زۆر حەز بە سەفەر دەکەم.

بیری ئەوەی کە لە هەندەران تووشی بیان کینا بێتەوە دۆن پائۆلۆ وەپێکەنین دێنێ و دەڵێ:

-ئەگەر بێیت بۆ هەندەران هێندێ شتت بۆ دەگێڕمەوە کە لە تاو پێکەنین ژانە زگ بگری.

-ناکرێ هەر ئێستا بیگێڕیتەوە؟

و بیان کینا بە گوێرەی ئەم مەسەلە (کاری ئەمڕۆ مەخەرە بەر سبەینێ) بەڵگە دێنێتەوە بەڵام دۆن پائۆلۆ رازی نابێ. بیرە نیچە بەپێی بڕیارەکانی دوکتور ساکا پەرەستاری لە قەشە دەکا. نۆژدار بەدوای هاتنەدەر لە هۆدەی نەخۆشەکە تووشی بەڕێوەبەری میوانخانەکە هاتووە بەڵام بە ساردی وەڵامی سڵاوەکەی داوەتەوەو بەپەلە لە میوانخانەکە چووەتە دەر تا یەک راستە بەرەو هێڵی ئاسن بچێ. بەڵام هێندەی پێناچێ کە گەڕاوەتەوە، عوزر دێنێتەوە بۆ پەلەکردنەکەی و چەندانە دەرمان لە پێچراوەیەکدا بە نیشانی دەرمان فرۆش بۆ دەنووسێتەوە و وێرای ئەوەش پلانێکی تایبەت بۆ چێشت خواردنی نەخۆشەکەی دیاری کردووە و، بەتایبەتیش لێی راسپاردووە کە بەپێی گوونجان هۆی سەرقاڵ کردن و هێمنایەتی بۆ نەخۆشەکە دابین بکرێت.

بیان کینا بە هۆگرییەکی تایبەتەوە بەئەنجام گەیاندنی دوایین راسپاردەکانی نێو بەرنامەکە وەئەستۆ دەگرێ. سروشتییە کە کچێکی گەنجی وەك ئەو لەگەڵ نەخۆشێکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وادا، بۆ هەڵبژاردنی پلانی پێویست، هێندێ تووشی زەحمەت دەبێ. لە راستیدا دەبێ چاو پۆشی لە زەنجیرەیەك لەو یاری و دەست بازییانە بكا كە بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی سەرقاڵ بوون وئاسوودە بوونی دۆن پائۆلۆ، بەڵام لەش ساغی ئەوو دەخاتە مەترسییەوە. ئەرچەند كیژۆڵەكە لەباری چەندایەتییەوە كەم نییە و لە نێو بیرەوەرییەكانی سەردەمی خوێندكاریدا سەرقاڵییەكی بێ زەرەرتری بۆ پەیدا دەكات. لە دواناوەندی، بەتایبەت لەكاتی وانە كووتنەوەدا، راوەمێش بەئەنجام دەگێشت و كارزان و لێهاتوو ئەو كەسە بوو كە لە كاتی هەڵفرین و بێ ئەوەی مێشەكان بفلیقێنێتەوە و بێ ئاگاداربوونی مامۆستاكەیان، بەحەواوە مێشەكان بگرنەوە و ئەوجار ئەو مێشانەی كە بەم چەشنە گرفتار دەهاتن، لەپشتەوە، دەرزیلە یان شتێكی تیژیان تێدەچەقاند و بە ریز هەموویانیان لەسەر كوورسی خوێندنەكەیان رادەگرت و ناچاریان دەكردن كە لە پێشبڕكێییەكدا غار بدەن، لەم یارییەدا بیان كینا ناوبانگێكی گەورەی بە دەست هێنابوو. بەڵام ئیستا زۆربەی مێشەكان لە دەستیدا دەفلیقێنەوە و بۆ بیانوو هێنانەوە بە قەشە دەڵێ:

-ئیتر ئەو پسپۆرییەی ساڵانم نەماوە. لە قووتابخانەی ژنە تۆبەكارەكانی پەرستگەدا مرۆڤ فێری زۆر شت دەبێ، بەڵام دەبینێ كە لە كاتی پێویستدا ا زۆربەیانی لە بیر دەچێتەوە.

پێشبركێی غاردانی مێشەكان لەسەر قەرەوێڵەی دۆن پائۆلۆ بەرێوە دەچێ و رووبەرگی كتێبی دووعاكەشی دەبێتە مەیدانی پێشبركێكە. ژمارەیەك لە مێشەكان زووتر غاردەدەن و یەک راستە تا شوێنی دیاری كراو دەچن، هێندێكیان لارەو لار بە رێدا دەرۆن و لە مەیدانی پێشبڕكێكە دەچنە دەر و، بەڵام مێشە گێژو گێلەكانیش چەند هەنگاویان هەڵنەهێناوەتەوە كە لە جووڵە دەكەون.

بیان كینا بیرورای خۆی ئاوا دەردەبڕێ:

-ئەوانەی كە حەز ناكەن وەپێش كەون سروشتییە كە ئافرەتن و بە ئانقەست خۆیان وەپاش دەخەن تا شانازی سەركەوتن بە مێردەكانیان ببەخشن. ئەمانە قوربانییە هەمیشەییەكانی ئیحساساتی بوونن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وێرای ئەوی کە ناکۆکییەکی رووەکی لە نێوانیاندا دروست دەبێ دۆن پائۆلۆ دێتە سەر ئەوباوەڕەی کە غاردانی مێشیش ئەگەر لە نێزیکەوە بێ هیچی وای لە غاردانی ئەسپ و پێشبڕکێی ئۆتۆمۆبیل ئاژۆتن کەمتر نییەو مایەی سەرنجە.

لەگەڵ گشت خۆپارێزییەکانی بیان کینا، زایەڵەی ترس و نێگەرانییەك کە بە هۆی نووسینی ئەو دروشمانەی کە بە دژی شەڕ نووسراون لە ئاوایی کەوتووە، کە تەنانەت دەگاتە گوێی نەخۆشەکەش. بیرەنیچە دەگێڕێتەوە:

-تا بە ئەمرۆ کەس ئەم هەمووە پۆلیسەی لە فووسا نەدیوە، وەك بڵێی ئێرە بووەتە ناوەندی تاوانباران!

بیان کینا بێدەنگی دەپارێزێ.

جێلزۆمینا خێزانی کابرای دووکاندار کە لەباتی مێردەکەی کە خۆی بۆ سەربازی ناو نووسی کردووە لەبەر دووکانەکەی راوەستاوەو لە رێبوارەکان دەڕوانێ و دەڵێ:

-هەواڵێکی تازەتان پێ نییە؟ بێ گوومان دەبێ کاری بێگانەیەك بێ!

بیرەنیچەش بە گازەوە دەڵێ:

-ئاهەنگێك بەم هەمووە جوانیە! هەموو کەس هاوبۆچوون و رازی بوون! ئەدی چ بەدکارێك بەم بیرەدا کەوتووە کە بابەتەگەلێکی نەفامانە لەسەر دەرو دیواران بنووسێ؟

دۆن سینۆفونتە لە وەڵامدا دەڵێ:

-هەمیشە پیاوی بەرچاو تەنگ لە گۆشەو کەناران خۆ سڵ دەکا! بێ شك ئەم ئیشە کاری کەسێکە کە یان خۆی لە توانایدا نەبووە بچێتە سەربازی یان نەیتوانیوە کوڕەکانی بنێرێ. و ئەوجار رێگایەکی لەمە باشتری دەست نەکەوتووە کە بۆقی زگی پێ خاڵی بکاتەوە.

زابالیوونە دەڵێ:

-ئاهەنگێك بەم جوانییە! هاو دەنگی و هاو بیرو باوەڕییەکی ئاوا پیرۆز! ئەویش رێك لەو شەوەیدا کە قەرارە مووختاری مەڵبەند بگۆڕن!

دەرمان فرۆش دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-شایی بێ شین و پرسەی بێ پێکەنین قەت نەبووە.

ژنە دووکاندارەکە هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

-کووندە پەپوو هەمیشە شووم و نەگریسە، بە خۆشییەوە یاسا لە گۆڕێدایە!

بیرەنیچە دەڵێ:

-لەنێو کافوونەکاندا ژیلەمۆیەک لەبن خۆڵەمێشدایە. ئەم ئاگرە بە رۆژ دیار نییە بەڵام بە شەو بڵێسە دەدا!

دەرمان فرۆش لە وەڵامدا دەڵێ:

-کافوونەکان؟ قەت شتی واناگونجێ. کافوونەکان خوێندن و نووسین نازانن. ئەم دروشمانەیان بە پیتی کتێبی نووسراون، هەر پێوەندی بە کافوونەکانەوە نییە.

زابالیوونە دەڵێ:

-هێندێ لاو هەن کە عەقڵیان لەدەست داوە. دیارە مەبەستم لە کەسێکی تایبەت نییە.

بەڵام دۆن سینۆفونتە باش تێگێشتووە کە مەبەستی لە کێیە و بە سەختی بەرەنگاری دەبێتەوە:

-بیری مەبارەکتان ئاسوودەبێ چوونکە کوڕەکەم بە دڵخوازی خۆی، خۆی بۆ سەربازی ناونووس کردووە. شەرەفی سەربازێك کە بە ویستی خۆی چەك هەڵدەگرێ لە هەموو شتێ بەرزترە. وێرای ئەوەش ئەگەر بەراستی بیانەوێ لە بنج و بناوانی ئەم کارە بکۆڵنەوە کوڕەکەم قەت قەت سوسیالیست نەبووە...

زابالیوونە زمانی دەگیرێ و لە حاڵێکا لە بەر تووڕەییان رەنگی زەرد هەڵگەراوە لە وەڵامدا دەڵێ:

-ئەم پینەیە بە منەوە نانووسێ و هەموو کەس دەزانێ کە من لەمێژە بیروباوەڕی خۆم فیداکردووە. کێ هەیە کە سەرەتا سوسیالیست نەبووبێ؟ هەر ئەلخ ئەلخیش بۆ خۆی سوسیالیست بووە!

ژنە دووکاندارەکە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-بۆ ڕاگرتنی نەزم و ئاسایش هەموو کەسێ ئامادەیە هەر چییەکی هەیە بیدات: یەك پارە دەدا، یەکێ گیانی دەدا، ئەم یەکەش بیرو بۆچوونی و ئەوەی دیکەش کوڕەکەی و، یەکی دیکەش کچەکانی.

زابالیوونە ئەم قسەیە بە تەشەرو بە مانای خراپ وەردەگرێ و لە حاڵێکا لە تووڕەیدا هارووژاوە لە ژنە دووکاندارەکە دەپرسێ:

-کچەکانی من! تۆ چ کارێکت بە چەکانی منداوە؟

ژنەی بەستەزمان لەم پرسیارە تێنەگێشتووەو لە کاتێکا بە بۆڵە بۆڵ وەدوای کاری خۆی دەکەوێ، بە ناڵە ناڵەوە دەڵێ:

-مێردەکەم خەریکی ڕۆشتنە، دووکانەکەمان لەژێر باری قەرزدا پشتی شکاوە، خووشکەکەم ئازارە باریکەیەتی و، دارونەداری کاسپێکەمان بۆ جاری دووهەم لە گریۆ داناوە، سەرەڕای ئەمانە من چ کارم بە خەڵکە؟

بەڵام زابالیوونە هەدادانی نییەو هاوار دەکا:

-وەڵامم بدەوە! تۆ چ کارێکت بە کچەکانی منداوە؟

ژنی دووکاندارەکە ترسی لێدەنیشێ و بە مینگە مینگەوە دەڵێ:

-بەڵێ واباشتر بێ پەناو پەسیو بدوێین! ڕەنگە وابیر بکەنەوە کە مێردەکەم بە دڵخوازی خۆی نەبوەتە سەرباز؟ لە ئێوە دەپرسم، داوای کردووە یان نەء؟

فەرمانبەری دابیرەی لێکدانەوە دەڵێ:

-ئەگەر بۆیان نەکرێ نووسەری درووشمەکان بدۆزنەوە هەموو خەڵکی ئاوایی سزا دەدەن. ئەوجار لەباتی مووختارێکی تازە کومێسێرێکی پۆلیس لە ئاسایشی گشتیەوە ڕەوانەی ئێرە دەکەن.

ڕەنگ بە ڕووی زابالیوونە نامێنێ و دەڵێ:

-چۆن...چت وت؟... سوێند بە شەرەفەم ئەگەر ئەو خوێرییەی کە لەسەر دیوارەکان دروشمی نووسیوە وەچنگم بکەوێ هەربەم دەستانەی خۆم لەت لەتی دەکەم!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وشەكانی(نەمان بۆ سووپی حكوومەتی!) كە لەسەر پیلكانەكانی كلیسەدا نووسرابوون(دۆنا ئادالینتیزئۆكۆلانتریێ)ی وا عاجز كردووە كە ئەو كارە بە سووكایەتییەك لە حاند خۆیدا دەزانێ. باوكی هەوڵدەدا تا لە دابەش كردنی سووپی حكوومەتی ئەو پەشیمان بكاتەوەو پێی دەڵێ:

-لەراستیدا ئەم كارە بایەخی ئەوەی نییە كە خۆت لە حاست پیاوێكی خوێریو پێنەزاندا فیدابكەی. هوشداریان پێبدە كە دەتەوێ دەست لە كارەكەت هەڵگری.

كچە بەرمخنەوە دەڵێ:

-بەڵام ئەگەر دەست هەڵگرم ئەدی لەكوێ پەیدا بكەین و بخۆین؟

باوكی دەڵێ:

-من نەمكوتووە دەست هەڵگرە. دەڵێم ئاگاداریان بكەوە كە دەتەوێ دەست هەڵگری!

بیان كینا لە دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-تێناگەم ئەم هەمووە بەلێ و مەڵێیە و ئەم هەمووە گەران و كوون پشكینە بۆ چەندانە نووسراوەی بێ بایەخ كە بە رێژی و لەسەر دیواران نووسراوە لەبەر چییە؟

دۆن پائۆلۆش بۆ خۆی پێی سەیرەو هەوڵدەدا بابەتەكە بەم جۆرە پاساو بداتەوە:

-وڵاتی بانگەشە لەسەر بنەمای یەكێتی بیرو را راوەستاوە.هەر ئەوەندە بەستە یەكێ بڵێت نا! تا ئەم ئەفسوونە بەتاڵ بێتەوە. لەو كاتەدایە كە نەزم تووشی مەترسی دەبێ و پێویستە ئەو دەنگە بێزارە كپ ببێ.

بیان كینا دەپرسێ:

-تەنانەت ئەگەر ئەو دەنگە دەنگی پیاوێكی بێچارەو نەخۆشیش بێ؟

-بەڵێ!

-ئەگەر ئەو دەنگە لە بوونەوەرێكی هێدی و تەباخوازەوە بێ كە تەنیا بە شێوەی تایبەت بە خۆی بیردەكاتەوە، لەم بابەتەش دەرچین تەنانەت ئەگەرئازاری بە مێروویەكیش نەگات؟

-تەنانەت لەو حاڵەشدا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم بیرۆکەیە کیژەکەی تووشی غەم و نیگەرانی کردووە بەڵام بە هەر حاڵ دەبێتە هۆی دڵگەرمی پیاوەکە، تا ئەو رادەیەی کە لە دڵساردییەکەی پێشووی خۆی شەرمەزار دەبێتەوە و دەڵێ:

-لە وڵاتی بانگەشەدا، پیاوێك، هەرکەسێك بێ و هەرچەندیش چکۆلە و کەم بایەخیش بێ، هەر کە بە مێشکی خۆی بیری کردەوە ئەوا نەزمی گشتی دەخاتە مەترسییەوە. حکوومەت بە بار کاغزی چاپکراوی درووشمەکانی رێژیمی دەسەڵاتدار بڵاو دەکەنەوە، بە هەزاران بوڵیندگۆ و سەدان هەزار راگەیاندراو و کاغزە بانگەشەییەکان بە خۆرایی و بەلاش بڵاو دەبێتەوە، دەستە دەستە وتەبێژو مەوعیزەگەر لە گۆڕەپانە گشتییەکان و چوارییانەکاندا وتار دەخوێننەوە. هەزاران قەشە لەسەر منبەرەکانیانەوە هەر ئەو دروشمانە دووپات دەکەنەوە تا بەو رادەیەی کە خەڵك لێیان وەزاڵە دێن و هەموویان سەرسام دەبن. لەم نێوەدا هەر ئەوەندە بەستە پیاوێکی بەهیچ دانەندراو، بوونەوەرێکی لاوازو تەنیا بڵێت نا! و بە گوێی پەنادەستەکەیدا بچرپێنێ نا! و یان شەوانە لە سەردیوارەکان بنووسێ نا! تا بەم جۆرە نەزمی گشتی بکەوێتە مەترسییەوە.

کیژۆڵەکە ترس دایدەگرێ بەڵام پیاوەکە هونەری راوێژکارانەی خۆی دۆزیوەتەوە. کیژەکە دەپرسێ:

-ئەی ئەگەر ئەو پیاوە بگرن و بیکووژن چی؟

-کوشتنی پیاوێك کە دەڵێ نا کارێکی پڕ مەترسییە چوونکە هیچ دوور نییە کە تەرمەکەشی هەر بەو لاساریەی کە هێندێ لە تەرمەکان هەیانە، هێواش دووپاتی بکاتەوە: نا! نا! نا! ئەو کات چۆن دەتوانن تەرمێکی بێگیان بێدەنگ بکەن؟

بیرەنیچە وەژوور دەکەوێ و رادەگەیەنێ کە:

-پەمپێئۆ دەزانێ کێ ئەو دروشمانەی نووسیوە هەر ئێستاکەش بە تەمایە بچێتە ئاوەتێزانۆ تا تاوانبارەکەی بەکار بەدەستانی پاراستن بناسێنێ.

قەشە دەپرسێ:

-تۆ چۆنت زانی؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-خۆی بە ژنی دووکاندارەکەی وتووە.

بیان کینا مل پێچەکەی هەڵدەگرێ، بە هەڵاتن بەرەو وێسگەی هێڵی ئاسن دەچێ.

پووری بەسەریدا دەقیژێنێ کە:

-خۆت لەو کارە وەرمەدە کە پێوەندی بە تۆوە نییە! ئاخرەکەی، رۆژێ ماڵ وێرانمان دەکەی...

بەڵام بیان کینا مەودایەکە کە دوورکەوتوەتەوە.

دۆن پائۆلۆ بۆ بن قەرەوێڵەکەی دادەگەڕێ تا جانتاکەی ببەستێ و خۆی دەرباز بکات. چەند رۆژێکە کە ئیتر تا و لەرزی نەماوەو کۆخینەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە، بەڵام هێندێ لاوازتر بووە کە بە دژواری دەتوانێ خۆی لەسەر لاقان بگرێ. بۆ کوێ بچێ؟

لای خۆی بیر دەکاتەوە.(لە یەک هێڵی ئاسنی زیاتری لێ نییە و ئەگەر بە شەمەندەفەر بڕۆم زۆر بەهاسانی دەست بەسەرم دەکەن. بەرەو کوێستان بڕۆم و چەند رۆژێك لە دەرەوەدا بەسەر بەرم؟ ئەویش بەم هێزو توانا لاوازەی کە بۆم ماوەتەوە ناگونجێ؟)

جانتاکەی دەکاتەوە لە قووتاربوون پەشیمان دەبێتەوە. کاتێ تەواوی لایەنەکان هەڵدەسەنگێنێ دەبینێ گیرانەکەی لە فووسادا، لە ئاواییەك کە تازە وە جم و جۆڵ کەوتووە لە روانگەیدا باشترە لەوەی لە وێسگەی هێڵی ئاسنی رۆما بیگرن کە هیچ کەس ئاگاداری مەسەلەکەی نابێ. ئاوێرتا گووندی زێدەکەی هەر چەند کیلۆمەتر لێرە دوورە. لەم چەند کیلۆمەترییە دۆن بنە دیتۆشی لێیە. لە هەر کام لە ئاواییەکانی دەوروبەریدا یەکێ لە ئاواڵەکانی سەردەمی خوێندکاری تێدا نیشتەجێیە. رەنگە (کۆنچیتینۆ راگۆ) خۆی یەکێ لەو کەسانە بێ کە بۆ دەست بەسەرکردنی ئەو دێن. هەواڵی گیرانەکەی زۆر بەهاسانی لە تەواوی مارسیکادا بڵاو دەبێتەوەو دەگاتە گوێی کافوونەکان. لە شەوگارە درێژەکانی زستاندا، لە قەراغ سۆبە بێ ئاگرەکاندا، ئەو بێچارانەی کە لەگەڵ برسییەتێدا دەستەو یەخەن لەیەکتر دەپرسن: (ئەرێ ئەو کوڕە هاو گووندیەمان،-پیترۆسپینا، دەبێ بەچ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کارێکەوە سەرقاڵ بێ؟ بیر لە چی دەکاتەوە؟ بڵێی بە زیندوویی لە زیندان بێتە دەر؟) وبێ شك کەسانێك پەیدا دەبن کە بڵێن: (بریا ئێستا لە نێوانماندا دەبوو!...)

مەودای نێوان فووساو ئاوەتێزانۆ بە شەمەندەفەر پتر لەسەعاتێك نابێ بەڵام بیان کینا و پەمپێئۆ تا قەیرێ کە لە شەو رادەبرێ بەرەو ماڵێ ناگەڕێنەوە. بیان کینا بۆ پووری و قەشەی دەگێڕێتەوە کە:

-ئێمە پێکەوە شەرابمان خواردەوەو کاتێ ویستمان بگەڕێنەوە، بە بەر سینەمایەکدا تێپەڕبووین و چووینە ژوور.

پووری پێی دەڵێ:

-تۆ دەبێتە مایەی سەرشۆڕیو ماڵ وێرانی بنەماڵەی جیراسوولە! چاوم روون! ئێستا ئیتر تۆ بۆ سینەماش دەبەن؟

قەشە دەپرسێ:

-مەگەر نەت وت لەگەڵ پەمپێئۆدا بە کێشە هاتوون و مەگەر پەمپێئۆ بەتەما نەبوو بچێتە ئاوەتیزانۆ تا تاوانبارێك ئاشکرا بکات؟

بیان کینا نارەحەتە کە لەبەر چاوی پووریدا روون کردنەوەی هەبێ و دەڵێ:

-پەمپێئۆ هەمیشە هەیبەتی(رووبیسپیر)(1) بەخۆیەوە دەگرێ بەڵام کاتێ سەروکاری لەگەڵ ئافرەتان دەکەوێ پتر بە (دانتۆن)(2) دەشوبهێ.

بێگوومان بیرەنیچە بەخۆی دەنازێ کە برازاکەی ئاوا پێگەیشتووە بەڵام خۆشی حەز دەکا کە بزانێ چییان لێ هاتوەتەوە. بۆیە دەپرسێ:

---

**(1) *ROBESPIERRE* پارێزەری دادگا و پیاوێکی شۆڕشگێڕی فەرانسی کە دەوڵەتی تیرۆر و ئیرعابی دامەزراند(1758-1794) وتەواوی ئەو کەسانەی بەدژی ئەو بوون گەیاندیە پای گیوبتن و ئاخرەکەی خۆشی بەگیوتین کووژرا.**

**(2) *DANTON* پیاوی شۆڕشگێڕو ووتەبێژی بەناوبانگی فەرانسی کە زۆر خۆشەویست بووەو رۆبسپییر بەتاوانی هیمنی و ئیعتەداڵ بوون و لەبەر ئەو ئیرەییەی کە بەوی هەبووە مەحکووم بە ئیعدامی کرد.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-دەی، سەرئەنجام کێ ئاشکرا بوو؟ ئایا تاوانبارەکە بەم زووانە دەست بەسەر دەکرێ؟

-لەوێسگەی هێڵی ئاسنی فووسا لەو کاتەیدا کە دەمانەویست سوار شەمەندەفەربین، پەمپێئۆ لەلای من دڕکاندی کە بێ شك و بەروونی لێی ئاشکرایە کە نووسەری ئەو دروشمانە کێیە. لە شەمەندەفەرەکەدا، سەبارەت بەم بابەتە زۆرمان قسەکرد وتەنانەت هێندەی نەمابوو دەستەو یەخەش بین. لەوێسگەی هێڵی ئاسنی ئاوەتێزانۆ کاتێ خەریکی دابەزین بووین پۆلیس چاوەڕێی دەکردین، بەڵام پەمپێئۆ بۆچوونەکەی گۆڕی بوو.

-سەرئەنجام کێ ئاشکرا بوو؟

بیان کینا لە وەڵامدا دەڵێ:

-پیاوێك کە بە دوچەرخەڕا لەرێی ئاوێرتایەوە هاتبوو. پۆمپێئۆ دڕکاندی کە ئەو دووچەرخەسوارەی دیتوە بەڵام ناتوانێ دیسان بیناسێتەوە. منیش لەلای پۆلیس قسەکانی ئەوم پشت ڕاست کردەوە و بە داکۆکییەوە وتم منیش هەر ئەو شەوە بەم چاوانەی خۆم پیاوێکی دووچەرخە سوارم دیتووە کە لە ڕێی ئاوێرتاوە دەهات.

بیرەنیچە بە دەنگێکی بەرزەوە دەڵێ:

-لە ئاوێرتاوە؟ ئێ (جیلزۆمینا) حەقی بە دەست بوو کە دەیگووت ئەم کارە کاری بێگانەیەکە!

بیرەنیچە دەچێتە لای ژنی دووکاندارەکە و پێی دەڵێ:

-حەق بە ئێمە بوو. هەر ئەوشتە بوو کە ئێمە دەمانگووت. پیاوێکی بێگانە بووە، پیاوێکی ئاوێرتایی کە ویستوەتی فووساییەکان بەدناو بکا.

ئەم هەواڵە لە هەموو شوێنێ بڵاو دەبێتەوەو سروشتێشە کە هەر لەو شەوەشدا ژمارەیەکی زۆر دۆچەرخە سواری ئاوێرتاییان دیتووە. بەڵام بەو هۆیەی کە ئەو کەسە لە ریزی ئەوکەسانەدا بووە کە بە پێی عادەت دین بۆ بازارو خۆ دەرناخەن، کەس ئەوی نەناسیوەتەوە. ئەو بەراستی پیاوێکی نەناسرا بووەو، کێ دەزانێ،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رەنگە خودی ئەو(نەناسراوە)(1) بێت.

هەر کە نیگەرانییەکەی دۆن پائۆلۆ دەرەوێتەوە، هەست دەکا حاڵی باشتر بووەو تەنانەت خۆی شادو بەکەیف و گورج و چالاك دەبینێتەوە. حەزی خەبات و بەربەرێکانی لەودا دەژێتەوە. دەکەوێتە بیری ئەوەی لە رۆما دامەزرێ و لەوێرا هەرجارەی و بۆ مەبەستێکی دیاری کراو شەوانە سەفەرێك بۆ مارسیکا بکات. لە پشت پۆستخانەی ئاوێرتا -گووندی زێدەکەی- دەبێ هێشتا ئەو ئەمبارەی کە چرپی و داریان تیا ئەمبار دەکرد مابێتەوە کە هی مامی بوو. بۆ دەست پێکردن دەکرێ ئەو ئەمبارە ئاگر بدات. لە دەوروبەری وێسگەی هێڵی ئاسنی ئاوەتێزانۆ کارگەی بەرهەم هێنانی بەرهەمە کیمایییەکانی لێیە کە هەر ئێستا بۆ شارستانیەت کردنی حەبەشە گازی خنکاندنی تێدا بەرهەم دەهێنن. ئەو گازە زۆر بە باشی گڕ دەگرێ. هیچ دوور نییە کە نەخوێندەوارەکانیش تێبگەن و لەحاست مندا ئیرەییان پێدابێتەوە. لەو حاڵەیدا کە دۆن پائۆلۆ لە بیری ئەم پلان و گەلاڵە دارشتانەدایە دۆن جیراسوولە قەشەی فووسا سەردانی دەکاو لێی دەگێڕێتەوە کە بۆ سەیرکردنی کلیسەی مەڵبەندی قەشەنشینەکەی سەردانی بکات. ئەویش ئەم بانگهێشتنە قەبووڵ دەکا. دۆن جیراسوولە تەمەنی شێست ساڵ دەبێ بەڵام پیرتر دەنوێنێ: پرچی بە تەواوی سپی هەڵگەڕاوەو سەرو روخساری زەرد و لاوازە و بەو پشتە کۆمەیەوە بەزەحمەت بەرێدا دەڕوا. هەر بۆ خۆی دەگێڕێتەوە کە کوڕە گەورەی ماڵێ بووەو نۆ منالّی بەدوا داهاتوون و جگە لەخۆی و بێرەنیچە هەر هەموویان مردوون. دەزگای پاپا، هەرلە ئێوارەڕا تا بەیانی بۆ ساتێکیش ئاسودەی ناهێڵن: وێرای پێش نوێژی کردنی نوێژی مس دەبێ بۆ ئیقراربیستن و رێورەسمی بەخاك سپاردنی مردووەکان و، رێورەسمی عیبادەت و، دووڕۆژانەو سێ ڕۆژانەو، دووعا خوێندنەوەو، تەلیلەو چەند جۆرە عیبادەتی دیکە کە دەبێ هەر بۆ خۆی بەڕێوەیان ببات یان لەوێدا حووزووری هەبێ، دەبێ بەسەر هەموویاندا رابگات. جگە لەمانەش ئەو ئەرکانەی کە

---

(1) **مەبەست لە خوودی مووسیلینە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەبارەت بە حاڵ وەزعی تاکەکەسین و وسلی تەعمیدو، مارەکردنیش دەبێ بەئەنجام بگەیەنێ، نامەی ئەو ئافرەتە نەخوێندەوارانە بخوێنێتەوە کە لە ئامریکاوە پێیان دەگا ، سەردانی هەتیوەکانی حەزرەتی مەریەم بکات و بە کۆری لاوەکانی(سێن لۆیی)ش رابگات، لە قووتابخانە سەرەتاییەکاندا دەبێ وانەی شەرعییات بڵێتەوە، مناڵەکان بۆ تەشریفاتی تەعمید سزا بدات و ئەو کەسانەی کە دەبێ لە رێورەسمی خواردنی قوربانی(کمۆنیون)دا بەشداری بکەن فێری وێرد و دووعای پێویستیان بکات. لەوانەش دەرچێ پێراگەیشتن بە کۆرە خێر خوازەکان و چاوەدێری کردنی کار و باری خێر و زەکات کۆکردنەوە و بەرێوەچوونی رێورەسمی تەسلیسی(سێن فرانسواش) لە گۆرێدایە...قەشەی پیر دەڵێ:

-من دەبێ لە چووکەترین دەرفەتێك کە بۆم دەرەخسێ کەڵك وەربگرم تا دووعایەکیش بۆ حاڵی خۆم بکەم و خۆم بۆ مەرگ ئامادە بکەم کە نێزێك بوونەکەی هەست پێدەکەم و کەچی زۆر بە هێورییەوە بەرەوپیرم دێ.

قەشەی پیر هێندە هیلاك دەبێ کە شەوانە توانای راوەستانی پێ نامێنێ و، بەم حاڵەش زۆرجار تەنانەت لە دژوارترین وەرزیساڵدا وا پێش دێ کە نیوە شەو لەخەوی هەڵدەستێنن و، دەبێ بچێتە سەرە وەختی نەخۆشێك کە لە حاڵی گیانەڵڵا دایە . سەرەرای ئەمانە هێشتا زار بە شکایەت ناکاتەوە بەڵکوو دەڵێ:

-پیاوی خوا دەبێ لە هەموو کاتێکا ماندوو بێ. لە بێکاریدا بیری چەوت و ئالۆز بەرەوپیری مرۆڤ دێت وهەمیشەش شەیتان لە پشت سەری ئەم بیرە ئاڵۆزانە لە بۆسەدایە.

لە گۆرەپانی کلیسەدا تاقمێ مناڵە بەرەڵا فوودانە لە حەوا دەکەن و بە هەناسەبرکێیەوە بەم لاو ئەولادا هەڵدێن. ئێستا یارییەکەیان رادەگرن تا ئەو دوو قەشەیە تێپەرن.

قەشەی پیر وەبیریان دێنێتەوە کە:

-چارەکە سەعاتێکی دیکە وانەی شەرعییات دەست پێدەکاتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە پیلكانەكانی كلیسە، دۆن جیراسوولە تاوێ رادەوەستێ تا پشوویەک تازە بكاتەوە. پاشان بە دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-بێ شك ئێوەش ئاگاداری ئەو كردەوە كوفراوییەن كە لەم شوێنە پیرۆزەدا بەڕێوەیان بردووە. شەوێك پیاوێكی بێگانە بە دەمامكەوە هاتوەتە ئێرەو هێندێ بابەتی شێتانەی لەسەر دەرگای كلیسە نووسیوە.

-بۆ خۆتان سەبارەت بەم شەڕە چۆن بیر دەكەنەوە؟

ئافرەتێك لەبەر دەرگای كلیسە چاوەڕێی قەشە دەكا تا رێكەوتی تەعمیدی بۆ دیاری بكات.

دۆنجیراسوولە لە وەڵامی دۆن پائۆلۆدا دەڵێ:

-قەشەی ئاوایی هێندەی ئیش بۆ بەئەنجام گەیاندن هەیە كە ماوەی بیر كردنەوەی بۆ نامێنێ. لەوەش دەرچێ(تەورات و ئینجیل و شوانی كلیسە هەن كە رێنماییمان بكەن)(1)

دۆن پائۆلۆ داوای لێبوردن دوخوازێ و دەڵێ:

-ببوورن، ئەگەر بەشێوەیەكی خراپ مەبەستەكەم گەیاندبێ.

لە ژووری كلیسە، لەسەر دیوارەكانی راڕەوەكەدا چەند پەردە دیارن كە وێنەی رەنگاورەنگیان لەسەر كێشراونەتەوە و ئەو بروادارانەی كە مۆجیزەیان دیتووە ئەم پەردانەیان خەڵاتی كلیسە كردووە و، لەسەر هەركام لەم پەردانەدا وێنەی ئەندامێكە كە ئەوكەسەی خەڵاتی كردووە، كەرامەتی پێوە دیوە، وەكوو دەست، پێ، لووت، گوێ، مەمك و بەشەكانی دیكەی لەش كە هەموویان بە ئەندازەی سروشتی خۆیان كێشراونەتەوە. كاتێ وەژوور دەكەون ژووری كلیسە تاریك دێتە بەرچاو بەڵام هێندەی پێ ناچێ كەچاویان لە شەوارە دەكەوێ و عادەت بە تاریكی دەكا. درزەكانی عەرزی كلیسە لەژێر كراسی رەشی ئەو ئافرەتانە داپۆشراوە كە بە پاڕانەوەو نزاوە دووعا خوێندنەوە. ئەم ئافرەتانە بۆ دەربڕینی بەندەگی و فەرمانبەری لە ماڵی خوادا وەك رۆژهەڵاتییەكان

---

(1) ` ` ĭǿ؋ҒҒ ƟǗ ǘ .ǿĭ

لەسەر چۆکان دانیشتوون. پیرەژنێك تەوێلی لەخۆڵ دەسوێ و لەسەر چۆکان بەرەو نوێژخانەی(سێن ساکرەمان)دەرواتە پێش، جار ناجارێ زمانی لە عەرزی کلیسەکە دەسوێت و لەپشت سەریەوە هێڵێکی سپی و زێوین ئاسا و نارێك لە لیکاوی زاری، وەك جێ خشکەی لوول پێچ، بەجێ دەهێڵێ. کورەکەی بەجل و بەرگی سەربازیو بە هەنگاوە وردەکانی لە تەنیشتیەوە دەروا و شەرمەزارو شڵەژاوە. دۆن جیراسوولە تاوێ لەبەر دەمی دۆلابی شت و مەکە تەبەرووکەکاندا چۆك دادەدات و دۆن پائۆلۆش وەک ئەو دادێتەوە. لە مێحرابی کلیسەدا پەیکەرێکی چکۆلە وەبەرچاو دەکەوێ کە تەرمی مەسیح لەسەر کۆشی دایکە تازیەبارەکەیدا پیشان دەدات. مەسیح وەك کافوونێکی هەژار دەچێ کە لە شەرێکدا کووژراوەو تەرمەکەی بۆنی گرتووە. دایکی وەك بێوەژنی بازرگانێك دەچێ کە لەوپەڕی هەناسەساردیدا لە پێ کەوتبێ. دوو دڵۆپ فرمێسك بە پاکی و بێ خەوشی پارافین، لەسەر گۆنا جوان و رەنگ پەڕیوەکانیدا دەبریسکێنەوە. چاوە ڕەشەکانی بەرەو ئاسمان هەڵێناوەتەوە، وەك بڵێی حەز بە دیتنی کوڕە ئاسمانییەکەی ناکا کە پاش ئەو هەمووە هیواو هومێدەی کە پێی بەستبوو ئاوا جەرگ بڕانە لە سەر کۆشی کەوتووە و لەوە دەردناکتر کەس سەرئەنجامێکی دیکە نابێ. چارۆکەیەك کە بە مشوورەوە گوڵدۆزی کراوە بسکە چین لەسەر چینەکانی داپۆشیوە کە تا ناوەندی تەوێلی داکشاوە. دەسماڵێکی تۆری و جوانی لە قامکە چکۆلەکەی بەستووە. لەبن پێی، لە سەرپایەی پەیکەرەکە، ئەم وشە بە سۆزانە کە گۆیا ئەو کوتویەتی بەخەتێکی زێڕین هەڵکوڵدراون:

VIDETE SI DOLOR VESTRUM EST SICUT DOLOR MEUMEI !

**(وەرن سەیرکەن، ئایا دەردی ئێوە بە دەردی من دەچێ !)**

دایکی سەربازەکە ئێستا کە زیارەتەکەی تەواو کردووە روو لە جیراسوولە بە سکاڵاو گریانەوە دەڵێ:

-بیکە بۆ خاتری خوا مام قەشە، کارێ بکەی مووچەکامان زوو بدەنێ دەنا من چۆن دەتوانم بژیم؟

-کێها مووچەی دەڵێی؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایکی سەربازەکە وەك روون کردنەوەیەك دەڵێ:

-ئەو چوار لیرەی کە رۆژانە بۆ دایکی سەربازەکانیان دیاری کردووە. ئەمرۆ لە رۆژنامەدا نووسیویانە.

ئافرەتێکی دیکە دێتە پێشێ و لە قەشە دەپرسێ:

-دەبێ ئەم مووچەیە لە کوێ وەبگرین مام قەشە؟ لە پۆستخانە یان لە لێژنە؟ دەتوانی داواکارییەکم بۆ بنووسی؟

ئەو دوانە هێشتا لە خەزێنەی زێرو زیوەرەکانی کلیسە وەژوور نەکەوتوون کە ئافرەتێکی دیکە بەریان پێدەگرێ. کوڕی ئەم ئافرەتەش سوورێژەی دەرداوە. ئافرەتەکە ئیجازە دەخوازێ تا لەتە قووماشێك بە رۆنی ئەو چرایەی کە لە کن دۆڵابی شتە متفرکەکاندایە تەڕ بکات و لەسەر سینەی منداڵەکەی کە لە سەرەمەرگدایە دابنێ. دۆن جیراسوولە رێی پێدەدا، پاشان بە دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-و بەڵام سەبارەت بە شەڕ، لەبەر ئەوەی جەماعەتی قەشەکان هەردەم ناچارن لەراست و چەپەوە لە جووڵەداین زۆر مەجالی بیر کردنەوەیان بۆ نامێنێتەوە. هەر ئێستا ئەو کارانەی کە لە پێوەندی بە کاری مووچە دابەشین دایە خەریکە دەست پێدەکا، پاشان دەبێ دووعا بۆ دیلەکانی شەڕو بێ سەروشوێنەکان بکەین و لەخوا بپاڕێینەوە کە بە زووترین کات بگەڕێنەوە نێو ئامێزی بنەماڵەکانیان، بەدوای ئەوانەدا پاڕانەوە بۆ ئەو کەسانە دەست پێدەکاتەوە کە بە کاری کشتوکاڵەوە خەریکن و هەروەها بۆ مووچە خۆران و هەتیوەکان. دیارە دایرەکانی حکوومەتیش هەن بەڵام هەژارەکان زۆریان بڕوا بەوان نییە، لەوەش دەرچێ زۆرجار لەو شوێنانە بە خراپی لەگەڵ هەژارەکان هەڵس و کەوت دەکەن، ناچار دێن بۆ کلیسەو دەگرین و دەلالێنەوە.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-چەند ساڵ لەمەوبەر لە رۆما، لە رێورەسمی(جێژنی پیرۆزی پەنجا ساڵە)، لەگەڵ پیاوێك بە ناوی دۆن بنە دیتۆ کە خەڵکی ئەم مەڵبەندەیە ئاشنایەتیمان پەیدا کرد و، ئەگەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەهەڵەدا نەچووبم ئەوکات لە قووتابخانەیەکی ئاییندا مامۆستای زمانی لاتین و یۆنانی بوو. بڵێی ئێستاش زیندوو بێ؟ ئایا قەت چاوتان پێدەکەوێ؟

دۆن جیراسوولە دەیەوێ زێرو زیوەکانی کلیسە بە دۆن پائۆلۆ پیشان بدات. لە دۆلابێك نێزیك دەبێتەوە کە پانتای دیوارەکەی داگرتووە و بەزەحمەت لینگەی دەرکەکەی دەکاتەوە کە لە دارێکی جوان دروست کراوەو شتیان لەسەر هەڵکۆڵیوە. قەشەی پیر لە رەفەی یەکەمی دۆلابەکەدا ، ئاڵتون و سواڵەتەکان پیشان دەدات. لە ناوەندی دۆلابەکە، ئیشکافێکی تایبەتە کە پەیکەرە نیوە لەشەکەی سێنت ئانتوان لەودا دەپارێزن و بە زێو دارژاوە، رەفەی خوار دۆلابەکەش، کۆمەڵە عەبایەکی قەشایەتی و بەرگی ئاوریشمی و تەشریفاتی دیکەی لێیە کە بە مشوورەوە گوڵدۆزی کراون و لە پەنای یەک دانداون.

مجێوری کلیسە دێتە ژوورێ و دوو پەرداخ شەرابیان بۆ تێدەکا. سەرئەنجام قەشەی پیر دەڵێ:

-دۆن بینەدیتۆ پیاوچاکێکی ئازا و نەترسە. دەبێ حەفتا ساڵ تەمەنەکەی ئەو بۆ هەموو کەسێ ببێتە سەرمەشق. ئەو بۆ هەموومان مامۆستای زانست و تەقوا بووە. بەڵام ئێستا کە لە مەرگ نێزیك بوەتەوە، بێزارییە ئاساییەکەی لە حاست شێوە بۆچوونی خەڵکی ئەم سەردەمە و پەنابەستن و پشتیوانییە لەرادەبەدەرەکەی بەخوا، ئەوی بەرەو هێندێ قسە هانداوە کە لە سنووری کفر و زەندیق بوونی تێپەراندووە و ئەم قسانەی بە تەواوی جێی مەترسییە. بریا لە ساڵەکانی سەرەتای وەرگرتنی پلەی خۆجایەتییەکەیدا ئەوتان دەناسی !... ئەو کاتەی ئەو ئیجتیهادی وەرگرت من هێشتا فەقێ بووم و رێزێکی لەرادە بەدەرم بۆی هەبووە لەبەر سروشتە پاك و رێك و پێك و پیاوانەکەی، لە بەر ئەو ئەوینە پاك و دوور لە گوومانەی کە بە کلاسیکەکانەوە بەستبووی‌و سەفا بێگەردە خاوێنەکەی ژیانی. ئەو وای حەز پێکردبوو کە یەکەم نوێژی مس لە نوێژخانەی بەندیخانە و دووهەمین نوێژەکەی لە نەخۆشخانەدا بخوێنێ. رەنگە بە سەرنجدان بەو لایەنەی کە بنەماڵە و کەس و کارو دایك وباوکی کە هەمیشە نوێژی مس لەلای ئەوان وەك جێژنێکی گەورە لەژمار هاتووەو دەبایە لە نێو حەشاماتێکدا بەرێوە بچێ، هەست بکەن کە ئەم ئاکارەی ئەو چ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵاو هەنگامەیەكی لەبنەماڵەدا هەڵاییساند. دژایەتی كردن لەگەڵ باوەڕەگشتییەكان ئەویش بەم شێوە زەقە، هەر لەو سەردەمەوە بیرو زەینی باڵا دەستانی بە خۆیەوە خەریك كردو هەر بەم هۆیەش چوونكە حەزیان نەدەكرد مەڵبەندێكی قەشەنشینی پێ بسپێرن ئەویان بۆ دەوامی وانە كووتنەوە دیاری كرد. و لەراستیدا واگوومان دەكرا كە خوێندنەوەی بابەت ودەقە كلاسیكەكان و دواندنی قووتابییە لاوەكان كارێگەری لەسەر ئاكاری دەبێ وئەو كەمێ هێدیترو نەرمتر دەكاتەوە. بەڵام هیچ شوێنێكی باشی لەسەر دانەنا لەمەر پێوەندی ئەو لەگەڵ باڵادەسستاندا. زۆر كەس ئەم تایبەت مەندییەی ئەو كە وەدوای پلەوپایە نەكەوتووە بە نەنگ و شەرمەزاری دەزانن و، ئەم ئاكارەی ئەو كە دواندنی قووتابییەكانی پێ لە دواندنی هاوكارەكان و باڵادەستان پێ باشتر بووە بەجۆرێ بێ حوورمەتی و سووكایەتی دەزانن. سەرئەنجام ئەویان لە دەوامی وانە كووتنەوە هەڵپەسارد. لە پەرگری‌و گۆشەنشینێكەی ئێستایدا زۆرم هەوڵداوە دۆستایەتێكەمان بپارێزم بەڵام لەراستیدا ئێستا ئیتر دۆستایەتییەكەی بە چاك نازانم.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-تۆ بڵێی رەوشتی گۆرانی بەسەردا هاتبێ؟

-پیاوێكی فووسایی كە یەكێ لە تۆبەكارەكانی هەرێمی قەشەنشینی منەو چەند رۆژان لە باغچەكەی دۆن بێنەدیتۆدا كاری كردووە بە گوێی خۆی لێی بیستووە كە وتوویەتی: لەراستیدا دەبایە پاپی ئێستا ناوی (پۆنسی یازدەهەم)(1) بایە. لە رووكادی مارسێی كە هەر ئێستا دۆن بێنەدیتۆی لێ نیشتەجێیە ئەم ناسناوە بەسەر زاراندا دەگەڕێ و لە هەموو شوێنێ بڵاو بووەتەوە، چوونكە خەڵك ساكارو نەزاندوێن و لەبەر ئەو رێزە تایبەتییەی لە حاند دۆن بێنەدیتۆدا هەیانە، ئەو ناوەیان لێ وەراست گەراوەو باوەڕیان پێ پەیدا كردووە. بەڵام ئەم تۆبەكارەی كە سەر بە قەشەنشینی منە لەبەر ئەوەی هێندێ گوومانی لە دڵدا

---

(1) **مەبەست لەحاكمی رۆمی پۆنس پیلاتە كەعیسای بە دەستەوەداو هەر لەم كتێبەدا بەسەرهاتەكەی كەوتە بەر دەمتان.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مابووەوە هاتووەتە ئێرەو هەر لەم حەزینەی کلیسەیەدا لە منی پرسی ئایا راستە کلیسە چووەتە ژێر رکێفی یەکێ لە رەگەزەکانی پۆنس پیلات؟ واتە ئەو کەسەی کە (کاتێ کۆسپێك کەوتە بەردەمی بە پێی نەریتی خۆی دەستی لێدەشواتەوە، بەو مانایەی کە پێوەندی بە منەوە نەماوە).

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-ئەی ئێوە چ وەڵامێکتان پێدایەوە؟

قەشە بە سەرسوورمانەوە سەیری میوانەکەی دەکا.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-بم بوورە، مەبەستەکەم بە شێوەیەکی خراپ جێکەوت.

مجیۆری کلیسە دێت و ئاگاداری دەکاتەوە کە ئافرەتەکان لە کلیسەدا چاوەڕێی دەست پێکردنی تەنیلەن و منالەکان خۆیان بۆ وانەی شەرعییات ئامادە کردووە.

دۆن جیراسوولە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

-هەر ئێستا لەلایەن کۆری ئەیالەتی بۆ تاراوگە، بڕیارێك بەدژی دۆن بێنەدیتۆ لە دەستی دەرچووندایە. بەڵێ، ئێستا کاری بەم جێیە گێشتووە! یەکێ لە قووتابییە کۆنەکانی کە کەم و زۆر لە حیزبی ئەیالەتیدا دەستی دەڕوا ناوی کۆنچیتنۆراگۆیە و، بۆ خۆشم بۆ نێوبژی وانی چووینە لای، تا هەر چۆنێ بێ رزگاری بکەین. هەر بۆیە پێکەوە سەردانیمان کرد، بەس بۆ ئەم مەبەستە کە لە بەرژەوەندی ئەودا بێت. ئێمە دەمانەویست پێشنیاری پێبکەین کە هەرچۆنێ بێ نووسراوەیەکی بێ سەروبەرە بنووسێ سەبارەت بە پێمل بوونی لەحاست دەسەڵاتداری ئێستا و بەیعەت کردن لەگەڵ خەت و رێبازی ئێستای کلیسەدا و هەر ئەم کارەش بەس دەبوو! ئەو بە دڵ ئاوەڵاییەوە ئێمەی وەرگرت. هەر کە دەستم پێکرد تا لێی تێبگەیەنم کە کلیسە زۆرجاران سەبارەت بەوەی کە خۆی لە دەردیسەرە گەورەکان نەبان بکا، ناچارە لە حاست بڕیارێکی دژایەتی کردندا چاو بنوقێنێ، ئەو وەنێو قسەکانم کەوت و بە راوێژێکی توندەوە وتی: (گریمانەی لانیکەمی شەڕ، رەنگە بۆ کۆمەڵگایەکی سیاسی شتێکی بەسوود بێ بەڵام بۆ کۆمەڵگای ئایینی شتێکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیكەیە!)هەوڵمدا زۆر نەچمە نێو مەعقولاتەكان، چوونكە ئەو كاتەی كە پیاو قسە لە مەعقولات دەكا بە خەندەیەكی ماڵ وێرانكەرانە خرابترین كووفرەكانی بەسەر زاردا دێت. بەس وەڵامم دایەوە: (ئێوە قەت بیر لەوە ناكەنەوە كە ئەگەر كلیسە بە خێرایی ئەم شەڕەی مەحكووم دەكرد چ كارەساتێك رووی دەدا؟ بیر ناكەنەوە كەچ بەلاو مەسیبەتێكی بەسەردا دەهات؟ چ زیانێكی قوورسی مادی و واتایی وێدەكەوت؟... و قەت ئێوە بە بیرتان ناگا كە دۆن بێنەدیتۆ چەندە دلێرانە و بە جەسارەتەوە ئەم وەڵامەی دامەوە: ( تۆ ئەی جیراسوولەی خۆشەویست، دەتوانی لەلای خۆت وا بیر بكەیتەوە كە یەحیای غووسڵدەر لەبەر ئەوەی سەری نەبڕن بەیعەتی لەگەڵ(هێرۆد)(1) دا دەكرد؟ بیر لەمەسیح بكەنەوە ئەگەر بۆ رزگار كردنی خۆی لەبەر پۆنس پیلات بپارایەوە! چی دەبوو؟)

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-ئەگەر بچینە نێو مەعقولاتەوە و قسەكانی دۆن بێنەدیتۆ بەباشی هەڵسەنگێنین دەبینین كە ئەو قسەیەكی بە پێچەوانەی ئایینی مەسیح نەكردووە.

دۆن جیراسوولە لە وەڵامدا دەڵێ:

-بەڵام كلیسە كۆمەڵگایەكی زەینی نییە، بەڵكوو راستییەكی عەینیە و هەر ئەمەیە كە دەیبینی. ئێستا نێزیك بە دووهەزار ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێدەپەرێ. ئێستا ئیتر كچۆڵەیەكی هەرزەكار نییە كە رێگە بەخۆی بدات هەرچۆنێ مەیلی دەیكێشێ هەوەس بازییەكی مناڵانە بكات و نازو عیشوەی هەبێ، بەڵكوو خاتوونێكی پیرە، بەڵێ، گەڵێ پیرە كە دوونیایەك كەسایەتی و سەنگینی و بەدەماری و خۆپارێزی و داب و نەریت و مافی خۆبەستنەوە بە ئەركە بەجێ گەیاندووەكانی لەئەستۆ دایە. دیارە كە مەسیح كلیسەی دامەزراندووە، بەڵام بەدوای ئەودا حەوارییەكان هاتوون و وەچە بە وەچە پیاوچاكان و پاپاكانیش بەدوای ئەماندا هاتوون. ئیتر كلیسە رێكخراوێك یان تاقمێكی نەهێنی نییە، بەڵكوو بە ملێونان كەس لەپشت سەریەوە راوەستاون كە نیازیان بە پشتگری ئەو هەیە.

---

(1) ***HERODE*** **ناسراو بەئانسپاس پاشای جوولەكەكانە كە لە4ی بەرلەمیلادەوە تا 39ی زایینی پاشایەتی كرد. هەم ئەو بوو كە عیسای مەحاكمە كرد و بەتكاورجای سالومەیەحیای غوسڵ دەری سەربڕی.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ لەزاری هەڵە دەبێ:

-و چەندە جوان پشتیوانیان لێدەکا کە هەموویان بەرەو مەیدانەکانی شەڕ رەوانە دەکا!

لەوەش دەرچێ کەنێشتی کۆنەساڵەی جوولەکەکانیش لە سەردەمی پەیدا بوونی مەسیح ئافرەتێکی پیر بوو. زۆریش بەتەمەن بووەو پێشینەیەکی مێژوویی گەورەی وەك پێغەمەران و پاشاو پاسادانەران و خاخامەکانی هەبووە، لەپشت سەری ئەویشەوە بە دەستە دەستە خەڵکی لێ بووە کە دەبایە پشتگرییان بکا و، بەم جۆرەش مەسیح بە هیچ جۆرێ وازی لێ نەهێنا.

دۆن جیراسوولە لە بەرامبەر جامی شەرابەکەی کە هێشتا پڕە، دانیشتووە.وەك ئەوەی لە نەکاو هیلاکییەك دووچاری بووبێ، چاوەکانی دەنووقێنێ و بۆ چەند ساتێ هەر بەو حاڵە دەمێنێتەوە. لە گۆڕە بەقوڵداچووەکانی چاویەوە مژۆڵە رەشەکانی دیارن کە لە تاو تووڕەیی دەلەرزێن. لەبەر خۆیەوە دەڵێ: (خودایە! ئەی خوداوەند! بۆ دەتەوێ ئەم بەندەیەت بترسێنی!)

مجێوری کلیسە دەگەڕێتەوە تا ئاگاداری بکاتەوە کە ئافرەتەکان بۆ تەنیلە چاوەڕێی دەکەن و مناڵەکان هات و هاواریان وەرێ خستووە، کە پەنا بەخوا!

دۆن جیراسوولە بە زەحمەت هەڵدەستێ، بەرەو کلیسە واتە ئەو شوێنەی کە بڕوادارەکانی چاوەڕێی دەکەن وەرێ دەکەوێ. لەولاشەوە دۆن پائۆلۆ بەرەو میوانخانەکە دەگەڕێتەوە.

لەبەردەم لێژنەی مەڵبەند ئاپۆرەی حەشاماتێك دەبینێ. دوو کافوونی ئۆرتایی کە بە دوای گازەیەکدا رێیان کەوتووەتە ئاسایش، لەلایەن سەد کەسێکەوە کە هەموویان خەڵکی فووسان دەناسرێنەوە کە ئەم کافوونانە خەڵکی ئۆرتان و، هەر بۆیە هۆرژمیان دەکرێتە سەر. لەسەرو وەزعی هەڵمەتبەراندا وا وێدەچێ کە نیوەیان پیشەوەر و نیوەکەی دیکەیان خەڵکی بێکارو هەژاربن و لەهەر لایەکەوە بە چەك وچۆڵی جۆراو جۆر رژاونەتە ئەم ناوە. ئەو دوو وەرزێرە بێچارەیە کە ئاگایان لە هۆکاری بنەڕەتی ئەم ناکۆکییە لەناکاوە نییە، بەبێ نێوبژیوانی تاقمی چەکدار، کە ئەمانی دەسبەسەر کردووە و لە بینای لێژنەدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رایان گرتوون، نەیاندەتوانی لە کێشەی ئەو دەست درێژکەرییە دەرباز ببەن. بەڵام لە گۆرەپانی شاردا، زۆر بە قەڵسییەوە هەرەشە لە گیانیان دەکرێ. زابالیوونە بەپێی داخوازی کاربەدەستان هەوڵدەدا هێمنایەتییەك لە نێو حەشاماتەکەدا پێك بێنی بەڵام بێ ئاکام دەمێنێتەوە. خەڵك تەنیا بە بیستنی ئەم هەواڵە هێدی دەبنەوە کە ئەو دووکافوونە ئۆرتاییە بە تاوانی هاودەستی کردن لەگەڵ هۆکاری دروشمە دژ بەنیشتمانەکەیان – کەدیوارەکانی شاری رەش کردووە – بەرەسمی دەسبەسەر بکرێن و بەرەو گرتووخانە رەوانە بکرێن. لەبەر دەرگای میوانخانەکەدا، دۆن سێنۆ فونتە بە دەنگی بەرز بە تاریف کردن و راڤەی ئەو دژکردەوە پاك وبێ ئالاییشە نەتەوایەتییەوە خەریکە کە لەحاست کردەوەی ناحەزانی نەناسراوی گوندی دراوسێیانەوە بەرێ چووە. هێندێ هەستکاری جۆراو جۆر کە لە حاست نووسراوەکان و لە بەرامبەر بریارەکانی کاربەدەستانی رەسمییەوە دنە دراون، بە شێوەی رقێکی گشتی لەحاست ئەو پیاوە بێگانەیەدا دروست دەبێ. دۆن پائۆلۆ ئاگادار دەکرێتەوە کە نامەیەك گەیشتووە لەژێر سەردێری وەفادار بوون لەحاست دیکتاتۆریەتدا و بە ئیمزای گشت بێکارەکان و خێزانەکانیانەوە کە نیوەرۆیان سووپی حکوومەتییان بەسەردا دابەش دەکرێ. ئەم هەواڵە داڵغەی رادەکێشێ. بێ شك ئەو قەتی بیر نەدەکردەوە کە چەندانە نووسراوەی بێ قابیل و -ئەویش بەرێژی- ئاکامێکی ئاوا پۆزیتیڤی لێدەبێتەوە، بەڵام ئەو چاوەروانیەشی لێ نەدەکرا کە دواهاتێکی ئاوا دڵساردکەرانەشی بەدوادا بێن. ئێستا لە روانگەی ئەوەوە گشت ئەو پلانانەی کە بۆ ئاگرتێبەردانەکان دایرشتبوو هەڵوەشاوەیە. و بەم بۆنەشەوە، دیسان لە نێو چالاکییە هرزییە دژبەیەکەکانیدا گێژدەخواتەوە، لە لایەکەوە ئیرادەکەی بریاری دەخاتە سەرشان کە دەبێ کارێك بەئەنجام بگەیەنێ و لەلایەکی دیکەشەوە خۆی لە تاووتوێ کردن و دوور کەوتنەوەی لەو راستییانە دادەبینێ کە بۆی لێك نادرێتەوە و، لە ئاکامدا دەبێتە هۆی گاڵتەجاری و خۆفریو دانی و، ئەم دۆخە دۆن پائۆلۆ بەرو لای خۆی پەلکێش دەکا تا دیسانەوە لەخۆی پەرت کاتەوە. وەبیری ئەو قسانە دەکەوێتەوە کە لەگەڵ جیراسوولەدا کردوویەتی و بە بێ مەحتەل بوون بیان کینا رادەسپێری تا نامەیەکی کورت کە تەنیا بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیتی یەکەمی ناوەکەی خۆی ئیمزای کردووە، ببات بۆ دۆن بێنەدیتۆ لەرووکادی مارسێی.
بیان کینا بە یاداشتێکەوە دەگەڕێتەوە کە هەڵگری ئەم چەند دێرەیە و بە خەتێکی ورد و زۆر ڕێك وپێك کە بتوانێ بیخوێنیتەوە و لەهەمان کاتیشدا هێندێ بە لەرزۆکییەوە نووسراوە:

....TIBI

NON ANTE VERSO LENE MERUM JAMDUDUM A PUD ME EST.

ERIPE TE MOROE

( .... لەبۆ تۆ

زۆر لەمێژە لە ماڵەکەمدا دەفرێ شەرابی شیرین داندراوە، کە تا بە ئەمڕۆ، سەری بەرزی بۆ کەس شۆڕ نەکردووەتەوە. لە هەر پێوەندییەك خۆت ڕاتڵەکێنەو بەرەو لای من خێرا وەرە!)(1)

لە سەردەمی تەواوبوونی خوێندکارییەوە تا بە ئێستا ئەمە یەکەم جارە کە دۆن پائۆلۆ نووسراوەیەك بە خەتی مامۆستایەکەی دەبینێ و، خەتەکەی ئەو دەخاتەوە بیری ئەو ڕاست کردنەوانە کە دۆن بنەدیتۆ لەسەر مەشقەکانی ئەودا دەینووسی، و تا بە ئێستاش لەبیری نەچوەتەوە. ئەم جارەش دەقی نووسراوەکە وەك ئینشا دەچێ، بەڵام ئینشایەکی ڕەوان و بانگهێشتنێکی دۆستانەیە. دانگێ لە نیوەڕۆ تێپەڕیوە و دۆن پائۆلۆ بە فایتوونێك کە بیان کینا بۆی بەکرێ گرتووە ڕێگای(ڕوکا) دەگرێتە بەر.

فایتۆن چییەکە بە (پراتۆلانۆ) بەناو بانگە. قەشە لێی دەپرسێ:

-خەڵکی پراتۆلایت؟

پیاوەکە بە ئاماژەی سەر وەڵام دەداتەوە.

-لە کەنگێوە لە ئاوایەکەی خۆتان کۆچت کردووە؟

-ساڵێکە.

---

(1) **شێعری هۆراس شاعیری بەتواناو مەزنی رۆمی.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-سەردەمی شۆڕش لەوێ بووی؟

جارێکی تر پیاوەکە بە ئاماژەی سەر وەڵامی دەداتەوە.

ئێستا ئیتر فەیتوونەکە بە تەنیشت ئاواییەکدا تێپەڕ دەبێ کە پڕ لە رەزی ترێیەو تازە خەڵکی ئەو شوێنە لەکاری ترێ چنینەوە خەلاسییان هاتووە. ئەو ناوچەیە کەش و هەوایەکی خۆشی هەیەو لەباری فێنکییەوە مامناوەندیو بە سەفایە کە خاکەکەی نەرم دێتە بەرچاو.

قەشە دیسان دەپرسێ:

-ئێستا بارودۆخی ژیان لە پراتۆلادا چۆنە؟

-هەروەك جاران و، تەنانەت وەك هەمیشە !

دۆن پائۆلۆ غیرەتێك وەبەر خۆی دەنێ و دەڵێ:

- خەڵکی پراتۆلا لانی کەم دەتوانن بەرگری لە مافی خۆیان بکەن.

فایتوون چییەکە بە لەسەرخۆیی سەر بەرەو قەشە وەردەسووڕێنێ، سەیرێکی دەکاو پاشان دەڵێ:

-ئەوکەسانەی کە دەرکەی زاریان هەمیشە ئاوەڵا بوو ئێستا بۆیان بەستوون، واتە یان لە گۆڕستان یان لە بەندیخانەن. ئەوانی دیکەش هەر لەسەرەتاوە بێدەنگ بوون و، ئێستاش بیدەنگن. منیش کە سەرم بە کاری خۆمەوەیە.

لەنێو ئاوایی روکا لە چۆلاییەك، لە نێوان دوو خانوو، لە نێو تەشتێکی گەورەدا ترێ دەشێلن. سێ دانە ئافرەت کە تا سەرچۆکان داوێنەکانیان هەڵکردووە، بە لاقان ترێ دەشێلن و، جووڵانەکەیان وەك سەمایەکی نەرم و نیان دەچێ کە لەسەر هێشووە ترێێکاندا بەڕێوە دەچێ.

پراتۆلانۆ دەپرسێ:

-دەچنە لای دۆن بێنە دیتۆ؟

-بۆ، دەیناسی؟

فایتۆن چی بە ئاماژەی سەر وەڵامی دەداتەوە بەڵام پاشان، دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-سەبارەت بەو زۆرم بیستووە.

-چ دەڵێن؟

-دەڵێن: (بریا هەمووکەس وەك ئەو بایە !)

دۆن پائۆلۆ لە گۆڕەپانی ئاوییدا فایتوونەکە رادەگرێ. داوا لە فایتونچییەکە دەکا لە مەیخانەیەك هەر لەم دەوروبەرانە چاوەڕێی بمێنێتەوە و، بۆ خۆی جانتا بە دەستەوە، بە پیادە بەرەو تەپۆڵکەیەك هەڵدەگەڕێ کە لەسەر ئەوێ خانویەکی چکۆلە و باغچەکەی دۆن بینەدیتۆی لێیە. لەبەر ئەوەی غیرەت ناکا ب ەبەرگی قەشایەتییەوە بچێتە لای، پێشتر چاری بۆ دیتوەتەوەو کەوایەك و بۆینباغ و شەبەکەیەك، واتە گشت ئەو شتانەی کە بۆ گۆڕینی خۆی پێویستن، ئامادە کردووە. رێگا چۆڵ و پڕ پێچ و خەمە، بە پەرژین هەردوولای رێگاکەیان داگرتووە. لەو شوێنەی کە پەرژینەکە کۆتایی پێدێ دۆن پائۆلۆ جادەکە بەجێ دێڵێ و دوای چەند خووڵەك دەگەڕێتەوە سەرجادەکە و جل و بەرگی گۆڕاوە.

چاوی بەدۆن بینەدیتۆ دەکەوێ کە لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا راوەستاوە، وەك ئەوەی پیرەمێرد دەیزانێ کە ئەم، لەم ساتەدا پەیدا دەبێ. لەحاڵێکا لەبەر هەستی دەروونیان هێندێ شڵەژاون، هەردووکیان دەستی یەکتر دەگوشن. پیرەمێرد، میوانەکەی بەرەو هۆدە گەورەکەی قاتی خوارێ بەرێ دەکا، ئەو لەسەر مۆبڵێکی راحەت و گەورە لە تەنیشت سۆبەکە دادەنیشێنێ و بۆخۆیشی لە کن پیاوە لاوەکە، لەسەر کورسییەك کە کەمێ لە مۆبڵەکە نزم ترە دادەنیشێ. پیری و زۆرهانی پشتی چەماندوەتەوە کە گەلێ چووکەتر لە قووتابییەکەی دێتە بەر چاو. ئەوی دیکەشیان کە هەوڵدەدا بەسەر هەستەکەیدا زاڵ ببێ و خۆی هێدیو بە کەیف پیشان بدات، بە پێکەنینەوە دەڵێ:

-ئێستا ئەو بەرخە بزربووە بە پێی خۆی گەڕاوەتەوە لای شوانەکەی.

پیرەمێرد بە سەرسووڕمانەوە سەیری رووخساری پیاوە گەنجەکە دەکا کە زووتر لە تەمەنی پیر بووەو، لەبەر ئەوەی کەشی جەفەنگەکەی هەست پێ نەکردووە، سەر رادەوەشێنێ و بە راوێژێکی تاڵەوە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-تۆ نازانی ئەو بەرخەی کە دەبێ بزر بووبێ کام یەک لەم دوانەمانین: نازانی کام یەک لە ئێمە پێویستی بە لێبوردنی ئەوەی دیکە هەیە و کام یەک لە ئێمە لە رووبەڕووبوونەوەیدا هەست بە سەرشۆڕی و ئاڵۆزی دەکا. بەڵێ، ئەی هەڤالی من ! بەوەفاترین بەندەکانی خوا هەر ئەو کەسانە نین کە نوێژی مس دەخوێنن و خۆیان وەك هۆیەکی خودایی دەناسێنن.

پیاوەگەنجەکە لەوەی کە دەبینێ پیرەمێرد رێك هەر وەك ساڵانی رابردوو قسە لەخوای گەورە دەکا، سامێك لە دڵی دەنیشێ کە نەکا لە زەینی خانەخۆێکەیدا سەبارەت بەو گوومانێك دروست بووبێ، گوومانێك کە دەرفەتی یەکتر دواندنەکەیان لێ بستێنێ. ئایا پیرەمێرد وابیر دەکاتەوە کە هێشتا ئەم بڕوای بە ئایین ماوە؟ بۆیە بە راوێژێك کە لەناکاو گۆڕانی بەسەرداهاتووە دان بەوەدا دێنێ کە:

-لەمێژ ساڵە کە ئیتر بڕوام بەخوا نەماوە. دیارە هەژانێکی هەستکاریانە کە رەگی لە باوەڕە ئایینییەکاندا بوو، منی بەرەو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێری پاڵ پێوە نا، بەڵام لە رەوتی بزوتنەوەکەدا، بەرە بەرە خۆم لە گشت پێوەندییە دەمارگرژییەکانی ئایین ئازاد کرد. ئەگەریش بە پێچاوانەی حەزی خۆم ئاسەوارێك لە ئایین لە قووڵاییەکانی دەروونمدا مابێتەوە، لەمەودوا نەك هەر ناتوانێ ببێتە پاڵ پشتێك بۆم بەڵکوو مایەی ئازریشم دەبێ. ئەگەر من رەنگە شۆڕشگێرێکی خراپ، شۆڕشگێرێك کە پڕ لە خووی خۆپارێزیانەو دوو دڵ و نەزاندوێ بم، بێ شك لەبەر هۆی ئەو راهێنانەی ئایینە کە لە مناڵییەوە پێی راهێنراوم. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر ئەو بارهێنانانە لە گۆڕێدا نەدەبوون تۆ بڵێی قەت دەبوومە شۆڕشگێڕ؟ ئایا قەتم ژیان لێ وەراست دەگەڕا؟

پیرەمێرد بزەیەکی دێتێ و دەڵێ:

-گرینگ نییە. لە کاتی مەوعیزەو خەباتە نەهێنییەکاندا، خواش ناچارە خۆی بشارێتەوەو ناوی نەهێنی لەسەر خۆی دابنێ. سەرەڕای ئەوە، تۆ کە باش دەزانی، خوا هێندەش داکۆکی لەسەر ناوە راستییەکەی خۆی ناکاو تەنانەت لە سەرەوەی زۆربەی بڕیارە ئاسمانییەکانیدا داکۆکی کردوەتە سەر ئەوەی کە هیچ کاتێ لەخۆڕا ناوی ئەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر زاران نەگەڕێ. کێ دەزانێ هەر ئەم ئامانجی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە (سوسیالیزم) کە ئەمڕۆ کۆمەڵانی خەڵك رادەپەڕێنێ، یەکێ لە ناوە نەهێنییەکانی خوا نەبێ کە بۆ دەربازبوون لە دەست ئەنگیزاسیۆنی کلیسە و بانکەکان لەسەر خۆی دانابێ؟

ئەندێشەی ئەمەی کە خوا ناچار بێ بە پاسپۆرتێکی تەزویر بە دونیادا بگەڕێ، بە جارێ ئەو پیاوە گەنجە دەهەژێنێ و نەشەی پێ دەبەخشێ. بە سەرسووڕمانەوە لە رووخساری مامۆستا کۆنەکەی ورد دەبێتەوەو لەنەکاو ئەو بە پێچەوانەی ئەو بیرەوەریانە دەبینێ کە لە ماوەی ساڵەهای هاوڕێیەتیاندا لە زەینیدا بەجێ مابوون. بێ گوومان ئێستا دۆن بینەدیتۆ زۆری لێ نێزیك بووەتەوە، بەڵام هێنانە بەرچاوی ئەو هەمووە ئازار و نارەحەتییانەی کە ئەم پیرەمێردە تەنیا و پەڕنیشتووە- کە بێ گوومان تەحەموولی کردووەو تا بەئێرەی گەیاندووە- بە جارێ شوێن لە سەر ئەو پیاوە گەنجە دادەنێ و نووتقی پێ دەبەستێ.

پیرەمێرد دیسان دەڵێتەوە:

-من لێرە لە پەنای خووشکم و لە نێوان کتێبەکانمدا دەژیم. ماوەیەکە نامەکانم بە دەسکاری کردن و سانسۆرەوە دەگەنە دەستم. رۆژنامەکان و کتێبەکانیش ئەگەر لە نێو رێدا تێدا نەچن بە درەنگی بە دەستم دەگەن. سەردانی کەس ناکەم و ئەو دیدارانەش کە بە دەگمەن بۆم رێدەکەون، زۆرجار بە ناخۆشی تەواو دەبن. بەم حاڵەش، ئاگاداری رەوتی زۆربەی شتەکانم، ئەو شتانەی کە هەموویان لە گەندەڵی و رۆژ رەشی دەگێرنەوە، کلیسە لە حەقیقەتە ئایینییەکان ئوفیوونێکی دروست کردووە بۆ گێژ کردنی ئەم خەڵکە بێچارەیە. ئەوەی کە شایانی خوایە دەیدەنە پاڵ قەیسەرو ئەوەی کە پڕ بە پێستی قەیسەرە بەخوای دەبەخشن. رۆحی مەلەکووتی خوا دەستی لە کلیسە شۆردوەتەوە و کلیسە بووەتە پەیمانگەیەکی ماددیو بە تەواوی رەسمی و داندراوانەیەو سەرقاڵی کاروبارە دونیایی و چینایەتییەکانە.(ژان باتیست) لەراستیدا رووی لەم جۆرە کلیسەیە بووە کە دەیگووت: (ئەی وەچەی ئەفعی، کێ فێری کردی تا لە بەرامبەر ئەو تووڕەییەی کە نێزیك دەبێتەوە، خۆت قووتارکەی؟) بانگیان کردم بۆ رۆما تا لەوێ کۆمەڵە توانج و هەرەشەیەکم گوێ لێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێ. هەر ئەو چەند رۆژەی کە لەو شوێنەم تێپەڕکرد ، بوو بە هۆکارێکی کاریگەر بۆ دیاری کردنی رێبازی خەباتە واتاییەکەم. دیارە کۆشکی پاپا مل کەچی جۆرە کۆیلایەتییەکی رۆژهەڵاتییە، بەڵام بە رواڵەت فەرمانرەوایەو فەرمان رەواییەکەی شتێکی ساختەچییانەیە. بەتایبەت قەشە گەنجەکان کە بەپێی پشتگری مام و خاڵە خاوەن زەوی و بانکدارەکانیانەوە لە کۆشکی پاپادا بە پلەو پایەیەکی گرینگ گێشتوون، بە بێزاری و تووڕە بوون و گاڵتە پێکردنەوە منیان وەردەگرت. ئاشناکانی جارانم لەبەر ئەوەی بە منەوە نەبێزرێن، لە نێزیك بوونەوە خۆیان دەبوارد. لە نەبوونی مندا شت و مەکەکانم دەگەڕان و ئەو دەفتەرانەی کە بابەت و مەسەلەکانی رۆژ و نووکتەم تێدا دەنووسین، لێیان هەڵگرتم. کاتێ پرسیارم دەکرد: (سەبارەت بەم شەڕە تازە هەڵاییساوەی نێوان دوو نەتەوەی مەسحیدا ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە.) قەشە گەنجەکان وەك ئەوەی بەرەو رووی پیاوێکی بێ شەرم و شەرواڵ پیس بووبێتنەوە لە بەرم هەڵدەهاتن. بەڵام کاتێ بەهەڵکەوت یەکێ لەوان پاش سەرەتاتکێیەکی وردبینانەو پاش دڵنیابوون لەوەی کەس گوێی لە قسەکانی نابێ غیرەتێکی وەبەر خۆی دەنا کە وەڵامێکی بەمن دابێتەوە. بە لاتاو و قسەی پڕو پووچ و بێ سەرەو بەرە، بابەتەکەی خۆی دەردەبڕی. بۆ وێنە دەیکوت: (لە لایەکەوە راستە... بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەم نووکتەیەش جێ کەوتووە کە...و نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە...و دەبێ ئەو کاتە دانی پێدا بێنین کە...و بە پێی گشت ئەم ئاستانەوە بە تەواوی هەڵوێستەکانمان روونە! ) من بە دیتنی ئەم هەمووە پەستی و زەبوونی و ئەو هەمووە تێوەگلان لە نێو بەرژەوەندییە مادییەکاندا، کەمێ لە گومان دەکەوتم کە ئەدی خوا لە کوێیە؟ بۆ وازی لە ئێمە هێناوە؟

پیاوە گەنجەکە لە وەڵامدا دەڵێ:

-بەراستی جێی خۆیەتی مرۆڤ لە خۆی بپرسێ ئەدی خوا لە کوێیە؟ ئەگەر لەراستیدا ئەو دەسکردی زەینی مرۆڤ نییە و خاوەن گیانێکی راستەقینە و سەرچاوە و کۆتایی گشت بوونەوەرەکانە، ئەدی ئێستا لە کوێیە؟

ئاوازی دەنگی، ئاوازی کافرێکی خوانەناس نییە، بەڵکوو دەنگی ئەویندارێکی ناکامە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارتا، خووشکی پیرەمێرد دێتە ژووریٚ تا بەخێرهاتنی پیاوە گەنجەکە بکا. دوو پەرداخ و دەفرێکی شەرابی سوور لەسەر مێزەکەیان دادەنیٚ و پاشان بەرەو ژوورەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.

پیرەمێرد درێژە بە قسەکانی دەداتەوە:

-هەر جاریٚ کە باسی خوا دێتە نێوانەوە، چیرۆکێکی کۆنم بە زەین دادیٚ کە جێی خۆیەتی لە هیچ کاتێکا لە یاد نەچێتەوە. رەنگە تۆش لە بیرت مابیٚ کە ئەم چیرۆکە لە بەشێکی پەرتووکی پیرۆزدا باسی لیٚ کراوە، ئەویش ئەمەیە کە چۆن لە کاتێکا ئەلیاس کێرد بە ئێسکی دەگا بە سکاڵاوە لە خوای ویست کە خوا مەرگی بداتیٚ و خوا ئەوی بردە سەر کێوێکی بەرز. ئەوجار گەردەلوولێکی بەسام هەڵدەستیٚ کە کێوەکان شەق دەکا و بەردەکان وردوپرد دەکا، بەڵام ئەم گەردەلوولە بەسامە خوانەبوو، پاش گەردەلوولەکە، زەمین وەلەرزین کەوت، بەڵام ئەم بوومەلەرزەیەش خوا نەبوو. بەدوای بوومەلەرزەکەش ئاگرێکی گەورە کڵپەی سەند، بەڵام ئەم ئاگرەش خوا نەبوو. پاشان لە بێدەنگی و خامۆشیدا، دەنگێکی بەسۆز و نەوی، هەر وەك شنەبای شەوانە بەنێو گەڵای دارەکاندا هاتەبەر گویٚ. لە پەرتووکی پیرۆزدا نووسراوە کە ئەو دەنگە، ئەو ئاوازی وێك کەوتنی گەڵایانە خوا بوو.

لەوکاتەدا شنەیەکی ئارام لە باغەکەدا هەڵدەکات. دارەکان گۆرانی دەچڕن. دەرکەی نێوان باغ و ئەو شوێنەی کە ئەو دووپیاوەی لیٚ دانیشتوون دەنگێکی لیٚ دەبێتەوەو پاشان دەکرێتەوە. لەرزەیەك بە لەشی پیاوە گەنجەکەدا دیٚ. پیرەمێرد دەست لەسەر شانی دادەنیٚ و بە پێکەنینەوە دەڵیٚ:

-مەترسە! نابیٚ لێرە لە هیچ شتێك بترسێی!

لەسەرخۆ هەڵدەستیٚ، ئەو دەرگایەی کە شنەباکە کردوویەتییەوە سەرلەنویٚ پێوەی دەداتەوە و دیسان دەڵیٚ:

-بەڵیٚ، من پرسیار لەخۆم دەکەم کە ئەدی خوا کوا؟ و لەبەرچی وازی لە ئێمە هێناوە؟ ئەو بوڵێندگۆیەی کە لە تەواوی گۆڕەپانە گشتییەکاندا هەواڵی شەڕی بڵاوکردەوە،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵێ، هەر ئەو بوڵیندگۆیە، خوا نەبوو، ئەو زەنگانەی بە زایەڵەکەیان دەستە دەستە سواڵکەرو برسییەکانی لە دەوری ئەو بۆلیندگۆیە کۆ دەکردەوە، بێ گوومان ئەوانیش خوانەبوون. ئەو تۆپ و بۆمبایانەی بەسەر ئاوایی و شارەکانی ئافریقادا هەڵدەرژان و رۆژنامەکان هەموو رۆژێ سەبارەت بەوان قەڵەم دەسوون، بە دڵنیاییەوە خوانین. بەڵام ئەگەر پیاوێکی هەژار شەو بە تاقی تەنیا لە زێدەکەی خۆی هەڵدەستێ و لەسەر دیوارەکانی ئاواییەکەی، ئەو گووندەی کە زێدی خۆیەتی، بە پارچە خەڵووزێك یان گێچێکەوە بنووسێ: (نەمان بۆ شەڕ! بژی برایەتی نێوان هەموو نەتەوەکانی جیهان! بژی ئازادی!) حەتمەن خوا لە پشت سەری ئەم هەژارە رەنجدەرەیە. لەنێو هەستی بەکەم گرتنی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە گیانی ئەم پیاوە دەکەن، لەو ئەوینە نەهێنییەی کە لەحاست گەلانی ئەفریقایی -بە نێو دووژمن- دەری دەبڕێ و لەو خۆشەویستییە و باوەرەی کە لە حاست ئازادیدا هەیەتی، هەموویان رەنگدانەوەیەکن لەخوا. بەم چەشنە کاتێ لە رۆژنامەکاندا دەبیسم کە تاقمێ ئۆسقۆف بە تاوانی قاچاخچییەتی کردنی دراو، لە دادگادا لێیان دەکۆڵنەوە و وەك بازرگانە دزەکان کە لەکاتی تاوان کردندا دەستیان دەگرن و لەبەرامبەر دادگادا ئامادە دەبن و، کاتێکیش هەر لەهەمان رۆژنامانەدا دەخوێنمەوە کە کۆمەڵێ کرێکار، بەتاوانی ئەوەی لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکەن و مەحکووم بە مەرگ کراون –ئەگەر ئەم کرێکارانە بێ دینیش بن- ئیتر پێویست بە بیرکردنەوەیەکی زۆر ناکا تا تێبگەم کەخوا لەگەڵ کام تاقمەیانە. بەڵام تۆ ناتوانی لە زەینی خۆتدا بیگوونجێنی کە لەم تەمەنەی منداو گێشتن بەو قەناعەتە و دۆزینەوەی ئەم شتانە چ مانایەك دەبەخشن، لەتەمەنی حەفتاو پێج ساڵی دا کە مرۆڤ پێی لە لێواری گۆڕە، کاتی ئەوە هاتووە کە بەخۆیدا بچێتەوە تا ئەو رێگایەی کە پێواویەتی بە بەرچاوانیدا تێپەڕ بکات و، کارنامەی ژیانی ئامادە بکات. وەی کە چ کارنامەیەکی غەم هێنەرە! و ئەگەر چاو لە خۆمان نەکەین و سەیری کۆمەڵی قووتابیە کۆنەکانم بکەم، دیسان پتر ئەو حەقە بەخۆم دەدەم کە دان بە شکستی خۆمدا بێنم. دار لە میوەکە پڕاو مامۆستاش بەپێی قووتابییەکانی دەتوانێ داوەری لەسەر خۆی بکا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەستێکی پڕ لە ڕێزو ئافەرینەوە کە هەمیشە پیاوە گەنجەکە لە حاست مامۆستا دێرینەکەیدا هەیبووە ئێستا ئیتر بووە بە خۆشەویستییەکی برایانە، هێندە گەرم داهاتووە کە هەڵدەستێ و بەهەموو دەمای خۆیەوە ئەو رادەمووسێ.

پیرەمێرد درێژە بە قسەکانی دەداتەوە:

-من کە بیرم لە تۆ دەکردەوە هێندێ سووکنایم پێ دەهات، بەڵام بەهەڵەدا چووم، چوونکە هەر ئێستا بەزاری خۆت کوتت ئەو کارە باشانەی کە لە ژیانتا بە ئەنجامت گەیاندوون بە هۆی ئەو راهێنانانە نەبووە کە فێریان بووی، بەڵکوو راست بە پێچەوانەی ئەوانەوە بووە.

پیاوە گەنجەکە هەراسان دەبێت و پاشان وەڵامدەداتەوە:

-ئیمە پازدە ساڵە یەکترمان نەدیتووەو رەنگە پاش ئەم دیدارەش ئیتر قەت یەکتر نەبینینەوە. ئێوە زۆر بەساڵدا چوون و منیش ناسازم و رۆژگارەکەش سەختە. کەوایە با هەوڵبدەین تا ئەم ماوە کەمەی کە بۆمان ماوەتەوە بە خولق و خووی دوولایەنەمان بە فیرۆ نەچێ. بە قەناعەتەوە لەسەر ئەو باوەڕەم کە باشتر لە یارانی سەردەمی خوێندکاریم نیم و، دڵنیاشم ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمەی تێدا دەژین بە ئاستێ لە گەندەڵی گێشتووە کە بمانەوێ و نەمانەوێ هەرکەس کە لەتوانایدا نەبووە خۆی لەم پێوەندییە رەها بکا گەندەڵ دەبێ. ئەگەر چارەنووسی من باشتر لە یارانی سەردەمی دواناوەندیم بێ، لەبەر ئەم هۆیەیە کە لە کاتی خۆیدا و بە یارمەتی زنجیرە رووداوێك پێوندی خۆم لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەدا پساندووە. ئەگەر منیش لێرە بام بە ناچار سەرئەنجامێکی وەك ئەوانم دەبوو. بێ گوومان ئەوڕۆ من پیاوێکی قەدەغەم واتە تاراوی دەستی یاسام، بە ناوی نەهێنییەوە دەژیم و ئەگەر ناچار بەخۆ دربازکردن بکرێم پاساپۆرتێکی بیانیم لەگیرفاندایە. لەگەڵ مەترسییە مادديیەکانیشدا دەستەویەخەم. بۆ من مەترسییەك لە گۆڕێدایە کە لە زیندان بکەوم و رەنگە ئەشکەنجەش بدرێم و، لە هەل و مەرجێکی دژوارتردا تەنانەت رەنگە گولە باران بکریم. بەڵام لە بەرامبەردا لە هەرچەشنە عەیب و گوومانێکی خۆ رێخەریانە بێ بەریم. چەند رۆژ لەمەوبەر چاوم بە دوکتۆر ساکا کەوت: بێ شك ئەو لە من خراپ تر نەبوو، بەڵام

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەرە ئێستا سەیری بکە کە چۆن لە بارودۆخێکی حەیف هێنەر کەوتووە!... ئێستا ئێمە گێشتووینەتە جێێك کە دەکرێ بڵێن: تەنیا کەسێك دەتوانێ لەم کێشەیە دەرباز ببێ کە خۆی بە کووشتن بدات.

پیرەمێرد لە پەسندی قسەکەیدا دەڵێ:

-بەڵێ، ریگایەکی دیکە بۆ دەربازبوون نەماوە! ئەم نۆنیزیۆ بێچارەیە، ئاواتی بنەماڵەکەی وەدی هێناوە، چوونکە هەر لەم رۆژانەدا بۆ پلەی سەرۆکی نەخۆشخانی مەڵبەند دیاری کراوە. بەڵام لە رووی ناچار دەبێ چەندەها فێل و تەڵەکەی هەڵچنیبێ؟ دەبێ تاچ رادەیەك سووکایەتی کردنی بەخۆی رەوا بینی بێ؟ چەندی خۆنواندن و گەپجارەیی لەخۆ نیشان دابێ باشە بۆ سەلماندی مەتمانەی سیاسی و مل کەچی لە حاست دەزگادا، تا بتوانێ رقەبەرەکانی خۆی لە ناودێر بوونیان بۆ ئەم پلەیە لەمەیدان پاڵ پێوەنێ؟... هەر ئەم بەهاری ڕابردوو، پاش یەکەم دیداری لەگەڵ تۆدا، لە ئاکوافێرەدا سەردانی منی کردو لەسەر قەیرانە رۆحییەکەی کە شتێکی تایبەتەو هەردەم دەروونی دەخواتەوە ، هەر بەو وشە و راوێژەی کە هەر ئێستا ئاماژەت پێکرد قسەی بۆ کردم. ئەو دیگووت: (چۆن دەگوونجێ لە رێژیمێکی دیکتاتۆریەتدا کە مرۆڤ بەستراوەتەوە بە دەزگا حکوومەتییەکان، هەم ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت و هەم بەشەرەفانەش بژیت؟... خۆزگە بە بەختی سپینا کە رزگار بووە!)

رزگار بووە؟ چما فرمانی(1) (رزگار بوون) ناوی تەواوکەری (2) هەیە؟ مەگەر تێکۆشان لەپێناو خۆ رزگار کردن خەباتێکی شێل گیر و بەردەوام نییە؟ بێ شك سپینا خۆی باش دەزانێ کە سەری شۆڕنەکردوەو گشت پێوەندێکانی بەم کۆمەڵگایەی کە لێی بێزارە بساندووە، بەڵام ئازادی بەمەرجێك شتێکی بە نرخ دەبێ کە مرۆڤ لێی بەهەرەمەند بێ، دەنا ئەوەی دیکە ئازادی نییە. لەو کاتەیرا کە ئەو بەرەو ئیتالیا گەڕاوەتەوە توانیویەتی لەگەڵ ئەم ئازادییەدا چ کارێك بکا؟ ئایا دەورانی تەمەنی ئەو شتێك وەك گەمەیەکی خەیاڵی

---

(1) فرمان= فیعل.

(2) ناوی تەواوکەر= اسم مفعول.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و بێ بەهرە نەبووە؟ ئایا چاڵێکی قووڵ مەودای نەخستوەتە نێوان ئەم و یارە دێرینەکانی؟ بە قەشەی پیر دەڵێ:

-لەفووسا، ڕۆژی هەڵمەتی گشتی، لە دوورەوە چاوم بە کونچیتینۆ کەوت، ئەویش خۆی لەگەڵ دەوروبەرێکانی ڕێك خستووەو پلەو پایەیەکی بەدەست هێناوە.

پیرەمێرد ئەمە بەقسەکانی ئەوەوە زیاد دەکا:

-نەك هەروای کردووە بەڵکوو بە قازانجی شەڕ، وتاریشی خوێندوەتەوە و مەزەیەکی لاتینیشی بەقسەکانیەوە زیاد کردووە. بەم جۆرە ئەو وانانەی کە لەلای من خوێندوونی لانی کەم بۆ ئەم مەبەستەی بەکار هێناوە. وەك ئەوەی هەستی بەوە کردبێ کە وەك ئەرك لەسەر شانیەتی کە بە دڵخوازی خۆی دەبێ بچێ بۆ ئافریقا، سەبارەت بەم شتە بە منی ووت: ( هەموو کەسێ خۆی بۆ ڕۆشتن بەرەو ئافریقا ئامادەکردووەو دەبێ منیش بڕۆم!) ئەمەش جۆرە دڵخوازییەکی دیکەیە کە دەبێ ناوی دڵخوازییەکی زۆرەملییانەی لەسەر دابنێی،

پیاوە گەنجەکە دەپرسێ:

-ئاگات لەوانی تر هەیە؟ ئانتۆنیۆ ئیسیرانتزاچی لێ هاتووە؟

-ئەو دووکانێکی چکۆلەی هەبوو کە شتی خواردەمەنی تێدا دەفرۆشت و نابووت بوو و تەنانەت گوومانی ئەوەی لێدەکرێ کە فەشەل هاتنەکەی هێندەش بەڕاست نەبووە. هەر لەم ڕۆژانەدا داوای کردووە وەك سەرباز چەك هەڵبگرێ بەڵام هێشتا وەرنەگیراوە.

-وێردۆنە چی لێ بەسەر هاتووە؟

-تا ئەم دواییانەش فەرمانبەرێکی سادەی دایرەی ماڵیات وەرگرتن بوو و هیوادارە شەڕ ئەو هەلەی بۆ ڕێبخات کە ببێ بە بەڕێوەبەری دایرە. دیارە کاروبارەکەی دواڕۆژێکی باشی لە پێشە. ئەگەر ئیتالیا لەم شەڕەیدا سەرکەوێ چ کارێ لەمە باشتر کە لەوێش هۆبەیەکی گەورە لەهەموو جۆرە دایرەیەك بۆ وەرگرتنی ماڵیات دامەزرێنن؟

پیاوە گەنجەکە دەڵێ:

-حەبەشییەکان هەژارن، پارە لەوان هەڵناوەرێ. دەی باتیستالۆپاتۆچی دەکا؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیرەمێرد لە وەڵامدا دەڵێ:

-بەو جۆرەی کە کۆنچیتینۆ راگۆ لێی دەگێرایەوە لۆپاتو بەرواڵەت، بە شێوەیەکی زانستیانە لەیاری ئیسکۆپۆندا حەرفێکی سەرسەختە و، رەنگە هەر لە بەر ئەم هۆیەشە کە ئێستا ئەویان لە ریزی باڵادەستانی سەندیکایەك داناوە.

-سەندیکای کرێکاران یان خاوەن کارەکان؟

-نازانم. هەرچی بێ هەردووکیان هەریەك شتن. مەبەستم لە سەندیکای حکوومەتییە. ئەم هەلە دەرفەتی بۆ رەخساندووە کە کەم و زۆر درێژە بە یاری پەرانەکەی بداتەوەو لە کۆتایی مانگدا بچێ مانگانەکەی وەربگرێ.

-دیپێرەتۆرۆ چی دەکا؟ هەر وا لە هێلی ئاسن دەوام دەکا؟

-لە مێژە کە بە تاوانی بیروڕای جیاوازی سیاسی ئەویان لەو شوێنە وەلاناوە. لەوەبەدواوە کارەکەی بەو جێیە گێشتووە کە بە بێکاری لە گووندەکەیان دەسووڕێتەوە. لەوێ لەگەڵ ئافرەتێکی بەرگدرووردا زەماوەندی کردووە. ئەو ئیتر کاری بە سوسیالیزم نەماوە بەڵام بە یادی بیروڕاکانی جارانی جار جارە لە بەندیخانەی دەکەن. هەر بەم بۆنەیەوە رۆژی هەڵمەتی گشتی دەسبەسەر کراوەو وادیارە هێشتا بەرنەبووە.

-پیچیریلی چی دەکا؟

-ئەو هەر لەم ئاواییانەی دەوروبەردا قەشە بوو بەڵام لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ئەمساڵەوە ئۆسقۆف پلەی ئەوی وەك مامۆستای قووتابخانەی فەقێ ئایینێکان بڕدوەتە سەرێ، ئیتر ئێستا بە ئاواتی خۆی گێشتووە. بەڵام ئەو دەتوانێ چ وانەیەك بڵێتەوە؟ من کە سەری لێدەرناکەم و، رەنگە ببێتە مامۆستای وەرزش. سروشتییە کە ئێستا ئەویش بە قازانجی شەڕ وتار دەخوێنێتەوەو وتارەکانیشی بە وشە و دەستەواژە لاتینێکان دەرازێنێتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەشە کە ئەم رووداوانەی ئێستا شەڕ نین بەڵکوو(جیهادی خاچ پەرستانە بۆ پاکژ کردن و هێدی کردنەوەی ئافریقاییەکان، نەبەردێکە لە پێناو ئاشتییەکی راستەقینەدا، لە پێناو ئاشتی رۆمی!) پیچێرلی، وێردۆنە، ئانتۆینیۆ، ئیسپرانتزاو باتیستالۆپاتۆ، ئەمانە بەری ئەو دارەن کە من بم!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فرمێسك چاوەکانی سپینا دادەگرێ، هێندێ سەر وەردەسوورێنێ تا هەژانی رۆحی و دەروونییەکەی خۆی لە دۆن بێنەدیتۆ بشارێتەوە. کەوابوو ئەم پیرەمێردە خۆشەویست و بێچارەیەش کە هەر بیرەوەرییەکانی بۆ بەس بوو کە لە ناهومێدانەترین و دڵساردترین کاتەکانی تاراوگەیی و دەربەدەریدا سووکنایی دەری بێ و هێمنی و ووزەی دڵە لەدەست چووەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە و جێی دڵ خۆشی بێ، بۆ خۆشی تا بەم رادەیە دەسخۆشی دڵساردی و نیگەرانی بووە؟ دەبێ چ وەڵامێکی پێ بداتەوە تا هۆشە تیژبین و روونەکەی ئەو، ئەو وەڵامە بە جۆرە بەزەیی پێداهاتنەوەیەك هەست پێنەکا؟

پیاوەکە دەڵێ:

-رەنگە دارێك بەری باش باربێنێ بەڵام لە هەر حاڵدا بۆی هەیە دزێك بێت و بەر لەوەی مەجال بدات میوەکان بەدارەکەوە بگەن، بیدزێ. لەوەش درچێ زۆرجار هەڵدەکەوێ کە بۆ خۆشیان لە دارەکە بەردەبنەوە، یان تەرزە لێیان دەدات و یان کرمۆڵ دەبن، بەبێ ئەوەی خوودی دارەکە لە توانای بێ کە بۆ پاراستنیان کارێك بکات. کاتێ ئێمە لە قووتابخانە دەرچووین هیچ کەس نەیدەتوانی پێشبینی بکا کە قەدەر وابووە کە ئێمە چارەنووسێکی ئاوا تاڵمان هەبێ، ئەرچەند قسە لە قەدەرکردن بێگومان بابەتێکی عاقڵانە نییە.

پیرەمێرد پەرداخەکەی خۆی پڕ دەکاو لە بەرامبەر رووناکاییدا رایدەگرێ تا لە ساف بوون و بێخەوشییەکەی دڵنیا بێ، ئەگەر چی لە دەفرێکی تازەش پڕ کرابێ. ئەوجار بە هێوری پەرداخەکە لە لێوانی نێزیك دەکاتەوە و قوومێکی لێدەخواتەوە، پاشان دەڵێ:

-هەر کام لە ئێمە دزی خۆ، یان تەرزەی خۆ، یان کرمی خۆی لە سروشت و هەناویدا هەیە. بارودۆخەکان جگە لەوەی یارمەتیدەری ئەو هۆیانە بن هیچ کارێکی دیکەیان لە دەست نایەت و دەبێ قەبووڵی بکەین کە ساڵەکانی دوای شەڕ دۆخێکی باش و رەخساوی دروست کردووە بۆ ئاسان کردنەوەی کاری دزو تەرزەو یان ئەو کرمەی کە لە هەناوی هەرکام لە ئێمەدایە. بەڵام ئەم ئاکامە بە هیچ جۆرێ لە باری بەرپرسایەتی ئێمە کەم ناکاتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیاوەکە بۆی دەگێڕێتەوە کە:

-من لە فووسا بووم کە خۆپیشاندانێکی گشتی بە بۆنەی دەست پێکردنی شەڕ بەڕێوە دەچوو. دیتنی ئەو حەشاماتەی کە بەم جۆرە دەسخۆشی سەرەتایی ترین غەریزەکانیان بوون، مەترسییەکی گەورەی لە مندا دروست کرد. بڕوای کافوونە بێچارەکان بە پێشەوا هەروەك باوەڕکردن بە سێحربازێکە کە مۆجیزە نیشان دەدات و، قەشەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە بوونی ئەم پیاوە نیشانەی خێرو بەرەکەتی خواییە. قەشەکان! ئای لە دەست ئەم قەشانە!

پیرەمێرد دەڵێ:

-ئەگەر ئەم قەشانە خۆیان تەفرە دەدەن ئەوا خەتا لەخۆیانە. نێزیك بە دوو هەزار ساڵە کە ئەمانە ئاگادار کراونەتەوە و ئەم رستەیەش لە حاست ئەم کەسانەیە کە: (زۆرن ئەو کەسانەی بە ناوی خوا دێن وگەلانی خوا بەلاڕێدا دەبەن) قسە لە شەڕ و هەڕەشە بە شەڕ دەکرێ. دەبێ گشت ئەم جۆرە کارەساتانە بێنەپێش، بەڵام ئەمە کۆتایی کار نییە. گەلێك بە دژی گەلێکی دیکە هەڵدەستێتەوە و نەتەوەیەك بە دژی نەتەوەیەکی دیکە. لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دونیادا خەڵك تووشی قات وقڕی و بوومەلەرزە و تاعوون هاتوون، بەڵام گشت ئەم کارەساتانە نیشانەیەک نین بۆ کۆتایی هاتنی دنیا، بەڵکوو سەرەتایەکە، بەڵێ، لەمێژە کە مەسیحییەکانیان ئاگادار کردۆتەوە. تاقمێک رادەپەڕن و تاقمێکیس خەیانەت دەکەن. ئەو کاتە ئەگەر کەسێك (ئەگەر چی خوودی پاپاش بێ) بڵێ کە: ( ئەمە لە لای خواوە هاتووە، ئەمەش لەلایەن خواوە مەئموورە!) ئێمە نابێ بڕوای پێبکەین، چوونکە بە ئێمەیان راگەیاندووە: ( زۆر کەس بە درۆ و بە ناوی پێغەمبەر وەک رزگاریدەر پەیدا دەبن ومۆجیزەی گەورە لە خۆیان پیشان دەدەن و کۆمەڵگا سەرگەردان دەکەن) ئێمە پەیامێك لەمە روونترو خێراتر و جێ باوەڕترمان دەس ناکەوێ. بەڵام ئێستا ئەگەر کەسانێك ئەم پەیامەیان لە یاد چووەتەوە، ئەمە لە خۆیدا نابێتە هۆی گۆڕانکێک لە چەمك و نێوەڕۆکی بابەتەکەدا. پێش تر چارەنووسی ئەو پیاوە(خوداییە)ی ئەمان نووسراوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

Intralit ut Yulpis Eejnalit utico Moriet ur canis

(یانی وەك ڕێوی دێت، وەك شێر دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ و، وەك سەگ دەتۆپێ!)

پیاوە گەنجەکە دەڵێ:

-بەراستی ئەم زمانی لاتینە چەندە جوان و پڕ نێوەرۆکە! و چ جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەنێوان لاتینی کۆنی کلیسەو لاتینی بڕیارنامەیی پاپا!

پیرەمێرد دەڵێ:

-زۆرجار من پرسیار لە خۆم دەکەم کە دەبێ چی بکەم. پیاو دەتوانێ لە تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵیدا بیرو باوەڕەکانی خۆی بگۆڕێ بەڵام لە توانایدا نییە خوو و نەریتەکانی خۆی بگۆڕێ. گۆشەگیریو خانەنشینی تەنیا شێوە گوزەرانێکە کە دەتوانێ لەگەڵ ئاکارمدا سازگار بێ. من تەنانەت لە تەمەنی لاویەتیشدا دوور لە خەڵکی دەژیام. بە هۆی ئەو بێزارییەی کە لە هەموو حاڵێکا لەحاست دزێوی و نگریسییدا هەمبووە، هەموو کاتێ خۆم لە سیاسەت دوورەپەرێز ڕاگرتووە. زەوق و مشوور و ئەو ڕاهێنانانەی کە لە جوانکاری ناسیندا بەدەستم هێناون هەموو کاتێ منی لە چالاکی کردن دوور خستوەتەوە. لەمەش دەرچێ بێزاربوونم لەو بارودۆخەی کە لە گۆڕێدایە، سەرچاوە لەو بێزاریەوە ناگرێ کە لەحاست سیاسەتدا هەمە، وەك ڕق و کینەی دەنگدەرێکی هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو بێزاری مرۆڤێکە کە ئەم کۆمەڵگایەی لا پەسند نییە. بەڵێ، لەو کاتەدایە کە پرسیار لە خۆم دەکەم دەبێ چی بکەم؟ چاوێ بە دەوروبەرمدا دەخوشێنم و دەبینم ئەو کارەی کە لەدەست من دێ زۆر کەم و بێ بایەخە. هەر بەجارێ توانای کار کردن لەسەر قەشەکانم نەماوە، ئەو قەشەیانەی کە من دەیانناسم ئێستا خۆیان لە من نەبان دەکەن و لە بەرەورووبوونەوەیان لەگەڵ مندا هەراسانن. لە قەشەنشینی مارسێی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا هەر قەشەیەك کە کلیسەی بەجێ هێشتبێ لە ئاکامی شان خاڵی کردن لە ژێر پەیمان و بڕیارەکانی کلیسە و خۆ دوورخستنەوە لە ئەرکە ڕۆحانییەکان بووە و، هەر ئەمە بەسە بۆ تێگێشتن لە بارودۆخ و بۆچوونی توێژی ڕۆحانییەکان. ئێستا ئەگەر لەم قەشەنشینەدا دەنگۆیەک

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بڵاوببێتەوە کە قەشەیەکی تر بەناوی دۆن بینەدیتۆ، خەڵکی رووکادی مارسێی بەرگی قەشایەتی ماچ کردووەو وازی هێناوە، بە دڵنیاییەوە یەکەم تەفسیرێك لەسەر ئەم رووداوە کە بەزەینی بڕوادارەکان دەگا ئەمەیە کە بڵێن: ( ئەمەش قەشەیەکی دیکە کە چووەتە زگ قەرەواشەکەی!)و پێویستە دڵنیات بکەمەوە ئەگەر من هێشتاش پێش نوێژی مس دەکەم تەنیا بۆ رێزگرتن لەو خەڵکە ساکارو ساویلکانەیە کە لێم نێزیکن و لەبەر ئەوەیە کە دڵی ئەم بێچارانە نەشکێنم. لەمە زیاتر هیچی دیکەم لە دەست نایەت!

ئێستا پیاوە گەنجەکە لە بەراوردکردنی خاڵە رۆحییەکانی خۆی و خاڵە رۆحییەکانی پیرەمێرددا هاوسەنگییەکی بەرچاو دەبینێتەوە کە سەرەتا چاوەڕێی لێ نەدەکرد. هەر بە بۆنەی ئەم مەبەستەیە کە غیرەتێك وەبەر خۆی دەنێ و دەردە دڵی خۆی بۆ مامۆستاکەی جارانی ئاشکرا دەکا. باسی ناکامییەکان و تێکۆشانە بێ هوودەکانی بۆ دەکات کە لە پێناو دۆزینەوەی قەوارەی چالاکییەك کە لەودا بتوانێ ویژدانە خەوتووەکان هوشیار بکاتەوە. بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن لە پیتراسکا بۆی روون دەبێتەوە کە کافوونەکان لە حاست هەرچەشنە بانگەشەیەکدا جا لەهەر بابەتێك بێ، بێ وازییان لەخۆ پیشان داوە و گوێی لێ دەئاخنن و، گفتوگۆی ئەم دواییانەشی لەگەڵ پراتۆلانۆی فایتوونچیدا دەگێڕێتەوە سەبارەت بە بێ هوودە بوونی ئەو چالاکییانەی کە پشت بە توند و تیژی دەبەستن. ئەدی دەبێ چی بکرێت؟

بێدەنگییەکی یەکدەست هەردوو پیاوەکان بە یەکەوە گرێ دەدا. مامۆستا و قووتابی هەردووکیان بەرەو رووی ئاستەنگێك بوونەتەوەو، رەگەکانی ژیانیان کە جیاوازییەکی زۆریان پێکەوە هەیە لەم خاڵەدا بە یەك دەگەنەوە. پیرەمێرد دەڵێ:

-دەبێ ئاگادار بین کە ئیرادەی خەبات، ئێمە بەرەو گوومان و تەنیایی و دەسکردبوون و واز لێ هێنان راکێش نەکا. دەبێ خۆمان لە هەڵاتن بە دوای سەرکەوتنێکی رواڵەتی ببوێرین. ئەو پەتایەی کە ئێستا بەرەورووی بووینەتەوە لە سیاسەت بە هێزترە، غانخازیایەکی بەراستییە! مەڵحەم دانان لەسەر ئەو لەشەی کە بۆگەنیوی کردووە هیچ دەرئەنجامێکی لێ دەست ناکەوێ. خەباتی چینایەتی لە ئارادایە، شار لە ئارادایەو، دێ لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئارادایە، بەڵام لەژێر هەمووی ئەمانەوە مرۆڤە کە حەیوانێکی بەدبەخت و رەوەکەو ئەم غانخازیایە تا بەسەر ئێسکی تەشەنەی سەندووە...

ئێستا غەمێکی کاریگەرو کەم وێنە، کاری کردوەتە سەر پیاوە گەنجەکە. گوێ بە قسەکانی پیرەمێرد دەدات و چاوەڕوانە رێگا چارەیەك، پێشنیارێك، ئەندرزێك لە قسەکانیدا ببینێتەوە. پیرەمێرد هەست بەم حاڵەی ئەو دەکاو لە ناکاو راوێژی قسەکانی خۆپاریزانەتر دەبێ- لاوەکە دووپاتی دەکاتەوە:

-ئەدی دەبێ چی بکەین؟

دۆن بینە دیتۆ لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

-منیش لە رادەیەکیتر و بە ئاقارێکی جیاوازدا، قۆناغە ئەزموون کراوەکەی تۆم تێپەڕ کردووە. منیش بە نۆرەی خۆم هەوڵمداوە لەگەڵ فەلانە و بیسارە قووتابییە کۆنەکانمدا قسەبکەم و شتەکان تاوتوێ بکەم. منیش زەحمەتێکی زۆرم وەبەر خۆم ناوە تا ئایدیالۆژی دیکتاتۆریەت کە تەڕەماشێکی پیس و گڵاوە و، دەسکردی تاقمی دوکتۆری مەست وسەر خۆشە و بەبێ مەنتق و بە ناوی حکوومەتەوە دەرخواردی خەڵکی دەدەن، خاڵ بە خاڵ رەتی بکەمەوە. (ماوەیەکی زۆری پێچوو تا بەو قەناعەتە گەیشتم کە خەریکم کات بەفیڕۆ دەدەم چوونکە ئەو کەسانەی کە من قسەیان لەگەڵدا دەکەم بۆ خۆیان هەربەراستی بێ مەنتق بوونی ئەم ئایدیالۆژییەیان دەرك دەکرد. کەچی ئێستا ئەمان لەخزمەت کارە بە وەفاکانی دیکتاتۆریەتن. بۆ ئەو شانازییەی کە دەبێ دیکتاتۆریەت پێیان ببەخشێ بە گەژ یەکتردا دەچنەوە و لە حاست یەکتردا بە مل ملانێ هەڵدەستنەوە و هەر کەسەو هەوڵدەدا تا لە دەربرینی کۆیلییەتی و بەندەییدا بۆ پێش خستنی خۆیان کەڵك لە هەر دەرفەتێك وەربگرن کە بۆیان دەرەخسێ. لە مارسیکا شۆڕشی تاکەکەسی کە لە ناهومێدییەوە سەرچاوە دەگرێ، کەم و زۆر رووی دەدا، بەڵام ئەم چالاکییانە نەك هەر چەوساوەکانی نەهەژاندووە بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەوانی پتر سام گرتوو کردووە.

-پیرە مێرد بێدەنگ دەبێت و لاوەکەش چاوەڕوانە کە ئەو دیسان درێژە بە قسەکانی بداتەوە. وەبیری ساڵەکانی دواناوەندی دەکەوێتە و ئەو رۆژانەی کە مامۆستا مەسەلەیەکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆر دژواری لەبەردەم قووتابییەکان دادەنا و لە یارمەتی پێگەیاندنیان خۆی دەبوارد. ئەو رۆژانە مامۆستا بەهەیبەتێکەوە کە بەروالەت وای خۆنیشان دەدا کە گاڵتەی لەگەڵ ئەمان نییە، وەڵامی دەدانەوە: (ئەگەر ئێوە نەیزانن بۆ دەبێ من بیزانم؟) بەڵام ئەمجارە بەراستی مامۆستاش سەر گەردانە. پیرە مێرد و لاوەکە هەردووکیان بەم خاڵە گێشتوون. دەبێ چ بکەن؟

پیرە مێرد لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

-ئەو شتەی کە وڵاتی ئێمە لێی بێ بەرییە گیانی رەخنەگرتن نییە، لە زۆر شوێنیش بێزاری دەربڕینەکان هێندەش بە نەهێنیەوە بەرێوەناچن کە کەس ئاگاداریان نەبێ، لە وڵاتی ئێمەدا مرۆڤ قاتە. کەسانێك هەن کە دەست دەدەنە کردەوەی توندو تیژی و، هەن ئەو کەسانەی لە پای مافەکانیاندا رادەوەستن، بەڵام مرۆڤ بوون لە گۆڕێدا نییە. منیش پرسیار لە خۆم دەکەم کە دەبێ چ بکەین؟ دڵنیام ئەو زەحمەتەی ناهێنێ کە پیاو شێوەیەکی نۆێ بۆ قسەکردن یان شێوەیەکی نۆی بۆ خۆنواندن پیشانی گەلێکی کۆیلە و ترس لێدراو بدات. بەڵکوو رەنگە ئەمە گرینگ بێ کە رێبازێکی نۆی بۆ -چۆن بژی- پیشان بدەین. هیچ خۆ لە فیزنانێك و هیچ جوولانەوەیەك ناتوانێ وەك ژیان و، بەپێی پێویستی، وەك مەرگی کەڵە پیاوێکی سەربەست ــ کە هەوڵدەدا ئازاد و پاك و بەشەرف بژیت ــخەڵکی قانع ناکا، پیاوێك کە بەرجەستەکەری ئەم بانگەوازە بێ کە دەلێ: "چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی".

پاشان پیرە مێرد یادێك لەو سەفەرەی دەکاتەوە کە بۆ ئۆوێرتا شوێنی لەدایك بوونی میوانەکەی چووە و، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

-وامان دانا ئەگەر خەڵك لێت حاڵی نەبن کە تۆ چی دەڵێی وچی دەکەی، بەڵام باست دەکەن وبیر لە تۆ دەکەنەوە چوونکە تۆ نموونەی رەگەزێکی تری لە مرۆڤایەتی و نیشاندەری شێوە ژیانێکی تری و، چوونکە تۆ لە نێو ئەواندا هاتوویتە دونیاوە، بۆ ئەوان نموونەی ئازایەتیت چوونکە پێیان دەسەلمێنی کە هەر لاوێکی ئۆوێرتایی دەبێ چۆن بێ و چۆن بژی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپینا دەپرسێ:

-یانی هەر ئەوەندە بەسە؟ پێم وانییە تەنیا ئەم کارە بەست بکا.

پیرەمێرد دەڵـێ:

-جارێ هیچ ڕێگاچارەیەکی تر لە گۆڕێدا نییە. دەبێ زەمانی هەر شتێکمان لەبەرچاو گرتبێ. هەر ئیشێك کاتێکی هەیە. وەرزی هەڵپەرتاوتن جیایە، وەرزی دەرمان ڕشتن و ئامادەکردنی کووپەکان و وەرزی ترێ چیینەوەو وەرزی شێلانی ترێش هەر هەموویان دەبێ لە کاتی خۆیدا بکرێ. کاتێ لە وەرزی بەهاردا تۆ بە هەڵپەرتاوتنی مێوەکانەوە خەریکی ئەگەر کەسێك بە لای تۆدا تێپەڕی و بە تۆ بڵێ: (ئەم کارە پێویست ناکا ، چوونکە ئەگەر کووپەکانت خاوێن نەبن شەرابەکەت لێ زایە دەبێ، کەوابوو بەر لەهەر کارێك جارێ لە بیری کووپەکانت بە!) ئەو دەم تۆ دەتوانی وەڵامی بدەیتەوە: ( هەرکارێك وەرزێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئێستا کاتی خاوێن کردنەوەی کووپەکان نەهاتووە، بەڵکوو وەرزی هەڵپەرتاوتنی مێوەکانمە. کە وابوو لێم گەڕێ با بەکاری هەڵپەرتاوتنی مێوەکانمەوە خەریك بم!).

مارتا وەژوور هۆدەی ئەو دووپیاوە دەکەوێ و دۆن بینەدێتۆ ئاگادار دەکاتەوە کە کاتی نوستن هاتووە و بەر لەوەی بچێتە ژووری خەوتن ماڵ ئاوایی لەمیوانەکەی بخوازێ، سپیناش هەڵدەستێ و ئیجازەی ڕۆشتن لە دۆن پائۆلۆ دەخوازێ، چوونکە شەو درەنگە و فایتوون چییەکەش لە نێو دێ چاوەڕێی دەکا. بەرلە ڕۆیشتن، ناو و نیشانی خۆی لەسەر لاپەڕەیەك دەنووسێتەوە و بە هێواشی دەیداتە دەستی قەشە و دەڵێ:

-بەتەمام تا حەوتوویەکی دیکە بەرەو ڕۆما بگەڕێمەوە. لەم ماوەیەدا هەرکات پێویستییەکت بە من بوو ئەمە ناو و نیشانی منە.

پراتۆلانۆ بە فایتوونەکەیەوە لەخوار تەپۆڵکەکە چاوەڕێی دۆن پائۆلۆ دەکا. قەشە بێدەنگ و بێ هەست، سوار فایتوونەکە دەبێ. لە نێو ڕێدا قسەکەی دۆن بینە دیتۆ لەبەر خۆیەوە دووپات دەکاتەوە: ( هەرکارەو وەرزێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ناکرێ بە پەلە کاتی ترێ چنینەوە وەپێش بخرێت!)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فایتوونچی لێی دەپرسێ:

-دۆن بینە دیتۆ چۆن بوو؟

-باشە.

-بریا هەموو کەسێ وەك ئەو دەبوو!

دەشتی فوچینۆ کە هەر وەك کەللە قەندێك دەچێ، وەك دیمەنێك لە حەکایەتی پەریزادەکان، لەژێر تیشك دا ترووسکەیەتی. بای شەماڵ لەلای پیچیناوە هەڵدەکا ، ئەو دەشتە وەك کەنداوی ئاو پان بووتەوە.

لەمیوانخانە و لە ژوورەکەی خۆیدا، دۆن پائۆلۆ چاوی بە بیان کینا دەکەوێ کە لە نێوان کۆڵێ جل وبەرگدا و لەسەر قەرەوێڵە و ئەسکە ملەکاندا خەریکی گوڵدۆزی کردنە. بیان کینا دەڵێ:

-ئەمە بووخچەبەندی منە کە بۆ سەفەر ئامادەی دەکەم. پوورم چەندانە کراسی پێش کەش کردووم و من خەریکی پینە کردنیانم. بەر لەهەرشتێ ناوی خۆمیان لەسەر گوڵدۆزی دەکەم. بەراستی زۆر بێ مانایە کە مرۆڤ بچێ بۆ پاریس و جل و بەرگەکانی نیشانیان نەبێ.

قەشە دەپرسێ:

-دەتەوێ بچی بۆ پاریس ؟

- چما تۆ بەڵێنیت بە من نەدابوو کە منیش لەگەڵ خۆتدا ببەی؟

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-راستە، لەبیرم چووبووەوە ، بەڵام ئێستا دەبێ پێت راگەیەنم کە من ئیتر حەزناکەم برۆم.

-ئەوکیژە هەموو رۆژێ لە بیری سەفەرکردن بووە و هەموو رۆژێ بۆ خۆ ئامادەکردن و کۆکردنەوەی بووخچەکەی زەحمەتی کێشاوە. ئێستا نەك هەر پۆرتی شکاوە بەڵکوو لەوەی قەڵسە کە لەبەرچی دۆن پائۆلۆ ڕای خۆی گۆڕیوە و لە بیری کردووە کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمیش ئاگادار بکاتەوە، لەحاڵێکا ئەو هەروا خەونی بە پاریسەوە دەبینی. لە هەیبەتان چاوانی دەرپەڕیون و بە توانجەوە بە دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-چما تۆ حسێبم بۆ ناکەیت؟

قەشە بە بێ مننەتییەوە وەڵام دەداتەوە:

-من حسێبت بۆ ناکەم چوونکە تۆ زۆر نەفامی.

ئەم لاتاوە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی دەنگی گریانی کچەکە. کیژەکە لەسەر عەرزی دادەنیشێ و ئەو کراسانەی کە پووری پێی بەخشیون لە فرمێسکی چاویدا دەخووسێنێ. دۆن پائۆلۆ ئاووڕیشی لێ ناداتەوەو لێی دەگەڕێ تا تێر بگریت و پاشان بڕوات، تا بەم جۆرە بتوانێ بە ئاسوودەیی سەرخەوێك بشکێنێ. کاتێ گریانەکەی بیان کینا روو لە تەواوبوون دەبێ، بە دوو هەنیسك لێدانەوە، دەیەوێ بزانێ ئایا بەراستی شایانی ئەو چەشنە کەتنەیە.

-چما من نەفامم؟ بڵێ بزانم، لەبەرچی من نەفامم؟ چوونکە ئاواڵایەتی پیاوان دەکەم؟ یان لەبەر ئەوەی کە هێشتا مێردم نەکردووە؟

قەشە لێی دەپرسێ:

-تۆ تا بە ئێستا قەت بیرت لە کارکردن کردۆتەوە؟

-باشە ئەمە چ پێوەندییەکی بەو شتەوە هەیە؟

قەشە بۆی روون دەکاتەوە:

-کار کردن کەرسەیەکی سەرەکی نییە بۆ وەدی هێنانی گشت مەبەست و نیازەکان، بەڵام بە گشتی پاڵنەرێکە بۆ تێکۆشەر بوون.

بیان کینا ژیر دەبێتەوە. کەوا بوو لەبەر ئەم شتەیە کە ئەو نەفامە؟

بۆ سبەی بەیانی سەر لە نوێ وتووێژەکان دەست پێ دەکاتەوەو بەڕواڵەت بیان کینا بە قەناعەت دەگا. بڕیار دەدا بەرەو رۆما سەفەر بکات. دۆن پائۆلۆ خەرجی نێو ڕێگا بە دوو نامەوە دەداتە دەستی: یەکیان بۆ خێزانی کڵۆچی کە زیندانی سیاسییە و لەودا، سپینا داوای لێ کردووە کارێك بۆ ئەم کیژە بێچارەیە بدۆزێتەوە، نامەکەی دیکەش کە دەبێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خێزانی کیلۆچی بیگەیەنێتە دەستی رۆمێئۆ، ئەم نامانە بە ئاوی لیمۆ نووسراون و لە کاتێکا خەتەکانی دەردەکەوێ کە گەرمای ئاگری پێ بگات و بەم چەشنە کەس شک نەکا ئەم لاپەڕانە نامەن. سپینا لەو نامەیەدا گەڕانەوەی بەرەو رۆما باس کردووە و دەیەوێ رۆمێئۆ شوێنێکی جێ متمانەی بۆ پەیدا بکات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 11

دۆن پائۆلۆ تەنیا بۆ ئەم مەبەستە گەڕاوەتەوە بۆ پیتراسکا کە بۆ چەند رۆژێك لەو شوێنە بمێنێتەوە، واتە تا ئەوکاتەی رۆمێئۆ بتوانێ لە شاردا شوێنێکی جێ مەتمانە بۆ مانەوەی ئەو ببێنێتەوە تا ئیتر لەوە زیاتر سەرگەردان و دەربەدەر نەبێت. قەشە ئێوارەیەك خۆ بە قسە کردن لەگەڵ ماتالینا سەر قاڵ دەکا، کە لە قاتی خوارێی میوانخانەکەدا بە هەوێر شێلانەوە خەریکە. لە پیتراسکا نان کردن هەر پازدە رۆژ جارێ، لە تەنوورێکی گشتیدا و بە داب ونەریتێکی تایبەت و دژوار دەکرێ. ماتالینا کە پرچەکانی لە خاولییەکدا وەك لێچکەی ژنە تۆبەکارەکان پێچاوەتەوە لەسەر سوێنەی هەویر شێلاندا ئاردەکەی دادەبێژێ. بەم کارە، ئاردی سپی لە سۆ و ئاردی تایبەتی لە ئاردی لاوەکی جۆی دەبێتەوە: سۆ هەر بە کاری مریشکەکان دێ، ئاردە لاوەکییەکەش بۆ نان کردن و بە ئاردە تایبەتییەکەش شیرینی و رشتە و شتی تایبەتی دیکەی لێ سازدەکرێ . بێژنگ بە جووڵەیەکی هاوسەنگ تۆزێکی لێ هەڵدەستێ کە دەست و سەرو چاوی ئەو ئافرەتەی بەجاری سپی کردووە. ئامریکۆ لەبەردەم کوانووەکەدا لەسەر چۆك دانیشتووەو هێندەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فوولە ئاوردووە تەرەكان كردووە كە فرمێسك چاوەكانی داگرتوون. لە نێو مەنجەڵەكەدا، سێوكی لەسەر بارهێناوە كە بە ئاردەكەیەوە زیا بكات تا نانەكە قوورس تر بێ و بتوانن بۆ ماوەیەكی درێژ خایەنتر رایگرن. دۆن پائۆلۆ سەیر دەكات و بێدەنگە. رێورەسمی نان كردن ماڵی باوكی وەبیر دێنێتەوە كە دایكی وەسواس و وردبینییەكی لە رادەبەدەری بۆ بەرێوە بردنی ئەو رێورەسمە بەكاردێنا، یەكێ لەوانە بەر لەهەر كارێك هێمای خاچی دەكێشایەوە. بانگ كردنەكانی نانەواكەیان ئێستاش لەگوێیدا دەنگ دەداتەوە: بانگی یەكەم بۆ هەویر ترش بوو كە دەبایە هەویرەكە هەڵ بێنێ، بانگی دووهەم بۆ سازكردنی رفێدەكان و سەر ئەنجام بانگی سێهەم بۆ گۆڕینی تەختەی هەڵگری رفێدە كانی هەویر بۆ تەنووری گشتی ونان برژاندن بوو.

كەچی لەم كاتەدا هەڵسوورانی بێژنكەكە رادەوەستێ. لاوێكی نائاشنا كە سەر و وەزعێكی نیمچە دێهاتی و نیمچە كرێكاری هەیە، لە دەرگای میوانخانەكەوە دێتەژوور. سۆراغی دۆن پائۆلۆ دەگرێ و كاغزێكی دەداتە دەست كە دۆن بێنە دیتۆ بە خەتێكی ورد و لەرزۆك ئەم چەند دێرەی لەسەر نووسیوە:

(ئاواڵی خۆشەویست، هەڵگری ئەم كاغەزە پیاوێكی بێچارەیە كە پێویستی بە تۆیە و رەنگە تۆش پێویستیت پیی بێ. بە پشوو درێژییەوە گوێ بۆ قسەكانی رابگرە).

لاوەكە بە دیتنی دۆن پائۆلۆ دڵی دادەگیرێ و بە سەرسووڕمانەوە تەمای گەرانەوە لە سەری دەدات. لەوحاڵەدا دەڵێ:

-دۆن بینە دیتۆ بە منی وتبوو رەوانەی لای پیاوێكت دەكەم كە لە هەموو بارێكەوە دەتوانێ مەتمانەی پێبكەی. لە راستیدا نەم دەزانی بەرەو رووی قەشەیەك دەبمەوە.

دۆن پائۆلۆ فەرمانی پێدەدا كە بە دوایدا بێت بۆ هۆدەكەی، ئەو لە تەنیشت خۆی دادەنیشێنێ و ئەودەم دەڵێ:

-ئەگەر ئیشەكەت لە ریزی ئەو ئیشانەدا بێ كە بەپێی عادەت خەڵكی روو لە قەشەكان دەكەن ئەوا دەست بەجێ داوام لێدەكردی كە سۆراغی شوێنێكی دیكە بگری. بەڵام ئەگەر بتوانی بەرگی قەشایەتییەكەم لەبەر چاو نەگری، ئەگەر دەتوانی بە چاوی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیاوێکی ئاسایی سەیرم بکەی - پیاوێکی وەك خۆت، کێ دەزانێ، رەنگە لە ئاستی بێچارەیی تۆشدابم- لەم حاڵەدا رەنگە دۆن بینە دیتۆ بەهەڵەدا نەچووبێ کە تۆی بەرەو لای من رەوانە کردووە... لە کەنگێوە دۆن بینە دیتۆ دەناسی؟

لاوەکە لە وەڵامدا دەڵێ:

-ئێمە خەڵکی ناوچەیەکین. بنەماڵەکان لە وێرکا هەموویان یەکتر دەناسن. کاتێ دەبینن کەسێك لە ماڵ دەردەچێ دەزانن بەرەو کوێ دەچێ و کاتێ ببینن دەگەڕێتەوە، دەزانن لە کوێرا دێتەوە. بنەماڵەی ئێمە لە داوێنی گردەکە، لای سەرووی ئاوایی، رەزێکمان هەیە کە بە باغەکەی دۆن بینە دیتۆوە نووساوە. بۆ دەرمان رەشتنی رەزەکەمان ئێمە کەڵك لە چاڵە ئاوەکەی دۆن بینە دیتۆ وەردەگرین و ئەویش بۆ پەرژینی باغەکەی چیلکە و چرپی لە ئێمە بەقەرز وەردەگرێ. بۆ بارهێنان و فێر بوونی من، دایکم هەمیشە پرس وڕای بەو کردووە. رەنگە ئامۆژگارییەکانی لەهەموو خاڵێکا بە کەڵك نەبووبێ بەڵام قەت گوومانمان لە نیازپاکی ئەو نەبووە. لە سەردەمی مناڵی منەوە تا بە ئێستا، ئەو جگە لە خێر و بەرژوەندی من هیچی دیکەی لەبەر چاو نەگرتووە.

بەرە بەرە کە ئەو لاوە لە قسەکردندا بەردەوام دەبێ، رواڵەتی کەسایەتیە راستییەکەی روونتر دەبێتەوە. بەو قڵش و درزانەی کە بە کارکردن لەگەڵ گڵ وخاکدا لەسەر دەست و روومەتی پەیدا بووە، لە قژە ئاڵۆزەکەی و بە تایبەت جل و بەرگە پینەکردوەکانیدا، لە یەکەم دیداردا پیاو هەست دەکا کە ئەوە پیاوێکی نیمچە وەرزێرو نیمچە کرێکارە. بەڵام کاتێ پتر لێی ورد دەبیتەوە سەیر دەکەی هۆش و وشیارییەکی لەرادەبەدەر لە چاوانیدا دیارە و هەڵسوکەوتەکەی هێمن و لەسەرخۆ و جێگای رێزە. سەرەڕای ئەمانەش قسەکردنەکەی بە راوێژێکی رەمەکییانە نییە، بەڵکو بە زاراوەیەکی ئیتالیایی فەسیحە و زۆر بە وردی قسە دەکا. بڕوای هاوبەشانەی ئەو دوو پیاوە لەحاست دۆن بینە دیتۆدا ئەمان پتر لە یەکتر نیزیك دەکاتەوە و کوڕە نائاشناکە دەست دەکا بە گێڕانەوەی سەربردەی ژیانی خۆی :

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-بە منالّی کورێکی دڵ ناسك ونازدار بووم، لەوەش دەرچێ تاقانە بووم. هەر لەبەر ئەم هۆیانە دایکم پێی وابوو کە من نابێ بە کاری جووتیارییەوە سەرقاڵ بکرێم و، سەبارەت بەم شتە دەیگووت: (باب وباپیر و تۆرەمەی ئێمە کاریان لەسەر زەوی کردووە و ئێمە ئێستاش لەو ئاستەداین کە ئەوانی لێبووە. وەچە بە وەچە ئێمە زەوی دەکێڵین و تۆی پێدا دەرژێنین و کوودی لێدەدەین وقەت گەشەمان نەکردووە. واباشترە ئەم کوڕەمان لە قووتابخانەدا دەوام بکا. ئەو لەباری تەندروستییەوە کزو لاوازەو پێویستی بە ژیانێکی ئاسانترو راحەتتر هەیە.) باوکم لەسەر ئەو قەناعەتە نەبوو و دەیگووت: (راستە کاری زەوی پڕ لە چەرمەسەرییە بەڵام لەبەرامبەردا پڕ پیت و بەرەکەتە. خوێندن تایبەت بە کوڕە ساماندارەکانە و ئێمە کەس شك نابەین کە یارمەتیمان پێبگەیەنێ.) بەڵام یارمەتیدەری ئێمە دۆن بینەدیتۆ بوو. ئەو دەیگووت: (ئێستا کە ئەم منالّە مشوورو هۆشێکی شایانی بۆ خوێندن هەیە لێی گەڕێن با بخوێنێ!) ئەو بە ئامۆژگارییەکانی خۆی لایەنی دایکمی دەگرت. تا ئەو کاتەی لە ناوەندیدا دەمخوێند، بنەماڵەکەم لە باری ماڵییەوە هێشتا باش بوون. باوکم سەرەڕای ئەو رەزە، دووپارچە زەوی بۆ دێمەکارو گەنم هەبوو و چوار مانگاشی هەبوو. لەراستیدا ئەو پارەیەی کە دایکم بۆ خەرجی پانسیون بۆی رەوانە دەکردم قەت بە ریکوپێکی بە دەستم نەدەگێشت، بەڵام سەرئەنجام هەر چۆنێك با هەر دەگێشت. بەڵام لە ماوەی سێ ساڵەی دواناوەندیدا، لەبەر خراپ بوونی داهاتی بنەماڵەکەم کە لە ماوەی دووساڵاندا بەربینگی پێ گرتبوون و نەخۆش بوونی باوکم، جگە لەو خەرجە قورسەی کە سەرچاوەی لە خوێندکەی منەوە دەگرت بارودۆخی بنەماڵەکەمان رۆژ بە دوای رۆژ، بەرەو خراپ بوون دەچوو. بەم چەشنە بەپێی پێویست ناچار کران بۆ دانەوەی قەرزەکانمان یەکێ لە پارچە زەویەکان بفرۆشن. دوودانە لە مانگاکانیش بە نەخۆشی مردن و دوانەکەی دیکەش کە زیندوو مابوونەوە لە بازاردا بە فرۆش چوون و دایك و باوکم تەویلەکەیان بەکرێ دا. دایکم دەیگووت: (قەیدی ناکا، کاتێ کوڕەکەم خوێندنەکەی تەواو کرد بە هانامانەوە دێت.) بەڵێ، سێ ساڵ بەر لە ئێستا بڕوانامەی دواناوەندیم وەرگرت و چوومە رۆما و لە زانکۆی ئەدەبیاتدا نێو نووسیم کرد. دایکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەستەزمانەکەم نەیدەزانی خەرجی خوێندنم لە پایتەختدا و تا ئەو رۆژەی کە بتوانم دوکتۆرای ئەدەبیات وەربگرم لە کوێ گیر بێنێ.

-دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-لەبەرچی چووی بۆ زانکۆی ئەدەبیات؟ خۆ ئەدەبیات نانی لێ وەدەست ناکەوێ.

-دۆن بینەدیتۆ لەسەر ئەو قەناعەتە بوو کە مشوورو زەوقی من لە ئەدەبیاتدا پتر لە زانستەو لەروانگەی ئەوەوە هەر ئەم بابەتە بەست بوو کە گشت مەسەلەکانی دیکە بگرێتە بەر. من لە رۆما ژیانێکی پڕ لە بێبەشیم دەست پێکرد، مەنزڵەکەم لە هۆدەیەکدا بوو کە بێ کارەبا بوو. نیوەڕۆیان لەباتی ناشتا شیر قاوەیەکم بە نانەوە دەخواردو شەوانەش بە سووپێك قەناعەتم دەکرد. هەمیشە زگ برسی بووم. بەرگەکەم هەروەك بەرگی دێهاتییەکان دەچوو. ئاواڵێکم نەبوو، لە زانکۆدا، رۆژانی یەکەم هەوڵمدا لەگەڵ چەند کەسێك لە خوێندکارەکان زیاتر نێزیك ببمەوە، بەڵام لەبەر سەرورووە دێهاتییانەکەم دەبوومە مایەی گەپجارەیی و شکانەوەی خۆم و لەگەڵ ناپەسندانەترین لاتاو و گاڵتەپێکردندا بەرەو روو دەبوومەوە. یەك دوو تاقی کاری دیکە هەر لەم بابەتانە پتر منی لە شەرمدا نووقم کرد. زۆرجار لەبەر قەڵسییان لە هۆدەکەمدا دەگریام. سەرئەنجام خووم بە گۆشەنشینی گرت. منێك کە لە رووکادا خووم بەوە گرتبوو کە لە شوێنێکی پڕ لە خۆشەویستی و دۆستایەتیدا بژیم، نەم دەتوانی لەگەڵ کەسانێکی سووك و ناحەز و بە دەنگ وباس و شوێنی پڕ لە هاتوو هاوارێکی بێ شەرمانەی ئەم خوێندکارانەدا بسازێم. زۆربەیان سەرقاڵی وەرزش و سیاسەت دەبون چوونکە وەرزش و سیاسەت دەرفەتێکی باشی دەدا بەدەستەوە تا پیاو لە کۆمەڵگادا ناوبانگ پەیدا بکات. من سەرم لە بابەتی سیاسەت و فوتباڵ دەرنەدەچوو. رۆژێکیان کە سوار تراموا دەبووم بە چاوی خۆم یەکێ لە دیمەنەکانی دەست درێژیو زۆرە ملی ئەوانم دی، کە بە لایانەوە زۆر ئاسایی بوو. لە ناوەندی شەقام، دەدوازدە کەس لە خوێندکارانی زانستگاکەمان کرێکارێکی لاویان بە مەبەستی کوشتن دەکوتا. ئێستاش جوان لە بیرمە کە چۆن ئەو کرێکارەیان لەسەر عەرزی شەقامەکە کەواندبوو. سەرە خوێناوییەکەی لەسەر یەکێك لە هێڵەکانی ترموادا کەوتبوو و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خوێندكارەكان بەردەوام وەبەر لەقەیان دەداو هاواریان دەكرد كە: ( ئەم پیاوە سڵاوی لە ئاڵای نیشتمان نەكردووە!) پۆلیس هاتن و پاش پیرۆزبایی كردن لە هەڵمەتبەران- لەبەر هرووژانی هەستی نەتەوە پەرستانەی ئەمان- بریندارەكەیان دەست بەسەر كردو بردیان. لە شوێنی رووداوەكەدا كۆمەڵێكی زۆر كۆبوونەوە، بەڵام دەنگ لە كەس هەڵنەدەستا. من مات و سەرسووڕماو لە تراماواكەدا مابوومەوەو لە بن لێوەمەوە بەخۆم دەگووت: (ئەی بێ شەرەفانە! بەدوازدەكەس بە كەسێكی دەوێرن!) ئەودەم كەسێك لەپشت سەرمەوە بە هێواشی ئەمەی بە قسەكانمەوە زیاد كرد: (بەڵێ، بەراستی جێی شەرمە!) ئەم كەسە لێخوری تراماواكە بوو. ئەو رۆژە لەوە زیاتر قسەیەكی دیكەمان نەكرد. بەڵام چوونكە ئەو لەسەر ئەو هێڵەی كە دەكەوتە سەركۆڵانی ماڵەكەم كاری دەكرد، جار جارە چاومان بە یەكتر دەكەوتەوە، وەك دووپیاوی برادەر خوڵق وخوو و سڵاوێكمان پێكەوە دەكرد. رۆژێك ئەو كەسە، كە لە كاتی پشووداندا بوو لە كۆڵاندا تووشم بوو. تۆقەیەكمان كرد و چووینە مەیخانەیەك تا پێكەوە پیاڵە شەرابێك بخۆینەوە. هەر دووك لا بە نۆرە سەربردەی ژیانی خۆمان بۆ یەكتر گێرایەوە و بەم جۆرە پێكەوە بووینە ئاواڵ. ئەو منی بۆ ماڵی خۆیان بانگێهێشتن كرد. لەوێ لەگەڵ چەند كەسی دیكەش ئاشنا بووم كە زۆربەیان لاو بوون. ئەم تاقمە كە تێكڕا پێنج كەس دەبوون، شانەیەكیان پێك دەهێنا و ئەم دیدارەش لە راستیدا كۆبوونەوەی شانەكەیان بوو. گشت بابەتەكانیان بە لای منەوە سەیرو نوێ بوون. منیش كە لەلایەن شۆفری ترمواكەوە بەوان ناسرام و لەو شانەیەدا وەرگیرام، وام خوو پێ گرتبوون كە بە رێك و پێكی هەموو حەوتوویەك بەشداری كۆبوونەوەكانیانم دەكرد. بەسەرنجدان بەو گۆشەنشینیەی كە تا ئەوكات ژیانمی ئابلۆقە دابوو، ئەمە یەكەم پێوەندییەكانی من بوون كە لەگەڵ خەڵكی شاردا بەرە بەرە دروست دەبوو. چوونكە من خوێندكاری زانستگە بووم و ئەندامانی شانەكەش كە هەموویان كرێكار و بازاری بوون لە حاند مندا هۆگرییەكی پتریان هەبوو. ئەو چێژە پڕ لە مرۆڤایەتییەی كە من لەم سەردان و دانیشتنانەدا هەستم پێدەكرد سەرەتا بەری لەوە دەگرت كە بیر لە سەختی و دژواری ئەم ئیشە بكەمەوە كە بەئەنجامی دەگەیەنم. لە كۆبوونەوەكاندا كۆمەڵی گۆڤارو راگەیاندراو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەخوێندرانەوە کە بە چاپێکی زۆر خراپ بە دەست دەگێشت و لە نێوەڕۆکدا بە ترس و بێزارییەوە باسی دیکتاتۆیەتیان تێدا دەکراو شۆڕشیش وەك دیاردەیەکی حەشاهەڵنەگرو حەتمی کە بەم زووانە برایەتی و دادپەروەری لە نێو مرۆڤەکاندا دادەمەزرێنێ دەهاتە بەر باس. ئەمەش خەون و خەیاڵێکی خۆشی حەوتووانە بوو کە بە نەهێنی و قەدەغە بوونەکەیەوە ئێمەی دەبردە ناخی خۆیەوەو لە داڵدەیدا بەدبەختییەکانی رۆژانەمانی لە بیر دەبردینەوە. جگە لەو کۆبوونەوانە هیچ پێوەندییەکی دیکەمان لە نێواندا نەبوو و کاتێ بەرێکەوت لە کۆڵانێك تووشی یەکتر دەهاتین وا خۆمان دەنواند کە یەکتر ناناسین. بەیانییەك هەر کە لە ماڵ وەدەرکەوتم دوودانە پۆلیس منیان گرت و بەرەو ئاسایش بردیانم. لەوێ لە ژوورێکدا رایانگرتم کە تاقمێ پۆلیسی دیکەشی لێ بوو. بۆ یەک کاتژمێر منیان دایە بەر زللە و تفیان بە سەروچاومدا کردو رەنگە ئەگەر هەر بەراستی ئەشکەنجەیان دابام لەچاو ئەو تف و زللانە پیاو پتر خۆی پێ رادەگیرا. کاتێ دەرگای ژوورەکەیان بەسەر کاربەدەستێکدا کردەوە کە دەبوو لێکۆلینەوەم لەسەر بکا، تفی زاریان لە سەرو چاو وسینگمەوە هەڵدەچۆرا. کاربەدەستەکە بەراست بێ یان بە رواڵەت ژێر دەستەکانی خۆی لەم کردەوەیە سەرکۆنە کرد، فەرمانی پێدان و سەروچاویان خاوێن کردمەوە، منی بردە نووسینگەکەی خۆی و دڵنیای کردمەوە کە بە سەرنجدان بەو نیازپاکییەی کە لەحاست مندا هەیەتی وەداوی کارەکەی من کەوتووە. ئەو دەیزانی کە لە هۆدەیەکی بەرتەنگ و فەقیرانەدا مەنزڵم گرتووەو بەو دووکانەی دەزانی کە نیوەڕۆیان شیرقاوەم لێدەخواردەوەو بەو چێشتخانەیەی کە بە شەو سووپم لێدەخوارد دەیزانی، ئاگادرییەکی وردی لەسەر بنەماڵەکەم و ئەو کۆسپانە هەبوو کە لەسەر رێگای خوێندنمدا بوون. بەڵام سەبارەت بەو مەبەستەی کە منی بەرەو شانە شۆڕشگێرییەکان راکێش کردبوو جگە لە گریمانەکان هیچی دیکەی نەدەزانی و لەو بارەیەوە دەیگووت: ( ئەو جۆرە هەڵوێستانە لە سروشتی خۆیدا جێی سەرکۆنە نییە و تەنانەت... لاوەکان بەپێی سروشتیانەوە بەرزە فڕو خیاڵین وئەگەر بە پێچەوانەی ئەوشتەبان ئەوا لەخۆیدا گرفتێکی گەورە دەبوو. رەنگە دەوری پۆلیس لەم نێوەدا توندو گرژبێ بەڵام بەهەرحاڵ لە روانگەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵایەتییەوە پێویستە کە غەریزەی بەرزەفڕ بوون و خولیا پەروەری لاوەکان لە نێزیکەوە بکەوێتە ژێر چاوەدێرییەوە...)

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-بە کورتی ئەو کاربەدەستە پێشنیاری کرد بچیتە ژێر خزمەتی پۆلیسەوە. ئێوە چ وەڵامێکتان دایەوە؟

لاوەکە لە وەڵامدا دەڵێ:

-منیش وەرم گرت.

ماتالێنا لەبەر دەرگای هۆدەکەدا پەیدا دەبێ و دەڵێ:

-شێۆ ئامادەیە، دەبێ دوودانە دەوری دانێم؟

قەشە لەوەڵامدا دەڵێ:

-من دڵم هیچ نابات.

لەسەر ئەسکەملەکەی هەڵدەستێ و لەبەر ئەوەی ماندووە، لەسەر قەرەوێڵەکە رادەکشێ. لاوەکە درێژە بە دان پێداهێنانەکانی دەداتەوە بەڵام دۆن پائۆلۆ لەسەرەتادا زۆر بەزەحمەت گوێی لە دەنگی دەبێ، چوونکە لەبەر لێدانە لەنەکاوەکانی چەکوشی دڵی و لەبەر ژاوەژاوێکی سەرسام هێنەر کە لە گوێیدا دەزرینگێنەوە گێژو ماتە. بەڵێ لاوەکە بە دەنگێکی هیلاکەوە ئاوا درێژە بە سەربردەکەی خۆی دەداتەوە:

-سەد لیرەیان دا بە من تا کرێی ژوورەکەمی لێبدەم و لە پێناودا بە شێوەی ئینشای قووتابخانە راپۆرتێکم سەبارەت بەم دۆسێیە نووسی: (شانەیەك چۆن کاردەکا؟ لەو شانەیەدا چی دەخوێننەوەو بیر لەچی دەکەنەوە؟) کاربەدەستەکە راپۆرتەکەمی خوێندوەو تاریفی لە ئینشاکەم کردو وتی: (بەراستی زۆر جوان نووسراوە!) منیش لە رازی بوونەکەی هەستم بە لەخۆبایی بوون دەکرد. بریارم پێدا کە لەبەرامبەر مووچەیەکی مانگانە کە سەدو پەنجا لیرە، پێوەندی لەگەڵدا بگرم. ئەم دۆخە ئەو هەلەی بۆ رەخساندم کە نیوەرۆیانیش سووپێك بخۆم و شەوانی شەمۆش بچمە سینەما. رۆژێکیان وەك دیاری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاکەتە سیگارێکی پێش کێش کردم. لەراستیدا من قەت سیگارم نەکێشا بوو بەڵام بۆ فیز لێدان بوومە سیگاری .

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-لە راپۆرتەکانی دیکە کە دەتدایە دەست کاربەدەستەکە چیت دەنووسی؟

لاوەکە لە وەڵامدا دەڵێ:

-راپۆرتەکانی دوایەم سەبارەت بە بابەتە گشتییەکان بوو بەڵام کاربەدەستەکە بەرە بەرە رەخنەی لێگرتم. لە هەرکام لە بڵاوکراوەکانی نێو شانەکەمان ژمارەیەکم بۆ ئەو هەڵدەگرتەوە، بەڵام ئەو بەوەندە رازی نەدەبوو. وا گوومان دەکرا کە رەنگە پێشتر هەر ئەو ژمارانەیان لە کەسێکی دیکە وەردەگرت. سەرئەنجام فەرمانی پێمدا کە شانەکەم بگۆڕم و لە شانەیەکدا کار بکەم کە لە ئاستێکی باشتردا بێ. ئەمە ئاسانترین ئەرك بوو. هەر ئەوەندە بەس بوو کە بە هاوڕێکانم وت حەز دەکەم نەقڵی شانەیەکی دیکە بکرێم کە ئاستەکەی لەسەرترو هەڵسوورتر بێ و لەوێدا رووناکبیرێکی دیکەشی تێدابێ. لە شانە نوێیەکەدا لەگەڵ کچێکی لاو کە کڵاوچن بوو بووینە هاوڕێ و دەست بە جێ یەکترمان کەوتە بەر دڵ. لەلای ئەو بوو کە بۆ یەکەم جار لە ناخەوە هەستم بە پەشیمانی کرد، لە کن ئەو بوو کە بەرە بەرە لە چەمکی ژیانێکی پاك و بەشەرەفانە تێگەیشتم کە بە دوور لە هەر چەشنە پاداشتێک بێ و تا بە ئەودەم قەتم بە بیردا نەگێشتبوو. بەم چەشنە لە ژیانی نێو شانە نوێکەدا ئاستی عەقلیەت و رەوشتی من بەرزتر بووەوەو لە هەمان حاڵدا خەندەقێکی بەرین کەمەودای پەڕینەوەی بەسەردا نەدەکرا، لە نێوان ژیانی رواڵەتی و ژیانی دەروونیمدا دروست بوو. هێندێ جار دەمتوانی رازەکەی خۆم فەرامۆش بکەم، تا ئەو رادەیەی کە بە تاسە و هۆگرییەوە وەدوای کاری شانەکەمان دەکەوتم و چەند بەشی بەرچاو لە رۆمانە شۆڕشگێڕییەکانم وەرگێرایە سەر زمانی ئیتالیایی و تاییم دەکردن کە لە هەندەرانڕا بە دەستمان دەگێشتن، شەوانەش راگەیاندراوە حیزبییەکانم بە دەرودیواردا دەچەسپاند، تا ئەو رادەیەی کە زۆرجار تووشی کەمترخەمی دەبووم. بەڵام کاتێ هاوڕێیانی شانە نوێیەکەم رێزیان لە بوێریو هەڵسووڕانی من دەگرت، لە هەمان حاڵدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەبیریان دەهێنامەوە کە لەراستیدا من خەیانەتیان پێدەکەم، ئەو دەم هەوڵمدەدا تا لە بەریان بپرینگێمەوە و لە دواندنیان خۆ ببوێرم. لەلایەکی دیکەوە لای خۆم بیرم دەکردەوە کە ئاخر منیش مافی ژیان کردنم هەیە. ئیتر لە بنەماڵەکەمەوە فلسێکم بە دەست نەدەگێشت. کاتێ برسێتی هێرشی بۆ دێنام یان کرێ خانووەکەم وەپاش دەکەوت سەرم لێ ئەستوور دەبوو. ئیتر هیچ رێگایەکم بە بیردا نەدەگێشت. لە روانگەی منەوە سیاسەتم وەك شتێکی گلاو داهاتە بەرچاو، بە بۆچوونی من وەك شەڕی زێرینگەران بوو کە لە نێوان مرۆڤە پەست و رووخێنەرەکاندا رووی دەدا. ئاخر ئەم قۆریاتانە چ قازانجێکی بۆ من تێدایە؟ بێشك ژیانێکی هێمنانەترم بە ئاوات دەخواست، کە ئەو مافەم بداتێ لە رۆژدا دوو یان سێ ژەم بخۆم و ئیتر دەروەستی(پێویستییەکانی پەرەسەندنی دەسەڵاتداری ئیمپریالیزم) و(دێمۆکراسی ئابووری) نەبم، بەڵام بەداخەوە ئەم کارەم بۆ نەدەگوونجا. من نە پارەم بۆ نان کڕین هەبوو و نە بۆ کرێی ژوورەکەم. بەڵام هەر کە بەرەو رووی دڵدارەکەم دەبوومەوە، ئەم جوورە پاساودانە بێزراوانەم لە بیر خۆم دەبردەوە. ئێمە لە رادەبەدەر یەکترمان خۆش دەویست. ئەو بۆ من نەك هەر نوێنگەی سیاسەتێکی جیاواز لە سیاسەتەکانی دیکە بووە بەڵکوو نموونەیەکی زیندوو بوو بۆ پێدا چوونەوەی و داوەری کردن بە عاقارێکی دیکەدا، ئەگەرچی خۆی زۆر بە کەمی داوەری دەکرد و پتر بێدەنگ دەبوو و بە هۆگرییەوە گوێی بۆ قسەی خەڵك رادەگرت. ئەو نوێنگەی بوونێکی دیکە و ژیانێکی دی و تەنانەت نموونەیەکی بێ وێنە بوو بۆ مرۆڤ بوون و بۆ ژیانێکی پاک. ئیتر لە توانای خۆم رانەدەدی کە ژیانێکی بێ ئەو بۆ خۆم بە گوونجاو ببینم. لەراستیدا ئەو لە رادەی ئافرەت بوون بەرزتر بوو. ئەو بڵێسە بوو ئەو تیشك و رووناکی بوو. ئەو زیندووترین شاهیدێك بوو بۆ روی راستی و نیازپاکی ئەو بانگەوازەی کە بە گوێی زەماندا هاواری دەکرد: بەڵێ راستە، دەشێ لەسەر ئەم تۆپە گلینەیەدا پاك بی، بێ غەرەزو بەشەرەف بی، نیازپاك وبێ کینە بژیت بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت یان داخوازییەک بکەی و، بە هەموو بوونتەوە خۆت بخەیتە پێناو دۆزینەوەی رێگای راستەقینەی مۆرڤایەتی و دادپەروەری مرۆڤ. گێشتبوومە سەر ئەو باوەرەی کە لەو رۆژەیرا ئەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کیژەم ناسیوە ژیانی راستەقینەی من دەستی پێکردووە. بەڵام لە بەرامبەر ئەودا و لە حاست ئەو مەتمانە ساویلکەیەی کە بە منی هەبوو، چۆن دەمتوانی لە خۆم ببورم و فەرامۆشی بکەم کە بە فریوی دەبەم و خەیانەتی پێدەکەم؟ ئەوینەکەمان لە سەرچاوەڕا بە خیانەت ژەهراوی ببوو. ئەگەرچی لە ناخی دڵمەوە خۆشم دەویست بەڵام دواندنی ئەو بۆ من عەزابێکی ئازاردەر بوو کە خۆم لەبەری پێ ڕانەدەگیرا.

دۆن پائۆلۆ نموونەیەکی زۆر لە سیخورییە سیاسییەکان وەبیر خۆی دێنێتەوە کە لە ماوەی تەمەنی حیزبایەتیدا بە گوێی گەیشتبوون. لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا، ژیانی ڕێکخراوێکی نەهێنی هەمیشە لە خەباتێکی شیلگیر و بەردەوامدایە لە حاست هەوڵ و پیلانەکانی پۆلیس بۆ خزینە نێو ریزەکانیان. بەڵام ئەو هەمیشە رواڵەتێکی کەم و زۆر دیار و یەکسانی بۆ ئەم شێوە سیخوڕانە لە زەینیدا دروست کردبوو. ئێستا بۆ یەکەم جار دەبینێ چارەڕەشێك لەبەر چاویدا پەلەقاژە دەکا کە گشت لایەنەکانی مرۆڤایەتی تیدا بەدی دەکرێ بەڵام لە نووتفەوە سەرکووت کراوە و تێوەگلاوە.

لە لاوەکە دەپرسێ:

-بۆچی پێوەندیت لەگەڵ پۆلیسدا نەدەپساند؟

لاوەکە لە وەڵامدا دەڵێ:

- چەند جاران هەوڵم داوە بە جوورێک خۆم بزر بکەم کە ئاسەوارم لێ بەجێ نەمێنێ و شوێن پێی منیان دەست نەکەوێ. جارێك ماڵەکەم گۆری بەڵام زۆر بە ئاسانی دۆزییانەوە. بۆ ماوەیەکیش تێکۆشام بە دانی راپۆرتی درۆ وبێ بناخە کە هیچ پێوەندییەکی بە شانەکانەوە نەبێ، ویژدانی خۆم ئاسوودە بکەم. هەر ئەوکاتانە دایکم سەر لە نوێ دەستی کردبوەوە بە ناردنی ئەو پارەتییە کەمەی کە لە مانگدا بە دەستم دەگێشت و تێدەکۆشام پۆلیس بەوە تەفەرە بدەم کە ئیتر هاورێکانم مەتمانەم پێناکەن و منیان وەلا ناوە، بەڵام پاراستن زانیارییەکی وردتری هەبوو کە زۆر بە هاسانی پێچەوانە بوونی قسەکانمی دەسەلماند. سەرئەنجام بەو قەناعەتە گێشتم کە تاوانەکەم قەرەبوو ناکرێتەوە. هەستم بە مەحکووم بوون دەکرد. هیچ کارێك نەدەکرا. لە چارەمدا وا نوسرابوو. من ئێستا نامەوێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاوانەكانم كەمتر لەوە پیشان بدەم و، ناشمەوێ خوم ئەوەندە چكۆلە بكەمەوە كە هۆی بەزەیی بم، بەڵكوو لە رێگای ئەم دان پێداهێنانانە، دەمەوێ خۆم بەو شێوەیەی كە بووم، لەو رووت وقووتیە جێ شەرم و نەفرەتەدا پیشان بدەم. لەراستیدا لەودەمەدا مەترسی ئاشكرابوون بە چەند قات بەرزتر لە پەشیمانییەكەم بوو : (ئەگەر دڵدارەكەم بزانێ كە من كەڵكی خراپم لە مەتمانەی ئەو وەرگرتووە چم پێدەڵێ؟ هاورێكانم چیم پێ ناڵێن؟) ئەمە ئەو ترسە بوو كە لە هەموو كاتێكا ئازاری دەدام. لە تاو ئابروو و مەتمانە و حورمەتی خۆم هەڵدەلەرزیم، دیارە لەبەر ئاكارە خراپەكانم نەبوو. لە هەموو شوێنێ و هەردەم وێنەی سام گرتوویی خۆم دەهاتە بەرچاو. هەموو كەسێ دەزانێ كە پۆلیس لە داییرە جۆراو جۆرەكان و گشت كارگە گەورەكان، هەموو بانكەكان و داییرە گشتییەكان و تایبەتەكان، سیخوری داناوە. لە نێو شاردا، لە هەر بینا و باڵاخانەیەك، دەركەوانەكەی بەپێی بڕیاری یاسا كۆتری باڵكراوی پۆلیسە. لە گشت كارگەكاندا، لە هەموو كۆڕ و كۆبوونەوە و سەندیكاكاندا رایەڵكە سیخورییەكان پێوەندییان بە پۆلیسەوە هەیە كە بەتەمای مووچە وەرگرتنێكی كەم یان بە هیوای وەدەست هێنانی هێندێ دەسكەوت بۆ پێش خستنی ژیانیان كاریان بۆ دەكەن. ئەم بارودۆخە دڵی گشت چین و توێژەكانی نێو كۆمەڵگای پڕ لە گوومان و دڕدونكی كردووە. بناغەی دیكتاتۆری لەسەر بنەمای ئەم رێگا چارەیە دامەزراوە كە مرۆڤ دەكا بە حەیوانێكی لەرزۆك و ترسەنۆك. ترسێك كە مرۆڤ لەبەری هەڵدەلەرزێ، لە دراوسێكانی بێزارە، دەیانخاتە ژێر چاوەدێرییەوە، دەیفرۆشێ و، پاشان بۆ خۆیشی سامی ئەوەی لێ دەنیشێ كە نەكا قسەی لەسەر بكەن. هەركەس لە داوی ئەم بەختە رەش و پڕ لە شوورەییە بكەوێ، مەحكووم بەوەیە هەردەم ئارزووی ئەوە بكا كە دەزگای دیكتاتۆریەت لەسەر كار لا نەچێ و هەمیشە بمێنێتەوە. لە ناخی دڵیەوە هەست بە بێزاری دەكا لە حاست دیكتاتۆریدا بەڵام لە رووخانەكەشی نیگەرانە چوونكە بە خۆی دەڵێ: ( ئەودەم هەموو كەسێ پێم دەزانێ و حەیام دەچێ). هەر ئەم شتەیە كە هەركام لەو چارە رەشانە، بە زەنجیری ترس و بە نەنگ و روو رەشییەوە دەبەستێرێنەوە ، ئەم شێوازە بەشێكە لە سیاسەت و پەیرەوی رێكخراوێكی دەسەڵاتدار، بەڵام هەرگیز هیچ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێژمێك وەك ئەم ڕێژیمە فاشیستییەی ئێستا بە شێوەیەكی تایبەتی پشتی بە گەندەڵی شارنشینەكان نەبەستوەتەوە كە لە باری ڕەوشتەوە لەرزۆك ولاوازترن و لە هەموو حاڵێكشدا ترس زیاتر پاڵیان پێوە دەنێ بەرەو خەیانەت. هەر ئەم هۆكارە و هەر ئەم ترس و سام گرتووییەیە كە توانایی دەبەخشێ بە حیزبە سەرەكییەكەیان كە پایەو بنەمای ڕێژێمی فاشیستی ئێستایە و بە هێزیان دەكات. تا ئەو كاتەی لە ڕۆما مابوومەوە دیلی ئەم هاوكارییە بووم. دەمزانی كە پۆلیس، لەبەر ئەوەی ئیتر بڕوایان بە من نەماوە، هەردەم بۆم لە بۆسەدان. لە ئەنجانمدا خۆم لە دیداری هاوڕێكانم دەدزیەوە تا ناچار بە ئاشكرا كردنیان نەكرێم. كاتێ پەیوەندیم بە كەسانێكی جێ گوومان دەبەست ئەگەر خێرا پۆلیسم ئاگادار نەكردبا، هەڕەشەی گرتنیان لێ دەكردم. من وەك شێت لە گیران دەترسام. هەوڵم دەدا تا ئەو جێیەی بۆم دەلوێ ژیانێكی گۆشەنشینم هەبێ. هەر دیدارێك كە لەگەڵ دڵدارەكەمدا بۆم ڕێدەكەوت لێم دەبوو بە عەزابێكی ئازار دەر، سەرەڕای ئەوەش ئەو هەمیشە لەگەڵ مندا هێدی و مێهرەبان بوو. ڕۆژی جێژنی نوئێلی پار، پێكەوە لە ڕۆستۆرانتی قەراغ شاردا جێژنمان گرت و ...

ئێستا دۆن پائۆلۆ بەسەرهاتێكی غەم هێنەر دەبیسێ كە خۆی پێشتر ئاگاداری بووە و موو بە موو بنج و بناوانی وەبیر دێتەوە. ئەو چێشتە ڕەنگینن و تایبەتە، بانگێهێشتنەكەی ماڵێ، كڕینی میوەو گوڵ و شیرینی و شەرابی(مارسالا)، بەسەردا كەوتنی پۆلیس، هەڵاتن بۆ سەربان، چاوەڕوانییەكی درێژخایەن و ... بەڵام لاوەكە سەربردەكەی خۆی بە كۆتایی ناگەیەنێ. سەری لە نێوان هەردوو دەستی رادەگرێ و وەك مناڵ دەكەوێتە گریان. پاشان لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێ:

-گەڕامەوە بۆ ماڵی باوكم و بە دایك و باوكم وت كە دوكتور بڕیاری بە سەردا بریومەتەوە كە بۆ پشوودان بێمەوە بۆ ئاوایی و هەوای پاكی ئێرە هەڵمژم. زستانم لە ماڵێدا بەسەربرد بەبێ ئەوەی چاوم بە كەس بكەوێ. جار جارە سەردانی دۆن بینەدیتۆم دەكردو ئەویش بە قەرز كتێبی دەدا بە من بۆ خوێندنەوە. لە وەرزی بەهاردا بەرە بەرە دەستم دایە یارمەتی دانی باوكم، لە مەزرا پێكەوە دروێنەمان دەكرد و مێوەكانمان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵدەپەرتاوت و بە کێڵان و جووتی زەوییەکانەوە سەرقاڵ بووین. تا ئەو کاتەی کە دەم توانی خۆم لەسەر پێ رابگرم کارم دەکرد تا ئەو رادەیەی کە لەبەر هیلاکییان برستم لێدەبڕا. هەر کە شێوم دەخوارد دەخزامە نێو جێ و بەیانی، لەگەڵ کازێوە، ئەوە من بووم کە باوکم لەخەو هەڵدەستاند. باوکم بە چاوێکی پڕ لە ئافەرینەوە سەیری دەکردم و دەیگووت: (دیارە کوڕە جووتیاری! ئەوەی لە تۆوی زەوی بێ، تازە قەت دڵی نابێتەوە!) بەڵام ئەو کەسەی لە تۆوی زەوی بێ و لە شاردا بارهاتبێ، نەجووتیار بە حسێب دێ و نە شارستانی. بیرەوەری شار، یادی دڵدارەکەم، یادی شانە و پۆلیس، لە بوونمدا وەك زامێکی تیمار نەکراو مابوەوە، وەك زامێك کە بەردەوام خوێنی لێ هەڵدەچۆڕا و بەرە بەرە بەرەو چڵك هەڵگرتن دەچوو. نیگەرانی ئەوەش بووم کە نەکا گشت ژیانم لێ ژەهراوی بکات... دایکم دەیگووت: (هەوای شارت پێ نەکەوتووە، غەم و مەراق چۆتە نێو خوێنتەوە!) من لە وەڵامدا پێم دەگووت: (لێم گەڕێ با کار بکەم، رەنگە کار بۆم ببێ بە شفا!)بەڵام لە مەزرا، زۆربەی کاتەکان لەنەکاو سێبەری جوانی دڵدارەکەم دەهاتە بەرچاو. چۆن دەمتوانی گشت ئەو شتانە لە بیر بکەمەوە کە لە دواندنی ئەودا فێریان ببووم ؟ پاش گێشتن بە باوەری ئیمکانی ژیانێکی دیکە کە پاك و بەشەرەفانەو دلێرانە بێ و پاش قەناعەت هێنان بە خولیایەکی خۆش بۆ مرۆڤایەتییەکی باشتر، چۆن دەمتوانی لەگەڵ ژیانی دێهاتدا هەڵبکەم؟ و لەلایەکی تریشەوە چۆن دەمتوانی ئەو تاوانە بشۆمەوە کە پێم قەرەبوو نەدەکراوە و لێی پاك نەدەبوومەوە؟ کاتێ لە دەست ئەم بیرۆکانە وەتەنگ دەهاتم کە سەرچاوەکەی لە گۆشەنشینی و تەنیاییمدا بوو، لە ترسی سزا دیتن، بەرە بەرە تووشی ترسێکی دیکە دەهاتم کە ترسی سزا نەدیتن بوو. بیرۆکەی ئەوەی هەر لەبەر ئەم مەبەستەی کە رەنگە هەر دەم ریسوا ببم یاد لە کردە ناحەزەکانم دەکەمەوە، بەڵێ هەر ئەم بیرۆکەیە، بەرەبەرە تووشی ترس و نیگەرانی دەکردم. پرسیارم لەخۆم دەکرد: (ئەی ئەگەر کەرەسەیەکی دڵنیاتر پەیدا ببێ کە مەجالی ئەوەمان پێبدات خیانەت بە هاوڕێکمان بکەین بەبێ ئەوەی مەترسی ریسوا بوونمان بێتە بەردەم، ئایا ئازاری خیانەت لەو حاڵەدا کەمتر دەبێ؟)من قەت لە ناخەوە بڕوام بەخوا نەبووە. راستە کە تەعمید کراوم و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێورەسمی قوربانی خواردنیشم وەك خەڵكی دیكە بەجێ هێناوە، بەڵام هەرگیز بڕوام بە حەقیقەتی بوونی خوا نەبووە. هەر بەم بۆنەیە بوو كە لە ڕۆما بۆ پەسەند كردنی گریمانە بەناو زانستییەكان قەت خۆراگرتوویيم لە خۆ پیشان نەدەدا كە لە نێو شانەكاندا بانگەشەیان بۆ دەكرا. بەڵام لە دەرفەتی مانەوەم لە رووكادا، كە بیرم لەم بابەتانە دەكردەوە، ئەم گریمانانە لە بۆچوونمدا سادە و بێ بەها بوون و لە كردەوەدا بە كارم نەدەهاتن. ئەوەی كە هەموو شتێك ماددە بێ و چەمكی خێر لە چەمكی قازانج جودا نەكرێ و لەخۆیدا پەیوەست بێ بە چەمكی سزا - ئەگەر چی قازانجی كۆمەڵایەتی بێ-، ئەم جۆرە بۆچوونانە لە روانگەمدا بە پەسەند نەكراوەیی دەمانەوە. سزا لەلایەن كێیەوە؟ لەلایەن ڕێژیمەوە یان شانەی حیزبی یان بیرە گشتییەكان؟ دەی، ئەگەر ڕێژیم یان شانەی حیزبی یان بیرە گشتییەكان بۆ خۆیان لە ڕێبازی سەرەكی لا بدەن، ئەو كات چی دەبێ؟ سەرەرای ئەوەش ئەگەر مەجالی ئەوە پەیدا ببێ كە مرۆڤ خراپە بكات ودڵنیاش بێ كە سزا نادرێت، ئەدی ئاكارو رەوشت لەسەر چ بنەمایەك رادەوەستێ؟ كەوایە، هەر كەرەسێك كە توانای هەڵگرتنی سزای هەبێ دەتوانێ ئیمتیازی نێوان خێر و شەڕیش لە نێو ببات؟ ئەم گریمانەیە منی دەخستە مەترسییەوە. بەرە بەرە ترسی ئازاوڵەبوون دایدەگرتم. بەم پەریشانی و قسە بێ سەرو بەرانەمەوە كە رەنگە لە زەینی ئێوەدا وا بنوێنێ كە بابەتێكی سەمەرە و قۆڕیاتە، ژیانم بەسەر دەبرد. مەبەستم لە سەر نێشاندنی ئێوە نییە و، ناشمەوێ وا بیر بكەیتەوە كە هەوڵدەم بەم ڕستەسازی و چەنەوەڕیانەوە خۆم باشتر لەو شتە پیشان بدەم كە هەم. تەنیا دەمەوێ بڵێم كە ئەم هزرانە ببونە مایە و ماكی ژیانم. من باوەڕم بە خوا نەبوو بەڵام هەر ئەو كات لە ناخی دڵمەوە ئاواتم دەخواست كە بریا خوا هەبوونی هەبا. من نیازم بەو بوو، تا لەو ئاڵۆزیو نائارامی و ئازواڵەییە ڕزگارم بكا. شەوێك كە ئیتر برستم لێ برابوو هەستام و چوومە دەر تا خۆم بگەیەنمە بەر دەرگای پەرستگەی راهیبە كەبووشییەكان. لە ڕێدا توشی پیاوێكی ڕۆحانی بووم كە پێشتریش دەمناسی و ناوی ئەو پیاوە(برای ئایینی ئانتی فۆتایە)و پێم وت: (زۆر حەز دەكەم بڕوا بە خوا بێنم بەڵام لە توانامدا نییە. بۆچی بۆم روون ناكەیتەوە كە دەبێ چ بكەم؟ ) ئەو لە وەڵامدا بە منی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وت: (نابێ لە خۆبایی بی، نابێ گێرە لەسەر تێگەیشتنی هەموو شتێك بکەی، نابێ زۆر لە خۆت سەخت بگری، پێویستە مل کەچ بی، دەبێ چاوەکانت بنووقێنی و لەبەر خوا بپاڕێتەوە. ئایین بەرەکەتە.) بەداخەوە من لەو بەرەکەتە بێ بەش ماوم و بە بێ بەشیش لەدایك ببووم. دەمەویست لە هەموو شتێك تێبگەم. نەم دەتوانی لە بواری تێگەیشتندا هەوڵ نەدەم. بوونم ببوو بە کێشەیەکی ئازاردەر. نەمدەتوانی مل کەچ بم. بە هەموو توانامەوە خۆام دەویست. نیازم بەو بوو. ئەو وەڵامێکی نەدامەوە. ئەوجار چوومەلای دۆن بینەدیتۆ. سەردانەکەم لەبەر ئەو مەبەستە نەبوو کە ئەو پیاوێکی قەشەیە، بەڵکوو بۆ ئەم مەبەستە بووە کە ئەو، هەموو دەمێ لە بیرو زەینمدا نموونەی پیاوێکی دادپەروەربووە. وەك چۆن پێشتریش ئاماژەم پێکرد کە ئەو لە منالییەوە من دەناسێ، هەر بۆ ئەم مەبەستە کاتێ بەرەو رووی بوومەوە پێم راگەیاند کە لەراستیدا هێشتا ئەو منی بە باشی نەناسیوە، چوونکە ئاگاداری گشت ئەو شتانە نییە کە لە قووژبنەکانی دەروونمدا بە نەهێنی ماونەتەوە. زەختێکی ئازاردەرم وەبەر خۆم نا و، لە دان پێداهێنانێکا کە پێنج کات ژمێری تەواوی پێ چوو، ئەوەی هەبوو و نەبوو بۆ ئەوم گێرایەوە، تا ئەو رادەیەی کە لە کۆتایی دان پیاهێنانەکەما بە نیوەگیانی بەعەرزیدا کەوتم. ئەو مارتای خووشکی نارده لای دایکم تا ئاگاداری بکاتەوە کە من ئەمشەو لە ماڵی قەشە دەخەوم و تاچەند رۆژی دیکەش بۆ یارمەتیدانی لە کاری باغەوانیدا لەوێ دەمێنمەوە. رۆژەکانی دوایی کاتێ لەگەڵ ئە لە باغەکەیدا کارم دەکرد جار ناجارێ پشووی رادەگرت و لەگەڵم دەدوا. فێری کردم مادام کە مرۆڤ زیندووبێ هەمووشتێ لەم دونیایەدا قەرەبوو دەکرێتەوەو هیچ دەسەڵاتێك تاسەر نامێنێتەوە. هەروەها بۆی روون کردمەوە کە بێشك نابێ قەت خراپەمان خۆش بوێ بەڵام نابێ لەم خاڵەش بێئاگا بمێنینەوە کە زۆرجار چاکە لە خراپەوە سەرهەڵدەدات و، رەنگە ئەگەر من ئەم رۆژە رەشانەم نەدەدیت و ئەم هەڵانەی کە بەشی من وابووە کە بە تووشیانەوە بم لە گۆڕێدا نەدەبوون قەت نەدەبوومە پیاوێکی راستەقینە. سەرئەنجام کاتێ رێگەی پێدام کە بچمەوە ماڵی خۆمان ئیتر هیچ ترسێکم لە دڵدا نەمابووەوەو وام بە بیردا دەگێشت کە لە نوێ لەدایك بوومەتەوەو بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە هەستم بەو هەوایەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەكرد كە لە لای چیاكانەوە دەهات. هەرگیز هەوایەكی ئاوا فێنك و پاكم هەڵنەمژی بوو. كاتێ ترس لە دڵم دەرچوو، ئەو هەستەی كە پێم وابووە من سەرباری ژیانم، لە مندا شۆرایەوە. سەر لەنوێ بیرم لە دوونیا كردەوە و لەم دونیایە ورد بوومەوە، بۆ جارێكی دیكە لە دارەكان، لە منداڵەكانی نێو كۆلان، لەو خەڵكە هەژارەی كە لەمەزرادا زەحمەت دەكێشن، لەو گوێدرێژە زمان بەستانەی كە بار هەڵدەگرن و لەو گاجووتانەی كە جووت دەكەن، لە هەموویان رامام. جار جاریش سەردانی دۆن بینەدیتۆم دەكرد. ئەو دوێنێ لە دووی ناردم و بەمنی وت: (حەزم نەدەكرد بە دووپات كردنەوەی دان پیاهێنانەكانت ئازارت بدەمەوە، لە نێزیك رووكا پیاوێكی لێیە كە من داوات لێدەكەم سەردانی بكەیت و ئەم دان پیاهێنانەت لەبەر دەم ئەودا دووپات بكەیتەوە. ئەم پیاوە كەسێكە كە دەتوانێ لە هەموو بارێكەوە مەتمانەی پێ بكەی.)ئەو نیشانانەی كە پێویست بوو بە منی دا و هێندێ راسپاردەی پێ سپاردم و ئێستا وا لە لای تۆم.

شەو بەسەردا دێ. دەنگی ماندووی پیاوە لاوەكە لە تاریكاییدا بەرەو بێدەنگ بوون دەچێ و هەر لەو تاریكییەدا دەنگی پیاوێكی تر بەرز دەبێتەوە كە دەڵێ:

-ئەگەر من بەرپرسی حیزبی، یان شانەیەكی سیاسی بام دەبوایە بەپێی بەرنامەو پەیرەوی نێوخۆی حیزب تۆ دادگایی بكەم. هەر حیزب و لایەنێك ئایدیالۆژییەكی دیاری كراو و پاوەجیی هەیە و رەوشتێكی تایبەت بەخۆی هەیە كە لەحاڵەتی زەنجیرەیەك لە یاساو پەیرەوی وشك و برینگدا ئامادە كراوە. زۆربەی ئەم یاساو پەیرەوانە زۆر لەو ئەسڵە نێزیكن كە گیانی رەوشت بەهەموو مرۆڤەكانی تەڵقین دەكا و جاری واشە لەگەڵیاندا ناتەبایە. بەڵام من رێبەرێكی سیاسی نیم- و یان ئیتر نەماوم- من ئێستا و لێرەدا پیاوێكی ئاساییم، ئەگەر بڕیاربێ پیاوێكی دیكە دادگایی بكەم بۆم نییە جگە لە ویژدانی خۆم سەرچاوە یان بنەمایەك وەك دەستوور لەبەر چاو بگرم و لە هەمان حاڵیشدا دەبێ دستوورێكی ئیجگار بەرتەنگ و گووشراوم رەعایەت كردبێ كە لە چوارچێوەی ئەودا پیاوێك بۆی هەبێ سەبارەت بە پیاوێكی تر داوەری بكات.

لاوەكە وەڵام دەداتەوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-من بۆ ئەوە ناهاتووم كە داواى لێبوردن بكەم یان پاكانە بكەم. هێندێ زام هەیە كە ناشێ بشاردرێتەوە بەڵكوو دەبێ دەركەێ تا خۆر لێی بدات. ئەو دان پیاهێنانە ئایینییەی كە بە پێی خوو ونەریتەوە، لە پشت تاماتی كلیسەكانەوە بەڕێوە دەچن لە روانگەی منەوە تەشریفاتێكە كەجێی خۆیەتی قسەی لەسەر بكرێ و دڵنیاشم مەجالی ئەوەشی تێدایە، بەڵام دان پیاهێنانی پیاوێك لە بەرامبەر پیاوێكی دیكەدا، دەبێ وەك داغ كردنی برینەكەی بەحسێب بێنی.

ئەوجار لایەنەكەی دیكە بە لەسەرەخۆیی درێژە بە قسەكانی دەدات و دەڵێ:

-ئەی لۆڤیجی مۆریكا، من دەمەوێ شتێكت پێ بڵێم كە پێت دەسەلمێنێ من ئێستا تا بەچ رادەیەك مەتمانەت پێدەكەم. من قەشەنیم و دۆن پائۆلۆسپادا ناوە راستییەكەی من نییە. ناوە راستییەكەی من پیترۆسپینایە.

ماتالێنا سفرەی شێو خواردنی بۆ دووكەس ئامادەكردووە و پەیتا پەیتا داوا لەو دوو پیاوە دەكا كە بۆ شێو خواردن بێنە خوارێ و دەڵێ:

-پیاو كە تازە بەرەو چاك بوونەوە هەڵدەستێ نابێ قەت ژەمەكانی لەبەرچاو نەگرێ و، ئەگەر میوانیشی هەبێ چ باشتر كە لە میوانەكەشی بگێڕێتەوە.

بەڕێوەبەری میوانخانەكە سفرەیەكی سپی و بووتڵێك شەرابی لەسەر مێزەكە داناوە. ئەو دووپیاوە لە بێدەنگیدا خواردنەكەیان دەخۆن. شەرابەكە یەک ساڵەیە و نانەكەش هی پازدە رۆژ لەوەپێشە. ئەو دووپیاوە بۆ خووساندن، نانەكەیان لە شەرابە یەكساڵەكەدا لە خووس دەنێن. مۆریكا بەتەمایە هەر بەو شەوە بەرەو رووكا بگەڕێتەوە و دۆن پائۆلۆ پاش ئەوەی سەرخەوێكی شكاندووە، لە ژوورەكەی دێتە دەر تا میوانەكەی بۆ مەودایەك بەڕێ بكاتەوە. ماتالێنا كە توانای شاردنەوەی ئیرەیی خۆی نییە لە حاست ئەو دۆستایەتییە كوتووپڕانەی نێوان ئەم پیاوە نائاشنایە و قەشەدا، بە مۆریكا دەڵێ:

-ئەم هەموو قسەیە چی بوو كە كردتان. هێشتا قسەی دیكەتان ماوە بۆ كردن!

لاوەكە وەڵام دەداتەوە:

-خەریكی دان پیاهێنان بووم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرئەنجام کاتێ دەگەنە سەر ئەو جادەیەی کە بەرەو دۆڵەکە سەراولێژ دەبێتەوە، ئەو دووپیاوە لە یەك جیا دەبنەوە. مۆریکا دەڵێ:

-ئێستا من ئامادەی بەڕێوەبردنی هەموو کارێکم.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-بەم زووانە سەبارەت بەم بابەتە دیسان قسە دەکەینەوە.

لە دوورەوە هێندێ دەنگ کە پیاو بۆی لێك نابێتەوە بە گوێ دەگا کە تێکەڵاوێکە لە هۆبە هۆبی شوانەکان و سەوەر و بارەبارێکی مەنگ کە لە لای مێگەلەوە هەڵدەستێ. لە عەرزە شەدارەکەڕا بۆنی نەرمی پنگەی کێوی و ئەکلیلی کێوی هەڵدەستێ. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کافوونەکان بەر لە خەوتن گوێدرێژەکانیان لە تەویلە تاقەت بکەن. دایکەکان لە پەنجەرە ئاوەڵاکانی ماڵەکانیانەوە هەرا لە منداڵەکانیان دەکەن کە هێشتا بەرەو ماڵ نەبوونەتەوە. بەم چەشنە مرۆڤ بەرەو حەیوان و حەیوان بەرەو گیا و گیاش بەرەو عەرز دەبێتەوە. ئەو قاناوەی کە بەرەو دۆڵەکە لێژ دەبێتەوە، بە ئەستێران کونجر کونجر بووە. لە پیترسکادا، کە ئێستا بە تەواوی بە تاریکاییدا ڕۆچووە، جگە لەو کاسەسەرە گایەی کە بە دوو شاخە بەرزو کۆماوییەکەیەوە لەسەر بانی میوانخانەکەی ماتالێنا زەق بۆتەوە چاو هەتەری هیچ شتێکی دیکە ناکا.

پیتراسکا کاتێ ڕۆژی بەسەردا دێت، ئەو ڕواڵەتە بە هەیبەتەی خۆی دەست دەکەوێتەوە. پاش نیشتنەوەی هەڵچوون و هرووژانە ڕوەکییەکان، کە لە ڕۆژەکانی هەڵمەتی گشتیدا دروست ببوون، کافوونەکان ژیانی یەک دەست و ئارامی خۆیان دەست پێدەکەنەوە. تەنیا جێگای چۆڵی لاوەکان لە ئاواییدا دیارە. پیرەمێردەکان لەبەر دەرگای ماڵەکانیان، بێدەنگ و، بەبێ ئەوەی سەیری دەوروتەنیشتی خۆیان بکەن، خەریکی سووپ خواردنن و بە بێوازی وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە. دایکی فڵانە سەرباز یارمەتییەکی ناقابیل وەردەگرێ و بە هیواشە کە ئەم یارمەتییەی بەردەوام بێ. سەبارەت بە بابەتەکانی دیکەش پێویست ناکا زۆریان بیر لێ بکەیتەوە ئەوەی کە دەبێ ڕوو بدا ئەوا ڕووی داوە و لە دەسەڵاتی کەسدا نییە. دەبوایە شەڕ دەست پێ بکات و ئێستا دەستی پێ کردووە و،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر بڕیارە تاعوونیش بێت ئەویش بە پێی خۆی دێت. ئەوەی کە دەبوو بە سەریان بێ ئەوا بەزۆرە ملی و لە رووی بێدەسەڵاتییەوە بەسەریان هاتووە و ئەوی کە دێت سەرئەنجام خۆیشی بە پێی خۆی دەڕوات و کۆتایی پێ دێت. ئێستا مناڵە قووتابییەکان بەسەر دوو دەستەی ئافریقایی و ئیتالیاییدا دابەش دەکرێن و بەرامبەر یەکتر رادەوەستن و بە بەرد تێگرتن یەکتر رەپێ دەنێن. زۆرجار وا هەڵکەوتووە کە ئاریقاییەکان ئیتالیاییەکان دەبەزێنن و لەو کاتەدایە کە مامۆستاکەیان تووڕە دەبێت و دەیکاتە هات و هاوار.

خێزانی ماگاشیا لە ماتالێنای بیستووە کە دۆن پائۆلۆ ئیجازەی دان پیاهێنان بیستنی وەرگرتووە و ئێستا بە پاڕانەوەوە داوا لە قەشە دەکا گوێ بۆ دان پیاهێنانی مێردەکەی رابگرێ کە ئێستا بیست و پێنج ساڵە لە خوا تۆراوە و لەگەڵی تەپە، بە قەشە دەڵێ:

-ئەو بڕوای بە قەشەکانی لای خۆمان نەماوە و ئیتر دەرفەتێکی ئاوامان بۆ هەڵناکەوێتەوە کە قەشەیەکی غەریب رێی لە پیتراسکا بکەوێ. مام قەشە ئەگەر ئێوە ئەم چاکەیەی لەگەڵ نەفەرموون ئەو بەستەزمانە بە تاوانبارییەوە دەمرێ و لە جەحەندەم دەکەوێ.

قەشە دەیەوێ بۆی روون بکاتەوە کە لە راستیدا هیچ جۆرە ئیجازەیەکی بۆ ئەم کارە وەرنەگرتووە، بەڵام ئافرەتەکە خۆی لە نەبیستی داوە و، رۆشتووە و، لەگەڵ مێردەکەی گەڕاوەتەوە. ماگاشیا کە پیاوێکی باڵابەرزو چوارشانەو ریشنە بەو کڵاوەی کە بە دەستیەوە گرتووە، نێزیك بە تەواوی چوارچێوەی دەرگاکەی گرتووە. قۆڵی کەواکەی لە گیرفانی خستووە کە بە بەتاڵی بە شانە بێ باسکەکەیەوە هەڵواسراوە. دۆن پائۆلۆ لەسەر ئەسکەملەکەی و لە تەنیشت قەرەوێڵەکەی چاوەڕێی ئەوە دەکا تا قسەیەك بکات بەڵام پیرەمێرد لەبەر پێیدا دەکەوێتە سەرچۆکان، هێمای خاچ دەکێشێتەوە، عەرزەکە ماچ دەکا و لە حاڵێکا روومەتی بە عەرزەکەوە نووساندووە دووعای دان پیاهێنان دەخوێنێتەوە و سێ جاران بەسەر سینگی خۆیدا دەکوتێ و بە نارە نارەوە دەڵێ:

Mea Culpa Mea Culpa Mea Maxima Culpa

(واتە: من تاوانبارم، من تاوانبارم، من لەرادەبەردەر تاوانبارم!)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەبێ ئەوەی سەر بەرزکاتەوە، لە ماوەی چەند خولەکدا بۆڵە بۆڵێک دەکا کە پیاو لێیان تێناگا و قەشە جگە لە پچە پچێکی نەوی کە جاریوایە بە ئاە و هەناسەیەکی ساردەوە کۆتاییان پێدێ هیچی دیکەی لێ نافامێنێ. کاتێ پیاوەکە کۆتایی بە دان پیاهێنانەکانی دێنێ، هەر بەو جۆرەی کە سەری لەسەر عەرز داناوە و بە لەشە زەبەلاحەکەیەوە نێوەی هۆدەکەی پڕکردوەتەوە. قەوارە زەلامەکەی کە وەك دێو دەچێ، ئەو وەك بوونەوەرێکی سەمەرە دەنوێنێ، جۆرە فووسیلێکی حەیوانی کە پێوەندی بە سەردەمی بەر لە تۆفانی نووحەوە هەبێ، تەنیا هەر ترس و سامەکەیەتی کە لەسەر و وەزعیرا وانیشان دەدات کە بوونەوەرێکە لە رەگەزەکانی مرۆڤ. بۆ ساتێ لەو حاڵەتی شەرم و گوێ رایەڵییەدا بێدەنگ دەمێنێ، پاشان سەر هەڵدێنێ و بە دەنگە ئاساییەکەیەوە دەپرسێ:

-دەی، تەواوە؟... ئێوە منتان لە تاوان پاك كردەوە؟ بۆم هەیە بڕۆم؟

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-بەڵێ، دەتوانی بڕۆی.

ماگاشیا هەڵدەستێ و دەستی قەشە ماچ دەکا و بەر لە رۆشتنەکەی پێی دەڵێ:

-وێرای ئەمە پێویستیم بە پرس و رایەکە کە غیرەت ناکەم لەلای کەسی دیکە باسی بکەم. ئایا پیاوکوشتن، پاش تێپەڕ بوونی بیست و پێنج ساڵ و بەپێی کۆن بوونەکەی بۆ لێ بوردن دەبێ؟ ئایا ئەگەر کەسێك لێی ئاشکرا بێت، مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە تەسلیمی دادگای جینایەت کارانی بکەن؟

-کامە پیاو کووژی؟

ماگاشیا تێناگا کە لەبەرچی قەشە خۆی لە گێلی داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پرسیارە ئەوی عاجز کردووە بە سرتە، بە گوێیدا دەچرپێنێ:

-کوشتنی (دۆن جیۆلۆ) مەحزەرداری لاماتان عەرز دەکەم.

قەشە دەڵێ:

-ئەها!...راستە...لە بیرم چووبوەوە...بەڵام خۆمن پارێزەری دادگانیم و سەبارەت بەم بابەتەی تۆ، نازانم چ وەڵامێکت بدەمەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم دەنگۆیە لە ئاواییدا بڵاو دەبێتەوە کە دۆن پائۆلۆ بۆ دان پیاهێنان بیستن ئیجازەی وەرگرتووە.

ماگاشیا هەر ئەوەندەی وتووە کە :

-ئەم پیاوە لە هەموو شتێ دەگا و لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبێ.

و ماتالێنا دووپاتی دەکاتەوە کە:

-ئەو لە دان پیاهێنان بیستێکی ئاسایی بەرزترە، ئەو پیاوچاکێکە کە نێو دڵی تاوانبارە هەژارەکان دەخوێنێتەوە.

خەڵکی لە هەموو لایەکەوە بە پرتووکاو دێن تا زانیاری زیاتر وەربگرن. لەمە بەدواوە ژوورەکەی دۆن پائۆلۆ شوێنی مانەوەی هەموانە. خەڵك خۆ بە ژوورێدا دەکەن و دێنە دەر. هەرکەسەو بەتەمایە رۆژی دان پیاهێنانەکەی خۆی دیاری بکات. منداڵەکان لە پیلکانەکانەوە سەردەکەون و لەبەر دەرگای ژوورەکەیدا رادەوەستن بەڵام غیرەت ناکەن لەو پیاوچاکە نێزیك ببنەوە کە نە توانای خۆشاردنەوەی هەیە و نە لە توانایدایە بەرگری لەخۆی بکا.

جێزیرای بەساڵداچوو لە رێوە پەیدا دەبێ. هەمووان وەدەردەنێ و دەرگاکە لە پشت سەری خۆی پێوە دەدات، لەسەر چۆکان دادەنیشێ و، پاش خوێندنەوەی دوعای Mea Culpa (من تاوانبارم) دەست دەکا بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی. پیرەژن هەروەك دەستاڕێك هاڕە هاڕیەتی، دەستاڕێکی بێ دەم و ددان کە تەنیا دوو لێوی زەرد و ناسکی هەبێ. لە بن ئەو چەند تاڵە مووە پیسەی کە بە سەریەوە ماوە، لەتە گوێیەك دیارە و پیرێژن دەڵێ لە سەردەمی لاویدا گوێدرێژ قەپاڵی لە لەتەکەی دیکەی گرتووە. شوێنەواری هێندێ جێ برینی دیکەش لەسەر شوێنە جۆراوجۆرەکانی لەشی دیارن و هەموویان یادگاری مێردی یەکەمیەتی و یەکە بەیەکە دەیانبژێریو لەسەر هەرکام لەو شوێنەوارانە روون کردنەوەیەکی بۆ کووتن پێیە. تا بە ئەمڕۆ کەس شوێنەواری ئەم زامانەی نەدیتووە چوونکە بەخۆشیەوە لە بەر ئابروو و شەرەفی خۆی لەشی بە کەس پیشان نەداوە، بەڵام ئەم زامانە بەراستین وەك چۆن برینەکانی لاتەنیشتی عیسا مەسیح بەراستین. ئێستا بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بیست ساڵ دەچێ کە مێردەکەی لە کارەساتی بوومەلەرزەدا تێدا چووە. جیزایرا ئاوای دەگێڕێتەوە:

-لە کاتی بوومەلەرزەکەدا خوا وای ویستبوو کە من لەسەر جادە بم. مێردەکەم لە خەودا مابوەوەو لە ژێر کەلاوەی ماڵەکەمان کە هەمووی بەسەردا رووخا بوو دفن کرابوو. من دەست بەجێ لای خۆم بیرم کردەوە: ( ئێستا کە ئیتر بێوەژنم، دەتوانم بە ئاسوودەیی هەناسە هەڵکێشم. بەڵام دەبێ مێردی دووهەمم بە وردبینییەکی تەواوەوە هەڵبژێرم.) بەڵێ، من دان بەوەدا دێنم کە سەرەتا وا خۆم ساغ کردبوەوە. ئەو کەسانەی کە لە بوومەلەرزەکەدا بە ساغی دەرچوو بوون لە پشت گۆرستان، لە نێو بەفرەکاندا، پەنایان بردە بەر چەندانە خێوەت کە کەسانێك بەقەد جێ بوونەوەی خۆیان هەڵیان دابوو. شەوانە ناچار بووین بۆ تاراندنی گورگەکان ئاگری گەورە بکەینەوە. دەچووینە خانووە کاول بووەکان و ئاوردوو و چرپیمان کۆ دەکردەوە. شەوێکیان لە وێرانەی ماڵەکەی خۆمدا کە بۆ قاپ و قاچاغان دەگەڕام، لەناکاو دەنگێکی کپم وەبەر گوێ گەیشت کە لە نێو پووردوەکانەوە دەهات. دەنگەکە دەیگوت: (جێزیرا، جێزیرا) مێردەکەم بوو کە هێشتا گیانی لەبەردا بوو. من لە ترسان هەڵاتم. بەخۆم وت ئەگەر بێتەدەر بە تاوانی ئەوەی هەر لەوکاتەیدا کە هاواری لێدەکردم و لە بن وێرانەکەدا دەرم نەهێناوەتەوە، هێندەم لێدەدات تا گیانم دەرچێ. پاشان ئەم بیرۆکەیم بە مێشك گێشت: (حەتمەن لاق یان باسکێکی شکاوەو هەر بەم هۆیە ئیدی نەقووستان دەبێ و ئێمە لە جاران هەژارتر دەبین.) بۆ بەیانییەکەشی ئەو دیسان هاواری لێدەکردم بەڵام دەنگی لاوازتر ببوو. دەیگوت: (جێزیرا) (جێزیرا) (هۆ جێزیرا!) و من لای خۆم بیرم دەکردەوە: (ئەگەر ئەجەلی نەدەهات خوا لە بن ئەم وێرانەیەدا داینەدەپۆشی.) پاش چەند رۆژی دیکە، سەربازەکان هاتن کە خاك وخۆڵی وێرانەکان هەڵبدەنەوەو مردووکان بەخاك بسپێرن. مێردەکەم یەکەم کەس بوو کە بە مردوویی دۆزرایەوەو بەخاکیان سپارد. مێردی دووهەمم لەو باشتر نەبوو، هەر بۆ یەک مانگ لای یەکتر بووین پاشان، بەو پاشکەوتەی کە من کۆم کردبوەوە لەیداو چووە ئارژانتین و ئیتر نەگەڕایەوە: ئەمەش چارەنووسی ئێمەی ژنە هەژار!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیرێژن چاوەڕێیە تا قەشە شتێکی پێ بڵێت، وەك چۆن عادەتە چەند قسەیەك بە مەبەستی سەرکۆنەکردن بەسەر زاردا بێنێ و چەند پرسیاران بکات و سەرئەنجام وەك چۆن باو بووە، لێی خۆش ببێ. بەڵام دۆن پائۆلۆ بە رەنگ و ڕوویەکی هەڵبزرکاو لێی راماوەو هیچ ناڵێ.

پیرێژن دەڵێ:

-بۆم هەیە برۆم؟ تەواو بوو؟

قەشە دەڵێ:

-تەواو کە نەبووە، بەڵام دەتوانی بڕۆی.

بەدوای ئەودا ماستێر ئانجێلۆ دێت کە لیدۆڤینای خێزانی و مارتای ژن خووشکی بن باڵیان گرتووە، بەو هۆیەی کە لاقێکی هەڵبەستراوەو زۆر بە زەحمەت دەتوانێ بەڕێدا بڕوات و چوونکە ناتوانێ بەسەر چۆکاندا دابێتەوە ئەو دوو ئافرەتە ئەو لەسەر ئەسکەملەیەك لە تەنیشت قەشە دادەنیشێنن و بۆ خۆیان دەچنە دەر. بۆ دەست پێکردنەکەی، ماستێر ئانجێلۆ زاری لە گوێی قەشە نێزیك دەکاتەوە تا بەم جۆرە پتر دڵنیا بێ کە جگە لەو کەسێکی تر گوێی لەو قسانە نابێ. هاڵاوە بۆ گەنیوەکەی زاری بۆنی شەرابێکی لێ هەڵدەستێ کە هەر خوا دەزانێ هی چەند ساڵ لەمەوبەرە، بۆ گەنێوێك کە دۆن پائۆلۆ تووشی سەرگێژە دەکا.

ماستێر ئانجێلۆ دەڵێ:

-خێزانم هەژدە منالی بووە بەڵام خوا لەو هەژدەیە شازدەدانەی لێ ستاندووە. هێندێ جەستە هەن کە لە سەرەتای لە دایك بوونیاندا سزا دەبینن ودەسەڵاتیش نییە.(ماریتای ژن خوشکم بە شێوەیەکی دیکە سزای دیتووە. ئەو ئافرەتێکی هەژارو بەستەزمان بووە بەڵام لە باری تەندرووستییەوە ساغ و رێك و پێك بوو. پێش ئەوەی مێرد بە نیکۆلاچیکافۆ بکات گشت شت و مەك و کەرەسەی زەماوەندەکەی ئامادە ببوو و لە هەموو شوێنێ کات و شوێنی زەماوەندەکەیانمان راگەیاندبوو کە لە ناکاو نیکۆلا سەردانی کردم و لە چۆلاییەکدا بە منی وت: (من رازێکم هەیە کە پێویستە لای تۆ بیدرکێنم و ئەوەش ئەمەیە کە شەڕ منی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە تاوانی ئاكارەكانی ژیانم سزاداوە.) و ئەودەم بەدبەختی و نەهاماتی خۆی پیشان دام: ئەو پیاوە كە رواڵەتێكی ئاوا زەلام و بەهێزی هەبوو، ئیتر لە پیاوەتی كەوتبوو. لە نەخۆشخانەی سەربازیدا بۆ پاراستنی گیانی ئەو، ناچار كرابوون فڵانە شوێنی لە بنەوە ببڕنەوە. ئەو پیاوە چارەرەش و تەنیا بوو، نە دایك، نە خووشك، نە كەس و كارێكی بووە كە لانی كەم جلەكانی بۆ بشۆن، جێی بۆ راخەن، شێوی بۆ بكەن و، بۆ ئەم مەبەستە ناچار بووە زەماوەند بكات. بەلام تاقە رەزێكی ترێ و میدالیایەكی لێ هاتوویی هەبوو. ئەگەر ماگاشیا بمردایە، سەبارەت بەو میداڵی لێ هاتووییە پاوانی فرۆشتنی ترێ و خوێ یان بە نیكۆلا دەسپارد. ماگاشیا ئەوكات پیر بوو و چاوەڕوانی ئەوەی لێدەكرا كە بەم زووانە بمرێ و، ئەوەی كە لە بەدبەختیان ئەو هێشتا هەر زیندووە ئەمە ئیتر خەتای ئاواڵزاواكەی من نییە. بەڵێ، ماریتا و نیكۆلا زەماوەندیان كرد و پاش تەواو بوونی زەماوەندەكە بوو كە ئیتر ماریتا تێگێشت چ قوڕێكی بۆ گێراوەتەوە. نیكۆلا پێی دەڵێ: (مێردی خوشكت ئاگاداری ئەم رازە بووە.) ماریتا بە پەلە كەسێكی لە دوای من نارد و، بە گێشتنی من، دایە بەر گابۆڕی گریان و وتی: (تۆ بوویتە هۆی چارەرەشی من. ئێستا باشترە لە شوورەیی ئەم ریسواییە خۆم بكووژم.) نیكۆلا ئێمەی بەجێ هێشت و بەر لە رۆشتنەكەی بە ئێمەی وت: ( ئێستا كە بریاری خوا وابووە كە من بە سزا بگەیەنێت، من ئەو حەقەی بە خۆم نادەم كە ڕەزیل و بەغیل بم، بە مەرجێك كە هەر چۆنێ بێ شەرف و حەیای من پارێزراو بمێنێتەوە، مەبەستم ئەوەیە كە نابێ كەس پێتان بزانێ.) ماریتا شەش دانە مناڵی لێ پەیدا بوو كە چواریان زیندوون. جووت بوون وەك ئاو خواردنەوەیە. پیاو بڕیار دەدا كە: (ئەمە ئیتر دوایین پەرداخە!) بەڵام پاشان، دیسان تینوێتی تینی بۆ دێنێ و پەرداخێكی دیكەش دەخواتەوە. دیسان دەڵێ: (تەنیا هەر ئەم پەرداخەیەو ئیتر تەواو بوو!)بەڵام كێ دەتوانێ گوێ بە تینوێتی نەدات. جاری وایە ژن تینووەو جاری واشە پیاوەكەو زۆرجاریش هەردووكیان پێكەوە تینوو دەبن. سەرەتا پاراستنی پێوەندییەكی باش لە نێوان دوو خووشكدا كارێكی هاسان نەبوو، بەڵام سەرئەنجام پاش تێپەڕبوونی ساڵەكان ئەویش دروست بوو. ئێمە هەمووما‌ن رازی بە رەزای حەق بووین. ئابرو وشەرەفەی نیكۆلاش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروا پاریزراو مایەوەوە و حەیای نەچوو و کەسیش بە ئێمەی نەزانی. بەڵام رۆژێکیان نێکۆلا بۆ دان پیاهێنانی تاوانەکانی چووە لای (دۆن چیپێریانۆ)ی قەشە و، دۆن چێپێریانۆ بەتەواوی ئەو پیاوەی لێ گۆڕین. قەشە بەوی وتبوو ئەو سزایەی کە تا بە ئێستە دیومانە لەحاند ئەو شتەی کە بە بەراوەردی تاوانمان شایانی سزامان دەکاو پاشان بەسەرماندا دێت، هەر لەچاو ئەوە هیچ نییە. ئەوەی تا بە ئێستا دیومانە، دیمان و ئەوەی نەمان دیوە منالەکانمان کە گەرای تاوانەکانی ئێمەن دەیبینن و، ئەوەی کە منالەکانمان نەیاندیتووە نەوەو نەبیرەکانمان دەیبینن و، بەردەوام، پشاتاوپشت سزا دەیبینن تا دەگاتە حەوت پشتمان. بەڵام ئەگەر خوا ئاگای لە حەقیقەتی ئێمەیە چۆن ئەو حەقە بەخۆی دەدا کە سزامان بداتەوە؟ چما ئەو ئازارەی کە تا بە ئێستا کێشاومانە بەس نییە؟

پاکانەکارەکە بێدەنگ دەبێت و بەچاوە خوێن تێتێزاوەکانیەوە لە قەشە رادەمێنێ تا مەگەر وڵامێکی لێ ببیستێ. لە پیلکانەکانەوە دەنگە دەنگی چەندانە سەرخۆش بەر گوێ دەگا کە لە قاتی خوارەوە خەریکی قوماری مووڕانن: یەکیان بە لوورە لوورەوە هاوار دەکا: (پێنج! پێنج! پێنج!)و ئەوەی دیکەیان بە زیقە زیقەوە بەدوای ئەودا دەڵێ: (سێ! نۆ! شەش!) دۆن پائۆلۆ لەسەر شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەی چاوی بە دوودانە مێش دەکەوێ کە یەکیان بە پشتی ئەوەی دیکەیانەوە نووساوەو مەرگ لەحالی جووت بووندا لە نەخافڵ وەگیری هێناون. لە دەرەوە باران دەبارێ. دۆن پائۆلۆ هەڵدەلەرزێ و سەرئەنجام دەڵێ:

-ماستێر ئانجێلو تکات لێدەکەم کە باوەر بە قسەکەم بکەی! من نازانم چ وەڵامێکت بدەمەوە. قەت تووشی بابەتێکی وەك ئەم شتەی تۆ نەهاتووم و قەتم نەبیستووەو قەتم نەدیوە.

-لە کتێبەکاندا چی نووسراون؟

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ:

-سەیریان دەکەم، پێیاندا دەگەڕێم...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێدۆڤیناو ماریتا کە ماستێر ئانجێلۆ بانگی کردوون، دیسان بە پیلکانەکاندا هەڵدەگەڕێن و بە گرتنی باسکی پیاوەکەیان یارمەتی دەدەن تا لە ژوورەکە بچێتە دەر، هەروا بە نیگاکانیانەوە لێی ورد دەبنەوە تا بەڵکوو لە ئاکامی دان پیاهێنانەکە تێبگەن.

لە ڕارەوەکە، تۆبەکارانێکی دیکە، لە ژن و لە پیاو، لەسەر پیلکانەکان چاوەڕێی سەرەی خۆیان دەکەن. بۆ گەنیوێکی توندو ناخۆش کەشی ژوورەکەی داگرتووەو هەر دەڵێی ئەم کەسانە خوویان بەوە گرتووە کە مێز بە خۆیاندا بکەن و قەتیش خۆ نەشۆنەوە. دۆن پائۆلۆ کڵاوەکەی هەڵدەگرێ و عەباکەی لەبەر دەکاو ئەگەر چی باران بە خوڕ دەبارێ، خۆی بە کۆڵاندا دەکا. وەبیری ئەو سەردانەی دەکەوێتەوە کە جارێکیان سەردانی ئاوەرۆکانی پاریسی کردبوو. وەك ئەوەی ئێستا لە ئاوەڕۆیەکی دیکە هاتوەتە دەر. ئەوەی کە ئەو -بە حوکمی غەریزەو سروشتییەوە- خۆ لە ڕۆچوونە نێو بەدبەختییە تاکە کەسییەکان و ڕازو نەهێنیە تایبەتەکانیان قوتار دەکا، مەگەر بەم هۆیە نییە کە لەوە دەترسێ نەکا ئەو بۆچوونە سادەیەی لێ هەڵوەشێتەوە کە سەبارەت بە ئازارو ژانی مرۆڤ و ئاسایش و ئارامییەکانیان لە زەینیدا پەروەردەی کردووە؟ ڕەنگە لەوە بترسێ کە بەرەورووی هێندێ لە دەردو ئازارەکانی مرۆڤ بێتەوەو بەڵام هیچ چارەسەرییەکیان بۆ لە گۆڕێدا نەبینێ؟ لەناکاو داوەرییە تیژو خێرایانەکانی ئولیڤای بیر دەکەوێتەوە سەبارەت بەخۆی کە دەیگووت: (حەقیقەتەکان تۆ دەترسێنن. تۆ بە زۆرەملی خۆت خۆش بین و شۆڕشگێڕ کردووە چوونکە پێچەوانە بوونەکەی تۆ دەترسێنێ.)

دۆن پائۆلۆ لەبەر ئەوەی وەك مشك لەبەر بارانەدا نەخووسێت و لە هەمان حاڵیشدا بەرەو میوانخانەکە نەبێتەوە، پەنا وەبەر ماڵی کولامارتینییەکان دەبا. کریستینا بە هەڵاتن دەرگای بەسەردا دەکاتەوە. لەو ڕۆژمیرا کە دۆن پائۆلۆ گەڕاوەتەوە بۆ پیتراسکا جگە لەوەی کە بە کۆڵاندا تێپەڕی بێ چاوی بەو نەکەوتووە. کچەلاوەکە لاواز بووەو جوان دیارە کە ئازار دەبینێ و ئەو بەرگە ڕەشەی کە لە تازیەی باوکیەوە لەبەری کردووە ئەم هەستەی ئەو بەهێزتر دەردەخا. بەقەشە دەڵێ:

-ئێستا باسی تۆمان دەکرد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە چێشتخانە گەورەکەدا کە کریستینا قەشە بەرەو ئەوێ بەڕێ دەکا، ئەندامانی بنەماڵە، واتە دایە گەورە و پوور و دایك و براکەی لەوێ کۆ بوونەتەوە. ئالبیرتۆ بەرگێکی ئەفسەری لەبەردایەو بۆ روون کردنەوە دەڵێ:

-منیش بەدڵخوازی خۆم چوومە سەربازی. لەباتی ئەوەی لێرە لەتاو بێکاریدا کەڕوو هەڵێنم، لە مانگدا چەند سەد لیرە وەردەگرم. ئەگەریش بەدڵخوازی خۆم نەچووبام، بە رەشبگیر دەیانگرتم. باشترە پیاو کاری خێر بە مەیلی خۆی بکات.

لەچێشخانەدا بۆگەنیوێکی هێوڕ بە حەوادا شەپۆلان دەداتەوە کە بە بۆعەتری کۆنسێرو شەرابێکی عەتاروی پووچەڵ بوەتەوە. ئافرەتەکان بێدەنگن. دۆن پائۆلۆ لە پشت پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە سەیری باغچەکەیان دەکا کە باران پاراوی کردووەو ئێستا بەرگی پاییزییان لەبەر کردووە. گوڵەکان تۆوویان هەڵوەریوە و دەرژێنە سەرخاك، لەخاکدا دەرزێن و هەر بەم زووانە گوڵی دیکە سەر هەڵدێنێتەوە. پووری کریستینا هەڵدەستێ تا ئەو ژوورە بەجێ بێڵێ و بە ئاماژەیەك لە دایکی کریستینا حاڵی دەکا کە بەدوایدا بڕوا، بەڵام دایکی کریستینا زوو لە مەبەستەکەی نەگێشتووە و وەك منالێکی ساوا پێکەنینێکی بێ ئاوزانە سەردەدا بەدوایدا دەڕوا. کریستینا و ئالبیرتۆش دەچنە تەویلە تا ماییەنەکەیان تیمار بکەن. دۆن پائۆلۆ و دایە گەورە بە تەنیا دەمێننەوە. پیرێژن دەڵێ:

-ئێوە دوایین کەسێك بوون کە پاسکاڵی کوڕم بەر لە گەڕانەوەی بەرەو فووسا لەگەڵتاندا دواوە. ئەو چی بە ئێوە وت؟

قەشە وەڵام دەداتەوە:

-ئەو بە منی وت: ( هەموو شتێ تەواو بوو!) حەزی نەدەکرد کەسی بە دەورەوە بێ. بەراستیش هەموو شتێ تەواو ببوو، لەمەزیاتر ئەو هیچی تری نەگووت.

پیرێژنی رەش پۆش، لەسەر مۆبلێك دانیشتووە کە پارچەکەی مەخمەرێکی سوور و کۆنەیە کە لەبەر دەم پەنجەرەکە داندراوە و بەسەر باغەکەدا دەڕوانێ. ئەو شێرە ژنێکی کورتەباڵاو پرچن و زۆرهانە. بە چاوە شووشەییەکانیەوە کە بێ حاڵەت و شوێن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵنەگرن، سەیری قەشە دەکاو لە کاتی قسەکردن، پووکەکانی زاری کە تەنانەت یەکدانە ددانیشی پێوەنەماوە پیشان دەدا. دەڵێ:

-بۆیە ئێمەیان بەتەنیا جێ هێشتووە کە بەتەمان لای ئێوە دان پیاهێنانم هەبێ، بەڵام من نامەوێ دان بە هیچ شتێکدا بێنم. بۆ دان پیاهێنان شتێکم کەمە و ئەویش هەست بە پەشیمانی کردنە. ئاخر من لەچی پەشیمان بم؟

وەك خاچ دەستەکانی لەسەر سینگی داناوەو، ئەم دەستانە وەك ئامێرێك دەچن کە بەهۆی کاری سەخت، بەردەوام رەنگی رزینیان لێ نیشتبێ. باسکە وەشك هەڵاتووەکانی وەك دوو لقی وشك دەچن کە چاوەڕێی برینەوە و لە ئاور هاوێشتن دەکەن.

پیرێژن دووپاتی دەکاتەوە:

-لەچی پەشیمان بم؟ لەم هەشتا ساڵەی تەمەنمدا جگە لە شتێك هیچی ترم نەویستووە، داوایەکی دروست، تەنیا شتێکی رەوا، و ئەویش شەرەفی بنەماڵەکەم بووە. جگە لەمە قەت بیرم لە هیچی دیکە نەکردۆتەوە، قەت شتێکی دیکەم نەویستووە، هیچ کارێکم نەکردووە... بەڵێ، لەماوەی هەشتا ساڵ تەمەن... و ئێستا دەبێ لەچی پەشیمان بم؟

ئێستا لە قووڵاییەکانی چاویەوە کە لەناکاو زەق هەڵاتوون بێ ئارامییەکی دوور لە هیوا، ترسییەك کە لەمێژە بە شاردراوەیی ماوەتەوە، نیگەرانییەکی چارەسەر نەکراو و حەتمی و حاڵەتێکی ناهومێدانەو بێ هوودەبوون، وەبەرچاو دەکەوێ کە دۆن پائۆلۆ بە دیتنی دۆش دادەمێنێ.

پیرێژن دەپرسێ:

-ئایا کۆتایی هەموو شتێکە؟... بەراستی هەموو شتێك تەواو بووە؟ کۆتایی هەموو شتێکە یان بە تەنیا فەشەل هاتنی کولامارتینییەکانە؟...

کاتێ پیرێژن ئاگادار دەبێتەوە کە دۆن پائۆلۆ لە چاوەکانی راماوە، چاوەکانی دەنووقێنێ. سەرە کزو بێ تووکەکەی، پیاو دەخاتە بیری سەرەچۆلەکە. چ شتێکی لەشکان نەهاتوو و ناسکەو لەهەمان حاڵیشدا چەندە خۆراگرو پتەو و سەرسەخت و شوێن هەڵنەگرو سەرکەشە! هەشتا ساڵ پشوو درێژی! کاتێ کریستینا بە داپیرەی کوتبوو:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(ئەگەر پەشیمان نەبیت و دان پیاهێنانت نەبێ لە جەحەندەم دەکەوی.) داپیرە وەڵامی دابوەوە: (باشە: دەچمە جەحەندەم.) بەڵام ئێستا کە دەرفەتێکی بۆ رەخساوە تا پرس و را بە قەشەیەك بکا، بەر لە هەرشتێ حەز دەکا لە نێوەرۆکی بابەتێکی ئایینی ئاگادار بێتەوە، بۆیە دەپرسێ:

-ئەو کەسانەی کە هەست بە پەشیمانی ناکەن و بەم هۆیە رێگەیان لەجەحەندەم دەکەوێ تا چ ماوەیەك مەجالیان پێدەدرێ کە لەرامبەر دادوەری ئاسمانیدا بمێنێتەوە؟ ئایا لانی کەمی ئەو دەرفەتەی هەیە کە بەرەو رووی خوا، راستییەکان دەربرێ؟

دۆن پائۆلۆ ناچارە دان بەوەدا بێنێ کە ئەگەر ئەزموونی تاکەکەسی ئەو رێگەیەی پێنادا کە هیچ فتوایەك لەسەر ئەم بابەتە بدات، بەڵام عەقڵیەتێکی راست و دروست فەرمانی پێدەدا کە دەبێ وەڵامێکی راست بداتەوەو پێی بڵێ: "بەڵێ" و، هەر ئەمەش لەخۆیدا بۆ پیرێژنەکە بەسە.

کریستینا لەکاتێکی باشدا پەیدا دەبێ کە دۆن پائۆلۆ تا بەر دەرگا بەرێ بکاتەوە، بەڵام بەر لە رۆشتنی قەشە کیژەکە داوای لێدەکا ئەو هۆدە چکۆلەیەی لە تەنیشت چێشخانەکەیە بە قەشەی پیشان بدات کە دەزگایەکی جۆلایی لێ داناوە. لەم ژوورەدایە کە کریستینا کاتە بەتاڵەکانی لە رۆژدا و تەنانەت تا قەیرێ لە شەویش، بە ئیش کردن پر دەکاتەوە. کیژەکە بە قەشە دەڵێ:

-ئیتر ئێستا نازانین لە چ رێیەکەوە بژێوی خۆمان پەیدا بکەین. حەتمەن ئێوە ئاگادارن کە بەفەشەل هاتنی بانگ  گشت پاشکەوتەکەمان تێدا چوو. ئەو پارچە زەویەش کە بۆمان ماوەتەوە هیچی لێ دەست ناکەوێ و جووتیارەکان قەت فلسێکمان پێنادەن.

کریستینا لەسەر ئەو قەناعەتە بوو کە دەتوانێ لە رێگای جۆلایی کردنەوە شتێك بکا، بەڵام ئێستا بە هەڵە بوونەکەی خۆی زانیوە. دەڵێ:

-خووری گران بووەو ئێستا ئیتر کەس شاڵ لەبەر ناکات، چوونکە تەنیا بۆ جوانکاری و پۆشتەبوون لەبەر دەکرێ. تا بە ئێستا داوکارییەکی کەمم بۆ هاتووە کە لەلایەن چەند کەس لە دۆستانەوە بووە و تەنیا بۆ رەعایەت کردنی من بووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-ئیتر لە بیری ئەوەدانین کە بچنە پەرستگە؟

کریستینا وەڵا دەداتەوە:

-ئێستا ئیتر کوا پێم دەکرێ؟ دەبێ بڵێم کە کێشە مادديیەکان خراپترین گرفتەکانی ئێمە نین و ئەگەر سەبارەت بەم گرفتە قسەم لەگەڵدا کردن، تەنیا لەو لایەنەوە بوو کە بە دیتنی هێندێ پیرێژنی وەك دایە گەورەو پوورو دایکم دڵم تەنگ دەبێ کە تەمەنیان خۆری سەرگوێسپانانەو سەرەڕای ئەوەش لە هیچ شوێنێکەوە بژیویان بۆ دابین ناکرێت، بەڵام کەم و کۆرییە مادییەکان لە حاست هەژاربوونی رەوشتمان هیچ نین. مەرگی باوکم هاوسەنگی بنەماڵەکەمانی تێك داوە. ئەو شتانەی کە جاران بیرمان لێ نەدەکردەنەوەو بە گوێمان ئاشنا نەبوون، ئێستا بیانووی سەرەکی ناکۆکییەکان و تێك هەڵچوونە بەردەوامەکانمانن.

کاتێ قەشە ئیزنی رۆشتن دەخوازێ، کریستینا بە تاسەوە داوای لێدەکا کە لەکات و شوێنێکی دیاری کراودا -ئەگەر قەشە رازی بێ- گوێ بداتە دان پیاهێنانەکانی.

دۆن پائۆلۆ لەناکاو سوور هەڵدەگەڕێ و دەڵێ:

-ئاخ! نابێ، نابێ!

ئەندێشەی ئەوەی کە بە بیانووی ناو و نیشانێکی دەسکردو درۆیانە، ئاگاداری رازی دەروونی کیژێکی لاو دەبێ، لەناکاو لە زەینیدا وەك تاوانێکی گەورە دێتە بەرچاو کە نابێ خۆی لێ نەبوێرێ، هەر بۆیە هەست دەکا کە هەرچۆنێ بێ دەبێ نارازی بوونی خۆی پیشان بدات، بەڵام هیچ بیانوویەکی ئەوتۆ بۆ لە پاساودانی خۆی نابینێتەوەو لە حاڵێکا بە تەواوی شڵەژاوە دەڵێ:

-پێشنیارتان پێدەکەم کە بچنەوەلای قەشەی هەمیشەییەتان. سەرەڕای ئەوە من بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وتووێژەکەی بەهاری رابردووم بیر دێتەوە کە پێکەوە کردمان و، بەر لەوەی بەرەو ناوچەی قەشایەتییەکەم بگەڕێمەوە، خۆشحاڵ دەبم کە دیسان هێندێکی دیکە لەگەڵتاندا بدوێم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەم چەشنە هەردووکیان بە هیوای ئەوەی بەم زووانە دیسان چاویان بەیەك بکەوێتەوە، لەیەك جیا دەبنەوە. لە هۆڵی میوانخانەکەدا، شەتاپ کە لە مەزرا گەڕاوەتەوە چاوەڕێی قەشە دەکا تا نامەیەك بگەیەنێتە دەستی کە لە لایەن مارتاوە هێناویەتی. لەم لاپەڕەیەدا نووسراوە کە گیانی دۆن بینەدیتۆ لە مەترسیدایە. مارتا بەم جۆرە کورتی کردوەتەوە کە: (ئەو کەسەی کە ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە، کۆمەڵێ بەڵگەی لە دەست دایە کە جێی هیچ گوومانێکمان بۆ ناهێڵێتەوە. من نازانم روو لە کێ بکەم؟ کۆنچیتینۆراگۆ لە ئافریقایەو دوکتورساکاش لەوە دەترسێ کە پلەوپایەکەی خۆی لە کیس بدات.)

دۆن پائۆلۆ خۆی ناتوانێ بچێتە روکا تا زانیارییەکی زیاتری لە چۆنیەتی رووداوەکە دەست کەوێ و تا بەم جوورە بتوانێ بە هەڵسەنگاندنەوە رێگا چارەیەك بۆ پاراستنی دۆن بینەدیتۆ ببینێتەوە، چوونکە ئەگەر دۆن بینەدیتۆ ئێستا لەژێر چاوەدێریدا بێ ئەو مەترسییەش دێتە گورێ کە قووتابییە کۆنەکەی بکەوێتە ژێر لێ پرسینەوە و لە ئاکامدا لەلایان دەزگای ئاسایشەوە بناسرێتەوەو دەست بەسەر بکرێ و، رەنگە لەو حاڵەدا دۆن بینەدیتۆ کە هەر ئێستا لێی بەشکن زیاتر تێوە بگلێ و کارەکەی لێ خراپتر بکەن. بۆیە دۆن پائۆلۆ دەکەوێتە بیری ئەوەی یاداشتەکەی مارتا بۆ مۆریکا رەوانە بکات. لە راستیدا مۆریکا خۆی خەڵکی روکایەو بەم چەشنە دەتوانێ بەبێ ئەوەی سەرنجی کەس بۆ لای خۆی راکێشێ هاتووچۆی بکا. دۆن پائۆلۆ چەند راسپاردەیەك بە نامەکەی مارتاوە زیاد دەکا کە: (تا ئەم دۆخە جێ هەرەشەیە لەگۆڕێدا بێ دۆن بینەدیتۆ نابێ بەتەنیا لەماڵ بچێتە دەر، ئەگەر بەپێی پێویست ویستی بچێتە دەر، دەبێ هەنگاو بە هەنگاو هاوڕێیەتی بکەی. بۆخۆشت دەبێ بچیتە ماڵی ئەوان و شەوانە لەوێ بمێنیتەوە!)

دۆن پائۆلۆ لە شەتاپ دەپرسێ:

-ئەو رۆژانەی کە کارت هەیە چەندت دەست دەکەوێ؟

-چوار تا شەش لیرە.

-من پێشەکی حەق دەستی دوورۆژانت دەدەمێ، بەو مەرجەی ئەم نامەیە بگەیەنیتە روکا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەتاپ بەراكێش راكێش(گاریباڵدی) لە تەویلەكەی دێنێتە دەر و لێی سوار دەبێت و بە چوار ناڵ بەرەو دۆڵێ غاری دەدات.

سبەینێی ئەو رۆژە شەمۆیە. كریستیناش لە لایەن مارتاوە نامەیەكی بەدەست گێشتووە كە لەودا باس لەو مەترسییە كراوە كە كەوتووەتە سەر رێی دۆن بێنە دیتۆ. لەو نامەیەدا نووسراوە: (ئەنجوومەنی ئەیالەتی بۆكاری تاراوگە، لە ترسی ئەوەی كە نەكا بە دوورخستنەوەی دۆن بینەدیتۆ بۆ دوورگەیەكی دوور ئاڵۆزی دروست ببێ غیرەتی نەكردووە كە حكوومی لەسەر دەربكەن و، هەر بەم هۆیەشە كە تا بەئێستا ئەویان دەست بەسەر نەكردووەو بە دادگایەكی تایبەتیان نەسپاردووە، ئەوان لە هەڵوێستەكانی ئەو ترسیان رێ نیشتووە و وا مەزندە دەكەن كە رەنگە بە زمان یا بە نووسراوە هەڵوێست وەربگرێ. باشترین رێگاچارەیەك كە بەزەینیان گەیشتووە ئەمەیە كە(بێ دەنگ سەری بەبن گۆمێدا بكەن.)

كریستینا بە نامەی نێو دەستیەوە، بە پەلە دەچێتە لای دۆن پائۆلۆ. روونكردنەوەكانی قەشە نیگەرانییەكەی كیژەكە زیاتر دەكا. كیژەلاوەكە دەیەوێ نارەزایەتی خۆی دەربڕێ و دەڵێ:

-ئاخر دۆن بێنەدیتۆ هەرگیز دەستی لە سیاسەت وەرنەداوە. چۆن دەكرێ بە تاوانی دوژمنایەتی كردن لەگەڵ دەسەڵاتدا، بەدوادا چوونیان لەسەر هەبێ؟

دۆن پائۆلۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

-ئێمە لە كۆمەڵگایەكدا دەژین كە جێگایەك بۆ پیاوە سەربەستەكانی تێدا بەدی ناكرێ. تەنیا ئەو قەشانە لە ئاسایشدان كە مەزەب دەخاتە ژێر خزمەتی دەسەڵات و بانكدارەكان و، ئەو هوونەرمەندانەش كە هوونەری خۆیان بفرۆشن و ئەو پسپۆرانەی كە سەودا بە زانستەكانیان دەكەن لەم كۆمەڵگایەدا جێیان دەبێتەوە. ئەوانی دیكە ئەگەرچی بە ژمارە كەمیش بن لە بەندیخانە دەكرێن، دوور دەخرێنەوەو دەیانخەنە ژێر چاوە دێرییەوە، بەو مەرجەی بەرێوەبەری فەرمانی دەسەڵاتدار بەپێی پێویست (بێدەنگ سەریان بەبن گۆمێدا نەكەن).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کریستینا سەری لەم قسانە دەرناچێ. ئەم بابەتانە بۆ ئەو جێی سەرنج نین. ئەو نایەوێ هەرگیز کاری بەم شتە سەخت و ناحەزانە ببێ. بەڵام دۆن بینەدیتۆ و خۆشکەکەی خۆش دەوێن وئێستا کە گیانیان لەمەترسی دایە ناتوانێ بەجێیان بێڵێ. پاش ئەوەی ئیزن لە داپیرەی وەردەگرێ بە مەبەستی ئەوەیك تا شەوی یەک شەمۆ لەوێ دەمێنێتەوە بەرەو رووکا وەرێ دەکەوێ.

لە رووکا هەموو شتێ لە دۆخی ئاسایی خۆیدایە. دۆن بینەدیتۆ لەو هەڕەشەی کە کراوەتە سەری ئاگادارە، بەڵام نەیزانیوە کە خووشکەکەی کەسانێکی تریشی ئاگادار کردۆتەوە و، هەروا بە خوڵق و خووە شیرینەکەیەوە سەرقاڵی کارە رۆژانەکانیەتی. کاتێ مۆریکا شەوی پێش کارەساتەکە داوای لێ کردبوو کە لە ماڵی ئەوان بمێنێتەوە زۆر بە لایەوە سەیر نەبوو و پێی وابووە کە رەنگە ئەم لاوە لەگەڵ ماڵێدا دەمبۆڵەی هەبووە. بەڵام کاتێ کریستیناش پەیدا دەبێ و داوای لێدەکا کە بۆ رۆژێك میوانی ئەمان بێ پێی سەیر دەبێ. کریستیناو شەوێك لەماڵی خۆیان نەبێ! حەتمەن کارەساتێکی گرینگ لە پێشە. بەڵام ئەو بەدوا داچوونی ئەم بابەتە دەخاتە ئەستۆی خووشکەکەیەوە.

ئێوارەی شەمۆ، مجێوری کلیسەی(سان مارتینۆ) دێت و نامەیەکی بانگێهێشتن دەداتە دەستی دۆن بینەدیتۆ کە بۆ سبەینێ بەیانی، بۆ پێش نوێژی مس، بۆ ئەو کلیسەیە بانگێهێشتن کراوە.

مارتا دەپرسێ:

-لەبەر چی(دۆن چیپێریانۆ) ناچێ؟

مجێوری کلیسە لە وەڵامدا دەڵێ:

-ئەو لە شوێنێکی دیکە کاتی گیراوە.

کاتێ مجێوری کلیسە دەڕوات مارتا تکا لە براکەی دەکا کە ئەو بانگێهێشتنە رەت بکاتەوە.

دۆن بینەدیتۆ لەوەڵامدا دەڵێ:

-بۆ رەت کردنەوەی ئەم بانگهێشتنە هیچ هۆیەک نابینم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و خۆی بە کارەکانییەوە خەریك دەکا.

کریستینا شەو لە ژوورەکەی مارتادا تێپەڕدەکا، مۆریکا لە چیچشتخانەکەدا دەخەوێ و دۆن بینەدیتۆش تا دانگێ کە لە شەو تێدەپەڕێ، لەپشت مێزی کارەکەی، خۆی بە ڕێك کردنی بەڵگەنامەو نامەکانیەوە خەریك دەکا. بەیانی لەبەر دەرگای مالەکەیان مارتا چاوەڕێی براکەی دەکا، بە پارانەوەوە سکاڵای بۆ دەبا کە نەچێ بۆ لاما و، پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرێ کە خۆ زەختیان لەو نەکردووە نوێژی مس لە کلیسەیەکی دیکە بخوێنێ. پاشان ئەمە بە قسەکانیەوە زیاد دەکا کە شەوی رابردوو خەونێکی ناخۆشی پێوەدیوە.

دۆن بیندیتۆ پاش ئەوەی بە مێهرەبانییەوە وەڵامی دەداتەوە -بەڵام زۆر شێلگیرانەو پتەو- و پاش وتنی چندانە قسەی خۆش سەبارەت بە لێکدانەوەی خەون، ماڵ ئاوایی لە خووشکی دەکا بەڵام ئیجازە دەدات کە مۆریکا و کریستیناش هاوڕێیەتی بکەن.

رۆشتن بە پێی پیادە تا لاما سەعاتێکی پێدەچێ. بە هۆی ئەو بارانەی کە بەم زووانە باریوە جادەکە قوڕاوییە. وێڕای ئەوەیکە خۆر لە ئاسۆوە سەری دەرهێناوە، هێشتا کەش گەرم دانەهاتووەو هەوا بە سەرمای نماویو شەداریەوە قوورس بووە. کریستینا لەلای راستەی پیرەمێردەوە بەڕێدا دەڕوا و مۆریکاش لەلای چەپیەوە. دۆن بینەدیتۆ بە کیژەکە دەڵێ:

-کریستینا، ئەو پیاوەی کە ئێستا لە میوانخانەی ماتالێنادا نیشتەجێیە، لە پیتراسکا، ئەگەر رۆژێك پێویستی بە یارمەتی تۆ هەبوو داوات لێدەکەم کە یارمەتی پێ بگەیەنێت.

کیژەکە دەپرسێ:

-مەبەستان لە دۆن پائۆلۆ یە؟ پێتان وایە کە ئەو رەنگە پێویستییەکی بەمن هەبێ؟

پیرەمێرد دەڵێ:

-کریستینا، هێندێ جار وا هەڵدەکەوێ کە کۆمەڵی پێشهاتت بکەوێتە سەر رێ کە تۆ لە تواناتدا نەبێ بە مێشکی خۆت لێیان تێبگەی، لەو حاڵەدا هەوڵبدە بە قسەی دەڵت بکەی. لە دەشتی فوچینۆ، تەم ومژ وەك شەپۆلێکی ئارام هێدی هێدی بەرەو تەپۆلکەکان هەڵدەکشێ. لە ناوەندی ئەم دەریایەدا چەندانە دووڕگەی چکۆلە کە منارەکانی کلیسە و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرەبەرزەکانی سپی دارەکانن، سەریان وەدەرناوە. دۆن بینەدیتۆ بۆ ئەو لاوانە دەگێڕێتەوە کە لە تەمەنی لاویەتیدا کاتێ هاوتەمەنی ئەمان بووە هۆگرییەکی گەورەی بە کۆنینەناسی هەبووە و هەرکە دەیبیست لە کاتی کێڵانی فەلانە رەز هێندێ سواڵەی کۆن دۆزراوەتەوە، یان لە رووخاندنی فڵانە بینا کاسە سەری مرۆڤیان دیتوەتەوە، بە دەیان جار بەرەو ئەو شوێنانە سەفەری کردووە. و لە کاتێ گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا هێندێ قسەی خۆشیشی پێوە زیاد دەکا کە ئەو دوولاوە دەخاتە پێکەنین.

کاتێ سیوادی ئاوایی لاما وەدەر دەکەوێ و دەنگی زەنگی کلیسەی سان مارتینۆ دەگاتە بەرگوێ - کە بڕوادارەکان بۆ نوێژی مس بانگ دەکا- دۆن بینەدیتۆ لەحاڵێکا مەنگ و دڵگیرو غەمگینە، بێدەنگ دەبێ. سان مارتینۆ کلیسەیەکی کۆن و دوور کەوتەیە کە لە ساڵدا لە یەك دووجار زیاتر نوێژی مسی تێدا ناخوێنن. لە بەردەم کلیسەکەدا پیرەمێرد لە کریستینا دەپرسێ:

-تۆ دەزانی وەڵامەکانی نوێژی مس لەبەر وەخوێنی؟

کیژەکە دەڵێ:

-بەڵێ، لە پەرستگەدا زۆرجاران ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم کارەیان بە من دەسپارد.

پیرەمێرد دەڵێ:

-پێی خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ وەڵامدەری من لە نوێژی مسدا تۆبی.

پێشخانی کلیسە بە بەردی مەرمەڕ دروست کراوە کە بە تێپەڕ بوونی زەمان رەش هەڵگەڕاوە و نوێنگەی دەرگایەکی گەورەیە کە هەڵکۆڵیارییەکەی زەق و ناحەزە.

دۆن بینەدیتۆ و کریستینا لە دەرگایەکی دیکەوە راستەوخۆ دەچنە نێو خەزێنەی کلیسە و مۆریکاش لە دەروازە بەردینەکەڕا وەژوور دەکەوێ. عەرزی کلیسە بە تەختەبەردی گۆڕ سەنگ ڕێژ کراوە و یادگاری سەردەمێکە کە هێشتا گۆڕستان دروست نەبووە و مردوەکانیان لە سەردابەکانی کلیسەدا دفن دەکرد. دوو ریز کە بریتیە لە سێ دانە ئەستوونگ، گۆرایی کلیسەیان بەسەر سێ بەشدا دابەش کردووە. تاقەکان لەسەر پەیکەری ئەستوونگە کۆنەکان و لە سووچە جیا جیاکانەوە پاڵیان بە یەکەوە داوە کە پایەیان نییەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەک ڕاستە لە عەرزییەوە سەریان دەرهێناوەو بەسەر ئەستونگە ئەستورەکاندا کوتاییان پێدێت. لە خوار کلیسەکەوە مێحرابێکی لێیە کە وەك تەختە بەردێك دامەزراوە، بەلای سەروشیەوە خاچێکی دارینەیە کە بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگ کراوە. لەلای چەپی مێحرابەوە، لەسەر دیوارەکەی، وێنەیەك هەڵواسراوە کە دۆزەخ پیشان دەدات. دۆزەخ پڕە لە شەیتانی ڕەش و قوڵە کە بە شێوەیەکی بێز هێنەرو ترساوی خۆ دەنوێنن و بە هەزاران شێوەوە خەریکی ئازاردانی گیانی کافوونە مەلعوونەکانن، ئەو بێزاتانەی کە یان لە نێو مەنجەڵەکاندا دەکوڵێن یان بە قولاپەکانەوە هەڵواسراون. لەلای ڕاستی میحرابەکەوە وێنەیەکی دیکەی لێیە کە پیشاندەری ئەفسانەی سێ مردوو وسێ زیندووە، کە تەنزێکی کۆمەڵایەتییە لە سەردەمی سەدەکانی نێوە ڕاستدا و بە شێوەی سەمای مردووەکان کێشراونەتەوە. ئێسکی مردووەکان یان کڵاوی درێژی ئۆسقوف یان تاجی پاپا و یان تاجی ئاساییان لەسەر ناوە و لە کاتی سەماکردندا ئێسکەکانیان وێك دەکەون. مجێوری کلیسە هەرچوار مۆمی میحرابەکە پێ دەکاو  بە نیشانەی دەست پێکردنی نوێژی مس زەنگۆڵەیەکی چکۆلەش وەدەنگ  دێنێ. بروادارەکان و ئامادەبووان ڕەنگە هەر دەدوازدە کەس بن و هەموویان ئافرەت و کیژی گەنجن. دۆن بینەدیتۆ کە ئێستا بەرگی مووتبەرکی نوێژی مسی لەبەر کردووە لەبەر دەم یەکەم پیلکانەی مێحرابدا ڕاوەستاوەو کریستینا لەلای چەپیەوە کەوتوەتە سەرچۆکان و بۆ وەڵامدانەوەی نوێژی مس ئامادە دەبێ. کریستینا بە هێواشی و لەسەرەخۆیی وەڵام دەداتەوە. مۆریکا لە نێزیك دەرگا، لە کن قاپی ئاوە مووتبەرکەکە ڕاوەستاوە. چەند پیاو کە بەپێی عادەت دەرەنگتر دێن بۆ بەشداری نوێژی مس وەژوور دەکەون، نووکی ئەنگووستیان لە ئاوە مووتبەرکەکەدا تەڕ دەکەن وهێمایخاچ دەکێشنەوە. یەکێ لەم پیاوانە بۆ چاوەزار تۆێژەمارێکی لە بن نەواری شەبکەکەی داناوەو ئەوەی تریان چەند تاڵە مووی فلچەی بە زەنجیری کاتژمێرەکەیەوە بەستوەتەوە. دۆن بینەدیتۆ بە پیلکانەی مێحرابەکەدا سەردەکەوێ و ئەو ئامێرانە لەسەر مێحرابەکە دادەنێ کە پێویستە لە ڕێورەسمی خواردنی قوربانی نوێژی مسدا کەڵکی لێ وەربگیرێ. ڕەفەیەکی دارینە لەلای چەپ دادەنێ کە کتێبێکی دوعای لەسەر دادەنێن و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا جزمەی دووعاکانی نوێژی مسی لەسەر داندراوە ئەو خەریکی خوێندنەوەی مەکاتبە. پاشان رەفەی کتێبە دووعاکەی لەلای راست دادەنێ و ئینجیل دەخوێنێتەوە. ئامادە بووان، بەشداری رێورەسمی قوربانی خواردنی نوێژی مس دەکەن و دۆن بینەدیتۆ کە هێور هێور ئەژنۆی دادێنێتەوە سەربەرەو لای خەڵك وەردەسوورێنێ و دوعا دەخوێنێت و تەنیلان دەکاو ئەمانیش بەپێی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم رێورەسمە پیرۆزە، بەچۆك دادەیەن یان هەڵدەستنەوە. تەنیا هەر مۆریکایە کە بە پێوە راوەستاوە. تەنیا ئەوە کە چاوەدێری ئەو دیمەنە دەکاو لە دڵی خۆیدا شاهیدی رازێکی دیکە و قوربانیدانێکی دیکەیە. وای بەزەین دەگا کە رێورەسمی نوێژی مس بە رەوتێکی نائاسایدا تێدەپەڕێ. وتووێژی ئایینی لە نێوان بەڕێوەبەری رێو رەسمەکەو وەڵامدەرەکەی( دۆن بینەدیتۆ و کریستینا) لە حاڵەتی لاوەکی و ساردو سڕە هەمیشەییەکەی کلیسایی هاتووەتەدەر و لەنەکاو شێوەی راوێژی دەربڕینێکی پڕ لە هەست و سۆزو پڕ لەمانا بەخۆیەوە دەگرێ. دەنگی پیرەمێرد مەنگ و ئارام و غەماوییەو، جووڵەکانی لەسەرخۆ و هاوسەنگە. دەنگی کریستینا مناڵانەو ترس لێ نیشتووەو، وەك سکاڵاچییەك وشە لاتینێکان، وشە بە وشە راوێژدەکا. پیرەمێرد بەرەو لای برِوادارەکان سەر وەردەسوورێنێ و بەلاواندنەوە داوا لە برِوادارەکان دەکا کە:

Orate Fratres

(براکانم، بپاڕێنەوە!)

لەو حاڵەدا مۆریکاش بەچۆکدا دێ.

کیژەکە وەڵام دەداتەوە:

Suscipiat Dominus Sacrifcium De Manibustuis

(واتە: خوای مەزن خۆرەتاوی فیداکاری لە نێوان دەستەکانتان دەربخات!)

تیشکی مۆمەکان، رەنگی زێرینی پیاڵەیەک لە ناوەندی میحرابەکەدا بڵاو دەکاتەوە و بەم جۆرە شەبەنگێکی تیشکاوی لە دەوری سەرە سپییەکەی قەشە ئاڵاوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر جارەی کە کریستینا بە بەردەم مێحرابەکەدا تێدەپەڕێ تا لە لایەکەوە بەرەو لایەکەی دیکە بچێ، لە ناوەندی ڕێدا چۆك دادەنێتەوە. ئێستا ئەو لەلای ڕاستە، بە دەستێك دەفری شەراب و هێندێ ئاو بۆ دۆن بینەتیتۆ لە پیاڵەکەی دەکا. لە سەرەتای دەست پێکردنی ڕێورەسمی تەبەرووك کردنی شەرابی مسدا، ئیمان دارەکان بەچۆکدادێن و تەوێڵیان لە خاك دەسوێن. دۆن بینەدیتۆ فوو بەسەر ئامێرەکانی قوربانی خواردندا دەکا. سێ کەرەت دان بە شایان نەبوونی خۆی دێنی، واتە سێ جاران دووپاتی دەکاتەوە کە:

Do minus Non Sum dignus (خودایە. من شیاوی تۆ نیم!) پاشان بەسەر مێحرابەکەدا دادێتەوە، لە نانە مووتبرکەکەی دەخوا، ئەوجار پیاڵە زێرینەکە هەڵدەگرێ و دەیخواتەوە. پاش بەڕێوەچوونی ئەم ڕێورەسمە، بڕوادارەکان سەر لەنوێ هەڵدەستنەوە، بەڵام دۆن بینەدیتۆ بەبێ هەست لە ناوەندی پیلکانەکاندا دەمێنێتەوە و هەنیشکەکانی بە مێزە پیرۆزەکەوە ناوە، وەك بڵێی لە خۆی ڕانابینێ دەست بەردا. پاش ئەوە، چۆکەکانی شل دەبن و پیرەمێردە ڕۆحانییەکە لەبەر پێی مێحرابەکەدا دەکەوێ. کریستینا بە هێواشی بانگی دەکا و بە لەسەرەخۆییەوە لێی دەپرسێ: چما حاڵتان باش نییە؟ لە نێو بڕوادارەکاندا، چەند ئافرت، سام گرتووانە دەست بە قیژەقیژ دەکەن. مۆریکا لە ناوەندی گۆڕەپانی کلیسەکەڕا گوڕێ وەبەر خۆی دەدات، بە پەلە بەرەو لای مێحراب دەچێ، بن باسکەکانی دۆن بینەدیتۆ دەگرێت و بە یارمەتی کریستینا ئەو بەرەو خەزێنەی کلیسە دەبەن. بڕوادارەکان لە کلیسە دێنە دەر و، لە گۆرەپانی ئاواییدا کۆ دەبنەوە و سەبارەت بەم نەیامەتییە چاوەڕوان نەکراوە کە بەسەر قەشەدا هاتووە هەر کەسەو شتێك دەڵێ:

یەکێ دەڵێ:

-دڵی لە خۆ چووە.

ئامادە بووەکانی دیکەیش دەڵێن:

- ، ئەو پیرەمێردە بەستەزمانە شەرابی مسی پێ نەکەوتووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دووكەسی لەشكەری بە گوورجی و خێراییەكی سەیر، دەگەنە شوێنی رووداوەكە. ئەمان جگە لە شاهیدی دانی مەرگی دۆن بێنەدیتۆ هیچ ئەركێكی تریان نییە.

جل و بەرگە پیرۆزەكانی نوێژی مس لەبەر مەیتەكە دادەكەن و تەرمەكەی لە چاوەڕوانی هاتنی پایە بەرزانی پێوەندی دار بەم رووداوەوە دەخەنە ژێر چاوە دێرییەوە. كریستیناو مۆریكا خۆ لە رۆشتنەدەر دەپارێزن بەلام بە پاڵەپەستۆ وەدەریان دەنێن. كریستینا لە ترسان و لەبەر دڵە خورپەكەی سەر تا بە پێی هەڵدەلەرزێ، توانای دەربڕینی وشەیەكی نییە، بە چاوە دەرپەڕیوەكانیەوە كە لە سووڕمان و لە ترسان زەق هەڵگەڕاون سەیری دەورو تەنیشتی خۆی دەكا و، بە زەحمەتێكی زۆر دیسان خۆی دەگەیەنێتە كلیسە و هەر لەوێ بە بێهۆشی لە خۆڵ دەگلێ. مۆریكا كریستینای لێ ون بووەو نازانێ چ وەڵامێك بەو كەسانەی بداتەوە كە پرسیاری هێندێ بابەتی لێدەكەن. بۆ خۆیشی بە بۆڵە بۆڵەوە لە ئامادەبووان دەپرسێ ئەمە چ رووداوێك بوو كە بۆمان رێكەوت، ئەم پێشهاتە چۆن روویدا. هەر لەم كاتانەدا فایتوونێك دەبینێ كە بە چوار ناڵ بەرەو روكا دەچێ. فایتوونەكە رادەگرێ و سوار دەبێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 12

دۆن پائۆلۆ بە مۆریکا دەڵێ:

-پاش هەڵگرتنی باری ئەم هەموو بەڵاو مەسیبەتانەی کە دیتمانن، ئیتر ئێمە ناتوانین وەك خەڵکی ئاسایی سەیری سیاسەت بکەین. کاتێ بە ڕوونی بیری لێبکەینەوە دەبینن کە سیاسەت بۆ ئێمە بووەتە شتێکی دیکە.

مۆریکا لە پێش قەشە بەڕێدا دەڕوا تا ئەو درك و داڵانە لابدات کە دێتە سەر ڕێی. هەر دووکیان بە کوێرە ڕێیەکی خزۆکدا ڕێگە دەبڕن کە بەرلەوەی بگاتە لای کەناری چۆمەکەی پیتراسکاو لە مەودای کەناری ئاوەکەدا درێژ بێتەوە بەرەو دەراوەکە سەراولێژ دەبێت. ئەو گشت ئەو ڕووداوانەی کە بەدوای مەرگی دۆن بینەدیتۆدا ڕوویان دابوو بۆ دۆن پائۆلۆ دەگێڕێتەوە.

-دەست تێوەردانی پایەبەرزی کلیسە، بەری بەوە گرت کە هۆی سەرەکی مەرگی ئەو بە ڕەسمی بناسرێت. ئۆسقۆف بە مارتای وتووە: ( مارتا خان، من بەڵێنتان پێدەدەم کە هۆکاری مەرگی براکەتان هەر بەو جۆرەی کە جێی ڕەزامەندیتان بێ ڕون دەبێتەوە!)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام تەشریحی(کلێشە برین) تەرمەکەی لە رادەی ئەو(رەزامەندییەی) کە ئەو بەڵێنی لەسەر دابوو، نەبوو و بەم هۆیە تەشریح کردنیان بە بێهودە زانی. دوکتۆر ساکا کە خوشکی دۆن بێنە دیتۆ ئەوی لە ئاکوافێردارِا بۆ روکا بانگ کردبوو، بە پەلە هاتە گۆرستان بەڵام رێگەیان پێنەدا چاوی بە تەرمەکەی بکەوێ .

دۆن پائۆلۆ دان بەوەدا دێنێ کە:

-لەم حاڵەدایە کە من بەو زەبرە جەرگ بڕە کە بە بیستنی ئەم زیانەی کە وێمان کەوتووە بەرە بەرە بەخۆمدا دێمەوە. قەت وام بیر نەدەکردەوە کە دۆن بینەدیتۆ تا بە ئەم رادەیە بۆ من گرینگ بووبێ. پازدە ساڵ بوو لەو دوور بووم و بە دەگمەن هەواڵێکم لێی وەدەست دەکەوت. راهێنانەکانی ئەو، منی وەك کەسێکی مەسیحی بارهێنا بوو بەڵام نەك ئەو مەسیحییەی کە (جێی رەزامەندی) بێ. پاش ماڵ ئاوایی کردن لە قووتابخانە و پێوەندی گرتن بە ژیانی راستەقینەوە، لەباری هزرییەوە لە بوارێکی جیاواز ئەندێشەم گەشەی سەند کە بە تەواوی بە پێچەوانەی ئایین بوو و رێسایەکی ترم کردە جێگری رێساکانی مەسیحییەت. کەچی تەنانەت لەو سەردەمانەشدا کە لەهەموو کاتێ پتر نووقمی کاروبارە سیاسییەکانم بووم لەوەی کە ئەم پیرەمێردە لە سووچێکی ئەم دوونیایەدا درێژە بە ژیانی دەدات، لە ناخی دڵمەوە هەمیشە هەستم بە خۆشحاڵی و ئاسوودەیی دەکرد. دیارە زۆرم هەوڵ دەدا تا خۆم لە پێوەندی ئەو بابەتانە رزگار بکەم کە لە رێگای راهێنانەکانی ئەو لە مێشکمدا مابوونەوە. رێسا ساویلکەکانی ئایینی مەسیحیەتم بە گاڵتە دەگرتن و لە رۆژنامەکاندا هێندێ بابەتم لەسەر دەنووسین، بەڵام ئەم پرسیارەشم لەخۆم دەکرد: (ئەگەر دۆن بینەدیتۆ لە کارەکانم ئاگادار بکەنەوە دەبێ چم پێ بڵێت؟) ئەو کاتانە پێشبینی ئەوەم بۆ نەدەکرا کە بارو دۆخەکان نەك هەر من دەگەڕێنێتەوە لای ئەو، بەڵکوو ئەویش لە من نێزیکتر دەکاتەوە.

هەر دووپیاوەکان بە عاقاری چۆمەکە و لە پشت سەری یەکترەوە بەرێدا دەڕۆن. هێندە ناخایەنێ کە دەبێ هەردووکیان راوەستن، چوونکە قوڵکەیەکی پان جادەکەی دابڕیوە. هەورێك لە ئاسماندا پەیدا دەبێ کە هەردەم بەرەو لایەك دەخوشێ، وەك بڵێی سەری لێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شێواوە و سەئەنجام بەرەو فوچینو دەكشێ. كاسەسەری گوێدرێژێكی تۆپیو لە قوولكەكە كەوتووە كە رەنگە سپییەكەی هەڵگەڕاوەتەوە، بەڵام هێشتا خرێكانی بە شەوێلكەیەوە دیارن.

دۆن پائۆلۆ دیسان دەڵێتەوە:

-ئێستا وام بەزەین دەگا كە لەماوەی ئەم پازدە ساڵەدا نیوەی تەمەنم بەفیڕۆ چووە. لەڕاستیدا من لە گشت ئەم ماوەیەدا بۆ ساتێكیش لە سەركوت و نێو بڕكردنی هێزە دەرونێكانم نەخافڵاوم، تەنیا بەو هۆیەی كە لە سەردەمی لاویەتیدا بە رەوشت و باوەڕە ئایینەیەكانەوە گۆش كرابووم. بە ئیرادەیەكی خۆ هەڵایەنگێزانە كە بێزار بوون لە كلیسە پێی تەڵقین كردبووم، هەوڵم دەدا توانامەندییە عەقڵانیەكانم جێگری ئەو هێزە دەرونیانەم بكەم كە پەروەردە دەكران بەو دەركە هزریانەی كە سەرچاوەی لە دونیای سیاسەت و ئابووریەوە دەگرت، چوونكە بە لێكدانەوەیەك ئیتر پێویستیم پێیان نەمابوو. بەڵام كاتێ گەڕامەوە بۆ مارسیكا ئاگادار كرامەوە كە گشت كۆششەكانم بۆ سەركوت كردنی ئەو هێزە دەروونییانە بەهیچ چەشنێك سەركەوتوو نەبووەو ئەو دەركە زەینییانە نەك هەر جێی نەگرتوەتەوە بەڵكوو تێكەڵاویشیانم كردووە.بەڵام لە پیتراسكا ئەو بابەتانەی كە دیسان لە پێوەندی بە ئایینەوە دەمدیتن، لەسەر ئەو باوەڕەی سوورتر كردمەوە كە بێزارییەكەم لە حاند كلیسە و خورافاتە ئایینییەكان هەر لە خۆڕا نەبووە. كاتێ بۆ جارێكی دیكە چاوم بە دۆن بینەدیتۆ كەوتەوە پێم وابوو تا بە ئەو رادەیە خاراو ببووم لەوە تێبگەم كە كۆششە كوێرانەكەم لە پێناو دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ راپەراندن و چالاك كردنەوەی بزوتنەوەی كافوونەكان و ئەو پێداویستیانەی كە بۆم هەڵ نەكەوتبوون، لە ئاكامی دەرەنجامێكی بەرچاو و خێرایانەدا بووە كە سەرچاوەی لە نەبوونی هاوسەنگی دەروونمدا بووە. رۆژانێكی زۆرم بە بیركردنەوە تێپەڕ كرد سەبارەت بە ئەندەرزەكەی دۆن بینەدیتۆ. هاتنی تۆ بۆ پیتراسكاو دان پیاهێنانەكانت دوایین پایەی خۆڕاگرییە دەرونێكانمی تێك شكاندو هەر ئەو كاتە بوو كە قسەكانی دۆن بینەدیتۆ تا قووڵاییەكانی گیانم تەشەنەی كرد. لە ماوەی چەند رۆژان گشت ئەو رێسایانەی مەسیحییەت كە زیندوو و خۆڕاگرانە لە

قوژبنەکانی مێشکمدا بە نەهێنی مابوونەوە بۆ جارێکی تر گیانیان بەبەردا هاتەوە، بەڵام مەسیحییەتێك کە لە هەرچەشنە ئەفسانە و خورافاتێك بە دوور بێ، بە دوور لەباوەڕە ماوەراتەبیعییەکان وسەربەست لە چاوەدێری و بازگەی کلیسە بێ، مەسیحییەتێك کە لەبەر خوای ساماندا مل کەچ نەبێت و دەستی بەیعەت بەرەو پۆنیس پیلات درێژ نەکاتەوە، مەسیحییەتێك کە کەرەسەی بەرژەوەندی و دەرفەت و بیانووی کارو کاسپی نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە سزای بە خاچداکێشان هەڵگیراوەتەوە، بڕوادارەکەی -لانی کەم- لە زیندان دەهاوێ. ئەم دووبارە ژیانەوەی بەشێ لە بوونم، کە ئەو کات بە شەرم و نەنگی خۆم دەزانی و هەوڵم دەدا تا بن بڕی بکەم، ئەمڕۆ هەستێکی ئارامم پێدەبەخشێ کە ساڵانێکە لێی بێ ئاگا مابوومەوەو ووزەو نەترسییەکیشم تێدا دەبووژێنێتەوە کە قەتم بیر لێ نەکردبوەوە.

مۆریکا دەڵێ:

-زۆرجار لە ڕۆما لە شانەدا باسی تۆیان دەکرد بەڵام پێم وانەبوو کە تۆ بەم چەشنە بیت. ئەوکات من کەمێ لە تۆ دەترسام.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-پیاوێکی شۆڕشگێڕ وەك خەڵکی دیکە لە گۆشت و ئێسك دروست بووە. هێندێکیان وەك پۆڵا دێنە بەرچاو کە پیاو دەتوانێ سوێندیان لەسەر بخوا کە گشت بوونیان پۆڵایەکی یەک پارچەیە، بەڵام ئەمانیش وەك خەڵك لە گۆشت و ئێسك دروست کراون.

پاش ئەوەی ئەو دووپیاوە لە سەرێرا، کوێرەڕێی بواری چۆمەکە بەرەو خوارێ دەبڕن دەگەنە شوێنێك کە بارستاییەکەی پانتر دەبێتەوەو مەودای ڕێی فایتوونێك دەبێ و لێژییەکی هێدی بەری دەکاتەوە.

مۆریکا پێشنیار دەکا:

-باشترە لێرە ڕاوەستین، چوونکە ئەگەر لەوە زیاتر بچینە پێش ڕەنگە لەسەر جادەکە چاویان بە ئێمە بکەوێت و بماننناسنەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەم رۆژانەدا پۆلیس بەوردی مۆریکای خستوەتە ژێر چاوەدێری و ئەو حەز دەکا لەگەڵ دۆن پائۆلۆدا نەبیندرێ. بە قەشە دەڵێ:

-لە رۆکا کۆڕێکم سازداوە لە نووسەرە لاوەکان.

-نووسەرەکان؟

-بەڵێ، نووسەرەکان.

دۆن پائۆلۆ دەپرسێ:

-رەنگە مەبەستت لە کۆڕێك بێ کە پێک هاتووە لە هەواڵ نێرەکانی رۆژنامە هەرێمییەکان؟

مۆریکا وەڵام دەداتەوە:

-ئەوانەی کەمن باسیان دەکەم قەت ئامادە نابن هاوکاری رۆژنامەکانی ئەم سەردەمە بکەن.

-چەند کەس دەبن و لە کوێ شت دەنووسن؟

مۆریکا وەك روون کردنەوەیەك دەڵێ:

-جارێ سێ کەسن. چەند کەسێکی دیکەیش هەن کە رەنگە لەلایەن کۆڕەکەوە بەئەندام وەربگیرێن بەڵام واباشە بە خۆپارێزییەوە کار بکەین. وێرای ئەمەش سێ کەس بەسە. هەموویان کوڕی باشن و من باشیان دەناسم. هەموویان کوڕە هەژار و بێ پارەن و تەنیا دەورەی سەرتایی خوێندنیان تەواو کردووە. پاش کارەساتی مەرگی دۆن بێنەدیتۆ هاتنەلای من و پرسیاریان کرد کە دەبێ چی بکەن. دانووستانێکمان پێکەوە ئەنجام دا و هەموومان لەسەر ئەو باوەڕە رێك کەوتین و بڕیارمان دا کە پێویستە کار بکەین لە سەر دەرخستنی هۆکارە سەرەکییەکان. راستەقینە هەر ئەو ئەسڵەیە کە دۆن بێنەدیتۆ لە هەموو شتێ زیاتر خۆشی دەویست. بەم چەشنە تەنیا رێی شاد کردنەوەی گیانی ئەو خوالێ خۆش بووە ئەوەیە کە راستەقێنە بناسێنین. ئەم کۆمەڵە ئامادەی بە ئەنجام گەیاندنی هەر کارێکن کە گیانی دۆن بینەدیتۆ شاد بکاتەوەو هەر بەم بۆنەیەوە کۆڕێکیان بە ناوی نووسەرانی راستەقینە سازداوە. ئەمانە بەسوار دووچەرخەو تەیار بە خەڵووزو گێچەوە دەچنە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاوایییەکانی دەوروبەرو لەسەر دیوارەکان دەنووسن: (دۆن بینەدیتۆ دەرمانداو کراوە).
باسمان بوو کە ئایا پێویستە شتێکی دیکە بەم دەستەواژەیە زیاد بکرێ یان نا و لە ئەنجامدا ساغ بووینەوە لەسەر ئەوەی کە نابێ هیچ شتێکی دیکە بە راستەقینەوە زیاد بکرێ، دەنا لە ئەنجامدا لە راستەقینە بوونی دوور دەکەوێتەوە. و لەسەر ئەم ئەنجامەش رێککەوتین کە بۆ بەهێزکردنی راستەقینە پێویست ناکا شتێکی تری پێوە زیاد بکەین چوونکە هیچ شتێك بە تواناترو پاکتر لە راستەقینە نییە. لە ئاکامدا بڕیارماندا لە هەموو شوێنێ و لێ بڕاوانە-واتە تا ئەو کاتەی هەموو خەڵك تێدەگەیەنین- بەردەوام بنووسینەوە: (دۆن بینەدیتۆ دەرمانداو کراوە). و جگە لەم چەند وشەیە هیچی تر نەنووسن و تەنانەت هێمای سەرسووڕهێنەریشی پێوە زیاد نەکەین. ئەو کاتە کەسانێك کە حەز بە تێنەگەیەشتن بکەن ناچار دەکرێن تێبگەن. ئەگەر کەسانێك هەبن کە ئامادەن ئەو فەرامۆش بکەنەوە، ئەم لاوانە سەر لەنوێ لەسەر دیوارەکان دەنووسنەوە: (دۆن بینەدیتۆ دەرمانداو کراوە) و ئەودەم ئەوانەی دەیانەویست فەرامۆشی بکەن ناچار دەکرێن کە یادی بکەنەوە. ئەمە ئەرکی ئەو نووسەرانەیە.

مۆریکا باسی لایەنگرانێکی دیکەش دەکا کە بە بەربڵاوی لە ئاواییەکانی دیکەشدا نیشتەجێن، بۆ وێنە دارتاشێك کە دوازدە ساڵ لە ئامریکا بووەو لەوێ لەگەڵ شانە ئانارشیستەکان لە پێوەندیدا بووە. جووتیارێك کە بەرلە دەست پێکردنی شەڕ سەرپەرشتی سەندیکایەکی جووتیاری کردووە. پیاوێکی خەڵکی(پراتولا) کە ئێستا لە فووسادا فایتوون چییە. و چەند کەسی دیکە، بەڵام مۆریکا لەوەی دەترسێ کە نەزانێ چۆن چۆنی لەگەڵیاندا بدوێ و دەڵێ:

-هەر ئێستا بۆ خۆت ئاماژەت بەوە کرد کە پاش هەڵگرتنی باری ئەم هەمووە بەڵاو موسیبەتانە ناتوانی وەك جاران ئاوڕبدەیتەوە سەر سیاسەت و لەسەری بدوێی.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-دەبێ ئەوەندی دەکرێ و دەگوونجێ کەمتر لەو بارەوە قسە بکرێت. تێبکۆشە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەر ئێستا ناوت هێنان و ئەو کەسانەی کە رەنگە لەمەودوا لەگەڵیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاشنا بیت نێزیکتر بیتەوەو دۆستایەتییان لەگەڵدا بگری. کاتێ ئەمان مەتمانەیان تێدا دروست بوو ئەوا دەتوانی هەوڵبدەی تێیان بگەیەنی کە مەبەست لە کۆمەڵگیرکردنی کۆمەڵێکی نوێ و یان باوکردنی شێوە سڵاوکردن یان لەبەر کردنی کراسێك لەرەنگێکی دیکەدا نییە، بەڵکوو مەبەست چۆن ژیان بە عاقارێکی نوێ یە. و رەنگە ئەوەندە بەست بێ کە پێیان بڵێی مەبەست مرۆڤ بوونە لە مانای راستەقینەی وشەدا. ئێمە تا ئەو رادەیە لە مرۆڤ بوون دوور کەوتوینەتەوە کە کاتێ هەرکام لە ئێمە بیەوێ ئەم دۆخە پڕ لە سووکایەتییەی ئێستا هەڵسەنگێنێ لەگەڵ ئەو شتەی کە لەراستیدا دەشێ هەبێ، لانی کەم هەست بەنارەحەت بوون دەکا. و ئەو کاتەیە کە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە ژیان کەم و کوڕی هەیەو مرۆڤیش حاڵەتی لێ گۆڕاوە و سووکایەتی پێکراوە. لە راستیدا هەموو شۆڕشگێڕێك هەمیشە وەڵامدەری ئەم پرسیارە سەرەتاییەیە کە مرۆڤ چییەو دەبێ چۆن بژێت؟ کەسانێك هەن کە لە روانگەیانەوە شۆرش سەرخۆش بوون یان شێوە شۆرو هروژانێکی هەستکاریانەیەو لەسەر ئەو بڕوایەن کە: (بەهەڵۆیی کە لەژین بێ بەش بم، نەك هەزار ساڵە قەلی روو رەش بم!) ئەو کەسانە لەباری دەروونییەوە تووشی نەخۆشی عەسەبی هاتوون. بەڵام شۆڕش بۆ چەوساوەکان شتێکی دیکەیە: ئازاد بوونە، نیاز بە ساکاری و رووراستییە، خۆبواردن لە قەبووڵ کردنی ژیانی "قەلە" و رەت کردنەوەی چارەنووسی "هەڵۆشە" و، سەرئەنجام شۆرش بۆ ئەوان پێك هێنەری دۆخێکی لەبارە کە شیاوی مرۆڤ بێ. مۆریکا دەڵێ:

-شۆڕش نیازی مرۆڤە بەو شتەی کە ئیتر تەنیا نەبێ و کەس ئەو بە گژ مرۆڤێکی دیکەدا نەکات. هەوڵدانێکە بۆ پێکەوە ژیان و نەترسان، نیازی برایەتییە.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-تۆ رەنگە نەتوانی لەبەرچاوی بگری کە لە وڵاتێکی وەك ئیتالیا بوونی سەد لاوی بەجەرگ چ مانایەك دەداتەوە کاتێ ئامادەی چاوپۆشی کردن لە هەرچەشنە خۆشگوزەرانییەکی ژیانیانن و شێلگیرانە خۆیان ساغ کردوەتەوە کە قەت بە زلکاوی گەندەڵیدا رۆنەچن و خۆیان لە هەر پێوەندییەکی خاوەنداریەتی تاکەکەسی سەربەست

راگرتبێ و لەحاست شەهەوتبازییەکاندا بێ مەیل و خۆیان لە هەوەسی پلەوپایە بەدوور راگرتبێ و، لە بەرامبەردا لەسەر پایەی سەفاو خۆشەویستی و تەبایی و برایەتیدا یەک بگرن! ئەو سەد لاوەی کە لەگەڵ کرێکارو جووتیاران دەژین و ئامادە نابن لێیان جیابکرێنەوە، سەد لاوی بە ئیمان کە لە هەموو کارێکداو لە وەڵامی هەر پرسیاریکدا راست بن و جگە لەراستی قسەی تر نەکەن و خۆشیان لەسەر بنەمای راستی بژین، ئەو لاوانەی کە نە بەنیشانەی سەرجێ دووگمەکانیان ونەك بە بەرگە ئەفسەرییەکانیان، بەڵکوو بەشێوەو رەوشتی ژیانی تایبەتیان ئاستیان لە خەڵکانی دیکە بەرزتر بێ و جیا بکرێنەوە...

کوێرەرێیەکە بەنێوان چیمەنێکدا دەچێتەوە سەرجادەکە کە مێگەڵە مەرێك لەوێدا خەریکی لەوەرن. وەرزی گەرانەوەی مەردارانە تا لە لەوەرگەدا زستان تێپەڕ بکەن. شوانێکی پیر سەرقاڵی داگیرساندنی ئاگرە. شوانێکی لاو فوو بە ئاورەکەدا دەکاو شوانێکی تریش وەدوای چرپی و ئاوردوو کەوتووە. شوانە پیرەکە ناوی(بوونیفاتسیۆپاتکایە)و هەرا لە دۆن پائۆلۆ دەکا تا بۆی بگێرێتەوە کە لە خەونیدا دۆن بینەدیتۆ خۆی پیشان داوە. شوانە پیرەکە دەڵێ:

-ئەو بزەیەکی بەسەر لێوانەوە بوو و بەتەمابوو یەك لیرەم بداتێ.

-یەك لیرەکەی دا بەتۆ؟

-نە، ماوەیەکی زۆر بە گیرفانیدا گەڕا بەڵام پارەی پێ نەبوو.

دۆن پائۆلۆ لە قاقای پێکەنین دەدات و یەک لیرە بە شوانەکە دەدا.

بۆنیفاتسیۆ دیسان دەپرسێ:

-مام قەشە، ئێوە چیرۆکی گۆلی فوچینۆتان بیستووە؟

دۆن پائۆلۆ ئەو چیرۆکەی نەبیستووەو بۆنیفاتسیۆ دەگێرێتەوە:

-مەسیح بە ناوی دارتاش لە دوای ئیش دەگەڕا. گێشتە مارسیکاو دەرگا بە دەرگا لە ماڵەکانی پرسیار دەکرد: (ئێوە ئیشێك بۆ دارتاشێکی هەژارتان پێ شك نایەت؟) خاوەن ماڵەکان پرسیاریان لێ دەکرد: (لەکوێرا دێیت؟ ناوت چییە؟ بڕوانامەت پێیە؟ رەزایەت نامەت هەیە؟) شەو بەسەرداهات و بێ ئەوەی مەسیح ئیشێك بدۆزێتەوە. ئەوکات لەسەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێدا دەگێشتە هەر بێکارێك دەیگووت: (بەدوامدا وەرن!) وە هەموویان وەدوای کەوتن. مەسیح فەرمانی پێدان کە ئاوڕ نەدەنەوە و کەس سەری وەرنەگەڕاندەوە. کاتێ گەیشتنە سەر کێوەکە مەسیح ووتی: (ئێستا دەتوانن ئاوڕ بدەنەوە!) گۆلێك لە شوێنی ئاوایی ئاوەتێزانۆدا دروست ببوو. ئێستاش ئەگەر دۆخەکە هەر بەم رەوتە بڕواتە پێش هێندە ناخایەنێ کە هەر ئەم شوێنە دیسان گۆلێکی لەسەر دروست دەبێتەوە.

دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-بیستوومە کە ئەم کێوە کانگای هەیە.

بۆنیفاتسیۆ وەڵام دەداتەوە:

-خوانەکا کانگای لێ بێ.

دۆن پائۆلۆ لە مەبەستەکەی ناگا. شوانە بۆی روون دەکاتەوە:

-مادام ئەم کێوە هیچی پێوە نەبێ هی ئێمەیە، بەڵام هەر کە ئاگادار کرانەوە شتێکی تێدایە، ڕێژیم دەستی بەسەردا دەگرێ. ڕێژیم دەستێکی کورت و دەستێکی درێژی هەیە. بۆ رووتاندنەوەی خەڵکی دەستە درێژەکەی بە هەموو شوێنییەك دەگا، دەستە کورتەکەش بۆ یارمەتی گەیاندنە بەڵام هەر دەگاتە ئەو کەسانەی کە زۆری لێ نیزیك بن.

برای ئایینی ئانتیفوونا بەسەر جادەکەدا تێدەپەڕێ. بۆنیفاتسیۆ بانگی دەکا تا هەواڵی ئافریقای لێ بپرسێ، بەڵام برای ئایینی لەحاست قەشەدا رووی وەڵام دانەوەی نییە، لە شوانە دەپرسێ:

-چما دەبێ کوڕەکەت بچێ بۆ سەربازی؟

-بەڵی، لە کۆتایی ئەم مانگەدا.

برای ئایینی ئانتیفوونا پوولەکانی سێن فرانسوای پێشان دەدا کە تایبەتە بە پاراستنی گیانی شەڕکەران. شوانە دەپرسێ:

-ئەمانە یەکی بەچەند؟

-پەنجا سانیتم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆنیفاتسیۆ لیرەکەی دۆن پائۆلۆ دەدا بەو و باقی پارەکەی دەوێتەوە، بەڵام برای ئایینی بەتەما نییە باقییەکەی بداتەوە. هێندێ پوولی گەورەتری پیشان دەدات کە مووبارەکترو مسۆگەرتر دەبێ و نرخیان بە یەك لیرە. بونیفاتسیۆ دوو دڵە.

راهیب دەڵێ:

-کاتێ پێی گیانی کوڕێك لە گۆڕێدا بێ، پیاو نابێ رەزیل بێ .

بۆنیفاتسیۆ لە لیرەکەی خۆی خۆش دەبێ. دۆن پائۆلۆ بەرەخنەوە دەڵێ:

-ئەو لیرەی کە وەك دیارییەك بە تۆمدا، تۆ دات بەو؟

ئەودەم شوانەی پیر بە ورتەورتەوە بە گوێی قەشەدا دەچرپێنێ و دەڵێ:

-هەونەبوو، پارەیەکی قەڵب بوو.

قەشە و برای ئایینی پێکەوە ئەو جادەیە دەگرنە بەر کە بەرەو پیتراسکا هەڵدەگەڕێ.

قەشە دەپرسێ:

-پوول فرۆشتن هیچی لێ وەدەست دەکەوێ؟

ئەوەی تریان وەڵام دەداتەوە:

-خراپ نییە و ئەگەر لەهەمان رۆژی هەڵمەتی گشتیدا دەستمان بە فرۆشتن کردبا قازانجێکی زیاترمان دەست دەکەوت، بەڵام کلیسە هەمیشە درەنگتر وەخۆ دەکەوێ. قەشەی شارستانەکەمان زۆر پیر بووەو سەری لە مۆعیزە کردن دەرناچێ. قەشە کێشکچییەکەمان بەراستی ورەدبینییەکی تیژو پیاوچاکانەی هەیە چەند مانگ لەمەوبەر لە نامەیەکدا بۆی نووسیبوو: (شەڕ خەریکە نێزیك دەبێتەوەو ئێمە سەرقاڵی چین؟ ئایا ناتوانین پوولێکی تایبەت بۆ پاراستنی گیانی سەربازەکان ئامادە بکەین؟) قەشە پیرە شارستانییەکەمان وەڵامی دابوەوە: ( شەڕ؟ کام شەڕە؟) و بەم چەشنە کاتیان لێ کوشتین و ئێمە نەخافل کراین. سەرەڕای ئەمەش جێی گلەیی نییەو وێرای ئەم درەنگ کەوتنە، داخوازی پوول زۆرە ومشتەری باشمان هەیە.

لە نێوەڕیدا چاویان بە ئافرەتێك دەکەوێ کە بەسەر چۆکانەوە بەسەر جادەکەدا دەڕوا. وەك جەواڵێك دەچێ کە لە پارچەی کۆن و قوڕاوی دروست کرابێ، جەواڵێك کە بەرێدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بڕوات و تلاوتل بێتەوە. دۆن پائۆلۆ سەرەتا ترسی ڕێ دەنیشێ کە نەکا ئەو ئافرتە شێت بێ، بەڵام هەرچییەك بێ ئەو دایکە، دایکێك کە کوڕەکەیان ڕەوانەی مەیدانی شەڕ کردووەو ئەو لەلای خوا نەزری کردووە کە ڕێگای نێوان پیتراسکاو لاما بە چۆکان بپێوێ، بەو هیوایەی کە کوڕەکەی بە ساغی لە مەیدانی شەڕ بگەڕێتەوە. ژنەی بەدبەخت لە بەیانییەوە تا بە ئێستا بەڕێوەیە. دەنگی نووساوەو قەوارەی تێك شکاوەو چاوە مەنگەکانی خوێن دایگرتوون و دەتروکێن. وادێتە بەرچاو کە ڕەنگە هەر دەم لە پێ بکەوێ. دۆن پائۆلۆ بەتەمایە ئەو ناچار بەهەستان بکات تا بەپێ بەڕێدا بڕوات، تەنانەت بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە لای ئەو و بن باسکی دەگرێ تا بە زەخت لێکردنەوە هەڵیستێنێ، بەڵام ئافرەتەکە بە چەنگ و ددانەوە بەرگری لەخۆی دەکا. ئاخر ئەو ژنە نەزری لەسەرەو ئەگەر هەستێتەوە کوڕەکەی لە ئافریقادا تێدا دەچێ. برای ئایینی ئانتی فوونا لەوەی کە قەشە عەقڵی بەم بابەتە سادەیە ناشکێ سەری لێدەسووڕمێ.

هێندێ دوورتر، دووپیاو- باوك و کوڕێك- کە هەردووکیان بەسوار گوێدرێژێکی کورتیلەن دادەبەزن. برای ئایینی پوولێکیان دەداتێ.

-یەکی بەچەند؟

-پەنجا سانیتم.

پیاوەکە پارەی پێ نییەو پێشنیار دەکا دەسماڵێکی پڕ لە سێوی لێ وەربگرێ و برای ئایینی قەبووڵی دەکات. بووغچەیەکی پڕ لە سێو بۆ پاراستنی گیانی کوڕێك زۆر نییە.

قەشە و ئاواڵەکەی لە کاتی زەردەپەڕدا دەگەنە پیتراسکا. بەرلەوەی بگەنە سەر پردەکە، لە نێزیك خانوویەکی چکۆلە لە یەکتر جیا دەبنەوە کە قووتابخانەی ئاوایییە، چوونکە برای ئایینی دەبێ بۆ فرۆشتنی پوولەکانی بە ئاواییدا بگەڕێ و، بەتەمایە لە مامۆستای قووتابخانەوە دەست پێبکات. لووتکەی کوێستانی پشت ئاوایی لە بەفرا سپی داگەڕاوە. لە پەنجەرەیەکی ئاوەڵاوە دەنگی کیژۆڵەیەك دەگاتە بەرگوێ کە بە دوودڵیەوە دەنگ بەرز دەکاتەوە:

-ئا- ئە- ئی- ئێ- ئۆ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمە سەرەتایەکە، سەرەتای دەست پێکردنەوەی ساڵی تازەی خوێندن، سەرەتای کتێبی سەرەتاییە. و بۆ ئەو کیژە دەست پێکردنی ژیانە. دەنگی کوڕێکی منداڵکارە بە دوایدا بەرز دەبێتەوە:

-با- بە- بی- بێ- بۆ.

قەشە رادەوەستێ تا گوێ رابگرێ. دەنگی کیژۆڵەکە دیسان بەرز دەبێتەوە:

-فا- فە- فی-فێ- فۆ.

سێبەری ئێوارێ بەسەر پیتراسکادا کەوتووە. تەنیا خانووی کولامارتینی کە لەبەشی بەرزایی ئاواییدا هەڵکەوتووە بە تیشکی زەردەپەڕ رووناکە. کریستینا لەپشت یەکێ لە پەنجەرەکانی قاتی خوارێ راوەستاوەو وەك بلوورێك دەچێ کە زەردەپەڕ رەنگی تیا دابێتەوە، لە گشت ئەو ئاواییەدا، دۆن پائۆلۆ جگە لەو روخسارە رووناکە هیچی دیکە نابینێ. هێشتا خۆر ئاوانەبووە کە لە سەرمان هەوا دەبێتە بەستەڵەك. ماتالێنا لەبەر دەرگای میوانخانە، بەردەوام بە تەشی رێستنەوە خەریکە و چاوەڕێی قەشەکەی(خۆی) دەکا. چاو لە ئاسمان دەکاو دەڵێ:

-بەم زووانە بەفر بەسەر ئاوییدا دەکەوێ.

کەچی پاش دوو رۆژی دیکە بەفر دەبارێ. بۆ سەرلەبەیانی رۆژی دووهەم کاتێ دۆن پائۆلۆ لە خەو هەڵدەستێ سەیر دەکا گۆران بەسەر دیمەنەکاندا هاتووەو وەك دیمەنی چیرۆکی پەرییەکانی لێ دروست بووە. بەفر بە شێوەیەکی رێك و پێك وەك شتێکی چاوەڕوان کراو، ناپارێزانە، بێدەنگ و سەنگین دادەبارێ.

کریستینا بۆ سەردانی دۆن پائۆلۆ هاتووە. چاوەکانی لەبەر ئازارە رۆحییەکانی زەق بوونەتەوە. دەڵێ:

-ئاگادارن کە دۆن بینەدیتۆ لە وەسیەتەکەیدا خوشکی و کەسێك بەناوی (پیترۆسپینا)ی وەك میرات بری خۆی دیاری کردووە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و نامەیەك بە دۆن پائۆلۆ پیشان دەدات كە لەودا دۆن چیپێریانۆ پاش راگەیاندنی ئەم هەواڵە و وێرای كەڵك وەرگرتن لەم دەرفەتە لەبارە، بۆچوونی خۆی بەم چەشنە دەربڕیوە كە حەتمەن دۆن بینەدیتۆ خەڵفاوە.

-ئایا راستە دەڵێن پیترۆسپینا دوژمنی ئایینە؟

-بەڵێ.

-كەوایە قسەكەی دۆن چیپێریانۆ راستە؟

-نەء.

كریستینا سیما رەنگ پەڕیوە ئازاردیتوەكەی خۆی بەرەو دۆن پائۆلۆ هەڵدێنێتەوەو حاڵ و وەزعەكەی وەك حاڵی ئەو بوونەوەرانە دەچێ كە بەرە بەرە لە تاو ئازارەكان هیلاك بووەو تكای هێندێ ئاسوودەییان هەیە. دۆن پائۆلۆ دەڵێ:

-هێندێ مردوو هەن كە پێویستە لە حاستیاندا وەفاداربین.

كیژەكە بەچاوە فرمێسك تێزاوەكانیەوە سەیری دەكاو چەند جار لەسەر یەك بە ئاماژەی سەر بەڵێی پێدەڵێ، پاشان هەر ئەوەندەی پێدەردەبڕێ كە بڵێ:

-دەركم بكە!

كۆمەڵێك لە دێهاتییەكان بە مەبەستی ئەوەی كە یەكەم رۆژی بەفربارین بكەن بەجێژن لە كاتی زەردەپەڕا دێن بۆ میوانخانەی ماتالێنا. كریستینا هێندێ درەنگتر لەوان پەیدا دەبێ. دۆن پائۆلۆ لە نێزیك سووبەكە دانیشتووە و ژن ومنداڵ و كافوونەكان، بەدەوریدا بازنەیەكی گەورەیان پێك هێناوە. نێزیك ئاورەكە، لە لایەكی سەگێكی لێ پاڵ كەوتووەو لایەكەی دیكە مناڵە شیرەخۆرەكەی ترێزا واتە هەر ئەو مناڵەی كە قەرابوو بە كوێری لە دایك بێت، بەڵام لەكاتی خۆیدا رزگاری بووە. وەك گوڵە كەلەم، مناڵەكەیان لەسەرعەرزیو لە نێو سەوەتەیەك داناوە كە بە شووڵی دارەبی دروست كراوە، سەرو رووی بەتینی ئاگرەكە سوور هەڵگەڕاوەو وەك سێو دەچێ. ئامادەبووان داوا لە دۆن پائۆلۆ دەكەن كە چیرۆكیان بۆ بگێڕێتەوەو كریستینا بە داكۆكییەوە پێشنیار دەكا كە سەربردەی پیاوچاكان بێت. سەرئەنجام دۆن پائۆلۆ ناتوانێ داواكەیان لەبەرچاو نەگرێ و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رەتی بکاتەوە، کتێبە دووعاکەی هەڵدەگرێ، بە پێرێستەکەیدا دەگەڕێ و بە شێوەی تایبەت بەخۆی دەست دەکا بە گێرانەوەی داستان و سەربردەی شەهیدان کە لەو کتێبەدا هاتوون. سەربردەی شەهیدان هەمیشە جۆراو جۆرن و لەهەموو حاڵێکیشا وێك دەچن. دەورانی ئەمان سەردەمی قەیرانێکی توندو تیژە. دەسەڵاتدارییەکی سەرەڕۆ و چەوسێنەر و سەرکردەیەک کە دەسەڵاتی پێ بەخشراوە. کلیسەیەکی پەتا لێدرا و بەساڵداچوو کە بە سواڵ کردن دەژی. سووپایەکی گوێ لەمست کە هەزم کردنی خواردنە رەنگاو رەنگەکان بۆ دەسەڵاتداران مسۆگەر دەکەن. نەتەوەیەکی کۆیلەو ژێردەست کە تەدارەکی هەمیشەیی شەڕەتازەکانن بۆ پاراستنی ئابروو شەرەفی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ. لەم کەین و بەینەدا هێندێ رێبواری جێ گوومان لە هەندەرانەوە پەیدا دەبن. ئەمانە بە هێواشی باسی ئەو مۆجیزانەی دەکەن کە لە رۆژهەڵاتدا روویانداوە. ئەوان مزگێنی دەری ئازادین! هیوا لێبڕاو و چەوساوە و برسییەکان بۆ بیستنی قسەکانی ئەمان، لە ژێرخانی ماڵەکاندا کۆ دەبنەوە. ئەم دنگۆیە لە هەموو شوێنێ بڵاو دەبێتەوە: ئەو کەسانەی ئایینی نوێیان هەڵبژاردووە دەست لە کەنیسە کۆنەکان دەشۆنەوەو بەرەو ئایینی نوێ دەبنەوە، رەسەنزادەکان کۆشکەکانیان جێ دەهێڵن، یەساوڵەکان خۆ درباز دەکەن، پۆلیس کۆمەڵە نەهێنییەکان دەست بەسەر دەکا، زیندانیان دەکەن و ئەشکەنجەیان دەدەن و لە رۆژێکی تایبەتدا دادگاییان دەکەن. ئەمانە، لێو بە بزە لەحاست ئەشکەنجەکاندا خۆڕادەگرن. لاوەکان هەروەك نێچیرێك لەبەر چەنگی درندەکان فڕێ دەدەن و پیرەپیاوان بە بەند دەکێشن. ئەو کەسانەی کە بە زیندوویی گیان دەردەبەن لەحاست مردووەکاندا وەفادار دەبن و لەباری دەروونییەوە ئیمانیان پێدەهێنن... زەمەن دەگۆڕێ. شێوەی بەرگ لەبەرکردن و شێوخواردن و کارکردن و زمانەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەڵام لە نێوەڕۆکدا هەر ئەم چەشنە سەربردانەن کە بەردەوام دووپات دەبنەوە. سەربردەی مرۆڤ.

لە نێزیك ئاگرەکەدا، سەرەتا سەگەکە خەوی لێدەکەوێ، پاشان منداڵەکە و، پاشان ئامادەبووان. ئەو کەسانەش کە خەویان لێنەکەوتووە لە ئاگرەکە رادەمێنن. ئەوکات کریستینا دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-لەهەموو سەردەمەکاندا، لە ژێر ئاڵای دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان، بەرزترین ئەرکی ڕۆح، خۆ فیدا کردنە تا خۆی ببینێتەوە، خۆی تێدا بچوێنێ تا خۆی دەست کەوێتەوە. مرۆڤ جگە لەوەی کە دەیدا هیچی دیکەی نییە.

ئاگرەکە کووژاوەتەوە، میوانەکان شەوباشێك دەڵێن و دەڕۆن. دۆن پائۆلۆ بەرەو هۆدەکەی هەڵدەگەڕێ. دەفتەری(وتووویێژ لەگەڵ کریستینا) دەخاتەوە بەردەست کە لەیەکەم ڕۆژەکانی مانەوەی لە پیتراسکادا بابەتی تێدا دەنووسی. یەکەم لاپەڕەکانی دەخوێنێتەوە کە پڕن لە وەسفی خۆشەویستی و میهرەبانی ئەو کیژە لاوە. دیسان دەیخوێنێتەوەو، لاپەڕەکانی ئاخر دەدرێنێ کە بە ئیلهام لە تووڕە بوون و ناکامییەکانی نووسیویەتی. هەشت مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، ماوەیەك کە هەم بۆ خۆیو هەم بۆ کریستینا بێهوودە نەبووە. بەر لەوەی بخەوێ چەند دێڕێکی دیکە بە نووسراوەکانەوە زیاد دەکا، بەم جۆرە:

(بەڵێ کریستینا، ڕاستە کە مرۆڤ جگە لەوەی دەیبەخشێ هیچی دیکەی نییە، بەڵام بە کێی ببەخشێ و بە چ شێوەیەك؟ ئەوین ونیازپاکی و ئیرادەکانی ئێمە -لە بواری فیداکاریدا- ئەگەر لە ڕێبازی ئارمانە چەوت و دوور لە مرۆڤایەتییەکان فیدا بکرێ بە نەزۆکی دەمێنێتەوە.فیداکاری بە مەرجێك بەر دەگرێ کە لە خزمەت پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ هاوچەشنەکانماندا بێ. جگە لە ڕەوتی ژیانی بەکردەوەمان، ئاکارو ڕەوشت گەشە ناکات و پەرەناستێنێ)

(ئەگەر شعووری ڕەوشتمان، ئەگەر چی چکۆلەش بێ، بخەینە ڕاژەی ئەو بێ سەرو بەرەییەی کە بەسەر ژینگەی ئێمەدا زاڵە، ناتوانین دەست لەسەر دەست دابنێین و تەنیا دڵ بەونەندە خۆش بکەین کە چاوڕێی دوونیایەك بین کە لەم دوونیا گلییە ئاستی بەرزتر بێ. ئەو ئەهریمەنەی کە دەبێ بە دژی ڕاپەڕین تەنیا ئەو بوونەوەرە زەینییە نییە کە ناوی شەیتانیان لێناوە. ئەهریمەن گشت ئەو هۆکار و ئەگەرانەن کە مرۆڤ لە گژ مرۆڤێکی دیکە ڕادەکا...)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆن پائۆلۆ كە دەگاتە ئەم دەقە تووشی گوومان دەبێ. دەزانێ كە بەتەمایە چی بنووسێ بەڵام نازانێ چۆنی دەربڕێ، چوونكە رووی قسەكەی لە كریستینادایە. لە بیری نەچۆتەوە كە بابەتی كۆمەڵایەی پێوەندی بە بابەتی رەوشت و ئاكارەوە نییە و هەر لە رێگای بەرجەستە كردنی رەوشتێكی تۆخەوە كێشە كۆمەڵایەتییەكان چارەسەر ناكرێن. دەزانێ كە پێوەندی ئێستای نێوان مرۆڤەكان بەهەرحاڵ سەرچاوە لە نیازەوە دەگرێ، نەك هەست و سۆز یان نیازخراپییەكانمان. بۆ گۆڕانی ئەم پێوەندییانە تەنیا ئەندەرز و مەوعیزە كردن بەس نییە. بەڵام رۆژێك دادێ كە كۆنەبوون و زیانهێنەر بوونی هێندێ لە پێوەندییەكان تیشكیان دەخرێتە سەر. ئەو كاتەیە كە ئەوشتەی سەرەتا مێژوو مەحكوومی دەكرد روشت مەحكوومی دەكاتەوە. هەست بە دادپەروەری دەبێتە هۆی راپەڕینی كۆیلەكان، پیشەوەرەكان چەك هەڵدەگرن، گیانی شەهیدان كلپە دەستێنێ و بیرمەندو هوونەرمەندان بیرۆكە وەردەگرن.

دۆن پائۆلۆ دیسان دەنووسێتەوە:

(ئەی كریستینای خۆشەویست، هەر ئەوەندە بەسە چاوێ بە دەوروبەرماندا بخوشێنین تا ببینین كە كۆمەڵگای ئێستامان تا چ رادەیەك لە زەلكاوی فەساد و گەندەڵی رۆچووە. دیارە كاری هەموو كەسێك نییە كە بچێتە سەر مەنبەرێك و نووتقان بكا، كاری هەموو كەسێك نییە كە بچێتە ریزی شانەیەكی سیاسی و بۆ گۆرانكاری ئەم دونیایە خەبات بكا، بەڵام ئەركی كیژێكی وەك تۆ ورد بوونەوە لەو دۆخەیە كە بە سەردیدا تێدەپەڕی، پێویستە چاو بكەیتەوەو چاوی ئەو كەسانەش بكەیتەوە كە دەیانەوێ بە كوێری بژین.)

(ئەگەر بوونەوەرێكی وەك تۆ، بەپێی ئەو سەرمایە بەرزەی رۆحیتانەوە كە سروشت پێی بەخشیون، یەك رۆژ لە فیداكردنی ئەم سەرمایەتان لە پێناو پەرستنی خەیاڵە ئایینییەكان كەم بكەنەوەو بیخەنە پێناو پەروەردە كردنی ژیانی كۆمەڵایەتی، ئەو كاتەیە كە گۆڕانێكی مەزن لەم دونیایەدا روودەدات! بەم چەشنەیە كە سەرئەنجام پیاوچاكانی نوێ، شەهیدانی نوێ و مرۆڤایەتییەكی نوێ سەر هەڵدەدات.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(من لەسەر ئەو بڕوایەنیم کە تواناى رزگار کردنى رۆحى خۆمان ببێت. سەربەست ئەو کەسەیە کە بەسەر لەخۆبایى بوونى خۆىو دەمارگرژى بنەماڵەیى و چینایەتى خۆیدا سەرکەوتوو بێ، خۆى لە پەرستگەیەك گۆشەگیر نەکات، بوورجێك لە عاج بۆ خۆى دروست نەکا و شێوەى رەوشت و ئاکارو شێوەى هەست و نەستى لە یەکتر جیاواز نەبێ. سەربەست ئەو کەسەیە کە گیانە بەرزو تایبەتەکەى خۆى لە بەندى مل کەچى لە حاست بێسەروبەرى ئەم سەردەمە رزگار دەکات. ژیانى واتایى لەهەموو کاتێکا بەرهەمى فیداکارىو لەخۆبردوویى بووە. لە کۆمەڵگایەکى وەك ئەم کۆمەڵگایەى ئێمە ژیانى واتایى جگە لە ژیانێکى شۆڕشگێرى ناتوانێ شتێکى تر بێ.)

(ئەى کریستسنا، نابێ بترسێین، نابێ لەبەر دابین بوون ئەگەرچى دابین کردنى زانست و مەعرفەتى خۆمان بێ، مل کەچ بین. ژیانى واتایى و ژیانێکى پڕ لە خۆشگوزەرانى بە عاقارێکدا تێناپەڕن، بۆ خۆ رزگار کردن، دەبێ خەبات بکەین وگیان بخەینە مەترسییەوە.)

دۆن پائۆلۆ سەرلەنوێ ئەو بابەتانە دەیخوێنێتەوە کە بۆ کریستینای نوسیویە و لە هەمان کاتیشدا ئەو رێگایە هەڵدەسەنگێنێ کە لە کاتى گەڕانەوەى بەرەو ئیتالیا پێواویەتى. ئەو زۆر بە باشى رازییە لەوەى کە گەڕاوەتەوە نێو کۆمەڵگاکەى خۆى و بوونى خۆى دەست کەوتوەتەوە.

شەو، بەفر بێ پسانەوە باریوە. بەیانى کاتێ ماتالێنا بانگى قەشە دەکا ئەو هێشتا لە خەودا ماوەتەوە. لە بەردەم میوانخانە کۆمەڵێك لە کافوونەکان و مناڵانى ئاوایى لە دەورى گاریباڵدى، گوێدرێژەکەى شەتاپ کۆبوونەوتەوە. لەسەر پشتى گوێدرێژەکە کەلاکى گورگێکیان داناوە کە هەر ئەو بەیانیە لە کوێستانى پشت ئاوایى کوشتویانە. تووکە زبرو پرەکانى گورگەکە بەرەنگى خۆڵەمێشییەکى مەیلەو قاوەییە کە خوێناوى و قوڕاوییە. کەڵپەکانى سپى و تیژن. بەسەر شان و خاڵیگەیدا دوو پەڵەى خوێناوى دیارن کە نیشانەى ئەنگاوتنى دوو فیشەکن. راوچییەکان وەك هەمیشە ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن و کەلاکى گورگەکە بە خەڵك پیشان دەدەن تا دەست خۆشانە وەربگرن.(لۆڤیجى باندوچیا) کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستاش چەكەكەی لەسەر شانیەتی بۆیان باس دەكا: ئەمە چوارەمین گورگێكە كە تا بە ئێستا كوشتوویەتی. مۆركی ئەوین كە بە پشتەملی حەیوانەكەوە دیارە، بەخەڵكی پیشان دەدات و ئەمەش جێ قەپاڵی دێڵە گورگێكە كە لە ئەویندارەكەی داگرتووە. لە نێوان گورگەكاندا ئەوین كارێكی شێلگیرانەیە. باندوچیا لە دوورەوە دەتوانێ لوورە جیاوازەكانی گورگەكان لێك بكاتەوە: لوورەی مەترسی، لەو كاتەدایە كە حیوانەكە دەبینێ بە چەكەوە هێرشی دەكرێتە سەر، لوورەی خوێن ئەویش بەو مانایەیە كە حەیوانەكە نێچیرێكی گرتووەو ئێستا هاورێكانی بانگێشتن دەكا، چوونكە گورگ حەزناكا بە تەنیایی نێچیرەكەی بخوا. لوورەی ئەوین بەو مانایەیە كە دێڵە گورگێك بەبایە و پێی شەرم نییە كە ئەم نیازەی خۆی دەرخات.

دایە گەورەی كریستینا نایەوێ دەست خۆشانە بۆ گورگێكی كوژراو بدات، بەڵام كریستینا لە مناڵییەوە ڕێزكی تایبەت بۆ گورگەكان دادەنێت و بە لاسارییەوە داوا لە دایە گەورەی دەكا. پیرێژن لە وەڵامدا دەڵێ:

-گورگی تۆپیو ئیتر ناتوانێ گاز بگرێت.

دۆن پائۆلۆ نامەیەكی لە ڕۆماوە بە دەست دەگا كە هەڵگری چەند ڕستەی ئاسایین بە ئیمزایەكی نائاشنا. كاغزەكە لەبەر گەرمای ئاگری لامپاكە ڕادەگرێ و لە نێوبەندی ڕستەكاندا چەند وشەی زەرد و رەنگ پەڕیو دەركەوێ كە بە ئاولیمۆ نووسراوە: (ڕۆمێئۆ گیراوە. ئەگەر دێیت، بە خۆپارێزییەوە وەرە ماڵی كیلۆچی.)

دۆن پائۆلۆ بە پەلە خۆی بۆ ڕۆما ئامادە دەكاو بە ماتالێنا دەڵێ:

-من بۆ مەبەستی كارێكی بنەماڵەیی دەبێ بچمە ڕۆما. جارێ با كەل و پەلەكانم لێرە بن پاشان كە گەڕامەوە دەیانبەمەوە.

لە ڕاستیدا ئەو نازانێ كە دیسان پێویستی بە پەناگای پیتراسكا دەبێتەوە یان نا.

ماوەیەك بەر لە گەیشتنی شەمەندەفەرەكە بۆ وێسگەی هێڵی ئاسنی ڕۆما، دۆن پائۆلۆ خۆی بە ئاودەستەكەدا دەكاو دەرگاكەی بە سەر خۆیدا دادەخات. كاتێ دێتە دەر تا لەگەڵ مسافرەكانی دیكە دابەزێ دیسان دەبێتەوە بە پیترۆسپینا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە ویستگەی هێڵی ئاسنەوە یەکراست بەرەو شەقامی(دێلا لۆنگارتا) دەڕوا و دەچێ بۆ ماڵی ئانینای کلاوچن -دۆستی مۆریکا و بە کیژە لاوەکە دەڵێ:

-مۆریکا سڵاوی بۆت هەبوو، ئەو ئازار و مەینەتێکی زۆری دیوە بەڵام ئێستا تیمار بوەتەوە. کاتێ دیسان چاوت بەو بکەوێتەوە ناتوانی بیناسێتەوە. بە تەوای بوەتە پیاوێکی دیکە. قەت سەودای عەشقی تۆی لەسەر دەرنەکردوە.

ئانینا بۆ شاردنەوەی هەژانی دەروونی خۆی هیچ کۆششێك ناکات، فرمێسك لەچاوانیدا کۆ دەبنەوە. کەوابوو ئەو ئاواتەی کە ئەو لە ناخەوە و بە غیرەتەوە هیوای پێ بەستبوو دێتە دی؟ دەپرسێ:

-ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ رۆما؟

-نەء.

-پێت وایە من بتوانم بۆ یەک جار سەردانی بکەم؟

-ئەو چاوەڕێی تۆیە و سەبارەت بە تۆ قسەی لەگەڵ دایك و باوکی کردووە.

کیژەلاوەکە بڕیار دەدات کە بۆ سبەینێ بەرەو لای ئەو وەرێ بکەوێ.

سپینا، ئانینا دەنێرێتە شەقامی(دیمۆرۆسۆنی) تا خێزانی کیلۆچی لە هاتنی ئاگادار بکاتەوە و خۆیشی لە یەکێ لە کۆڵانەکانی نێزیکیان چاوەڕێی دەمێنێتەوە. ماوەیەکی پێدەچێ تا ئەو دوو ئافرەتە بێن، سپینا بە پیادەڕۆکەدا دێت و دەچێ. لەسەر شاری واتیکان بالۆنێکی گەورە لە ئاسماندا لەنگەری گرتووە کە بە تەلێک بەستراوەتەوە و لە سەر بەدەنەکەی بە پیتی گەورەو بۆ ستامەکییەکی بەناوبانگ بۆ رەوان بوون بانگەشە کراوە. سپینا لەبەرخۆیەوە دەڵێ کە لە ئیتالیادا زۆربەی دەرمانی رەوان بوونەکان بە ناوی پیاوچاکان ناودێرکراون، سەرەڕای ئەمەش بیری دێتەوە کە لە ئاگادارییەکانی نێو رۆژنامە کاتۆلیکەکان کە لە ئیتالیادا لەچاپ دەدرێن زۆرتر بانگەشە بۆ رەوان بوون دەکا. تۆ بڵێی ئەم بابەتە بە هەڵکەوت بێ؟ نەء، رێی تێناچێ کە ئەم بابەتە بە هەڵکەوت بێ و سپینا بەم ئاکامە دەگا کە: ( کلیسە قەبز بووە)، ئەم بیرۆکەیە ئەو دەخاتە پێکەنینەوەو بە دڵنیاییشەوە ئەم بابەتە دەبێتە هۆی شاد بوونەوەی رۆحی دۆن بێنەدیتۆش.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرئەنجام ئەو دوو ئافرەتە پەیدا دەبن. هەردووکیان بە خۆپارێزییەکی تەواوەوە سەیری دەوروبەری خۆیان دەکەن، وەك بڵێی ترسیان لەوەبێ کە کەسێك وەدوایان کەوتبێ. خاتوو کیلۆچی دەڵێ:

-رۆمێئۆ گیراوە، بەڵام هیچ شتێکیان لەلای ئەو دەست نەکەوتووە. وامەزندە دەکرێ کە زۆری رانەگرن.

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

-رێژیم ئەوەی حەزی پێبکا لەگەڵ گیراوەکاندا دەیکات. لە ئیتالیادا جگە بۆ خوێندکارانی یاسا و بیانییەکان، یاسا لە گۆڕێدا نییە! مێردەکەت چۆنە، ئێستاش لەوێیە؟

-بەڵێ، وەك جاران چاوەڕێی دادگا دەکات. سەرەڕای ئەمەش کوێر بووە. رەنگە چەند مانگان بێ کە بینایی لە دەست داوە بەڵام من ئاخرین جار کە بۆ دیتنی چووم، بەم شتەم زانی. بۆ دڵ خۆش کردنی کیلۆچی ئەو ملپێچەی کە لەکاتی زەماندا وەك دیاری بۆی هێنابووم لە ملم ئاڵاند. ئەگەرچی لە شوێنی دیدارەکەمان جگە لە نەردەیەك مەودای ترمان نەبوو و ئەو شوێنەش جێگایەکی رووناکە ، دەبوو ئەو ملپێچەکەی ناسیبایە. من پێم ووت: (ئاگات لێیە چم لەبەردایە؟) پرسی: (چت لەبەردایە؟) دیسان پرسیمەوە: (نای ناسیەوە؟) وەڵامی دامەوە: (خەزە؟ کێ پێیداوی؟) لە تەنیشتم دایکی راوەستابوو و ئەو هەرجار کە دێت بۆ دیتنی کوڕەکەی هێندە ئاڵۆزە کە بەزەحمەت قسەی بۆ دێت. ئەو لە منی پرسی: (دایە گیان لە کوێیە؟) لەبەرچی ئەمرۆ نەهاتووە؟ چما نەخۆشە؟ ..) و ئەو کات تێگەیەشتم کە بە تەواوی بینایی لە دەست داوە. بریا لانی کەم زووتر دادگاییان دەکرد!

ئانینا دەڵێ:

-دادگایی کردنەکانی دیکەش بەردەوام وەپاش دەخەن. رێژێمی ئیتالیا نایەوێ خەڵك بزانن کەسانی نارازی هەن کە لە وڵاتدا بە دژی شەڕ خەبات دەکەن.

خاتوو کیلۆچی بە سپینا دەڵێ:

-رۆمێئۆ بۆ بینینەوەی شوێنێکی جێ مەتمانە بۆ ئێوە لە منی راسپاردبوو، بەڵام من نازانم ئێوە دەتانەوێ لێرەدا بە چ ناوێك بمێننەوە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-لە دوایە پێت دەڵێم.

سپینا هەواڵی بیان کینای لێدەپرسێ و خاتوو کیلۆچی بۆ روون کردنەوەی دەڵێ:

-زۆرمان هەوڵدا کە یارمەتی بدەین بەڵام ئەم مەبەستە دژواربوو. ئەو کیژێکی خراپ نییە بەڵام زۆر بزێو و هەوسبازە. تا لەگەڵ ئێمە بوو لە بێ قەراربیان وەختابوو دڵی بتۆقێ. بە چووکەترین کار هێندە هیلاك دەبوو کە نەخۆش دەکەوت. رۆژێك بەبێ ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە ون بوو. دوو رۆژ بەر لە ئێستا دیسان سەروتەرحی پەیدا بووەوە. سەرتاپێی گۆڕابوو. سۆراغی تۆی دەپرسی و ژمارە تەلەفۆنێکی بۆ جێ هێشتین کە ئەگەر تۆ هاتی بە تۆی بدەین .

سپینا ژمارە تەلەفوونەکە وەردەگرێ، چەند فەرمانی تایبەت بۆ سەفەرە نەهێنێکەی بەرەو روکادی مارسێی دەدا بە ئانینا و قەراری چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ خاتووکیلۆچی دادەنێ، پاشان دەچێ بۆ میوانخانەیەك لە نێزیك پانیئۆن و لەوێ ژوورێك بەکرێ دەگرێ. لە نوسینگەی میوانخانەکە ناو و ناوبانگی خۆی بەپێی ئەو شتەی کە لە پاساپۆرتە چەکییەکەدا هاتووە لە ریزی مسافرە بیانییەکاندا دەنووسێ.

کاتی رۆژ پەڕیو تەلەفوونێك بۆ بیان کینا دەکا و لە کافەیەکی ناو شاردا قەرای چاوپێکەوتن دادەنێ. هەردووکیان لە سەعاتێکی دیاری کراو دێنە شوێنی قەرارەکەیان. سپینا دەڵێ:

-لات سەیر نەبێ کە لەبەرچی عەباکەم لەبەر نەکردووە. لە هێندێ شوێن بۆ کارێکی پێویست ئەو مەجالە بە پیاو دەدەن.

بیان کینان دەڵێ:

-بە کۆت وشەرواڵەوە هێندێ قەشمەریت، بەڵام قەیدی نییە.

ژنە تیوە ئارایشتێکی توندی کردووە و پرچەکانی بە شێوەیەکی سەیر رازاندوەتەوە و بەرگێکی جوانی لەبەردایە. ئەو کافەیە لە روانگەی سپینایەوە هێندێ جێی گوومانە و هەر بەم هۆیە زۆر ئاڵۆزە. هێندێ کەس بە ئاوازی ئۆرکیستێکی ناسازەوە خەریکی سەماکردنن. لەسەر مێزەکان گڵۆپی چکۆلەیان داناوە کە لامپاکانیان وەك بلْقی سەر ئاو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەچێ و ئەم هەمووە لامپایە ئەو دەخاتە یادی ئەو چرالامپایانەی کە لە نەخۆشخانەکان لەسەر جێی ئەو نەخۆشانەی کە لەحاڵی گیانەڵادان دادەنین. بەڵام نەخۆشە گیانەڵاکانی ئێرە جگەرە لۆکسە ئاساییەکان دەکێشن و پرچی سەریان بە (بریانتینی)یە ئاساییەکان رازاندوەتەوەو بە گوێی دەورو بەرەکانیان هەر لەو گاڵتە و قسە نەفام و قۆرانە دەچرپێنن کە پیاو بە بیستنیان قێزی لێ دەشێوێ. لە مەودای نێوان مێزەکا، بە لێکدانەوەیەك دەتوانین بڵێین کە هەوایەکی نەفامانە هەست پێدەکرێ، کەشێکی پڕ لە شەهوەت پەرستی و بۆگەنیو، بە بۆگەنی عارەقەی بن هەنگڵەکانیان ئەو نێوەی داگرتووە. بیان کینا بەرەو رووی سپینا دانیشتووەو جوان دیارە کە هیلاك و بێ وازە. رەنگە چاوەڕێی ئەوەبێ کە سپینا دەست بە قسەکردن بکا. سپینا دەپرسێ:

-ئێستا ئیتر شێلگیری؟

ئەم قسەیە درێژەی هەر ئەو وتووێژەیە کە لە فووسا لەگەڵ ئەودا کردبووی و هەر بۆ ئەم مەبەستە بیان کینا بڕیای دابوو کە بێتە رۆما. لە وەڵامدا دەڵێ:

-شیلگیر؟... وەی، کە چۆنیش!

-ئێستا لە کوێ کار دەکەیت؟

-جارێ بۆ چەند رۆژ لە پشوودان دام.

-داهاتت باشە؟

-ئێی، خراپ نییە!

-کارکردنت پێ خۆشە؟

-کەس بە دڵەوە کاری راستەقینەی خۆش نەویستووە. تەنیا پاڵەوانی نێو ئەو کتێبانەی کە کچ پەسەندن، کاری راستەقینەیان خۆش دەوێ.

-لە کوێ کاردەکەی؟

بە ئەدا و ئیفادەیەکەوە سیگارێك پەی دەکا. پیاوەکە دیسان دەپرسێ:

-ببورە، لە کوێ کار دەکەی؟

ژنە زۆر بە هاسانی و بە رووهەڵماوییەوە وەڵام دەداتەوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-لە سۆزانی خانەیەك.

سپینا ژمارەی تایبەت بە ئێوارەی رۆژنامەی رۆما، کە هەواڵی چوونە ژووری هێزەکانیئیتالیا بۆ ناو(ماکالە)(1)ی تیا نووسراوە لە مناڵێکی رۆژنامە فرۆش دەکریٚ.

ئافرەتەکە دەپرسێ:

-ئێمە ماکالەمان گرتووە؟

پیاوەکە وەڵام دەداتەوە:

-بەڵێ ئێوە ماکالەتان گرتەوە!

پاش ئەوە هەردووکیان بێدەنگی رادەگرن.

لە شەقامدا، لە کاتی جیا بوونەوە ئافرەتەکە دەپرسێ:

-ئالۆزم کردی؟

پیاوەکە وەڵام دەداتەوە:

-ئەگەر راستییەکەت بویٚ ئاگام لە تۆ نەبوو، بیرم لە شتێکی دیکە دەکردەوە.

بەڵام ئەو وەڵامی دەوێتەوەو دیسان دەپرسێ:

-پەشۆکای؟

پیاوەکە بە تەمایە لێی دوور بکەوێتەوە و وەدوای کاری خۆی بکەویٚ، بۆیە دەڵێ:

-ناچار بە وەڵام دانەوە نیم.

بیان کینا بە گێرەوە دەڵێ:

-دەبێ وەڵامم بدەیتەوە.

پیاوەکە بۆ مەبەستی رۆشتن جووڵەیەك وەبەرخۆی دەنێ و شەوباشی پێ دەڵێت. ژنە باسکی دەگریٚ و دیسان لێی دەپرسێ:

-پەشۆکای؟

هەردووکیان لەسەر کورسییەکی بەردینە دادەنیشن. پیاوەکە دەڵێ:

---

(1) **ماکالە یەکیَ لەشارەکانی حەبەشەیە.**

-ئەو سەردەمەی کە من هێشتا لە دواناوەندیدا دەمخوێند، منداڵەکان بە دزیەوە دەست بە دەست رۆمانێکیان دەگێڕا کە سەبارەت بە ئافرەتە هیچ و پووچەکان شت نووسرابوو کە لە سۆزانیخانەکاندا دەمانەوە - لەو شوێنەی کە ئێستا تۆ لەوێدا کاردەکەی. منیش ئەو کتێبە بێزهێنەرەم خوێندەوە. ئەوکات پازدە ساڵم تەمن بوو و دەبێ ئاگادارت کەمەوە کە تا بە رادەیەک ڕقم لێ بوەوە کە لەو کاتە بە دواوە قەت نەمتوانی تەنانەت کتێبێك کە ئاماژەیەکی بچووکیش بەم جۆرە بابەتانە بکات بخوێنمەوە.

ژنەکە دەڵێ:

-لە دواناوەندی لای ئێمەش لەم جۆرە کتێبانە دەست بەدەست دەگەڕان. من پێم وایە کە بە ئانقەست ئەم جۆرە کتێبانە لە چاپ دەدەن تا لە خوێندنگاکاندا کچە تۆبەکارەکان و قەشەکان بیخوێننەوە. من خۆم دەدانە کتێبم لەو بابەتانە خوێندوونەتەوە کە هەر هەموویان وەك یەک دەچن. بەشی یەکەم داوێن پاکی. بەشی دووهەم وەسوەسە بوون. بەشی سێهەم دارمان. بەشی چوارەم تاوان. بەشی پێنجەم لەسەراولێژی نەنگ و شەرم کەوتن. بەشی شەشەم هەست بە پەشیمانی کردن. بەشی حەوتەم رۆژی سەلایە. و ئەمانە پیرستە نەگۆڕەکانی ئەم کتێبە هیچانە بوون کە بە ئانقەست بۆ گریاندنی کوڕەلاوەکان و کیژە ساویلکەکان دەنووسران. بەڵام چیرۆکی ژیانی من نەفامانە، بێ حەیا و ماندووهێنەرە و تەنانەت لە بنەڕەتەوە چیرۆك نییە بەڵکوو ژیانی منە.

پیاوەکە دەڵێ:

-رەنگە هەڵە لە منەوە بووبێ. من نەدەبوو تۆم ناچار بە جێ هێشتنی فووسا دەکرد.

-من لە فووسادا بە تەواوی وەرەز ببووم، رەنگە، جگە لەو کاتانەی کە بە هەڵکەوت تووشی تۆ دەبووم. لە فووسا هەر لە بەیانییەوە تا دانی ئێوارێ باوێشکم دەدایەوە. ئەو ئاوالانەی کە مێردیان کردبوو مرۆڤ جارەز دەکەن، چوونکە جگە لە باس کردنی مێردەکانیان هیچی تریان بە زاردا نایەت. هەر ئەوەندەی دەزانن کە بڵێن: (فرانسوای من، ئانتوانی من، لۆیی من...) ئەو کەسانە جگە لە سێبەری مێردەکانیان هیچی دیکە نین و لە هەموو حاڵێکا لە مەترسیدان کە نەکا ئەم سێبەرە لە سەریان کەم بێتەوە. ئاواڵەکانی دیکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

كە هێشتا مێردیان نەكردووە لە تاقمی یەكەم وەرەز هێنەرترن. ئەو كچە بەستەزمانانە بیست ساڵی رەبەق چاوەڕێی چارەكە سەعاتێك دەكەن كە لەودا حەزو مەیلی شەهەوەت ببینن، ئەو چارەكە سەعاتەی كە پاشان روون دەبێتەوە كە پڕ لە بێحەیایی و نەفامییەكی حەیوانانەیە و لە تەواوی ماوەی ئەم چاوەڕوانییە بێ پایانە و لە ناخی دڵیانەوە جگە لەم مەبەستە كە كەف و كوڵی سێكسیان دامركێنن، بیر لەهیچی تر ناكەنەوە. و بەڵام پیاوەكان... باشترە هەرباسیان نەكەین. ئەوان پیاو نین، بەڵكوو فەرمانبەران، بازرگانن، خاوەن زەوی یان كافوونن.

-تۆ دەت توانی لە ماڵێ خاتوو كیلۆچیدا بمێنیتەوە. ئەو ئافرەتێكی وشیار و بێ غەرەزە و بە دڵنیاییەوە دەیتوانی بۆ سەرو سامانێكی باشترو ژیانێكی خۆشتر یارمەتیت پێ بگەیەنێت.

-چوونكە ناسیاوی تۆیە حەز ناكەم باسی خراپەی بكەم. ئەو بەراستی ئافرەتێكی باشە بەڵام لە پوورم خراپترە، لە بەیانییەوە تا بە ئێوارێ كاتی خۆی بە ئاە و ناڵە كێشانەوە تێپەڕ دەكاو هەمیشە چاوانی پڕ لە فرێسكە. هەر قسە بێت و لە زاری هەڵناوەرێ و هەمیشە ئاە هەڵدەكێشێ.

-چوونكە مێردەكەی لە زیندانداپە و كوێریش بووە.

-دەزانم، هەر بەم هۆیەش بوو كە هەوڵم دەدا لە دەردە دڵەكەی بگەم، دڵسۆزی بۆ بكەم، دڵدانەوەی بدەمەوەو سەری قاڵ بكەم، بەڵام بۆم نەدەگونجا. لەلایەكی ترەوە من لە ماڵی ئەواندا چاوم بە كەسانێكی دیكەش دەكەوت كە مێردەكانیان زیندانی نەبوون و بەڵام لە رووگرژی و نێوچاوان تاڵیدا دەستەكەمێكیان لەو نەبوو. خۆ ناڵێم ئەم هزرە خراپە، ئێوە دەتانەوێ سوسیالیست بن؟ زۆر باشە، ببن، ئیتر بۆ مێشكمان دەبەن! بەڵام ئەوان هەمیشە باسی دەكەن و لە بەیانییەوە تا بە ئێوارێ لە كۆخە شەدارو پیسەكانیان هەناسەی سارد هەڵدەكێشن، لە حاڵێكا لە دەرەوە، خۆر بەم جوانییە دەدرۆشێتەوە. بەراستی جێی داخ و كەسەرێكی گەورەیە كە مرۆڤ دەبینێ ئەم بوونەوەرانە، بەم تەمەنە لاوییە و لەبەر هزرێكی پاوەجێ، ماتەم بگرن و نەخۆش بكەون و سەریان سپی بكەن. جوان سەرنج بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەر قسەكانم راكێشە: ئەم كەسانەی كە تۆ منت پێ سپاردبوون بەراستی مرۆڤێكی زۆر بەشەرەف و باشن، بەڵام زۆر وشك و وەرەزهێنەرن!

-رەنگە ئەو(سۆزانیخانەی) كە تۆ پەنات بۆ بردووە بە بەراورد لەگەڵ ئەو شوێنە جێیەكی خۆشترو بە كەیفتر بێ.

-تۆ قەت چووی بۆ ئەم جۆرە ماڵانە؟

-نەء.

-منیش پێشتر قەت نەچووبووم. لە ماڵی ئاوالێكی رۆمیم بە ناوی جۆسپینا ئیسترافا كە لە دواناوەندی هاوپۆلی من و كریستینا بووەو ئێستا بۆ پیاوێك كە خاوەنی كارگەی سابوون سازییە نیشان كراوە، لەگەڵ كۆمانداتۆرێكی نیشتمان پەرەست -ئەندامی حیزبی دەسەڵاتدار ئاشنا بووم. چەند رۆژ بەسەر ئاشنایەتییەكەماندا تێنەپەڕیبوو كە داوای لێ كردم ئەگەر مەیلم لێ بێ خۆم بۆ سەفەری حەبەشە ئامادە بكەم. ئەرتەش دووهەزار ئافرەتی ویستبوو: ژمارەیەكیان بۆ سەربازەكان و ژمارەیەكی لەبارترو جوانتر بۆ ئەفسەرەكان. پێم وایە من لەبەر ئەوەی خوێندكارو جوان و بەتەربییەت بووم بۆ ئەفسەرەكانیان هەڵبژارد بووم. دیارە قەرار وابوو ئەگەر حەزم بەو ژیانە نەكرد زۆر بە هاسانی بتوانم لە وڵاتە داگیركراوەكاندا بۆ وێنە لە فەرمانگە یان لە شوێنێكی وەك ئەم شوێنەی خۆم كارم بۆ ببیننەوە. تەنیا بیرۆكەیەك منی دوو دڵ دەكرد و ئەویش تۆ بووی. من حەزم نەدەكرد بچمە شوێنێك كە لە تۆ دوور بكەومەوە. ئاخر من هیوایەكی زۆرم بە تۆ بەستبوو. سەرئەنجام ملم بۆ داواكارییە پەیتا پەیتاكانی (كۆمانداتۆر) كەچ كرد و خۆم بۆ سەفەر ئامادە كرد. ئەو شتەی كە بەتایبەتی سەرنجی منی رادەكێشا، سەفەر بە نێو دەریا و بەرەو ناوچە نەناسراوەكان و بۆ نێو خەڵكانێك بوو كە بە زمانێكی تر قسەیان دەكرد. رەنگە لەوێ خەڵك ناڵە و شیوەنیان هەبێ بەڵام ئەوەی هەیە كە من لە قسەكانیان تێناگەم.

-وە تۆ ئەودەم بەرەو رۆژهەڵاتی ئافریقا سوار پاپۆڕ بووی؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-تا ناپڵ رۆشتم. لەوێ بۆ چاوڕێ کردن کە پاپۆڕێکی دیکە بێت و هەڵم بگرێ، منیان بردە هۆڵی بەناو(رووتە هوونەرییەکان). ئێمە پێکەوە شازدە(رووتی هونەری) بووین کە دەیانخستینە بەردەستی مشتەرییەکانمان و، ئەم مشتەرییانە زۆربەیان ئەو ئەفسەرانەبوون کە بۆ رۆشتن بۆ مەیدانی شەڕ سەفەریان دەکرد. لە نێو(رووتەکان) هێندێ ئافرەتی سەیرو سەمەری تیا بوو کە بەشداری شەڕی نێونەتەوەییان کردبوو. شەوێ، سەربازو ئەفسەرەکان بە شەبکە و بەرگی سەربازییەوە لە ئۆردووگا جۆراوجۆرەکانەوە دەهاتن بۆ لامان. ئەم کەسانە بەر لەوەی بچنە ئافریقا بۆ چەند رۆژێك لە ناپلدا رایاندەبوارد.  ئەم کەسانە -بە تایبەت ئەوانەی هەژارتر بوون- لە دوای خۆشگوزەرانی دەگەڕان و سروشتییە کە گشت هەوڵ و تەقەلای خۆیان بەکار دێنا تا خۆشیان لێ بوگزەرێ بەڵام لەم کارەدا سەرکەوتوو نەدەبوون. ئەوانەی دەهاتنە(کۆبەی)ئێمە تا ئەو کاتەی پێکەوە دەبوون خۆیان قۆزو بە کەیف و لات و بێ بەندوبار پیشان دەدا، بەڵام کاتێ بە تەنیا لە ژوورەکانمان دەماینەوە دڵگیرو مات دەبوون. زۆربەی هەرەزۆریان جووتیار بوون. لە کاتی جووت بووندا، کاتێ سەیری روخساری ئەوانم دەکرد کە بەسەرمدا دەکەوتن لە شێلگیر بوون و حاڵەتی قەوارەیان ترسم رێ دەنیشت. ئەگەر بەڕێکەوت کەسێکم دەدی کە رووخۆش و لێو بە بزە دەهاتە بەرچاو، رەنگە باوکی بنەماڵەیەك بووبێ کە تەنیا لەبەر دڵخۆش کردنم پێدەکەنی. پیاوە گرژەکان بە سمێڵە ئەستوورو ماسوولکە پتەوەکانیانەوە لە کاتی چێژ بردندا وەك جووجکە مریشك جیکە جیکیان دەکرد و بە نەوازیشتێکی مناڵانە نازیان دەکێشام: (جیك جیك جیك! پییو پییو پییو!) بەڵام لە ناخیانەوە دیار بوو کە راوێژیان غەمبارە. کەسانێك بوون کە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە وێنەی دایك و ژن و مناڵەکانیان پێشان دەدام. تۆ بیری لێ بکەوە لە شوێنێکی وەك ئەوێ مرۆڤ چی لێ بەسەر دێ. بەداخەوە ئەمان پتر لە چارەکە سەعاتێك بۆیان نەبوو لە ژوورەکەمدا بمێننەوە. یاسا و پەیمانەکانمان وای حوکم دەکرد. ئەوانەی کە لە دەستیان دەهات دوو بەرابەر پارە بدەن، نیو سەعات دەمانەوە بەڵام پێت وا نەبێ کە ئەم پیاوانە لەوانی دیکە زیاتر کەیفیان دەکرد. نێزیك بە زۆریان لەکاتی ماندوو بووندا داوایان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێدەکردم سەربردەی خۆمیان بۆ بگێرمەوە. یەکەم جار عەقڵم پێ نەدەشکا کە بۆچی و لەبەرچییە کە رەنگە سەربردەی ژیانی من بۆ ئەوان جێی سەرنج بێ. پاشان رون بووەوە کە ئەمەش لەخۆیدا شێوە رابواردنێکە. ئەو دەم من بۆم دەگێرانەوە، یانی هێندێ شتم پێکەوە دەنا کە چێژێکی پتریان پێبدات. بۆ وێنە هەناسەیەکم هەڵدەکێشاو دەمگووت: (کچێکم هەیە کە لە قووتابخانەی خووشکە تۆبەکارەکاندا دەخوێنێ و لەبەر ئەوەی بتوانم وەك مەسیحییەکی بەناموس پەروەردەی بکەم، کۆڵم بەم ژیانە داوە. بەڵێ بۆ ئاییندەی کیژەکەم چ کارێك نەماوە کە نەیکەم!...) هێندێکیان کاتێ قسەکانی منیان دەبیست فرێسك لەچاویاندا دەتزا. ئەو کەسانە پیاوانێکی باش بوون. هەموویان دێهاتی و غەمبارو وەرەزهێنەر بوون. تەنانەت یەکێکیان جووتێ پێڵاوی بۆ ناردم کە بیدەم بە کچەکەم و ئێستاش پێڵاوەکان لە نێو جانتاکەمدایە. بەم چەشنە هەست دەکەم کە هەر چۆنێ بێ ناچارم کچێك دروست بکەم. دەیان جار سەبارەت بە کچەکەم قسەم بۆ خەڵکی کردووە، دەیان جار قەوارەی ئەو، بسکەکانی، چاوەکانی، دەستە بچکۆلەکانی ئەو و ئەو چاڵەی کە لە کاتی پێکەنینیدا لەسەر گۆنای دەنیشێ، بۆ خەڵکیم تاریف کردووە. زۆربەری ئەم پیاوە چاکانە هۆگری ئەو بوونە، دڵسۆزییان بۆ کردووە و زۆرجاریش بۆی گریاون. و ئێستا سەیر دەکەم کە بۆ ئەو جووتێ پێڵاویشم هەیە!... بە کورتی پێت بڵێم، پاش ئەوەی چەند رۆژانم لەو سۆزانیخانەیە بەسەر برد جارەز بووم. زۆریش هیلاك دەبووم، وەك ئەوەی بەمەبەستی زیارەت بەرەو رێگایەکی دوورو درێژ رۆشتبم ماندوییەکی هەمیشەی لە لاقەکانما و ئازارێك لە پشتم و ماسوولکەکانی خۆمدا هەست پێدەکرد. بەتایبەت کە ژیانێکی غەمبارو بێ شەرمانەو یەکدەستیشم هەبوو. ئەوێ وەك رۆستۆران یان چێشتخانەیەکی دیاری کراو دەچوو. گشت ئەو کەسانەی کە دەهاتنە ئەوێ داوایەکیان هەبوو. لەوەش دەرچێ هاوکارەکانم هێندە نەفام بوون کە رووی گایان سپی دەکرد.

سپینا دەڵێ:

-لە تەمەنی تۆدا هەموو شتێك، جا ژیانی ئاسایی بێ یان نائاسایی، جارەزت دەکا. دەی چیت بۆ ماوەتەوە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-هێوایەك.

-چ هیوایەك؟

ئەو دەستی سپینا دەگرێت و بە هێواشی دەڵێ:

-تۆ.

سپینا دەڵێ:

-من، بەداخەوە، بەڵام...

ئافرەتەکە دەپرسێ:

-تۆ بەراستی کێیت؟... دڵنیام کە تۆ نە قەشەی، نە رێگری، نە شەیتانی، نە چەرچیت، باشە تۆ کێیت؟ رەنگە تەواوی ئەو شتانە بی، بەڵام ئەم بابەتە بۆ من جێی سەرنج نییەو نامەوێ بزانم تۆ کێیت. ئەوەندی کەخۆم دەیزانم بۆ من بەستە. تۆ هەر ئەو شتەی کە هەیت. یەکەمجار کە تۆم دی- لە بیرت ماوە ئەو رۆژەی کە بۆ یەکەم جار بەیەك گەیشتین؟-و لە کاتێکەوە کە بۆیەکەم جار چاوم بە چاوانت کەوت، بەڵێ، لەو کاتە بە دواوە تۆم خۆش ویستووە. جگە لەمە هیچ شتێك سەرنجم راناکێشێ. من بە هەموو بوونمەوە تۆم خۆش دەوێ و باقییەکەی دیکە بۆ من وەرەزهێنەرن. تۆ تەنیا شتێکی کە وەرەزم ناکەی...

-بیان کینا من دەبێ ئاگادارت کەمەوە کە...

-حەزناکەم خێرا وەڵامم بدەیتەوە. تا درنگتر وەڵامم بدەیتەوە بۆ من باشترە. مەبەستم لەوەیە کە بەم جۆرە پتر هیوادارم دەکەی. لێم گەرێ با هەر بەو هیوایەوە بژیم. ئێستا ئەمە تەنیا شتێکە کە منی بە ژیانەوە گرێ داوە و تۆش هیچ مایەیەکی لە سەر دانانێی.

پیاوەکە لە وەڵامدا دەڵێ:

-پاشان سەبارەت بەم بابەتە قسان دەکەین.

و بەم بەڵێنە هەردووکیان لە یەك جیا دەبنەوە.

بۆ سبەی بەیانی سپینا لە سووچێکی شەقامی(مۆرۆسینی) چاوی بە خاتوو کیلۆچی دەکەوێ کە پێشتر هەر لەو شوێنە قەراریان دانابوو. ژنەکە دەڵێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-بۆ بەدرەقە کردنی ئانینا چوومە وێستگەی هێڵی ئاسن. بریا سەیرت دەکرد کە چاوەکانی ئەو کیژە لە عشقی دیداری تازەی مۆریکا چۆن دەبرسیکایەوە!

-لە ڕێکخراودا کێ جێگای رۆمێئۆی پڕ کردۆتەوە؟

-هاوڕێیەکی میلانییە بە ناوی "بوولا". من هەواڵی هاتنەوەی تۆم داوەتێ.

لەبەر درگای رۆستۆرانێك، پیرە ژنێك کە بەڕوە خوشکەی برژاو دەفرۆشێ لە پشت پەنگردانەکەیدا دانیشتوە.

خاتوو کیلۆچی بە هێواشی بە سپینا دەڵێ:

-ئەم ئافرەتە لە خۆمانە.

خاتوو کیلۆچی جێگایەك بەڕوە خۆشە دەکرێ. لە بن کاغزە لوول پێچ کراوەکەدا، لە ژێر بەڕوەکان لەتکە کاغزێکە کە شوێنی چاوپێکەوتنی تیدا دیاری کراوە.

ئەو دوو پیاوە لەسەر پلیکانەی کلیسەی (تێرینیتای مۆنتی)چاویان بەیەك دەکەوێ. لەبەر ئەوەی بتوانن یەکتر بناسنەوە هەردووکیان گۆڤارێکی رەنگاورەنگی وەرزشییان لە دەستی چەپدا راگرتووە. بۆلا دەڵێ:

-لەمێژە کە پێمان وابوو تۆ گیراوی، چوونکە هیچ هەواڵێکمان لێت نەبوو. تەنانەت ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم هەواڵی گیرانی تۆیان لە رۆژنامە بڕەودارەکانی ئێمە لە هەندەران راگەیاندبوو.

بۆلا کرێکارە، بەڵام بۆ خۆشارکێ پیشەی نوێنەرایەتی فرۆشتنی هەڵبژاردووە و پێی وایە کە لەم کارەدا قازانجێك باشیشی لێ وەدەست دەکەوێ. هەموو رۆژێ بە جانتایەکی پڕ لە عەترو مەعجوون و فڵچەی ددان و رۆنی پرچ و ئامێری رازاندنەوەی هەرزان، سەردانی بیست دانە لە ئارایشتگاکان دەکات. ئەو بابەت و ئامێرانەی کە پێشتر بازاری باشیان هەبوو ئیستە بە بیانوی ئەوەی کە دژی سیاسەتە نەتەوەخوازییەکانی رێژیمن قەدەغەکراون.

سپینا دەپرسێ:

-شانەکانی نێو رۆما وەزعیان چۆنە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-ئێمە دیسان لە سەرتای دەست پێکردن داین. گیرانی رۆمێئۆ زیانێکی گەورە بوو. بەپێی لێکۆلینەوە، نێزیك بە زۆری پێوەندییەکان پساون و یان جێی مەتمانە نەماون. سەر لەنوێ دەبێ کارەکان دەست پێبکەینەوە.

-هۆکاری تازەمان بۆ دێت؟

- هەیە، بەڵام یەکەم جار کە ئاشکرا دەبن و هەرەشەیان لێدەکرێ خۆیان پێ راناگیرێ و دان بە هەموو نەهێنییەکاندا دێنن. هەر بەم هۆیەیە کە هەمیشە دەبێ دیسان دەست پێبکەینەوە. زۆرجار، تەنیا بۆ پێوەندی گرتنەوەیەکی سادە، دەبێ چەند حەوتوو زەحمەت بکێشین. دەبێ وەدوای ئەو کەسانە بکەوین کە بە بۆچوونی هێندێکیان بزر بوون، کوتوکوێر لە نیشانەیەکەوە بەرەو نیشانەیەکی تر دەرۆین و بەڵێنی چاوپێکەوتن دادەنێن کە کەسیش نایەتە سەر وەختمان. تازە، کاتێ پێوەندییەك ساز دەکەینەوە زۆر جاران چەند رۆژێك پتر ناخایەنێ و ئەو دەم دەبێ بێ وچان سەر لەنوێ سازی بکەینەوە. چالاکی نەهێنی پشوویەکی درێژی دەوێ.

-ئەو لایەنگرە تازانەی کە دەیانەوێ بێنە نێو ریزی شانەکان چ کارێکیان پێ دەسپێرن؟

-بۆ تاقی کردنەوە سەرەتا چەند راگەیاندراویان پێ دەسپێرین کە بڵاوی بکەنەوە.

سپینا توانای شاردنەوەی نارازی بوونی لەم شێوەیە نییە و دەپرسێ:

-پێت وانییە کە بەر لە هەر کارێك پێویستە دۆستایەتیان لەگەڵدا بکەن؟ مەگەر نابێ هەر کەسێك کە تازە دێتە نێو ریزەکانمانەوە، ئێواران لە کاتی بێکارییاندا چاوت پێ بکەون؟ یەکشەمۆکان لەگەڵی بچێتە سەیران، نەك هەر لە سیاسەت بەڵکوو دەبێ سەبارەت بە گشت بابەتەکان لەگەڵیاندا بدوێی؟ بە شێوەیەکی دیکە لەبەر ئەوەی بەتەواوی ئەو کەسانە بەرەو ریزەکانمان راکێش بکەین پێویستە کەڵك لەو هۆگرییە نادیارانە وەربگرین کە ئەوان لە حاست ئێمەدا هەیانە و پیاوێکی دیکەیان لێ دروست بکەینەوە؟

بۆلا لە حاست سپینادا رێزێکی تایبەتی هەیە کە بەر لە ئاشنابوونیان تاریفێکی زۆری لێ بیستبوو، بەڵام ئەمەشی لە بیر نەچووەتەوە کە ئەو وەك زۆربەی رووناك بیران هێندێ سەیرە و، هەر بەم هۆیەوە خۆی لە دەمەقاڵەکردن دەبوێرێ. دەڵێ:

-من بۆ خوێندکارانی زانستگا رۆژنامەیەکی چکۆلەم ئامادەکردووە کە بڕیار وایە بە پۆستدا بە نیشانەی سەد کەس لە خوێندکاران رەوانە بکرێن.

-چ بابەتێکی تیا گوونجاوە؟

-سەروتارەکەی بۆ خۆم وەئەستۆم گرتووە. بەدوای ئەودا نامەیەکی جوانە لەلایەن خوێندکارێکی کاتۆلیکەوە.

-کێ نووسیویەتی؟

-ئەویش هەرخۆم نووسیومە.

سپینا دەڵێ:

-ئەم هەمووە زیرەکییەت لەپیناو چیدایە؟

بۆلا لە وەڵامدا دەڵێ:

-دەبێ ئەم بیرۆکەیە تەڵقین بکەین کە خوێندکارەکانییش خەریکن خۆ لە بێوازی و بێ هەستی رزگار دەکەن.

سپینا پشووی لێ دەشەوێ و بە دەنگێك کە نێزیك بە هاوارکردنە دەگورێنێ:

-رێکخراوەکانی ئێمە خۆ کارگەی پرچ سازکردن نییە. ئێمە کار بۆ رواڵەت ناکەین. ئەم شتە بۆ ئێمە گرینگ نییە کە بە رواڵەت خۆمان بەهێز پیشان بدەین. بەڵکوو دەبێ وەك رووە راستەکەی خۆمان بین. شۆڕش بۆ چاوبەستن و تەفرەدان رانەپەڕیوە. حەقیقەتە و جگە لەحەقیقەت نابێ هیچ شتێکی تر بێت.

-بەڵام ئەگەر حەقیقەت ئاژاوە نانەوە بێ ئەودەم چی؟

-بەم جۆرەش زیانی ئاژاوە نانەکەی کەمترە لەو درۆیانەی کە بۆ بەرژەوەندی خۆمان دیکەی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆلا زۆری قەرغ لێ راناکێشێ. دەزانێ کە سپینا هاوڕێیەکی باشە بەڵام زۆر سەیر وەسواسییە.

□

سپینا ناچارە شەو لەگەڵ بیان کینادا تێپەڕ بکات. هەردووکیان بۆ شێو خواردن دەچنە رۆستۆرانێك و پاشان دەچنە کافەیەك کە هێندێ چۆڵ و ئارامە. بۆ یەکەم جار سپینا هەوڵدەدا شیلگیرانە لەگەڵ بیان کینادا بدوێ، بۆیە دەڵێ:

-ژیان لە سروشتی خۆیدا نە سەرسەریانەیە و نە شێلگیرانەشە، نە ماندووهێنەرەو نە جێی سەرنجیشە، بەڵکوو بابەتێکە کە لەخۆیدا پەیوەستە بە بارو دۆخی خۆمانەوە.

بیان کینا رای خۆی بەمە دەردەبڕێ کە بە تەواوی ئەم بۆچوونەی قەبووڵە.

سپینا لە درێژەی ئامۆژگارێکەیدا دەڵێ:

-ژیانێکی ناشێلگیرانە، ژیانێکە کە خۆی بەڕواڵەتەکان بەستوەتەوە. ئامانجی ئەم شێوە ژیانە تەنیا و تەنیا جیلوە فرۆشتنە، ئەم جۆرە ژیانە دەیەوێ هەمیشە جێی سەرنج بێت، خۆی واپیشان بدات کە پسپۆڕ و جوان و تێگەیشتووە، تەنانەت هێندێ جار دەیەوێ خۆی ئازا و نەترس و مرۆڤ دۆست و باش پیشان بدات. بۆ مرۆڤە سووك و بێ نرخەکان ئەوانەی کە شێلگیرنین، (بوون) گرینگی پێنادرێت، ئەو شتەی کە بۆ ئەوان گرینگە(خۆ نواندنە).

بیان کینا دیسان بە گورجی رەزامەندی خۆی لە حاست ئەم بۆچوونەشدا دەردەبڕێ.

سپینا لەناکاو لێی دەپرسێ:

-تۆ لەبەرچی هەمیشە لەگەڵ بۆچوونەکانی منداى؟

ژنەکە وەڵام دەداتەوە:

-ئازیزی دڵەکەم، تۆ حەز بەچی دەکەی بیڵێ، من بەردەوام لەگەڵ بۆچوونەکانتام.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپینا دڵساردانە بێدەنگ دەبێ. دەبینێ کە بە بێهوودە کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدات. سەرئەنجام دەڵێ:

-ئێستا تێگێشتم کە تۆ جووجکە قازێکی پیسی.

-تۆ چیت؟ حەزدەکەی پێت بڵێم کە تۆ چیت؟

-ئەم شتە لام گرینگ نییە.

-تۆ گوێدرێژێکی زەلامی.

-لەبەرچی؟

بیان کینا لە روونکردنەوەی قسەکەیدا دەڵێ:

-ئافرەت، ئافرەتێکی روو راست بە شەرەف، هەمیشە لەگەڵ پیاوەکەی هاو بیرو باوەڕە. ئەگەر ئەو پیاوە کاتۆلیك بێ ئەویش کاتۆلیکە، ئەگەر ئەو پیاوە موسڵمان بێ ئەویش مووسڵمانە و، ئەگەر ئەو پیاوە حەز بە کۆ کردنەوەی تەمر بکا ئەویش هۆگری خۆی پیشان دەدات و لەگەڵیدا تەمر کۆدەکاتەوە.

-بە شێوەیەکی دیکە، وەك خۆت ئامۆژەت پێ کرد، ژن هەمیشە سەرقاڵی کارە نا سروشتییەکانیەتی.

-بم بوورە، ئیتر ئێستا تۆ کەرنیت، بەڵکوو کەنارییەکی زەلامی. ئافرەتێك کە بەڕاستی عاشقی مێردەکەی بێ، خۆ تەنیا حەز لە سمێڵەکانی ناکات بەڵکوو سروشتییە کە لەناخی دڵیەوە بیرو باوەڕەکانی ئەویشی خۆش دەوێ. بڕوا ناکەی؟

-باشە، ئەگەر ژن هۆگری هیچ پیاوێك نەبێ، بڕوای بە چ شتێکە؟

-لە قووڵاییەکانی دڵیدا خوایەکی نەناسراو دەپەرستێ، واتە خوایەک کە هەردەم چاوەڕێی پەیدابوونی دەکا.

-بەڵام ئەگەر ژن هاوبیروباوەڕ نەبوو لەگەڵ مێردەکەیدا، چی؟

-لەو حاڵەدا مێردەکەی فریو دەدات و لەگەڵ کەڵەگاکەیدا هاوبیرو باوەڕە.

-وە ئەگەر قەرار وابێ کە مێردەکەی بەفریو نەبات چۆنە؟

-لەم حاڵەدا سروشتێکی ساردو سڕی هەیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپینا دەگاتە ئەم قەناعەتە کە درێژەدان بەم قسە نەفامانە بێ هوودەیە. بیان کینا کە دەبینێ ئەو بەم خێراییە وەڕەس دەبێ، دڵی دادەگیرێ و بۆ تەسەلا دانەوەی دڵی سپینا دەیەوێ پاشەکشەیەك بکات:

-ئەی تۆ حەز ناکەی من بمەوێ بێمە سەر بیروباوەڕت؟ حەز دەکەی بە پێچەوانەی تۆ بیر بکەمەوە؟... دەی زووتر ئەم قسەیەت کردبا. ئیتر چت دەوێ؟ بەڵام من لە شتێك زیاتر هیچی دیکەم ناوێ و ئەویش ئەم شتەیە کە بە دڵی تۆ بم و ئامادەم تەنیا بیر لەو شتەی بکەمەوە کە قەناعەتی تۆ بێ.

سپینا هەوڵ دەدات تووڕە نەبێ و دەڵێ:

-من حەز دەکەم کە تۆ هەمیشە بە دڵخوازی ویژدانت هەڵسوکەوت بکەی و بە عەقڵی ساغ و شعووری خۆت بیر بکەیتەوەو، دەمەوێ ئەم شتانە لەژیانە تایبەتەکەتدا سەربەخۆ و جیاوازبن.

بیان کینا دەڵێ:

-ئەگەر تۆ هەر ئەم شتەت لە من بوێ، ئەوا ئامادەم کە وابم. بەڵام لە بەرامبەر ئەم شتەدا تۆ منت خۆش دەوێ؟

سپینا هەڵدەستێ، کڵاوەکەی لەسەر دەکاو بە جووڵەیەك بەرەو دەرگای چوونەدەر دەچێ. بیان کینا بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەکاو سەرەتا وابیر دەکاتەوە کە بە گاڵتەیەتی، بەڵام کاتێ دەبینێ سپینا بەڕاستی لە دەرگاکە تێدەپەڕێ، تەنانەت بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، تەنیا ئەم دەرفەتەی بۆ دەمێنێتەوە کە بەسەریدا بگوڕێنێ:

-تۆ پیاو نیت، تۆ وشترمەلی!

دوو رۆژ دواتر خاتوو کیلۆچی تەلەفوونێك بۆ سپینا دەکا کە لەلایەن ئانینایەوە نامەیەکی گرینگی بەدەست گێشتووە و حەز دەکا ئەو نامەیەی پیشان بدات. سپیناو خاتوو کیلۆچی لە دووکانێکی ماست فرۆشیدا، لەکن پانتێئۆن چاویان بەیەك دەکەوێ و لە نێوەڕۆکی نامەکە ئاگادار دەکرێتەوە. لە مابەینی رەستەکاندا کە بە جەوهەرێکی ئاسایی نووسراون ئەم هەواڵەی خوارەوە بە ئاو لیمۆ نووسراوە: (مۆریکا دوێنێ گیراوە. ئێرە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەتەواوی ئاڵۆزە. ئەو لاوانەی کە دەڵێن سەر بە کۆڕی نووسەرانی حەقیقەتن پرسیارم لێدەکەن کە دەبێ چی بنووسن و رووی راستی ئەم رووداوەچییە؟ پیاوێکی دیکەش کە خەڵکی پراتۆلایە سەردانی کردووم.)

سپینا بڕیار دەدات کە بچێ بۆ مارسیکا، خاتوو کیلۆچی پێی دەڵێ:

-ئەگەر بچیت تێدەکەوی. ئێستا پاراستنێکی توند لە گۆڕێدایە.

سپینا وەڵام دەداتەوە:

-پیاو ناوچەی خۆی وەك بەرەدەستی دەناسێ. لەوێ پیاو ناسراوترە بەڵام باشتریش دەتوانێ خۆی حەشار بدات.

دەچێ بۆلای بیان کیناو، ئەو، کە لەبەر گریان چاوانی سوور هەڵگەڕاون لە ژوورەکەیدا دەیبینێتەوە. دەڵێ:

-من پێویستییەکی گرینگم بە تۆیە. مۆریکا گیراوە. دەبێ تۆ هەر ئێستا بەرەو فووسا بگەڕێیتەوە. لەوێرا خۆت بگەیەنتە ئاوەتێزانۆ و لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ناسیاوتن بدوێی، بەڵام نابێ شکی کەس بۆلای خۆت راکێشی. دەبێ لە گشت رووداوەکان و ئەو تەدارەکەی کە دەبیندرێ، ئاگادار بکرێیتەوە.

-بۆ خۆت لێرە دەمێنیتەوە؟

-منیش سبەینێ وەڕێ دەکەوم. ماوەیەك کە لە نیوەڕۆ تێپەڕی، پیاوە پراتۆلاییەکە بە فایتوونەکەیەوە بنێرە سەر جادەی نێوان فووساو رووکادی مارسێی. شوێنێکیش بۆ مانەوەی شەوم بدۆزەوە.

-ناچی بۆ میوانخانەکەی پوورم؟

-نا، چوونکە بەرگی قەشایەتییەکەم لەبەر نابێت.

-دەتوانین شەو پیکەوە بین؟

-بەڵێ.

بیان کینا لە خۆشیان دەردەپەڕێ، جانتاکەی ئامادە دەکاو بە پەلە وەڕێ دەکەوێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ سبەی بەیانی، سپینا رۆما بەجێ دێڵێ و بە تراموا تا تیبوڤێلی دەچێ. لەوێرا بە شەمەندەفەرێکی فەرعی کە بە گەیشتن بە هەر وێستگەیەك ماوەیەکی زۆر ماتڵ دەبێ، خۆی دەگەیەنێتە پای کێوەکانی ئابروتێزە. ئەگەرچی لێی روونە کە پۆلیس لەسەر هێڵی سەرەکی ئاسندا چاوەدێرییەکی وردبینانەی هەیە، کەچی هێواش ئاژۆتنی شەمەندەفەرەکەش بێتاقەتی دەکا. باش دەزانێ کە لە مارسیکادا چی لێ بەسەر دێت. ئانینا لە نامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لەوێ هرووژانێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدایە بەڵام ئەم قسەیە رەنگە مانای دیکەشی هەبێت. ئایا (کۆڕی نووسەران)ی مۆریکا لە دەستی دێ لە ماوەیەکی کەمدا بارودۆخەکە بە قازانجی خۆیان بگۆڕێ؟ بەهەرحاڵ پێویستە بۆ خۆی جێی بەتاڵی مۆریکا پڕ بکاتەوەو رێگە نەدات گوریسەکەی لێ ببێتەوە بە خوری. ئێستا راسپاردەکەی دۆن بینەدیتۆی بیر دەکەوێتەوە کە: (هەر کارەو وەرزێکی تایبەت بەخۆی هەیە. وەرزی هەڵپڕتاوتنی مێو جیایە. وەرزی دەرمان رشتنی مێو، وەرزی خاوێن کردنەوە و ئامادەکردنی کوپەکان و سەرئەنجام وەرزی ترێ چنینەوەو شێلانی ترێ بەجیان). بەڵام ئێستا ئێمە لە مارسیکادا گێشتوینەتە چ وەرزێك؟ و بەم جۆرە هەوڵدەدا بە دواندی پیاوە پراتولاییەکە و، ئانینا و، بیان کینا و، هەروەها لاوە نووسەرەکان و هەڤاڵانی دیکە وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە. دیارە بەپێی پێداویستی ئەو وەرزەی کە دەبێ کاتی خۆی هاتبێ، بۆ راپەڕاندنی کارەکانی هەڵدەستێتەوەو بۆ خەڵکی دەبێتە سەرمەشق.

لە ئاوەتێزانۆڕا ئیتر شەمەندەفەرەکە لەوە زیاتر ناروات و سپینا بە ناچار سوار شەمەندەفەرێکی دیکە دەبێت کە لەسەر هێڵێکی دیکە راوەستاوە و، هەر لە ئێستاشەوە پڕە لەو سەوداگەرو جووتیارو بازارییانەی کە پاش تەواو بوونی بازاڕ ئێستا بەرەو ئاواییەکانیان دەگەڕێنەوە.

ئافرەتێکی دێهاتی بە سپینا دەڵێ:

-بازاڕی پێش جێژنی کریسمەس هەمیشە ئاڵۆزە. خوا شکوور ئێستا زۆر کەس مووچەی کوڕەکانیان لە حکوومەت وەردەگرن کە بۆ سەربازی بانگ کراون و هەر بەم هۆیەشەوە پارەیەکی پتر لە باغەڵی خەڵکدا دەگەڕێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپینا گوێ بۆ قسەی مسافرەکان رادەگرێ تا بەم جۆرە تێبگات کە ئایا ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە ناوچەی مارسیکادا رووی داوە یان نا، بەڵام هەستی بەدواداچوونی ئەو بە قەناعەت ناگا.

لووتکەی ئەو کێوانەی کە دەوروبەری دەشتی فوچینۆی داگرتووە لە بەفردا سپی دەکاتەوە. سپینا باڵتەیەکی رەشی لەبەردایە کە تا بەر پێی درێژە و مل پێچێکی رەش و پەشمینەی لە دەوری ئەستۆی ئاڵاندووە. بەم سەرو بیچمەوە ئەگەر تووشی کەسێکیش بێ کە پێشتر ئەوی لە عەبای قەشایەتیدا دیبێ، سەرنجی بەرەو لای خۆی راناکێشێ کە لەبەر چی ئەمڕۆ عەبای قەشایەتی لەبەردا نییە. لەهەمان حاڵدا ئەگەر پێویست بێ هەر ئەوەندەی بەستە قۆبچەکانی باڵتەکەی بکاتەوە و مل پێچەکەی لە ملی بکاتەوە تا قەوارەی میرزایەکی ئاسایی بە خۆیەوە بگرێ. ئەو پسێورییەی کە بۆ هەڵبژاردنی کڵاوەکەی نیشانی داوە سەرنج راکێشترە: شێوە و زایەندی کڵاوەکەی بە چەشنێك هەڵبژێردراوە کە لە کاتی لەسەر کردنی، رەنگە لە باتی کڵاوی قەشایەتی بێتە بەرچاو و هەم وەك کڵاوی ئاسایی. ئەم داهێنانە مایەیەکی زۆری لەسەر داندراوە کە لە شاری رۆما کاتی خۆی بۆ گەڵاڵە کردنی ئەم گەڵاڵەیە بەسەر بردووە و سەرئەنجام پلانەکەی بە سەرکەوتنەوە تەواو بووەو وەك منداڵێك بۆ خۆیشی پێی پێکەونیوە.

لە وێسگەی فووسا کە پڕ لەحەشاماتە بە بێ ئەوەی چاو بە دەورو بەریدا بخوشێنێ دادەبەزێ و خێرا ئەو رێگایە دەگرێتە بەر کە بە ئاواییدا تێدەپەڕێ و بەرەو رووکا دەبێتەوە. ئەم رێیە کە لێژییەکی هێواشی بەرەو گردەکان لێ پەیدا دەبێ، سنووری نێوان رەوەزە بەردێکی بەرزو مەزرایەکی پان و بەرینی گەنمە. لەسەر پێچێك، پیاوە پراتولاییەکە بە فایتوونەکەیەوە دەگاتە سەری. سپینا بەبێ ئەوەی قسەیەك بکات سوار دەبێ و فایتوونەکە درێژە بە رێگای خۆی دەدات.

پیاوە پراتولاییەکە ریشێکی هێشتوەتەوە کە رەنگە بۆ چەند رۆژێ دەبێت کە نەیتاشیوە ، کراس و باڵا پۆشەکەی لە جاران چڵکن ترو چرچۆلتر دەنوێنێ، داهێزاو دێتە بەرچاوان، وەك ئەوەی ناساز بێ. سپینا دەپرسێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-خەبەرو باسی مۆریکا؟

-ئەو دوێنێ مرد.

لەلای چەپەوە، دوایین گەڵازەردەکانی رەزەکان هەڵدەوەرێن و لەلای راستەوە رووپۆشی سەوزی گەنمەجارەکان کە تازە شین بوونەتەوە سەریان دەرهێناوەو بە سەر کێڵگەکەدا پان بووەتەوە. کەش و هەوا هێمنییەکی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە، هێمنییەکی سروشتی، هێمنی ئەو کەرەسانەی کە دەبێ هەر یەکەو لە شوێنی خۆیان دابندرێن. سەرئەنجام مۆریکاش جێگای خۆی دۆزییەوە. سپینا دەڵێ:

-ئەو بە منی وتبوو کە ئێوە یەکتر دەناسن و پێکەوە هاورێ بوون.

فایتوون چی وەڵام دەداتەوە:

-بەڵێ، ئێمە زۆربەی کاتەکان پێکەوە دەبووین. پێکەوە بوون لە پەنای ئەودا خۆش بوو. پیاوێکی باش بوو، هانی دەداین کە هەردەم باش بین. باسی گۆرانکاری بۆ دەکردین و دەیگووت: پێکەوە بوون و نەترسان سەرەتای دەست پێکردنە.

سپینا دەڵێ:

-بەڵێ دەبێ یەك بین و رێگە نەدەین جیا بوونەوەمان تێبکەوێ.

فایتوونچی دەڵێ:

-ئەو لەسەر لاپەڕەیەك نووسیبووی: (راستی و برایەتی لەجیاتی درۆ و بێزاری، لە نێو مرۆڤەکاندا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ و، کاری زیندوو جێگای پارە پڕ دەکاتەوە.) کاتێ دەست بەسەریان کرد ئەم لاپەڕەیان لای ئەو دۆزیەوەو ئەو زۆر نەترسانە لە ژێری دەرنەچوو. ئەودەم لە حەوشەی سەربازخانەی فووسا لە باتی تاج لەگەنی دەست بەئاویان لە بان سەری داناو وتیان: (ئەمەش راستی!) پاشان، لەباتی گۆچانی ئوسقۆف، گەسکێکیان خستە دەستی راستی و وتیان: (ئەمەش برایەتی!) پاشان، لەسەر عەرزی ئەویان لە مافوورێکی سوور پێچایەوەو سەربازەکان تۆپ تۆپێنیان پێکردو پێیان وت: (ئەمەش کاری زیندوو!) کاتێ لە پێ کەوت بە کاڵەی بزمارڕێژکراو بەسەر لەشیدا دەرۆشتن و بە هەموو

دەمای خۆیان وەبەر پێلاقەیان دەدا. تازە پاش ئەم لێ پرسینەوە سەرەتاییە هێشتا تا دوو ڕۆژان گیانی لەبەردا مابووەوە.

سپینا دەڵێ:

-باشترین پاداش بۆ مۆریکا ئەمەیە کە وەک ئەو بژین. پێویستە پێکەوە بین.

پیاوە پراتۆلاییەکە بە ئاماژەی سەر وەڵامی بەڵێی پێدەڵێ.

سپینا دەپرسێ:

-پیاوێك کە بۆ دادپەروەری دەژیت لەچی بترسێ؟ لە مەرگ؟

پرتولایی لە وەڵامدا دەڵێ:

-تەنیا پیاو کووژان لە مەرگ دەترسێن.

لە نێو ئاوایی ڕوکا فایتوونچی خانوویەکی پیشان دەدات کە لە ناوەندی مەزرایەك بینا کراوەو حەسارێکی پان و گەورەی بە دەوردا کێشراوە. ئێرەماڵی دایك و باوکی مۆریکایە. پاش ئەوەی سپینا داوا لە پیاوە پراتولاییەکە دەکا کە دیسان لە دوای بێتەوەو بەپێی گوونجان بیان کیناش لەگەڵ خۆیدا بێنێ، ڕێچکە ڕێیەکی باریك دەگرێتە بەر کە بە گیا داپۆشراوەو بە پێی پیادە بەرەو ئەو خانووە دەچێ. ماڵی مۆریکا یەک نەهۆمە، بەڵام خانوویەکی گەورەیە کە نیوەی شوێنی حاوانەوەی خێزانی ئەو ماڵێیە و نێوەکەی دیکەیش تەویلەیە. پەنجەرەکانی داخراون، بەڵام دەرگای حەوشەکەی بەپێی ڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی ئاوەڵایە. لە ژووری حەوشە، لەبەر دەرگا، عارەبانەیەکی گەورەو دووتگەرەی لێیە کە بەدەنەکەی بە ڕەنگی سوور و شینی ئاسمانی ڕەنگ کراوەو دووماڵبەندەکەی ڕوو بە حەوایە. لە تەنێشت عارەبانەکە، گاسنێك کەوتووە کە ئامووڕەکەی لە عەرزی چەقیوە. خەڵك بەپێی ئەو داب و نەریتەی کە باوە، دێن و دەچن . هێشتا لە دەرگای ماڵەکە تێنەپەڕیوە کە خۆی لە ژوورێکی گەورەدا دەبینێ، عەرزەکەی بە بەردی ناڕێك سەنگ ڕێژ کراوەو ئاساییە کە دەبێ چێشخانەو ئەمباری کەرەسەی کشت وکاڵ بێت، بەڵام ئێستا پڕ لە میوانە. ئافرەتەکان خۆیان لە باڵاپۆشی ڕەش و زەرد پێچاوەتەوەو لەتەنیشت سۆبەکە دانیشتوون. پیاوەکان لە دەوری مێزێك بە پێوە ڕاوەستاون

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و، باسی زەوی و داهاتی ئەمساڵ دەکەن. سپینا لە خوار هۆدەکە چاوی بە ئانینا دەکەوێ کە لەسەر چرپایەک بە تەنیا، رەنگ هەڵبزرکاو، مات و کاس و لەرزۆك، لە ناوەندی ئەو هەمووە نائاشنایەدا کز نیشتووە. ئەویش ناگریت. بۆ شین گێران دەبێ تەنیا یان لە نێو کەسانێك بێ کە بیانناسێ. بەڵام کاتێ سپینا دەناسێتەوە ئیتر خۆی پێ راناگیرێ و بە شیوەنەوە دەگریت. دایك و باوکی مردووەکە کە رەش پۆشن، لە هۆدەی تەنیشتەوە دێن. دایکی دەچێتە لای ئانینا، فرمێسکەکانی پاك دەکاتەوە، چارۆکەیەکی رەشی تێدەپێچێ و لەتەنیشت خۆی، لەسەر هەمان چرپایە و لە قەراغ سۆبەکە دایدەنیشێنێ.

ئافرەتەکان دەپرسن: ئەم ئافرەتە کێیە؟

یەکیان وەڵام دەداتەوە:

-خێزانی ئەو خوا لێخۆش بوەیە، ئافرەتێکی شارستانییە.

باوکی، لەلای خواروی مێزەکە لەگەڵ پیاوەکان دادەنیشێ.

خزم و کەسان، لە ئاواییەکانی دەوروبەرەوە پەیدا دەبن. منداڵەکان پەیدا دەبن. بەو جۆرەی کە باوە دایکی مردووەکە تاریفی کوڕە لە دەست چووەکەی دەکاو دەڵێ:

-من دەمەویست کوڕەکەم لە دەست ئەم شێوە گوزەرانەی ئێرە رزگاری بێ، ئەوم لە خۆم دوور خستەوە تا درێژە بە خوێندنەکەی بداو بە سەرنج دان بە لاوازیو ناسکی و نازدارییە سروشتییەکەی و ئەو حەساسیەتەی کە بۆمان پێشبینی دەکرد ویستمان لەم چارەنووسە بەدوور بێ. بەڵام هیچم بۆ نەکرا. هەوای شاری پێ نەکەوت. زەوی ئەوی بەرەو خۆی بانگ کردبوەوە. دیسان لێرە خۆی بە کاری مەزراوە خەریك دەکردو یارمەتی بە باوکی دەگەیاند. وا گوومان دەکرا کە ئەم کارە زوو هیلاکی دەکاو لە ئەنجامدا لێی بێزار دەبێ، چوونکە هەموو رۆژێ کارکردن لە مەزرادا سزای خواییە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو بەرە بەرە پتر هۆگری ئەم کارە دەبوو. هەموو بەیانیان باوکی بەئاگا دەکردەوە، لێغاو و زینی لە ئەسپەکەی دەبەست، تووەکانی هەڵدەبژارد، شەکۆکانی پڕ لە ئاو دەکردو بە کاری باغچەکان رادەگێشت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایكە وێرای تاریف كردنی كوڕەكەی جار ناجارێ بێدەنگی رادەگرێ تا ئاگری سۆبەكە خۆش بكا یان چڵە چرپیەكی تێ بهاوێ. مارتای خووشكی دۆن بینەدیتۆ لە ڕێوە دەگات. ئەویش لە مەرگی براكەیەوە رەش پۆشە. كافوونەكانی ئاواییەكانی دەوروتەنیشت دێن. ژمارەیەك لەو كەسانەی كە لە پرسەكەدا بوون جێ بۆ ئەوانی دیكە بەتاڵ دەكەن و دەڕۆن. مۆریكای بەساڵداچوو كە لە نێزیك مێزەكە راوەستاوە خواردنەوەو خواردن بەسەر ئەو كەسانەدا بەش دەكا كە لە دەوری مێزەكە دانیشتوون. شەراب تێدەكا و دەڵێ بخۆنەوە! نان لەت دەكا و دەڵێ بخۆن! پاشان دەڵێ:

-ئەو لە كێلان و دسكەنەو دروێنە و گێرەكردن و ئاردكرنی گەنمەكان كە ئەم نانەی لێ دروست كراوە یارمەتی بە من گەیاندووە. كەرەم كەن بخۆن كە ئەمە نانی ئەوە.

پیاوەكان دەخۆن و دەخۆنەوە وهێندێ كەسیش نان لە شەرابەكەدا تریت دەكەن.

دیسان ژمارەیەكی دیكە دێن. باوكە شەراب تێدەداو دەڵێ:

-ئەو لە هەڵپەرتاوتن و دەرمان رەشتن و چنینەوەی ترێكان كە ئەم شەرابەی لێدروست كراوە یارمەتی كردووم. كەرەم كەن بخۆنەوە كە ئەمە شەرابی ئەوە.

ئەوجار سواڵكەرەكان وەژوور دەكەون، دایكە دەڵێ:

-لێیان گەرێن با بێنە ژووری.

یەكێك دەڵێ:

-رەنگە بۆ سیخووڕی ڕەوانەی ئێرە كرابن.

-لێیان گەڕێن با بینە ژووری.

چوونكە دابەشینەوەی خۆراك و خواردنەوە بەسەر سواڵكەراندا، وەك ئەوەیە كە نانی بە مەسیح دابێ.

باوكە دەڵێ:

-بخۆن و بخۆنەوە. ئەمە نان و شەرابی ئەوە.

ئەوجار باوكی مۆریكا چاوی بە سپینا دەكەوێ، لێی دەڕوانێ و پرسیای لێدەكا:

-خەڵكی كوێی؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-خەڵكی ئاوێرتا.

ناوت چییە؟

ئانینا هەڵدەستێ و بە هێواشی ناوێك بە گوێی پیرەمێردا دەچرپێنێ. پیرەمیرد بە سپینا دەڵێ:

-لە تەمەنی لاویدا لەگەڵ باوكی تۆ ئاواڵ بووم. ئەو لە بازار ماینێكی لە من كڕی. ئەو كوڕەی كە لەدەستیان چواندم سەبارەت بە تۆ زۆر شتی بۆ گێراومەتەوە. وەر بۆ ئێرە و لە نێوان دایك و خێزانی ئەو دانیشە و بخۆ و بخۆرەوە، چوونكە ئەمە نان و شەرابی ئەوە.

سپینا دەڵێ:

-نان لە هەزاران دەنكە گەنم دروست دەبێ و بەم هۆیە رەمزی یەكێتییە. شەراب لە هەزاران دەنكە ترێ پێك دێت و ئەویش رەمزی یەكبوونە، یەكبوونی بەشە هاوبەشەكان كە یەكسان و بە قازانجن. بەم پێیە یەكبوون بە مانای راستی و یەكسانیشە و ئەم شتانە هەموویان پێكەوە تەبان.

لەلای راستی سپینا ژنە جووتیارێك دانیشتووە كە دایكی خوا لێخۆش بوەكەیە و لەلای چەپیشیەوە كچە كرێكارێكە كە خێزانی ئەو بوو. لەلای چەپیەوە گووندە و لای راستەشی شارە. سپینا بۆ خۆی نیمچە شاری و نیمچە گووندییە. باوكە دەڵێ:

- نۆدانە مانگ پێویستە بۆ بەرهەم هێنانی نان.

دایكە بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ:

-نۆ مانگان؟

-لە مانگی خەزەڵوەر تووی گەنم دەچێنن و لە مانگی خەرمانان دروێنە و گێرەی دەكەن.

پیرەمێرد مانگەكان دەژمێرێ. خەزەڵوەر، سەرماوەز، بەفرانبار، رێبەندان،رەشەمە، خاكەلێوە، گوڵان، جۆزەردان، خەرمانان. ئەمە راست دەبێتە نۆ مانگ. و بۆ پێگەیشتنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ترێیش  نۆ مانگی كات دەوێ، لە رەشەمەوە تا خەزەڵوەر. پیرەمێرد دیسان مانگەكان دەژمێرێتەوە.

-رەشەمە، خاكەلێوە، گوڵان، جۆزەردان، خەرمانان، گەلاوێژ، پووشپەڕ، رەزبەر، خەزەڵوەر، ئەمەش دەكاتە نۆ مانگان.

دیسان دایكە دەپرسێتەوە:

-نۆ مانگان؟

ئەو قەتی بیر لەم بابەتە نەكردبوەوە. بۆ منداڵ دروست كردنیش نۆ مانگان كات پێویستە. ئەو لە مانگی خاكەلێوەدا لە دایك ببوو، دایكە بە بەراوژوور مانگەكان دەژمێرێ:

-خاكەلێوە، رەشەمە، رێبەندان، بەفرانبار، سەرماوەز، خەزەڵوەر، رەزبەڕ، پووشپەڕ، گەلاوێژ، لە مانگی گەلاوێژەوە تا مانگی خاكەلێوە، نۆ مانگانی پێچووە.

ئاشنا گەلێكی دیكە لە رێوە دەگەن. ئەوانی دیكە دەڕۆن تا جێیان بۆ بكەنەوە، مارتا بە دایكی مۆریكا دەڵێ:

-لەبیرمە ئەو كاتانەی كە كوڕەكەت ساوا بوو تۆ هێشتا لاو بووی، ئەوت لە ئامێز دەگرت، بۆ گەڕان دەت هێنایە سەر تەپۆڵكەكە. ئەو كاتانە دۆن بینە دیتۆ دەیگووت كە تۆ وەك پەلەمێوێك دەچی و ئەویش وەك هێشوە ترێی تۆیە. تۆ وەك لاسكە گەنمێكی و ئەویش هێشوە گەنمی تۆ. . .

باوكە دەڵێ:

-بخۆن و بخۆنەوە. ئەمە نانی ئەوە و ئەوەش شەرابی ئەوە.

بیان كینا لە دەرگای خانووەكەوە دێتەژوور و سپینا یەک راستە دەچێتە پێشوازی ئەو. ژنە لاوەكە پێی دەڵێ:

-دەبێ هەر ئێستا بەپەلە  خۆت دەرباز بكەی . تۆیان ناسیوەتەوە.

-چۆنت زانی؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-لە ئاوەتێزانۆ دووجار چاوم بە ئالبیرتۆ کەوتووە. ئەو ئێستاش دڵی بە منەوەیە و لەو کاتەیرا کە پەمپێئۆ چووە بۆ ئافریقا ئیتر ئێرەیی بەو نابا. من بەپێی راسپاردەکانی تۆ بە رواڵەت دڵم پێ داوە. ئێستا ئەو ئەفسەرە و بۆمنی گێرایەوە کە وا بۆ چەند رۆژان دەچێ وێنەیەکی گەورەیان لە کەسێك بەناوی پیترۆ سپینا لە نووسینگەکەی ئەودا هەڵواسیوە بۆ پیشاندان و کاتێ بە جوانی لێی ورد بووەتەوە دڵنیا بووە کە پیترۆ سپیناو دۆن پائۆلۆ هەر یەک کەسن. زۆرم هەوڵدا تا تێی بگەیەنم کە بە هەڵدا چووە بەڵام ئەم قەسەیە ناچێتە مێشکیەوە. هەر ئەمرۆ ئەم بابەتەی بە پایەبەرزان راگەیاندووە. بەراستی هەڵکەوتێکی سەیر بووە کە لەکاتی چوونە نێو وێسگەی هێڵی ئاسنی فووسا تۆیان نەناسیوەتەوە. ئێستا ئیتر نابێ سات بە فیرۆ بدەی. بە دڵنیاییەوە هەر ئێستا لە رێگای پۆستەوە ژاندارمەکانی مەڵبەندیان ئاگادار کردۆتەوە.

سپینا، ئانینا بەرەو قوژبنێك دەبا . پاشان داوا لە مۆریکای پیردەکا کە بۆ یەک رۆژ ئەسپەکەی بەقەرز بداتێ. پیرەمێرد کاتێ دەگەڕێتەوە نێو حەوشە، جووانووە ئەسپێکی جوان بە دوای خۆیدا راکێش دەکا کە هەر دوو سێ مانگە راهێنراوە و دەڵێ:

-بایەك لێی بدات بۆی باشە.

بیان کینا دەپرسێ:

-من چ کارێکم لەدەست دێ؟

سپینا لێی رادەسپێرێ:

-پیاوە پراتولاییەکە هەر چییەکی پێ وتی بیکە و سووریشبە لەسەری! من جارێ تا پیتراسکا دەچم، چوونکە لەوێ هێندێ کاغزم بەجێ هێشتووە کە وای بە باش دەزانم بی فەوتێنم. پاشان، دادەگەڕێم و رێگەی پسکاسێرۆلی دەگرمە بەر و بەرەو (ئالفێدنا) یان (سیکانۆ) دەچم . دیارە هەرکە مەجالم پەیدا کرد لە وەزعی خۆم ئاگادارت دەکەمەوە.

سپینا سوار ئەسپەکە دەبێ. ئەسپێك کە بە گۆرەی عادەتی دێهات، بێ زین و لێغاوە و تەنیا هەوسارێکی سادەی لێ بەستراوە. بەم جۆرە، هەرکە ئەسپەکە قورسایی غەوارەیەک لەسەر پشتی هەست پێدەکا دەحیلێنێ و بەچوار ناڵ و سەر کەشانە خۆی بە دەشت ودەرا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەكا و سپینا لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ كە لە مێژە عادەتی سوارکاری لە سەر پەریوە. ئەگەرچی بەهەموو توانایەوە هەوسارەکەی لێ توند دەکا بەڵام هیچ شوێنەوارێك لەسەر ئاكاری ئەسپەكە نابەخشێ. سوارکار لەبەر ئەوەی لەسەر پشتی ئەسپەكە بەر نەبێتەوە بە هەردوو چنگان لە یاڵ و گەردنی ئەسپەکەی دنووسێ. ولاغەكەش پاش ئەوەی سامە سەرەتاییەكەی لەسەر لا دەچی، هێدیتر دەبێتەوەو سەر بە سوارەكەی دەسپێرێ تا بەم جۆرە سپینا ئەو بەغاردان بەرەو كوێرە رێیەك لێی خورێ كە بە نێو مەزراكانەوە بەرە دۆڵی پیتراسكا دەبێتەوە. لە دەرەوەی ئاوایی لاما كەمێك بەر لە گەیشتنی بەو پردەی كە دەراوی چوونە نێو دۆڵی پیتراسكایە، ئێشك چییەك بەری پێدەگرێ و هاوار دەكا:

راوەستە! راوەستە! لەم دەرپەڕینە چاوەڕوان نەكراوە، ئەسپەكە رەو دەكا، بەبێ ئەوەی ئەم جارە سپینا بییەوێ بۆ هێدی كردنەوەی ئەسپەكە كۆششێك بكات، دیسان بە چوار ناڵ غار دەدات. وێرای ئەو سراو لێژییە تیژە، ولاغەكە بەبێ ئەوەی پشوو تازە بكاتەوە بەشی یەكەمی دۆڵەكە تێدەپەڕێنێ و هەروا بە غاردان ملی رێ دەگرێ تا ئەو جێیەی كە یەكەم نیشانەكانی بەفری لێ دەردەكەوێ. سپینا جار ناجار سەر وەردەسوڕێنێ بەڵام كەس بەدوای خۆیدا نابینێ. رێی تێناچێ ئەو پیاوە چەكدارە وەدوای بكەوێ بەڵام دوور نییە كە سەربازخانەكەی نێزێكی ئاگادار بكاتەوە و نیشانییەكانی سواركارەكەیان بداتێ. بەم چەشنە گەشتێكی ژاندارم یان كێشكچی بە مۆتۆرسیكلێتەوە رێگەی دۆڵی پیتراسكای بەسەردا دەبەستن. هەر كام لەم گریمانانە لەخۆیدا بەربەستێكە كە رێگەی خۆ دەرباز كردن لە سپینا چەواشە بكات . بەرەو پیتراسكا درێژە بە غاردانی ولاغەكەی دەدا، بەڵام ئەگەر دۆڵەكەیان بەسەردا بەست ئیتر هیچ رێگایەكی بۆ خۆ دەرباز كردن نامێنێ. پیاو چۆن دەتوانێ خۆی دەرباز بكات؟ لە پڕ وەرسووڕاندنی سەری ئەسپەكەی و بەرەو دەشت داكشان، كارێكی جێی مەترسییەو بێ گوومان وەك رۆشتن بە پێشوازی ژاندارمەكانە. بەڵام چوون بۆ پیتراسكا و لەوێ مانەوەش لەعەقڵ بەدوورە. لەوێ وەك رێوی كلكی بە تەڵەوە دەبێ. سپینا ئیتر هیچ دەراوێكی روون نابینێ بۆ خۆ رزگار كردن. ئەسپەكە نەفەس دەدا و هەڵم لە زاریەوە هەڵدەستێ و كەف لە لێوی دەنیشێ، بەڵام هەروا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە تیژی غار دەدات. هەتا بەرەو پێشتر دەچێ دیمەنی دوکەڵەکە پتر گۆڕانی بەسەردا دێت. بەفرێکی زۆر باریوەو، ئاسمانە خۆڵەمێشییەکە دیسان خەبەر لە بەفر بارین دەداتەوە. داوێنەکانی دوکەڵەك،ە کە بە بەفر سپی هەڵگەڕاوە، قەت وا بەرزو ئەستەم خۆی نەنواندووە. هەوڵدان بۆ تێپەڕین بەسەر ئەم داوێنە سەختانەدا نەك هەر پیاو هیلاك دەکا بەڵکوو بێ هوودەشە. ئاواییەکانی ئەو بەری داوێنەکەش سەر بە مارسیکان و هیچ دور نییە کە نیشانییەکانی ئەویان بەو شوێنانەش راگەیاندبێ. سپینا دەگاتە حاست پیتراسکا. کڵاوەکەی دادەکێشێ و دووگمەکانی باڵا پۆشەکەی دادەخات و بەم شێوەیە رواڵەتێکی نەکەم نەزۆر قەشەیانە بەخۆی دەدات. کێو لەوبەری پیتراسکا کە بەرامبەر دۆڵەکە راوەستاوە، لە بەفرا سپی هەڵگەڕاوە. دوو دووندی نابەرابەری هەیە کە وەك پشتی وشتر دەچێ. دووندە بەرزەکەیان روانگەی دۆڵەکە دەبستێ و، دووندە چکۆلەکەشیان کە سافترە قەراغتر کەوتووە و بە بنارە راستەکەوە دەبەسترێتەوە. درزێکی قووڵ هەردوو دووندەکان لە یەك جیا دەکاتەوە کە بە (زین بۆزان) بەناوبانگەو ئەو سێڵاوەی کە بە دۆڵی پیتراسکادا دادەگەڕێ لەوێڕا سەرچاوە دەگرێ. سپینا دەزانێ کە (زین بۆزان) تەنیا رێیەکە بۆ دەست وێراگێشتن بەوبەری کێوەکە، بەڵام لەو سەرە جگە لە کوێرەڕێیەك هیچ رێگایەکی دیکەی لێ نییە کە حەتمەن لەم حاڵەدا بەفرێکی زۆری لێ نیشتووەو لە ئەنجامدا رێی درەچوون نییە. سپینا بیری دێتەوە کە لە شەتاپی بیستبوو تێپەڕین بە دەربەندی(زین بۆزان)و گەیەشتن بە ماڵەکانی یەکەم ئاوایی بناری ئەودیوی کێوەکە، لەهاویندا لەچوار تا پێنج کات ژمێر دەخایەنێ. بەڵام لە زستاندا چەندی پێدەچێ؟ ئەگەر ئەو لەباری لەش ساغییەوە هێندێ بەتاقەتتر دەبوو تەنیا رێی نەجات لەو تەڵە مشکەی کە تێیدا حاسیە بووە، بێشك هەر ئەو دربەندەیە و بەس. بەڵام لەم وەرزەدا بەراستی سەرشێتانەیە کە چەندین ساعەت لەسەر یەک خۆی لە هەڵگەڕان بەسەر کێوێکی ئاوا ئەستەمدا سەرگەردان بکات؟ بێ شك لە دۆخێکی وا دا باشترین کار ئەوەیە بە فێڵێکی زیرەکانە رێ ون کەری بکات، واتە لە پیتراسکادا بمێنێتەوەو وا نیشان بدات کە لە فلانە رێگاوە خۆی دەرباز کردووە و، ئەودەم لە مووچەی یەکێك لە کافوونەکان یان لە تەنوری گشتی ئاوییدا کە هەرپازدە رۆژ بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جارێك نانی لێدەكەن و یان لە ژێرخانی یەكێ لە ماڵەكاندا خۆی بشارێتەوە. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە نیازی بە هاوكاری و هاودەستی هەیە و ئەویش كەسی وای پێ شك نایەت.

هەر لەم بیرانەدایە كە سەرئەنجام سپینا دەگاتە پیترسكا. هەوساری ئەسپەكەی لە دەرگای مێوانخانەكە دەبستێتەوەو بەتەمایە وەژوور بكەوێ كە لەنەكاو دەنگی نێزیك بونەوەی كەسێك لە پشت سەری خۆیەوە هەست پێدەكا. ئاوڕ دەداتەوە. كریستینایە. روخساری ئەو كیژیە هێندە غەمبارە كە سپینا سام دایدەگرێ. كیژكە بە زەحمەتەوە دەڵێ:

-براكەم نامەیەكی بۆ نووسیوم.

-سپینا سەرەتا نیگەران دەبێ كە ناكا رووداوێكی ناخۆش بە سەر ئالبێرتۆدا هاتبێ ،بەڵام قسە لەسەر شتێكی دیكەیە.

كیژەكە دەپرسێ:

-راستییەكەم پێ بڵێن. راستە ئێوە پیترۆسپینان؟

-بەڵێ.

ماتالێنا لە میوانخانەكە دێتە دەر. سپیناو كریستینا هەردووكیان بە یەک هۆ ئاڵۆزاون و بێدەنگی رادەگرن. سپینا بەرەو هۆدەكەی وەسەردەكەوێ، شتومەكەكانی رێك و پێك دەكا و كاغزەكانی دەسووتێنێ. جارجارە دەست رادەگرێ تا سەیری ئەو جادەیە بكات كە لە دۆڵیرا وەسەردەكەوێ. وێرای رێك و پێك كردنی بەڵگەكانی، تووشی دەفتەری یاداشتی رۆژانەی دەبێ كە لەسەری نووسراوە(وتووێژ لەگەڵ كریستینا). ماوەیەك بە دوو دڵی لە خۆ پیشاندان دادەمێنێ، پاشان وەک دیاری و ماڵ ئاوایی خواستن ئەم چەند وشەیە لەسەر رووبەرگی دەفتەرەكە دەنووسێ:

(ئازیزەكەم، كریستینای خۆشەویست، تۆ لەم دەفتەرەدا جگە لە راستەقینە هیچ بابەتێكی دیكە ناخوێنیتەوە. مەبەستم لە راستەقینەی رەسەن و بەراستییە، راستەقینەیەك كە لەم سەردەمە غەم هێنەرەدا بە شاراوەیی ماوەتەوە، راستەقینەیەك كە رەگی لە دڵماندایە. پترۆسپینا.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەفتەرەکەی دەخاتە نێو پاکەتێکەوە، بەرەو چێشخانە دادەگەڕێ و پاکەتەکە دەداتە دەست ئامریکۆ و داوای لێدەکا بەپەلە بیگەیەنێتە دەستی کریستینا. وێرای ئەوە، ماتالێناش لە دوای شەتاپ دەنێرێ. پێشەکی حەق دەستی رۆژێك دەدا بە شەتاپ و لێی رادەسپێرێ تا بەپەلە ئەسپەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ رووکاو بیداتەوە بە خاوەنەکەی. پاشان دووبارە بەرەو هۆدەکەی وەسەردەکەوێ. پاش نیو ساعەت، کاتێ ماتالێنا دێت تا لێی بپرسێ کە حەز بە چ خواردنێك دەکا، ژوورەکەی بە بەتاڵی و رێك وپێك دەبینێ. لەسەر مێزی ژوورەکەیدا هێندێ پارەو یاداشتێك وەك سپاس کردن بۆ میوانداریەکەی، بۆ ماتالێنا بەجێ هێشتووە. رۆشتنێکی سەیرە! هێشتا نیو سەعات لە هاتنەکەی تێنەپەڕیوە و کەچی بێ ماڵ ئاوایی کردن رۆشتووە! بەرەو باغچەکە دادەگەڕێ و لەسەر بەفەرکان شوێن پێی مرۆڤ دەبینێ. بە سەرسووڕمانەوە شوێن پێی هەڵدەگرێ و دەگاتە ئاودڕەکە. بە عاقاری ئاودڕەکەڕا شوێن پێیەکە درێژە دەکێشێ، بەڵام نەك بەرەو دۆڵێ بەڵکوو بەرەو سەرچاوە وەسەرکەوتووە. گوومانی تێدا نییە کە ئەم پیاوە شێت بووە. ماتالێنا لە رێدا تووشی جووتیارە کەڕولاڵەکە دەبێ و بە هێماو ئاماژەکردنەوە لێی دەپرسێ کە قەشەی دیتووە یان نا. کەڕولاڵەکە تێیدەگەیەنێ کە لە کاتێکا بەرەو کێو هەڵ دەهات چاوی بەو کەوتووە. ماگاشیا لەرێوە دەگات و ئەم هەواڵە سەیرە دەسەلمێنێ. قەشە وەك پیاوێکی سەرەگەردان، ناهومێدانە سەر بە کێواندا دەکاو ئێستا دەبێ مەودایەکی زۆر دوورکەوتبێتەوە.

ماتالێنا دەڵێ:

-بێ شك لەسەری داوە. هاوین هەمیشە لە ژووری دەکەوت و ئێستا کە یەك مەتر بەفر لەسەر عەرزی نیشتووە بە کێودا هەڵدەگەڕێ!

ماتالێنا لەبەر ئەوەی لەوە زیاتر عەقڵی بڕ ناکات دەچێتە لای کریستینا تا مەگەر شتێکی لێ حاڵی بکات. کیژەکە لە ژوورەکەیدا دەرگای بەسەر خۆیدا پێوە داوە. تەنیایە و ئاوێتەی غەمێکی قوورسە. تازە لە خوێندنەوەی یاداشتەکانی سپینا بوەتەوە.

ماتالێنا دەڵێ:

-قەشە شێت بووە. بە نەهێنییەوە لە باغ دەرچووە و رێگەی کێوی گرتۆتە بەر.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کریستینا دەچێتە بەر پەنجەرەکە و سەیری ئەو بەرەی دەکا کە خاوەن میوانخانەکە پیشانی داوە. لە بناری سپی پۆشی کێوەکەڕا کە یەک ڕاست بەرەو زین بۆزان هەڵدەکشێ شوێنەواری مرۆڤ نابیندرێ. باشە حەتمەن ئەو ڕێگایەی گرتوتە بەر کە هاسانتر و بەڵام دوورتر دەکەوێتەوە، واتە هەر ئەو بزنەڕێیەی کە بەر لە دابرانی، لە قەراغ ئاودڕەکەڕا بە هێڵێکی درێژو پێچاوپێچ بەرەو پشت کێوەکە هەڵدەکشێ.

-بریا نانی دەخوارد! خۆزگە بەرگێکی پۆشتەتری لەبەر دەبوو.

بواری سێڵاوەکە وەها لە بن تەختەبەردو دەوەنەکاندا شاردراوەتەوە کە کریستینا بۆی روون نابێتەوە کە داخوا پیاوە تاراوەکە گەیەشتبێتە چ شوێنێك. لەوەش دەرچێ تەمیش وڵاتی داپۆشیوە.

خاوەن میوانخانەکە بە بیستنی دەنگی گریانی کوڕەکەی(ئامریکۆ) وەدوای کاری خۆی دەکەوێ. کریستینا لە بەردەم پەنجەرەکەدا دۆش دادەمێنێ و چاوەکانی لەو لایەوە راماوە کە پیاوە تاراوەکەی پێدا دەرباز بووە. ئەم کارەساتە بۆ پیاوێکی وەك سپینا کە لەباری لەش ساغییەوە لاوازەو هەروەها بە ناوچەکەش شارەزانییە و کەرەسەی پێویست و توێشووی پێ نییە، رەنگە بە تێداچوونی خۆی تەواو ببێ. بیرۆکەی ئەوەی کە پیاوەکە لەگەڵ مەترسی مەرگدا بەرەو روو دەبێتەوە لەنەکاو کریستینا تووشی دڵەراوکەیەك دەکا و هەر چەشنە خۆپارێزی و خۆ لێ نەبان کردنێکی لە بیر دەباتەوە لەبن بالیفەکەی. دەفتەری یاداشتەکانی سپینا دەشارێتەوە، لە دۆڵابەکەیدا لە جل بەرگی پەشمینە دەگەڕێ کە رەنگە پێویستی بێ، باڵاپۆشێك و دوودانە(پۆلیوێر)ی دەست چن و جووتێ دەستەوانەو دوودانە مل پێچ هەڵدەگرێ و هەموویان لە بووخچەیەکدا جێ دەکاتەوە. ئەوجار سەرێك بە چێشخانەکەیاندا دەگەڕێنێ، کولێرەیەك و قاپە شەرابێك هەڵدەگرێ و ئەوانیش دەخاتە باڵ جل و بەرگەکان. و لەبەر ئەوەی دایە گەورە ئاگای لێی نەبێ. بووخچە بە بن هەنگڵەوە، وەك ئەوەی بەتەمایە چاوێ بە تەویلەکەیاندا بخوشێنێ لە دەرگای خوارووی باغەکەیانەوە دەچێتە دەر. بەڵام لە دەرەوەی ماڵێ، دەورێکی بە ئاستەم لێدەدات، لە پشت کلیسەو گۆڕستانەکەوە تێدەپەڕێ، پاشان لەسەر بەفر دەنیشێ و وەك ئەو سەردەمەی کە هێشتا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کچۆڵەیەکی بچکۆلانە بووە بە لێژێکی تیژدا کە دەدوازدە مەتر بەرزە خۆی هەڵدەخلیسکێنێ تا دەگاتە سەر کوێرە ڕێی دەم شیوەکە کە بە عاقاری ئاودرەکەڕا بە مەودایەکی دوورو درێژ بەرەو سەرچاوە هەڵدەکشێ. هەرکە دڵنیا دەبێتەوە کە دانیشتوانی ئاوایی چاویان بەو نەکەوتووە یان کەس وەدوای نەکەوتووە دەست بە هەڵاتن دەکا، چوونکە بەڕاستی ئەگەر پیاوە تاراوەکە نیو سەعات پێشتر لەو وەڕێ کەوتبێ، ئەو نابێ کات بە فیڕۆ بدات. لەسەر کوێرە ڕێیەکە شوێن پێی جۆراوجۆر دیارە، کریستینا وێرای هەڵاتنەکەی هەوڵدەدا شوێن پێی پیاوە تاراوەکە بناسێتەوە. هەرچی زیاتر دەچێتە پێشەوە شوێن پێیەکان کەمتر دەبنەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێ لە قەرغ ئاودرەکە هەڵنەبراوە. و ئەمەش نیشانەیەکی روونە لەسەر ئەو قەناعەتەی کە پیاوە تاراوەکە بۆ گێشتن بە زین بوزان ڕێگا دوورەکەی هەڵبژاردووە واتە هەر بەو بزنەرێیەدا ڕۆشتووە. کریستینا لەبەر ئەوەی بتوانێ قەرەبووی وەپاش کەوتنەکەی بکاتەوە، ناچار دەبێ ڕێگا کورتەکە بگرێتە بەر کە شیوێکی زۆر تیژی لێ دبەبێتەوە. بە بنارێکدا هەڵدەکشێ کە بە بەرزایی نێزیك بە سەد مەتر دەبێ، بەڵکوو لەو شوێنەی کە لەگەڵ بناری دۆڵەکەدا یەک دەگرنەوە بەر بە ڕێگای ئەو پیاوە بگرێ. ئەو باش دەزانێ کە هەڵکشان بەم بنارە پڕ لێژو ئەستەمە تەنانەت لە وەرزێکا کە هەوا خۆشە ئازایەتییەکی کەم وێنەی دەوێ کە تەنیا پیاوە لەخۆبردووەکان و بزنەکێوی لە دەستیان دێ و لە زستاندا ئیتر قسەی لێ ناکرێ. بەڵام ئەم ڕێیە تەنیا چارەیەکە کە لەبەر پێیدایە تا بەم جۆرە بتوانێ خۆی بگەیەنێتە پیاوە تاراوەکە. بە جووڵەیەك لە سێڵاوەکە دەپەڕێتەوەو بەرەو لووتکە هەڵدەکشێ. بە یارمەتی دەست و لاقان وەسەر دەکەوێ و چنگ لە دەوەن وگوێنی و نووکە شاخەکان قاییم دەکا. جاری وایە حسێبی ئەو شتانەی کە دەبێ چەنگیان لێ گیر بخا لێی هەڵە دەبێ، بەسەرو ڕووەوە بەسەر بەفرەکاندا دەکەوێ و بەرەو خوارێ هەڵدەخلیسکێ. بەخۆشییەوە ئەو شوێنەی کە شیوی بنارەکەی ئەستەمترە باران ئەوێی شۆردووەتەوە و، بەفرەکەی تەنکترە. بەڵام لەنێو گەوە بەردەکان واتە ئەو شوێنەی کە کریستینا بە دڵنیاییەوە بە هیوا بووە زووتر لێیان دەرباز ببێت، پتر لە بەفرەکان دەچەقێ و دەبێ گشت ووزەو باهۆی خۆی بخاتە گڕ تا خۆی دربێنێتەوە. داوێن و بووخچەکەی زۆر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەست و پێ گرن، بەڵام ئەو بە دوو هۆی جۆراوجۆر ناتوانێ چاو لە هیچ کامیان بپۆشێ. لە شوێنێك کە بە هۆی زگ دانی شاخەبەردێك، ئەشکەوتێکی وشکی لێ دروست بووە لەبەر هیلاکی و هەناسەبرکێی دەکەوێتە سەرعەرزی. لە خوار دۆڵەکەڕا تەم هەڵدەکشێ. گەواڵە هەورەکان کە هەروەك رووپۆشێکی خۆڵەمێشی دەچن خڕ و کەندالّەکان پڕ دەکاتەوە، خانووەکان دادەپۆشێ و مەزراو پەرژین و حەساری ماڵەکان دادەگرێتەوە. ئێستا عەرز بێ تەرح و شێوازە و وەك بۆشاییەک دێتە بەرچاوان. وەك بڵێی کەسی تێدا نەماوە و گەڕاوەتەوە دۆخی سەرەتای خوڵقان. بەڵام بەپێچەوانەی سەرەتای خوڵقاندن کە گیان لەبەرێکی تێدا نەبووە ئێستا پیاوێك و ئافرەتێك لەوێدا دەژین. پیاوێکی تەنیا کە رەنگە هێندەش لەو ئافرەتەوە دوور نەبێ و، ئافرەتێك کە سەرلەنوێ هەڵدەستێتەوە تا خۆی بگەیەنێتە ئەو و، لەو تەنیاییەیدا یارمەتی پێ بگەیەنێ. ئێستا بەفر بەستەڵەکەو کریستینا باشتر دەتوانێ هەنگاو هەڵێنێتەوە بەڵام هاسانتریش هەڵدەخلیسکێ. سەر تا بە پێی شەلاڵی عارەقەیەو خوێن لە دستانی هەڵدەچۆڕێ، چوونکە دووسێ کەرەت لەبەر ئەوەی هەڵنەدێردرێ، ناچار بووە دەست لە دڕك و داڵان گیر بکات. کریستینا نازانێ لە چ ماوەیەکدا ئەم مەودایەی بڕیوەو ئیتر توانای چوونە پێشی پێ نەماوە. ئێستا لە سەرگردێك کە زۆر وەك چوارگۆشە دەچێ و بە(مریشکەلانی سیحر) ناوی دەرکردووە، راوەستاوە. لەوبەری گردەکەڕا بە شێوەیەکی هێدیتر کێوەکە رێی لێ دەبێتەوە. دەوراندەوری ئەو کێوە بەفرێکی دەست لێنەدراوە. دیارە کەس بەم نێزیکانەدا تێنەپەڕیوە. دیسان بەرەو لووتکە چوون نەك هەر برستی لێدەبڕێ بەڵکوو بێ هوودەشە. کریستینا بڕیاردەدا کە باشترە بە لاڕێدا و بە بناری کێوەکەدا هەڵگەڕێ تا بەم جۆرە بگاتە سەر رێی سپینا. لەسەر ئەم رەوتە نوێیە درێژە بە رێگاکەی دەداتەوە. دیمەنی ئەو کوێستانە بەتەواوی گۆڕاوە. دۆڵی پیتراسکا لەبەر چاوان ون بووە. جگە لە دوندو ترۆپکی کێوەکان هیچی دیکە دیار نییە، چاو بەتەواوی هەتەرەی لێ کەم دەبێتەوە. بایەکی سارد هەڵدەکا کە وەك شوشە روخساری دەبڕێ. رۆژپەڕیو نێزیك بووەتەوە. بەرە بەرە بارنیش هەڵدەکا. کریستینا دەگاتە شوێنێك کە لەوێرا گەردەنەی کوێستان دەست پێدەکا، گەردەنەیەك کە دوو کۆمەی چیاکە لێك جیا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکاتەوەو (زین بۆزان) پێک دێنێ. شوێن پێی مرۆڤ لەسەر بەفرەکە دیار نییە. عەرز سەخت و ناهەموار و پڕ لە تاتەبەردەو، شوێن شوێن، گەردەلوول و سێلاوەکان ئەوانی هەڵقەندوون. لەبەر ئەوەیکە تابە کەمەری لە بەفرا رۆچووە، لە توانایدا نەماوە مەودایەکی دوورتر ببینێ. ئەو رۆژە بەهارییەی بیر دەکەوێتەوە کە بۆ یەکەم جار هاتبووە ئێرە. ئەوکات هێشتا بچکۆلە بووە و لەگەڵ باوکیدا هاتبوو. ئەمڕۆ بە پێچەوانەی ئەو رۆژەخۆشە، دیمەنەکان غەم هێنەرن. کریستینا بەرەو زین بۆزان هەڵدەگەڕێتەوە. وا مەزندە دەکا کە کاتێ بچێتە سەرتر، روانگەی هەردوو بناری کێوەکەی دەکەوێتە دەست .دەتوانێ هاسانتر سپینا ببینێ یان بە واتایەکی دیکە لەو رێگایەوە لانیکەم خۆی دەکەوێتە دیدی سپینا. بەڵام هەنووکە بەڕاستی برستی لێبڕاوە و بەسەر بەفرەکاندا دەکەوێ. لە بەر ئەوەی نەکا سپینا بەو نێزیکانەدا تێپەڕێ و چاوی بەو نەکەوێ، جار جارە بە هەموو دەمای خۆیەوەو، بەهەمووی ئەو هەناسەیەی کە بۆی ماوەتەوە بە ناوی خۆی بانگی دەکا. ئەو بە ناوە نوێیەکەی، بە ناوە راستییەکەی بانگ دەکا:

-سپینا! هۆ سپینا!

بێ شك ئەگەر ئەو بەو نێزیکانەدا تێپەڕێ، دەنگی ئەو دەبیسێ. پرچەکانی ئاڵۆزەکانی رێك و پێك دەکا و، ئەو بەفرەی دەسڕێتەوە کە لەسەر روومەت ومژۆڵ و برۆکان و گوێ و ئەستۆی نیشتوون. ئەگەر سپینا ئەو لێرەدا بدۆزێتەوە چەندی پێ سەیر دەبێ! ئەو بە سپینا دەڵێ: (جارێ ئەم جل و بەرگە پەشمینە بگرە و زوو لەبەری بکە!) و سپینا لە وەڵامدا دەڵێ: (تۆ چۆن توانیوتە بەر لە من بگەیتە ئێرە؟)و ئەو بە سپینا دەڵێ: (ئێستا چۆڕێ لەم شەرابە بخۆرەوە و پاروویەک لەم نانە بخۆ! ئەمانە پێخۆرێکی سادەن بەڵام بۆ لەش ساغی باشن!) سپینا دەڵێ: (کریستینا خان، حەز دەکەی لەم سەفەرەدا هاورێیم بکەی؟) و ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: (ئازیزەکەم، خۆ هەروا سادە نابێ، مەگەر لە بیرت چۆتەوە کە من بنەماڵەیەکم هەیە و پێویستە بگەرێمەوە لایان؟) بەڵێ، ئەو هەر ئەم قسەیە بە سپینا دەڵێ و بۆ ئەم مەبەستەیە کە بە هەموو پشوویەوە بەردەوام بانگی دەکا:

-سپینا، هۆ سپینا!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا تێدەگا کە ئەگەر سپینا بە هاواریەوە نەگات، خۆیشی لە دۆخێکی خراپتر دەکەوێ: (ئێمەی ئافرەت هەموومان هەرواین، کاتێ حەول دەدەین یارمەتی بە کەسێک بگەیەنین، دەبینین کە بۆ خۆمان نیازمان بە یارمەتی وەرگرتن دبێتەوە.)و بەم مەبەستەیە کە بە هەمووی ئەو ووزەیەی کە بۆی ماوەتەوە بانگی ئەو دەکا.

کاتێك بەسەردا دێ کە دەنگێك لە دوورەوە وڵامی دەداتەوە، بەڵام ئەم دەنگە دەنگی مرۆڤ نییە. وەك بڵێی دەنگی لوورەی سەگێکە، بەڵام تیژترو کێشراوەتر. کریستینا دەنگەکە دەناسێ: لوورەی گورگە. لوورەی خوێن. بانگەوازێکە بۆ ئەو گورگانەی کە بە کوێستاندا بڵاو بوونەتەوە، پەیامی بانگێشتن بۆ میوانییەکی گشتییە و، ئەم جارە ئەو نێچیرەی کە چاوەڕانیان دەکا نێچیرێکی بێ نرخ و بێ بەها نییە، بەڵکوو گۆشتێکی نەرم و ناسك و تایبەتە، گۆشتی مەسیحییە. لەپشت تەمە بەستۆگەکانەوە و لە داڵدەی تاریکایی شەودا کە هەر ئێستا دونیای داگرتووە، کریستینا چاوی بە یەکەم حەیوانی دڕندە دەکەوێ کە بەرەو لای دێتە پێشەوە. و بە جۆرەی هەڵکەوتوویی ئەو رۆخە ناهەموارە جارێ دیار و جارێك نادیارە. لە دوورەوە سەرو کەللەی رەوە گورگێك بە دوایدا پەیدا دەبێ. ئەوجار کریستینا چۆك دادەدات، پێڵووی چاوەکانی لەسەر یەک دادەنێ و هێمای خاچ لەسەر سینگی خۆی دەکێشێتەوە.

**(تەواو)**

16.01.1998هەولێر

رزگار ئەمین نژاد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com